**هەرێمی كوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پرۆتۆكۆلەكان

# ١٢٠

سالّی/ ٢٠٢١ – بەرگی سەدو بیست

---

چاپی یەكەم/ سالّی ٢٠٢٣

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(٢٠٢١)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١٢٠
چاپی یەکەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد،، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/٥/٥ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢١/٥/١٨ ل ١٠١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢١/٥/٢٥ ل١٣٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/٥/٢٦ ل ٢٢٧

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی**
**چوارشەممە رێکەوتی ٥\٥\٢٠٢١**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٥

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٥ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان وبە ئامادە بوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکان (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژماری (١٢) ئاسایی خولی بەهارە، ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەمە، ڕێککەوتی (٢٠٢١/٥/٥) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە:

بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩،٨٠) لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١-پێشنیازە یاسایی پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان.

٢- پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی هەرێمی کوردستان.

٣- پێشنیازە یاسایی پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: خستنە رووی بیرۆکەی پەرلەمانتار (لیزا فلك الدين صابر) پەیوەست بە ووزەی خۆر وەك سەرچاوەیەك بۆ وەبەرهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی خاڵی دووەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٩) لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسایی وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمە ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی، ساڵی سێ، وەرزی بەهارەی ساڵی سێیەم، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکەین، ئێستاش داوا لە سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین پوختەی دانیشتنی پێشوو، بەرنامەی کار بخوێنیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکان (٤٧،

٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) له پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژماری (١٢) ئاسایی خولی بەهارە، ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەمە، ڕێککەوتی (٢٠٢١/٥/٥) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە:

بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩،٨٠) لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١-پێشنیازە یاسایی پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان.

٢- پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی هەرێمی کوردستان.

٣- پێشنیازە یاسایی پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: خستنە رووی بیرۆکەی پەرلەمانتار (ليزا فلك الدين صابر) پەیوەست بە ووزەی خۆر وەك سەرچاوەیەك بۆ وەبەرهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی خاڵی دووەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٩) لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسایی وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمە ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

-پوختەی دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی:

بەپێی حوکمی بڕگەی دووەم، ماددەی (٢٠،٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەمە، ڕێککەوتی (٢٠٢١/٤/٢٨)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار، پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

چوارەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسایی بەڕێوەبردن و پاراستنی شوینەوار و کەلەپور لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: خوێندنەوەیی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقاف، ژمارە (٦٤) ساڵی (١٩٦٦)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

شەشەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، دواتر وەرتان دەگرم، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون بێنە جێگەی خۆیان، بەرێزان دوێنێ بە بەیانێك خاڵێکمان ئیزافە کردبوو بڕگەی یەکەم، ئەویش خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای دادگای تاوانکاری تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی یاسایی فەرموون، کاك (ابوبكر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێــی مــاددەی (٢) لە پەیــڕەوی نــاخۆی پەرلەمــانی كوردســتان كە ئەم پەرلەمــانە بــاڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریكردنە، بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسـای كۆمسـیۆنی بــاڵای ســەربەخۆی هەڵبــژاردن و راپرســی كە ئەم كۆمســیۆنە راســتەوخۆ ســەر بە پەرلەمــانی كوردســتانە، لە مــاددەی ســێیەمدا دەڵــێ (ملـكەچە بـۆ چـاودێری پەرلەمـان و بەرپرسیاریشــە بەرامبەری)، بەپێی ماددەی (٤) خاڵی پێنجەم یەكێك لە ئەركەكانی ئەم كۆمسیۆنە رێكخستن و نـوێكردنەوەی تۆمـاری دەنگـدەرانە، لە مـاددەی (١٠) لە خـاڵی دەی هەمـان مـاددەی (٤) دا دەڵـێ (كاركردن بۆ دروستكردنی متمانە لە پرۆسـەی هەلبژاردن لای گشت توێژەكـانی كوردسـتان)، لە ماددەی (١٣) هەمان یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١٤) دەڵێ (راپـۆرتی وەرزی ئامادە بكـات لە بـارەی ئەركەكـانی پێشكەشـی پەرلەمـانی بكـات)، ئەم كۆمسـیۆنە بـێجگە لەوەی كە پێكهـاتەكەی ئێسـتا نوقسانی تێدایە، هیچ كامێك لەو ئەركانەی جێبەجێ نەكردووە، ئێمە یەك ساڵ و نیومان ماوە بـۆ هەڵبژاردنـی خـولی شەشـەم، بـۆیە پێویسـتە كۆمسیۆن بێـتە پەرلەمـانی كوردسـتان بزانـێ چـی كردووە لەم بارەیەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ســوپاس، بەڕێــزان تەنهــا بــۆ روونكــردنەوە و زانیــاری ئێــوەی بەڕێــز، ئــێمە پــێش مــاوەیەك كۆبونەوەیەكی فراوانمان وەكو دەستەی سەرۆكایەتی لەگەڵ سەرجەم سـەرۆكی فراكسـیۆنەكان هەبووە، یەكێك لەو خاڵانەی كە باس كراوە بابەتی كۆمسـیۆن و یاسـای هەڵبـژاردن و كـاركردن لە بابەتی دەسـتوور و ئەو بـابەتە نیشـتیمانیيانەی كەهەن لەهەرێمـی كوردسـتاندا، قسـەكردن بـووە لەســەر راوبۆچــوونی فراكســیۆنەكان لەســەر هەمــواركردنی یاســای هەڵبــژاردن و پێكهــاتەی كۆمســیۆن، بــۆیە داوامــان لە هەر فراكســیۆنێك كــردووە كە لە نزیكتــرین كاتــدا راو ســەرنجی خۆیانمان بدەنێ، دواتریش بۆ ئەوەی كار لەسـەر ئەم بـابەتە بكەیـن، چـونكە بـایەتێكی گـرینگە و زۆر سوپاس، كاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو دیارە ئەم نێزیكی جەژنا رەمەزانێ دبـن و رۆژێ خۆشـی و شـادێیە، لـێ گەلەك خێـزان ژبەر كەسوكارا وان دزینـدانـدانە، لـدیف راپـۆرتێ چاكسـازی هەنـدەك ژزینـدانیان رەفتـارێ وان هـاتینە گوهارتن هەروەسا ژبەر رەوشا ڤایرۆسـا كۆرۆنـا و ژهەنـدەك زینـدانادا پێتڤـی بـكەم كرنـا شـمورا زینـدانیان هەیە، ژبەر ڤـێ یەكـێ داخـازی دكەیـن ئەو كەسێن شایسـتە و موسـتەهەق لێبورینـا گشتینە لگۆریا یاسا لێبورینا گشتیا ساڵا (٢٠١٧) لپەرلەمانێ كوردستانێ بیرچـوون بێـتە كرنـێ، بـۆ لێبورینا گشتی دووبارە، داخازدكەم لیژنا پەیوەندیدار وەكو مافی مرۆڤ و كاروباری كۆمەڵایەتی داخاز ژ سەرۆكایەتیێ بكەن ئەز یاداشتەكەی پێشكەشی جەنابێ هەوە دكەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (هێڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە (٢٠٢١/٣/٣١) هەر لەم لەم هۆڵە دووبارە دیوانی چاودێری دارایی داوای كـردووە مـانگەك كەمتـر ماوە ئەم دیوانە پەك دەكەوێت، شـەلەل دەبێـت، ئیفلـیج دەبێـت، داوا لە سـەرۆكایەتی پەرلەمـان

دەکەم لەم پەرلەمانە بەرێزە دەکەم بەدوای ئەم دامەزراوەدا بچن، زۆر گرینگە، کاری گرینگە، لە هەموو وڵاتێك بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەشی دووەمی قسەکەی من بەرێز سەرۆکی پەرلەمان گفتوگۆی ئێمە لەسەر راپۆرتی دووەمی چاکسازی کە بۆ پەرلەمانی کوردستان هاتووە، حکومەت پێداچوونەوە لە سێ سەد و چل هەزار سێ سەد و بیست و نۆ فایلی فەرمانبەرانی کردووە لە هەرێمی کوردستان، زیاتر لە دوازدە هەزار کەس پلە و مووچەی زیادەیان پێداوە، کە حەقی خۆیان نییە، تەنیا دامەزاروە لە هەرێمی کوردستان کە پێداچوونەوە لە فایلی فەرمانبەرانی خۆی نەکردووە، کە مووچە و پلە و شتی زیادی وەرگرتبێت بە ناقانوونی پەرلەمانی کوردستانە، بۆ؟ کەی دەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێزان هەر بۆ زانیاری ئەمڕۆ ئێمە راپۆرتێکی باشی دیوانی چاودێری دارایی هاتووە لەسەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی وەزارەت بە وەزارەت کاروباری پەرلەمانمان راسپاردووە راپۆرتی دیوانی چاودێری سەبارەت بە هەر وەزارەتێك بۆ لێژنەی تایبەتمەند لەناو پەرلەمانی کوردستان بنێرن بۆ هەڵسەنگاندن و بابەتەکەشی گفتوگۆ دەکەین کاك (کاوە)، فەرمووو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشتریش ئێمە زۆر لەسەر ئەوە قسەمان کردووە کە دەبێت دانیشتنەکانی پەرلەمان، یاخود دانانی بەرنامەی کاری پەرلەمان رەنگدانەوەی واقعی ئێستای خەڵك بێت، ئێمە زۆر باسی لێبڕینی مووچە و باسی مووچەمان کردووە، بەداخەوە یەعنی زۆر جار ئەوە بە ئێمە دەوترێتەوە کە بۆچی فراکسیۆنی نەوەی ئەوەندە باسی مووچە دەکا! لە راستیدا ملیۆنێك و دوو سەد و پەنجا هەزار کەس زیاتر لە هەرێمی کوردستان مووچەخۆرە راستەوخۆ دابەشکردن و دابەش نەکردنی مووچە، لێبڕینی مووچە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر خەڵکی کوردستان بە گشتی دەبێت، چونکە وەکو وتم تەقریبەن یەك لەسەر چواری هاوڵاتیان هەرێمی کوردستان مووچەخۆرن، ئینجا ئەگەر سەیری واقعی ئێستا هەرێمی کوردستان بکەی تۆ ئەو هەموو قەیرانەت لەبەر دەستە کێشەی گرانبوونی بەنزین هەیە، مەسەلەی دامەزراندن هەیە، مەسەلەی گرێبەست و هەیە، ...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیشارەت بە خاڵی پەیڕەوی بدە، ئەوە خاڵی پەیڕەوی نییە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پەیڕەوی ئەوەیە دەبێ ئەو دانیشتنانەی کە دەکرێن، ئەو بەرنامە کارەی دادەنرێت لەگەڵ واقعی ئێستای ...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاڵی پەیڕەوی نەبی وەری ناگرم، کاك (کاوە) بەپێی ماددەی (٥٧) ئاگادارت دەکەمەوە، لە دەرەوەی خاڵی پەیڕەوی بۆت نییە گفتوگۆ بکەی، پابەندی خاڵی پەیڕەوی خۆتان بن، بەپێی ماددەی (٥٧) دووبارە ئاگادارت دەکەمەوە، جارێ لە جێ خۆت دانیشە، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (٢٠٢٠/١/١٢) پرسیارێکم ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کردووە من لەسەر دەرمانێك کە ئایا ئەم دەرمانە شیاوە بۆ بەکارهێنان؟ چۆن هاتۆتە ناو هەرێمی کوردستانەوە؟ بەڵام...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاوە) بەپێی ماددەی (٥٧) بێ بەش دەکرێی لە کۆبوونەوەکە، فەرموو بڕۆ دەرەوە، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (١/١٢/ ٢٠٢٠) پرسیارێکم ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کردووە من لەسەر بەکارهێنانی دەرمانێك بەڵام بەداخەوە دوای ساڵێك و چوار مانگ لە بەرواری (٢٠٢١/٤/٢٦) وەڵامەکە گەیشتووە بە دەستی من، لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی لە (٢٠٢٠/٢/١٦) وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە، جا پرسیارەکە بۆ ئێوەیە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کاتێك کە وەڵامەکەی لە وەزارەتی تەندروستییەوە گەیشتۆتە پەرلەمانی کوردستان بۆچی نەگەیشتووە بە دەستی من؟ چونکە بەراستی ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە لەگەڵ وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکان بۆ وەزارەتەکان، بەڵام ئەگەر کێشەکە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بێ درەنگ گەیشتنی بە دەستی ئێمە بەراستی ئەگەر لەو ماوەیە مەسەلەن چوار ساڵ ئێمە پەرلەمانتارین تەنها وەڵامی چوار پرسیارمان دەدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سوسن) خان، فەرموون.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٢٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر لێژنەیەکی پەرلەمانی پێویستە سکرتێرێکی هەبێت بۆ ئەوەی ئیش وکارەکانی ئەو لێژنەیە راپەڕێنێت .......

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە خاڵی پەیرەوی نییە (سوسن) خان، پەیوەندی بە کاروباری پەرلەمان هەیە، ئەم بابەتە لەگەڵ دیوان باسکراوە، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە ستاف بکرێت، خاڵی پەیڕەوی نییە، بەڕێز لیژنەی یاسایی، ببورە خاڵی پەیڕەوی نەبوو، لیژنەی یاسایی، فەرموون، کاك (لقمان)، فەرموو،

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای هەموان ئاشکرایە لە ئێستادا بەهۆی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا چڕ بوونەتەوە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، بەم شێوازەش زیانێکی یەکجار زۆر بەر لادێکانی کوردستان کەوتووە

بەشێکی لادێکان سووتاون، بەشێکی هاووڵاتیان شەهید و بریندار بوون، کارو کەسابەتی خەڵك وەستاوە تەنانەت لەوەرزی ئێستادا کە پێویستە هاوڵاتیان رەز و باغەکانی خۆیان خزمەت بکەن، ئێستا بەهۆی ئەم هێرشانەوە ناتوانن سەردانی رەز و باغەکانی خۆشیان بکەن، وێرای ئەوەی بە حوکمی ئەوەی ئێمە خەڵکی ناوچە سەر سنوورییەکانین دەزانین لەم وەرزەدا بەشێکی هاووڵاتیان داهاتەکانیان لەسەر گژوگیا بەهاریەکانە رێگەی ئەوەشیان لێگیراوە کە بچن گژوگیا بەهاریەکانیش بینن، بەمەش زیانێکی ئێجگار زۆر بەر ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان کەوتووە، بێکاری رووی لە هەرێم کردووە، ئەرکی حکومەتیش قورستر بووە، کەسیش نییە لەم حاڵەتانەدا، هیچ لایەنێك نییە قەرەبووی ئەو هاوڵاتییە زەرەرمەندانە بکاتەوە، ئەو هێرشانەی بەردەوام دەکرێن وا پێناچێت دەوڵەتی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بکشێتەوە، کەواتە ئەوە داگیرکردنی خاکی هەرێمیشە، بۆیە ئەم پرسە پرسێکی گرینگە، پەیوەندی بە ئایندەی هەرێمی کوردستان و سەروەری خاکی هەرێمی کوردستانەوەیە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم پرسە بوەستێ، لەگەڵ لایەنە عێراقیەکان و هێزەکان سنوورێك بۆ ئەم داگیرکاریە دابنرێت هاووڵاتیانیش قەرەبوو بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاڵی پەیڕەوی تەواو دەکەین، بڕگە تەواو دەکەین، بەرێزان با ئەم بڕگەیە تەواو بکەین ئینجا، لەجێی خۆتەوە قسە مەکە کاک (هاوڕێ)، کاك (بژار)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسایی پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان، پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی هەرێمی کوردستان-عێراق، پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، بەڵام لە رووی بابەتی و ناوەڕۆکەوە هەر سێ پێشنیازە یاساکان زۆر نزیکن لە یەکتری، بۆیە ئیمزای ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان لەسەر ئەم پێشنیازە یاسایی کردووە بە یەکەوە دەخوێنینەوە:

(سلمه فاتح.- جەلال پەریشان. -محسن دۆسکی. - فیصل عباس. - پێشەوا طاهر هەورامی. - هێڤیدار احمد. - حیکمت محمد عبو زید. - گولیزار رشید سندی. - راهی راهبر. - ازاد اکرم. - گۆران عمر علی. - مەلا ناصر. - جمال هەروتی. - بختیار شوکری. - لنجە ابراهیم دزەیی. - روپاك احمد رحمان. - هەژان حسن کوێستانی. - لقمان وەردی. - مەم برهان قانع. - شنۆ اشقی سورچی. - مسلم عبدالله رسول. - عمر عبدالله فتاح. - سیروان بابان - گولستان سعید محمد - شاخوان رؤوف. - گۆران عمر علی. - شایان کاکە صالح. - بەڵێن اسماعیل حاجی. - شیرین امین عبدالعزیز. - یاسین خضر. - جەلال محمد امین. - ئاشنا عبدالله. - علی حمە صالح - رزگار محمد. - دابان محمد حسن. - عبدالستار مجید. - بالانبو عمر علی. - علی حمە صالح. - د. هەورامان گەچێنەیی. - مسلم عبدالله رسول. - ئاشنا عبدالله قادر - هێرش حسن. - روپاك احمد.) ناوەکان تیکرارە، چونکە لە سەر دوو سێ پێشنیازە یاسا ئیمزایان کردووە. - سلمی فاتح - عمر عبدالله فتاح - بدریە اسماعیل. - عثمان علی. وەکو لێژنەی یاسایی داوا لە جەنابتان دەکەین ئەم پێشنیازە یاسایانە ئاراستەی لێژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــانی کوردســتان، پێشــنیازە یاســایی پاراســتنی بەلگەنــامە و دەستنووسەکان، پێشنیازە یاسایی پاراستنی بەڵگەنامەی هەرێمی کوردستان- عێـراق، پێشـنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، هەرسـێکیان ئاراسـتەی لیژنەی رۆشـنبیری و لیـژنەی یاسـایی و تەواوی ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان دەکەیـن، کـاك (زیدان)، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەندیشیان بە لێژنەی شارەوانی و گەشت وگوزاریشەوە هەیە هەرسێ پرۆژە یاساکە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانین ئاراستەی لێژنەی شارەوانی و رۆشنبیریشی بکەین، بەلـێ بەرێـزان، پێشـنیازی چـوارەم، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسایی داداگایی تاوانکاری تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان- عێراق کە لەلایەن ئەنجــومەنی وەزیــرانەوە پێشــکەش کــراوە، لە (٣٣) مــاددە پێـك هــاتووە لەگەڵ هۆیەکــانی دەرچوانــدن. داوا لە بەرێزتــان دەکەیــن ئەو پــرۆژە یاســایە ئاراســتەی لێــژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان، ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، پرۆژە یاسای دادگای تاوانکـاری تایبەتمەنـد بە تاوانەکـانی داعــش لە هەرێمــی کوردســتان ئاراســتەی لیــژنەی یاســایی و تەواوی ئەنــدامانی پەرلەمــانی کوردستان دەکەین، زۆر سوپاس، فەرموون لێژنەی یاسایی بچنەوە جێگای خۆتان، (جوان) خـان، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی هێرشەکانی داعش زۆربەیـان بـۆ سـەر نـاوچە کوردسـتانیەکان بـووە، هـاووڵاتیەکی زۆرمــان لەو ناوچــانە بــوونەتە قوربــانی بــۆیە ئەم پــرۆژە یاســایە پەیوەســتە بە لێــژنەی ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمیش.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەم دادگایە دادگایەکی تایبەتمەندە بۆیە دەکرێ لیژنە بەرێزەکانی تـر، هەمـوو لێژنەکـانی تر، هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان راو سەرنجی خۆیان بدەن، دەکری ئێمە لێـژنەی نـاوخۆش ئیزافە بکەین، وەکو لایەنێکی تایبەتمەند تـر، لێـژنەی نـاوخۆ لەگەڵ لێـژنەی یاسـایی ئەتـوانن دوو لێژنە تەواوی ئەندامانی تریش راو سەرنج خۆیان بدەن، بەرێزان ئەم پرۆژەیە ئاراسـتەی تەواوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کراوە، هیچ شتێك رێگـر نیـیە لێژنەکـانی تـر ئەنـدامانی بەڕێـزی

پەرلەمان راو سەرنج و تێبینـی خۆیـان لەگەڵ لیـژنە تایبەتمەنـدەکان بـاس نەکەن، بەڕێـزان ئەمە دادگایەکی تایبەتمەندە، (شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایەی کە ئاراستەی پەرلەمان کراوە لەلایەن حکومەتەوە، دامەزراندنی ئەم دادگـایە دادگایەکی تایبەیت مەندە بە تاوانەکانی داعش، پێویستە ئەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیـژنەی مافی مرۆڤ و کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێ، چـونکە ئەم دادگـایەی کە دادەمەزرێ پەیوەنـدییەکی راسـتەوخۆی بە مـافی مـرۆڤەوە هەیە، لیـژنەی مـافی مـرۆڤ کاروبـاری کـۆمەڵایەتی لێژنەیەکـی تایبەتمەنــدە بەم دادگــایە، بــۆیە داوا دەکەیــن ســەرۆکایەتی پەرلەمــان ئاراســتەی لیــژنەی تایبەتمەندی بکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (لیزا) خان فەرموو بڕگەی دووەم، دەچینە جێبەجێکردنی، (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دیارە هەموو پەرلەماناتی دونیا لایەنەکـان کۆدەکـاتەوە بـۆ ئەوەی کـۆك بـن لەسەر بابەتە ناکۆکەکان، هەروەها جێبەجێکردنی یاسـا و چەسـپاندنی دادپەروەری، ئەمـڕۆ یـادی سـوتاندنی جەرگـی دایکـی (زەردەشـت عثمـان)ە هیـواداریـن تاوانکـاران بە سـزای دادپەروەرانە بگەیێنرێت، هەروەها داوا دەکەین کە سزای دەستگیرکراوانی بادینان هەڵوەشێندرێتەوە...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.شایان) ئەمە نوقتەی نیزامـی نیـیە، بە پێـی پەیـڕە و بابەتێـك لەبەر دەم دادگـا بێـت ئەنـدامی پەرلەمان ناتوانێ، کاك (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێـی بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (٥٦) قسـە دەکەم، بەپێـی مـاددەی (١٤،١٥،١٩،٢٠)ی دەسـتوور هەر هـاوڵاتییەك مافەکـانی ئـازادی" ئـازادی را دەربـڕین بەشـداری سیاسـی چالاکیەکـانی بـۆ دەستەبەر کراوە، دەزگاکانی دادوەری و حکومەت دەبێ ئەم مافانە بپارێزن بۆ هاووڵاتیـان، بەڵام لە کوردســتان قەزیەی مافەکــان ئازادیەکــان بەراســتی لە تەنگژەیەکــی گەورەدایە، هــاوڵاتی خۆپیشاندان دەکا منداڵی (١٣) ساڵ لەسەر خۆپیشاندان دەکوژرێ، گەنجی (٢٠) ساڵ خوێندکار و گەنجی زانکۆ، بەڵام بکوژەکان دەستگیر نـاکرێن، ئەم پەرلەمـانە بەرێـزە لێژنەیەکـی پێـك هێنـا لە مانگی (١٢) بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە لێکـۆڵینەوەی رووداوەکـانی خۆپیشـاندانەکانی سـەرەتای مـانگی (١٢) تـا ئێسـتا ئەم ئەنجامەمـان نەبینـی، ئەمە لە کاتێکـدا خەڵـك لەسـەر کۆمێنـت نـامەی ماسنجەر شەش ساڵ زیندانی دەکرێت، لەسەر زیندانیانی بادینان ئێمە (٣١) ئەندام پەرلەمان ...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لە جێـی خۆتـانەوە جـواب مەدەنەوە، کـاك (چیـا) لە جێگـای خـۆت جـواب مەدەوە، کـاك (عمر) دەقەکەت تەواو، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەرێزان نوێنەرانی گەلی سەربەرزی کوردستان، سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم بیرۆکەی ووزەی خۆر سەرچاوەیەك بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە راوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆر و شارەزا لەم بوارەدا ئامادە کراوە، هەروەها بۆ بەدەست هێنانی داتاو زانیاری دروست سوودم لە چەندین سەرچاوەی زانستی وەرگرتووە.

پێشەکی: لە ساڵی (٢٠١١) دا ئاژانسی نێودەوڵەتی ووزە رایگەیاند لە داهاتوودا ووزەی خۆر دەبێتە هۆی زیادکردنی ئاسایشی ووزەی وڵاتان و دەبێتە رێگە چارەیەك بۆ کەم کردنەوەی خەرجییەکانی ووزە و هێواشکردنەوەی گەرم بوونی زەوی، خۆر سامانێکی سروشتی لاوەکییە و خاوەن ووزەیەکی نوێ بووە و هەمیشەیی و پاکە، ووزەی خۆر ژینگە دۆستە، چونکە نابێتە هۆکاری دروست بوونی ئەو فاکتەرانەی کە مەترسیان بۆ سەر ژینگە و جیهانی مرۆڤایەتی هەیە، وەکو مادده و گازە ژەهراوییەکان، دوکەڵ تیشکە کاریگەرەکان، هەروەها نەبوونی بوونی ژاوەژا و نەبوونی دەنگ و تایبەتمەندی تری ووزەی خۆرن، لەسەردەمی ئێستادا و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان توانراوە سوود لە ووزەی خۆر وەربگیرێت و ببێت بە سەرچاوەیەکی تەندروست بۆ بەدەست هێنانی ووزەی تر کە گرینگترینیان بریتییە لە کارەبا، دانیمارك یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە بواری سوودوەرگرتن لە ووزەی خۆر توانیویەتی بگات بە ئاستێکی سەرکەوتوو و کەم وێنە، ئەزموونی وڵاتی دانیمارك لەگەل تەکنەلۆژیای ووزەی خۆردا، دوای روسیا دانیمارك لە لیستی وڵاتە هەرە ساردەکانی جیهانە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی زۆر ژیرانە بە سوود وەرگرتن لە نیعمەتەکانی خۆر چارەسەرێکی بێ وێنە بۆ گەرمکردنەوی دانیشتوانی بدۆزێتەوە، ئەم وڵاتە توانیویەتی لە رێگەی هەمان کێڵگەی خۆرەوە دوو ووزەی جیاواز بەرهەم بێنێت، کە یەکێکیان ووزەی کارەبایە ئەوی تریشیان گەرمییە، شاری (برانسلێف) دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی هەرێمی (نۆردیلەن) لە دانیمارك و ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣٦) هەزار کەسە، ئەم شارە لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە تاوەکو ئێستا لە رێگەی کێڵگەیەکی خۆرەوە کە رووبەرەکەی (٢٧) هەزار مەتر دووجایە گەرم دەکرێتەوە، دانیمارك لە ساڵێکدا تەنها هەزار و پێنج سەد و چل کاتژمێر هەتاو لە ئاسمانی خۆیدا دەبینێت، کەچی توانیویەتی ووزەی خۆر بکات بە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی کارەبا و گەرمی لە هەمان کاتدا، ئەی بۆچی ئێمە نەتوانین سوود لەو سامانە سروشتییە گرینگە وەربگرین، لەکاتێکدا لەرووی جوگرافیاوە هەرێمەکەمان لەسەر هێڵی ئیستیواییە، هەر بۆیەش دوو ئەوەندەی دانیمارك ووزەی خۆر لای ئێمە بوونی هەیە، لە ساڵێکدا سی هەزار کاتژمێر لەگەڵ خۆردا بەسەر دەبەین، کە بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان ئەمە رێژەیەکی زۆر گونجاوە بۆ سیستەمی ووزەی خۆر، کەواتە لەرووی هەڵکەوتەی جوگرافیاوە هەرێمی کوردستان بۆ سیستەمی ووزەی خۆر ناوچەیەکی زۆر گونجاوە، ئەگەر بێت و حکومەت بە شێوەیەکی چڕتر کار لەسەر پرۆژەی بەرهەم هێنانی کارەبا لە رێگەی ئەم ووزە پاکەوە بکا دەتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا ببێ بە هەرێمێکی سەرکەوتووی ناوچەکە لەم بوارەدا، لەلایەکی دیکەوە ئەم هەنگاوە دەتوانێ ببێ بە دەروازەیەکی گرینگ بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژیەتی ئابووری کابینەی نۆیەم

کە ئامانجی بریتییە لە کەمکردنەوەی خەرجیەکان و زیادکردنی داهات، تەکنەلۆژیای ووزەی خۆر و کاریگەری لە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کەرتی کارەبا لە هەرێم، پێش دە ساڵ لە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهان ووزەی خۆر گرانترین جۆری ووزەی بەدەست هاتوو بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆربوونی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی تایبەتن بە دامەزراندنی ئەم سیستەمە و پەیدابوونی رکابەرایەتی بازرگانی لەم بوارەدا هەموو ئەمانە کاریگەر بوون کە تێچووی دامەزراندنی وێزگەیەکی ووزەی خۆری کارەبا بەخش، کێڵگەی خۆر لە ئەمڕۆدا تا رادەیەکی بەرچاو کەم ببێتەوە، بۆ نمونە تێچووی کێڵگەیەکی خۆر کە توانای بەرهەم هێنانی یەك مێگاوات کارەبای هەبێت لە ئێستادا نزیکەی هەشت سەد هەزار دۆلارە، کەچی دامەزراندنی هەمان کێڵگە پێش دە ساڵ پێویستی بە پێنج ملیۆن دۆلار هەبوو، پێشبینی دەکرێ تا ساڵی (٢٠٢٣) ئەم تێچووە هێشتا کەمتر ببێتەوە بۆ چوار سەد هەزار دۆلار، ئەم سیستەمە هۆکارێکی ئەرێنی و پاڵنەرێکی باشە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم لە داهاتوودا هەنگاوی گەورەتر بەرەو رووی ئەم سیستەمە ژینگە دۆستەدا بنێت، لە هەمووشی گرینگتر تەمەنی سیستەمێکی کوالێتی بەرزی ووزەی خۆر بیست بۆ بیست و پێنج ساڵە، واتە ئەگەر بە ئاگاوە خزمەت بکرێ ئەوە لە توانایدا هەیە بە تەنها لە رێگەی ووزەی خۆرەوە بیست بۆ بیست و پێنج ساڵ کارەبا بەرهەم بهێنێن بە بێ هیچ سووتەمەنیەکی دیکە و بەبێ هیچ خەرجیەکی دیکە، بەرێزان لە ئێستادا تەنها تێچووی سووتەمەنی بەرهەم هێنانی کارەبا لە هەرێم بۆ یەك رۆژ بریتییە لە ملیۆنێك و حەفت سەد هەزار دۆلار، کەواتە تێچووی سووتەمەنی بۆ بەرهەم هێنانی کارەبای مانگێکی حکومەتی هەرێم پێویستی بە (٥١) ملیۆن دۆلار هەیە، ئەمەش بۆ ساڵێك دەکاتە شەش سەد و دوازدە ملیۆن دۆلار، کە سەرەڕای ئەم تێچووە زۆرە لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە (١٠٠%) کێشەی کەمی کارەبا لە هەرێم چارەسەر بکرێ، بەتایبەت لە وەرزی هاوین و زستاند کە خواست لەسەر ووزەی کارەبا زۆر زیاتر دەبێت، بەم شەش سەد و دوازە ملیۆن دۆلارەی کە تێچووی سووتەمەنی بەرهەم هێنانی کارەبای تەنها ساڵێکی هەرێمە دەتوانرێت کێڵگەیەکی ووزەی خۆری حەفت سەد و شەست و پێنج مێگاواتی کوالێتی بەرز دروست بکەین، کە بە درێژایی بیست بۆ بیست و پێنج ساڵ بەبێ بەکارهێنانی هیچ سووتەمەنیەکی دیکە تەنها بە سوودوەرگرتن لە ووزەی خۆر کارەبا بەرهەم بهێنێت، ئەگەر بە دیدێکی ئابووری درێژ خایەنەوە لەم بوارەدا بڕوانین ئەوە تێبینیە جیاوازیە سەرسوڕهێنەرەکە دەکەین، کەوا چۆن ووزەی خۆر کە نیعمەتێکی خوایی و سروشتییە دەتوانێ لە داهاتوودا ببێت بە فریاد رەسی ژینگەی کوردستان و کەم کردنەوەی تێچووی بەرهەم هێنانی کارەبا لە هەرێم.

پێشنیارەکان:

یەکەم: هەبوونی یاسایەك بۆ بەڕێوەبردن و سوود وەرگرتن لە ووزە نوێبووەکان، واتە ووزە پاکەکان، گرینگە پەرلەمانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت کار لەسەر ئەم بابەتە بکات و لە رێگەی ئامادەکردنی پێشنیازە یاسایەك چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابڕێژێ.

دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بوودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ پەرەپێدان بە تەکنەلۆژیای ووزەی خۆر، بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە پرۆژە یاسایی بوودجەی هەرێم جێی بۆ بکاتەوە.

سێیەم: تاکە گرفتی بەردەم ئەو تەکنەلۆژیایە ئەوەیە کە دامەزراندنی کێڵگەیەکی خۆر پێویستی بە رووبەرێکی فراوان لە زەوی هەیە، بەجۆرێك بۆ هەر یەك مێگاواتێك پێنج دۆنم زەوی پێویستە، بۆ نەهێشتنی ئەم بەربەستە زۆربەی وڵاتان رێگەیەکی تر بەکاردێنن، لە بڕی دروستکردنی کێڵگەی خۆری زەبەلاح هانی وەبەرهێنان و هاوڵاتیانی خۆیان دەدەن کە لەگەڵ دروستکردنی هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون و هەر باڵەخانەیەك سەربانی خانوو، باڵەخانەکانیان بکەن بە کێڵگەی خۆر تایبەت بە خۆیان و کارەبای لێوە بەرهەم بێنن، هەرچەندە ئێستا لە کوردستان بەگوێرەی پێویست دەشتایی و زەوی چۆڵ بوونی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی لە داهاتوودا تووشی هەمان گرفت نەبینەوە پێویستە لە ئێستاوە بیر لە رێگا چارەکان بکەینەوە. بۆیە پێشنیار دەکەم لە رێگەی هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان دەقێکی یاسایی زیاد بکرێت و ئەو بەلێندەر و وەبەرهێنەرانەی کەوا لە بورای یەکەی نیشتەجێبووندا وەبەرهێنان دەکەن پابەند بکرێن بە مەرجی دامەزراندنی ئەم سیستەمە لە پرۆژەکانیاندا، هەروەها بە هەمان شێوە لەمەودوا هەر بازرگانێك یان کۆمپانیایەك داوای مۆڵەتی کرد بۆ دروستکردنی خانوو یان باڵەخانە یان کارگە مەرجی دروستکردنی ئەم سیستەمەی بۆ دابنرێت.

لە کۆتایدا ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی وەزارەتی کارەباوە لەسەر بنەمای سیستەمی (BBO) کار لەسەر جێبەجێکردنی سێ پرۆژەی گرینگی کێڵگەی خۆر دەکات، بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کە توانای بەرهەم هێنانی کارەبای هەر کێڵگەیەك بیست و پێنج مێگاواتە، هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم لەبەرنامەیدایە لە پاڵ گاز و کانزاکان خۆر بکاتە یەکێك لە سەرچاوەی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان و سوود لە ووزەکەی وەربگرێت، سەرەڕای دەست خۆشی، بەڵام گرینگ و پێویستە پەرلەمانی کوردستان هاوکار و پاڵپشتێکی جدی بێت، هانی حکومەت بدا بۆ ئەوەی زیاتر گرینگی بە تەکنەلۆژیای ووزەی خۆر بدات، بیخاتە چوارچێوەی بەرنامە سەرەکیەکانی خۆیەوە، خۆر سامانێکی سروشتی بێ وێنەیە فریاد رەسێکی کاریگەرە بۆ کۆتایی هێنان بە خنکاندنی سروشت و دەروازەێکە بۆ باشترکردنی کەرتی کارەبا لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دەست بەجێبەجێ کردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار دەکەین، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی یاسایی و پیشەسازی و وزە دەکەین بفەرموون، گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماوەی ڕابردوودا دوو یاداشتم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، یەکێکیان لەڕێی لیژنەی مافی مرۆڤ سەبارەت بە مافی کرێکارانی خەستەخانەی شاری کۆیە کە ئەوانە ماوەی هەشت، نۆ مانگە کرێیان وەرنەگرتووە لەلایەن کۆمپانیای (ڤەری کلین) کە چارەسەری گرێبەستەکانیان پێویستە بکرێ، ئەوانە ئێستا لەبەردەم جەژندان، حەوت، هەشت مانگێك زیاترە کە مووچەیان وەرنەگرتووە، هیواداریین وەڵامی ئەو یاداشتە وەرگرینەوە، بزانین ئەو کۆمپانیایە هەتا کەی بەردەوام دەبێت لەوەی کە کرێی ئەو کرێکارانە نەدا و تا کەی ئەو گرێبەستانە نوێ

نـاکرێتەوە؟ سـەبارەت بە یاداشـتێکی تـرم لە خەسـتەخانەی شـاری کـۆیە تـا ئێسـتا پزیشـکی هۆشکاری نیـیە ئەوەی (بـنج)، کە بە یاداشـتێك داوام کـردووە ئەمەش تـا ئێسـتا هـیچ وەڵامـێکم دەست نەکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوەی قەرەباڵغییەکی زۆر لە شاری کـۆیە هەیە، کە پێویسـت دەکـات بەڕاستی وەزارەتی تەندروستی پزیشکی هۆشـکاری دابـین بکـات بـۆ ئەو خەسـتەخانەیەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د. محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگـوێرەی بـڕگەی (٢) (یەکەم) لە مـاددەی (٥٦) هەم یاسـا بەرکارەکـانی هەرێـم، هەم دەسـتوری عێراقی باس لە بوونی سێ دەسەڵات دەکـات لە هەم لە هەرێـم هەم لە عێـراق، لەسـەر ئەساسـی لێك جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکە، ئەوەی مـن باسـی دەکەم پەیوەنـدی بە دەسـەڵاتی دادوەریـیەوە هەیە، کە بەداخەوە لە مـاوەی ڕابـردوودا یاداشـتنامەیەکیان ئاراسـتەی ئەنجـومەنی وەزیـران کردبوو کە ئاوڕێك لە بژێو و ژیانی دادوەران و داواکارانی گشتی بدەنەوە، تکایان کردبـوو کە بـار و گوزەرانییـان زۆر خەراپە، لە دوای ئەوە ژمـارەیەك لە دادوەرانـی بەڕێـز و داواکـارانی گشـتی ڕاگەیەندراوەکییان بڵاوکردەوە کە باس لە لێبڕینی مووچەکانیان دەکـات، بـار و گوزەرانییـان زۆر خەراپە، بۆیە من دەڵێم ئـێمە لە کـاتی پێویسـتی دا سـەرباری ڕەخـنە و گازانـدەکان لە دەسـەڵاتی دادوەری، ناچـار پەنـا دەبەیـنە بەر دەسـەڵاتی دادوەری، بەڵام بەداخەوە ئەنجـومەنی وەزیرانـی حکومەتی هەرێم وەکو فەرمانبەرێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان و دەسـەڵاتی دادوەری کـردووە کە ئەوانە لەڕووی کـارگێڕی و دارایـیەوە هەردووکیـان سـەربەخۆن، پەنـدێکی کـوردی هەیە کە دەڵـێ (ئەگەر کەسـێك شـێت بـێ دەچێـتە سـەر ئۆمەرمەنـدان بەڵام ئەگەر ئۆمەرمەندان شێت بێ دەچێتە کوێ؟)..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر بەڕێزت قانونی، دەزانی نوقتەی نیزامی یەك دەقەیە.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

بـاش، ئەگەر کوردسـتانێکی یەکگرتـوو و بەهێزمـان دەوێ پێویسـتمان بەوەیە کە دەسـەڵاتەکان هەموو بەهێز بن نەك یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەوی تریان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڵێ کاك محسن، فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێـی مـاددەی (٣٣) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان قسـە دەکەم، ئەگەر ڕوخسـەت بێـت دەخـوێنمەوە، (ئەو حوکمـانەی لەم پەیـڕەوەدا تـایبەتن بە ئامـادەبوون لە دانیشـتنەکانی پەرلەمان دا بەسـەر ئامـادەبوون لە کۆبـوونەوەی لیژنەکـانیش جێبەجـێ دەکرێ)، وەك جەنابتـان ئاگـادارن کـاری سـەرەکی پەرلەمـان لە لیژنەکـان دەکـرێ بەڕاسـتی، یەعنـی ئەو ئەنـدامانەی لە لیژنەکـان بەردەوام ئـیش دەکەن ئەوانە جێگـای دەستخۆشـی ئەوانەنە، پەرلەمانتـار هەیە یەك

ساڵە لە کۆبـوونەوەی لیـژنە ئامـادەنەبووە کە لە هـۆڵی پەرلەمـان بە شـێوەیەکی تـر دەردەکەوێ بەڕاسـتی، پـێم خۆشـە سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان بەدواداچـوونی ئەو بـابەتە بکـاتن، ئەندامی پەرلەمان بۆ لە کۆبـوونەوەی لیـژنە ئامـادە نابێـت بەڵام کە دێـتە هـۆڵی پەرلەمـان هەزار بابەتی پێیە، ئەگەر موزایەدە و خۆدەرخستن نەبێ کە جەنابـت دەڵێـی ئەو قسـانە مەکەن، ئەی چ بابەتێکە ئەمە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە، زۆر سوپاس، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمـان درکمـان بە ئەم کەمتەرخەمـی هەنـدێك لە ئەندامانی پەرلەمان کردبوو و لە لامانە ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە ژمـارەی غیاباتیـان لە دانیشـتنەکان یـان لە کۆبوونەوەکـانی لیژنەکـان ناسروشـتییە، یـان لە کۆبـوونەوەی لیژنەکـان تەنها غیاباتیان تەسجیل دەکەن و دوای پێنج شـەش دەقە دەڕۆنە دەرەوە، ئێمە ئیحتیـرامەن بـۆ ئەوەی هەر یەکێك لەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە سـەر بە فراکسـیۆنێکی پەرلەمـانیيە، لە ڕێـگەی بەڕێز جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـان کە بەرپرسـە لە چـاودێری کردنـی کـاری لیژنەکـانی پەرلەمـان، سـەرۆکی فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـان لە غیابـاتی ئەنـدامەکانیان ئاگـادار کـراونەتەوە، بە نـاو وبەلیست پێیان وتراوە کام ئەندامانەیان ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان نـابن، دواتـر ئـێمە ڕەنـگە بچیـنە قۆنـاغێکی تـر بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بـابەتە، شـیرین خـان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

قسەکانی من بەپێی یاسای ژمـارە (٣٥)ی سـاڵی (٢٠٠٧) دەبێـت یاسـای ڕۆژنـامەگەری لە هەرێمـی کوردسـتان، کە بەداخەوە درك بەوە دەکرێـت بەپێـی پێویسـت کـار بەو یاسـایە ناکرێـت، زۆرجـار ڕۆژنامەنووسان بەپێی یاسای سـزادانی عێراقـی مامەڵەیـان لەگەڵ دەکرێـت، ئەمـڕۆ یـازدە سـاڵ بەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان تێدەپەڕێت لێرەوە دروود بـۆ ڕوحـی ئەم ڕۆژنامەنووسـە دەنێـرین، بەداخەوە بکوژەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان لە سـایەی سـێبەری ئەم دەسەڵاتەی ئـێمە هێنـدە ئـازادن سەردەشـت لە پـێش حەرەمـی زانکـۆ دەڕفێـنن، کـاوە لە باوشـی دایکیدا تیرۆر دەکەن، بۆیە لێرەوە پەیامێکم هەیە داواکارم گەر دادگـا و داواکـاری گشـتی کـار بە یاسا دەکەن بە یەکسانی، ئەوە فەرمـوون سـەرجەم کیسـەکانی شـەهیدانی قەڵەم و کەیسـەکانی (١٧)ی شـوبات و کەیسـەکانی نـان و ئـازادی بە کراوەیـی مـاونەتەوە بـا بەپێـی پێویسـت کـار لەم دۆسیانە و لەم کەیسانە بکرێـت و بکـوژانی ڕاسـتەقینە ڕووبەڕووی یاسـا و دادگـا بکـرێنەوە وەك چۆن ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی بە .....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ڕووپاك خان، خاڵی پەیڕەوی یەك دەقەیە، ڕوپاك خان بەردەوام بە، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگـوێرەی مـاددە (٦٦) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمان داوامان کرد بانگهێشتی وەزیـری پەروەردە بکـرێ لەسـەر کەرتـی پەروەردە و خوێنـدن،

چونکە بە پێی داتایەکان تەنها بیست ڕۆژ خوێندکاران دەوامیان لە ناو خوێندنگاکان کردووە، هەروەها ڕێژەی بەشداری لە خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی سامپڵی چەند خوێندنگایەك (١٩%)یە کە بەڕاستی یەعنی کەرتی پەروەردە بەرەو دارمان چووە لە هەرێمی کوردستان، ناکرێ پەرلەمانی کوردستان هیچ دەنگی نەبێ، ناکرێ کۆبوونەوە نەکات، بۆیە داوا دەکەین کە وەزیری پەروەردە بە زووترین کات بێتە پەرلەمانی کوردستان، هەروەها یاداشتێکی ترمان لەسەر لێبڕینی مووچە داوەتە دەستەی سەرۆکایەتی نازانم بۆچی.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕووپاك خان یەك یەك، سەبارەت بە یاداشتتان بۆ بانگهێشت کردنی هەردوو وەزیرانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، سەرباری ئەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا زیاتر لە جارێك لەسەر ئەم بابەتە کۆبوونەوەیان کردووە، ئێمە یاداشتەکەمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، ئەوان داوایان کردووە یەك حەفتەیان پێ بدرێ، واتا سێشەممەی داهاتوو، خۆتان دەزانن سێشەممەی داهاتوو عارفەیە، بەڵام دڵنیاتان دەکەین ڕاستەوخۆ دوای جەژن ئەو کۆبوونەوەیە دەکەین، بەڵێ، کاك نزار، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسەکەم پەیڕەوی نییە بەڵام بابەتێکی زۆر هەستیارە دەمەوێ لەبەردەم ئێوەی بەڕێزدا بیوروژێنم،...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر پەیڕەوی نییە مەیڵێ، ئاخر تۆ خۆت دەڵێی پەیڕەوی نییە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرواری (٥/١) دا....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر لانی کەم لێگەڕایتایە با خۆم پێت بڵێم پەیڕەوی نییە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەترسییەکە زۆر گەورەیە، لە بەرواری (٥/١)دا تیرۆریستانی داعش لە سنووری پردێ هێرشیان کردە سەر بنکەکانی پێشمەرگە چەند شەهیدێکمان هەیە، وێڕای ئیدانەکردنی بەیاننامەی دەستەی سەرۆکایەتی و فراکسیۆنە بەڕێزەکان، بەڵام لە ئێستادا ئێمە هەست دەکەین فەراغێکی گەورە لە نێوان هێزەکانی عێراقی دا دروست بووە، بۆیە داوا لە جەنابتان دەکەین لەگەڵ حکومەت دا پەیوەندییەك دروست بکەن بۆ ئەوەی زەغتێك لە حکومەتی مەرکەزی بکەن ئەم بۆشاییەی کە هەیە هەرچی زووە پڕبکەنەوە، بۆ ئەوەی مەترسی گەورەتر دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی کوردستان سەردانی سەنگەرەکانیان کردووە، ئێمە چاوەڕێی ڕاپۆرتی ئەوان دەکەین، کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح طە :**
**بە ناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بەپێـی مـاددە (٦٦) قسـە دەکەم و بە پێـی چەنـد بڕیـارێکی ئەنجـومەنی وەزیـران کە لە (٢٠٢٠/٣/٢٢)دا دەرکراوە، تا ئێستا نەچۆتە بـواری جێبەجـێ کـردنەوە، لە ئێسـتادا هـیچ ئامـاژەیەك نیـیە ئیتیفـاقی بـودجەی عێـراق و هەرێـم بەرەو تەنفیـز بـڕوا، دۆخەکە بەرەو ئەوە ئەڕوا ئەم مـانگەش بەو شـێوەیە بـێ، بـۆیە بەدیلـی ئەمە داواکـارم ئەم بڕیـارانە بچێـتە بـواری جێبەجـێ کردنەوە، تەنیـا یەك نمـوونەی بەسیت دەڵێم کە مـن خـۆم دیراسـەم کـردووە، لە (٣/٢٢) چـواردە مانگ پـێش ئێسـتا ئەنجـومەنی وەزیـران بڕیـاری دا بە کۆمپانیاکـاری دا بچێـتەوە، (١٣) کۆمپـانیـا پارەیان لە چوار ملیۆن بارهەڵگر سـەندووە لە خـاڵە سـنوورییەکان زیـاتر لە هەشـت سـەد ملیـۆن دۆلار پارە لە یەك ساڵدا کە تەنیا کۆمپانیای سـۆنەر (١٢٠) ملیـۆن دۆلاری وەرگرتـووە، لە کاتێـك دا خەڵك بێ مووچەیە، دوای چواردە مانگ ئەم بڕیارانە ناچێتە بواری جێبەجـێ کـردنەوە کە ئەمەی کۆمپانیای خاڵە سنوورییەکان یەکن، ڕاپۆرتمـان داوە، بەدواداچوونمـان کـردووە، لێکۆڵینەوەمـان کـردووە، داوای دانیشـتنی پەرلەمانمـان کـردووە، بـۆ بڕیارەکـانی تـریش کە ڕەبتـی بە بـاج و بە قاچـاخچێتی و بە دۆسـیەی نەوتە، بـۆیە داواکـارم لە بەڕێزتـان دوای جەژن دانیشـتنی پەرلەمـان لەسەر ئەمە بکرێ، ئەمە حەلی بەدیلە بۆ لێبڕینـی مـووچە کە ئەوتـرێ داهـات نیـیە بـۆیە مـووچە نـادرێ، حەل هەیە، داهـات هەیە، بەڵام ئیرادەیەکـی بەهێـزی دەوێ تەنهـا حکـومەت بڕیارەکـانی خۆی جێبەجێ بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علـی، دەسـتت خـۆش بـێ، ئێمە وەکـو سـەرۆکایەتی بـۆ ئەو چـوار بڕیـارەی کە ئەنجـومەنی وەزیـران دەریـانکردووە بە ڕەسـمی نووسـراومان ئاراسـتە کـردوون، داوای ڕوونکردنەوەمـان لـێ کـردوون سـەبارەت بە هەنگاوەکـانی جێبەجـێ کردنـی ئەو چـوار بڕیـارە، چـاوەڕێی وەڵامیـان دەکەیـن، ئەگەر پێویسـت بـێ ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان داوا بـکەن سـەبارەت بە بڕیارەکـانی چاکسازی، دەتوانین داوا لە حکومەت بکەین بۆ ئامادەبوون، کاك باڵانبۆ، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**سوپاس، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د.علی شریعەتی دەڵێ دراوسـێیەکم لە برسـان مـرد خزمەکـانی لە تەعزیەکەیـدا حەیوانیـان سـەر دەبڕی، بەڵام ئەوە خەریکە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێـك دەبـێ بە ئـاوێنەیەك، بەداخەوە ئـێمە لە جێگـایەك دەڵێـین هەمووومـان پێشـمەرگەین و هەمووومـان ئاگامـان لە بـارودۆخی پێشمەرگەیەە بەڵام ئەوە بۆ جاری دووەمە مووچەی هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی زۆر بەرچـاو دوا دەکەوێـت" هەمووشـمان دەزانـین پێشـمەرگە زۆربەیـان تەنهـا سـەرچاوەی داهـاتی ژیانیـان مووچە، بۆیە من لێرە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە وەزارەتـی پێشـمەرگە دەکەم چـی زووتر نیە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، ئەگەر هاوپەیمانان بڕیارە ئەم مووچەی هێزی پێشـمەرگە بدەن، باشە ئەگەر نا حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بچێت لەم مووچەیە بخوات، بـۆ ئەوەی چی تر ماڵ و مناڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان برسی نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە بە گەرمی بەخێرهاتنی وەزیری كارەبا و شاندی یاوەری دەكەین لە بەڕێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەتی كارەبا، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) قسە دەكەم، بۆ ئەم مەبەستەش یاداشتێكم ئامادەكردووە ئاڕاستەی دەستەی سەرۆكایەتیم كردووە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەپێی ئەو بەڵگەنامە و زانیارییانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لەلایەن چەند هاووڵاتیەكی شاری هەڵەبجە بەدەستمان گەیشتوون سەبارەت بە خراپ بەكارهێنان و پێدانی دا و دەرمان و دەرزی ماوە بەسەرچوو و بەكارهێنانی خراپی ئەو بوودجە داراییەی كە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەكان تەرخانكراوە لەلایەن چەند كەسێك لە ناو ستافی بەڕێوەبەرایەتی چەند كەسێكی دەست ڕۆیشتوو، ئێستاكە هەڕەشە لە بەڕێوەبەری تەندروستی پارێزگاكە كراوە بەوەی كە زانیارییەكان نەدركێنێت، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە هەردوو لیژنەی مافی مرۆڤ و تەندروستی ڕابسپێرن بۆ ئەوەی بەدواداچوونی ئەم بابەتە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی تەندروستی ڕاتان دەسپێرین بۆ بەدواداچوون و ئامادەكردنی ڕاپۆرتێك لەم بارەیەوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، دەست بەجێ بەجێكردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی كار دەكەین، فەرموو قسە بكە.

**بەڕێز اسماعیل علی طه (اسماعیل سكێری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من ل دیف ماددەیا (٥٦)یە، ئاشكرایە مووچە ب یاسا هاتیە ڕێكخستن، هەر دەستكاریەكا پێدا بهێتە كرن دەرڤەی یاساییێت بەركار سەرپێچیە و دڤێت پەرلەمان وەكو دەزگاهێ بالایێ چاڤدێریێ قەبیل نەكەت، ژبەر هەندێ ئەز بێژم پشتی بلند بوونا بەهایێ گازێ و زێدە بوونا داهاتێ ناڤخۆیی و ڕێكەفتنا دگەل بەغدا دەما پەرلەمان بڕیارا خۆ بدەت و بێژیتە حكومەتێ هەتا ڤێرێ لێبڕین بەسە و ئەڤە نە یاساییە، وە ئەگەر حكومەت هەر یا بەردەوام بیت دڤێت بهێتە پەرلەمانی و كارێ خۆ یاسایی بكەت ل وێ لێبڕینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشووشدا هەمان نوقتەی نیزامیمان گرت لەسەر ئەوەی (٤٢) پەرلەمانتار ئێمە یاداشتمان داوە بۆ ئەوەی كە دانیشتنێكی تایبەتی پەرلەمان بكرێت لەسەر لێبڕینی مووچە، وە وەفدی حكومەت و لایەنی پەیوەندیدار بێتە ئەو پەرلەمانە لەسەر ئەو بابەتە، وە بەپێی ماددەی (٦٦) بڕگەی (٦) حكومەت بۆی هەیە حەوت ڕۆژ داوای مۆڵەت بكات، جەنابت لە جەلسەی پێشوودا گووتت ئێمە حكومەتمان ئاگاداركردووە، ئەوە حەوت ڕۆژەكەش تێپەڕی لە (٤/١٢)ەوە، مانای نییە پەرلەمان بە نیازە تا كەی ئەم بابەتە یەكلایی بكاتەوە، دەستەی سەرۆكایەتی

پەرلەمان بە نیازە تا کەی بابەتی نا یاسایی لێبڕینی مووچە بخاتە بەرنامەی کارەوە، کاتێکی زۆری بەسەردا ڕۆیشتووە و ئێستا فەرمانبەر بەرەو جەژن ڕۆیشت خەڵك پێویستی بە پارەیە، ئەوە چەندین جارە کە داهات زیادی کردووە، وە ڕێکەوتن لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە، یاسای مووچە پەسەندکراوە تاوەکو ئێستا ئەوەندەی ئاگاداربم هەرێم داهاتی یەك بەرمیلە نەوتی نەداوە بە حکومەتی عێراقی، داواکارین هەرچی زووترە ئەم یاداشتە بخرێتە بەرنامەی کارەوە ئەو بابەتە کۆتایی پێ بێنن و یەکلایی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٢) قسە دەکەم، ماددەی (٢) ئاماژە بە پەرلەمان دەکات دامەزراوەیەکی گەورەی تەشریعی و چاودێرکردن، کە دەڵێین دامەزراوەیەکی گەورەی تەشریعی و چاودێریکردنە دەبێت بێ لایەنی خۆی نیشان بدات بەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بە داخەوە جارێکی تریش هەمان قسەمکرد، هەندێك جار قسەی ئێمە و رەفتاری ئێمە وەکو پەرلەمانتار و هەم وەکو موئەسەسەش ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپ لەسەر سەقامگیری سیاسی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەکات لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە خۆشحاڵین کە ماوەیەکە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی تری سیاسی لە هەوڵی ئەوەدان ڕێکخستنێکی ناو ماڵی کوردی بکرێت لەسەر پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتە، لە گرنگتریان بابەتی دەستوورە، ئێمە لێرە بەرافتارەکانی ئێمە ڕەجا دەکەین با ئەو سەقامگیریە تێك نەچێت با دروست بێت، ئێمە لەبەردەم مەترسیداین ئێستاش مەترسیەکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستاندایە، تەنها بە یەك ڕێزی دەتوانین ئەم هەرێمە بپارێزین و دەستکەوتەکانی خۆمان بپارێزین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە جێ بەجێکردنی بەرنامەی کار دەکەین، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی یەکشەممە و دووشەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٥/٢) و (٢٠٢١/٥/٣)، کاتژمێر (٩)ی شەو کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامداوە بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەی یەکەم و سێیەم سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی وزە و سامانە سرووشتییەکان، پێشنیازی بازرگانی تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوە پێ پەسەندە، پڕۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان_عێراق:

ماددەی (١):

بـۆ مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە ئەم دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنێت:
یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.
دووەم/ وەزارەت: وەزارەتی کارەبای هەرێم.
سێیەم/ وەزیر: وەزیری کارەبا.
چوارەم/ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزارەت.
پێنجەم/ بەرهەمهێنان: بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.
شەشەم/ گواستنەوە: گواستنەوەی وزەی کارەبا بە هێڵی (٣٣)ی کیلۆ ڤۆڵت بەرەوسەر.
حەوتەم/ دابەشـکردن/ دابەشـکردنی وزەی کارەبـا لە رێگـای تـۆڕی ناوەنـدی هێڵەکـانی (٠,٤٣٣)، (٠,٤١١)، (٠,٤) کیلۆ ڤۆڵت بەرەوخوار.
هەشتەم/ وزە: وزەی کارەبا.
نۆیەم/ کۆنترۆڵ: کۆنترۆڵی سەر تۆڕەکانی کارەبای هەرێم.
دەیەم/ هاوبەشـەکان: هەر بەشـداربوویەك کە گرێـدراوی تۆڕەکـانی کارەبـا بێـت بە مەبەسـتی وەرگرتنی وزەی کارەبا لە رێگای پێوەری کارەباوە.
یـانزەیەم/ تۆڕەکـان: پێکهاتەکـانی کارەبـا لە هەردوو سـێکتەری گواسـتنەوە و دابەشـکردن دەگرێتەوە.
دوانزەیەم/ وێستگەکانی بەرهەمهێنان: سـەرجەم وێستگەکانی بەرهەمهێنـانی کارەبـا لە هەردوو کەرتی تیابەت و گشتی.

ئامانجەکان

ماددەی (٢):

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتیە لەمانەی خوارەوە:
یەکەم: پەرپێدانی وزەی کارەبا بە گوێرەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و ئابووری نیشتیمانی.
دووەم: هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە بواری کەرتی کارەبا.
سێیەم: پاڵپشتیکردن و هاندانی فرە سەرچاوەیی وزەی کارەبا.
چوارەم: رێکخستنی گشت چالاکیەکانی پەیوەست بە کارەبا لە بواری بەرهەمهێنان و کـۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەشکردن و بەرهەمهێنان بەو شێوەیەی کارەبـا بەردەوامـی بەرهەمهێنـانی وزەی کارەبـا و پڕکـردنەوەی خواسـت مسـۆگەر دەکـات لەگەڵ زامنکردنـی پاراسـتنی ژیـنگە و بەرنگاربوونەوەی ئاڵوگۆڕی کەش و هەوادا.
پێنجەم: رێگەگرتن لە بەهەدەردانی کارەبا و قۆرغکاری و بەدەستەوەبوونی نرخەکان.
شەشەم: سزادانی زیادەڕۆکار بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا.

پێکهاتەکانی وەزارەت

ماددەی (٣):

یەکەم: وەزاەرت پێکـدێت لە یەك وەزیـر سـەرۆکی بـاڵای وەزارەتە و بەرپرسـە لە ئەرکەکـانی و ئاڕاستەکردن و سیاسەتەکانی و سەرپەرشتیکردنی و چاودێردکردنی کارەکـانی لە رێگـای بڕیـار و فەرمـان و رێنماییەکـانی لە گشـت ئەو بابەتـانەی پەیوەندیـدارن بە ئەرکەکـانی وەزارەت و

پێکهاتەکان و دەسەڵاتەکانی و سەرجەم کاروباری تەکنیکی دارایی و کارگێڕی، وەزیر دەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بسپێرێت لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە دەست نیشانی دەکات.
دووەم: نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن.
سێیەم: بریکاری وەزارەت یارمەتی وەزیر دەدات لەسەر سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیر پێی دەسپێرێت بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی بێت.
چوارەم: ژمارەیەك راوێژکار زیاتر نەبن لە چوار کەس بەو مەرجەی هەر یەکێکیان لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت خاوەنی شارەزایی بێت.
پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات و بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا یان کارگێڕی یاسا و خاوەن شارەزایی بێت.
شەشەم: بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی وزەی کارەبا بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات و بەو مەرجەی لایەنی کەم بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەنی شارەزایی بێت.
حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی وزەی کارەبا بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.
هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەشکردنی وزەی کارەبا بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.
نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان بەڕێوەبەرێکی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی کەم خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.
دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری وزە بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و لە ئەندازیاری کارگێڕی یان ئابووری یان بازرگانی و خاوەن شارەزایی بێت.
یەکەم: هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە هەرێم بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی کارەبا پێك دەهێندرێت و هەر یەکێك خاوەنی کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێت.
دووەم: هەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوو لە خاڵی یەکەمی ئەم بڕگەیە لەلایەن بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوە دەبرێت بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت و فەرمانبەرێك بە پلەی یاریدەدری بەڕێوەبەری گشتی یارمەتی دەدات کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە بواری کارگێڕی یان یاسایی یان ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.
ئەرکەکانی وەزارەت

ماددەی (٤):

وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-

یەکەم: بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا و دامەزراندن و بەگەڕخستن و چاککردنەوەی وێستگەکان و بەرهەمهێنان و گۆڕین و تۆڕەکانی کارەبا.

دووەم: بەگەرخستنی تۆڕەکانی کارەبا بە شێوەی زانستیانە بەپێی ستانداری نێودەوڵەتیەکان لە رێگای دامەزراندنی سیستەمی گەیاندن بۆ مسۆگەر کردنی پارێزگاریکردن لە پێکهاتەکانی تۆڕەکانی کارەبا و کەمکردنەوەی تێچووەکانی.

سێیەم: دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی و کۆنترۆڵکردنی بەکاربردنی کارەبا و مسۆگەرکردن و دابینکردنی کارەبا و کەمکردنەوەی بەهەدرەدانی مافەکانی وەزارەت لە ریگای دامەزراندنی پرۆژەیی تۆڕی زیرەك.

چوارەم: دیاریکردنی نرخەکانی کارەبا لەلایەن وەزیر رەزامەندی ئەنجوومەن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ رەزامەندیدان لەسەر تێچووی کارەبا بژێووی هاولاتیان و ئابووری هەرێم رووبدات لەبەرچاو بگیرێت.

پێنجەم: بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنانی وزەی کارەبای پاك بۆ پێداویستیەکانی بەرژەوەندی گشتی، وە مۆڵەتدان بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەرچاوە نوێ بووەکان لەگەڵ رەچاوکردنی یاسا و پەیرەو و رینمایی بەرکارەکان.

شەشەم: گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ پاراستنی ژینگە و دەستەبەرکردنی سەلامەتی و تەندروستی گشتی.

حەوتەم: رێکخستنی میلاکی پێویست و پەرەپێدنی توانای فەرمانبەران لە رێگای ناوەندی راهێنانی پیشەیی بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراندن و فێرکاریەکان و ئەکادیمی ناوەندی پسپۆڕەکان یان رێکخراوە ناوخۆیی یان نێودەوڵەتیەکان.

هەشتەم: پێدانی مۆڵەت و گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی پسپۆر لە کەرتی تایبەت بۆ بەگەڕخستن و چاککردنەوەی وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینی کارەبا، تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن و هاوردەکردن و هەناردەکردنی وزە.

نۆیەم: هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە میلاکەکانی وەزارەت و کارکردن لەسەر رێنموونی و بەکاربردنی وزەی کارەبا لە رێگەی دانانی سیاسەت و رێنمایی و هاندان و بەکاربردن بۆ ئەم مەبەستە.

دەیەم: پێشکەشکردنی پێشنیار بە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی کارەبا لە هەرێم.

یانزەیەم: نوێنەرایەتیکردنی هەرێم لە رێکخراو و کۆنفراسە نێودەوڵەتی و هەرێماتیەکانی تایبەت بە کەرتی وزەی کارەبا.

دوانزەیەم: هەماهەنگی و تەواوکردنی یەکتر لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێم و وەزارەتە ئیتیحادیەکان.

سیانزەیەم: ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن و لێکدەرکردن (مقاصە) بۆ وزەی کارەبا بەپێی پێویست و بەرژەوەندی گشتی.

ماددەی (٥):
یەکەم: وەزارەت بـۆی هەیە وایـر و کێبـڵ لەسـەر یـان لە ژێـرەوەی هـێڵە گشـتییەکان یـان شەقامەکانی ناوەوە یان دەرەوەی شارەکان رابکێشێت، هەروەها مـافی هەیە سـتوون دابنێـت و توونێل لێبدات و کاری دیکەی پێویسـت ئەنجـام بـدات بـۆ ئەنجامـدانی پرۆژەکـانی وەزارەت بـۆ ئەرکەکانی لەگەڵ رەچاوکردنی ماستەر پلان و پاراستنی ژینگە و حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.
دووەم: وەزارەت بە گوێرەی پێویست بۆ هەیە ببێتە خاوەن زەوی و بە ناوی وەزارەتـی کارەبـاوە تۆمار بکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.
سێیەم: قەرەبـووکردنەوەی هەر کەسـێك زیـان مەنـد دەبێـت لە ئەنجـامی چالاکیەکـانی و جـێ بەجێکردنی ئەرکەکانی بەپێی یاسا بەرکارەکان.
چـوارەم: بڕیارەکـانی وەزیـر شـیاوی تـانە لێـدانە لەبەردەم دادگـای کـارگێڕی بەپێـی یاسـای ئەنجوومەنی شوورای هەرێم بەرکار.
ماددەی (٦):
یەکەم: هاوبەشەکانی کارەبا پۆلێن دەکرێـن بەم شێوەیەی خوارەوە:_
١ - یەکەی نیشتەجێبوون (ماڵەکان).
٢ - بازرگانی.
٣ - پیشەسازی.
٤ - کشتوکاڵی.
٥ - کەرتی گشتی.
دووەم: وەزارەت دەتوانێت جۆری دیکەی هاوبەش کارەبا زیاد بکات.
سێیەم: دیاریکردنی جۆری پۆلێنەکان و بنەمای جیاکردنەوەیان بە رێنمـاییەك دیـاری دەکرێـت کە وەزیر دەریدەکات.
ماددەی (٧):
یەکەم: هەر کەسێك زیادەڕۆیی بکـاتە سـەر سیسـتەمی کارەبـا و تۆڕەکـانی بەپـێ بژاردنێـك سـزا دەدرێت، بڕ و رێگارەکانی بە رێنماییەك رێك دەخرێت کە وەزیر لەسـەر پێشـنیاری ئەنجـوومەن و بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران دەریدەکات.
دووەم: وەزیر بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بۆی هەیە رێژەیەك لەو بڕ پـارانەی لە پێ بژاردنی زیادەڕۆیی لەسەر سیستەمی کارەبـا و تۆڕەکـانی وەرگیـراون تەرخـان بکـات بـۆ ئەو کەسـانەی راسـپێردراون بە ئاشـکراکردنی زیـادەڕۆیی و لابـردن و ئەمەش بە رێنمـایی رێـك دەخرێت کە وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری دەریدەکات.
سێیەم: ئەو کەرستانەی لە زیادەڕۆیی سەر سیسـتەمی کارەبـا و تۆڕەکـانی بەکارهـاتوو دەسـتیان بەسەردا دەگیرێت.
چـوارەم: ئەو سـزایانەی لەم مـاددەیە هـاتووە رێگـر نـابن لە سـزا توونـدتری هـاتوو لە یاسـا بەرکارەکان.
پێـنجەم: پێویسـتە لەسـەر وەزیـر داوای قەرەبـووی ئەو زیانـانە بکـات کە لە دەرئەنجـامی زیادەڕۆیین بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

یەکەم: ئەنجوومەنێـك لە وەزارەت پێکدەهێنـدرێت بە سـەرۆکایەتی وەزیـر و ئەنـدامییەتی هەر یەك لە:-

١ - بریکار دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.

٢ - راوێژکاران.

٣ - بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت.

٤ - هەر شارەزایەکی پسپۆڕ کە وەزیر لە ناوەوە یان دەرەوەی وەزارەت بۆی دەست نیشان دەکات.

دووەم: ئەنجوومەنی وەزارەت دەربـارەی ئەم کاروبـارانەی خـوارەوە گفتوگۆی دەکـات و بڕیـار و ڕێنمایی و راسپاردەی پێویست دەردەکات:-

١ -ڕێکخسـتنی سیاسـەتی بەرهەمهێنـان و کـۆنترۆڵ و گواسـتنەوە و دابەشـکردنی وزەی کارەبـا و دانانی پلانە ستراتیجیەکان.

٢ -ڕێکخستنی وەبەرهێنان لە بواری کارەبا.

٣ -ڕێکخستنی پەیکەر و ئەرك و وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەت.

ماددەی (٩):

وەزیـر بە گـوێرەی پێویسـتی وەزارەت بـۆ هەیە گرێبەسـت بکـات لەگەڵ ژمـارەیەك راوێژکـار و شارەزای خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ لەوەی پەیوەستە بە وزەی کارەبا بەپێی ئەو ریکسـازیانەی لە هەرێم کاریان پێ دەکرێت.

ماددەی (١٠):

ئەو کۆمپانیایانەی کە مۆڵەتیان پێدراوە یان گرێبەسـتیان لەگەڵ کـراوە لە بـواری کارەبـا تەنهـا بە ڕەزامەندی وەزارەت دەتوانن دەست لە کارەکانیان هەڵبگرن ئەمەش بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێـت کە ئەنجوومەنی وەزیران دەریدەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١١): یاسـای وەزارەتـی کارەبـای هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠٠٦) هەڵدەوەشێتەوە و گشـت ئەو ڕێنماییـانەی کە پاڵپشـت بەو یاسـایە دەرچـوون کاریـان پێـدەکرێت ئەگەر ناکۆك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی (١٢): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسـایەدا ناکرێت.

ماددەی (١٣): پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویسـت بـۆ ئاسـان جـێ بەجێکردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤): پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی (١٥): ئەم یاسایە لە ریکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن

لەبەر بایەخی وزەی کارەبا لەسەر ژیان و تەندروستی گشتی هاونیشتیمانیان، وە کاریگەری لەسەر ژێرخانی ئابووری و رێکخستنەوەی کارەکانی وەزارەت بە هۆی گرنگی ئەو چالاکیانەی کەرتی گشتی و تایبەت پێی هەڵدەستن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت و بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو راپۆرتە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان ئەو راپۆرتە دەکرێتە بنەمای گفتوگۆ، فەرموون راپۆرتەکە ماددە بە ماددە بخوێننەوە.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ لەسەر ئەم ناونیشانە قسەی هەیە تکایە ناوی تۆمار بکات؟ سێ ئەندامی پەرلەمان ناویان نووسیووە (د.شێرکۆ. د.سماعیل، د.زێدان)، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان لە وەزارەتی کارەبا دەکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشانی یاساکە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەمواری یاسای وەزارەتی کارەبایە، یان یاسایەکی نوێیە بۆ وەزارەتی کارەبا؟ چونکە جیاوازی زۆر دروست دەکات لە سیاغەی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە یاسایەکی نوێیە، یاساکەی تر کاری پێ ناکرێت، ئیلغا دەبێتەوە، کاك د.زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری منیش هەمان ئەو پرسیارە بوو کە بەڕێز د.شێرکۆ کردی، ناونیشانەکان هەمان ئەو پرۆژەیە کە لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦)دا کراوە، هەمان ناوەرۆکیش تەقریبەن لە (٥٠%)ی

وەکو یەکە، بۆیە وا باشترە بکرێتە هەمواری یەکەمی پڕۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
حکومەت پێی باش بووە وەکو پڕۆژە یاسایەك بێت، وە مادام گۆڕانکاریەکان تا رادەیەك هەن باشترە لەوەی کە پڕۆژەیەکی تازە بێت، د.اسماعیل فەرموو.
**بەڕێز اسماعیل علی طه :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەستپێکێ ئەم بەخێرهاتنەکا گەرم ل جەنابێ وەزیری دکەین و شاندێ دگەلیدا، پشتگیریا بۆچوونا هەردوو مامۆستا د.شێرکۆ و د.زێدان دکەم کو ببیتە پڕۆژەی هەمواریێ ئێکی وەزارەتا کارەبێ ل هەرێما کوردستانێ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
د.بژار فەرموو.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە راپۆرتەکەماندا لە ماددەی (١١) ئاماژە پێکراوە کە یاسا کۆنەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەو راپۆرتە بەو شێوەیە ئامادەکراوە وەکو ئامادەکاریەك بۆ یاسایەکی نوێ، یەعنی ئێستا لێرە ناتوانین بکەینە هەموار، ئەگەر وابێت پێویستە ئەم یاسایە یان ئەم بڕگەیە یان ئەم دانیشتنە تەئجیل بێت جارێکی تر راپۆرتێکی تر ئامادە بکەین، چونکە ئامادەکردنی هەمواری یاسای جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ ئامادەکردنی یاسایەکی نوێ بۆ وەزارەت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموون ماددەی یەك بخوێننەوە.
**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێناسەکان
ماددەی (١):
بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت:
یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.
دووەم/ وەزارەت: وەزارەتی کارەبای هەرێم.
سێیەم/ وەزیر: وەزیری کارەبا.
چوارەم/ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزارەت.
پێنجەم/ بەرهەمهێنان: بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.
شەشەم/ گواستنەوە: گواستنەوەی وزەی کارەبا بە هێڵی (٣٣)ی کیلۆ ڤۆڵت بەرەوسەر.
حەوتەم/ دابەشکردن/ دابەشکردنی وزەی کارەبا لە رێگای تۆڕی ناوەندی هێڵەکانی (٠,٤٣٣). (٠,٤١١)، (٠,٤) کیلۆ ڤۆڵت بەرەوخوار.

هەشتەم/ وزە: وزەی کارەبا.
نۆیەم/ کۆنترۆڵ: کۆنترۆڵی سەر تۆڕەکانی کارەبای هەرێم.
دەیەم/ هاوبەشـەکان: هەر بەشـداربوویەك کە گرێـدراوی تۆڕەکـانی کارەبـا بێـت بە مەبەسـتی وەرگرتنی وزەی کارەبا لە رێگای پێوەری کارەباوە.
یـانزەیەم/ تۆڕەکـان: پێکهاتەکـانی کارەبـا لە هەردوو سـێکتەری گواسـتنەوە و دابەشـکردن دەگرێتەوە.
دوانزەیەم/ وێستگەکانی بەرهەمهێنان: سـەرجەم وێسـتگەکانی بەرهەمهێنـانی کارەبـا لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەمە نـاوی راپـۆرتی هـاوبەش نـیە، ئەمە نـاوی راپـۆرتی راستێنراوی لیـژنەی یاسـاییە، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی یەك هەر کەسـێك دەیەوێـت قسـە بکـات فەرموو ناوەکانتان بنووسن، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت ناوی خۆیان بنووسـن بـۆ قسـەکردن یـان ناویان نووسیووە (د.شێرکۆ، د.اسماعیل، کاك کاروان، گوڵستان خان، شادی خان، کاك شیخ ظاهر، کاك مەم اسکندر)، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا بەخێرهـاتنی وەزیـر و سـتافەکەی دەکەم، لەبەر ئەوەی یاسـاکە یاسـایەکی تـایبەتە بە وەزارەتێکـی دیـاریکراو ئەویـش کە وەزارەتـی کارەبـایە پێشـتر لە یاسـا کـۆنەکەش پێناسـەی وەزارەتـی کارەبـا نەکـراوە، بـۆیە پێمباشـە لەسـەرەتا ئەگەر بکرێـت پێناسـەی کارەبـا بکرێـت، وەزارەتـی کارەبـا چـیە و کـاری چـیە، ئەمـیش بەم شـێوەیە، وەزارەتـی کارەبـا ئەو کەسـایەتیە مەعـنەویەیە کە کەسـێکی سرووشـتی نـوێنەرایەتی دەکـات کە وەزیـر یـان ئەو کەسـەی کە رایدەسپێدرێت، بارەگـای سـەرەکی لە هەولێـرە بـۆ هەیە پێکهـاتەی خـۆجەیی دروسـت بکـات بـۆ بەڕێـوەبردنی کارەکـانی لە هەرێمـی کوردسـتان بە مەبەسـتی بەدیهێنـانی ئەو ئامـانجەی کە لەم یاسایەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای تەوزیحێـك دەکەیـن رەنـگە مـن هەڵەش بـم، بەڵام لە پێشـنیازە یاسـا و پـرۆژە یاسـاکەش ئێستا لێرەدا بەرهەمهێنـان گواسـتنەوە، کۆنترۆڵ ئەمـانە هەمـووی فعلـن، یەعنـی تەعریفیـان بـۆ دانراوە، ئەگەر تەوزیحێکمان پێ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی یەكەم خـاڵی دەیەمیـان هاوبەشـەكان هەر بەشـداربوویەك كە گرێـدراوی تۆڕەكانی كارەبا بێت بە مەبەستی وەرگرتنی وزەی كارەبا لە ڕێگەی پێوەری كارەباوە، پێمباشـە وای لێبكرێت هاوبەشەكان ئەو بەشداربووانەن كە بەپێی گرێبەستێك وزەی كارەبا وەردەگرن لە ڕێـگەی پێـوەری كارەبـاوە، سـەبارەت بە یازدەیەمیـان تۆڕەكـان پێكهـاتەی كارەبـا لە هەردوو سێكتەری گواستنەوە و دابەشكردن دەگرێتەوە، پێمباشـە بكرێـت بە بنچینەكـانی گواسـتنەوە و دابەشكردنی وزەی كارەبا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك ئەو پێناسانەی كە پێویستە ئیزافە بكرێت بە بڕوای ئـێمە سـێ چەمكـی تره كە یەكێكیان دابینكردنە كە ئەگەر پێناسە بكرێت كە ئایـا دابینكردنـی كارەبـا بە جـومەلە و بە مفرد واتە بۆ تاك و گرووپەكان، پێناسـەی دووەم مەسـەلەی بەكـاربەرە (مسـتهلك) كێـیە؟ چـونكە ئەمە وەزارەتـێكە تەولیـدی كارەبـا دەكـات، بەكـاربەر كێـیە دەبێـت پێناسـە بكرێـت كە هەمـوو كەسـێكی تەبیعـی و ئیعتیبـاریە كە (مسـتهلك) پێناسـە بكرێـت زەرووره، مەسـەلەی تەعـریفە كە سعری پارەكەیە، سعری كارەبایە لە یەساكەدا وجودی نییە، بەڵام بە زەرووری دەزانین كە پێناسـە بكرێت تەعریفە چیە، كە نرخی ئەو وزەی كارەبـایە كە دابـین دەكرێـت لەبەر ئەم سـێ چەمـكە بە زەروور دەزانین ئیزافە بكرێت بۆ پێناسەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵا ئێكی ئەز پشتگیریا هێژا شـێخ ظـاهر دكەم، مـادام مە گـوتیە ل مـاددەی یـازدەدا دێ یاسـایا ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠٠٦) دێـتە ئیلغـاكرن، تەعریفـا وەزارەتـێ ب زەروری ئەز دبیـنم، هەروەسـا ئیزافەكرنا وان هەرسێ تەعریفا ژی ئەز پشتگیریا د.شێركۆ دكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن (كاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببـورە هەرچەنـدە مـن ئەنـدامی لیـژنەكەم، بەڵام تەحەفـوزم هەبـووە لەسـەر چەنـد مـاددەیەك بە تـایبەتی مـاددەی یەك و مـاددەی سـێ و مـاددەی نـۆ، ئەوە لەسـەر مـاددەی یەك بەڕاسـتی چەنـد تێبینیەكم هەیە دەبوایە جێگەمان بكـردایەتەوە و جێگەمـان نەكـردەوە، بە تـایبەت ئـێمە بـاس لە وەزارەتــی كارەبــا دەكەیــن و ئەرك و مەهــامی ئەم وەزارەتە بەڕێــزە ئەوەیە كە یەكێــك لە

مەهامەکانی داهاتوویان بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی وزە نوێبووەکانەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کە تەعریفی وزە نوێبووەکان بکرێت بە جۆرە جیاوازییەکانیەوە بەم شێوەی خوارەوە.
وزە نوێبووەکان بە مانا و لێکدانەوە دێت بەو وزەی پاك کە لە سەرچاوە سرووشتییەکان دەستەبەر دەکرێت کە بەرهەمهێنانیان پەیوەستە بە شوێن و کاتەوە، وزەی هایدرۆپاوەر و تۆربانی بایی و وزەی خۆر یان هەر جۆرێکی تری نوێ وزە کە لە پرۆتۆکۆڵی وەزارەتی کارەبا دانپێدراوبێت دەگرێتەوە، بە دوایدا دەکرێت تەعریفاتی وزەی با بکەین یاخود تەعریفاتی تۆربانی بایی و ستوونی بایی بکەین، یاخود وزەی خۆریش تەعریف بکەینەوە دووبارە، بەڵام هەر دەکەوێتەوە سەر لیژنەی بەڕێزی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەندیش دواتر چۆن بتوانین ئەم پێناسانە جێگەی بکەینەوە، بەڵام لایەنی کەم بە پێویست دەزانم وزە نوێبووەکان لە تەعریفاتدا جێگەی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز وەزیری کارەبا بەڕێزتان قسەیەکتان هەیە، فەرموو.
**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڕاستی ئەڤ یاسایە کو نوکە ڕەشنووسێ یاسایێ بەردەستێ جەنابێ هەوەبوو بۆ پەسەندکردنێ، مە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵا (٢٠٠٦) هەبوویە، ئەڤ یاسایە بەری (١٥) ساڵە بوو، وی وەختیدا کە ڕەوشا کارەبێ ل هەرێمێ ب شێوەیەکی دیتر بوو، کو ڤی دەمیدا تەنێ مە وێستگەها دوکان و دەربەندیخان هەبوو، نوکە مە (٦٧٠٠) مێگەواتێت کارەبێت هەین، دشیان کو بەرهەم بێت، لەوما ئەڤ ماوەی کو (١٥) ساڵ چەندین گۆڕانکاری هاتیە کرن، مە دڤیا ل ڤێ یاساییدا بێتە جێ بەجێ کرن، چەندین پرسیار هاتنە کرن سەبارەت ب تەعریفا وەزارەتێ، ئەز دبێژم هەر یاسای بەری نوکەدا ژی تێدا نەبوویە، بەس پێکهاتەکانێت وەزارەتێ ئەز دبێژم دیارن، مەهامێت وی ژی دیارن، ئەرك و ئیلتیزاماتێت سەر وەزارەتێ دیارن، سەبارەت ب تەعریفا وەزارەتێ ئەز دبێژم ژ پێکهاتێت وێ دیارن ئەرك و مەهامێت وێ دیارن، ئەگەر وە پێ باشە ژی ئەم دشێین ئەڤێ تەعریفێ ژی بکەن، بەس بە ڕەئیا من ئەڤە تێرا هەندێ دکەت کو تەعریفا کارەبێ پی بێتە ناسین، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی دوو فەرموون بیخوێنەوە.
**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئامانجەکان
ماددەی (٢):
ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:
یەکەم: پەرەپێدانی وزەی کارەبا بە گوێرەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و ئابووری نیشتیمانی.
دووەم: هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە بواری کەرتی کارەبا.
سێیەم: پاڵپشتیکردن و هاندانی فرە سەرچاوەیی وزەی کارەبا.

چوارەم: ڕێکخستنی گشت چالاکیەکانی پەیوەست بە کارەبا لە بواری بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەشکردن و بەرهەمهێنان بەو شێوەیەی کارەبا بەردەوامی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پرکردنەوەی خواست مسۆگەر دەکات لەگەڵ زامنکردنی پاراستنی ژینگە و بەرنگاربوونەوەی ئاڵوگۆڕی کەش و هەوادا.

پێنجەم: ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی کارەبا و قۆرغکاری و بەدەستەوەبوونی نرخەکان.

شەشەم: سزادانی زیادەڕۆکار بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ماددەی دوو هەر بەڕێزێك دەیەوێت قسە بكات با ناوی خۆی بنووسێت، ئەمانەی دەیانەوێت قسە بكەن (لەنجە خان، كاك چیا، حسیبە خان، كاك هێڤیدار، كاك بەهجەت، د.شێركۆ، د.اسماعیل، سەرچنار خان، مامۆستا ابوبكر، گوڵستان خان، كاك مەلا ناصر)، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم ئامانجەكان، بڕگەی یەكەمیان پەرەپێدانی وزەی كارەبا بە گوێرەی پێداویستیەكانی كۆمەڵگا و ئابووری نیشتیمانی، پێشنیار دەكەم بكرێت بە دابینكردن و پەرەپێدانی وزەی كارەبا بە گوێرەی پێداوستیەكانی كۆمەڵگا و ئابووری نیشتیمانی، وشەی دابینكردن بۆ زیاد بكرێت، سەبارەت بە بڕگەی سێیەمیان پاڵپشتیكردن و هاندانی فرە سەرچاوەیی وزەی كارەبا بكرێتە پاڵپشتیكردن و هاندان بۆ فرە سەرچاوەییكردنی وزەی كارەبا، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەمیان ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی كارەبا و قۆرغكاری بەدەستەوەبوونی نرخەكان بكرێتە ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی كارەبا و قۆرغكاری و زیادەڕۆیی كردن لەسەریان و بە دەستەبوونی نرخەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری كارەبا و شاندی یاوەری دەكەم، دەستخۆشی لە لیژنەی پەیوەندیدار و لیژنەی یاسایی دەكەم، سەبارەت بە ماددەی دووەم لە خاڵی چوارەم لە دوای ڕێكخستن بە دامەزراوەییكردنی بۆ زیاد بكرێت پێشنیار دەكەم، هەروەها لە خاڵی شەشەم كە دەڵێت سزادانی زیادەڕۆكار بۆ سەر تۆڕەكانی كارەبا لە كۆتایی ئەوە پێشنیار دەكەم ئەوەی بۆ زیاد بكرێت وە هەموو ئەوانەی پێشێلكاری یاسا و ڕێنماییە بەركارەكانی هەرێمی كوردستان دەكەن لەم بوارەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەشی پێنجەم ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی کارەبا و قۆرغکاری و بەدەستەوەبوونی نرخەکان، خۆی چەندە مەسەلەن بەهەدەردانی کارەبا، مەسەلەن چۆن ڕێگەی لێدەگردن، بەردەوامە لە هەرێمی کوردستان ئەمە، ئەوە ئیتر روون نەکراوەتەوە ئالیەتەکە چۆنە و چۆن ڕێگەی لێدەگرن، مەسەلەن ئەوەندە ساڵە بەڕێز وەزیری کارەبا خۆی گوتی زیاتر لە (٤٠%)ی کارەبای کوردستان دەدزرێت، چۆن عیلاج دەکرێت؟ خاڵی شەشەم سزادانەکە بە چ یاسایەك سزایەکە دەکرێت لێرە هیچ ڕوونکردنەوەی نەداوە، بەس سزا دەدرێت، چۆن سزا دەدرێت دەبێت حەسم بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو ئامانجەکانی ئەم یاسایە لە بڕگەی یەکەم پەرەپێدانی وزەی کارەبا بە گوێرەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و ئابووری نیشتیمانی، پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری کارەبا دەکەم کۆمەڵگا پێویستی بە کارەبا هەیە بۆ دابینکردن، ئێمە لە سنووری گەرمیان (کەلار، کفری، چەمچەماڵ) زیاتر لە هەشتا گوند تاوەکو ئێستا کارەبای نیشتیمانیان نییە، ئەو لادێیانە لانەی پێشمەرگە و شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان بوون، لە دوای سی ساڵ حوکمڕانی کە پێویستیان بە دابینکردنی کارەبا هەیە تاوەکو ئێستا کارەبای نیشتیمانیان بۆ دابین نەکراوە، پێویستە لەم ماددەیە جێی ئەوە بکرێتەوە ئەو لادێیانەی کە کارەبایان بۆ دابین نەکراوە کارەبایان بۆ دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی دوو، بڕگەی دووەمی کە دەڵێت هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە بواری کەرتی کارەبا ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی، لە خاڵی شەشەم پێمباشە ئەو خاڵەی سزادانی زیادەڕۆکار بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا ئەو خاڵە لابرێت، چونکە بابەتی سزادان بەڕاستی ئەم یاسایە یاسای هەیکەلی وەزارەتی کارەبایە، یاسای ڕێکخستنی سلوکی هاووڵاتیان نیە، مألوف نیە لە یاسای وەزارەتەکاندا باسی سزا بکرێت، یاسای هیچ وەزارەتێکمان نیە باس لە سزا و دەقی موادی عیقابی لە ناو یاسای وەزارەتەکاندا هەبێت، بەڵکو دەچێتەوە بۆ یاسا بەرکارەکان، ئەوە تەنها هەیکەلی وەزارەتەکان ڕێك دەخات، لەبەر ئەوە ئەو بابانەی کە باسی سزا دەکات ئێستا لە ماددەی حەوتیشدا هەر باسکراوە، بابەتە سزاییەکان لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی هەبوون ئارمانجێ ڤێ پرۆژێ پێتڤی بیە یەکیش ئارمانجی هەرێ گرنگ ڤی پرۆژێ ئەوبووە کە پێش هێخستنا پەرەپێدانا کەهرەبێ بیە بە رێکا تاقێ بیە، بەلێ مخابن ل ڤێرێ تەنها پاراستنا ژینگەهێ هاتیە بەحس کرن، من پێ باشە خەلەکی دی بێتە زێدە کرنێ پەرەپێدان و پێش هێخستنا بەرهەمهێنانا کارەبا ب رێکا خۆری تاقێ بیە کو ل ڤێری جهێ ژینگە دۆستی یەکیش ئارمانجێ هەر گرنگ یا وەزارەتا کەهرەبێ بیت، هەروەسا خالا شەشەم سزادانا وەکو لەنجە خانێ بەحس کر سزادانی زیادەڕۆکار بەسەر تۆڕێ کارەبا ڤێرێ تەنها بەس بەحسێ زیادەڕۆکار کریە ل سەری، بەحسێ کۆمپانیا نەکریە، چونکە گەلەك جارا کۆمپانیایەکا تایبەت وەختێ کارەبا بەرێڤە دبەت زیادەگاڤیە رەنگە کۆمپانیا بکەت، من پێ باشە کۆمپانیا بێنە زێدەکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم ئامانجەکان، پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم و دووەم بەم شێوەیە لێ بکرێن، دابینکردن و پەرەپێدانی وزەی کارەبا بە گوێرەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و ئابووری نیشتیمانی، دووەمیش هاندانی پشتیوانیکردنی وەبەرهێنانی ناخۆیی و بیانی لە بواری کەرتی کارەبا، وە لە خاڵی پێنجەمیش پشتیوانی مامۆستا گوڵستان دەکەم، ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی کارەبا و قۆرغکاری زیادەڕۆییکردن لەسەریان و بەدەستەوەبوونی نرخەکان، خاڵی شەشەم لە بری سزادان بەم شێوەیەی لێ بکرێت ڕێگریکردن لەسەرپێچیکردنی زیادەڕۆکاری بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا، وە دوو خاڵی تر بە زنجیرەی ئامانجەکان زیاد بکرێن بەم شێوەیە، حەوتەم: ڕێکخستنی چالاکی بەگەرخستن وەك بەرهەمهێنانی دابەشکردن و کڕین و فرۆشتنی وزە، هەشەتەم: پشتیوانی و هاندانی بەکارهێنانی وزەی نوێ لە بوارە جیاجیاکاندا و خۆماڵیکردنی پیشەسازیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانە ئەگەر بە نووسین بیدەنە لیژنە دەستت خۆش بێت، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی چوارەمدا پشتگیری کاك مەلا ناصر دەکەم، بەس بەو شێوازەی تر گەیاندنی وزەی کارەبا بە هەموو جێگایەکی کوردستان، یەکێك بێت لە ئامانجەکانی وەزارەتی کارەبا، چونکە سەدان گوندی کوردستان هەیە ئەم وزە نیشتیمانیانەی نەگەیشتووەتێ، خاڵی شەشەمیش سزادانی زیادەڕۆکار بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا و دامەزراوەکانی کارەباش، چونکە چەندین موڵك و زەوی وەزارەتی کارەبا هەیە دەستیان بەسەرداگیراوە، هەروەها پشتگیری سەرچنار خان دەکەم ئەوەی لە ماددەکانی داهاتوو تردا هەیە پێویست ناکات سزاکان لێرە باس بکرێت و هەر ئەم

دەقە کافیە، چونکە مألوف نییە لە یاسای وەزارەت و پێکهاتەی وەزارەتدا بەو چڕیە وەك لە ماددەکانی تردا هاتووە باسی سزاکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت مـن هـاتنە کـرن، ئەز پشـتگیریا هێـژا سـەرچناریٚ دکەم، هەردوو بۆچوونێـت ویٚ دا، هەروەسا پشتگیریا مامۆستا ابـوبکر و مەلا ناصـر دکەم کـو ئێکیش ئامانجێـت وەزارەتـا کـارەبیٚ گەهاندنا کارەبیٚ بۆ هەمی جهێت کوردستانیٚ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە گووتەکانی بەڕێز گوڵستان خان پشتگیری دەکەم لە مەسەلەی بەهەدەردانـی کارەبـا، هەروەها پشـتگیری لە قسـەکانی لەنـجە خـان دەکەم بـۆ پێشـێڵکاریەکان، پشـتگیری لە قسـەکانی مامۆستا ابوبکر و مەلا ناصر دەکەم بۆ مەسەلەی گەیاندنی کارەبـا کە ئەرکـی وەزارەتـی کارەبـایە بە هەموو شار و شارۆچکە و لادێیەکی ئەم هەرێمە کوردستانە، هەروەهـا پشـتگیری لە قسـەکانی سەرچنار خان دەکەم بۆ مەسەلەی سزاکان، دوو ئیزافەشم هەیە لە ماددەی دووەم بـڕگەی دووەم لە مەسـەلەی وەبەرهێنانـدا کە دەڵێـت هانـدانی وەبەرهێنـانی نـاخۆیی و بیـانی لە بـواری کەرتـی کارەبادا ئەم هاندانە ئەگەر بێتوو بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشـتی بـۆ ئیـزافە نەکەیـن دەبێـتە تەنهـا هانـدانی وەبەرهێنـان کە ئیحتیمـالە بەس بـۆ تەنهـا ڕێکبخرێـت کە ئەوە زیـانی گەروە بە کەرتەکە دەگەیەنێـــت و بە خەڵکـــیش دەگەیەنێـــت، لەبەر ئەوە ئیقتراحـــی ئەوە دەکەم بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت، خاڵێکی تر لە بڕگەی سێیەمدا کە پاڵپشـتیکردن و هانـدانی فرە سەرچاوەیی وزەی کارەبا باسی وزە نوێبووەکان و وزەی بەدیل بکەین وەکو ئیـزافە، چـونکە مەعلـومی جەنابتـانە ئەوە باسـی ئامانجەکـانە دەبێـت سـەوابت لێـرە تەسـبیت بکەیـن کە وزە نوێبووەکان و وزەی بەدیل بە سابتی و بە بەردەوام وەزارەتی کارەبا کاری لەسەر بکات بۆ ئەوەی کە فرە سەرچاوەیی وەکو ئامانجێکی ئیسـتراتیجی بـۆ کـاری وەزارەتـی کارەبـا و بـۆ ئەم یاسـایە تەسبیت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری کارەبا ئەگەر قسەیەکتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

تێبینیێت برادەران چـیٚ دبیـت هەتـا حەدەکـی گەلەکیش وان ل جـیٚ خـۆدا بیـنە، هەنـدەك ژی نە جهیٚ هەنـدێیە کـو ل ڤـیٚ یاسـاییٚدا بـکەن، ئەڤ ڕەشنووسـە ل لیژنەیـا وزەدایە تێـپەڕی ب تێـر و تەسەلی موناقەشە هاتیەکرن، هەروەسا ل گەل لیژنەیا یاسایی ژی کو هەتا سەعات ئێکی شـەڤیٚ ژی دیسـا گەل یەك بـووینە ئەڤ داڕشـتنە هـاتیە کـرن، هەنـدەك بـابەت ژ وان یـا خـاڵا ئێکـیٚ کـو

برایەکی بێژیت دابینکرن بەری پەرەپێدان، ئەسەلەن کارەبا مە یا هەی ئەم چاوا بشێین ئەڤ ژێر خانە مە هەی ئەم کاربینین، نەکو ئەم ئیلتیزاماتا ل سەر خۆ زێدەکەین، یەعنی بۆ نموونە شەش هەزار و حەوت سەد مێگاوات تنێ ئەم سێ هەزار و پێنج سەدە، ئەم هەندی رابین زێدە بکەین دێ ئیلتیزاماتا ل سەر خۆ کەین ب عەکسەوە بیت، ئەو ژێر خانە مە هەبیت ئەم جارێ دشێین بێخینە خزمەتا خەڵکیدا، دا تەکلیفا ل سەر وەکو لایەنێ دارایی ل سەر حکومەتێ گران نەبیت، برادەرەکی پرسیار کر کانێ ب فیرۆچوون چەندە دزی ئەو، مە گۆتی یەعنی تەقریبەن (٤٤%) دزی هەبووینە، بەس نوکە مە چ کریە کو ئەڤان دزیا یان ئەڤان مەفاقیدا کەم ڤەکەین ب فیرۆچوونا کەم ڤەکەین ئەو پرۆژێت پێوەرێ زیرەك نوکە ل ئارادایە شەش سەد و بیست هەزارێت هاتیە دانان، وە هەر جهێ ئەڤ پێڤەری زیرەك کەتیە ژی ئەو دزی دشێم بێژم نەمایە، هەروەسا بەرف کەرتێ تایبەت کو دێبیتە پاڵدەرێکی دی تر بۆ نەهێلانا ئەڤی ب فیرۆچوونێ، سەبارەت سزا چ سزا بۆ تێن، تەبعەن مە رێنماییێت سەر پێدانا کارەبێ و سزادانێت مەییێت هەی کو ئەڤ رێنماییێت هاتیە هەناردن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ل وێرێ هاتیە پەسەند کرن و چوویە مەجلیس شوورا و تێدا دیارکرینە، ئەز دبێژم سەفحا سی دیارکرینە کو سزا چاوانە، ماڵەك وەختێ هەر پێکهاتەیەك بیت دیجا ئەگەر ماڵ بیت سنگل فەیس بیت شەست هەزارن بۆ (اجور قگع) یان دیتر تەخمینا ساڵا، هەروەسا بۆ پیشەسازی سەد هەزار و تەخمینا دوو ساڵا، یەعنی ل ڤێرێدا یا دیار کرینە جۆرێ سزادانا ژی، هەروەسا بەرێز مەلا ناصر بەحسێ چەند گوندا کر کو هەشتێ گوند کر، تەبعەن مە سەرەدانا گەرمیان ژی کری ژمارە ئەو گوندێت کو کارەب نەگەهشتیە چل و سێ نە، ئەڤ داخوازا مەش ل رێڤەبەرێ مەیا گشتی کو هەر گوندەکێ هەشت ماڵ ل سەرڤە تێدابن بۆ مە بنێرن، چونکە ئەو ئیمکانیاتێت بەر دەستێ مەیە تێرا هەندێ مە نینە کو ئەم بشێین هەر چل و سێ گوندە، هەرچەندە مەلا ناصر بەحسی هەشتێ گوندا دکەت، بەس وەکو مودیر عامێ مەعنی بەحسێ ئەڤان چل و سێ گوندا کری، ئەز دبێژم مامۆستا ابوبکر ژی هەر دیسان ل سەر بابەتێ گەهاندنا کارەبێ بۆ گوندان راستی ئەڤە نە بابەتە کو بچیتە ناڤ یاساییێدا، ئەڤە جهەتێ تەنفیزی ئەڤێ دکەن، د.شێرکۆ بەحسێ وزە نوێبووەکان کر ئەز دبێژم مە لێرە گوتی بەرهەمهێنان یا دیارە دێجە ژێ دەرێت وی چ بن، چونکی مە یا هەی کهرۆ ئاڤی هەی تاقە شەمسی نوکە تەندەرە ل بەر دەستێ هەر کۆمپانیایەکی بشێت بەشداری تێدا بکەت مەییێت هەی، یا نەفتا رەش و دیزل مەییێت هەی، ئەز دبێژم ئەڤە ژی دەچیتە زمنێ وان دا مە پێنگاڤ ژی هاڤێتی، دیسان کهرۆ ئاڤی ژی نوکە ل دێرەلوك سی و حەوت مێگاواتێ ئاڤێ ژی ژ وان غازا دێت کو ئەڤە ئەوەندە ساڵە دهاتنە سۆتن و ژینگەها هەرێمێ تێکدایە یەك ژ وانا ل گەرمیان مەزەنترین پرۆژە کو ل هەیڤا پێنج ان شاءالله دوماهیا هەیڤا پێنج دکەڤیتە خزمەتا خەڵکیدا، ل هەر هەیڤێدا سەد و شەست و پێنج مێگاواتێت کارەبێ کو ئەڤە بۆ جارا ئێکیە ل کوردستان و ل عێراقێ ئەڤ غازێت دهاتە سۆتن بێنە کارهینان بۆ ژێر خانا بەرهەمهێنانا کارەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت ببوورە، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا بەڕێز وەزیرێ کارەبێ و شاندێ دگەلدا دکەین، سەبارەت ئامانجەکان ماددەی دووەم، حەقیقەت برگەیا دووێ هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی ل بواری کەرتی کارەبادا،

پرسیارەك لێرە دێتە پێش ئایا ئەو پڕۆژێت کەرتێ تایبەت مەشمول دەبن ل ڤێ بەندێ یان نا؟ ئەگەر مەشمول بن یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤)ی ساڵا (٢٠٠٦) ل دیڤ وێ دشێن ئەو مەزایا ناڤ وێ یاسایێدا فائیدە ژێ بکەن، ئەڤ پرسیارە بۆ بەڕێز جەنابێ وەزیری بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر کارەبا فەرمووو.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

سەبارەت ب ئەڤ پڕۆژێت وەبەرهێنانێ مەیێت هەین کەرتێ تایبەت کو (٨٤%) نوکە وەبەرهێنان ل هەرێمێ لای کەرتێ تایبەتە، بەس ئەڤە ل ڤێرێ کەرتێ تایبەت ژی تەبعەن ل دیڤ رێنما و ئەو پێداویستییێت وەزارەتێ کو تەمسیلا خەڵکی مە دکەت ئەم ل سەر ڤێ کارێ خۆ دکەین، یەعنی بۆ نموونە مە دوو وێستگە ل بازیان و خۆرمەلە (سیمپل سایکلن)، (سیمپل سایکل) کو ئەو وەحداتێت یەعنی ل دەسپێکی وەختێ کار دکەن هەڵمەك ژێ دەرکەڤیت، ئەڤ هەڵمە نوکە مە یا هەردوو موستەسمر مەیێت هاندایین کو ئەڤ هەڵمە نابیت ژینگەهێ تێك بدەت، یا دیتر ژی ئەم دکەنە کارەب و دکەفتە خزمەتا خەڵکیدا، هەر موحەتەیەکیش وان پێنج سەد مێگاواتێ دی مە گرێبەست ل ساڵا (٢٠١٩) دگەل کری یەعنی ئەم تەوقوع دکەین ساڵا (٢٠٢٢) هەزار مێگاواتێ دیتر دی زێدە بیت ل وێ هەڵمێ، بەڵێ مە حەقێ هەی کەرتێ تایبەت ژی ل دیڤ رێنماییێت مە کار بکەت، چونکی ئەوێ دکێلێ و ئەوێ غازاتێت دهاڤێتە ژینگەها مە دا تەئسیرێ زیراعەتێ مە دکەت ئەگەر باران و ئاڤ بێن دێبنە ئەمتار حامزیە و ئەڤە تەئسیرێت دکەت، هەروەسا وەکو ژینگەهی ژی لەوما ل دیڤ پێداویستییێت مە و ئەو رێنماییێت کو وەزارەت بۆ دیار دکەت هۆسا کارێت خۆ دکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێکهاتەکانی وەزارەت

ماددەی (٣):

یەکەم: وەزاەرت پێکدێت لە یەك وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئەرکەکانی و ئاڕاستەکردن و سیاسەتەکانی و سەرپەرشتیکردنی و چاودێریکردنی کارەکانی لە رێگای بڕیار و فەرمان و رێنماییەکانی لە گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکان و دەسەڵاتەکانی و سەرجەم کاروباری تەکنیکی دارایی و کارگێڕی، وەزیر دەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بسپێرێت لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە دەست نیشانی دەکات.

دووەم: نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن.

سێیەم: بریکاری وەزارەت یارمەتی وەزیر دەدات لەسەر سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیر پێی دەسپێرێت بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی بێت.

چوارەم: ژمارەیەك راوێژكار زیاتر نەبن لە چوار كەس بەو مەرجەی هەر یەكێكیان لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت خاوەنی شارەزایی بێت.
پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات و بەو مەرجەی لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە یاسا یان كارگێڕی یاسا و خاوەن شارەزایی بێت.
شەشەم: بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی وزەی كارەبا بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات و بەو مەرجەی لایەنی كەم بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەنی شارەزایی بێت.
حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی وزەی كارەبا بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.
هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەشكردنی وزەی كارەبا بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.
نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان بەڕێوەبەرێكی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی كەم خاوەن بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.
دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری وزە بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت و لە ئەندازیاری كارگێڕی یان ئابووری یان بازرگانی و خاوەن شارەزایی بێت.
یەكەم: هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەكی سەربەخۆ لە هەرێم بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی كارەبا پێكدەهێندرێت و هەر یەكێك خاوەنی كەسایەتیەكی مەعنەوی دەبێت.
دووەم: هەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوو لە خاڵی یەكەمی ئەم بڕگەیە لەلایەن بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوە دەبرێت بە لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت و لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت و فەرمانبەرێك بە پلەی یاریدەدری بەڕێوەبەری گشتی یارمەتی دەدات كە بە لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە بواری كارگێڕی یان یاسایی یان ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ماددەی سێیەم هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت قسە بكات تكایە ناوی تۆمار بكات؟ ناوەكان دەخوێنمەوە (د.شێركۆ، د.اسماعیل، كاك زیاد، گوڵستان خان، كاك بەڵێن، كاك محسن، كاك نزار، لەنجە خان، سوسن خان، حسیبە خان، نجاە خان، كاك شوان، مامۆستا عمر، كاك عثمان سێدەری، كاك جمال)، فەرموو كاك عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لێرە لە ماددەی سێیەمدا لە هەموو بڕگەكاندا ئیشارەت بەوەدراوە كە باس لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەكات، بەڵام باسی بەڕێوەبەرەكانی تر ناكات وەك وەك بەڕێوەبەری قەزا و ناحیەكان كە ئیشارەتی پێنەدراوە، پێویستە یەكێك لە بڕگەكان زیاد بكرێت و ئیشارەت بە

بەڕێوەبەری قەزا و ناحیەکان بدات و لە بواری بڕوانەمەشدا ئایا بڕوانامەی پەیمانگا دەبێت بۆ بەڕێوەبەری قەزا و ناحیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەبا و هاوکارەکانی دەکەم، من لەم ماددەیە پێشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە خاڵی پێنجەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان، تەبعەن بەڕێوەبەری گشتی دیوان بەڕاستی مەهامێکی زۆر گەورەی هەیە دەتوانم بڵێم لە دوای وەزیر زۆرینەی کارەکانی وەزارەت بە بەڕێوەبەری گشتی دیواندا تێدەپەڕن، بۆیە خیبرە و شارەزایی ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە لە بوارەکەی وەزارەتدا زۆر گرنگە و یارمەتیدەرێکی گەورەی وەزیرە، هەر وەزیرێك بێت، لێرە پسپۆڕیەکەی دانراوە بە مەرج گیراوەکە لە یاسا یان کارگێڕی بڕوانامەی هەبێت، من پێشنیار دەکەم ئەندازیاریشی بۆ زیاد بکرێت، ئەندازیاری یان یاسا یان کارگێڕی، ئەمە وا دەکات حکومەت یان وەزارەتی کارەبا دەستکراوەتربێت لە دانانی بەڕێوەبەرێکی گشتی شارەزا و بە توانا، چونکە لە بوارەکانی تردا بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی وزەی کارەبا و هەموو ئەوانە بە مەرج گیراوە ئەندازیار بێت لەم بوارەشدا باشترە ئەو ئیختیارەش هەبێت لەبەردەست وەزارەت و حکومەتدا کە ئەگەر ئەندازیارێکی شارەزا هەبێت لەو بوارە ئەویش یەکێك لە ئیختیارەکان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و هاوکارانی دەکەین، سەبارەت بە بڕگەی دووەم کە کاك جەلال ئاماژەی پێدا هەڵەیەکی ئیملایی هەیە ئەوە چاك بکرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە بڕگەکانی تر کە لە زۆربەی بڕگەکان ئاماژەی پێکراوە دەڵێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت، من پێمباشە ئەو بڕگەیە بابەتی ئەندازیاری بۆ زیاد بکرێت هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی کە یەکێك دەبێت بە بەڕێوەبەری گشتی ئەندازیار بێت لە بوارەکەی خۆی بۆ ئەوەی لە رووی کارگێڕییەوە کارەکان باشتر بەڕێوەبچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ لە بڕگەی یەکەمدا وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئەرکەکانی و ئاڕاستەکردن و سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێردکردنی کارەکانی لە رێگای بڕیار و فەرمان و رێنماییەکانی لە گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ئەرکەکانی وەزارەت و

پێکهاتەکان و دەسەڵاتەکانی و سەرجەم کاروباری تەکنیکی دارایی و کارگێڕی، لێرە (واو) هاتووە بکرێت فاریزە ئەوەی تر وەزیر دەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی ئەو بسپێرێتە بهێنرێتە کۆتایی باشتر دەبێت و رێك تر، هەندێك لە دەسەڵاتەکانی لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە دەست نیشانی دەکات بسپێرێت، پاشان لە بڕگەی دووەمدا ئەوەی کە کاك جالال باسیکرد، نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، نەك دەکات، ئەوەی تر لە خاڵی چوارەم ژمارەیەك راوێژکار ئەو زیاتر نەبنە هەڵبگیرێت، بکرێتە ژمارەیەك راوێژکار کە لە چوار کەس زیاتر نەبن، بەو مەرجەی کە هەر یەکێکیان لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت، لێرە (واو)ێکی کەمە (واو)ی بۆ زیاد بکرێت، پاشان لە بڕگەی دووەمدا لە خاڵی یەکەم لە هەر پارێزگایەك یان ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە هەرێم بەڕێوەبەرایەتیەك نووسراوە، کە دەبێت بکرێتە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی کارەبا پێکبهێنرێت و هەر یەکێکیان خاوەن کەسایەتی مەعنەوی بێت، لە بڕگەی دووەمدا هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هاتوو لە خاڵی یەکەمی ئەم بڕگەیە (لە) نووقسانە لێرە ئەو (لە)یە زیاد بکرێت لە لایەنی بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوە دەبرێت کە بە لایەنی کەم نەك بە لانی کەم، لێرەدا لە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت، هەروەها بە لایەنی کەم لێرەش دووبارە بۆتەوە بکرێتە بە لایەنی کەم، هەروەها پشتیوانی لە برای بەڕێزمان کاك عثمان دەکەم لە پێشنیارەکەیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا رێزدار وەزیرێ کەهرەبێ و شاندێ دگەلدا دکەین، سەبارەت بە ماددەی سێ من سێ تێبینیێت هەی، سەرەڕای پاڵپشتیا ئاخافتنێت کاك شوان دکەم، ماددەی سێ بڕگەی ئێکێ یا خاڵا دووێ نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوە دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن، ئەگەر ژمارەیەك فەرمانبەر دەست نیشان بکەین کە چەند فەرمانبەرن، چونکە لەوانەیە گەلەك بن، لێرە پێتڤیە بێتە دەست نیشان کرن، خاڵا چوارێ ئەگەر بەرێ خۆ دەینێ بێژیت ژمارەیەك راوێژکار زیاتر نەبن لە چوار کەس بەو مەرجەی هەر یەکێکیان لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت، لێرە مادام راوێژکارن پێتڤیە لایەنی کەم بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی لە ئەندازیاریا کەهرەبێ هەبیتن، چونکە راوێژکارن پێتڤیە تایبەتمەندیا خۆ لێرە بێتە پاراستن، هەروەسا خاڵا دەیەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبا و وزە لێرە ژی ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ پێتڤیە مەرجا وێ لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بیت لە ئەندازیاری کارەبا، چونکە ئەو خۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای وزەیە، پێتڤیە ئیختیصاصاتا وی تێدابیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ بڕگەی یەکەم خاڵی سێیەم، بریکاری وەزارەت دیارە هەموو لایەکمان دەزانین سرووشتی کارکردنی بریکاری وەزارەت تایبەتمەندی و پسپۆڕییە لە مەجالەکەی خۆیدا، یەعنی لە ئێستادا ئەم بڕگەیە کە هاتووە دەڵێت بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت، بڕوانامەی زانکۆیی دیاری نەکراوە، بڕوانامەی زانکۆیی ئەگەر خەریجی مێژوو دەکەی بە وەکیلی کارەبا ئەوە نا مەنتقیە، لە کۆتاییەکەیدا هاتووە دەڵێت خاوەن شارەزایی بێت، ئەم خاوەن شارەزایی مەتاتیەکی تێدایە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی هەبێت لە ئەندازیاری، هەروەها پێشنیار دەکەم بۆ چەند بڕگەیەکی تر کە ئەندازیاری کارەبایی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەمیان وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئەرکەکانی و ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی کارەکانی لە ڕێگەی بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی لە گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بەئەرکەکانی وەزارەت وپێکهاتەکانی و دەسەڵاتەکانی وسەرجەم کاروباری تەکنیکی ودارایی وکارگێڕی وەزیر دەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بسپێرێت، لێرە ئەمە چاککردنێکی دەوێت بسپێرێت بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە دەست نیشانی دەکات لە چوارچێوەی یاسایی وەزارەت، واتە ئەو چوارچێوەی یاسایی وەزارەتە بێتە کۆتایی، سەبارەت بە دووەمیان نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، لێرە ئەمە دەبێت چاك بکرێت، ئەم وشەی لایەنی کەمە بە بڕوای من هەر پێویست ناکات لە هەموو بڕگەکاندا پێویستە لابرێت، کە دەڵێ دەبێت ئەوە مەرجە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت، بەراییەکەشی ناوێت، چونکە بەکالۆریۆسەکە لە هەمووی گرنگترە ئێستا کەمترین بڕوانامە بۆتە بەکالۆریۆس، خەڵك هەوڵی ماجستێر و دکتۆرا دەدات، هەروەها ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی بدەن، سێیەمیان بریکاری وەزارەت یارمەتیدەری وەزیر دەدات لە سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیر پێی دەسپێرێت بەو مەرجەی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی ئەندازیاری بێت لە بواری کارەبادا و خاوەن شارەزایی و ئەزموون بێت، چونکە ئەزموونەکە زۆر گرنگە، ئێستا منداڵی وا دەکەن بە جێگر هەر ئەزموونیشی نیە و ئەو تەمەنەشی نییە، لە خاڵی چوارەمدا ژمارەیەك ڕاوێژکار لە چوار کەس زیاتر نەبن، ئەم زیاتر نەبنە بێتە دوای ئەوە بەو مەرجەی هەر یەکێکیان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی تەواوبێت لە بوارەکەدا، شەشەمیان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بە مەرجێك هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت لە

ئەندازیاری کارەبا و خاوەن شارەزایی و ئەزموون بێت جارێکی تر، وە بۆ هەر ئەوانەی تریش چ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی وزەی کارەبا و بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەشکردنی وزەی کارەبا و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری وزە بە بڕوای من پێویستە ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانە هەموویان ئەندازیاربن لە بواری کارەبا و شارەزایی تەواویان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ بڕگەی سێ، بریکاری وەزارەت یارمەتی وەزیر دەدات لە سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیر پێی دەسپێرێت بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت، بریکاری وەزارەت پۆستێکی سیادیە، من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە حەق وایە دەسەڵاتەکانی بریکاری وەزارەتیش لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دیاری بکرێت، هەروەها پشتیوانی لە ڕەئیەکانی کاك زیاد و سوسن خان و کاك عثمان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم لە پێکهاتەکانی وەزارەت سەرەتا هەڵەیەکی ئیملایی هەیە لە هەموو خاڵەکان لایەنی کەم نووسراوە بکرێتە بە لایەنی کەم، وە لە خاڵی چوارەمیش ژمارەیەك ڕاوێژکار پێمباشە بەم شێوەیە پێناسە بکرێت ڕاوێژکاران ژمارەیەك فەرمانبەری شارەزان لە بواری تایبەتمەند و بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن و مەرجە لە چوار کەس زیاتر نەبن، هەروەها لە بڕگەی دووەم لەگەڵ ئەوەدا لە پێش خاڵەکان بنووسرێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەشکردنی وزەی کارەبا پێکدێت لە خاڵی یەکەم و دووەم، لە خاڵی دووەمی هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لە خاڵی یەکەمی ئەم بڕگەیە لەلایەن بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوە دەبرێت بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت، فەرمانبەرێك لێرە پێشنیاری ئەوە دەکەم بکرێن بە دوو یاریدەدر بۆ بەڕێوەبەری گشتی دابنرێن بۆ ئەوەی یارمەتی بدات، یەکێکیان هەڵگری بڕوانامەی یاسایی و ئەوەی تریشیان لە بواری ئەندازیاری بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودەت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم لەم ماددەیە وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە، ئێمە باس لەوە دەکەین ئایا سیستەمی سەرۆکایەتی وەزیر تەنها بڕیاردەر بێت لە وەزارەتدا یان وەکو لە بڕگەکانی تر و

له ماددەکانی تردا هاتووە باس لە ئەنجوومەنی وەزارەت دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو سەرۆکی باڵایە تەبعەن ئەمە هەم بۆ پاراستنی وەزیر و پشتیوانی لە وەزیر ئەنجوومەنی باڵا جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەنجوومەنی وەزارەت جەختی لەسەر بکەینەوە باشترە وەك لەوەی بڵێین وەزیر بە تەنها رەئیس بێت، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بکرێت بە سەرپەرشتیاری باڵای وەزارەت، چونکە لە بڕگەی تر و ماددەی تردا باسمان لە ئەنجوومەنی وەزارەت کردووە کە وەزیر بەبێ ئەوان ناتوانێت بڕیار بدات، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە سەرۆکی باڵای بکرێتە سەرپەرشتیاری باڵای وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کۆمەلەك تێبینیێت هەی، ئێك پشتگیریا ل دکتۆر شێرکۆ دکەم ل بۆچوونا ویدا، یا دووێ خاڵا ئێکێ بێژیتن دەتوانێت هەندەك لە دەسەڵاتەکانی بسپێرێت لە چوارچێوەی یاسایی وەزارەت بە بریکاری وەزارەت و یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە دەست نیشانی دەکات، من پێشنیار دکەم ئیزافە بیتن کۆمپانیاکانی سەر بە وەزارەت، یەعنی مومکینە بەیانی کۆمپانیایەك هەبیت ل وەزارەتێ دەسەڵاتا بدەتا وێ کۆمپانیا، مەسەلەن ل بەرهەمهێنانێیە شتەکی هۆسا بیت، خاڵا دووێ تێبینیا من نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، یەعنی ئەز دبێژم پلەی بەڕێوەبەر پلەیەکی ئیدارییە مخابن وەکو بەرچاڤ ب تنێ وەزیر وەکو مەعلوماتێت من یا هەی تەتبیق نەکرینە و تەتبیق نابیت، مەسەلەن موەزەفێکی دگەل خۆ هینیت دەکەتە بەڕێوەبەری نووسینگەی خۆی (مع العلم) ئەو موەزەف مولاحزە یان موساعد مولاحزە هێشتا چەندی ماوە بگەهیتە بەڕێوەبەر، یەعنی تەنفیز یا کەمە، خاڵا چوارێ ژمارەیەك راوێژکار زیاتر نەبن لە چوار کەس، ئەز دبێژم چوار گەلەك زێدەیە بۆ وەزارەتێ، چوار راوێژکار ئەز دبێژم دوو راوێژکار زیاتر نەبیت، ئەڤ پێوەرە یا گوتی خاوەن شارەزایی مەتاتیە، دەبیت ل جیگای وی بیتە چ یەعنی بێژین خزمەتا وی (١٠) ساڵ یان (١٥) ساڵ کەمتر نەبیت، چونکە خاوەن شارەزایی بیت نە یا زەبتە، زەبت ناکەتن، معیارەکێ دی نینە، خاڵا دی یا ئەز تێبینیا هەی ژ بلی بەڕێوەبەرێ گشتی دیوان ئەوی دی هەمی مەفروزە دەرچوویێت زانکۆیی بەشی کارەبای بن، ئیختیصاصاتێت کارەباێینە یەعنی وەزارەت وەزارەتەکا کارەبایە ئەگەر هەر وەزیرەك یان هەر موهەندیسەك بیتن هینا یان هەر خەریجەکی بیت هینا ئەز باوەڕ ناکەم دێ دروستایی کارێ خۆ پێرابیتن، ل دووماهیکێ خاڵا دووێ پێکهاتیە ل دوو خاڵا ئێك و دوو ئەز دبێژم سێ بێتە ئیزافە کرن بەحسێ بەڕێوەبەرایەتیا قەزا و ناحیە نەهاتیە کرن، بەڕێوەبەرایەتیا قەزا و ناحیە ب تنێ بارەکا گران ژی ل سەر ملێت بەڕێوەبەرایەتیا قەزا ئەو ببیتە خاڵا سێ و فەقەرا دووێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم پڕۆژە یاسایەدا ئەو بەڕێزانەی کە لە وەزارەتی کارەبا کار دەکەن هەموویان دەبێت شارەزاییان هەبێت و بڕوانامەیان هەبێت، بەڵام باسی جەنابی وەزیر نەکراوە کە دەبێت پسپۆڕ

بێـت یـان بڕوانـامەی هەبێـت، بـۆیە هەر چەنـدە پۆسـتێکی سـیادی سیاسـیە، بەڵام بـۆ هەمـوو وەزارەتەکـانی تـریش ئەمە دروسـتە کە ئەو کەسـەی کە لەلایەن حیـزبێکەوە دەسـت نیشـان دەکرێت بۆ وەزارەتێك پێویستە پسپۆڕ بێت، یەعنـی لە خـاڵی یەکەمیشـدا ئەوە کەسـەی دەبێـتە وەزیر پێویستە پسـپۆر بێـت لەو بـوارەدا نەك وەك کابینەکـانی پێشـووتریش کە بەڕێـزك وەزیـری پەروەردە ببێتە وەزیری زراعە و وەزیری کارەبـاش لە هەمـان کاتـدا، لە بـڕگەی یەکەم پسـپۆڕیش بۆ وەزیر دەست نیشان بکرێ، پشتگیری مامۆستا اسماعیل ئەکەم کە لە ژمارە چـوار ئەڵـێ ئەوەی ئەبێتە راوێژکار خاوەن شارەزایی بێ، لە دە ساڵ کەمتر خزمەتی نەبێ، دیسان بریکاری وەزارەت یان بریکاری وەزیر؟ حەز ئەکەم روون کردنەوە وەرگرم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەبارەت بە مەرجـی دانـانی پـلە باڵاکـان و پـلە تایبەتەکـان ئەزانـن ئیسـتینادەن بـۆ قـانوونی چاکسازی کە لە پەرلەمان دەرچوو لە ناویا دەقێك هەیە بە سابتی باس ئەکا مەرجەکانی دانـانی راوێژکـاران و بەڕێـوەبەرە گشـتییەکان چیـیە، بـۆیە جـارێکی تـر لێـرە دووبـارە نەکـراوەتەوە بە هەمان میکانیزم، فەرمووو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی دکتۆر شێرکۆ ئەکەم، بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی سـێ و ئەو ئەرك و دەسـەڵاتانەی دراوە بە ئەنجـــومەنی وەزارەت کە تەشـــکیل ئەکـــرێ هەم تێکەڵیـــیەك هەیە و هەم بەریەکەوتنـــی دەسـەڵاتەکان لە نێـوانی ئەنجـومەنەکە و وەزیـر تـێکەڵ ئەکـات کە وەکـو وەزیـر سـەرۆکی بـاڵا بەرپرسە بەپێی ئەو ڕێنمایی و فەرمانە کە دەریئەکـات، لە ئەنجومەنی وەزارەتـیش لە خاڵەکـانی کۆتـایی لە هەمـان ئەو دەسـەڵاتە دراوە بە چـۆنییەتی ریکخسـتنی پەیـکەر و ئەرك و وەزیـفە و کارەکـانی وەزارەت، تەنـانەت لە ڕێکخسـتنی سیاسـەتی بەرهەمهێنـان و کـۆنترۆل کـردن و گواسـتنەوە چارەسـەر بکـرێ، دوو، نوسـینگەی وەزیـر ئەڵـێ لای کەم فەرمانبەرێـك بە پـلەی بەڕێـوەبەر بەرێـوەی ئەبـات، ئەڵـێ لای کەم هەڵگـری بڕوانـامەی زانکـۆی بەرایـی و ژمـارەیەك فەرمـانبەر یـارمەتی ئەدەن، ژمـارەکە چەنـدە؟ نووسـینگەی وەزیـر ئێسـتا وەزارەتمـان هەیە نووسینگەی وەزیر ئەوەندەی فەرمانبەر تێدایە وابزانم بە دوو هەفتە جـارێ شـوێنیان نیـیە لێـی دانیشـت، دەوامیـان بەر نـاکەوێ، تەحدیـدی ژمـارەکە بکەیـن و بەڕێـز وەزیـریش لێـرە ئەزانـی نووسینگەکەی و ڕێوشوێنەکانی ئیدارەکەی بە چەند فەرمانبەر بەڕێوە ئەچێ، ژمارەی فەرمـانبەر دیاری بکرێ، ئەوەی باسیان کرد کاك زیاد و کـاك شـوان تەواو پشـتگیری ئەکەم، مەسـەلەی ئەوەی بەڕێزت روون کردنەوەت دا دەقیقە، پەیڕەوەکەی دەرچووە لەسەر ئەساسی یاسای چاکسازی بـۆ دانـانی راوێژکـار و مـودیر عـام و پـلە تایبەتەکـان، بەڵام ئیختیسـاس و ئەنـدازیاری کارەبـایی لەو یاسایە گرنگە کە ئیشارەتی پێ بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لەنجە خان.

**بەریز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خـاڵی یەکەم لەو بەشـەی دەسـت پـێ ئەکـات ئەڵـێ وەزیـر ئەتـوانێ هەنـدێ لە دەسـەڵاتەکانی بسپێری لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکـاری وەزارەت یـان بەڕێـوەبەرە گشـتییەکان یـان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە دەستنیشانی بکات، هەر فەرمانبەرێك گەلی بەرفراوانە، پێشـنیار

ئەکەم بکرێتە هەر فەرمانبەرێك کە پلەی لە بەرێوەبەر کەمتر نەبێت یان ئەزموونی پسپۆری هەبێ لەو دەسەڵاتەی پێی ئەسپێردرێ، دوو، ئەوەی باس لە بەرێوەبەری گشتی ئەکات پاڵپشتی لە کاك شوان و کاك زیاد و گوڵستان خان و ئەو بڕادەرانە ئەکەم، داوا ئەکەن بڕوانامەی ئەندازیاری و خاوەن پسپۆری تایبەت و شارەزایی لە بوارەکە زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، لە خاڵی یەکەم ئەڵێ وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئەرکەکانی و ئاراستە کردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی کارەکانی، پێم باشە وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ڕێکخستن و ئەرکەکانی، وشەی ڕێکخستن لە پێش ئەرکەکانی بۆی زیاد بکرێ، لە هەمان خاڵی یەکەم ئەڵێ وەزیر ئەتوانێ هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بسپێری لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەرە گشتییەکان یان هەر بەرێوەبەری فەرمانگەیەك و هەر فەرمانبەرێك دەست نیشانی ئەکات، پێم باشە بەرێوەبەری فەرمانگەکانیش زیاد بکرێ، لە خاڵی چوار پشتگیری رەئی لەنجە خان و کاك شوان و کاك عوسمان ئەکەم سەبارەت بە زیاد کردنی پسپۆری ئەندازیاری، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری کارەبا.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ بۆچوونا دبێژن هەر یەکێ تێروانینی خۆدا جێ خۆنە، بەس من وەکو ماددا بێژم واژووی ئەنجوومەنی وەزیرانیش هاتی ب دوو فلتەرا دەرباز بووی دگەل لیژنا وزی و لیژنا یاسایی، مە کێشە ل سەر ڤی بابەتی نینە کو گۆرانکاری تێدا بێتە کرن، راستە خەلەلی ئیملایی هەبوونە، دینە راست کرن، بەرێزا پرسیار کری بابەتی ریڤەبەریا بێتە زیاد کرن، ئەڤە ل هەیکەلی دێتە دیار کرن، چونکی ریڤەبەر سەر ب رێڤەبەریا گشتییە، چونکی هەر پارێزگاهەکی سەربەخۆ رێڤەبەریەکا گشتی هەی، بەرێزیك ل سەر بابەتی گشتی دیوان بیژێت ئەندازیاری ژێ تێدا زیاد بکەن، تەبعەن کابینێت بەری نوکا ئەڤە یەکەمین جارا کابینا مە رێڤەبەری گشتی مە قانوونی هێنایەت ناڤ بابەتی دا، بەرێ نووکا هەمیت ئەندازیار بوون، ب رەئیا من بۆ ڤێ بابەتێ پتر هی قانوونی و ئیدارییە، چونکی ئەندازیار ئەرکەکا قورسترین کار دکەن گەلەك جارا، ئەز دبینم رێڤەبەریا گشتی درەچوویا یاسایی بێت یان ئیدارە و ئیقتیصاد بێت، ل سەر بابەتی مودیر مەکتەبی وەزیر چەند موەزەفەك ب سەر هەبن، ئەو موەزەفی ب سەرڤە باوەر بکەن ل (٥) موەزفا نەبوورن، ناڤبەرا (٣ تا ٤) موەزفانن کو ئیدارا وان دێتە کرن، بابەتی تر کو هەمی رێڤەبەریین گشتی ئەندازیارێت کارەبی بن راستی ئەم دگەل ڤی بۆچوونی نینن، چونکی هەی مودیر عامی بەرهەمهێنانی کو ٨٠% بابەتی میکانیکییە، ٢٠% بابەتی کارەباییە، مەرج نییە ئیلا موهەندسی کارەبا بێت بۆ ئەڤی ئیختیساسێ، بەس بواری دابەش کردنی دا فەرە کارەبا بێت، بۆ

فرۆتنا وزی پی نەبێت ئەندازیار بێت، چونکی بابەت پتر حیسابیە، دانـانە دەسـەلاتە بـۆ بریاکـاری تەبعەن دزانن دەسەلاتی بریاکارا ل ئەنجوومەن دێتە دەست نیشـان کـرن، ب نـووکە دەسـتەلاتی بریاکاری حوکمی ب سەر وەزیری خۆ ڤەیە لایەت وەزیری تێنە دەست نیشان کرن، دکتۆر شـیرکۆ بیژێت سەرۆکی یێ سەرپەرشت بت، خۆ دبێژم وەکی مەهەندیسەك ئەڤ یاسایی ب دوو فلـتەرا رۆیشتییێ، هەر گۆرانکارییەکا لوغەوی بێتە چاك کـرن مە چ کێشـە ل سـەر نیـنە، دکتـۆر اسـماعیل بـابەتی یـێ مودیریاتـا ئیشـارەت پـێ هـاتە کـرن، مە گـوتی چنکـی مودیریـاتە سـەر ب رێڤەبەریـا گشتین شـارەکانن ئەو پتـر هەیکەلـی دێتە دیـار کـرن پێنەڤیـت بێـتە نـاڤ یاسـاییی دا، جەنـابی دکتـۆری پرسـیار کـر کـو سـالی خزمەتـی بـۆ رێڤەبەریـن گشـتی ئـان راوێژکـارا براسـتی ئەڤەژی رێنماییێـت پـێ دەرکەتـی کـو ئەنجـوومەنی (١٠) سـالا هتـا (٨) سـالا حەدەکـی دیـار کـرن، ئەڤە دەسـەڵات مە نیـنن، ئەڤە ئەمـری ئەنجـوومەنی وەزیـران و موافەقـا سـەرۆکاتیا هەرێمێـت تیـنە دانان، بۆچی راوێژکار دەست نیشان کرینە، براستی وەکو وەزارەتی کەهرەبـی چـار ئیختیساسـی سـەرەکی تێـدا، بەرهەم هێنـانە، ڤەگواسـتنە، دابەش کـرنە، کـۆنترۆل، ئەڤە هەر یەکـێ وەکـو راوێژکارەك هەبیـت، چـونکی نە شـەرتە، زێـدە (٢٠) سـاڵە نـاڤ سیسـتەمی کەهرەبـا ئـیش دکەت، بەس برادەرکی دێ ئەڤ ئیختیساسە نەبێت موحتـاجە بـۆ بەرهەم هێنـانی و گواسـتنی و دابەش کرنی و کۆنترۆلی راوێژکاری خۆ هەبێت، دەسەڵات بۆ هەر فەرمانبەرێکی شیان ڤی کـاری هەبـن، براستی نە مودیرعامەك، چنکی مودیر عام شولی دێ تری هەیە ل سـەر وان، وتەبێـژیمە وزارەتـی نە مودیر عامە، خەبیرە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز ئەکەم ئاماژە بە هەندێ خاڵ بدەم، ئەوەی پرسیارمان کرد و جێی گرنگی بوو لای ئێمە زیـاتر لە ٨٠% لە هەموو وەزارەتەکان سەرۆکی دیوانی وەزارەت ئەبێ یاسایی بێ یـا کـارگێری ئیـداری، بەڵام لە ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم خالی (٦، ٧، ٩، ١٠) مەرج کراوە ئەنـدازیاری، لێـرە ئەگەر بکەیـنە ئەندازیاری کارەبا بۆ ئەوەی عام نەبێ لەوانەیە دەقیق تر بێ، راوێژکار، پەیڕەوی ژمارە (٦) سـاڵی ٢٠٢٠ دەرچووە لەوێ (١٠) ساڵ مەرجە، پسـپۆر بـن و شـارەزا بـن، ئەبـێ بەڵـگە نـامەش پێشـکەش بکرێ کە فعلەن ئیسبات بکرێ کە ئەو کەسە شارەزاو پسـپۆرە، ئەوەی ماسـتەری هەیە دوو سـاڵی بۆ کەم ئەکرێ، ئەوەی دکتـۆرای هەیە (٤) سـاڵی تـر کەم ئەکرێ، ئەوەی تـر لە مـاددەی (٨) بـڕگەی دووەم باسی پەیکەر و پێکهاتەی سنووری وەزارەت کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ پەیڕەوی ناڤخۆی پەرلەمانی تەقریبەن نزیکی (١٧) تا (١٨) پەرلەمانتـارا رەئیـی خـۆ گـوتن و جێ خۆ دابێت، پشتگیریا پەرلەمانتارا، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو ماددەی دواتر.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤): ئەركەكانی وەزارت.

وەزارت ئەو ئەركانەی خوارەوە لە ئەستۆ ئەگرێ:

١ بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەش كردنی كارەبا و دامەزراندن و بەگەرخستن و دابەش كردنی وێستگەكانی كارەبا (بەرهەمهێنان و گۆڕینی یا تۆڕەكانی كارەبا).

٢- بەگەرخستنی تۆڕەكانی كارەبا بە شێوەیەكی زانستیانە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەكان لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمی گەیاندن بۆ مسۆگەر كردنی پارێزگاری كردن لە پێكهاتەكانی تۆرەكانی كارەبا و كەمكردنەوەی تێچووەكانی.

٣- دەستبەركردنی بەرژەوەندی گشتی و كۆنترۆڵ كردنی بەكاربردنی كارەبا و مسۆگەر كردن و دابین كردنی كارەبا و كەمكردنەوەی بەهەدەردانی مافەكانی وەزارەت لە ڕێگەی دامەزراندنی پرۆژەی تۆڕی زیرەك.

٤- دیاری كردنی نرخەكانی كارەبا لەلایەن وەزیر بە ڕەزامەندی ئەنجومەن بەرز كردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و بەرەزامەندی دان بۆ ڕەزامەندی دان لەسەری بەو مەرجەی ئەو باروذۆخ و گۆڕانكارییانەی لەسەر تێچووی كارەبا و بژێوی هاووڵاتیان و ئابووری هەرێم ڕوودەدەن لەبەرچاو بگیرێت.

٥- بەرز كردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی وزەی كارەبای پاك بۆ پێداویستییەكانی بەرژەوەندی گشتی و مۆڵەت دان بەو كۆمپانیا و بەرهەمهێنانی كارەبا لە سەرچاوە نوێبووەكان لەگەڵ ڕەچاو كردنی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەركارەكان و پابەند كردنی كۆمپانیایانە بە دەست هەڵگرتن لە مۆڵەتدان پێیان دراوە مەگەر بە ڕەزامەندی وزارەت بێ ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێكئەخرێ.

٦- گرتنەبەری ڕێككاری پێویست بۆ پاراستنی ژینگە و دەستبەر كردنی سەلامەتی تەندروستی گشتی.

٧- ڕێكخستنی میلاكی پێویست بە پێدانی توانای فەرمانبەران لە ڕێگەی ناوەندی ڕاهێنانی پیشەیی بە هاوكاری لەگەڵ دامەزراوە فێركارییەكان و ئەكادیمیای ناوەندی پسپۆرییەكان یان ڕێكخراوە نێوخۆیی و یان نێودەوڵەتییەكان.

٨- پێدانی مۆڵەت و گرێبەست كردن لەگەڵ كۆمپانیاكانی پسپۆر لە كەرتی تایبەت بۆ بەگەڕخستن و چاككردن و گۆڕینی كارەبا و تۆرەكانی گواستنەوە و دابەش كردن و هەرناردە كردن و وزە.

٩- هەماهەنگی كردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان بە چالاكردنی وەزارەت و كاركردن لەسەر ڕێنوویی كاركردن بە كارەبا لە ڕێگەی دانانی سیاسەت و ڕێنمایی و هاندانی بەركاربەران بۆ ئەم مەبەستە.

٩- پێشكەش كردنی پێشنیار بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە مەبەستی پەرەپێدانی كەرتی كارەبا لە هەرێم.

١١- نوێنەرایەتی کردنی هەرێم لە رێکخراو و کۆنفراسە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانی تایبەت بە کەرتی وزەی کارەبا.
١٢- هەماهەنگی و تەواو کردنی یەکتر لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێم و وەزارەتە ئیتیحادییەکان.
١٣_ ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن و لێکدەرکردن و مەقاسە بۆ وزەی کارەبا بە پێی پێویست و بەرژەوەندی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك سەروان، کاك سەفین، کاك چیا، کاك جەلال، کاك بەهجەت، کاك نزار، کاك زیاد، گولستان خان، کاك هیرش، کاك فیصل، دکتۆرا شایان، کاك رزگار، کاك گۆران، شیرین خان، روپاك خان، بدریە خن، مامۆستا عمر، دکتۆر شیرکۆ)، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، پرسیارێکم هەیە لە وەزیر و پێشنیاری ئیزافاتیشم هەیە، ئەو پڕۆژەی ئێستا و پرۆژەکانی پێشتیریش و دەنگی لەسەر درا، ئیتر ئەوە ئەبێتە پرۆژەی سەرەکی وەزارەت، کەوایە پێشتر پرۆژە هەبووە، ئەو هەموو پرۆژانە بە ئێستاشەوە بەڵێنی ئەوە بە خەڵك ئەدەین کە سەعاتێك لە کارەبا زیاتر بکرێ؟ زەمان چییە ئەو پرۆژە لە بەرژەوەندی گشتییە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەوانەی دەنگیان پێداوین پێیان بڵێین شتێکی وا هەیە، بڕگەی چوارەم دیاری کردنی نرخی کارەبا و بەخشین زیاد بکرێ لەلایەن وەزیر، بۆ بەخشین؟ لەبەر ئەوەی ئێستا لە کوردستان ماڵە شەهید هەیە توانای دانی پارەی کارەبای نییە، وەزیر توانای ئەوەی هەبێ هەندێ ماڵ هەیە ببەخشرێ لە دانی پارەی کارەبا بە رەزامەندی ئەنجومەن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بەو مەرجەی ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییانەی لەسەر تێچووی کارەبا و بژێوی هاووڵاتیان و ئابووری هەرێم و لێرە بەرژەوەندی گشتی لەبەر چاو بگیرێت، ئەو دوو ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، خۆشحاڵم ئێستا کارەبا باشتریش ئەبێ، پرسیار ئەوەیە ئەزانین مەزرەعەکان لە هەموو شارەکانی کوردستان شەو و رۆژ ئەڵێی چراخانە، نە پێوەری کارەبا و نە رێز لە وەزارەتی کارەبا، زوڵمێکی گەورەیە، واقیعێکی تاڵە، خەڵك رۆژانە ئەو گلەییە ئەکات، دوو، چ هەماهەنگی وەزارەتی بەرێزت هەیە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگاکان، هەموو جار ئەبینین لیژنەیەك پێکهات هی تەجاوزات، پاش هەفتەیەك ئەو لیژنەیە سارد ئەبێتەوە و تەجاوزات زیاتر ئەبێ، ئومێد ئەکەم جێگەی شانازی لەو کاتەی دەست بەکار بووی کارەبا باش بووە، ئومێد ئەکەم ئەو تەجاوزاتە نەمێنێ، بڕوابکە خودای گەورە و ستافەکەش موەفەق ئەکات، ناکرێ خێزانی هەژار کارەبای نەبێ و بەرادەرێکیش دانیشتووە بە بێ پێوەر دەیان بلاجکتۆری پێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەكان ئەكەم، لە خاڵی چوارەم دیاری كردنی نرخەكانی كارەبا بە ڕەزامەندی وەزیر لە ئەنجومەن و بەرز كردنەوە تا ئەخیر، پێم باشە دانانی نرخ لەلایەن وەزیر و لیژنەیەكی تایبەتمەند لە وەزارەت پێكهاتبن لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت و گفتوگۆ و تاوتۆی بكرێ، ڕاستە ئاماژە كراوە ئەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزارەت وەرگیرێ بۆ بەرزكردنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام پێویستە پێشتر لیژنەیەكی تایبەت گفتوگۆ و راوێژ بكەن لەسەر دۆخ و بژێوی هاووڵاتیان، پشتیوانی لە كاك جەلال و كاك سەروانیش ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەكەم بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەش كردنی كارەبا و دامەزراندن و بەگەڕخستن و چاككردنەوەی دابەش كردنی وێستگەكانی كارەبا (بەرهەمهێنان و گۆڕینی یا تۆڕەكانی كارەبا و گەیاندنی كارەبای نیشتیمانی بەو ناوچانەی تا ئێستا بێبەشن لە كارەبا بە تایبەتی گوندەكان، ٣- دەستبەر كردنی بەرژەوەندی گشتی و كۆنترۆل كردن و بەكاربردنی كارەبا و مسۆگەر كردن و دابین كردنی كارەبای (٢٤) كاتژمێر و كەمكردنەوەی بەهەدەردانی مافەكانی وەزارەت لە ڕێگەی دامەزراندنی پرۆژەی تۆڕی زیرەك، لە چوارەم پشتیوانی كاك فیصل ئەكەم، لە هیچ بارودۆخێكیش نرخ لەسەر هاووڵاتی بەرز نەكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی بڕگەی (٥ و ٨) تەقریبەن هەمان ناوەڕۆكن كە باسی كۆمپانیاكانی كارەبا ئەكات كە سەر بە وەزارەتی كارەبان، پێم باشە هەردووكی بكرێتە یەك و بەو شێوەیە، بڕگەی پێنجەم، پێدانی مۆڵەت و گرێبەست كردن لەگەڵ كۆمپانیاكانی پسپۆر لە كەرتی تایبەت بۆ بەگەڕخستن و چاككردنەوەی وێستگەكانی (بەرهەمهێنان و گۆڕینی كارەبا و تۆڕەكانی گواستنەوە و دابەش كردن و هاوردە كردن و هەناردەكردنی وزە وبەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی وزەی كارەبای پاك بۆ پێداویستی بەرژەوەندی گشتی)، لەگەڵ ڕەچاوكردنی یاسا و پەیڕەو ڕێنماییە بەركارەكان و پابەند كردنی ئەو كۆمپانیایانە بە دەست هەڵنەگرتن لەو مۆڵەتانەی پێیان دراوە مەگەر بە ڕەزامەندی وەزارەت بێ، ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێكئەخرێ، پرسیارێكیشم هەیە، ئەگەر ئەوە لە پەیڕەو حەل نەكرا بۆ نموونە یەكێ لە هاوەڵەكانم شتەكی ئەكات پێم خۆشە پشتگیری بكەن، بەڵام من دەستم بەرز نەكردۆتەوە، ئەوە كو حەل بكرێ، پێم خۆشە پشتگیری كاك مەلا ناصر

بکەم لەوەی ناوچەکانی کوردستان کارەبایان لۆ بچێ ئەوانەی کارەبایان لۆ نەچووە، ئەتوانرێ بکرێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عادەتەن ئەوەی موهتەمە بە مەشروعێك ئێستا ڕەنگە ئەندامی پەرلەمان هەبێ ئەوە مەجالی ئیختیساسی نەبێ، بەڵام ئەوانەی موهتەمن بە مەشروعێك هەموویان ناوی خۆیان بڵێن و قسە نەکەن، بەڵام بڵێن پشتگیری ئەکەین.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

ئەی ئەگەر یەکەم کەس سەرەی من بوو نازانم کاك محسن دوسکی چی دەڵێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەسی ئەخیر بێ سوود لەوە ئەبینی، فکرەیەکی تر هەیە، جار هەیە ئەندامی پەرلەمان هەیە شتێکی هەیە نەیوتووە و ئەینووسێ ئەیداتە هەردوو لیژنە، ئەگەر پێیان وایە شتێکی باشە ئەتوانن تەبەنی بکەن، هەتا پشتیوانیشی نەبێ و لە دەرەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمانیش بێ تێبینیەك بنووسێ بزانن باشە تەبەنی ئەکەن، فەرموو کاك گۆران.

**بەرێز گۆران عمر علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، پشتگیری قسەکانی دکتۆرە شایان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو روپاك خان.

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەرکی وەزارەت، چونکە گفتوگۆیە لەسەر پرۆژەکە، بۆیە پرسیار و شتیش دروست ئەبێ، دوو بەشی سەرەکی وەزارەت بەرهەم هێنان و دابەش کردن لە دەست کەرتی تایبەتە، وەزیریش لە کۆبوونەوەی لیژنە ئاماژەی پێ کرد کە ٨٤% بەرهەمهێنان لە دەستی کەرتی تایبەتە، بەڵام بۆ بە یەك بڕگە باسی کەرتی تایبەت کراوە، لە کاتێکدا بەپێی ئەو زانیاریانەی هەمانە ئەو عەقدەی بۆ بەشی دابەش کردن لەگەڵ کۆمپانیای تایبەت کراوە، وەزارەت باوی دوو ملیار دۆلار کەلوپەلی هەبووە، لەسەر چ بنەمایەك ئەو کەلوپەلانە تەسلیمی کۆمپانیاکان کراوە، ئەگەر بەرێز وەزیر روون کردنەوە بدات، لە یەکەمیش ئەڵێ بەگەڕخستن و چاککردنەوەی وێستگەکان یان بەرهەمهێنان و گۆڕین ئەگەر لە دەست کەرتی تایبەت نەبێ بۆ وەزارەت چاکی ئەکاتەوە، یان گۆڕین و چاککردنەوە بۆ وەزارەت ئەیکا؟ لە بڕگەی هەشتەم پێم وایە بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، چۆن مامەڵە لەکەڵ کەرتی تایبەت ئەکرێ، بە تەفسیلی لە یاسای وەزارەتی کارەبا جێی بکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینا ئێکی خالا چاری دیاری کردنی نرخی کارەبا لەلایەن وەزیر، پێم باشە بیێتە لەلایەن ئەنجومەنێکی راوێژکاری تایبەت کە ئەسعارەکان دەقیق بن، چونکە مومکینە دەقیق نەبن، خالا پێنجی، هەڵنەگرتن لەو مۆڵەتانەی پێیان دراوە مەگەر بە رەزامەندی وەزارەت، پێم باشە بڵێ بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزارەت، بە مەرجێ بەدیلێک بۆی هەبێت، یەعنی ئەگەر شەریکەیەك وازی هێناو وەزارەتی رەزامەندی دایی و چوو، خەڵك بێ کارەبا دەمێنێت، بە مەرجێك بەدیلێك بۆ هەبێت، ئەگەر نا وەزارەت رەزامەندی بۆ دەرنەبرێت، خالا هەشتی پێدانی مۆڵەت و گرێبەست کردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی پسپۆر وسا دیارە وەزارەتا کارەبێی بەرەڤ کەرتی تایبەت دچی، ئەگەر وسا بێت پا ئەڤ هەیکەلی مەزن بۆ وەزارەتی و هەندە مودیریاتی عام و راوێژکار بۆ چییە، دەوڵەتی یابانی وەزارەتا ئیقتیصادی کارەبا بەریڤە بەتن، هەروسا ل سەر بنەمای کێبرکێی دادوەرانە ئەو مقاوەلات مونافەسە هەبێت نە شەریکاتی ئیحتیکاری بن، ل خالا (١٣) ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن و لێکدەرکردن و مەقاسە بۆ وزەی کارەبا، لێرە قەیدێك دابنێن بۆ وزەی کارەبا نوێ بووەکان، ئێستا ئەگەر تاقە شەمسیە ئەگەر خەڵك بزانێ ئینتاج بکات حکومەت یا زێدە کری تەشجیع بکەت دەبێتە سەبەب ل مال ب کار بێنن، ئێستا ب کار نایێنن چونکی حکومەت ناکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی سەفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری کارەبا و شاندی یاوەری ئەکەم، لە ماددەی چوارەم ئەرکەکانی وەزارەت خاڵی شەشەم ئەڵێ گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ پاراستنی ژینگە و دەستەبەر کردنی سەلامەتی و تەندروستی گشتی، پێشنیار ئەکەم لەو خاڵە ئەوە زیاد بکرێ ئەو خەڵکانەی زەرەرو زیانیان لە ڕێگەی کارەبا بەر ئەکەوێ بە هۆی روودانی شۆرتی کارەبا یان دانانی تاوەری زەخت عالی بە ناو زەوییە کشتوکاڵییەکان قەرەبوو بکرێنەوە لەلایەن وەزارەتی کارەباوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبنیەك هەی ل سەر خالا چاری، دیار کردنی نرخی کارەبا لەلایەن وەزیر، پێم باشە وەزیر بێتە گۆرین و لیژنەکا تایبەت بی ل وەزارەتا کارەبا، هەروسا بنڤیسی ب رەزامەندی ئەنجومەن، ئەو ئەنجومەنە کێیە، ئەنجومەنی وەزیرانە یان پسپۆر و شارەزا ل کارەبایی، بەرز کردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دووبارە نڤیسیە بەرز کردنەوە دیسانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ڤێری پێچەکی هندەك دووبارە بوونی هەیە، پشتەڤانیا دکتۆر اسماعیل دکەم ل وان ڤان خالا چاری، پشتەڤانیا کاك جەلال پەرێشانی دکەم بۆ ئەو خالی گوتن، چونکی گەلەك گوندی تا نووکا پاری

کارەبـایی نـایەتە وەرگرتنـی، کارەبـایی وان (٢٤) سـەعاتی، هەروسـا ب هەزاران مەزرەعـا هەی، پێتڤیا پاری کارەبا وان وەرگرتن.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زیاد.

**بەرێز زیاد جبار محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئیزافەی ئەو مادده پێم باشە دوو بڕگە ئیزافە بکرێ، بڕگەی یەکەم، دەست خۆشی بۆ لیزا خـان ئەکەم بۆ ئەو بابەتەی پێشکەشی کرد، لە چوارچێوەی ئەوەی پێشکەشی کـرد هانـدانی هـاووڵاتی بۆ دانانی سیستەمی وزەی خۆر بـۆ مـاڵ و بـاخ و ڤیلاکـان، بە لەبەر چـاو گرتنـی خـۆرێکی زۆر لە ناوچەی ئێمە، بەوەش ئەرك لەسەر تۆری نیشتیمانی کەم ئەبێتەوە، دانانی ڕێنمایی بـۆ کـڕینەوەی وزەی ئەو کارەبا زیادەی هـاووڵاتی لە کـاتی زیـاد ئەبـێ لێیـان وەك ئەوەی لە ئەوروپـا هەیە، دوو، دابەش کردنی کارەبای بەرهەم هاتوو لە تۆری کارەبای نیشتیمانی بە یەکسانی بەسـەر هـاووڵاتی، واتە ئەگەر بڕینی کارەبا هەبوو سەعاتی بڕین لە گشـت شـوێنەکان یەکسـان بـن، بـڕگەی چـوارەم، دیاری کردنی نرخـی کارەبـا، پشـتیوانی دکتـۆر اسـماعیل ئەکەم لەلایەن ئەنجـومەنی وەزارەتەوە بێ نەك وەزیر، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەرێز رزگار عیسی سوار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، ماددەی چوار بـڕگەی سـێ و چـوار بـاس لە تـۆری زیـرەك و نرخـی کارەبـا ئەکـات، پێشـنیار ئەکەم جیـاوازی بکـرێ لە نێـوانی گەرمیـان و کوێسـتان دا، چـونکە لە گەرمیان کارەبا بە هۆی گەرماوە زیاتر بەکار دی، لە کوێسـتان کەمتـر، لە پێنجـوین موبەریـدەیەك کافیە بۆ فێنك کردنەوە، لە کفری ڕەنگە سبلیتیش فێنـك نەکـاتەوە، پێشـنیار ئەکەم هەم ڕەچـاوی نرخ بکرێ هەم ئەو پێوەرە زیرەکانەی دائەنـرێ لە نـاوچە گەرمەکـان وا بکـرێ ئەمپێـری زیـاتر لەو سەندوقە دابنرێ بۆ ماڵەکان، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك راهی.

**بەرێز راهی راهبر ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەریکە وردە وردە وزەمـان پـێ نـامێنێ لە سـایەی سـەری مـوزایەدەی سیاسـی لەو خـولە، بـۆتە مەترسـی ڕۆحـی لەسـەر ئەو ڕوحـی کارکردمـان، ئومێـد ئەکەم دەسـتەی سـەرۆکایەتی حەلێـك بدۆزیتەوە، چونکە ئەم خولە کاریگەری لەسەر موزایەدەی سیاسی هەیە......

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە فراکسیۆنەکان ئەکەین قسە لەگەل ئەنـدامەکانیان بـکەن، بـۆ ئەوەی هەر کەس تەعبیـر لە سیاسەتی فراکسـیۆنی خـۆی ئەکـات، ئەزانـم ئەو ئەنـدام پەرلەمانـانەی کە ئەو دەرفەتەیـان نیـیە

لەبەر ئەوە نییە ناتوانن یان ناوێرن قسە بکەن، لەبەر ئەوەیە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ حزوری خۆیان لە حکومەت و ئۆپۆزۆسیۆن ئەکەن، راستە کاك راهی.

**بەڕێز راهی راهبر ابراهیم:**

...... هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەوە کارمان کردووە بە قانوونی کار بکەین، بۆ ئەوەی بۆ خۆمان و هاووڵاتیان لە ئاست دا بین، ئومێدەواریشین ئەوانەی لەسەر ئەو رێچکەیەن کۆڵ نەدەن، دوو تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی چوارەم، یەکەم، من کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ پرسیارێکم ئاراستەی وەزیری کارەبا کرد بۆچی پێداچوونەوە بە نرخی کارەبا ناکەن، دوای پێنج مانگ وەڵامی دامەوە، خەریکی بەداواداچوونن بۆ ئەو بابەتە، دوای ئەو وەڵامەش حەوت مانگ واتە ساڵ و نیوێکی پێچوو، پێویستە لەو بڕگەیە کات دیاری بکرێ، دوو، پەیوەندی هەماهەنگی نێوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی بەتایبەتی وەزارەتی بارزگانی لە ٢٠١٦ ەوە بە رێژەی ٥٠٠% و تا ٦٠٠% نرخی یەکەی کارەبایی زیاد کراوە، لە کاتێکدا کابینەی (٨ و ٩) ئاماژەیان بەوە داوە خەرجی کارەبا کەمی کردووە بە رادەیەك کە لە کابینەی هەشت کە (٣,٥) ملیار دۆلار تێچوو بووە کردوویانە بە خوار یەك ملیار دۆلار، لەو کابینەیەش ئاماژە دراوە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار کەم کراوە، (کۆماسایکل) لە (٦٣) دۆلارەوە بووە بە (٦٥) دۆلار، نرخی سووتەمەنی (٢٢) سەنت بووە بۆ دیزل بووە بە (٧) سەنت، قەرەبووی کردنەوەی کۆمپانیای وەبەرهێنەر لە (٣٢) دۆلار بووە (١٦) دۆلار، خەرجی کەم بووە، سەیرە ساڵ بە ساڵ نرخەکە زیاد ئەکرێ، ئەمساڵیش کە نرخ زیاد کرا لەسەر ئەساسی ئەوە بوو کە نرخی دینار بەرامبەر بە دۆلار دابەزیووە، بەڵام هەر چاوەڕوانین هاوتا بێ لەگەڵ گۆڕینی ئەو نرخانەی خەرجی کەم کردنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی خاتوو روپاك ئەکەم سەبارەت بە ئەرکەکانی وەزارەت، داوای روون کردنەوە لە وەزیر ئەکەم سەبارەت بە وێستگەی خەبات کە وێستەگەیەکی حکومییە و کەرتی تایبەت بەڕێوەی ئەبات، لە کاتێکدا لەسەر قەرزی کۆریا دروست کراوە، ئایا ئەو قەرزە کەرتی تایبەت ئەیداتەوە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهجەت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگا (٥ و ٨) وەکی دکتۆرا شایانیش بەحس کری، هەردووك گرێدای ب کۆمپانیای کەرتی تایبەت، پێم باشە سەرەڕای پشتگیری رەئیا دکتۆرا شایان دگەل هندێ ئەڤە ژێ ئیزافە ببێتن، (٤٥ و ٤٨) پێدانی مۆڵەت و گرێبەست کردن دگەڵ کۆمپانیاکانی پسپۆر لە کەرتی تایبەت بۆ بەگەرخستن و چاککردنەوەی وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینی کارەبا و تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەش کردن و هاوردە کردن و هەناردە کردنی وزە لەگەل پابەند کردنی ئەو کۆمپانیایانە بەدەست

هەڵنەگرتن لەو مۆڵەتەی پێیان دراوە لە حاڵەتی دەست هەڵگرتن بە سزایەکی غەرامە، مەگەر بە رەزامەندی وەزارەت بێ ئەمەش بە رێنمایی رێکئەخرێ، هەردوو حالەت ئەگەر سزایەکی دارایی بکەوێتە سەر کۆمپانیا پتر پێگیر بێت ب رێنمایی و وەزارەت و گرێبەستەکە، پشتگیری کاك زیادیش ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی چوارەم لەسەر نرخی کارەبا، چۆن نرخی پیشەسازی دەست نیشان ئەکرێ ئێستا زۆرترین موشکیلەی پیشەسازی کارگەکان گران بوونی نرخی کارەبایە، بەو بەرێزانەی لێرەن روون کردنەوەیان داوە، مەسەلەن تورکیا لە تەنیشتمانە گاز و سوتەمەنی و غاز ئەکڕێ کارەبای هەرزانتر لە هەرێم، کە ئێمە غاز و کارەباشمان هەیە، کەرتی پیشەسازی وەکو دەعمێك، چۆن ئەو پێوەرە دائەنرێ بۆ ئەوەی کەرتی پیشەسازی ئیش نەکات و کارەبا لە دەرەوە بێنن نرخی زۆرە کارەبا بۆ کارگەکان، چۆن بیریان کردۆتەوە؟ لە بەشی شەشەم، قانوونێك دەر بکەین جێ بەجێ بکرێ، مەسەلەی ژینگە، تۆ قانوونێك دەر ئەکەی لە پەرلەمان بۆ ئەوەی لە ئەرزی واقیع جێ بەجێ بکرێ، بەهەزارەها مۆلیدە هەیە لە هەرێم ژینگەی ئەو وڵاتەی تێکداوە، نەخۆشی هەیە، ئەوە لەسەر خۆت ئەکەیە ماڵ سبەینێ پەرلەمانتار یەخەی وەزیر بگرێ دەی ژینگە پاك بکەوە، پاك ئەکرێتەوە؟ ئەگەر لەسەر خۆت ئەکەیە ماڵ ئەبێ جێ بەجێ بکرێ، تۆ کارەبای (٢٤) سەعاتیت پێ دابین ناکرێ، بەشی (١٣)، باسی مەقاصە، ئەوە لەسەر وەزارەت و حکومەت ماڵە، مادام مەقاصەت هەیە خەڵك ئەڵێ من پاشەکەوتم هەیە لەو پارەیە مەقاصە ئەکەم، ئەڵێ ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن و لێکردنەوە بە مەقاصە بە وزەی کارەبا ئەبێ، بەرێز وەزیری کارەبا لێرەیە، موشکیلەی گەورە هەیە موەزەفی وەزارەتی کارەبا پارەی کارەبا وەرئەگرێ، ئەچێتە بەر دەرکی ماڵ لێ ئەدا کابرا دەرگا ناکاتەوە وەرەقەکە جێ دێڵی لەسەر ئەو ماڵە ساڵێك هەیە کارەبای نەداوە مەجالی نییە بچێتە دائیرەی کارەبا، موەزەفی وەرگرتنی کارەبا کەمتەرخەمە، چاوەڕێ ناکات کابرا بێت، یان ئەبێ وەزارەت سیستەمێك دەرکات ئەو مەسەلەی فاست پەی و شتە بتوانی پارەکەی بدەیت، لەسەر کابرا نەبێتە ملیۆنێك و دوو ملیۆن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بڕگەی سێیەم پێم باشە وشەی پاراستن بۆ مافەکانی وەزارەت زیاد بکرێ، دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی گشتی و کۆنترۆل کردنی بەکاربردنی کارەبا و مسۆگەر کردن و دابین کردنی کارەبا و کەمکردنەوەی بەهەدەردانی و پاراستنی مافەکانی وەزارەت لە رێگەی دامەزراندنی پرۆژەی تۆڕی زیرەك، بڕگەی چوارەم، دیاری کردنی نرخی کارەبا لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە گونجاوترە، سەبارت بڕگەی (٥ و ٨) پشتگیری رای دکتۆرە شایان ئەکەم،

سەبارەت بە بڕگەی دەیەم پێشکەش کردنی پێشنیار لەلایەن راوێژکاران و ئەنجومەنی وەزارەت بۆ بەرێز وەزیر و بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی کارەبا لە هەرێم و ئاراستە کردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، پشتگیری لە کاك زیاد و کاك چیا و کاك دکتۆر اسماعیل ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەریز شیرین امین عبدالعزیز.**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوە تێبینم لەسەر بڕگەی (٥ و ٨) هەیە، پێم وایە تیکرارن و پێم باشە یەك بخرێ و لە بڕگەیەك جێگیر بکرێ، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر شایان و کاك رزگار کە باسی گەرمیانی کرد بەوەی کاتی پێدانی کارەبا زیاتر بکرێ، لە وەرزی هاوین رۆژی وا بووە (٩) سەعات لەسەر یەك کارەبای نیشتیمانی نەبووە، تەنیا مۆلیدە بووە، ئەویش ناتوانێ ئەو پێویستیە پڕ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەلما خان.

**بەریز سلمە فاتح توفیق:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەمی دیاری کردنی نرخی کارەبا لەلایەن وەزیر و بە رەزامەندی ئەنجومەن، پێم وایە ئەم خاڵە زۆر مەرکەزییە، با لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەت بێ، چونکە فراوانترە و باشتر ئەچنە ناو وردە کاری بابەتەکە، پشتیوانی ڕای کاك فیصل ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ

**بەریز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم پشتگیری وتەکانی دکتۆر اسماعیل ئەکەم بۆ مەسەلەی نرخ، کاك زیاد و کاك بەهجەتیش بۆ بڕگەی هەشتەم، پشتگیری وتەکانی دکتۆر اسماعیل ئەکەم سەبارەت بە رێنمایی کێبرکێی دادپەروەرانە، ئەگەر هاندانی وەبەرهێنان یان پێدانی مۆڵەت بێ ئەو قەیدە بێ وەکو ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکردووە کە ئیحالەی راستەوخۆی هەندێ وەزارەت سەلاحیەتی ئەوەی پێ دراوە کە پرۆژەکان ئیحالەی راستەوخۆ بکەن، بێ مونافەسە، ئەوە لە رووی دادپەروەرییەوە کارەساتە و دەروازەیەکی گەورە بۆ گەندەڵی لە پرۆژەکان دێتە دی، بۆیە زیاد کردنی ئەو دێرە کە رێنمایی کێبرکێی دادپەروەرانە بۆ بڕگەی (٨) زۆر گرنگە، خاڵێکی تر، لە هەرێمی کوردستان شتێ نییە بە ناوی سیاسەتی وزە، سەرچاوەی وزە زۆرە ئەوە خۆر و رەشەباو گازی سروشتی، ئیدارەی ئەو تاقەیە بۆ تەولیدی تاقەی تر نییە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی کارەبا بەشدار نییە لە رەسمی سیاسەتی وزە لە هەرێم، بۆیە ئەو وزانە زۆربەی بە هەدەر ئەڕوا،

وەزارەتی کارەبا ئەگەر سووتەمەنی پێویستی بۆ دابین بکرێ چ گازی سروشتی و یان گازۆیل ئەتوانێ دوو ئەوەندەی ئێستا کارەبا دابین بکات و بگاتە ئەو ڕێژەی بەڕێزی وەزیر باسی کرد کە ئێستا ٥٠% یە، بۆ بۆی دابین ناکرێ، چونکە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەوتەکە ئەفرۆشێ، بۆ مووچە ئەوەش حاڵی مووچە، شتێ هەیە پێی ئەڵێی ئیدارەی تاقە، پێشنیار ئەکەین یەکێ لە ئەرکەکانی وەزارەتی کارەبا ببێتە بەشداری کردن لە دیاری کردنی سیاسەتی وزە لە هەرێمی کوردستان، ئەو بەڕێزانە بەشدار نین، بڕیاریان بۆ ئەدرێ، ئەڵێ ئەوەندەت ئەدەمی سوتەمەنی خۆت بڕۆ دەبری بکە، بەڵام ئەگەر بەشدار بێ وەکو ئەرکی وەزارەتی کارەبا لە ڕەسمی سیاسەتی وزە ئەوکات لەوێ ئەو بڕیار ئەدات ئەوانە پێویستە بۆ دابین کردنی وزە و سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەو کات ١٠٠% تاقەی وێستگەکان ئەخرێتە گەر و کارەباش (٢٤) سەعات دابین ئەکرێ، ئیدارەی تاقە ئەبێ وەزارەتی کارەبا لیێی بەشدار بێ، پێشنیاری ئەوە ئەکەین ئەو تەرحە پشتگیری بکرێ و بۆ وەزارەتی کارەبا و مەنزومەی وزە لە هەرێمی کوردستان کە خوای گەورە سەرچاوەی زۆری پێ بەخشیووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (٨) باس لە پەیوەندی وەزارەتی کارەبا و کەرتی تایبەت ئەکات، ئەزانین ئەو گرێبەستانەی نێوان وەزارەتی کارەبا و حکومەتی هەرێم لەگەڵ کەرتی تایبەت هەیە لە بەرهەمهێنانی کارەبا لە گواستنەوەی تا دابەش کردنی گرێبەستی زۆر گەورەن کە بە سەدان ملیار دینارن، بۆیە جێ کردنەوەی بابەتێکی لەو جۆرە تەنیا لە بڕگەیەك زایەع کردنی پرسێکی زۆر گەورەیە، پێشنیار ئەکەم ئەو دوو لیژنە کە ماندوو بوون لە ئامادە کردنی ئەو پرۆژە یاسایە پاش ئەوەی لە حکومەتەوە نێردراوە، بابەتی پێدانی مامەڵەی وەزارەتی کارەبا لەگەڵ کەرتی تایبەت بکەنە ماددەیەکی سەربەخۆ و مەجموعەیەك زەوابت دانێن کە زەمانی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و شەفافیەت بکات، زەمانی کێبرکێی راستەقینە بکات، ئەو قسەی من روپاك خانیش بە جۆرێك کردی، پشتگیری ئەکەم، بەدریە خان و دکتۆر شێرکۆش، بۆیە هیوام وایە ئەو لیژنە بابەتی پێدانی گرێبەستەکان و پێدانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەش کردنی کارەبا لەگەڵ کەرتی تایبەت لە ماددەیەکی سەربەخۆ جێ بکەنەوە بە زەوابتەوە، ئەگەر پێشیان باش بوو دڵنیام بە توانان لە داڕشتنی ماددەیەکی وا، ئێمەش هاوکار ئەبین، پشتگیری کاك رزگاریش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جیگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەریز وەزیر.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەوە یاسای دووەمە پێشکەشمان کردووە، ئایا ئەم یاسایانە سەعاتێکی کارەبا زیاد ئەکەن، پێم وابێ کاك سەلام ئەو پرسیارەی کردبوو، لە سەختترین کات وەڵامی ئەو پرسیارە ئەدەم، بۆ مانگی یەك و دوو و سێ و چوار کە سەختترین کاتە بە هەبوونی کارەبا، لە ٢٠١٩ ئێمە (١٠،٢٠) دەقە کارەبامان هەبوو بۆ ئەم چوارە کارەبا، ئەم ساڵ کردمان بە (١٧,١٠) دەقە، وابزانم حەوت سەعاتی

زیادە زیاترە. بەڵام کێشەکانی کابینەی تر لەسەر مە حیساب مەکەن، چونکە مەفروزە هەرچەند ئەرکی ئێمەیە کە هەمووشتان پاڵپشتی ئێمەن بەس لەسەر ئەو ئەساسە و ئەنجامدانی چەندین پرۆژە، ئێمە ئەو سەعاتانە کاتی دوو قەیرانی ئابووری و تەندروستی حەفت سەعاتی کارەباش زیاد کردووە، ئایا لێ خۆش بوون ئەکرێ؟ داهاتی کارەبا مافێکی سروشتیە بۆ وەزارەتی کارەبا، ئەوە حەقی ئێمە نییە و حەتا ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو دەسەڵاتەی نییە، هەر لەو پەرلەمانە ئەبێ پەسند بکرێ، ئێمە ناتوانین، کاك جەلال بابەتی مەزرەعە و تەجاوزات، ئێمە لە ٢٠١٩ تەقریبەن (٦٨٠٠) سەرپێچی لاماندا، لە ٢٠٢٠ ئێمە (١٠) هەزار سەرپێچی لاماندا، لەو کابینە (١٧) هەزار سەرپێچی لاماندا، ئەو ئەرکە بەردەوامە، بەڵام ئەبێ ئیدارەی پارێزگاکان هاوکار بن بۆ چارەسەری ئەو کێشانە، دانانی پێوەری زیرەك بۆ هەر هاوبەشێك چارەسەری ئەو کێشە ئەکات، چونکە سەرپێچی لە ناو بۆردی کارەبا هاتیە کردن، بەڵام پێوەری ئێمە لەسەر عامودن ئەوکات چارەسەری ئەوە دەبینن، بابەتی نرخی کارەبا کە وەزیر پێشنیار نەکات، وەزیر ئەندامە لە ئەنجومەتی وەزارەت، وەزیرە، بریکارە، مودیرعامی شارەکانە، دگەڵ مودیر عام کە پێنج مودیر عام لە وەزارەتن تەقریبەن (١١) ئەندامن، ئەو بابەتە بە رێگەی ئەو ئەنجومەنە دێتە پێشنیار کردن و دێتە بەرز کردن بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەویش کە رەزامەندی لەسەردا و ئەچێتە وەقائیعی و دێتە نەشر کردن و ئەو گۆڕانکاری ب سەر نرخ دا تین، ئەو زیاد کردنی نرخ و ئەوانە ئەگەر بنەمایەك نەبێت ئێمەش خەلکین،ماڵی من و زۆر برادەران و منیش (٨) ئەمپێر ئەی وەکی خەڵکی تر، وەختی کارەبا باش بێت بۆ منیش باشە، وەختی وەزارەت هەتا ئەو مەرامە بۆ ئێمە جێ بەجێ بکەن بە لایەنی دارایی تا بتوانی ئەو سەعاتە رابگری و بەرەو باشتر ببات، ئێمە دەبێ خۆمان بگونجێنێن لەگەڵ واقیع، بانکی مەرکەزی ٢٠% فەرقی دینار و دۆلاری کرد ئێمە نەبووین، وەزیری دارایی ئەمری پێ دەرکرد من نەبووم، ئێوە بابەتی کارەبا لە من دەوێ، لازم تشتەکی دارایی لەبەر دەستی ئێمە بێ، رێکخستنی ئەو برگانە هەندەك دەمج ببێ ئەوە ئیشی لیژنەی یاساییە، روپاك خان وتی عەقد کراوە بۆ بابەتی کەرتی تایبەت، نەخێر تا ئێستا نییە، هەرکات هەبوو ئەوکاتە ئیعلان ئەکەین و ئەبێ ئیوەش ئاگادار بن، مادام ئەوە کەرتی تایبەتە بۆ بابەتی چاکسازی ویستگە و ئەوانە، ئێمە گۆتی ٨٤% ویستەگەی ئێمە لای کەرتی تایبەتە، ئایا دووکان و دەربەندیخان لای کەرتی تایبەتە؟ مەحەتاتی تر، ئەوەی کەرتی تایبەت بێ ئێمە شتی لێ سەرف ناکەین، بەڵام ئەوەی لای حکومەتە لازمە ئیدارەی بکەین، دکتۆر اسماعیل بابەتی سعر، نەفسی وەڵامم هەیە، وەزیر بۆی نییە، زیاد کردنی نرخ (١٢) ئیمزای لەسەر کراوە، مقاولەك وازبێنێ، ئەوە قانوونی عقوود ئەو بابەتەی چارەسەر کردیە پێویستی بە وەزارەتی کارەبا نییە، مادام ئێمە بەرەو کەرتی تایبەت ئەچین ئەو هەیکەلیەتە بۆچییە؟ مانای وا نییە فرۆشتمان و تەواو، ئەو ژێرخانە هی ئێمەیە، ٧٠% ستافی ئێمە لەوی ئیش ئەکەن، حقووقیان لای ئێمەیە، چوار سیکتەری سەرەکیمان هەیە، ئەبێ یاسایەك هەبێ ئیشی خۆمانی پێ بکەین، ئەوکاتی کەرتی تایبەت چوو راستە وەکو لۆد لەسەر وەزارەتی کارەبا کەم دەبێتەوە، ئیشی وەزارەتیش زیاتر ئەبێتە ئیشرافی، بەڵام کەرتی گواستنەوە و کۆنترۆل هەر لای وەزارەت ئەبێ، مەقاصە یەکێ لە ئەهدافی ئەو یاسایە بابەتی وزە نوێ بووەکانە، تا ئێستا سیاسەتمان نییە کەسێ بۆ خۆی (١٠) کیلۆوات تاقەی شەمسی لەسەر بان دائەنێ، تا حەقی وی بزر نەبێ دەبێ حەقی وی بێتە دیاری کرن، چونکە تاقەی شەمسی بە شەو کارەبا نادات، هەدەفی ئێمەیە هاووڵاتی زەرەرمەند نەبێ، بەرێز کاك سەفین قەرەبووی جوتیاران ئەوەش هەر یەك لە بابەتی ئەو یاسایەیە کاتی هەر هاووڵاتییەك قەرەبوو ئەکرێ، وزەی خۆر و ئەوانە ئێستا دەست پێ کردینە و سێ تەندەر (٢٥)

مێگواتە هەر کۆمپانیایەك ئەتوانێ بەشدار بێ، سەبارەت گەرمیان، راستە وەزعی وان گەرمە بەس سالانە ل وەرزی هاوین پێش چاومان وەرگرتووە، ئینجا باشترین محەتە ئەکەوێتە گەرمیان (١٢٥) مێگاواتە، وێستگەی خەبات، حکومییە تەنیا ئیدارەدانی کۆرییە، مەقاصە، مەبەستی مە کارەبا ب کارەبایە، تاقەی شەمسی دا لازم ئەو هاووڵاتییە زەرەرمەند نەبێت، مەسەلەی عەداد راستە هاووڵاتی دەرگا ناکاتەوە، بەڵام ئێستا پێوەری زیرەك ئەو کێشە چارەسەر ئەکات، ئەو مانگە (٢٢٠) هەزار پسولە، بۆ مانگی (٥) تەوەقوعی (٤٨٠) هەزار، تا ئێستا (٦٢٠) هەزار پێوەرمان داناوە، پێویست ناکات بچێ قەرائەت بخوێنت تەنیا پسولەیە.

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جیگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەرێز عەلی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند بابەتێك باس کرا وەکو لیژنە پێشتریش بەدواداچوونمان کردووە و لێرەش تا رادەیەك جێی کراوەتەوە، ئەوەی کاك جەلال باسی کرد لەماددەی (٧) بەدیاری کراوی هاتووە لەسەر سزای سەرپێچیکارن و پێشتریش بەرکار بووە، ئەوەی بەدواداچوونمان کردووە لەو دوو ساڵەی دوایی نزیکەی (١٧) هەزار سەرپێچی براوە، بەڵام زۆر زیاتر ماوە، ئێمە پێشتر دیاری شوێنێکی ترمان کردووە، شوێنی ڤێلا و ئەوانە شوێنی تەرفیهین، یەعنی شوێنی حاجە نین، ئەکرێ نرخی کارەبا گرانتر بێ، چەند جارێ باسی وزەی خۆر کرا، باسمان کردوە جگە لەو دوو پرۆژە پێشنیاری ترمان هەبووە بە تایبەت بۆ پرۆژە سەکەنییەکان کە بەشێکی زۆری ئێستا پێداویستی کارەبایە و روبحێکی زۆری تێدا ئەکرێ، ئەگەر مەشروعێك (٥٠) ملیۆن دۆلار روبحی تێدا کراوە، ئەگەر (٥) ملیۆن دۆلار بە ئیجباری بکرێ بە پرۆژەی خۆر زۆر باشە، مەقاصە لەسەر پێشنیاری لیژنەی ئێمە کرا، چونکە ئەزموونی چەند وڵاتێکی ترە، هاووڵاتی هەیە لە ماڵی خۆی برێك کارەبا بەرهەم دێنی، پێویستی بەو برە نییە، ئەتوان بیفرۆشیتەوە حکومەت، بۆ کەرتی تایبەت ئێمە بەردەوام پێداگیریمان لەسەر ئەوە کردووە نابێ بەهۆی گران بوون لەسەر نرخی خەڵك و تۆرەکانی کارەباش نابێ تەملیك بکرێ لەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، ئەگەر ئەوەی وەزارەت ئەڵێ هەدەفی ئێمە لە کەرتی تایبەت ئەوەیە تەنیا لێچوونەکان زیاد بکەین و مەساریف کەم بکەینەوە و بەرهەمی کارەبا زیاد بکەین، ئەگەر ئەوە بێ ئێمەش پێداگیری ئەکەین ئەبێ لە پرۆسەیەکی شەفاف بێ و ئەو عقودەش لیژنەکەمان ئاگاداری واژوو کردنی بێ و قسەشمان لەگەڵ کردوون، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جیگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەو دانیشتنە بۆ خوێندنەوەی دووەم لەسەر پرۆژە یاسایەکە، تکایە هەندێ پرسیار هەیە رەنگە پێویستی بە دانیشتنێکی کراوە هەبێ، بۆیە داوا ئەکەین ئەکرێ دوای جەژن دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمان بکەین و هەر بەرێزێك هەر پرسیارێکی هەبێ لەسەر کەرتی وزە ئەتوانێ ئاراستەی بەرێز وەزیری بکات، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە کاك عباس لە بیـدایەت راپـۆرتی لیـژنەی یاسـایی خوێنـدەوە پـێش ئەوەی ببێـتە بە دەنگـدان، ببێـتە بنەمـا، دوو بـڕگەی تێـدا بـڕگەی پێـنجەم ڕێـزی سـێیەم تـا بەرکارەکـان نـوقتە، ئەوەی تـری نەخوێند بۆ ئەوەی ئەندامان ئاگادار بن لە راپۆرتی داهاتوو، چونکە تیکرارە لەگەڵ مـاددەی (١٠)، لە بـڕگەی هەشـتەمیش هـاووردە کـردن و هەنـاردە کردنـی ووزە نـوقتە، ئەوەی تـریش لای ئـێمە مەسح بووە، کاك عەباس نەیخوێند، لە پرۆتۆکـۆلیش تەسـجیل نەبـووە، بەڵام لە و راپـۆرتە هەیە لەبەر دەستی ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

١ وەزارەت بۆی هەیە وایەر و کەێبل لەسەر یان لە ژێرەوەی ڕێگـا گشـتییەکان یـان شـەقامەکانی ناوەوە یان دەرەوەی شارەکە رابکێشی و مافی هەیە ستوون دابنێـت و تونێـل لـێ بـدات و کـاری دیکەی پێویست ئەنجام بدات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەزارەت، بـۆ ئەرکەکـانی لەگەڵ رەچـاو کردنی ماستەر پلان و پاراستنی ژینگە و حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.

٢- وەزارەت بە گوێرەی پێویسیت بۆی هەیە ببێتە خاوەن زەوی و بەناوی وەزارەتـی کارەبـا تۆمـار بکرێ بەپێی یاسا بەرکارەکان.

٣- قەرەبوو کردنەوەی هەر کەسێکی زەرەرمەنـد ئەبـێ لە ئەنجـامی چالاکییەکـانی و جـێ بەجـێ کردنی ئەرکەکانی بەپێی یاسا بەرکارەکان.

٤- بڕیارەکـانی وەزیـر شـیاوی تانەلێـدان لە بەردەم دادگـای کـارگێری بەپێـی یاسـای ئەنجـومەنی شورای هەرێمی بەرکار.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو مامۆستا عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، بەڕێزت وتت ئەکرێ ئەو پرسـیارانەی تـایبەت نـین بەو بـابەتە لە دانیشـتنێکی کـراوە بکـرێن، مـن لە ٢/١٧ داوایەکـم تەسـلیمی بەرێزتـان کـردووە بـۆ ئەوەی بەرێـز وەزیر بێتە ئێرە و وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بـداتەوە لەسـەر زیـاد کردنـی نرخـی کارەبـا، لە کاتێکـدا قەیرانـی بـێ مـووچەیی و روبـع مـووچەییە کەس وەڵامـی نەداوەتەوە، بەپێـی مـاددەی (٦٦) بڕگەی (١)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کـێ لەگەڵـی ئیمـزا کـردووی؟ ئەکـرێ دوای جەژن دانیشـتنی لەسـەر بکـرێ، ئەو بەرێـزانە ناویـان نووسـیوە (نەجـات خـان، کـاك هێڤیـدار، کـاك شـێخ زاهیـر، سوسـن خـان، دکتـۆرە گەلاوێـژ، کـاك

هەڵکەوت، کاك عوسمان سێدەری، مەلا ناصر، دکتۆر شێرکۆ، دکتۆر محی الدین، دکتـۆر اسـماعیل، مامۆستا ابو بەکر، سەرچنار خان)، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی ماددەی (٥) ئەڵـێ وەزارەت بـۆی هەیە ببێـتە خـاوەنی زەوی بە نـاوی وەزارەتەوە تۆمـار بکـرێ، ئەم ئیـزافە بکـرێ، وەزارەت بە گـوێرەی پێویسـتی پرۆژەکـانی بـۆی هەیە ببێـتە خاوەنی زەوی، لە بڕگەی (٣) ئەڵێ قەرەبوو کـردنەوەی هەر کەسـێك زیانمەنـد ئەبـێ لە ئەنجـامی چالاکییەکانی، بەس دیاری نەکراوە کێ ئەو قەرەبـووە ئەکـات، بـڕگەی دوو باسـی وەزارەت ئەکـا، بەس سـێیەم هـیچ نەوتـراوە، وەزارەت بیکـات یـان بەرێـوەبەری گشـتی پارێزگـا یـان یەکە کارگێرییەکـان، ئیـزافە بکـرێ، بـڕگەی چـوار، بڕیـاری وەزیـر شـیاوی تانەلێـدانە لەبەردەم دادگـای کارگێری، ئەو لەبەردەم دادگای کارگێرییە بە بـڕوای مـن لابـرێ، چـونکە ئـێمە یاسـای ئەنجـومەنی شـورای هەرێممـان هەیە، لەوێ دادگـای کـارگێری و هەیـئەی بەرزەفـتە دوو بەشـن لە یاسـای ئەنجومەنی شورای هەرێم، مەرج نییە هەموو بریارێکی وەزیر قابیل بە تەعن بێ بچێتە دادگـای کـارگێری، چـونکە تەنیـا بڕیـارە کارگێرییەکـان ئەچێـتە دادگـای کـارگێری، بەڵام ئەو بڕیـارانەی ئینزیبـاتی و بەرزەفتـین یـان راژەیە هەیـئەی بەرزە بڕیـاری لـێ ئەدات، لەبەر ئەوە مەنتـق نیـیە دادگای کارگێری بێنی ئیختیساسـی لەسـەر تەعـن دانە لە بڕیـارە کارگێرییەکـان، ئەوە هەر لابـرێ، بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم بەسە، ئەگەر واشـنەکرێ بلـی بەپێـی یاسـا بەرکارەکـان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان سیدەری.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێ قەرەبوو کردنەوەی هەر کەس زیانمەند ئەبـێ لە ئەنجـامی چالاکییەکـان بەپێـی یاسـا بەرکارەکـان، پێشـنیار ئەکەم ئەو کەسـانەی لەو پێنـاوە گیـان لە دەسـت ئەدەن وەکـو شـەهید ئیمتیازاتیـان پـێ بـدرێ، ئەو کەسـانەش کەمئەنـدام ئەبـن پێویسـتە وەکـو کەمئەنـدام و مـافی ئەوانیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە بـڕگەی یەکەم وەزارەت بـۆی هەیە وایەر و کێبـل لەسـەر یـان ژێـرەوەی رێگـا گشتییەکان یان شەقامەکانی ناوەوە و دەرەوەی شارەکان رابکێشێت، پێم باشـە لێـرە ئیـزافەیەك بکرێ بە مەرجێ ئەو کێبلانە لە شوێنی دابنرێ نەبنە رێگر لە چاندنی دار و شـوێنەکان و ماڵەکـان، چونکە زۆر لە شارەکان کە دروست ئەکرێ هەندێ کێبل لە شـوێنك دروسـت ئەکـرێ کە ناهێڵـدرێ هەندێ جار لەبەردەم شۆستەکان دروست بکەن، پێوسیتە ئەوە ئیزافە بکرێ، لە بـڕگەی (٣) ئەڵـێ

قەرەبوو کردنەوە لێرە بوون نییە هەر کەسێك کێیە، چونکە ئەگەر ئاماژە بدرێ بە فەرمانبەری وەزارەت باشترە، پێم باشە فەرمانبەرانی وەزارەت لێرە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صباح.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی یەکەم وەزارەت بۆی هەیە وایەر و کێبل راکێشی تا دوایی، ئەمەوێ ئیزافەیەك بکەم، لەگەڵ رەچاو کردنی ماستەر پلان و پاراستنی ژینگە و تەندروستی گشتیش، چونکە زەختی عالی نزیك ماڵ بێ ئەبێتە هۆی نەخۆشی، ئەگەر تەندروستی ئیزافە بکرێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر وەڵامەکانی بەڕێز وەزیر موقنەع کەر نەبوون، باسی نەکرد نرخی پیشەسازی چۆن عیلاج ئەکرێ، مەسەلەی ژینگە وەڵامی نەبوو، لە ماددەی (٥) مادام ماستەر پلان هەیە ئەبێ لەمەودوا وەزارەتی کارەبا هەر هێلێکی کارەبا راکێشی کێبلەکان لە دەرێ نەبن، لە بن عەرد ئەبێ، دوو، کامە زەوی بە ناوی زەوی، روون کردنەوە بە تەفاسیل باس نەکراوە لیژنەی یاسایی، کامە زەوی بە ناوی وەزارەتی کارەبایە، هەر زەوییەکی هەبێ بۆ خۆی، سێیەم. زیانمەند، بۆ تەعریف نەکراوە، چۆن زیانمەندە، دەعم ئەکا، دەستی ئەبرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نەجات خان.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بماددا (٥) برگا ئێکێ، وەزارەت بۆی هەیە وایەر و کێبڵ لە سەر یان لە ژێرەوە لە رێگا گشتییەکان یان شەقامەکانی ناوەوە یان دەرەوەی شارەکان رابکێشێت، ل ڤێرێ من ڤێت ئیشارەتێ ب هندێ بدەم پێتڤییە وەزارەت گرنگییەکا زێدەتر بدەتە کێم کرنا وایەر و کێبلا ل سەر عەردی، ئو زێدەتر گرنگیێ بدەتە شێوازا نو یا گەهاندنا کەهرەبێ، یەعنی بەدەل سەر عەرد بیت دیڤ شێوازێ نو یێ گەهاندنا کەهرەبێ چەوایە زێدەتر گرنگیێ پێ بدەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز سەرچنار خان دەکەم، سەبارەت بە دادگا، سەبارەت بە نرخەکان، وە دوو پێشنیارم هەیە بۆ ئەوەی کە دەڵێت وەزارەت بۆی هەیە بە قەدەر ئەوەی کە تەولیدی کارەبا گرنگە بە قەدەر ئەوە تەرشیدی کارەبا گرنگە، موستەڵەحێك هەیە لە دونیا پێی دەڵێن

(Bel di ng code) وه لە لیژنەكەش زۆر موناقەشەمان كرد (Bel di ng code) واتا ئەو بینایـانەی كە دەكرێـت لە هەرێمـی كوردسـتان دەبێـت مواسـەفاتی وای تێـدا بێـت كە تـاقە بگێڕێتەوە، ئەمە وەكو ئەوە وایە تۆ تەولیدی كارەبا زیـاتر بـكەی، چـونكە (Bel di ng code) بەلای كەمەوە (٢٠%) تاقە دەگێڕێتەوە كە كۆدی بیناكردنە، چۆنیەتی بیناكان چـۆن بـن وەزارەتـی كارەبا بۆی هەبێت قسە لەسەر مواسەفاتی بیناكانی هەرێمـی كوردسـتان بكـات ئەمە رێـك بەلای كەمەوە (٢٠%) بەكارهێنانی كارەبا كەم دەكاتەوە بەلای كەمەوە، بـۆ ئەمە نەكەیـن بە دەسـەڵاتێك لە دەسەڵاتەكانی وەزارەتی كارەبا كە بۆی هەبێت لە بیناكانی هەرێمی كوردستان قسـە بكـات، وە بـۆی هەبێـت ئەو (٢٠%)ە بگێـڕێتەوە بـۆ ئەو موسـتەڵەحەی كە پێـی دەوترێـت ( Bel di ng code) واتا كۆدی بیناكردن، خاڵێكی تـر وەزارەتـی كارەبـا بـۆی هەبێـت لە بەكارهێنـانی ئـامێری خراپی كارەبا قسەی هەبێت ئیستیرادی تەكنەلۆجیایی بەكارهێنـانی خـراپ بـۆ كارەبـا وەزارەتـی كارەبا بۆی هەبێـت قسـەی هەبێـت، یەعنـی ئەم شـتە مسـتەورەدە سـتۆكە یـان زۆر كارەبـا بەكـار دەهێنێت بە مەعایری وەزارەتی كارەبا ناخوات مەنع بكرێت لەوەی كە بێتە هەرێمـی كوردسـتان كە ئەمەش بەكارهێنانی كارەبا بێگومان تەرشیدە لە داهێنانی كارەبا، بەم دوو تەرحە بەڕێـزان كە وەزارەتـی كارەبـا بـۆی هەبێـت لە (Bel di ng code) قسـەی هەبێـت وە بـۆی هەبێـت لە ئیستیرادی ئامێری كارەبایی خراپ و بەكارهێنەری زۆر بۆ كارەبا قسەی هەبێت، زۆرێـك لە تـاقەی كارەبا دەگەڕێتەوە لە هەرێمی كوردستان، بۆیە من پێشنیارە دەكەم كە وەزارەتی كارەبا بـۆی هەبێـت لەو دوو بـوارە قسـەی هەبێـت وە لەم قـانونە ئەمە تەسـبیت بكرێـت، بـۆئەوەی كە رێژەیەكی زۆر لە هەدری كارەبا بێ لەو (٣٦%)ی كە لە رێی نەقڵ و گواستنەوە تووشـی دەبێـت و لە رێی هەدر و گەنـدەڵییەكانی تـر تووشـی دەبێـت، ئەمەش بگێـڕدرێتەوە وە ئەم هەدرە لەو دوو رێگایەوە رێگای لێ بگیرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (٥) بـڕگەی یەكەم بـاس لە راكێشـانی كێبـڵ لە ژێـر زەوی یـاخود لە رێ گشـتییەكان و شـــەقامەكان دەكـــات، یەكێـــك لە ســـیفاتەكانی ئەوەیە كە دەبینـــین یەكێـــك لەو كێشـــانەی شـارەوانییەكان وە بەشـێك لە ئەوەی كێشـەیان هەبێـت لە راكێشـانی كێـبڵات بەتـایبەتی ئەوەی پەیوەنـدی هەبێـت بە ئەنتەرنێـت و ئەوانە دەبینیـت سـیمای شـەقامەكان لە زۆربەی نـاو شـار و دەرەوەی شـار تێكچـووە، بـۆیە ئیـزافەی ئەوە دەكەم و پێشـنیار دەكەم بە هەمـاهەنگی بكرێـت لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیـدارەكان بـۆ راكێشـانی كێبـڵ و یـاخود لێـدانی تونێلەكـان، پشـتگیری رایەكەی دكتـۆر صـباح دەكەم سـەبارەت بەوەی كە پەیوەنـدی بە بـاری تەندروسـتی گشـتییەوە هەیە، وە بە نیسـبەت بە بـڕگەی دووەم كە وەزارەت بە گـوێرەی پێویسـت بـۆی هەیە ببێـتە خـاوەنی زەوی پێشـنیاری ئەوە دەكەم كە ئەو زەوییـانە لە بەڕێـوەبەرایەتی خـانووبەرەی تۆمـارەوە بكرێـت وە بە نـاوی وەزارەتـی كارەبـاوە بكرێـت، بـڕگەی سـێیەم و چـوارەم پشـتگیری رایەكانی سەرچنار خان دەكەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە ماددەی (٥) بڕگەی سێ قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێك زیانمەند دەبێت لە ئەنجامی چالاکی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بە پێی یاسا بەرکارەکان، من لێرە دوو خاڵم هەیە، یەکەم مافی ئەو کەسانەی زیانمەند دەبێت ئەندازیار یان کرێکاری کارەبا لە کاتی دەوامی فەرمی لە کارکردن کارەبا لێی دەدات و گیان لەدەست دەدات بە شەهیدی رووناکی ئەژمار بکرێت ئیستحقاقی شەهیدانە وەربگرێت بە مووچەیەکی شایستە، دوو مافی ئەو کەسانە کە لە کاتی دەوامی فەرمی کارەبا لێی دەدات وە پارچەیەك لە جەستەی یان لە ئەندامی لەشی لە دەست دەدات وەکو دەست، قاچ یان هەر ئەندامێکی لەشی پێویستە هەتا تەواو بوونی راژەی خانەنشینی مووچەی تەواو وەربگرن و پاشان خانەنشین بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە گلاوێژ فەرموو.

**بەرَێز گلاوێژ عبێد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی (٥) یەکەم وەزارەت بۆی هەیە وایەر و کێبڵ لە سەر یان لە ژێرەوەی رێگا گشتییەکان یا شەقامەکانی ناوەوە یان دەرەوەی شارەکان رابکێشێت هەروەها مافی هەیە ستوون دانێت، لێرە ستوونەکان دیاری نەکراوە ئایا پاڵە پەستۆی کێبڵەکانی بەرزە؟ یان ستوونی ئیعتیادییە؟ بۆیە دەبێت لێرە دیاری بکرێت وە تونێل لێ بدات و کاری دیکەی پێویست ئەنجام بدات و بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەزارەت وە ئەرکەکانی لەگەڵ رەچاوکردنی ماستەرپلان و پاراستنی ژینگە و تەندروستی گشتی و سەلامەتی بە پێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان، ئێمە دەزانین ئەگەر هاتوو هێڵەکانی پاڵەپەستۆی بەرز لە نزیك ماڵەکان بوو ئەوە دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی وەکو ژانە سەر و کەمی تەرکیز و ماندوو بوون کە پسپۆڕەکانی مێشك و دەمار ئاماژەیان پێ داوە، بۆیە چەند تۆژینەوەیەکی زانستی راسپاردە دەکات ئەو هێڵە پاڵەپەستۆ بەرزانە دەبێت نزیکەی یەك هەتا دوو کیلۆمەتر لە شوێنەکانی نیشتەجێ بوون دوور بێت هەتا کاریگەری تەندروستی نەبێت، وە هەروەها چەند پێوەرێکی تریش هەیە بۆ مابەینی ستوونەکان پێویستە لە یاساکە دابنرێت، مەسەلەن ئەگەر هاتوو (جهود عالی) بوو کێبڵەکان (١٣) سێزدە مەتر بێت یان (جهود متوسط) بێت (٥) پێنج مەتر، وە هەروەها چەند جهودی (مستوی و منخفض) بوو (٢) دوو مەتر ئەمانە هەمووی پێویستە، وە هەروەها پێویستە لە رێگای ئێرەشەوە بە خاوەن مۆلیدەکانیش رێکارێکی نوێ بۆ تەوزیع کردنی ئەو وایەرانە لە گەڕەکەکان ببیننەوە بە شێوەیەکی مۆدێرنتر بێت وە پاڵپشتی دکتر صباح دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی بەڕێـز وەزیـر و سـتافە بەڕێـزەکەی دەکەم، دەستخۆشـی لە خوشـکە لیـزا دەکەم، ماددەی (٥) بڕگەی دوو هاتووە وەزارەت بە گوێرەی پێویست بـۆی هەیە ببێـتە خـاوەنی زەوی بە ناوی خۆیەوە، نەهـاتووە کاتێـك وەزارەت دەبێـتە خـاوەنی زەوی بە نـاوی خـۆیەوە چـۆن و بە چ شێوەیەك قەرەبووی خاوەن موڵك دەکاتەوە ئەگەر تاپۆ بوو یا خود عەقدی زەراعی بوو، خـاڵێکی تر پێشنیار دەکەم یا خود داوا لە بەڕێـز جەنـابی وەزیـر دەکەم بڕیارێـك هەیە لە وەزارەت ئەوەی کە قەرزی کارەبـای لە لایە ئەگەر بگەڕێنێـتەوە (١٥%) لێـی خۆشـبوونی بـۆ دەرکـراوە، مـن داوا دەکەم بە تـایبەتی بـۆ هاووڵاتییـان و پـڕۆژە کشـتوکاڵییەکان ئەو (١٥%) کەمە بکـرێتە بە لایەنـی کەمەوە (٣٥%)، لەبەر ئەوەی دڵنیـام بڕێکـی بـاش پـارە دەگەڕێـتەوە بـۆ وەزارەتـی کارەبـا و خەزێنەی حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٥) لە بـڕگەی دووەم مـن تێبینیـیەکم هەیە وەکـو پێشـتریش ئامـاژەم پێـدا، راسـتە مـن ئەندامی لیژنەکەم بەڵام تەحەفـوزم لە سـەر مـاددەیەك هەیە بە ئیجـازەی جەنابتـان، مـاددەی (٥) بـڕگەی دووەم کاتێـك کە بـاس لەوە دەکـات کە وەزارەت پێویسـتی بەوە هەیە کە بە گـوێرەی پێویستی خاوەنی زەوی بێت، ئێمە پێشتریش لەگەڵ جەنـابی وەزیـری کارەبـا ئەو گفتوگۆیەمـان کرد من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە وەزارەت ئیجاب ناکات کە خاوەنی زەوی بێت، چونکە خـۆی وەزارەت وەزارەتی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتانە، ئەو زەوییـانەش زەوی حکومەتی هەرێمـی کوردستانن، وە لەم حاڵەتە پێویست بەوە ناکات کە بڵێین وەزارەت خـاوەنی زەوی دەبێـت، بـۆیە پێشنیاز دەکەم وەکوو بەشـێك لە بـرادەران ئاماژەیـان بە تەعـدیلات دا لەم بـڕگەیە، مـن پێشـنیاز دەکەم بڕگەی دووەم هەر لابرێت لەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسـم الله الـرحمن الـرحیم، مـاددا (٥) خـالا ئێکـێ ئەز پشـتەڤانیا دکتـۆر صـباحی دکەم کـو تەندروستییا گشتی بێتە زیادکرن، خـالا دووێ ئەز پشـتەڤانیا خوشـکا سـەرچنار دکەم پڕۆژەکـان چونکە نابیت ئەو بیتە خاوەن زەوی ئەگەر پڕۆژێت وی پێویست نەبن، وە ئیزافـا کەلیمـا (خـانی) بۆ بکرێت یەعنی ببیتە پێویستی بە پڕۆژەکان هەیە ببیـتە خـاوەن زەوی و خـانی، چـونکە خـانی دەبێت مەنسب هەبیت یەعنی مومکنە چەند خانییەك بۆ مۆزەفەکانی وەزارەتی کارەبـا دروسـت بکرێن ئەز وێ زەروور دبینم، خاڵا سێیی بێژیت قەرەبوو کردنەوە دەبێت قانون یەعنی هنـدی مە پێ چێ ببیت یەك تەفسیرێ هەلگریت چ قەرەبووی مەعـنەوی یـان مـاددی یـان هەردوو، چـونکە

بەیانی مومکینە شوکرانامەیەك بە مۆزەفێك بدەت بێژیت ئەویش قەرەبوویە رەفعی دەرەجە و عەلاوە و ئەوەش پێ دەكرێت دەبێت تەحدید بكرێت قەرەبوو كردنەوەی ماددی تا تەفسیری نەهەلگریت ئەویش ئەز بینم پێویستە، خالا چارێ ئەز پشتەڤانییا خوشكا سەرچنار خان دكەم، فعلەن ئەو ببیتە دادگای تایبەتمەند، قەرێ سەر خەلكی جەنابێ وەزیری لێرە جەنابێ سەرۆك وەزیران حازر بوو وەختێ مە موقتەرەح دایێ خەلكی پاشەكەوتێ هەی ئەوێ مەقاسە بكەن دگەل دیوون و قەرێت وانا سەر خەلكی ئەڤە دێبیتە ئەگەرێ هندێ خەلك هەمی بهێت چارەسەرییا دەینێت وەزارەتا كارەبێ بكەت ئەگەر جارەكا دی وەزیر تەئكیدێ سەر ڤێ پێشنیارێ بكەت، چونكی د وی وەختی جەنابێ سەرۆك وەزیران گوتی پێشنیار د جهێ خۆدایە مادام د جهێ خۆدایە مە ڤیا كەتبا بوارێ جێبەجێ كرنێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لە سەر خاڵی دووەم هەیە لەگەڵ زەوییەكان، ئەو دامەزراوانەی كە سەر بە وەزارەتی كارەبان تۆمار بكرێن بەناوی وەزارەتی كارەبا واتا كۆمەڵێك خانوو لە وێستگەكان لە محەتەكان و شوێنەكانی بەرهەمهێنانی كارەبا یان موشەعاتی وەزارەتی كارەبا ئێستا دەستیان بەسەر داگیراوە لە لایەن حزب و گروپ و كەسایەتییەكان لەگەڵ زەوییەكان دەیانەوێت بە ناوی وەزارەتی كارەبا تۆمار بكرێت، وە پشتگیری سەرچنار خانیش دەكەم لەسەر بڕگەی چوارەم كە ئیختساسی دادگای كارگێڕی بۆ فەرمانبەران و حقوقی فەرمانبەرانە، بۆیە ئەمە بوترێت شیاوی تانە لێدانە لە بەردەم دادگاكان بە پێی یاسا بەركارەكانی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولْكەكانی حكومەت و دەوڵەت بەناوی وەزارەتی دارایی تۆمار دەكرێت وە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی كارەبا هەر دوو وەزارەتن و وەزارەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانن، بۆیە داڕشتنی قسەكانی من سەرچنار خان كردی، مادده (٥) بڕگەی دووم و سێیەم و لە بڕگەی چوارەمیش پشتگیری لە قسەكانی سەرچنار خان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) یەكەم وەزارەت بۆی هەیە وایەر و كێبڵ هەتا دوایی، بۆ ئەنجامدانی پڕۆەكانی وەزارەت بۆ ئەركەكانی لەگەڵ رەچاوكردنی ماستەرپلان و پاراستنی ژینگە و حوكمەكانە یاسا بەركارەكان لێرە ئەوە زیاد بكرێت بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار، خاڵی سێیەم

قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێك زیانمەند دەبێت لە ئەنجامی چالاکییەکان و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بە پێی یاسا بەرکارەکان پێم باشە ئەم بڕگەیەش بەم شێوەیە لێ بکرێت قەرەبوو کردنەوەی هەر کەسێك لە ئەنجامی چالاکییەکان و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی زەرەمەند دەبێت بە پێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان، خاڵی چوارەم بڕیارەکانی وەزیر شیاوی تانە لێدانە لە بەردەم دادگای کارگێڕی بە پێی یاسایی ئەنجومەنی شورای هەرێمی بەرکار، پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیە لێ بکرێت تانەدان لە بڕیاری وەزیر لە بەردەم دادگای کارگێڕی دەبێت بە پێی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، من هاوڕام لەگەڵ پێشنیاری کاك کاروان بۆ لابردنی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٥)، لە بڕگەی یەکەم وەزارەت بۆی هەیە وایەر و کێبل لە سەر یان لە ژێرەوەی ڕێگە گشتییەکان ببات، دروستە ئێمە هەموومان دەبینین، چونکە خەڵکی ئەم نیشتیمانەو ئەو شارانەین هەر وەزارەتێك بە پێی کاری خۆی کاری خۆی دەکات، بەڵام ڕێگاکە وەك خۆی بەجێ دەهێڵێت بۆ نمونە وەزارەتی کارەبا کێبل بە ژێر زەوی دەبات ڕێگا شەق دەکات بۆ ئەوەی کێبلەکەی خۆی ببات، بەڵام کە کێبلی برد خەرجی چاککردنەوەی دەبێت لە سەر وەزارەتی کارەبا بێت، چونکە ئیستیفادەکە بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟ بۆ وەزارەتی کارەبا ڕێگاکان وەك خۆیان بەجێ نەهێڵدرێن کە کاریان تەواو دەبێت هەر وەزارەتێك جا چ وەزارەتی شارەوانییە وەزارەتی کارەبایە هەر وەزارەتێکە ڕێگاکەش وەك خۆی دروست بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری کارەبا سەبارەت بە قسەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز کمال محمد صالح / وەزیری کارەبا:**

زۆر سوپاس، ب راستی چەند پرسیار ژ وانا ئەز بێژم دووبارە بوون ئێك ژوانا زەوی ب ناڤێ وەزارەتا کارەبی بێنە کرن، ئەم داخازا چ زەڤییا ناکەین، بەس پرۆژەیەك وەختێ مە هەبیت بۆ نموونە وێستگەها خەبات مە یا هەی ئەڤ وێستگەهە یا مەوجودە عەردێ هاتییە گرتن ئیجرائاتێت خۆ یێت هاتینە کرن ئەڤە دکەڤیتە سەر ناڤێ وەزارەتێ، نەکوو ژنیکا زەڤییەکا بەتاڵ بێتە سەر ناڤی چونکی دێهێتە ئیستغلال کرن نەخێر بۆ ئەو پرۆژێت سەر ب وەزارەتی ڤە ئەوێت کار سەر تێتە کرن، بۆ نمونە بەری دوو هەفتییا ل شاوێس محەتەیەکێ (١٣٢) دانێن لازمە ئەو بێتە سەر ناڤێ ئەو سنوورێ دیارکری بۆ پڕۆژەی، یێ دیترێ بابەتێ قەرەبوو مەبەستامە لڤێرێ نە قەرەبووایا کارمەند و یان ئەڤێت گیانێ خۆ ژ دەست دەن دکاری دا چونکی قانونا تەقاعودی و قانونەکا دیترییە یا مە ئەڤە وەختێ خەتەکێ بۆ نمونە (١٠٥) کیلۆمەترێت خەتی ئەم ژ بازیان بەینە راپەڕین تەبعەن ئەڤە دێ ناڤ عەردێت خەلکی را چیت جووتیارێت مەنە خەلکێ مەنە یەعنی ئەم سوپاسیا وان دکەین کو رێك دایە مە چونکی بۆ مەسڵەحەتا عام

بەس قەرەبوویيا وان بێتە كرن ئەو لیژنە ژی نە ل دەڤ مەنە ل دیڤ ئەو یاسایێت بەركار لیـژنە عادەتەن ژ وەزارەتێت مەعنینە ئەگەر عەردێ زراعی بێت ئەگەر دار و درەختەك بیـت عەمرێ وێ نەوعییەتـا وێ دیـڤ ئەوان رێنماییـا قەرەبووایـا وان بێـتە كـرن، دكتـۆر صـباح بەحسـێ (ضـغط العالی) كر وەكوو نەخۆشی تنـێ بـۆ بەرچـاڤ رۆنییـا هەوە هەمییـا (ضـغط العـالی) چ ئێشـا چـێ نـاكەت تنـێ بورجێـت ئیتیسـالاتن ئەڤ كێشـە چـێ دبیـت هەكە د بـوارێ كـارەبێ دا ئەڤ كێشـە سەحی نینە، بەس گەلەك ژ وانا دبێژن ئەگەر نەبیت بۆچی ئەڤ محەڕەمـاتە هـاتینە دانـان؟ ئەڤ محەڕەماتە یێت هاتینە دانان وەختـێ بـورج بكەڤیـت كـو نەكەڤیـتە سـەر چ بینایـا هەكە وەكـوو سەحی چ كێشێت سەحی چێنابیت، چونكی عالەمێ هەمـی كارەبـا د مالێـت وان د جاددێـت وان بەس ئەوێت زەرەرێ دكەن بورجێت ئیتیسالاتانە، زەوی مە گۆت ئەون ئەوێت كو پرۆژە ل سـەر، كـێم كرنـا وایەرا تەبـعەن ئەو وایەرێـت ئەغـلەبە خەلـك دبینیـت و ئەم هەمـی ژێ بێـزار یێـت مۆلیداتانن هەر وەختێ مە شییا كارەبەكا بەرەڤ باشتر بدەنێ ئەڤ وایەرە ژی دێ بەرەڤ كێمـی چن، بەڕێز دكتۆر شێركۆ بەحسـێ تەرشـیدێ مـاددێ (٤) ل برگـا دوازدە مە گـۆتی هەمـاهەنگی ل ناڤ وەزارەتێت مەعنی هەبیت، چونكی جەنابێ دكتۆر تـو ب خـۆ دزانـی خەلـك وەختـێ دچیـت ئیجازەیەكێ وەرگریـت ل شـارەوانیێ وەردگریـت، دێ بینـایێ خـۆ خـلاس كەت ئینجـا دێبێژیـت كارەبا یەعنی مەفروزە وەزارەتـا شـارەوانی ئەو (Belding code) ئەڤـێ چارەسـەر بـكەت و مە ئەڤە ژی یێ ژێ داخاز كری، ئو فیعلەن دڤێت ئەڤە بێتە كـرن چـونكی گەلەك ژ تاقێـت بەرز دبیـت ل نەتیجا (Insulation) ئەڤا د خانییا دا نەهاتییە ب كار ئینان ئەڤە یێ دبیـتە سـەبەبێ هەدرەكـا مەزن، رێنمایێت پێدانا كـارەبێ بەرێزەكـی پرسـیار كربـوو یێـت عەمـوود كـا چەنـد بلنـدن ئەڤە د رێنماییا مە یێت هەین...

**بەڕێز د.  رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـز وەزیـری كارەبـا بەڕێزتـان بەتەنهـا وەڵامـی ئەو پرسـیارەی پەرلەمانتـاران بـدەنەوە كە پەیوەندی بەو مـاددەیەوە هەیە، خـۆ ئەگەر بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان دەیانەوێـت بەڕێزتـان رۆژێـك لە كۆبـوونەوەیەكی پەرلەمـان ئامـادە بـن بـۆ ئەوەی پرسـیارگەلی تـری دەرەوەی ئەو پرۆژەیەتـان لـێ بـكەن ئـێمە وەكـو سـەرۆكایەتی حـازرین و نووسـراوەكە ئاراسـتەی بەڕێـزان ئەنجـومەنی وەزیـران دەكەیـن و ئەوانـیش بەڕێزتـان رادەسـپێرن، ئێسـتا لە دەرەوەی نەسـی ماددەكە بەڕێزتان وەڵامی پرسیارەكان مەدەنەوە، بۆ ئەو دانیشتنەش ان شاءالله ئەگەر پێویست بوو ئێمە هیچ لاریمان نییە وە دڵنیام ئێوەش لاریتان نییە.

**بەڕێز كمال محمد صالح / وەزیری كارەبا:**

پا گەلەك ژوان پرسیارا باوەر بكە هیچ عیلاقە ب ڤی بابەتی ڤە نینە، سوپاس.

**بەڕێز د.  رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵام مەدەنەوە بەڕێزتان، سوپاس بۆ بەڕێزتان، ماددەی (٦).

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

یەكەم: هاوبەشەكانی كارەبا پۆلێن دەكرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ -یەکەی نیشتەجێ بوونی ماڵەکان.
٢ -بازرگانی.
٣ -پیشەسازی.
٤ -کشتوکاڵی.
٥ -کەرتی گشتی.
دووەم: وەزارەت دەتوانێت جۆری دیکەی هاوبەشی کارەبا زیاد بکات.
سێیەم: دیاری کردنی جۆری پۆلێنەکان وە بنەمای جیاکردنەوەیان بە ڕێنماییەك دیاری دەکرێت کە وەزیر دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێکتان دەیەوێت لە سەر ماددەی (٦) قسە بکات، بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە (هلز خان، دکتۆر اسماعیل، کاك عثمان، مامۆستا عومەر، کاك زیاد، کاك چیا، دکتۆر زێدان، حاجی سفین، دکتۆر محی الدین) کەس هەیە نەمان نووسیبێت؟ (دکتۆر شێرکۆ، شێخ ظاهر)، بەڵێ هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیێت من سەر ماددا (٦) بڕگا ئێکێ، پۆلین کرن یێت هاتینە دانان بەس بەحسێ کەرتێ تایبەت نەهاتییە کرن، ل بەر هندێ پێشنیار دکەم خالەك بێتە ئێزافە کرن کو کەرتێ تایبەت ژی زمنی خالێت سەرەکی بیت، تێبینییا دوویێ سەر بڕگا سێیێ بوو دیار کرنا جۆرێ پۆلینا دەرکرنا ڕێنماییا دەسەڵات یا دایە وەزیری ل ڤێرێ، ئەز پێشنیار دکەم دەسەڵاتێ بدەنە ئەنجومەنێ وەزارەتێ، یەعنی شینا وەزیری بێتە گۆڕین ب ئەنجومەنێ وەزارەتێ، چونکی ل دیڤ ماددا هە ژی دێ هێت بڕگا ئێکێ بەحسێ ئەنجومەنێ وەزارەتێ کری، ئایا ئەرکێ ئەنجومەنێ وەزارەتێ چییە ئەگەر بەژدار نەبیت د ڤێ دەسەڵاتێ دا؟ زۆر مەمنون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، ئەگەر مۆڵەتم بدەی یەك فەرموودەی پێغەمبەری خودا (د.خ) روون بکەمەوە لێرە کە سێ کەلیمەیە، ئیمامی ئەحمەد ریوایەت دەکات بەو زاراوەیە دەفەرمووت (المسلمون شركاء في ثلاث في الماء و الكلاء و النار) ئیمامی ئەلبانی تەسحیحی کردووە شاریح دەفەرموون (نار) بریتییە لە رووناکی ئەو رووناکییەش کارەبایە دەکرێت لیژنەی فتوای هەرێم فتوایەك دەربکرێت بە تەحریم کردنی هەر سەرپێچییەکی کارەبا، دووەم داوا دەکەم پاڵپشتی ئەو قسەی خوشکە هلز دەکەم کە کەرتی تایبەتی مرۆیی خێرخوازی زیاد بکرێت، یەعنی وەکوو کەرتێکی گشتی سەیر نەکرێت کە پرۆژەیەکی هەبێت بۆ نمونە دەزگای

خێرخوازی بازرانی هەیە، دەزگایی بەخشینمان هەیە ئەگەر موساعەدەیان بکرێت هەم خێرە بۆ جەنابیشتان و هەم بۆ حکومەت و هەم بۆ خەڵکیش ئیستیفادەی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاد زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم خاڵی دووەم و سێیەم بازرگانی و پیشەسازی، بازرگانی بچووك و گەورە، پیشەسازی بچووك و گەورە، بۆ نمونە کارگەیەکی چیمەنتۆ ناکرێت موقارەنە بکرێت لەگەڵ دوکانێکی میکانیکی لە پۆلێنەکە حەقە ئەمە باشتر ڕێك بخرێت یان مۆڵێکی گەورە ناکرێت لەگەڵ دوکانێکی ناو کۆڵانان بە هەمان شێوە لە یەك پۆلێن دا بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لە سەر خاڵی سێیەمە لە سەر ئەوەی کە بەڕێز وەزیر ڕێنمایی دەربکات لەو یاسایەدا لە ماددەی (١٣) ئاماژەی پێکراوە کە وەزیر ڕێنمایی دەردەکات بۆ کارئاسانی ئەم یاسایە، بۆیە بە پێویستی نازانم و دووبارەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حاجی سفین فەرموو.

**یەڕێز سفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) خاڵی یەکەم هاوبەشەکانی کارەبا پۆلێن دەکرێن بەم شێوەی خوارەوە، یەکەی نیشتەجێبوون یەعنی ماڵەکان دەگرێتەوە، پێم باشە ئەو پۆلێنە یەکەم بزانم ئەم پۆلێنە دەربارەی پێدانی کارەبایە لە رووی پۆلێنەوە یان بە نیسبەت پارەیە تەرخانکردنی نرخە؟ ئەگەر پێدانی کارەبا بێت پێم باشە بەم شێوەیە لێ بکرێت، یەکەم نیشتەجێبوون ماڵەکان، دووەم بکرێتە کشتوکاڵ، سێیەم بازرگانی، چوارەم پیشەسازی، پێنجەم کەرتی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمیدشریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ژی هەر سەر پۆلێنکرنێیە مادام پیشەسازی و کشتوکال و کەرتێ گشتی وەك هلز خانێ ئیشارەت دایێ کەرتێ تایبەت ژی بێتە زێدە کرن و ئەز ژی گەل رەئییا هلز خانێمە، هەروەسا خالا دووەم وەزارەت دەتوانێت جۆری دیکەی هاوبەشی کارەبا زیاد بکات، ئەو جۆری دیکە د مەجالێ قانونێ پیچەکێ بەرفرەهی و وازحییەك تێدا هەبیت، چونکی جۆرەکانی دیکە پێنج پۆلێن کرینە جۆرەکانی دیکە لڤێرێ زێدەیە و ئەز بێژم ئەڤ خالە زێدەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، دکتۆر محی الدين فەرموو.

**بەڕێز محی الدين حسن يوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پۆلێنەکان من هاوڕای کاك زیادم بە تايبەتی لە پۆلێن کردنی کەرتەکان قەبارەيان لە گەورەيی و بچووکييان، وە پێشنيار دەکەم شوێنە گەشتيارييەکاميش ئيزافە بکرێت، چونکە ئەوانيش بەشێکن لە شوێنە تەفريحييەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس،دکتۆر اسماعيل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانيیا دکتۆر محی الدينی دکەم و هێژا زيادی دکەم فيعلەن بازرگانی و پيشەسازی و کشتوکالی ئەبێت قەباریٚ وانا بێتە ديار کرن هەمی وەکوو ئێك نينن، وە ل خالا سێيی پشتەڤانيیا خوشکا هلز دکەم کو ئەنجومەنێ وەزيران دانێت نە وەزير، سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای بەخشندە و ميهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٦) بڕگەی يەکەم پشتگيری لە قسەکانی مامۆستا عثمان دەکەم، بە جياکردنەوەی دام و دەزگا خێرخوازييەکان لەوانەيە لە سەدا سەد کاری خێرخوازی مرۆيی دەکەن، چونکە ئەوانە نە يەکەی نيشتەجێبوونن نە بازرگانين نە پيشەسازين نە کشتوکاڵين نە کەرتی گشتين، وە گرنگە حکومەت لەو ڕووەوە پشتگيرييان بکات ئەگەر پۆلێنەکان جيا کران ئەوسا بە دڵنياييەوە جەنابی وەزير لە کاتی دەرکردنی ڕێنماييەکان موراعاتی نرخەکانيشيان بۆ دەکات بە بێ بەرامبەر ياخود بە داشکاندێکی گونجاو بۆيان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگيری لە قسەکانی (مامۆستا هلز و کاك زياد و دکتۆر اسماعيل و مامۆستا عمر) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم وەزارەت دەتوانێت جۆری دیکەی هاوبەشی کارەبا زیاد بکات، دەکرێت پرسیار لە جەنابی وەزیر بکەم جۆری دیکەی هاوبەش چییە؟ لە کاتێکدا پێنج جۆریان ژمێردراوە، وە پشتگیریش لە رایی برای بەڕێز چیا دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری کارەبا یەك دوو پرسیاریان ئاراستەی بەڕێزتان کرد.

**بەڕێز کمال محمد صالح / وەزیری کارەبا:**

گەلەك ژ وان پرسیارا ئەز بێژم دووبارەنە، سەبارەت ب نرخ نە وەزیر مە گەلەك جارا تیکرار کر وەزیر ئەندامەکێ ئەنجومەنێ وەزیرانە ئەو پێشنیار دچیتە ئەنجومەنێ وەزیران و ئو لوێرێژی ئەز نەك وەکی وەزیر ئەنجومەنێ وەزارەت دەستنیشان کرنا وان نرخا دکەت و تێتە بەرزکرن بۆ ئەنجومەنێ وەزیران و لوێرێ موناقەشە گەل مە تێتە کرن ب قەناعەت هەتاکوو ئەنجومەن موافقێ ل سەر دکەت، پرسیارەکا دیترێ کا چ پۆلێت دیترێ هەنە مە بۆچی کرییە تێدا، مە هندەك ژوان نەقابات و ئەوێت مونەزەماتێت (NGO) ئەڤە یێت هەین، ئەڤە هەرچەندە هەتا نوکە مە دگەل پۆلێ حکومی مە تەعامولا گەل کری، چونکی ئەڤ پێنج پۆلە نوکە هەنە نەك ڤێ گاڤێ ئەڤە بیست ساڵە هەر ئەڤ جۆرە بووینە، بەس مە مافەك هەبیت ڤێ گاڤێ نەقابات و ئەو مونەزەماتە گەلەك ژ وانا دبێژن ئەم نە حکومینە ئەم سەر بخۆنە و مە ژ وا حساب نەکەن یەعنی وی دەمی مە حەق هەبیت ئەم دی پۆلێت دی ترێ ژی پێداچوونەکێ د سنفەکێ دی ترێ بۆ ڤەکەین، بەحسێ کەرتێ تایبەت کر تەبعەن بەس خاڵا پێنجێ کەرتی گشتی تەبعەن پێشتر دەڤ مە میری بووە ئەڤێت دی ترێ هەمی کەرتێ تایبەت بوون، یەعنی چ ماڵ بیت چ بازرگانی بیت چ پیشەسازی بیت چ کشتوکالی بیت هەمی کەرتێ تایبەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، لیژنە قسەتان نییە؟ ماددەی (٧).

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

یەکەم: هەر کەسێك زێدەڕۆیی بکاتە سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بڕ و رێکارەکەی بە رێنمایی رێك دەخرێت کە وەزیر لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.

دووەم: وەزیر بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆی هەیە رێژەیەك لەو بڕە پارانەی لە پێبژاردنی زێدەڕۆیی سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی وەرگیراون تەرخان بکات بۆ ئەو کەسانەی راسپێردراون بە ئاشکرا کردنی زیادەڕۆیی و لابردنی ئەمەش بە رێنماییەك رێك دەخرێت کە وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری دەری دەکات.

سێیەم: ئەو کەرەستانەی لە زێدەڕۆیی سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی بەکارهاتوو دەستیان بەسەر دا دەگیرێت.
چوارەم: ئەو سزایانەی لەم ماددەیە هاتوون ڕێگر نابن لە سزای توونددتر هاتوو لە یاسا بەرکارەکان.
پێنجەم: پێویستە لەسەر وەزیر داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکات کە لە دەرئەنجامی زیادڕۆیی بە پێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموون هەر بەڕێزێك دەیەوێت قسە بکات (دکتۆر محی الدین، سەرچنار خان، کاك مسلم، دکتۆرە شایان، شیرین خان، ئاشنا خان، کاك یاسین، دکتۆر شێرکۆ، کاك هەڵکەوت، دکتۆرە گلاوێژ، گلستان خان، کاك حاجی سفین، مامۆستا مەلا ویسی، مامۆستا عمر، مامۆستا عثمان، دکتۆر اسماعیل، شێخ ظاهر)، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیر و شاندەکەی دەکەم، دیارە قسەی من لەسەر ماددەی (٧) هەرچەندە لە خاڵی یەکەم دەڵێت بە پێی ڕێنمایی دواجار ئەو بڕە دیاری دەکرێت کە وەکوو سزا بۆ ئەو کەسانەی کە زێدەڕۆیی دەکەنە سەر سیستەمی کارەبا، بەڵام لە خاڵی دووەم دەڵێت وەزیر بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ڕێژەیەك لەو پارەیە کە دەگەڕێتەوە دیاری دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە ئاشکرای زێدەڕۆیی کارەبا دەکەن، من پێم باشە لەگەڵ ئەوانەش کە ئاشکرایی زیادەڕۆیی بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا دەکەن وە ئەو تیمەشی کە دەردەچن لە وەزارەتی کارەبا لە بنکەکانی کارەبا دەچن بەجێهێنانی ئەو فەرمانانە دەکەن کە وەزارەت یاخود بەڕێوەبەرایەتیەکان پێیان دەسپێرێت، چونکە زۆر جار ئەو تیمانە تووشی هەڕەشە و لێدان وگرژی دەبنەوە ئەوانەش پێویستە لەسەریان کە پاداشت بکرێن چونکە مەترسیشیان لەسەر گیانیان هەیە کە کارەبا مەترسی تەندروستییان لەسەر دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، تێبدایە دەڵێت ئاشکرا کردنی زێدەڕۆیی و لابردنیان، کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) بڕگەی پێنج هاتووە دەڵێت پێویستە لە سەر وەزیر داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکات کە لە دەرئەنجامی زیادەڕۆیی بە پێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکانی هەرێم، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر هاتوو وەزارەت زیانی هەبوو نەك هاووڵاتی یاخود هەر پڕۆژەیەك بە چ شێوەیەك تەعامول لەگەڵ ئەو حاڵەتە دەکرێت؟ بۆ نمونە پڕۆژەی کشتوکاڵی هەیە کاتێك کە پڕۆژەکە تەواو بووە مۆزەفی وەزارەتی کارەبا هاتووە بە پڕۆژەی بازرگانی ناوزەندی کردووە لە کاتێکدا وەحدەی کارەبا بۆ پیشەسازی یا خود بازرگانی وەحدەی بە (١٣٠) سەد و سی دینارە بەڵام بۆ پڕۆژەی کشتوکاڵی (٣٠) سی دینارە واتا فەرقی هەر وەحدەیەك (١٠٠) سەد دینارە، دە دانە ساڵی ڕێکە ئەو پڕۆژە کشتوکاڵییە بەو شێوەیە پارەی داوەتە حکومەت و وەزارەتی کارەبا، ئێستا

ماوەی سێ مانگێکە زانیاریم هەیە گەڕاندیانەتەوە بۆ کشتوکاڵی و وەحدەی کراوە بە (٣٠) سی دینار، ئایا بڕی ئەو دە ساڵە کە پارەی زیادی داوە بە وەزارەتی کارەبا بە چ حاڵەتێك بۆی دەگەڕێنێتەوە؟ لێرە خاڵێکی تر ئەگەر ئیجازەم پێ بدەی، هەر هەمان هاووڵاتی پڕۆژەی بازرگانیشی هەیە یا خود پیشەسازی لەو پڕۆژە قەرزاری وەزارەتی کارەبایە، ئایا دەکرێت بەراوردێك بکەی لە قەرزی ئەو زیادە کە لە لای وەزارەتە ئەو قەرزەی بۆ بەدل بکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودا، بەخێر هاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، لە ماددەی (٧) دەڵێت هەر کەسێك زێدەڕۆیی بکاتە سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت، هیچ ماددەیەك هیچ شتێك دیاری نەکراوە کە پارەکە چەندە، یەعنی هیچ ناڵێت مەسەلەن پارەکە سەد دۆلارە دوو سەد دۆلارە، لەبەر ئەوەی کارەبا جەنابی وەزیر دەزانێت خەتی (ضغط عالی) هەیە خەتی دیکە هەیە کە زەربەی چەند دەکەوێت، خاڵی پێنجەم دەڵێت لە سەر وەزیر داوای قەرەبوو بکات، وەزیر یان وەزارەت؟ خۆ ئەو وەزیرە بۆ خۆی داوا ناکات دەبێت وەزارەت داوا بکات نەك وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە ئێمە دەنگمان داوە لە سەر ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی تایبەتمەند ئامادەی کردووە و ڕاستاندنی بۆ کردووە لە لایەن لیژنەی قانونی، بەڵام من پێم باشە ماددەی (٧) بڕگەی یەکەم بکرێتەوە بە هەمان ئەو پڕۆژەی کە سەرەتا ئێمە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە بە هەمان شێوە بەو پێیەی کە پێبژاردنەکە بڕەکە دیاری کراوە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزارەکە دیاری کراوە، من جارێکی نایخوێنمەوە چی لێ بکرێت، بەڵام بکرێتەوە سەر هەمان داڕشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لیژنە قسەتان هەیە؟ سەبارەت بەو ماددەیە بە گشتی بۆ گۆڕیوتانە؟ ڕوونکردنەوە بدەنە ئەندامانی پەرلەمان، کاك عەلی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قەرەبوو ئێمە فکرەیەکمان هەبوو زۆریش موناقەشەمان کرد، دانانی بڕ لە هەموو لەحزەیەکدا تووشی گرفت دەکات لە قانون چونکە ئەگەری گۆڕانکاری هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە بەهای دراوە، لەوانەیە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار ساڵێکی تر بەهاکەی بگات بە (٦٠٠$) شەش سەد دۆلار یا کەم بێتەوە یا خود نەخێر سێ سفر لە پارەکە دەهێنرێتە خوارەوە سێ سفر زیاد دەکات، ئەم سەلاحییەتە داومانە بە وەزارەت لە زووترین کات ڕێنمایی دەربکات،

چـونکه عەمەلـیەی دەسـتکاری کردنـی ڕێنمـایی عەمەلیەکـی خێـرایە ئەنجـومەنی وەزارەت کـۆ دەبێتەوە لە لەحزەیەك بە پێـی ئەو دۆخەی هەیە وە لە ڕووی قانونیشـەوە پرسـیارمان کـرد هـیچ گرفتێکی نییە، بۆیە فکرەکەی ئێمە ئەوە بوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی (٧) بـڕگەی یەکەم سـەبارەت بە زێـدەڕۆیی، بـابەتی زێـدەڕۆیی لە هەرێمـی کوردستان لە سەر تۆڕەکانی کارەبا بابەتێکی بچووك نیـیە بـابەتێکی گەورەیە ئەو ڕێـژە ون بـووە لە وزە کە نـزیکەی (٤٤%) شـتێکی لەو جـۆرە بەشـێکی گەورەی بە هـۆی زێـدەڕۆییەوەیە، وە خەڵکانێك کە ڤێڵابە نایاسایی دەکەنەوە دوایی بە نایاسایی کارەبا رادەکێشن تەجـاوزێکی گەورە دەکەن، بۆیە من پێم باشە ئەم دوو لیژنە بەڕێـزە لەم بـڕگەی یەکەم تۆزێـك ڕوونکـردنەوەی زیـاتر بـدەن مەسـەلەن زێـدەڕۆییەکان چـی بـن وە جـۆری سـزاکان چـۆن بێـت قەیناکـات بـا هەر بە ڕێنماییەك بڕی سزاکان دەستنیشان بکرێت، بەڵام کارێکی باشە لە رویـی تەکنیکیـیەوە بـۆ ئەوەی کارمەندی وەزارەتـی کارەبـا بەرچـاو ڕوون بێـت کـامە زێـدەڕۆییە بە دوو سێ بـڕگە ئێـوە مـادام پێداچوونەوە بەم پێشنیازە یاسایە کردووە بە دڵنیاییەوە دەتـوانن بـڕگەی بـاش لەم بـارەوە زیـاد بـکەن ئەگەر بشـفەرموون ئـێمە لە خزمەتـانین لەو ڕووەوە پێشـنیارتان دەخەیـنە بەردەسـت بە نووسراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆرە گلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) سەبارەت بە خاڵی یەکەم دەڵێت بە پێبژاردنێك سـزا دەدرێـت لێـرە لە خـاڵی چـوارەم دەڵێـت ئەوسـزایانەی لەم مـاددەیە هـاتوون، هـیچ سـزایەك دیـاری نەکـراوە ڕێگـر نـابن لە سـزای توونـدتری هـاتوو لە یاسـا بەرکارەکـان، بـۆیە نـازانم ڕوونکـردنەوەیەکم دەوێـت لەو دوو مـاددیە مەسەلەن دەڵێت ئەو سزایانەی لەو ماددەیە هاتوون، بەڵام هیچ سزایەك لێرە دیـاری نەکـراوە، وە بە نیسبەت بڕگەی دووەم دەڵێت وەزیر بە ڕەزامەنـدی ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێـم بـۆی هەیە ڕێـژەیەك لەو بـڕە پـارانەی لە پێبژاردنـی زێـدەڕۆیی لە سـەر سیسـتەمی کارەبـا و تۆڕەکـانی وەرگیـراون تەرخـان بکـات بـۆ ئەو کەسـانەی کە راسـپێردراون بە ئاشـکراکردنی زێـدەڕۆیی و لابردنیـان، ئایـا لێـرە مەبەسـتی تیمـی وەزارەتە یـا ئەو کەسـەی هەواڵ دەدات کە ئەو زێـدەڕۆییە هەیە؟ چونکە ئەگەر مەبەسـتی کەسـەکە بێـت بەس زێـدەڕۆییەکە دەگـرێتەوە، ئەگەر مەبەسـتی تیمی وەزارەتی کارەبا بیت زێدەڕۆیی و لابردنی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا مەلا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) لە بڕگەی یەكەم پێشنیار دەكەم ئەوە زیاد بكرێت هەركەسێك سروشتی بێت یان مەعنەوی، چونكە جار هەیە كۆمپانیـایەك دەزگـایەك زێـدەڕۆییەكە دەكـات، هەروەهـا لە دێری دواوەش كە وەزیر لە سەر پێشـنیاری ئەنجـومەن یەعنـی ئەنجـومەنی وەزارەت وابـزانم لە كـۆی گشـتی یاسـاكەش ئەنجـومەنی وەزارەت هـاتووە پێشـنیار دەكەم وشـەی ئەنجـومەنی وەزارەت زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینییەكی گشتیم هەیە لە سەر یاساكە ئەویش تێكەڵاویـیەك هەیە لە یاسـاكە ئەگەر بەش بەش بكـرایە بـۆ نمـوونە بەشـی یەكەم پێناسـەكان بەشـی دووەم ئامانجەكـان بەشـی سـێیەم هەتـا ئەخیری، چونكە یاسا هەمووی تـێكەڵاوە لە سـەر یەكە جیـا نـاكرێتەوە ئـاوا باشـتر دەبـوو، خـاڵی دووەم بە نیسبەت ماددەی (٧) بـڕگەی یەكەم لەگەڵ بـڕگەی دووەم لەگەڵ بـڕگەی چـوارەم باسـی سزا دەكات ئەمە گرفتێكی یاساییمان بـۆ دروسـت دەبێـت كاتێـك كە فەرزی غەرامە تـۆ دەدەیـتە دەست وەزیر لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزارەت وە بە موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران، ئایـا بە پێی قانون وەزیر دەتوانێت بە ڕێنمـایی فەرزی غەرامە بكـات؟ حەتـمەن ناكـات یەك حاڵەتمـان هەیە ئەویش لە یاسـایی هـاتووچۆیە كە ئەویـش مەئلـوف نیـیە ئەصـل وایە قـانونی بێـت، ئـێمە یاسـایی بەركارمـان هەیە یاسـایی وەرگرتنـی قەرزەكـانی حكومەتمـان هەیە یاسـایی سـزاكانمان هەیە كە سزاكانی هەموو دیاری كردووە تا گرفتی بۆ ئێمەی پەرلەمانتار درسـت كـردووە نازانێـت ئەو یاسایە راستیش دەكات مەسەلەن دیار نییە تۆ بڕەكەت دیـاری نەكـردووە لە بـڕگەی چـوارەم چۆن دەیهێنیـت بە هەمـان شـێوە، لەبەر ئەوە پێمـوایە هەر وەكـوو لە مـاددەی (١) بـڕگەی شـەش باسی سزاكان كرا ئەم یاسایە یاسایەكە بۆ ڕێكخسـتنی هەیكەلـی وەزارەت وە یاسـایەك نیـیە بـۆ ڕێكخسـتنی سـلوكی هـاووڵاتی مەئلـوف نیـیە لە یاسـایی وەزارەتەكـان ئەم جـارەش دەڵـێم سـزا هەبێت ئەكرێ رجوع بكرێت بۆ یاسا بەركارەكان خۆشـمان لەو كێشـە یاسـایە رزگارمـان دەبێـت و كۆتایی پێ دێت، خاڵی پێنجەم دەڵێت پێویستە لەسەر وەزیر داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بكـات كە لە دەرئەنجامی زیادەڕۆیی بە پێـی حوكمەكـانی یاسـا بەركارەكـانی هەرێـم، لە دوایـی وشـەی وەزیر بۆ ئەوەی شتەكە حەسڵ نەبێت لە سەر وەزیـر دوایـی لە تەتبیقـات كێشـەمان بـۆ دروسـت دەكات دەتوانین بڵێین وەزیر و بەڕێوەبەر گشتییەكانی پارێزگاكە و یەكەی ئیـدارە سـەربەخۆكان بە پێی تایبەتمەندی، ئەوەی بۆ زیاد بكەن و داوای قەرەبوو بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەبارەت بەو ماددەیە هەر لە بیـدایەتەوە مـادەیەكی جەدەلـی بـوو كە پـڕۆژە یاساكە هات بۆ پەرلەمـانی كوردسـتان، وە ئـێمە لەگەڵ وەزارەت قسـەمان كـرد وابـوو كە بـابەتی سزا دەبێت یا بۆ پاراستنی تەحتیـەی كارەبـا لە هەرێمـی كوردسـتان چـۆن پێشـنیازە یاسـایەك لە

پەرلەمانی کوردستان تەبەنی کرا بۆ پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، واتا ژێرخانی ئاو وئاوەڕۆ ئەسڵ ئەوەیە کە حەقە پێشنیازە یاسایەك یا پرۆژە یاسایەك بۆ پاراستنی ژێرخانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت بە هەمان شێوە، بەڵام دیارە ئەو کاتەی کە بەڕێز وەزیری کارەبا هاتبووە لیژنەی تایبەتمەند ئەوان لە لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ئەم سیغەیە رێککەوتبوون بۆ خۆشم ئێستاشی لەگەڵ بێت وەکو قانوونییەك، بەڵام ئەندامێکی پەرلەمانم وەکوو بەڕێزتان باوەڕم وایە کە ئەو ماددەیە ئەوە شوێنەکەی نییە، بەڵام ئەوە دوا جار پەرلەمان بڕیاری لەبارەیەوە دەدات، دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك یاسین و ئاشنا خان و بەڕێزیشت دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

لێرە ئەو پێبژاردنەی کە بۆ سەرپێچیکار دانراوە ساڵی (٢٠٢٠) لەگەڵ کاك حاجی سفین و کاك شوان زراری کە ئەو کات سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ بووم پۆلیك لە جووتیارانی بەرانەتی سەردانیان کردین بۆئەوەی کەوا تەنانەت مانگێك کارەبای سەرپێچییان راکێشاوە بۆ ماوەیەکی کاتی (٢٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن غەرامە کرابوون، ئەو شێوازە سەرپێچی کردنە جەنابت وەزیری چۆن تەخمین دەخات سەرپێچییان بکات، دووەم حەز دەکەم بە راستی ئەو کەسانەی قەرزاری وەزارەتی کارەبان لەو پاشەکەوتی مووچەیە بە راستی بۆیان هەژمار بکرێت و بۆیان رێك بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) خاڵی دووەم دەڵێت وەزیر بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆی هەیە رێژەیەك لەو برە پارانەی لە پێبژاردنی زیادەڕۆیی بۆ سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی وەرگیراون تەرخان بکات بۆ ئەو کەسانەی راسپێردراون بە ئاشکرا کردنی زیادەڕۆییەکە، ئایا ئەو کەسانەی راسپێردراون خەڵکی ئاساییە یان کارمەندی وەزارەتی کارەبان؟ ئەگەر کارمەندی وەزارەتی کارەبان ئەوە ئیشی خۆیانە و بۆ پارەیان پێ بدرێت ئەگەر خەڵکی تریش بن ئەوە جودایە، ئیشی کارمەندی کارەبا ئەوەیە بەدوایی زیادەڕۆیی بچیت و بیبڕیت، پێشنیار دەکەم ئەو پێدانی پارەیە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن برای بەڕێزم کاك مەلا ویسی کران و پشتگیری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددەیێ (٧) برگا ئێکێ یێ گوتی هەر کەسێك زێدەڕۆیی بکاتە سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت، ل ڤێرێ سەبارەت ب زێدەڕۆیی سەر سیستەمێ کارەبا ئەڤە چەندین ساڵە زێدەڕۆیی سەر سیستەمێ کارەبا دهێتە کرن، ئو کەسێن باڵا دەست ب چەندین رێکان کارەبا دزییە و کێبلێن ژ هەمییا ب هێزتر و پتر دبنە ب هەدەر دانا وزا کارەبێ بکار ئینایە، ئو ئەڤە ژی هەمی ژ بۆ مەزرەعێن وان و جهێن وان یێت گەشتیاری هاتنە بکار ئینان، ل ڤێرێ من دوو پرسیار بۆ جەنابێ وەزیرێت پەیوەندیدار هەنە بزانین کوو دەمەك درێژ دڤێت تا ئەڤ زێدەڕۆییە نەمینیت لێ ل دەمێ جەنابێ وەزیری بوویە وەزیرێ کابینێ نەهێ یێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەرێ ئەڤ زێڕۆییا دهێتە کرن تا چەند وەکوو وەزارەت هین شیاینە دەست سەردا بگرن و وێ رێژا کارەبا زێدە بۆ مولکێ گشتی ڤەگەڕینن؟ ئەرێ هەتا نوکە کەس ژ وان سەرپێچیکاران هاتینە سزادان یان ژی هەر بەردەوامن سەر وێ دیاردی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٧) بڕگەی یەکەم هەر کەسێك زێدەڕۆیی بکانە سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت، منیش هەمان تێبینیم هەیە کە جۆر و ڕێژەی سزاکەی لێرە دیاری نەکردووە، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی بەڕێزان کاك یاسین و ئاشنا خان و سەرچنار خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە گرنگە سەبارەت بە زێدەڕۆییەکان من لەگەڵ ئەوەم پڕۆژە یاسایەك یا پێشنیازە یاسایەك چۆن بۆ پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو کرا بە هەمان شێوە بۆ وێستگەکانی کارەبا و تۆڕکانی کارەبا بکرێت تا ئەو کاتە من لەگەڵ دەرکردنی ڕێنماییەکانم، بەڵام پێشنیار دەکەم پاشکۆ بکرێن بە خودی یاساکە تا ئەو کاتەی پڕۆژە یاسایەك دەبێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەمی ماددەکە ئەوەی کە بەشێك لەو پارانە تەرخان بکرێت بۆ ئەوانەی کە ئەو زیادەڕۆییانە دەبڕن هەست دەکەین ئێمە لە چەند یاسایەك ئەو پاداشتە بەو کەسانە دەدرێت بە تایبەتی لە یاسایی مادده هۆشبەرەکان و هەروەها بە یاسایی پاراستنی بنچینەکانی ئاو، من لەگەڵ ئەوە نیم فەرمانبەری گشتی بە راستی بەو شێوە پادشت بکرێت کە ئەرکی سەرەکی خۆیەتی وەکوو فەرمانبەرێکی گشتی، لە بری ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم لە هەر فەرمانگەیەکی کارەبا هۆبەیەك

یان بەشێك بكرێتەوە كە تایبەت بیت بە سەرپێچییەكان بێت و لەوێ دەرماڵییەكی تایبەت بۆ ئەو فەمانبەرانە یان پداشتێكی تایبەت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی كە لە بەشی لابردنی سەرپێچیەكان و كاركردن لەو هۆبەیە دەكن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، دكتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، ئاخفتنێت من ژ لایێ پەرلەمانتار خوشكا سەرچنار هاتنە كرن و پشتگرییا وێ دكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دكتۆر شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەكانی كاك یاسین و مامۆستا عمر و مامۆستا سەرچنار دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان لە لیژنە ئێوە قسەتان نییە؟ بەڕێز وەزیری كارەبا ڕێگە بە لیژنە دەدەین دوایی ڕێگە بە بەڕێزتان دەدەین، چونكە گۆڕانكارییەك كراوە، بەڵێ كاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویست بوو لە سەر ماددەی (٥)یش تەوزیح بدەین لەوێش باسی كەس كرا زۆر جار باس دەكەین ئەگەر كەس هات دەستەواژەی كەس بە تەنیا موعەرفە لە قانوون كەواتا كەسی سروشتی و مەعنەوی دەگرێت بە نسبەت قەرەبووش هەرەوها، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم مەسەلەی سزا و غەراماتانە ئەوە لە یاسایی تۆڕ و بنچینەكای ئاو و ئاوەڕۆشدا ئەو مەوزووعە زۆر گفتوگۆیی لەسەر كرا لەوێش تەوزیحماندا ئەگەر تەماشایی سیستەمی یاسایی عێراقی بكەین ئەمە بوونی هەیە ناڵێم باشترە، بەڵام بوونی هەیە وە ئێستاش ئەگەر جەنابی وەزیریش پێی باش بێت قسەی جەنابت سەرۆكی پەرلەمان مەنتقی تێدایە ئێستا ئەگەر مەعقول بێت دەتوانین ئەمە هەڵبگرین ئەگەر وەزارەت و جەنابی وەزیر تەوزیح بدات ئەگەر بە نیاز بن مانگێك دوو مانگی تر پرۆژە یاسایەكی تر تایبەت لەسەر غەرامات و ئەو جۆرە سزا و غەراماتانە كێشەمان نییە، بەڵام كە ئێستا هاتۆتە لای ئێمە ناتوانین وەكو لیژنە یاسایی رەفز بكەین بۆ؟ چونكە پێش بیست ڕۆژ مانگێك نەبووە یاساییەكمان پەسند كردووە بەم شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز لە لیژنەی پیشەسازی بەڕێزان كاك عەلی قسەت هەیە؟ تەواو ڕۆژان تۆ دەستت بەرز كردەوە؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر دەستم بەرز کردەوە هەر تێبینییەکانی خۆم بڵێم نەك وەکو لیژنەی یاسایی، هەر لە سەر هەمان بڕگە بڕگەی یەکەم تێبینیم هەبوو، وە بە رای منیش ئەم یاسایە یاسایەکی سزایی نییە لەبەر ئەوەی یاسایی سزاکان هەیە پێویستە ئەم بڕگەیە لابرێت بە هەمان شێوە بڕگەی شەشەم لە ماددەی دووەم لابرێت لەگەڵیدا، وە لە حاڵەتی مانەوەشی لە یاساکە پێبژاردنەکان دیاری بکرێت یاخود ئەوەی بە ڕێنمایی نووسراوە بڕ و ڕێکارەکەی بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز وەزیری کارەبا فەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز کمال محمد صالح / وەزیری کارەبا:**

زۆر سوپاس، ب ڕاستی ئەڤ بابەتە مە د ڕێنماییادا جهێ بۆ کری ئەڤە ئێك، ئو ئەڤ ڕێنمایییە ل عێراقێ ژی تەبعەن یێت هەبووینە مە وەکوو وەزارەتا کارەبا هەرێمێ ل ساڵا (٢٠٠٧) هەبوونە و ساڵا (٢٠٠٨) یێ هاتییە هەموار کرن ئو ل ساڵا (٢٠١٨) وە ئەڤە ئاخر نوسخا ژ (قانون وقايع الكوردستان) ل (٢٠١٩) ئەڤە یێ هاتییە ڕێکخستن، سەبارەت ئەڤە چت گریت ئەوێ سەرپێچیێ ئەڤە نە هەر هاوبەشەك دێچیت ئەوا سزایا تنێ ئەوە ئەوێ سەرپێچی ل سەر تۆڕێ کری، سەرپێچی ژی هەتا سەرپێچیێ فەرقە گەلەکا بەحسێ ئەو (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هزار پێ باشە، تەبعەن دیڤ ڤا ڕێنماییا چ سزایێت مە ژ (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هزارا نابووریت بۆ ماڵا ئەگەر (single phase) بیت (٦٠٠٠٠) شێست هزار دینارە بۆ پیشەسازی (١٠٠٠٠٠) سەد هزار دینارە بۆ کشتوکاڵی (٧٥٠٠٠) حەفتێ و پێنج هزارە ئەگەر (three phase) بۆ ماڵا (١٢٠٠٠٠) سەد و بیست هزار دینارە پیشەسازی و بازرگانی و میری (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هزار دینارە کشتوکاڵی (١٥٠٠٠٠) سەد و پێنجە هزار دینارە، بەس یێ دیترێ یێت مینیت ئەڤێت سەرپێچیێت مەزن دیڤ حەجمێ محاویلێ یێ هەی کابرایەکێ محاویلەکا (٢٥٠) یا بری ب سەرپێچی بۆ هەر کەیڤییەك ئەوا (٢٥٠) بیت (١٠٠٠) هزار دینار یێت هاتینە دەستنیشان کرن، مە گۆتی (١٧٠٠٠) هەڤدە هزار سەرپێچی د ڤێ کابینێ مە یێت راکرین وە نزیکی چار ملیار دینارا یێ هاتینە سزادان ئەگەر سزایەك نەبیت مانە غایەت ژ عقوبێ چییە؟ ئینتقام نینە ئیسلاحە ئەڤە ژێرخانەیەکە تشتەکێ نیشتیمانییە دێ تەجاوز ب ساناهی سەر هێتە کرن، شەڤ سزایە چەوا تێتە دابەشکرن تەبعەن مە موافەقا ئەنجومەنی و گەل وەزارەتا دارایی یا هەی (٣٠%) سی ژ سەدێ بۆ گەنجینا حکومەتێ ڤەتزڤریت ئەڤ سزایێت هەنێ یێت مە بەحس کری ئو (٧٠%) حەتێ ژ سەدێ بۆ ئەو کارمەندێن دژن ئەو سزایا رادکەن زائیدەن ئەو موخبرێت ئیشارەت دای مەسەلەن چێت بیت ژ دەرڤەی وەزارەتێ کابراییەك دێهێت بێژیت مەزرەعا فلان کەسی تەجاوزە وەختێ چن برن تەبعەن ئەگەر (single phase) بیت مە گۆت (٦٠٠٠٠) شێست هزار دینارە یەعنی (٣٠%) سی ژ سەدێ هندەك بۆ موخبرییە هندەك بۆ ئەو تیما چیت وەرگریت، یەعنی ئەگەر بۆ نمونە ئەم بێژین ئەو (٦٠٠٠٠) شێست هزار دینار (١٨%) هەژدە ژ سەدێ بۆ گەنجینێ زڤریت (٤٢٠٠٠) چل و دوو هزار دینار بۆ ئەڤێ تیمێ ئەو تیم ژی سایەقی فەنییە ئەوێ دەرجکێ بۆتگریت وە زائیدەن موخبر، بەڕێزان ئەگەر پاداشتەك بۆ ڤان نەبیت کەس ناچیت خۆ بکەتە نەخۆش مرۆڤ وەڵاهی یێ هەی ب

غەدارێ تێتە کارمەندی ناهێلیت ڤێ تەجاوزێ راکەت، مە یێ هەبووی مە نەڤێت ناڤا بێژین یێ هەبووی ل سەنتەرا پارێگەهی یێ دەرەجا دا هاڤێتی پێت وی یێ شکاندی، ئەگەر پاداشتەك بۆ ڤی تیمی نەبیت نەبیت کەس ڤی شۆلی ناکەت، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی ئەز بێژم ئەڤ ڕێنماییە گەلەك ت وازحن و گەلەك ژ وی رەقەمی ژی کێمترە یەعنی چ سزا ژ (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هزار دینارا ناتێپەڕ بیت، ڤێجا ئەز بێژم ئەو رەقەمێ مە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هزار دینار هاتییە دەستنیشان کرن تشتەکێ باشە کو ئەڤ ڕێنماییە جێبەجێ بین پتر د مەسڵەحەتا هاوولاتی دایە ژێ، بەس ئەوێت مینیت ئەو تەجاوزا هاتییە کرن بۆ دوو ساڵا تێتە حسابێ چێت بیت کابرا چار ساڵا تەجاوز کربیت بەس کرێیا دوو ساڵا دێ سەر وی هاوولاتی دێهێتە حسابێ، وە ئەڤ سزایە تنێ سزایەکا ماددییە نە چ سزایێت دیترێ گەل هەنە، لەوما مە ب فەر دیت کو ئەم ئەڤی بابەتی د ڤێ یاسایێ جێ وێ بکەن دا ئەم پتر بشێین ئەڤی سامانی بپارێزین، چونکی ئەڤ سامانە سامانێ مە هەمیانە ئو پێنەڤێت ژی ئەم نەرمیێ دەرحەقێ سەرپێچیکارەکێ بدەین بلعەکس مەفروزە چونکە ئەڤە مافێ خەلکییە ئەم ڤی مافێ بزڤرینین چ نەبیت ب ڤان سزایا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوایی ئەوە ئەگەر کەس نەماوە.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨)

یەکەم: ئەنجومەنێك لە وەزارەت پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی وەزیر و ئەندامێتی هەر یەك لە:

١ - بریکار دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.

٢ -راوێژکارەکان.

٣ -بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت.

٤ -هەر شارەزایەکی پسپۆڕ کە وەزیر لە ناوەوە یان دەرەوەی وەزارەتەوە دەستنیشان دەکات.

دووەم: ئەنجومەنی وەزارەت دەربارەی ئەو کاروبارانەی خوارەوە گفتوگۆ دەکات وە بڕیار و ڕێنمایی و راسپاردەی پێویست دەردەکات:

١ -ڕێکخستنی سیاسەتی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەشکردنی وزەی کارەبا، وە دانانی پلانە ستراتیژییەکان.

٢ -ڕێکخستنی وەبەرهێنان لە بواری کارەبا.

٣ -ڕێکخستنی پەیکەر وە ئەرك و وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ئەو ماددەیە لە بابی سزاکان یاسایی پاراستنی تۆڕەکانی ئاو جیاوازە لە یاسایی وەزارەتی کارەبا، سبەینێ پڕۆژە یاسایی وەزارەتی پەروەردەش دێت پێش یەعنی ئەمە یاسایی

وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم هەموو یاساکانی وایە هەر بە یاسا کۆنەکەشی کە ئێمە ئیلغامان کردۆتەوە ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦) هەر نۆ ماددەکە هیچ باسێکی سزایی تێدا نییە، ئێمە لەگەڵ سزا نین، بەڵام لە شوێنی خۆیدا لە رووی قانونیەوە بە قەناعەتی من کێشەمان بۆ دروست دەبێت وە جێگای نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ رەئییە و ئەوە لیژنە هەیە و دوایی دەخەینە دەنگدان ئێمە رەئیمان وتووە وەکو قانوونی، قسە لەسەر ماددەی (٨) دەکەی یا جواب دەدەیەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆیی ئەم بابەتە (مال العامە) خۆمان دەزانین چەند سەرپێچی دەکرێن لە سەر کەرتی کارەبا ئەگەر بچێتە مەحکەمە عەمەلیەی مەحکەمە زۆر متەوەڵە بدرێتە وەزارەت ئەو سەلاحیەتە تەنها بۆ غەرامە کردن ئەمە باشترە خۆی لە قانوونی عێراقیش وەختی تەعدیلیان کرد هەر لەبەر ئەو ماددەیە بوو دەبێت ئیزافە بکرێت نەچێتە مەحکەمە، چونکە مەحکەمە عەملیەکە دوور و درێژتر دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو کەسانەی لە سەر ئەو ماددەیەی کە گلیزار خان خوێندییەوە دەیانەوێت قسە بکەن فەرموون دەست بەرزبکەنەوە، (مامۆستا ابوبکر، شیرین خان، دکتۆرە شایان، ئاشنا خان، کاك یاسین، حسیبە خان، کاك حاجی سفین، کاك چیا، کاك ارشد، کاك بەختیار، کاك مەلا ویسی) کەس هەیە نەمان نووسی بێت؟ (مامۆستا عمر)، کاك بختیار فەرموو.

**بەڕێز بەختیار شوکری سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) ئەنجومەنێك لە وەزارەت پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی وەزیر و ئەندامێتی هەر یەك لە بریکار و راوێژکارەکان بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت، چوارەم نووسراوە هەر شارەزایەکی پسپۆڕ کە وەزیر لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وەزارەت دەستنیشان دەکات، لێرە هەیئەت لە سەر ئەساسی موتڵەقی نە لە سەر ئەساسی حەسری یەعنی دیاری نەکردووە دووە؟ سێیە؟ پێنجە؟ پەنجا کەسە؟ پێم باشە ئەو ماددەیە تێدا دیار بکات ئەو شارەزایانە چەند کەس بن، بە نیسبەت راویژکارەکان بە خۆی چوار راوێژکاری هەیە ئایا ئەو هەر چوار راوێژکارە دەبنە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە یان بەشێك لێیان؟ بە عامی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت کاك بەختیار، کاك ارشد فەرموو.

**بەڕێز ارشد حسێن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لە سەر خاڵی چوارەم لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨) قسە دەکەم پێموایە لە خاڵی دووەم راوێژکاران هەیە دەتوانن راوێژکارەکان ئیختساسیان بدرێتێ وە موختەستر بن لەوە، ئەو

بڕگەیە هەر لابدرێت کە شارەزایەك لە دەرەوە یان لە ناوەوەی وەزارەت دەستنیشان بکرێت، چونکە خۆی چوار راوێژکاری هەیە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بریکاریش هەیە، دەست خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٨) بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێك پێویست دەکات زیاتر لە راوێژکارێکی هەبێت لە خاڵی دوو نووسراوە راوێژکاران لە هەمان کاتدا لە خاڵی چوار هەر شارەزاییەکی پسپۆڕ کە وەزیر لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وەزارەت دەستنیشان دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەین کە راوێژکاران بکرێت بە راوێژکارێك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دوو منیش پێشنیار دەکەم کە راوێژکاران بکرێتە راوێژکارێك لە وەزارەت، وە لە خاڵی چوار پشتگیری بەڕێز کاك بەختیار دەکەم وە پشتگیری شیرین خانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دکتۆرە، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی وەزارەت ئەنجومەنێکی گرنگە دەتوانێت زەمانی دەرکردنی بڕیاری دروست و پلانی دروست و ستراتیژی دروست بۆ وەزارەت بکات، وە لەبەر ئەوەی زۆرینەی پرۆسەکانی کارەبا لە بەرهەمهێنانی وە لە گواستنەوش پەیوەندیدارن بە دۆخی ژینگە و تەندروستی هاووڵاتیان، من پێشنیار دەکەم ئەندامێك بە نوێنەرایەنی دەستەی ژینگە ببێتە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ئەندامە هاوکاری ئەم ئەنجومەنە بێت لە سەرجەم بڕیار و پلانەکانیان رەچاوی بابەتە ژینگەییەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس مامۆستا عمر، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش سەرنجەکەم لە سەر پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنیە لە سەر خاڵی چوارەم تەبیعیە ئەنجومەن پشت بە پسپۆڕ و شارەزا ببەستێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئەنجومەنە رەسمی سیاسەتی وەزارەت بە تەولید و بە نەقل و وەبەرهێنان بە تەوزیع و ئەمانە دەکات ناکرێت ئەو شارەزا و پسپۆڕانە دواتر لە بڕیاردان بەشدار بن، چونکە ئەمە شتێکی نوقسانە دوایی دەبێ بوترێت کارەکانی ئەم ئەنجومەنە و بڕیاردان بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت، چونکە ئەمە هەر

راوێژكـاری نیـیە دەبێـت سـیغەیەكی هەبێـت بە زۆریـنە بە كەمیـنە بە چـی بڕیارەكـانی ئەم ئەنجـومەنە یەلایـی دەبێـتەوە، بـۆیە ئەگەر پسـپۆڕ و شـارەزاكانیش ئیسـتیعانەیان پـێ بكرێـت پشـتیان پـێ ببەسـترێت، بەڵام نابێـت بەشـێك بـن لە پێكهـاتەی بڕیـاردانی نـاو ئەنجـومەن، هەر ئەوانەی پێشـەوە كـافییە وەزیـر و بریكـاری وەزیـر و راوێژكـاران و بەڕێـوەبەرە گشـتییەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخفتنێت كو من ڤیا بێژم كاك بەختیار و كاك ارشـدی كـرن ئەز پشـتەڤانیا هەردووكـا دكەم ئەگەر جەنابێ تە روخسەت بدەت خالەكێ پەیڕوی بەحـس بـكەم، ب مخـابنی ڤە ئەم بەرێ خـۆ بـدەینە هۆلا پەرلەمانی نوكە من ژمـاردن نزیكـی شێسـت كەسـا ئامـادەی كۆمبـوونێ نیـنە جهـێ داخێـیە ئەڤ پرۆژە یاسایە ژیانا خەلكەكێ پێڤە گرێـدایە گەلەك جـارا خەلـكەك گازنـدێ دكەن گەنـدەلی و دزی هەمی هەیە پێتڤیـیە د وان پـرۆژە یاسـایا ئەم هەمـی ئامـادە بـین، بەس ئەز بەرێ خـۆ دەمە هۆلێ براستی جهێ داخێیە هەر كەسێك ژ مە ل دەستپێكا كۆمبوونێ خالەكێ پەیـڕەوی دكەت و بۆ موزایەداتێت سیاسی تشتەكی بێژیت و پشتی پێـنج دەقـا هـۆلێ تەرك كەت و دچیـت راسـتی جهێ داخێیە سەرۆكێت فراكسیۆنا هیڤیدارم بەرچاڤ وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەكەت دروسـتە هەمـوو جارێـك ئەمە دووبـارە دەكەیـنەوە بەڕێـزان سـەرۆكی فراكسـیۆنەكان ئاگادار دەكەینەوە كە بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بڵێن كە پابەنـدی دانیشـتنەكانی پەرلەمـان بن، چونكە دانیشتنی پەرلەمـان هەر ئەو نیـو سـەعاتە نیـیە كە شـتێكی تێـدا عەرزدەكرێـت كە بە ناوی خاڵی پەیڕەوی دانیشتنەكانی پەرلەمان دوایـی ئەوەش دەگرێتەوە كە ئەركـی پەرلەمـان بە تەنهـا یەك شـت نیـیە پەرلەمـان قـانون تەشـریع دەكـات و بـودجە پەسـند دەكـات وە چـاودێری حكـومەتیش دەكــات، لەبەر ئەوە دانیشــتنەكانی پەرلەمــان بەس نیــو ســەعاتی یەكەم نیــیە دانیشــتنی پەرلەمــان تــا ئەو كــاتەیە كە ئــێمە ئەو چەكوشــە لە مێــزەكە دەدەیــن و دەڵــێن كۆبوونەوەكـان تەواو بـوو، بەڵام ئـێمە نـاتوانین ئیجبـاری ئەنـدامانی پەرلەمـان بكەیـن كە دێـت غیاباتەكەی دەنووسێت و دەڕوات پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی منیش لە سەر ماددەی (٨) هەمان شتە راوێژكارەكـان وەكـو پێشـتر ئامـاژەی پێـدرا چـوار راوێژكـار هەیە دەبێـت ژمـارەكە دیـاری بكرێـت یـا خـود لایەنـی كەم ژمـارەی ئەنـدامانی ئەم ئەنجومەنەی كە پێك دێت دیاری بكرێت، چونكە لە خـاڵی چـوارەمیش دەڵێـت هەر شـارەزایەكی پسـپۆڕ كە وەزیـر لە نـاوەوە یـا لە دەرەوەی وەزارەت دەستنیشـان دەكـات، ئەمە رەهـایەتییەكی تەواو دەدات بە وەزیر كە لە ناوەوە وە لە دەرەوەی وەزارەت ئەو كاتە لەوە دەچێـت ژمـارەی ئەم ئەنجومەنە زۆر گەورە ببێـت، وەكـو كـاك ابـوبكریش وتـی پشـتیوانی دەكەم لە خـاڵی چـوارەم كە

باسی ئەوە کرد خۆ ئەمانە لە کۆتایی دەبێت قەرارێك بدەن، بۆیە ئەگەر ژمارەکە تاك بێت ژمارەی لیژنەکەش هەر دەبێت تاکیش بێت ئەگەر قەرار بێت بڕیاریان لابێت، وە پشتگیری قسەکانی خاتوو شیرین دەکەم وە خاتوو شایان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ئاشنا خان، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) هەمان یاسایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦)ە بەڵام هەندێك لە پێکهاتەکانی وەزارەت کەم کراوەتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ماددەکە وەك خۆی لە ناو ئەو یاسا نوێیە جێگیر بکرێت بەم شێوەیە، ماددەی (٨) ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت پێك دێت لە یەکەم وەزیر دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاری، دووەم راوێژکاران بە مەرجێك لە سێ کەس زیاتر نەبن، سێیەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت، چوارەم لابچێت یەعنی لە شوێنی چوارەم خاڵی پێنجەم نوێنەری وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ناو بێت کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، شەشەمیش نوێنەری وەزارەتی ژینگە ئەویش پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، وە لە بەشی دووەمیش دوایی زنجیرەی سێیەم خاڵێك زیاد بکرێت بەم شێوەیە، چوارەم لەسەر پێشنیازی وەزیر و بە بڕیاری ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت کرێی کارەبا دیاری دەکرێت بە مەرجێك ئەنجومەنی وەزیران پەسندی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس حسیبە خان، کاك مەلا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) ئەم ئەنجومەنە زۆر گرنگە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە گرنگە دەبینین زۆریش قەرەباڵغ بووە، بۆیە من لە سەر راوێژکارەکان پێم باشە بە مەرجێك دیاری بکرێت لە دوو راوێژکار زیاتر نەبێت، وە بەڕێوەبەر گشتییەکانیش نازانم مەبەستی ئایا بەڕێوەبەری گشتی پارێزگاکانیشە؟ ئەگەر ئەویش بێت ئەوا زۆر دەکات پێشنیار دەکەم ئەویش کەم بکرێتەوە، وە هەروەها لە خاڵی چوارەمیش هاوڕام لەگەڵ کاك بەختیار و کاك ارشد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەی کرا پشتگیری شیرین خان و ئاشنا خان و دکتۆرە شایان و کاك بەختیار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم ئەو پرسیارەم بۆ جەنابی وەزیرە، ڕێکخستنی سیاسەتی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەشکردنی وزەی کارەبا دانانی پلانە ستراتیژییەکان بە پێی ئەو بڕگەیە دەبێت خەڵکێکی شارەزا هەبێت پلانی هەبێت بۆ دابەشکردنی کارەبا

خیبرەی هەبێت چۆن ئەو کارەبایە تۆڕەکانی کارەبا محەتەکانی کارەبا دابەش دەکرێت ماوەیەك پێش ئێستا دە رۆژێك دەبێت لە محەتەی (جێژنیکان ئەفەندی) هاتن کارەبای (جێژنیکان ئەفەندی) کە پەنجا مەتر دوورە لە محەتەی کارەبا بە خۆی چل ماڵە دوو محاویلەی تێدایە هەستا دەستکاری کارەبایان کرد کارەبای (جێژنیکانیان) کردە دوو فیدەر محاویلەیەکیان خستەر سەر فیدەری محەتەی (جێژنیکان) محاویلەیەکیشان خستە سەر محەتەی موبایلی (بەرهەشتر) کە دە کیلۆمەتر دوورە لە (جێژنیکان ئەفەندی) تەلەفۆنم بۆ مدیری کارەبای کرد وەڵا غەلەتمان کردووە کاربرایەکیان داناوە مودیر کارەبای بەحرکەیە ئەسلەن خوێندەواری نییە، ئەسلەن هەر لە کارەبای نازانێت نازانێت چ دەکات شەو و رۆژێك لایەکی گوند بێ کارەبا کرد لایەکی تریش لەسەر (جێژنیکان) بوو، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم بەدواداچوونێك بکات بۆ ئەو مەبەستەی، پێمان باشە خەڵکی شارەزا خەڵکێك مودیر کارەبا بێت شارەزایی هەبێت لە تۆڕەکانی کارەبا و لە محەتەی کارەبا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری کارەبا بەڕێزتان یەك پرسیارم هەیە وەك ئەندامێکی پەرلەمان پرسیار دەکەم، چوارەم هەر شارەزایەکی پسپۆڕ کە وەزیر لە ناوەوە یا لە دەرەوەی وەزارەت دەستنیشانی دەکات، دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی وەزارەت؟

**بەڕێز کمال محمد صالح / وەزیری کارەبا:**

زۆر سوپاس، تەبعەن وەزارەتا کارەبێ پەیوەندی گەل چەندین وەزارەتا یێت هەین نە دبیتە ئەندامێ بەردەوام بۆ نموونە بەری هەیڤەکێ تەقریبەن دوو هەیڤە مەدەست ب محەتا شاوێس کر ئاسار ل وێرێ دەرکەتن ڤێجا مە کۆمبوونەك کر گەڵ مودیر عامێ ئاسار هاتن هەتا ئەو پارێ ئەو ئاسار مە دەرئێخست ژی مە وەکوو وەزارەتا کارەبێ مە یێ دای ئێدی بۆ وەحالەتان کە نەبێ هەمی جارا مەسەلەن دائیرەش شین وەڕا دگەل مەبی، یان بابەتەکی دی ترن مەسەلەن مەحەتەیەکن یێ دانن یێ دیجلە یێ غازییە ئەوی دی، یانی ئایا مەصدەرێ وقوت سامانێ سرووشتی دێتە مە، ئەرێ غاز هەیە مەحەتەیەکی غاز دانێم ئەرێ نەفتا ڕەش هەیە دانێم، بۆ ڤاستی ئیشارەتا یانی جار هەیە وەزارەتا زراعە بەژداربن گەل مە، جارا هەی ژینگە، جارا هەی سامانێ سرووشتی، جارا هەی ئاپار، بەس بۆ وا حالەتان هەی وەکیتر نەخێر، وەکو گەلەك پرسیار کرن حەدەدێ ڕاوێژکارا کم بکەن ڕاوێژکار تەبعەن مە گووتی چوار ڕاوێژکار هەن، هەریەك ژبۆ ئیختساسەکیە ئێك بەرهەمهێنانە، ئێك گواستنەوەیە، ئێك دابەشکردنە، ئێك کونترۆلە، تنێ وی بابەتی دا یانی ئەڤ ڕاوێژکارە گەل مە بەژدار ببی، بەس کەبابەتەکی ئەم بێژن یێ دابەشکردنێ پێ نەڤێت ڕاوێژکارێ یێ بەرهەمهێنانێ دگەل مە بەژداربی، یان بابەتەکی گواستنەوە پێنەڤێت ڕاوێژکارێ کونترۆلێ دگەل مە بیت ئەز بێژم گەلەك جار پرسیارا دووبارا هاتن دپەیوەندیا شۆلی، هەکە ئەڤ شۆلە پێویستی نێنەرێ ژینگەیێ ببی بێتن ڤێ گەل مە بیت، سامانێ سرووشتی بێتن ڤێ گەل مە بیت شونواردن ڤێ گەل مە بیت زراعە بیت ڤێ گەل مە بیت، ڕاوێژکاربی هەمان شێوەکانێ ئەڤ ڕاوێژکارە ئەڤ بابەت چ ئیختیصاص دایە وێرێ دگەل مە بی بەژداربیت تنێ مە هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەوەی پەیوەندی بە ڕاوێژکارەوەیە ئەو حەضەرەی برادەران باسیانکرد حەضەرێکی زۆر جدییە بەم دیکیۆمێنتەی خوارەوە کە ئەیخەمە بەردەست بەڕێزت وجەنابت ئەگەر وابێ، ئەگەر ئەو دەستکراوە زۆرە هەبێت خەتەرە بۆ، لە (٢٠١٤/٤/٥) وەزارەتی کارەبا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای(BP)کرد بە ساڵانەی حەوت ملیۆن و شەست و دوو هەزار دۆلار، بەپێی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی هیچ سوودێکی نەگەیاندوە بە وەزارەتی کارەبا ئەو گرێبەستانەشی کە لەم فەترەو زەمەنیەیا کراون هەمووی لەخزمەتی کۆمپانیاکە بووەو نەخراوەتە خزمەتی گشتی، خۆم لەساڵی (٢٠١٦) لەسەر ئەم گرێبەستە سکاڵام تۆمارکرد دوای ئەوە گرێبەستەکە هەڵوەشایەوە بە فەترەیەك دواتریش دوای ئەوە، بەڵێ لە ڕاپۆرتیشا ئەڵێ حەوت ملیۆن و شەست و دوو هەزار دۆلار زۆر زۆرە لە ساڵێکا بەبێ ئەوەی ئیستیفادە بکا، ئیستیفادەی ئەم پارەش بۆ کۆمپانیاکان بووە یەعنی لەکاتێکا وەزارەت ئەمساڵ بۆنموونەو ساڵی پێشتر بەبێ ئەم کۆمپانیا ڕاوێژکارییە خۆی هات ئەم گرێبەستانەی هەموو موراجەعە کردەوە نرخەکانی هەموو هێناوە بۆ نیوە بۆ خزمەتی گشتی ئێستا پێمان وایە وەکو لیژنە ئەو تاقانەی کە ئێستا لە وەزارەتی کارەبا هەن، دانیشتون لەگەڵیان مدیرعامەکان خۆیان هەموویان پسپۆڕن وەزیری کارەباو بریکارەکەشی پسپۆڕە لە کارەکەی خۆیانا چوار ڕاوێژکارەکەش پسپۆڕن لە بوارەکەی خۆیانا وە ڕۆژانەش لەگەڵ ئەم مەشاکیلانە ژیاون جیاواز لەوەی کۆمپانیایەکی بیانی کە نە لەواقعی کوردستان نە لەمەشاکیلەکان تێدەگات، بۆیە هیوامان وایە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵام بەڕێزتان سەرۆکی لیژنەی پیشەسازین وە ئێوە ڕاپۆرتان نووسیوە، کاك علی قسەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەمەی لەبەر دەستی ئێمەیە ڕاپۆرتی بەڕێزتان ولیژنەی قانوونی ڕاستاندوییەتی، ئەم حەزەرەتان هەبوو، ئەبوو لەوێ بەڕێزان بەلەبەرچاوگرتنی گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان وەڵامی بەڕێز وەزیری کارەبا، وە دوای ئەوەی کە خۆتان ڕێکدەکەون لەسەر سیاغەیەك ئەوە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرن، کە ئایا ئەندام دەبێت دەنگ ئەدات بەژدار دەبێت دائیمییە زەروورەتە ڕەقەمە، بەڵێ کاك دکتۆر بژار فەرمووو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر خاڵی چوار ئیزافە بکەین کەمافی دەنگدانی نییە ئەوە کێشەکە تەقریبەن حەل دەبێت، دوو ناتوانین یانی بڵێین ئەگەر ئەمەی ئیزافە نەکەین ناتوانین بڵێین نوێنەرێکی مەسەلەن دەستەی چاکردنەوەی ژینگە سامانە سرووشتیەکان، چونکە لە وەزارەتەکی تر بێت وەزارەتی کارەبا لەوێ دەنگیش بدات ئەوە ڕاستە مەعقوڵ نییە، بەڵام دەبێت ئیعتیادی بێت، چونکە

ئەنجـوومەنێکی ڕاوێژکـاری نیـیە لێـرە ئـی وەزارەتە، مـادام وایە دەبێـت بنووسـین کە مـافی دەنگدانی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس لەبەر ڕۆشنایی هەمـوو ئەو قسـانەی کە کـراوەو ئەو تێبینیـانەی کەکـراوە ئەوەی کە خۆتان ڕەئیتان هەیە بـۆ دوای جەژن کە ڕاپـۆرتەکە ئامـادە دەکەن بەجۆرێـك ڕێکـی بـخەنەوە کە ئەم بابەتانە لەبەرچاو بگیرێت، زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە ماددەی(٩).

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی(٩) وەزیـر بەگـوێرەی پێویسـتی وەزارەت بـۆی هەیە گرێبەسـت بکـات لەگەڵ ژمـارەیەك ڕاوێژکـارو شـارەزای خـاوەن ئەزمـوون وەپسـپۆر لەوەی پەیوەسـتە بە وزەی کارەبـا بەپێـی ئەو ڕێکسازانەی لەهەرێم کاریان پێدەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان هەر بەڕێزێـك لەسـەر ئەم مـاددەیە قسـەی هەیە ناوەکـان بنووسـە، بەڕێـزان کـێ قسـە ئەکات دەست بەرزکاتەوە؟ بۆ ئەوەی منی خان ناوی بنوسێت، د. اسـماعیل، کـاك شـاخەوان، کـاك عوسمان سێدەری، کاك بەختیار، کاك بەهجەت، د. گەلاوێژ، کاك یاسین، مامۆسـتا ابـوبکر فەرمـوو نوقتە نیزامیەکەت بڵێ.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیستی غیاباتە پێموایە نـاپەیڕەوییە، چـونکە ئـێمە لە بەیـانیەوە دانیشـتن هەڵنەگیـراوە ئەمە جەلسەی دوای نیـوەڕۆ بێـت، دووەم مـن جـارێکی دیـکەش گـوتم بەڕاسـتی بەردەوامـی گفتوگۆ پەیوەندی بەنیصابەوە نییە، سێیەم تەبیعە ئەو خوشك وبرایانەی کەلێـرەنین پسـپۆڕیان نەبێـت شـارەزاییان نەبێـت پشـوو وەرگـرن، لەبەر ئەوەی بـا ئەو وێـنە لەسـەر پەرلەمـان نەگیرێـت کە پەرلەمانتار یەعنی بە ئیهتیمامەوە سەیری ئەو پڕۆژەیە ناکات، زۆر تەبیعە لەو پسـپۆڕیەی خۆتـا قسەنەکەی مەعلوماتت نەبێت زانیاری نەبێ جێگای بـایەخی تـۆ نەبێـت، لەبەر ئەوە مـن پێمـوایە ئەو ئیمزا کۆکردنەوەی ئێستا ناپەیڕەوییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی قسەنەکەی ئاساییە، بەڵام ئیمزا کردن و چوونەدەرەوە مامۆسـتا ابـوبکر هـیچ ئاسـایی نـیە، یەعنـی قسـەناکا ئەنـدامێکی پەرلەمـان هـیچ قسـەناکاو لە دانیشـتنەکەیا مووشـکیلە نیـیە، بەس چۆڵکردنی هۆڵی پەرلەمان بەو شێوەیە هیچ ئاسای نییە، یەك جەلسەیە ئێمە بـۆ زانیـاری خۆمـان ئەمانەوێـت هەمـان بێـت لەڕاسـتیا، چـونکە پێویسـتە ئـێمە فڕاکسـیۆنەکان ئاگـادار بکەیـنەوە لە غیابـاتی ئەنـدامەکانیان بەتـایبەتی غیابـاتی ئێـواران، بەڵـێ دەزانـم ئاسـاییە ئەنـدام قسـەنەکات لەسـەر بابەتێـك ئەصـڵەن هەر بـاش نیـیە لەسـەر هەمـوو بابەتێـك قسـەبکات، بەڵام ناکرێـت هۆڵەکەش بەمشێوەیە چۆڵ بکرێـت، مـاددەی (٩) بەڕێـزان ئەو بەڕێـزانەی ناوتـان نووسـیوە کـاك بەهجەت فەرموو قسەبکەن.

**بەڕێز بهجەت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی (٩) وەزیر بەگوێرەی پێویستی وەزارەت بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەڵ ژمارەیەك ڕاوێژکارو شارەزای خاوەن ئەزموون و دەستووری، پێویستە بە وزەی کارەبا بەپێی ئەو ڕێکسازیانەی لە هەرێم کاریان پێدەکرێتن، بەرێ خۆ دەمە ئەڤ ماددە (٨) خالا چوارێ، یانی چ جیاوازی هەیە یانی ئەز بێژم ئەوە یان ئەڤ دبێت نەمێنێت یان ئەڤ دبێت نەمێنێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەوە پرسیارە، بەڕێزان ئەو قسەیەی کاك بهجەت پرسیارێکی هەیە ئەڵێ بڕگەی چوار کە لەماددەی (٨)دا لەگەڵ ماددەی (٩) فەرقیان چییە؟ وایە پرسیارەکە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پرسیارا کاك بهجەتی خالا چارێ بڕگەی یەك ماددا (٨) بەعسێ ئەندام بوونا ئەڤ کەسی بکەت ناڤ ئەنجوومەنێ وەزارەتێ دا بەردەوامی ببتە ئەندامی ئەنجوومەنی دا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بۆ ئەوە جواب دەداتەوەو جوابەکەش بۆ کاك بهجەت و ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

ئەڤ ماددە نە وەکی هەریاسایەکا وەزارەتێ خو دەسەڵاتا هەی گرێبەستەك گرێ دات ئیستیفادەش ل خیبراتەو پسپۆڕیا وی بکەت یەعنی ل ماددێ دی تنی وەکو ئەندام بوونێ ئەنجوومەنێ دا بۆ ئیستفادا کردنا هەمی پسپۆڕیا وی شول وەزارەتێ وەکو گرێبەست دەوام بکەتن، یەعنی عقد دوو شتی لیك جوودانە نەك ماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نییەتی ئێمە لە داڕشتنەوەی ئەم ماددە ئەوە بووە بۆ ئەوەی ئەو دەستکراوەی پێشووتر، وە وەڵامیشە بۆ کاك بەهجەت، بۆ ئەوەی ئەو دەستکراوەی پێشووتر نەهێنین کۆمپانیا بێت عەقدێك بەهەمیشەی ساڵانەی هەبێت چەنێك بۆ حاڵەتێکی دیاریکراو کەسێکی دیاریکراو بۆ کاتێکی دیاریکراو هەرسێکیان، بۆ نموونە پلان دائەنرێت وێستگەیەکی کارەبا بە با دروستکرێت، وەزارەت خۆی پسپۆڕی نییە کەسێکی دیاریکراو ئەهێنێ بۆ دوو مانگ بەس بۆ ئەو حاڵەتە، یەعنی نییەتی ئێمە لەم هێنە ئەگەر داڕشتنەوەکەشی وەکو پێویست نەبێت نیەتەکەی ئێمە تەنیا ئەوە بووە ئەویش بەئەزموون گرتنی ئەو دۆخەی کە لەپێشووترا هەبووە، بەڵام ناتوانین تۆ بڵێی بەتەواوەتی ڕاوێژکار نابێت بێت، چونکە لەوانەیە ئەگەر ڕاوێژکارەکەی زەرەرێك بدات زەرەرەکە چەندین ملیۆن دۆلار بێت وە زیانەکەی زیاتربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نییەتی موشەرع باس دەکات کاك علی حمە صاڵح، وە دەبێت داوای ڕوونکردنەوەش بکەین لە بەڕێز وەزیری کارەبا بزانین مەبەستەکە چییە؟ یانی بەڕێزیان پێمان ئەڵێ، دواتر ئاخیر کەس کاك بەختیار فەرموو.

**بەڕێز بەختیار شوکری سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك بەهجەت دەکەم، بەڕاستی مداخەلە لەسەر ماددەی (٨) کرد، ئەگەر ماددەی (٩) بمێنێت دەبێت ماددەی (٨) بڕگەی (چوارەم) نەمینێت، ئەگەر ئەوەش ماوە یەکێتریش دەمینێت، بەڕاستی هەردووکیان ئاماژە بەوە دەکات کو وەزارەت پێویستی بە ڕاوێژکاران هەیە، ئەو ڕاوێژکارانە دیار نەکریە ماوەکەی چەندە لەسەر ئەساسی تعقیتە یان تعبیدە یانی بۆ ماوەی ساڵێکە دووە پێنجە دیار نەکرایە لێرە، ئەوجە پێم باشە ماددەی (٩) بڕگەی (چوارەم) لەماددەی (٨) لادرا، ماددەی (٩) ماوەی دیاربکرێت وە لۆچ مەبەستە لەسەر ئەو ئەساسە بێتە دامەزراندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٩) وەزیر بەگوێرەی پێویستی وەزارەت بۆی هەیە بە گرێبەست گرێبەست بکات لەگەڵ ژمارەیەك ڕاوێژکارو شارەزای خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی لەوەی پەیوەستە بە وزەی کارەبا بەپێی ئەو ڕێکسازیانەی لە هەرێم کاری پێدەکرێت، من پێشنیار دەکەم ئەم ڕستەیەشی بۆ زیادبکرێت ئێمە با هەرباسی ڕاوێژکار نەکەین ئێستا من بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کردوومە لەبەشێك لە فەرمانگەی کارەبا کردوومە شارو و شارۆچکەکان فەراغێکی زۆر هەیە لە بواری کارمەند لە بوارە جیاجیاکاندا بەتایبەتی خوێندنەوەی حداد لە هەموو بوارێکیش کرێکاریش جاری وا هەیە پەیژە هەڵگرێکیش زەرووره، بۆیە ئەمەی بۆ زیادبکرێت و بۆی هەبێت بە گرێبەست فەرمانبەر دابمەزرێنن لە کاتی فەراغدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمانبەر؟

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

بەڵێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەش تەقریبەن جارێکی دیکە وەکو برای بەڕێزم کاك بەختیار ئیشارەتی پێیا وەکو پێشتر لە ماددەی(٨) هاتووە لێرەش تا ڕادەیەکی زۆر دووبارە بۆتەوە یانی بەبڕوای من ئەوا پێویستی بە

سیاغەیەکی تر هەیەو دەستکاری بکرێ، وە چونکە صلاحیەتی کردنی ڕاوێژکارو شارەزا لێرە نییە، چونکە صلاحیەتەکە تا چەندەو دیاری نەکراوە چەند ڕاوێژکار بوونە جەنابی وەزیر بۆی هەیە چەند ڕاوێژکار داخیل بکات یان دایبنێ وە لەگەڵ شارەزا چەند ئەوە بکات، تاڕادەیەك ئەو مادده لەگەڵ ماددەی (٨) یانی وەکو یەك هاتووە یانی ئەوە پێویست دەکات جارێکی دیکە سیاغەیەکی بکرێ، وە پشتیوانی قسەکانی کاك بەختیار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری قسەکانی کاك شاخەوان و کاك بەختیار دەکەم، بەڵام کاك علی ڕۆی ڕوونکردنەوەمان داتێ ئیحتمالمان هەیە پێمان خۆشە ئاوابیت، من پێم خۆشە هەموو کەس مەعاشی بدرێتێ ئەگەر بەنووسین نەبێت چۆن ئەبێت بۆخۆی بەمیزاجی خۆی کاك ئاوایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی چۆن؟

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

کاك علی قسەکی کرد، کە ئەمە ئیحتیمالی ئەوەمان ئەوە کردووە کە بتوانێ ڕاوێژکار بێنێت، ئاخر ئەوە نابێت دەبێت شت بە نووسین بێت، بۆیە من پشتگیری قسەکانی کاك شاخەوان و کاك بەختیار دەکەم..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئێمە ئەگەر دوای بەڕێز وەزیر ڕوونکردنەوە ئەدات، بۆ ئەو نیەتەی کە لیژنە هەیبووە بمانەوێت وازحتر یکەین ئەتوانین نەصەکە وازحتر یکەین، وابکەین کە ئەو مانایە بدات کە کاك علی ئەیەوێت، بەڵام با جارێ گوێ لە بەڕێز وەزیر بگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەرچەندە لە ماددەی (٣) و (٨) باسی ڕاوێژکار کراوە، بەڵام بوونی ئەم ماددەیە مانەوەی بە زەروور دەزانم، بەڵام ئەمەی بۆ زیادبکرێت دوای پەیوەستە بە وزەی کارەبا بۆ ئەرکێکی دیاریکراو بابەتێکی دیاریکراو.

دوو: شێوازی گرێبەست لەگەڵ ڕاوێژکار و شارەزایان و ژمارە و پسپۆڕی و ماوەی گرێبەستەکە بەڕێنمای ڕێکبخرێت کە ئەوە بۆ مووهیمەیەکی دیاریکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٩) من پێم باشە لەجیاتی وەزیر بنووسرێت ئەنجومەنی وەزارەت بەگوێرەی پێویست وەزارەت بۆی هەیە گرێبەست بکاتن، وە هاوڕام لەگەڵ قسەکانی کاك بەختیار پێویستە دیار

بکرێـت، بەڵام لێـرە هـیـچ پێناسـەیەك بـۆ شـارازای خـاوەن ئەزمـوون و پسـپۆڕی نە لەمـاددەی(١) کراوە نە لێرە، ئایا هەندێکجار زۆرجار هەیە بازرگانێـك هەیە بەهـۆی مهـنەکەی بەهـۆی کـارەکەی شارەزایی و پسپۆڕیەکە زۆر پەیادەکـات، بەڵام هـیـچ ئیختصاصـێکی نیـیە لە بـواری کارەبـا، بەڵام بەس بەهۆی مهنەکەیەوە ئەو شارەزایەی پەیاکردووە یـانی شـەهادەکی نیـیە لەو بـوارە شـتێکی نییە، بۆیە لێـرە دەبـی دیـاری بکرێـت یـانی پێناسـەیەك بـۆ شـارەزاو خـاوەن ئەزمـوون و پسـپۆڕ بکرێتن. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا مامۆستا ابوبکری دکەم، دگەل ڤێ ئیزافیش، یانی بۆ ئەرکەکی دیـارکری و بـۆ دەمەکـی دیارکری یانی ئەرك ژی دیارکری بیت وە دەم ژی دیارکری بیت دایە ڤەکـری نەبیـت ئەگەر ڤەکـری بیتن ئەز بێژم ئیشکالا دێ دروست بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز/ ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس ئەڤە دوو مەوزووعـی گەلەك گەلەك ژێ جـودانە وە گەلەکـا ڕۆنە ژی بەس ئەم نـزانم تێکەڵیەکـا هەی، لە مـاددەی (٨) ئەڤە وەختــێ ئەنجـوومەن پێکـدێت مە گـوتی وەزیـر بریکـار ڕاوێژکار دگەل مدیرعام و هەر پسپورەك یـانی مەپەلەن ئەڤە بـابەتێ شاویسـە ئەم دێ بێـژن ئەم موحتاجی مدیرعامێ یێ شونوار بـوون، ئەمە چ عقـد دگەل کـرینە ئەمە چ ڕاتـب داینـێ نە بەس وەرە ئالیاتە چارەسەر کرنا ڤێ کێشێ چییە، گوتی ڤێت ئەم ڤێ تەقیمێ بیننە دەرێ پاشـی هنـدی شۆلی خۆ بکەن چ پێدڤێت چار ملیۆن و حەوت سەد هەزار پێدڤێت هەتا ڤێ ئالیاتێ نە ئەڤێ بـۆ تەئمـین کـری یـانی چـۆن مە نەبـووە ڕاوێژکـارێن مە بـۆ چارەسـەر کرنـا ڤـێ کێشـە تنـێ، ئـان ژی بابەتەکێ ئەم دبێژم گەرمیـانە مەحەطەیەکە (١٦٥) میگـاوات یێـت غـازێ مە دانە ئەرێ ئەو (١٦٥) یەکەم پرسـیار دبێــژم چەنـد ڕاسـتە لـۆ ئیـرا هەیە شـولی مە نیــنە ئەز دێ وەزارەتـا سـامانێ سرووشتی مدیرعامەکی وان دێت داخوازکەن بێ بابەتەن چەند غاز هەیە وە نەوعیەتـا وێ چـیە دابچـن بڕیـارا خـۆ دروسـت بـدەن یەعنـی مـاددەی (٨) هـیـچ ئیلتزامەکـێ دگەل مە نیــنە، و بـۆ دەنگدان ژی بەژدارنینە دگەل مە چنێ وەکی بێـژن ڕاییـا خۆیـا فەنـی دەربـارێ وی بـابەت دەداتە مە ماددەی(٩)...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری کارەبا بۆ ئەوەی بزانن ئەمە نەصێکی ئابووریە ئامانجەکە دەپێکێت یەعنـی بـڕگەی (٤) لە ماددەی (٨) هەر لایەنێکی پەیوەندی دار یان شارەزایەکی پسپۆر کە وەزیـر لە نـاوەوە یـان دەرەوە وەزارەتەوە دەستنیشــانی دەکـات و بەژداری کۆبوونەوەکــانی ئەنجــوومەنی وەزارەت دەکات بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت کێشەکە چارەسەر دەکات...

**بەڕێز كمال محمد صالح/ وەزیری كارەبا:**

تەبعەن بەڵێ بێ هیچ ئیلتزامەكا مالی ژ كەفتە سەر یان چ عقدا من دگەل ناكەم..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوەش ئیزافە كەین...

**بەڕێز كمال محمد صالح/ وەزیری كارەبا:**

بەلێ، ماددێ(٩) تەبعەن ئەڤە بۆ یانی ئەز بێژم پەیوەندیێت قوەت مە دگەل لیژنا وزە مە یێت هەین ودیسان مە دگەل لیژنا یاسای ژمە ئەڤە گوتی، ئەڤە تەقریبەن دوو ساڵە، ساڵەك و دە هەیڤە، ڤێ كابینێ بێ هیچ ڕاوێژكارەك مە نەهینایە، وەمە چ گرێبەستیش لەگەڵ نەكرینە بەس هاتوچوو ئەم دبێژم بابەتەكا مەحەتەكی كاهرەبایی هەبێتن، ئەم شارەزایی نینە وكو وەزارەت، چونكە هیچ مەحەتەكی كاهرەبائی پشتكی دوكان و دەربەندیخان نەهاتینە دانان، ئەز موحتاجی یان كۆمپانیایەكی ڕاوێژكاری یان ڕاوێژكارەكی مە بۆ فەرترەكی موحەددەد و جهەكی موحەددەد ڕاتبەكی موحەددەد حەتا ئەو خلاص بێت و ئەوڤ ڕاویژكارە هیچ علاقەكی ب مە نینە، تنێ بۆ سەرپەرشتیارە ڤێ پرۆژەیی و دیڤ مواسەفاتی فەنی بیتە جێ بەجێ كرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری كارەبا بەرمەبنای ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان وتیان بزانە ئەوە ئەتوانێ ئیشەكەی ئێوە بكات؟ وەزیر بەگوێرەی پێویستی وەزارەت بۆی هەیە بە شێوەی كاتی و بۆ ماوەی دیاری كراو گرێبەست لەگەڵ ژمارەیەك ڕاوێژكار و شارەزای خاوەن ئەزموون و پسپۆری لە بواری تایبەت بە وزەی كارەبا بۆ ئەركێكی دیاری كراو بە پێی ئەو ڕێكسازیانەی لە هەرێم كاریان پێ ئەكرێت بكات.

**بەڕێز كمال محمد صالح/ وەزیری كارەبا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دروستە، هیچ كێشە نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (١٠).

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): ئەو كۆمپانیایانەی مۆلەتیان پێ دراوە یان گرێبەستیان لەگەل كراوە لە بواری كارەبا تەنیا بە ڕەزامەندی وەزارەت ئەتوانن دەست لە كارەكانیان هەڵگرن، ئەوەش بە پەیرەوێك ڕێكئەخرێتەوە كە ئەنجومەنی وەزیران دەریئەكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ ( مامۆستا ابوبەكر، شیرین خان، شایان خان، ئاشنا خان، شێخ ظاهر، كاك چیا، كاك یاسین)، فەرموو كاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڵێ ئەو كۆمپانیایانەی مۆڵەتیان پێ دراوە، یان گرێبەستیان لەگەڵ كراوە لە بواری كارەبا تەنیا ڕەزامەندی وەزارەت ئەتوانێ دەست لە كارەكانی هەڵگرێ، ئەمەش بە پەیرەوێك ڕێكئەخرێ، كۆمپانیا هەیە چۆن ئەبێ بەس وەزارەت ڕێی پێ بدات، ئەگەر بێتە كوردستان لەوانەیە ژینگە

تێکبدات، کاك سەروان جوانی قسە کرد، ئەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر بێ نەك وەزارەتەکە، جادە و کۆڵان هەڵدەکەنن، چاکی ناکەنەوە، ئەبێ بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێ نەك وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، ئەو ماددەیە دووبارەیە، لە ماددەی (٤) بڕگەی (٥، ٨) باس کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان لایاندا، بۆ ئەوەی ماددەیەکی سەربەخۆی هەبێت، کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کۆمپانیایانەی مۆڵەتیان پێ دراوە یان گرێبەستیان لەگەڵ کراوە لە بواری کارەبا تەنیا ڕەزامەندی وەزارەت ئەتوانێ دەست لە کارەکانی هەلگرێ، ئەمەش بە پەیرەوێك ڕێکئەخرێ کە ئەنجومەنی وەزیران دەریئەکات، تێبینم لەسەر ئەوەیە کاتێ کۆمپانیایەك عەقدێك ئەکات لەگەڵ وەزارەت، ئەو مەرجانەی لە ناوەڕۆکی عەقدەکە هاتووە کۆمپانیاکە پابەندە بەو مەرجانە، بەپێی قاعیدەی (العقد شریعة المتعاقدین)، ئەگەر مەرجەکان جێ بەجێ کرد کۆمپانیاکە بۆی هەیە هەلوەشێنیتەوە یان کار نەکات، بۆیە پێشنیار ئەکەم ڕەزامەندی وەزارەت ئەتوانن لە کارەکانیان، ڕەزامەندی وەزارەت لابرێ بەو شێوەیە (ئەو کۆمپانیایانەی مۆڵەتیان پێ دراوە یان گرێبەستیان لەگەڵ کراوە لە بواری کارەبا تەنیا بە جێ بەجێ کردنی برگەکانی گرێبەست ئەتوانن دەست لە کارەکانیان هەڵگرن کە بە پەیرەوێك ریکئەخرێ ئەنجومەنی وەزیران ڕێکی ئەخات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، دگەل هندێ مە کو بە پەیرەوێك رێك ئەخرێ، دووماهی بێتە نقیسین، ئەنجومەنا وەزیران دەربکەتن و گەنگێ و چ زەمان دەست نیشان نەکریە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیغەیە هەست ئەکەم پەیوەندی بە کۆمپانیاکەوە هەیە، ڕاستە ئەڵێ بە ڕەزامەندی وەزارەت، واتە کە دەستی هەڵگرت، بۆیە بە رای من هەڵوەشاندنەوە و نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکەش نەك دەست هەلگرتن تەنیا ئەبێ بە ڕەزامەندی وەزارەت بێ، دوو، ئەو بابەتە قانوون هەیە بۆ عقود، ناکرێ بە پەیڕەو بێ، ئەبێ بە پێی یاسا بەرکار بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو ماددەی هەیە هەمان تێبینی ئاشنا خانم هەیە، دووبارەیە، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد ئەو دوو بڕگەیە لێك بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز د. شایان کاك صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو شیرین خان باسی کرد تەعامول لەگەڵ ئەو وەرەقانە دەکەین کە لەبەردەستمانە، بەڕێزان لە لیژنە دەستیان خۆش بێ، تێبینیەکانیان هەندێ جار لە ناو جەلسە سەرلێشێواوی دروست ئەکات، ئەوان شتێك ئەڵێن و ئێمەش شتیکی تر هەیە لە وەرەقەکان، ماددەی (١٠) بڕگەی (٤، ٥، ٨) لە ماددەی (٤) دووبارەیە، ئەبێ ڕێك بخرێ یان لەوێ یان لێرە، پشتگیری شیرین خان و ئاشنا خان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە تەبع کرابوویەوە، ئەگەرنا لە کاتی خوێندنەوە کۆپێ پێست کراوە، فەرموو ماددەی (١١)، فەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە کەلیمەیەکی کەمە، بواری بەرهەمهێنانی کارەبا تنێ ئەو وشە زیاد بکرێ ئەو ئیشتیباهە نامێنێ، یەعنی ئەو کۆمپانیا مۆڵەتی پێ دراوە یان گرێبەستی لەگەڵ کراوە لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا، ئێمە وەکو وەزارەت بەرپرسیارییەتی لەسەر شانی ئێمە، کۆمپانیای ماس چوار هەزار مێگەواتی کارەبا لە هەرێمی هەی، یەعنی شتەکی یاسایی نەدیت، وشەی بەرهەمهێنانی کارەبا، (٢٣٨) مەحەتە هەیە، بەڵام چوار هەزار مێگەوات لای یەك موستەسمیرە، ل بواری بەرهەمهێنانی کارەبا زەمانەتەکی زیاترە تا بتوانین دگەل موستەسمەرەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کۆنترۆلیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکان گوێیان لە بەڕێزت بوو، وشەی بەرهەمهێنانی بۆ زیاد بکرێ، فەرموو دکتۆر بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای خۆمان نووسیمان، ئەو ماددەیە موستەقیل نەبوو، پێشتر لە راپۆرتەکە هەبوو، لە پرۆژەی حکومەتیش هەبوو، لێرە بە دارشتنێکی تر کردمانە ماددەیەکی سەربەخۆ، هەندێ جار

تەوزیحـــات وابـــزانم خەلەل لە لیـــژنە تایبەتمەنـــدەکان نیـــیە، کـــاك عەبـــاس کە راپـــۆرتەکەی ئەخوێندەوە یەکسەر باسی کرد ئەوانەی تر مەسح ئەکەین دووبارەیە، بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان لێرە نەبوو، جێگرەکەی کە ئیـدارەی جەلسـەی ئەکـرد جـارێکی تـر تەوزیحـم دا، بـڕگەی (٤، ٨) ئەو فەقەرەیە زیادە، بەڵام هەنـدێ جـار تەوزیجـیش ئەدەیـن زیـاتر (١٠) ئەنـدام پەرلەمـان دووبـارەی ئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو ماددەی (١١).

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١١): یاسـای وەزارەتـی کارەبـای هەرێمـی کوردسـتان_عێـراق ژمـارە (٥) ی سـاڵی (٢٠٠٦) هەڵدەوەشێتەوە و گشت ئەو ڕێنماییانەی پاڵپشت بەو یاسا دەرچوون کاریـان پـێ ئەکـرێ، ئەگەر ناکۆك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کی قسەی هەیە؟ فەرمووو کاك حیکمەت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشـارەت درایە کـو یاسـایی ژمـارە (٥) ی (٢٠٠٦) بێـتە هەڵوەشـاندن، ئەو ڕێنمـاییە ئەگەر نـاکۆك نەبن، ئیشارەت پێ داتن کو کار پێ دکەتـن، بەس مـادام دێـتە هەلوەشـاندن، پـێ باشـە ئەو برگـی دووی نەمیتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك شیخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـــتگیری رای کـــاك حکمـــت ئەکەم، ئەگەر یاســـا ئەســـلیەکە هەڵوەشـــایەوە ڕێنماییەکـــانیش هەڵوەشێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئـێمە لەسـەر ئەساسـی قـانوونی (٥) (٢٠٠٦) ئیشـی خۆمـان کـردیە، سـزایە، پێـدانی کارەبایە، ئەگەر ناکۆك نەبن باش نییە نەمێنیتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی تا ڕێنمایی تازە دەرئەچێ ئەو ڕێنمایییە ئەگەر ناکۆك نەبێ لەگەڵ ئەو یاسا نوێیە ئیشی پێ ئەکرێ، بەڵام کە ڕێنمایی نوێ بە گوێرەی یاسای نوێ دەرچوو ئەوانەی تر هەڵدەوەشێتەوە، فەرموو ماددەی (١٢).

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێك ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر داڕشتنەکەی بەو شێوازە بێت (کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێك ناکرێت کە لەگەل حوکمەکانی ئەو یاسایادا ناکۆك بێت).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دواتر.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣): پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك هەلکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێوستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە دەر بکات، دوو پێشنیارم هەیە، یەکەم ئەڵێ پێویستە لەسەر وەزیر، وەزیر لابرێ بکرێتە وەزارەت، ئەگەر مایەوە وەزیر لەگەل ئەنجومەنی وەزارەت ڕێنمایی دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە وەزیر لەگەڵ وەزارەت، پشتگیری کاك هەڵکەوت ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان وەزیـر ئیمـزای ئەخیـر ئەکـات، بێگومـان لەگەڵ ئەنجـومەنی وەزارەت کـۆئەبنەوە و بە ناراسـتەوخۆ ڕەزامەنـدی ئەنجـومەنی وەزیـرانیش وەرئەگـرن، مەبەسـت لە ئیسـدارە. فەرمـوو ماددەی (١٥).

**بەڕێز علی حەمە صالح**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٤): پێویسـتە لەسـەر ئەنجـومەنی وەزیـران و لایەنە پەیوەنـدارەکان حوکمەکـانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (١٥).

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥): ئەو یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردسـتان جێ بەجێ ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن.

لەبەر بایەخی وزەی کارەبا لەسەر ژیان و تەندروستی گشتی هاونیشتیمانیان و کاریگەری لەسـەر ژێرخانی ئابووری و ڕێکخسـتنەوەی کارەکـانی وەزارەت بە هـۆی گرنگی ئەو چالاکیـانەی کەرتـی گشـتی بە تـایبەت پێـی هەڵدەسـتێ و بـۆ هێنـانەدی ئامـانجی وەزارەت و بەجـێ گەیانـدنی ئەرکەکانی ئەو یاسایە درچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە بەو شێوەی لێ بکرێ (لە پێناو گەشەپێدان و پاڵپشتی کردنی کەرتـی کارەبـا و بـایەخی وزەی کارەبـا لەسـەر ژیـان و تەندروسـتی گشـتی هاونیشـتیمانیان و کـاریگەری لەسـەر ژێرخـانی ئـابووری و ڕێکخسـتنەوەی کارەکـانی وەزارەت بەهـۆی گرنگـی ئەو چالاکیـانەی کەرتـی گشـتی و تایبەت کە پێی هەڵدەستن و پاڵپشـتی کـردن و هانـدانی فـرە سـەرچاوەی وزەی کارەبـا و ڕێگـری

کردن لە سەرپێچی کردن و زێدەڕۆکاری بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا و هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت بەجێ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە تا دوای چەژنی پیرۆزی رەمەزان دانیشتنی تر ئەنجام نادەین، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی و وزە ئەکەین بۆ دانیشتنی یەکەمی دوای جەژن خوێندنەوەی سێیەم و دەنگدان ئامادە بکەن، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ١٨\٥\٢٠٢١**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/١٨

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/١٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێشەمە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٥/١٨) بەم شێوەیە بێت.

یەکەم: دەنگدان لەسەر پاڵاوتنی بەڕێز (منى یوخنا یاقو) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١-پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی پولی عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان.

٢- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان.

٣- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی هەمواری پیادەکردنی یاسای بەکارهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

٤- پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣).

٥- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠).

٦- پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراق ژمارە (٣٠)ی ساڵی (١٩٨٤) لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی ماددەکان (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چـوارەم: خسـتنەڕووی بیـرۆکەی بەڕێـز پەرلەمانتـار (عبدالسـتار مجیـد قـادر) پەیوەسـت بە دۆزینەوەی هەلی کار لە ڕێگای بەگەرخستنەوەی کارگەکان بەپێی حوکمی خاڵی دووەمـی بـڕگەی یەکەم، لە ماددەی (٤٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی، وەرزی بەهارەی ساڵی سێیەم، لە خـولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمـان دەکەیـن کە بەرنـامەی کـار، پـوختەی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی پێشـوو بخـوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی مـاددەی (٥) بڕگەکـانی یەکەم، دووەم، سـێیەم، لە مـاددەی (١٦)، بـڕگەی سـێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکـانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی، خولی بەهارەی سـاڵی سـێیەم، لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان، لە کـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی سێشـەمە، ڕێککەوتی (٢٠٢١/٥/١٨) بەم شێوەیە بێت.

یەکەم: دەنگـدان لەسـەر پـاڵاوتنی بەڕێـز (منـی یوخنـا یـاقو) بـۆ پۆسـتی سـەرۆکی دەسـتەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خـوارەوە پشـت بەسـتن بە حـوکمی بـڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١-پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی پولی عێراقی ژمـارە (٧١)ی سـاڵی (٢٠١٢) لە هەرێمـی کوردستان.

٢- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدامان خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان.

٣- پـرۆژە یاسـای بەرکـارکردنی هەمـواری پیـادەکردنی یاسـای بەکارهێنـانی پیشەسـازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

٤- پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکـانی بازرگـانی پیشەسـازی لە هەرێمـی کوردستان، ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣).

٥- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی لە هەرێمـی کوردسـتان، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠).

٦- پـرۆژە یاسـای هەمـواری پیـادەکردنی یاسـای بازرگـانی عێـراق ژمـارە (٣٠)ی سـاڵی (١٩٨٤) لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: دەنگدان لەسەر پـرۆژە یاسـای وەزارەتـی کارەبـا لە هەرێمـی کوردسـتان، بەپێـی حـوکمی ماددەکان (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
چـوارەم: خسـتنەڕووی بیـرۆکەی بەڕێـز پەرلەمانتـار (عبدالسـتار مجیـد قـادر) پەیوەسـت بە دۆزینەوەی هەلی کار لە ڕێگای بەگەرخستنەوەی کارگەکان بەپێی حوکمی خاڵی دووەمـی بڕگەی یەکەم، لە ماددەی (٤٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی:
بەپێـی حـوکمی بـڕگەی دووەم مـاددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (١٢)ی ئاسـایی، خـولی بەهـارەی سـاڵی سـێیەم، لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان لە کـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی چوارشـەمە ڕێککەوتـی (٢٠٢١/٥/٥) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.
یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە:
١-پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامە و دەست نووسەکان.
٢- پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامە لە هەرێمی کوردستان.
٣- پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان.
٤- پرۆژە یاسای دادگای تاوانەکانی تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان.
پێنجەم: خستنە ڕووی بیرۆکەی پەرلەمانتـار (لیـزا فلـك الـدین صـابر) پەیوەسـت بە ووزەی خـۆر وەك سەرچاوەیەك بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.
شەشەم: خوێندنەوە دووەم بۆ پرۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.
حەوتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بەڕێـزان دەسـت بە جێبەجێکردنـی بـڕگەی یەکەمـی بەرنـامەی کـار دەکەیـن، بەسەرچاو وەرتان دەگرین، بە تەسەلسـول وەرتـان دەگرین، بەڵام بـا بـڕگەی یەکەمـی بەرنـامەی کارەکە جێبەجێ بکەین، ئەگەر کۆبوونەوەکەمان هـیچ شـتێکی نـاپەیڕەوی تێـدایە ئەوە ئاسـاییە پێش دەسـتپێکرنی بڕگەیەکـی بەرنـامەی کـار، ئەگەر هەر بـۆ قسـە کـردنە لەسـەر بابەتەکـانی ڕۆژ ئەوانە خاڵی پەیڕەوی نین، دوای دەنگدان لەسەر بڕگەی یەکەم وەریان دەگرین، بەڕێـزان بـڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بریتییە لە دەنگدان لەسەر پاڵاوتنی بەڕێز (منـی یوخنـا یـاقو) بـۆ پۆسـتی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەڕێزان بەپێی یاسـای دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ماددەی پێـنجەم، بـڕگەی دووەم، سـەرۆکی دەسـتە لەسـەر پاڵاوتنی سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە پـلەی تـایبەت دادەمەزرێ و فەرمایشـتی هەرێمـی بە دامەزرانـدنەکەی دەردەچێـت، پـاش پەسـەندکردنی پەرلەمـان لەسـەر پاڵێوراوەکە بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبوان و ماوەی سەرۆکایەتیەکەشی (٤) ساڵە و بۆ یەك جـار تازە دەکرێتەوە، بەڕێز (د.منی) لەناو (١١) پـاڵێوراودا دوای راوێـژ لە نێـوان هەردوو سـەرۆکایەتی

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاندید کراوە، دەخرێتە بەردەستی بەرێزتان، ئەگەر توانی نیوە زائید یەکی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو بێنێ ئەبێتە سەرۆکی دەستەی مافەکانی مرۆڤ دوای دەرچوونی مەرسوم، ئێستا داوا لە بەرێزتان دەکەین هەر ئەندامیکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە بەرێز (د.منی یوختا یاقو) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دابنرێ با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بەرێزیان بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان دەبێتە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، دوای دەرچوونی مەرسومی هەرێمی، با بفەرموێت بۆ ئەوەی بەرێزیشتان بیناسن، (د.منی) دوو رۆژ پێش ئێستا (٤٨) سەعات پێش ئەم دانیشتنە ئێمە سیڤی بەرێزیانمان خستبووە سندوقی بەرێز ئەندامانی پەرلەمانەوە، پیرۆزبایی لێدەکەین، انشاءالله سەرکەوتوو دەبێت، انشاءالله لە کاتێکی نزیکیشدا مەرسومەکەی بۆ دەردەچێت، فەرموون بەرێزتان دەتوانن ئیسراحەتی خۆتان وەربگرن، پیرۆز بێت دکتۆرە، زۆر سوپاس.

بەڵێ بەرێزان خاڵی پەیرەوی ناوتان دەنووسین، ئەوەی کە ناوتان ناوە خاڵی پەیرەوی هەیە، با دەست بەرز بکاتەوە، (٩٠%) پەیرەوی نییە، تا ئەو کاتەی ناوەکان دەنوسین بەرێز سەرۆکایەتی لێژنەی یاسایی فەرموون، چەند کەسێك وەردەگرین دواتر بڕگەکە جێبەجێ دەکەین، ئەو بەرێزانەی دەڵێن خاڵی پەیرەویمان هەیە، کاك (سیپان)، کاك (دیاری)، مامۆستا (ابوبکر)، کاك (کاوە)، کاك (سیروان)، کاك (عمر)، کاك (مسلم)، (مژدە) خان، (سەرچنار) خان، (گلستان) خان، کاك (جمال) کاك (یاسین)، کاك (کاروان)، (روپاك) خان، کاك (هەڵکەوت)، (گولیزار)، خان، کاك (مەم)، کاك (رێڤنگ)، کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەرێز سیپان سالم حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ژکارێن پەرلەمانتارێ دیڤچوونا ئەو بابەتێن کو پەیوەستن بژیانا رۆژانەیا هاووڵاتی کوردستانێ دیڤچوون لسەر کێشەو گرفتێت وان، لە رۆژانێن جەژنێدا سەرەدانا دەستبەسەرکرێن بادینان و کەسوکارێت وان مەکر، ژنێزیك هایدەرێ رەوشا دژوارا سەختا وان بووین، کو هەتا نووکە ژی کەسوکارێت وان بنەیاسایێ دناڤی زیندانێدانە و بسیاسی دووچاوان هاتیە کرن و نەهاتینە ئازاد کرن، مە بفەرمی داخاز ژسەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانی کر بچەندین یاداشتێن ژیەك جودا، کو لیژنەیەکا دیڤچونیا پەرلەمانی سەرەدانا وان بکەت، بتنی سەرەدانا پێنج کەسان کر ژدەستبەسەرکرێن بادینان هەتاکو نووکە ژراپۆرت نەهاتیە ئاشکرا کرن، کا رەوشا وان بچەرەنگ دابوویە درەوشەکا دژوار دانە دناڤا زیندانێدا، لسەرەرای ڤێ چەندێ بدەهان گەنجێن دیی سنوورا پارێزگەها دهۆکێ دناڤا زیندانێدانە و هەتا کو نووکە ژی دوو سێ ێت وان نەهاتینە رەوانەکرن ژبۆ دادگەهێ و کەسوکارێت وان هیچ تشتەك ژچارەنڤیسێ گەنجی دەڤەرا خۆ نزانن، لەورا دخاز ژپەرلەمانێ کوردستانێ دکەم بوو چەندین جار دیڤچوونێ لسەر دەستبەسەرکرێن بادینان بکات، چونکی رەوشا وان درەوشەکا زۆرا ئالوزدایە کەسوکارێت وان هیچ تشتەکی ژچارەنڤیسێ وان نزانن، بتنێ کون ئەڤێن کو دیار دوو سێ جار چوونە دادگەهێ حەتاکو نوکە بتەنێ حەفت کەسن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕانیە ئاوەکمان هەیە پێی دەڵێن ئاوی قولەی ڕانیە من دووەم ڕۆژی جەژن سەردانم کردووە ئاوەکە وشك بووە، ئێستاش پرۆژەیەکمان هەیە بەناوی دەربەندی (دەربەند ڕانیە) مەبلەغەك پارەی کەمی دەوێت، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەکەم لیژنەی پەیوەندیدار ڕاسپێری سەردانەکەی ئەو دەڤەرەی بکەین، لەبەر ئەوەی (٧٠%) ئەو دەڤەرە بێ ئاو دەبێت، خاڵێکی دیکە زیاتر لە حەوت ساڵە ئەندام پەرلەمانێکی پێشوو جادەکی لە ڕانیە گرتووە جادەکە بیست مەترە داوای قەرەبووی سەد و پەنجا پارچە زەوی دەکا حکومەتی هەرێم (٩١) پارچەی داوەتێ قایل نییە! یەعنی ناکرێ ئیدارەی ڕاپەڕین لەسەر یەك ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ئەو جادەی بۆ تەواو نەکرێ، خاڵێکی دیکە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (یاسین) بە یاداشت پێشکەشیان بکە، ئەو داونەی وتووتە ئەوەشی کە نەت وتووە، بیدەرە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، سوپاس، کاك (جمال)، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی کێشەیەك دەکەم، زیاتر لە سەد ئەفسەری ئاسایشی یەکێتی و پارتی بە ڕوتبەی لیوا تا خوارەوە خانەنشین کراون، بەڵام ماوەی (١٣) مانگە مووچەیان پێ نەدرایە، دیارە چاوەڕێی پرۆژە یاسای خانەنشینن، بەڵام داوا دەکەم هەتا ئەو پرۆژەیە دێتە پەرلەمان مووچەکانیان بۆ سەرف بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوانەی کە بەڕێزتان دەیلێن هیچی خاڵی پەیڕەوی نییە، کاك (هەڵکەوت)، فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوێت لە ڕێگەی بەڕێزتانەوە بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکەمەوە کە ئەمەش ڕاستییە هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە بە هەندێك لە دەسەڵاتیشەوە برا و خوشکانی معارەزە هەر هەموویان لەم هۆڵە لەبەردەم کامێراکان شەرە دەمە دەممانە و ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هەڵکەوت خاڵی پەیڕەویت هەیە بیڵێ، نیتە، تەواو، ئەوە کێشەمان بۆ دروست دەبێت بۆ ئەو قسانە، (کلیزار) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو نوێنەری دەڤەرا زاخۆ چەند ڕۆژەکا بەری نوهە دگەل بەشێك ژچین و توێژێت دەڤەرێ مە دانوستاندن کرینە وان پەیامەك هەبین ئەو ژی ئەڤەنە ژئەنجامێ شەرێ پەکەکە و تورکیا زیانەکا

مەزن بەر گوند و رەزو بێستانێت وانا کەڤتییە، مەترسیا چۆلکرنا گوندێن زاخۆ هەیە، ژبەر هندی داخاز ژ پەرلەمانێ کوردستانێ دکەین لیژنەیەك دروست بکات مەرەما سەرەدانان وان دەڤەرێ زەرەر پێکەڤتی، ئو تەخمینا زەرەرا بێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یاداشت پێشکەش بکەن بۆ ئەم مەبەستە، بۆ ئەوەی ئێمە لێژنە راسپێرین، کاك ( فرید)، فەرموو.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مداخەلە کریا خالی یەکەمی ئەگەر مجال بدەی وەك مەبدەئێك قسە دەکەین، ئەگەر رێگە بدەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی یەکەم تەواو بوو، ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە مەجالتان نەدا قسە بکەین وەکو مەبدەئەك مداخەلەك بکەین چ خراپ نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەم بەڕێزە هەر پۆستەکی تایبەت بدەن بە ئێمە وەك کلدانی و ئاشووری گرینگە کو رەئی ئەندامێ پەرلەمانی بێتە وەرگرتن، ئێمە لە (٢٠٢٠/٩/١٥) یەنی بەری هەشت مانگ یاداشتەکمان ئاراستەی سەرۆکایەتیا پەرلەمانی تایبەت گریدابوو بەم بابەتە بە ئیمزای سێ ئەندامی پەرلەمان، ئێستا ئێمە ئەمرەکی دەبینین کو مصادەرەی ئیرادەی خەلکێ مەیە، تێکەلکردنا چاندنا کومال ناو خەلکێ مە دکات نە ریزگرتنە بۆ ئیرادەتی ئەم میللەتە، ئێمە وەك نوێنرەکی خەلکەکی ناکرێتن ژی دگەل مەبدەئی دیموقراتی و پێکڤە ژیان، ئەم بەرێزە رێز هەیە، نەمەوزوعەکی شەخصیە بەشدار بوو لە خۆپیشاندانی خولی بەرێ بابەتی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن، هەورەها بەشدار بووە لە خۆپێشاندنی بابەتی زێدەرۆیی لەسەر مولك و ئەملاکی خەلکێ مە لگوندێ نالا و هەر ژی، قەناعەت ئەو بەشدار نەبوونە ئیتیخابان، بە قەناعەت کو قەناعەتی بە ئەم حکومەت نییە، نازانم چی ئەو بەرێزە ببیتە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ، کو قەناعەت بە هەموو حکومەت نییە، قەناعەت بە هەموو تشت نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دەسەڵاتێکی خۆمانمان بەکارهێناوە ئەم بابەتە پەیوەندی بە حیزبە سیاسیەکانەوە نییە تا ئێمە پرس بە حیزبە سیاسیەکانی یان نوێنەرانی کریستیان و ئاشوور و کلدان و سریان لێرە بکەین، ئەمە دەسەڵاتی ئەندامانی پەرلەمانە بە کۆ دەنگ بدەن لەسەر بەرێزیان، ئێمە لەسەر بنەمای سیڤیەکەی، بڕوانامەکەی، لەسەر بنەمای ئەو دوو نوسراوەی کە ئاراستەی دەستەی

نەزاهە و وەزارەتی ناوخۆمان کردبوو، بۆ ئەوەی کە سابیقەی نییە، هیچ حوکمێکی لەسەر نییە، هیچ دۆسیەیەکی گەندەڵی لەسەر نییە، لە بواری مافەکانی مرۆڤدا ئیشی کردووە، هیچ شتێکی تر بۆ ئەو بابەتە لە راستیا پێوەر نەبووە، زۆر سوپاست دەکەین، فەرموون بەڕێزان لە لێژنەی یاسایی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار، وەرتان دەگرم دڵنیا بن، لێرە نارۆم تا هەمووتان وەرنەگرم، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەکەم:

پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای رەسمی پولی عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان-عێراق. ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە لە (٦) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندن، داوا لە بەڕیزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لێژنەکانی تایبەتمەند بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لێژنەی پیشەسازی ووزە، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، فەرموون، دووەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسایی دووەم:

پرۆژە یاسایی هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام، خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان - عێراق. ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە، لە (١٢) مادده پێك هاتووە، لەگەل هۆیەکانی دەرچواندن. داوا لە بەریزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لێژنەکانی تایبەتمەند بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، لێژنەی یاسایی، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسایی سێیەم:

پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادە کردنی یاسای وەبەرهینانی پیشەسازی لە هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق. ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە لە (١٣) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندن، داوا لە بەرێزتان دەکەین ئاراستەی لێژنەکانی تایبەتمەند بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پیشەسازی ووزە و سەرچاوە سروشتییەکان، لێژنەی یاسایی، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای چوارەم:

پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣). کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە (٧) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندن، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی ووزە، سامانە سروشتییەکان، لیژنەی یاسایی، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت،

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای پێنجەم:

پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی لە هەرێم کوردستان - عێراق، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠). ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە (٥) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندن، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی ووزە، لیژنەی یاسایی، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای شەشەم:

پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراق ژمارە (٣٠)ی ساڵی (١٩٨٤) لە هەرێمی کوردستان-عێراق. ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە (٨) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندن، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی ووزە، لیژنەی یاسایی، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت. ئێوە بمێننەوە چەند ئەندامێکی تری بەڕێزی پەرلەمان وەردەگرم، سەرۆکایەتی لێژنەی ووزەش بێنە جێگەکەی خۆیان.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٦) لە رابردوودا نزیکی (٤٢) پەرلەمانتار یاداشتێکمان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بۆ کۆبوونەوە لەسەر پرسی لێبڕینی مووچە و ژیان و گوزەرانی

خەڵـك، دەپرسـم بـۆ دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان هـیچ کـام لەم یاداشـت و پـرۆژانەی کە فراکسـیۆنە ئۆپۆزسـیۆنەکان لە نێـو پەرلەمـانی کوردسـتان ئاراسـتەیان دەکەن نایـانخەنە نێـو بەرنامەی کارەوە لەکاتێکدا تەواوی داواکارییەکان بۆ بەرگریکردن و چارەسەرکردنی کێشـە و ئەو قەیرانانەیە کە بەرۆکی هاووڵاتیان و فەرمانبەرانی گرتووە لە هەرێمی کوردسـتان، مـاددەی (١١١) لە نێــو پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتان بــریتییە لە فەراهەمکردنــی ئــازادی کــاری فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان، لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان دەکرێت پێم بڵـێ کـام پـرۆژەی ئۆپۆزسـیۆنی خسـتە نێـو بەرنـامەی کارەکـانی دانیشـتنیەوە؟ بـۆ ئەوانەی کە ئـێمە وەکـو ئۆپۆزسـیۆن داوای دەکەیـن، دەمانەوێـت دانیشـتنی لەسـەر بکرێـت، گفتوگۆی لەسەر بکرێت ناخرێتە بەرنامەی کارەوە؟ ئەمە پێشـێلی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان نییە؟ لە کاتێکدا ئەم پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتانە دەڵـێ دەبـێ دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان یاخود پەرلەمانی کوردستان.........................................................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(رووپاك) خان، فەموو.

**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گـوێرەی مـاددە (٧٨) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ئـێمە ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان پێشـنیازە یاسـایەکمان داوەتە دەسـتەی سـەرۆکایەتی لەسـەر رەخسـاندنی هەلی کار بە ڕێـژەی (٧٠%) بـۆ کرێکـاری خۆمـاڵی لە کۆمپانیاکـان، بەڵام بەداخەوە ئەو پێشـنیازە بزر بووە، یەعنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێزتان ئاماژەتان بەوە کرد ناردراوە بـۆ لیژنەی یاسایی، لێژنەی یاسایی دەڵێ نەهاتووە، فەرمانبەرمـان نـاردووە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی دیـار نییە، ئێمە پرسیار دەکەین بۆچی بەرنامەی کار پێشنیازەکانی ئێمەی تێـدا نـیـە؟ پێشـنیازەکانمان بـزر دەکـرێ، بەڵام گشـتی پرۆژەکـانی حکـومەتە، چـۆن دەکـرێ ئـێمە چەنـد پێشـنیازە یاسـامان پێشکەش کـردووە تـاوەکو ئێسـتا لەبەرنـامەی کـار پێشـنیازەکانی خۆمـان نـابینین، بەهەمـان ئەو پـرۆژەیەی کە مـاف و ئیمتیـازاتی کەم ئەنـدامان کە پـرۆژەی حکـومەتە ئـێمە پێشـتر پێشـنیازە یاسامان پێشکەش کردووە بۆ تێیدا نییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هیچ شتێك لێرە نییە لەناو سەرۆکایەتی پەرلەمان نـاوی ئەوە بێـت پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن، پرۆژەکـانی دەسـەڵات، پـرۆژە پـرۆژەی ئەنـدامانی پەرلەمـانە، پێشـنیازە یاسـا پێشـنیازە یاسـای ئەنـدامانی پەرلەمـانە، ئـێمە بەرنامەیەکمـان دانـاوە بـۆ کۆبـونەوە لەگەڵ فراکسـیۆنەکانی ئۆپۆزسـیۆن بـۆ موناقەشـەکردنی پرۆژەکانیـان، یەکەم فراکسـیۆنیش لەگەڵ فراکسـیۆنی کـۆمەڵەی ئیسـلامی کۆبـوینەوە، بـۆ ئەوەی بـزانین چـۆن مـامەڵە لەگەڵ پێشـیازە یاسایەکان بکەین، سەبارەت بەو پێشیازە یاسایەی بەرێـزت باسـی دەکەی پێشـنیازە یاسـا یەکەم جار دەچێتە کاروبـاری پەرلەمـان نـایەتە لای سـەرۆکایەتی پەرلەمـان، ئەصـل ئەوەیە کە ئێـوە لە کاروباری پەرلەمان بپرسنەوە، بـۆچی پێشـنیازە یاسـاکەی بەڕێزتـان دیـار نـیـە، ئەگەر دیـار نـیـە، لێـرەوە رایـان دەسـپێرین بە ئەوەی بەزووتـرین کـات ئەو پێشـنیازە یاسـایە ئەگەر هـاتۆتە لایـان

ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەن، سەبارەت بەوەی کەم ئەندامان رەنگە بەریزت ئاگات لێ نەبوبێت ئەگینا پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای کەم ئەندامان خوێندنەوی یەکەمی بۆ کراوە، راپۆرتەکەشی لە لیژنەی تایبەتمەند نوسراوە، بەڵام پرۆژەیەکی حکومەتیش هاتووە، بەپێی ماددەی (٨١)برگەی سێیەم، کاتێك کە پێشنیازە یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان چوبووە قۆناغی راپۆرت نوسین لەو کاتەدا پرۆژەیەکی حکومەتیش هات ئەولەویەت بۆ پێشنیازە یاساکەی پەرلەمانە کە چۆتە بواری راپۆرت نوسین، بەڵام ئەمە هیچ مانع نییە لەوەی کە ئێمە خوێندنەوە بۆ پرۆژە یاساکەی حکومەت بکەین، سوودی لێ ببینین لە دەوڵەمەندکردنی پێشنیازە یاساکەی پەرلەمانی کوردستانا، هەرواشمان کردووە، رۆژی یەکشەمەمان داناوە بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی کاروباری پەرلەمان، بۆ تێکهەڵکێشکردنی پێشنیازە یاساکە کە پێشتر خوێندنەوەی بۆ کراوە راپۆرتەکەشی نوسراوە، لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردویەتی کە تا رادەی ئەوەی دەتوانم بڵێم (٩٠%) لە یەکتری نزیکن، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، جەژنی ئێوە و تەواوی کوردستانیان پیرۆز بێت، سێ بابەتی گرینگ هەیە کە دەمەوێت لە ماوەی کاتی دیاریکراوی خۆمدا باسیان بکەم، یەکەمینیان پرۆژە یاسای بوودجەیە کە تەواوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانن، ماوەی (٨) ساڵە نەهاتووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە کێشە گەلێکی زۆر لە هەناویدا هەڵدەگرێت، چارەسەری زۆر کێشە لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، دەپرسین کە لە نیوەی ساڵی (٢٠٢١) بۆچی تاوەکو ئێستا یاسای بوودجە نایەت؟ ئەگەر بێت ئەم پرۆژەیە بەراستی ئەوە خەریکە کاتەکە تەواو دەبێت، نوقتەی دووەم چارەنووسی ئەو حەقدە پرۆژەیەی کە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی کردووە بۆ ئەوەی کە بزانێت چارەنووسی ئەو پرۆژانە چیان بەسەر هاتووە؟ بە لەخۆگرتنی پرۆژە یاسای فەرمانبەرانی گرێبەست، مامۆستایانی وانەبێژ، چەندان پرۆژە یاسای تری گرینگ کە لەناویاندا هەن، بابەتی سێیەم کە بابەتی لێبڕینی مووچەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان بە یاداشتی فەرمی یاداشتیان ئاراستەی بەڕێزتان کردووە بۆ ئەوەی کە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم بابەتە بکرێت، چاوەڕوانین بۆ ئەوەی بەرێزتان وەڵامی ئەم سێ پرسیارەمان بدەنە، ئایا تا کەی ئەمە بەردەوام دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمەش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان چاوەڕێ دەکەین کە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژە یاسای بوودجە پەسەند بکات، بینێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، لە ئێستایا هیچ پرۆژە یاسایەك نییە کە ئێمە ناردبێتمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هی وەرزەکانی رابردوو بێت واتا تا ساڵی (٢٠٢٠) بێ و وەڵام نەدرابێتەوە، یا رەت کراونەتەوە، یان قبوڵ کراون، بەڵام پرۆژە یاساکانی ساڵی (٢٠٢١) مان تازە بۆ ناردوون و چاوەرێی وەڵامیان دەکەین، سەبارەت بە یاداشتەکەشتان هەتا وەکو حکومەت ئامادە نەبێت، وەڵاممان نەداتەوە ئێمە ناتوانین دانیشتن بکەین، زۆر سوپاس، کاك (بهجت)، فەرموو.

**بەڕێز بهجت كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤـرۆ وەكـی لێژنـا ئـاوەدانكرنێ و وەبەرهێنـانێ ژبەركـو تایبەتمەنـدیا مە بڤـێ پـرۆژە یاسـایا بەركاركردن و هەمواری پیـادەكردنی یاسـای وەبەرهێنـانی پیشەسـازی هەردوو كەرتـی تـایبەت و تێكەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨) تۆمـار كـراوە، لە هەرێمـی كوردسـتانی-عێـراق ئاراسـتەی لێژنـا ئاڤەدانكردن و وەبەرهێنانی ژی بكرێتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیەكی دروستە ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لێژنەی ئاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنانیش دەكـرێ، زۆر زۆر سوپاس بۆ تێبینیەكەت، زۆر دروستە، كاك (حكمت)، فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ ئاخافتنێت من دڤیا ئەز دبێژم شلایێ بەڕێـز (گلیـزار) خـانی ڤە هـاتنە كـردن، ئەز ژی تەئیـدا هەندێ دكەم كو لیژنەیەك بێتە پێك ئینانێ بۆ دەڤەرا دهۆكێ تایبەت زاخۆ هەتا ئامێـدی براسـتی پشتی كو ژساڵا (١٩٩٢) حەتا ڤێ گاڤێ ئەو زوڵم و تەعەدا پەكەكە كری كـو پشـتی حیكمەتـا تركیـا ژی هاتی ئەو جێها داگیر كری براستی زوڵم و تەعەدا گەلەكا زێدەتر لێهاتیە، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزتان بە یاداشتی نوسراو ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمـانی بـكەن ئـێمە مـامەڵەی پەیـڕەوی لەگەڵ یاداشتەكەتان دەكەین، مامۆستا (ابوبكر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من خاڵەكەم خاڵی پەیڕەوییە كە لە ماددەی (٥٦) بـڕگەی دووەم خـاڵی یەكەم دەڵـێ پێشـێلكردنی یەكێك لە ماددە و بڕگەكانی دەستوور یان یاسـا بەركارەكـان و ئەم پەیـڕەوە، مـن قسـە لە یاسـای ژمارە (١٦)ی ساڵی (١٩٩٣) دەكەم كە پێشێل دەكرێـت، ئـێمە لە (٤/٢١)ەوە داوای كۆبـوونەوەیەكی پەرلەمانمـان كـردووە كە لەسـەر دیـاردەی چەك هەڵگـرتن، زۆربـوونی ڕووداوەكـانی كوشـتن كە ڕۆژان ئاگامان لە گیان كێشـان هاووڵاتییـانی كوردسـتاندا، ئـێمە بـۆ ئەم مەبەسـتە لە (٤/٢١) ئـێمە ئەم یاداشتەمان ناردووە، كە كۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ ئەنجام بدرێت، ئێـوە لە (٤/٢٦) ئەم یاداشتەتان ئاراسـتەی لیـژنەی نـاوخۆ كـردووە، لە كـوێی ئەم پەیـرەوەیە لە بەشـی پێـنجەم لە مـاددەی (٢٨) تـا (٤٦) لە كـوێی ئەم پەیـڕەوەدا هەیە یاداشـتی (١٠) پەرلەمانتـار ئەڵقەیەكی تری ڕۆتینی بۆ زیاد بكرێـت، بـڕواتەوە نـاو لیـژنەی مەعنـی، لیـژنەی مەعنـیش تـاوەكو ئێستا بە (٢٢) ڕۆژ هیچ وەڵامی نەداوەتەوە ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم ئەوەی كاك (كـاروان) وتی بوودجە، بوودجە ئەوە وا ناوەڕاستی مانگی (٥)ە تـا لە حكـومەتەوە دێـت، تـا ڕێنمایشـی بـۆ دەردەكات دەگاتە ئەخیری ساڵ، ئیتـر ئەم بـوودجەیە كەی دێـت، بـۆیە زۆر زۆر دواكەوتـووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەم یاداشتە لە هەمان کاتدا ناردوومانە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، بەڵام داوامان لە لێژنەی ناوخۆش کردووە راپۆرتێك ئامادە بکەن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هیچ مەنتقی تێدا نییە ئێمە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو وەزیرێك یان چەند وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگ بکەین بەبێ ئەوەی راپۆرتێکی لێژنەی تایبەتمەندمان هەبێت، سەبارەت بەوەی کێشەکە چییە؟ئەگەر دیاردەیە بۆ بووە بە دیاردە؟ هۆکارەکانی چین؟ چارەسەرەکانی چین؟ بخرێتە بەردەمی لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەو مەبەستە، ئەگینا لە هەمان کاتدا یاداشتەکەتان ئاراستەی حکومەت کراوە، داوامان لێ کردوون بە مەبەستی ئامادەبوونیان لە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان، کاك (کاوە)، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من بەشدارییەکەم خاڵی پەیڕەوییە، بەڵام یەك سەرنجم هەیە تکا دەکەم ئەگەر بۆ یەك جاریش بێت قەطعم نەکەی، بۆ ئەوەی قسەکانی خۆم بکەم، ...............................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە مەجالەکەتە، بەڵامی تێدا نیە، بە پێی پەیڕەو قسە دەکەی پەیڕەو دەڵێ یەك دەقە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە تیناگەم بۆ هەمیشە کاتێك کە باسی مووچە، کە باسی بوودجە، کە باسی دامەزراندن، کە باسی گرێبەست، کە باسی مامۆستای محازر دەکەین یەکسەر مایکەکە دەکوژێننەوە لەسەرمان قطع دەکەن، ئاخر خۆ ...............................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر وا نییە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێمە نوێنەری خەڵکین، ........................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموومان

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە پەرلەمان خەمی خەڵك باس نەکرێت چی باس دەکرێتن؟ یەعنی خۆ پەرلەمان ئێمە نوێنەرایەتی خەڵك دەکەین، هاتووینەتە ئێرە بۆ ئەوەی خەمی خەڵك بکەین، لێرە باسی گرفتەکانی خەڵك بکەین، خۆ بۆخۆمان نەهاتووین باسی خۆمان بکەین، بۆیە حەق وا نییە ئەگەر مەسەلە کاتە دادەنیشین تا (١٢)ی شەو، ئەگەر مەسەلەیەکی ترە ئەوە جیاوازە، حەق وایە ڕێگا بدرێت بەراستی قسەی خۆمان بکەین، خاڵی دووەم کە یاداشتەکەیە لەسەر ڕەوشی

پەروەردەیە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە یاداشتێکمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوامان کردووە چەند هەفتەیەك بەر لە ئێستا ...... .........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو، تۆ پرسیارت کردووە دەبێ چاوەڕێی جواب بکەی، سەبارەت بە یاداشتەکەتان ئێمە ناردبوومان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوان وەڵامیان داینەوە کە ئەو سێشەمەی ئێمە داوامان کردووە ناتوانن سێشەمەی دواتر ئەتوانن، بەڕێزان لە پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێیان وابوو ئەو حەفتەیە حەفتەی جەژنە لەبەر ئەوە چوارشەمە دەبووە عارفە، دوێنێ جارێکی تر داوامان کردۆتەوە کە ئەو دانیشتنەی کە تایبەتە بە رەوشی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان بڕیار بوو وەزیرەکان بێن و بەهۆی جەژنەوە دوا کەوتن، داوا دەکەین لە سەرەتای مانگی شەشدا ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان ببن، کاك (ڕێڤینگ)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لگۆرێ ماددێ (٥٦) ئەز تێدا ئاخڤم، هەرچەندە هەڤالێت من کاك (حکمت)، (گلیزار) خانێ باسێ وان پێشێلکاری و ئان شەر و پێکدادانێن تێنە کرن دناڤ بەینا پەکەکە و حکومەتا ترکیادا لدەڤەرێن مە، مە ساڵچووی ژی لکۆمبوونا پەرلەمانی یا (٦/٢٩) بڕیار هاتە دانا سێ لێژنا هاتنە پێك ئینان بۆ هەندێ سەرەدانا ڤێ سنووری بکەن، ئەڤە لیژنا بکارێ خۆ رابوون و یاداشتەك دایا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی، گەلەك پێشنیار ژی تێدابوون، دیتن تێدابوون، زیان ڤێ کەڤتی تێدابوون، هۆکار تێدابوون، حەتاکو نووکە مە هیچ بەرسڤەکی لسەرۆکایەتیا پەرلەمانی نەدیتییە، هەندەگ شوان گرێدای حیکمەتا عێراقێ بوون، هەندەك ژگرێدای حیکمەتا کوردستانێ بوون، بخۆشحالیڤە ڤێگاڤێ پاسەوانێ سنووری هەندەك هێزێ ئینایە وان سنوورا بەلێ لگەر وێرێ ژی رۆژانە خەلکی گوندا زەرەمەند دبن و کو ژبەر دبن ژگوندێت خۆ، زەرەر و زیانێت ڤی خەلکی لازمە بێنە قەرەبوو کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (ڕێڤنگ) یاداشتەکەی بەرێزتان ئاراستەی لێژنەی تایبەتمەند کراوە، ئەو بەشەی پەیوەندی بە حکومەتەوەیە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کاری کۆبوونەوە دەکەین، بەڕێز سەرۆکی لێژنەی یاسایی، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بۆ سەرۆکی پەرلەمان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی دەنگدان**

لێژنەی کاروباری یاسایی و لێژنەی ووزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی رۆژی یەك شەمە رێکەوتی (٢٠٢١/٥/١٦) کاتژمێر (٦)ی ئێوارەی کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ

تــاوتوێکردن و داراشــتنەوەی ئەو پێشــنیارانەی کە لەلایەن ئەنــدامانی پەرلەمــانەوە پیشــکەش کــراوە لە دانیشــتنی خوێنــدنەوەی دووەمــدا ســەبارەت بە پــرۆژە یاســای وەزارەتــی کاروبــار لە هەرێمــی کوردســتای عێــراق، دوای گفتوگــۆکردن هەردوو لێــژنەی تایبەتمەنــد گەیشــتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیار نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان ســەبارەت بە ناونیشــان هــیچ پێشــنیازێك نیــیە وەك خــۆی، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی دەنگی پــێ بــدرێت بــا بفەرموێــت دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ...

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

..... سەبارەت بە ماددەی (١) دوو پێشنیار هەیە:

ماددەی (١): دوو پێشنیار هەیە، ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەیەك لە زنجیرەی نۆیەم زیــاد بکــرێ، بەو پێیەی زنجیرەی بڕگەکانی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بەم شێوەیە:

نۆیەم/ وزە نوێبوونەوەکان بە مانا و لێکدانەوە دێت بۆ وزەی پاك کە لە سەرچاوە سروشتییەکان دەستەبەر دەکرێــت، کە بەرهەمهێنانیــان پەیوەســتە بە شــوێن و کــاتەوە و وزەی هایــدەر و پــاوەر ئینتۆربــاینی بــای وزەی خــۆر یــان هەر جــۆرێکی نــوێی وزە کە لەپرۆتۆکــۆلی وەزارەتــی کارەبــا دانپێدانراو بێت.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی.

پێناسە:

مــاددەی یەکەم/ بــۆ مەبەســتی حوکمەکــانی ئەم یاســایە ئەم دەســتەواژانەی خــوارەوە ماناکــانی بەرامبەریان دەگرێتەوە:

١-هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢-وەزارەت: وەزارەتی کارەبای هەرێم.

٣-وەزیر: وەزیری کارەبا.

٤-ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیران.

٥-بەرهەمهێنان: بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

٦-گواستنەوە: گواستنەوەی وزەی کارەبا بە هێلی (٣٣) کیلۆڤۆڵت بەرەوسەر.

٧-دابەشکردن: دابەشکردنی وزەی کارەبــا لە ڕێــگەی تــۆڕی ناوەنــد لە هێڵەکــانی (٠٤-٣٣) (١١-٠٤) و (٠٤) کیلۆڤۆڵت بەرەو خوار.

٨-وزە: وزەی کارەبا.

٩-کۆنترۆڵ: کۆنترۆڵی سەر تۆڕەکانی کارەبای هەرێم.

١٠-هاوبەشەکان: هەر بەشداربووێك کە گرێدراوی تۆڕەکانی کارەبــا بێــت بە مەبەســتی وەرگرتنــی وزەی کارەبا لە ڕێگەی پێوەری کارەباوە.

١١-تۆڕەکان: پێکهاتەکانی کارەبا لە هەردوو سێکتەری گواستنەوە و دابەشکردن دەگرێتەوە.

١٢-وێستگەکانی بەرهەمهێنان: سەرجەم وێزگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١) تەنها دوو پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ سێ کەسی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

سەبارەت بە ماددەی (٢) شەش پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە لە بڕگەکانی یەکەم و سێیەم و پێنجەم دا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم/ دابینکردن و پەرەپێدانی وزەی کارەبا بە گوێرەی پێداویستییەکانی گۆمەڵگە و ئابووری و نیشتیمان.

سێیەم/ پاڵپشتی کردن و هاندان بۆ فرە سەرچاوە کردنی وزەی کارەبا.

پێنجەم/ ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی کارەبا و قۆرخکاری و زێدەڕۆیی کردن لەسەریان و بەدەستەوە بوونی نرخەکان.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە بڕگەکانی چوارەم و شەشەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

چوارەم/ ڕێکخستن و دامەزراوەیی کردنی گشت چالاکییەکانی پەیوەست بە کارەبا لە بواری بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەشکردن وبەکارهێنانی بەو شێوەیەی کارایی وبەردەوامی و بەرهەمهێنانی وزدەی کارەبا پڕکردنەوەی خواست مسۆگەر دەکات ولەگەڵ زامن کردنی پاراستنی ژینگە و بەرەنگاربوونەوەی ئاڵوگۆڕی کەش و هەوادا.

شەشەم/ سزادانی زێدەڕۆکار بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا و هەموو ئەوانەی پێشێلکاری یاسا و ڕێنمایی بەرکارەکان لە هەرێم دەکەن لەم بوارەدا.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە وەك خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە:

بڕگەی دووەم بەم شێوەی لێ دەکرێت:

دووەم/ هاندان و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە بواری کەرتی کارەبا و بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی.

دووەم/ بڕگەی شەشەمی ئەم ماددەیە لابرێ.

پێشنیاری چوارەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە لە بڕگەکانی دووەم و سێیەم دا بەم شێوەیەی خوارەوە:

دووەم/ هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە بواری کەرتی کارەبا و بە بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی.

سێیەم/ پاڵپشتی کردن و هاندانی فرە سەرچاوەیی وزەی کارەبا و وزە نوێبوونەوەکان و وزەی جێگرەوە.

پێشنیاری پێنجەم/ ماددەکە وەك خۆی:

ئامانجەکان/ ماددەی دووەم:
ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:
١-پەرەپێدانی وزەی کارەبا بە گوێرەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و ئابووری نیشتیمانی.
٢-هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە بواری کەرتی کارەبادا.
٣-پاڵپشتی کردن و هاندانی فرەسەرچاوەیی وزەی کارەبا.
٤-ڕێکخستنی گشت چالاکییەکانی پەیوەست بە کارەبا لە بواری بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەشکردن و بەکارهێنان بەو شێوەیەی کارایی و بەردەوامی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا پڕکردنەوەی خواست مسۆگەر دەکات لەگەڵ زامن کردنی پاراستنی ژینگە و بەرەنگاربوونەوەی ئاڵوگۆڕی کەش و هەوادا.
٥-ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی کارەبا و قۆرخکاری و بەدەستەوەبوونی نرخەکان.
٦-سزادانی زێدەڕۆکار بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا.
پێشنیاری شەشەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند:
بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ماددەی (٩١) (بڕگەی چوارەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی ئاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون و لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئەم پێشنیارە دەخەینەڕوو و داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.
ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی چوارەم و شەشەم بەم شێوەی لێ بکرێ:
چوارەم/ ڕێکخستنی گشت چالاکییەکانی پەیوەست بە کارەبا لە بواری بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەش کردن و بەکارهێنان بەو شێوەی کارایی بەردەوامی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پڕکردنەوەی خواست مسۆگەر دەکات لەگەڵ زامن کردنی پاراستنی ژینگە و گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ هەموو جێگا و ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان.
شەشەم/ پێبژاردن و زێدەڕۆکار بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ماددەی (٢) شەش پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ دوو بەڕێزی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە؟ دوو ئەندامی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی پێنجەمە با بفەرموێ دەست بەرز بکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی شەشەمە؟ پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند، هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، سوپاس، بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) حەوت پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خـۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریـانەی خـوارەوە لە خاڵەکـانی (١) و (٤) و بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:
١-وەزیـر: سـەرۆکی بـاڵای وەزارەتە و بەرپرسـە لە ئەرکەکـانی و ئاراسـتەکردنی سیاسـەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی کارەکانی لە ڕێگەی بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی لە گشت ئەو بابەتـانەی پەیوەنـدارن بە ئەرکەکـانی وەزارەت و پێکهاتەکـانی و دەسـەڵاتەکان و سـەرجەم کاروباری تەکنیکی و دارایی و کارگێری، وەزیر دەتوانێ هەنـدێ لە دەسـەڵاتەکانی لە چوارچێـوەی یاسـای وەزارەت بەبریکـاری وەزارەت یـان بەڕیـوەبەرییە گشـتییەکان یـان هەر فەرمـانبەرێکی وەزارەت کە دەستنیشانی دەکات بسپێرێت.
٤-ژمـارەیەك ڕاوێژکـار کە لە چـوار کەس زیـاتر نەبـێ بەو مەرجەی هەر یەکێکیـان لایەنـی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت.
پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیـا خـاڵی سـێیەم لە بـڕگەی یەکەم دا بەم شـێوەیەی لـێ بکرێت:
٣-بریکـــاری وەزارەت یـــارمەتی وەزیـــر دەدات لەسەرپەرشـــتیکردنی کاروبـــاری وەزارەت لە چوارچێـوەی ئەو دەسـەڵاتانەی وەزیـر پێـی دەسـپێردرێت بەو مەرجەی لایەنـی کەم هەڵگـری بڕوانامەی زانکۆیی بێ لە ئەندازیاری کارەبادا و خاوەنی شارەزایی بێت.
پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی (١)ی بڕگەی یەکەمی بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
١-وەزیر سەرپەرشتیاری باڵای وەزارەت و بەرپرسە لە ئەرکەکانی ئاراستەکردنی سیاسـەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی کارەکانی لە ڕێگای بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی لە گشت ئەو بابەتـانەی پەیوەندیـدارن بە ئەرکەکـانی وەزارەت و پێکهاتەکـان و دەسـەڵاتەکان و سـەرجەم کاروبـاری تەکنیکـی و دارایـی و کـارگێری وەزیـر دەتـوانێ هەنـدێ لە دەسـەڵاتەکانی بسـپێرێ لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکاری وەزارەت یـان بەڕێـوەبەرە گشـتییەکانی فەرمـانبەرێکی وەزارەت کە دەستنیشانی دەکات.
پێشنیاری چوارەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی (١)ی بڕگەی یەکەم بەم شێوەی لێ بکرێ:
١-وەزیـر: سـەرۆکی بـاڵای وەزارەتە و بەرپرسـە لە ئەرکەکـانی و ئاراسـتەکردنی سیاسـەتەکان و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی کارەکانی لەڕێگای بڕیار و فەرمـان و ڕێنماییەکـانی لە گشت ئەو بابەتـانەی پەیوەندیـدارن بە وەزارەت و پێکهاتەکـان و دەسـەڵاتەکانی و سـەرجەم کاروبـاری تەکنیکی و دارایی و کارگێری وەزیـر دەتـوانێ هەنـدێ لە دەسـەڵاتەکانی بسـپێرێ لە چوارچێـوەی یاسـای وەزارەت بە بریکـاری وەزارەت یـان بەڕێـوەبەرە گشـتییەکان یـان هەر فەرمانبەرێـك کە پلەکەی لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت و یاخود ئەزموون و پسپۆڕی هەبێت لەو دەسـەڵاتەی کە پێـی دەسپێردرێت.
پێشنیاری پێنجەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی (١)ی بڕگەی یەکەم بەم شێوەی لێ بکرێ:
١-وەزیـر: سـەرۆکی بـاڵای وەزارەتە و بەرپرسـە لە ڕێکخسـتن و ئەرکەکـانی و ئاراسـتەکردنی سیاســەتەکانی و سەرپەرشــتی و چــاودێری کردنــی کارەکــانی لەڕێگــای بڕیــار و فەرمــان و ڕێنماییەکـانی لە گشت ئەو بابەتـانەی پەیوەندیـدارن بە ئەرکەکـانی وەزارەت و پێکهاتەکـانی و دەسـەڵاتەکانی و سـەرجەم کاروبـاری تەکنیکـی و دارایـی و کـارگێری وەزیـر دەتـوانێ هەنـدێ لە

دەسەڵاتەکانی بسپێرێ لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر بەڕێوەبەرێکی فەرمانگە یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت دەستنیشانی دەکات.

پێشنیاری شەشەم/ ماددەکە وەك خۆی:

پێکهاتەکانی وەزارەت

ماددەی (٣):

یەکەم/ وەزارەت پێك دێت لە:

١-وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئەرکەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی کارەکانی لە ڕێگای بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی لە گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکان و دەسەڵاتەکان و سەرجەم کاروباری تەکنیکی و دارایی و کارگێری وەزیر دەتوانێ هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بسپێرێ لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوبەرە گشتییەکان یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە دەستنیشانی دەکات.

٢-نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن.

٣-بریکاری وەزارەت یارمەتی وەزیر دەدات لە سەرپەرشتی کردنی کاروباری وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیر پێی دەسپێرێت بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت و خاوەنی شارەزایی بێت.

٤-ژمارەیەك ڕاوێژکار زیاتر نەبن لە چوار کەس بەو مەرجەی هەر یەکێکیان لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەنی شارەزایی بێت.

٥-بەڕێوەبەری گشتی دیوان: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات و بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێ لە یاسا یان کارگێری خاوەن شارەزایی بێت.

٦-بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات و بەو مەرجەی لایەنی کەم بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی هەبێ لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.

٧- بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی وزەی کارەبا: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات و بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێ لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.

٨-بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەش کردنی وزەی کارەبا لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەی دەبات و بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەنی شارەزایی بێت.

٩-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێ لە ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.

١٠-بەڕێوەبەری گشتی کاروباری وزە: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات بەو مەرجەی لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری، کارگێری یان ئابووری یان بازرگانی یان خاوەن شارەزایی بێت.

دووەم/ لە هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەكی سەربەخۆ لە هەرێم بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی كارەبا پێك دەهێنرێت و هەر یەكەكیان خاوەن كەسایەتی مەعنەوی دەبێ.
٢-هەر بەڕێوەبەرایەتییەكی گشتی هاتووە لە خاڵی یەكەمی ئەم بڕگەیە لەلایەن بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەدەبردرێت كە بەلایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاری و خاوەنی شارەزایی بێت و فەرمانبەرێك بە پلەی یاریدەدەر بەڕێوەی بەرێ بەڕێوەبەری گشتی یارمەتی دەدات كە بەلایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە بواری كارگێری یان یاسایی یان ئەندازیاری و خاوەن شارەزایی بێت.
پێشنیاری حەوتەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند: ماددەكە وەك خۆی تەنیا خاڵی یەكەمی بڕگەی یەكەم بەم شێوەی لێ بكرێ:
١-وەزیر: سەرۆكی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئەركەكانی و ئاراستەكردنی سیاسەتەكانی و سەرپەرشتی و چاودێری كردنی كارەكانی لە ڕێگای بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەكانی لە گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ئەركەكانی وەزارەت و پێكهاتەكان و دەسەڵاتەكان و سەرجەم كاروباری تەكنیكی و دارایی و كارگێری وەزیر دەتوانێ هەندێك لە دەسەڵاتەكانی لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریكاری وەزارەت و بەڕێوبەرە گشتییەكان بسپێرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٣) حەوت پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەكەمە با بفەرمێ دەست بەرز بكاتەوە؟ دوو ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ یەك بەڕێزی لەگەڵە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی پێنجەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی شەشەمە وەك خۆی؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی حەوتەمە پێشنیازی هەردوو لیژنە؟ بەدەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٤) شەش پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەكەم/ماددەكە وەك خۆی تەنیا بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بكرێت:
چوارەم/ دانانی نرخ لەلایەن وەزیر و لیژنەیەكی تایبەتمەند لە وەزارەت كە پێكهاتبن لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت گفتوگۆ و تاوتوێ بكرێت و بەرزكردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ ڕەزامەندیدان لەسەری بەو مەرجەی ئەو باروذۆخ و گۆڕانكارییانەی لەسەر تێچووی كارەبا و بژێوی هاووڵاتیان و ئابووری هەرێم ڕوودەدەن لەبەرچاو بگیرێت.
پێشنیاری دووەم/ ماددەكە وەك خیۆ تەنیا بڕگەكانی پێنجەم و هەشتەمی ئەم ماددەیە بكرێتە یەك بڕگە و داڕشتنەوەكەی بەم شێوەیەی لێ بكرێت بە زنجیرەی پێنجەم:

پێنجەم: پێدانی مۆڵەت و گرێبەست کردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی پسپۆر لە کەرتی تایبەت بۆ بەگەڕخستن و چاکردنەوەی وێزگەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینی کارەبا و تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن هاوردەکردن و هەناردەکردنی وزە و بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنانی وزەی کارەبای پاك بۆ پێداویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا و پەیڕەو و ڕێنما بەرکارەکان و باپەندکردنی ئەم کۆمپانیانە بە دەست هەڵنەگرتن لەم مۆڵەتانەی پێیان دراوە مەگەر بە ڕەزامەندی وەزارەت بێت و ئەمەش بەرێنمایی ڕێك دەخرێت.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە لە بڕگەکانی چوارەم و پێنجەم و هەشتەم و سێزدەیەمی ئەم ماددەیەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

چوارەم: دیاریکردنی نرخەکانی کارەبا لەلایەن ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری تایبەت بە ڕەزامەندی ئەنجومەن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ ڕەزامەندیدان لەسەری بەو مەرجەی ئەو بارودۆخ و گۆڕانگارییانەی لەسەر تێچووی کارەبا و بژێوی هاووڵاتیان بۆ هەرێم ڕوودەدەن لەبەرچاوبگیرێن.

پێنجەم: بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنانی وزەی کارەبای پاك بۆ پێداویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی و مۆڵەتدان بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەرچاوە نوێبووەکان لەگەل ڕەچاوکردنی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان و پابەندکردنی ئەم کۆمپانیانە بە دەست هەڵنەگرتن لەم مۆڵەتانەی پێیان دراوە مەگەر بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزارەت بێت بە مەرجی هەبوونی جێگرەوە و ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت.

هەشتەم: پێدانی مۆڵەت و گرێبەست کردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی پسپۆر لە کەرتی تایبەت بۆ بەگەڕخستن و چاکردنەوەی وێزگەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینی کارەبا و تۆرەکانی گواستنەوە و دابەشکردن هاوردەکردن و هەناردەکردنی وزە لەگەڵ پابەندکردنی ئەم کۆمپانیانە بەدەست هەڵنەگرتن لەو مۆڵەتانەی پێیان دراوە مەگەر بە ڕەزامەندی وەزارەت بێت لەسەر بنەمای کێبڕکێ دا ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت.

سێزدەیەم: ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن و لێك دەرکردن (مقاصە) بۆ وزەی کارەبا نوێبووەکان بەپێی پێویست و بەرژەوەندی گشتی.

پێشنیاری چوارەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ زیادکردنی دوو بڕگە بۆ ماددەکە بە زنجیرەی چواردەیەم و پازدەیەم بەم داڕشتنانەی خوارەوە:

چواردەیەم: هاندانی هاووڵاتیان بۆ دانانی سیستەمی وزەی خۆر بۆ ماڵ و باخ و ڤیلاکان بە لەبەرچاوگرتنی خۆرێکی زۆر لە ناوچەکەی ئێمە و بەمەش ئەرك لەسەر تۆڕە نیشتیمانییەکان کەم دەبێتەوە بەمە چەندین وێزگەی وەبەرهێنان بۆ سەر تۆڕە نیشتیمانییەکان زیاد دەکات و دانانی ڕێنمایی بۆ کڕینەوەی وزە لە هاووڵاتیان لە کاتی زیادبوونی.

پازدەیەم: دابەشکردنی کارەبای بەرهەمهاتوو لە تۆڕی نیشتیمانی بە یەکسانی بەسەر هاووڵاتیان دا.

پێشنیاری پێنجەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا بە زیادکردنی بڕگەیەك لە زنجیرەی چواردەیەم بەم شێوەیە:

چواردەیەم: بەشداریکردن لە دیاریکردنی سیاسەتی وزە لە هەرێمی کوردستان.

پێشنیاری شەشەم/ ماددەکە وەك خۆی:

ئەرکەکانی وەزارەت:

مادده (٤) وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا و دامەزراندن و بەگەڕخستن و چاککردنەوەی وێزگەکان و بەرهەمهێنان و گۆڕینی تۆڕەکانی کارەبا.

٢- بەگەڕخستنی تۆڕەکانی کارەبا بەشێوەیەکی زانستییانە، بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لە رێگەی دامەزراندنی سیستەمی گەیاندن و مسۆگەرکردنی پارێزگاریکردن لە پێکهاتەکانی تۆڕەکانی کارەبا و کەمکردنەوەی تێچووەکان.

٣- دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی و کۆنترۆڵ کردنی بەکاربردنی کارەبا و مسۆگەرکردن و دابینکردنی کارەبا و کەمکردنەوەی بەهەدەردانی مافەکانی وەزارەت لە رێگەی دامەزراندنی پرۆژەی تۆڕی زیرەك.

٤- دیاریکردنی نرخەکانی کارەبا لەلایەن وەزیر بە رەزامەندی ئەنجومەن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ رەزامەندیدان لەسەری بەو مەرجەی ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییانەی لەسەر تێچووی کارەبا و بژێوی هاووڵاتییان و ئابووری هەرێم روودەدەن لەبەرچاو بگیرێن.

٥- بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنانی وزەی کارەبای پاك بۆ پێداویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی و مۆڵەتدان بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەرچاوە نوێبووەکان لەگەڵ رەچاوکردنی یاسا و پەیڕەو رێنماییە بەرکارەکان.

٦- گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ پاراستنی ژینگە و دەستەبەرکردنی سەلامەتی و تەندروستی و گشتی.

٧- رێکخستنی میلاکی پێویست و پەرەپێدانی توانای فەرمانبەران لە رێگەی ناوەندی راهێنانی پیشەیی و هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە فێرکارییەکان ئەکادیمی و ناوەندە پسپۆڕەکان، یان رێکخراوە ناوخۆییەکان یان نێودەوڵەتییەکان.

٨- پێدانی مۆڵەت و گرێبەست کردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی پسپۆڕ لە کەرتی تایبەت بۆ بەگەڕخستن و چاککردنەوەی وێزگەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینی کارەبا و تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن، هەناردەکردن و هاوردەکردنی وزە.

٩- هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە چالاکییەکانی وەزارەت و کارکردن لەسەر رێنوێنی و بەکاربردنی وزەی کارەبا لە رێگەی دانانی سیاسەت و رێنمایی و هاندانی بەکاربەران بۆ ئەم مەبەستە.

١٠- پێشکەشکردنی پێشنیار بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی کارەبا لە هەرێم.

١١- نوێنەرایەتی کردنی هەرێم لە رێکخراو و کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و هەرێماتییەکانی تایبەت بە کەرتی وزەی کارەبا.

١٢- هەماهەنگی و تەواوکردنی یەکتر لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێم و وەزارەتە ئیتیحادییەکان.

١٣- ئەنجامدانی كڕین و فرۆشتن و لێك دەركردن (مقاصە) بۆ وزەی كارەبا بەپێی پێویست و بەرژەوەندی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٤) شەش پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەكەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ سێ كەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە؟ سێ ئەندامی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی پێنجەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی شەشەمە وەك خۆی با بفەرموێ دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەدەنگی (٥٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی (٥)، بەڕێزان ئەو هەموو پێشنیازەتان كردووە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دادەنیشێ ئەو هەموو خۆ هیلاك كردنە، بە دە سەعات و دوانزە سەعات دادەنیشن گوێ لە یوتیوب دەگرنەوە، یەك پێشنیازیشتان دانەنرێ گلەیی دەكەن، هیچ پێشنیازێكیش دەنگ ناهێنێ، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

سەبارەت بە ماددەی (٥) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/ بڕگەكانی یەكەم،سێیەم، چوارەمی ئەم ماددەی بەم شێوەیەی لێ بكرێت:

یەكەم: وەزارەت بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆی هەیە وایەر و كێبڵ لەسەر یان لە ژێر ڕێگە گشتییەكان یان شەقامەكانی ناوەوە یان دەرەوەی شارەكان رابكێشێت و هەروەها مافی هەیەستوون دانێت و تونێل لێبدات و كاری دیكەی پێویست ئەنجام بدات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەكانی وەزارەت بۆ ئەركەكانی لەگەڵ رەچاوكردنی ماستەرپلان و پاراستنی ژینگە و حوكمەكانی یاسا بەركارەكان.

سێیەم: قەرەبووكردنەوەی هەر كەسێك لە ئەنجامی چالاكییەكان و جێبەجێ كردنی ئەركەكانی زیانمەند دەبێت بەپێی حوكمەكانی یاسا بەركارەكان.

چوارەم: تانەدان لە بڕیاری وەزیر لەبەردەم دادگای كارگێری دەبێت بە پێی یاسای ئەنجومەنی شورای بەركار لە هەرێم.

پێشنیاری دووەم/ ماددەكە وەك خۆی تەنیا بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لاببرێت.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەكە وەك خۆی:

ماددەی (٥):

١- وەزارەت بۆی هەیە وایەر و كێبەڵ لە سەربان، یان لە ژێرەوەی رێگە گشتییەكان، یان شەقامەكانی ناوەوە، یان دەرەوەی شارەكان رابكێشێت و هەروەها مافی هەیە ستوون دابنێت و تونێل لێبدات و كاری دیكەی پێویست ئەنجام بدات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەكانی وەزارەت بۆی هەیە ئەركەكانی لەگەڵ رەچاوكردنی ماستەرپلان و پاراستنی ژینگە و حوكمەكانی یاسا بەركارەكان.

٢- وەزارەت بەگوێرەی پێویستی بۆی هەیە ببێتە خاوەن زەوی بە ناوی وەزارەتی كارەبا و تۆمار بكرێت بەپێی یاسا بەركارەكان.

٣- قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێکی زیانمەند دەبێت لە ئەنجامی چالاکییەکان جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بەپێی یاسا بەرکارەکان.
٤- بڕیارەکانی وەزیر شیاوی تانەلێدانە لەبەردەم دادگای کارگێری بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی بەرکار.
پێشنیاری چوارەم/ پێشنیازی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، ماددەکە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
١- وەزارەت بۆی هەیە وایەر و کێبەڵ لە سەربان، یان لە ژێرەوەی ڕێگە گشتییەکان، یان شەقامەکانی ناوەوە، یان دەرەوەی شارەکان رابکێشێت و هەروەها مافی هەیە ستوون دابنێت و تونێل لێبدات و کاری دیکەی پێویست ئەنجام بدات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەزارەت بۆی هەیە ئەرکەکانی لەگەڵ رەچاوکردنی ماستەرپلان و پاراستنی ژینگەی تەندروستی گشتی و حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.
٢- وەزارەت بۆی هەیە بەگوێرەی پێویستی پرۆژەکان، بۆی هەیە ببێتە خاوەن زەوی بە ناوی وەزارەتی کارەبا و تۆمار بکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.
٣- وەزارەت هەڵدەستێت بە قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێك کە زیانمەند دەبێت لە ئەنجامی چالاکییەکان جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بەپێی یاسا بەرکارەکان.
٤- بڕیارەکانی وەزیر شیاوی تانەلێدانە بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی بەرکار.
سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٥)، بەڵێ کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ ئیزافەی ئەو ڕایەی جەنابت ئێستا باست کرد لەسەر ئەو پێشنیارانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەیکەن، دیارە بەپێی ماددەی (٩١) لە بڕگەی چوارەم بە وازحی هاتووە کە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی کە بەڕێزان پەرلەمانتاران لە خوێندنەوەی دووەم دا دەیخەنەڕوو، دەسەڵاتی لیژنەی تایبەتمەندە لە کۆبەندی بژاردەکان پێشنیارێك ئامادە بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

یەعنی مانای ئەوە نییە کە پەرلەمانتارێکی بەڕێز پێشنیارێك دەکات و دەنگ بە پێشنیارەکەی خۆی نادات، نەخێر بەو مانایە دێت کە قەناعەتی تەواوی بە جێبەجێ کردنی ئەم بڕگەیەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەیە و قەناعەتی بەو پێشنیارە هەیە کە بەڕێزان لە دوای ئەو ماندیبوونە لیژنەی تایبەتمەند دەیانەوێ بیخەنەڕوو، بۆیە دەنگ تەنها ئەم پێشنیارە دەیهێنێت، هەر بۆ ڕوونکردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، راستە دەستخۆش، راستە، ئەو دیوەشی راستە، سوپاس، ماددەی (٥) بەڕێزان چوار پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ سێ ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە، هەر

بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە؟ بەدەنگی (٥٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٦)، فەرموون.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنیا زیادکردنی خاڵێك بە زنجیرەی (٦) بۆ بڕگەی یەکەم و بڕگەی سێیەمیش بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

٦-کەرتی تایبەت.

بڕگەی سێیەم: دیاریکردنی جۆری پۆلینەکان و بنەمای جیاکردنەوەی بە ڕێنماییەك دیاری دەکەن کە ئەنجومەنی وەزارەت دەری دەکات.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنیا هەردوو خاڵی (٢) و (٣)ی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

١-شوێنی بازرگانی گەورە و بچووك.

٣-شوێنی پیشەسازی گەورە و بچووك.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە وەکو خۆی:

مادده (٦): بڕگەی یەکەم: هاوبەشەکانی کارەبا پۆلین دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- یەکەی نیشتەجێبوونماڵەکان

٢- بازرگانی.

٣- پیشەسازی.

٤- کشتوکاڵی.

٥- کەرتی گشتی.

بڕگەی دووەم: وەزارەت دەتوانێ جۆری دیکەی هاوبەشی کارەبا زیاد بکات.

بڕگەی سێیەم: دیاریکردنی جۆری پۆلینەکان و بنەمای جیاکردنەوەیان بە ڕێنمایی دیاری دەکەن کە وەزیر دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەبارەت بە ماددەی (٦) سێ پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ دوو بەڕێزی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ دوو بەڕێزی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە وەك خۆی؟ بەدەنگی (٥٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٧)، فەرموون، کاك د.ڕێبوار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە میانی ئەوەی کە باست کرد کێ دەنگ بە پێشنیاری خۆی دەدات و دەنگیشی پێ نادات، حەقە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تەواو بوو كاك دكتۆر.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

ئاخر با ڕوون كردنەوەیەك بدەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەنـدێك قەنـاعەتی بەوە هەیە كە پێشـنیازی لیـژنەی هـاوبەش ڕەئیەكـانی ئەوی تێـدایە، بـۆیە دەنگی پێ دەدات.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

بەڵێ، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمـان كە پێشـنیار دەكەیـن دەنگیشـی پـێ دەدەیـن، بەڵام ئەوانەی كە پێشنیار دەكەن دەنگی پێ نادەن حەقە ناویان بێ، بۆ ئەوەی كە جیابكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێویست ناكات، چونكە قەناعەتی بەوە هەیە كە بەشێك لە تێبینییەكانی جێی دەكـرێتەوە لە نـاو لیژنەی هاوبەش، تەواو، بەڵێ، ناوی هیچ كەسێ ناهێنرێ، من جواب دەدەمەوە، پێویسـت نـاكـات، ئەوە عـیلاقەی بەو مـاددەی قـانونییەوە هەیە كـاك مەم، دڵنیـابە هەمووتـان وەردەگـرم، بەخـوا نارۆمەوە تا هەمووتان قسە نەكەن، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٧) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/ مـاددەكە وەكـو خـۆی تەنیـا بـڕگەی پێنجەمـی ئەم مـاددەیە بەم شـێوەیەی لـێ بكرێت:

٥-پێویستە لەسەر وەزارەت داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بكات كە دەرئەنجامی زێدەڕەوی بەپێی حوكمەكانی یاسا بەركارەكانی هەرێم.

پێشنیاری دووەم/ ماددەكە وەكـو خـۆی تەنیـا بـڕگەی پێنجەمـی ئەم مـاددەیە بەم شـێوەیەی لـێ بكرێت:

٥-پێویستە لەسەر وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەكانی پارێزگاكان و یەكەی ئیداری سـەربەخۆیەكان بەپێــی تایبەتمەنــدی داوای قەرەبــووی ئەو زیانــانە بكــات كە دەرئەنجــامی زێــدەڕەوی بەپێــی حوكمەكانی یاسا بەركارەكانی هەرێم.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەكە وەكو خۆی:

مادده (٧)

بڕگەی یەكەم: هەر كەسێك زێدەڕەوی بكاتە سـەر سیسـتەمی كارەبـا و تۆڕەكـانی، بە پێبژاردنێـك سزا دەدرێ بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت كە وەزیـر لەسـەر پێشـنیاری ئەنجـومەن و بە ڕەزامەنـدی ئەنجومەنی وەزیران دەری دەكات.

بڕگەی دووەم: وەزیـر بە ڕەزامەنـدی ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێـم بـۆی هەیە ڕێـژەیەك لەو بـڕە پارانە لە بژاردنی زێدەڕەوی سەر سیستەمی كارەبا و تۆڕەكانی وەرگیراون تەرخان بكـات بـۆ ئەو

کەسانەی ڕاسپێردراون بە ئاشکراکردنی زێدەڕەوی و لابردنیان، ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێ کە وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری دەری دەکات.
بڕگەی سێیەم: ئەو کەرەستانەی لە زێدەڕەوی سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی بەکارهاتوون دەستیان بەسەردا دەگیرێت.
بڕگەی چوارەم: ئەو سزایانەی لەم ماددەیە هاتوون ڕێگر نابن لە سزای توندتر هاتووە لە یاسا بەرکارەکان دا.
بڕگەی پێنجەم: پێویستە لەسەر وەزیر داوای قەرەبووی ئەم زیانانە بکات کە لە دەرئەنجامی زێدەڕەوین بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.
پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
بڕگەی یەکەم: پێبژاردنێکی زێدەڕەوی و دیاریکردنی بڕ و ڕێکارەکانی بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت کە وەزیر لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.
بڕگەی چوارەم: ئەو پێبژاردنانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە ڕێگر نابن لە سزای توندتر هاتووە لە یاسا بەرکارەکان دا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، سەبارەت بە ماددەی (٧) چوار پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟، پەیوەندی بە ماددەکەوە هەیە؟ یەك دەقە، بەڵێ شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩١) بڕگەی سێیەم سەبارەت بە ماددەی (٧) ئێمە پێشنیارمان کردووە کە جۆر و بڕی سزاکە لەو ماددەیەدا دیاری بکرێت، پێشنیارەکەشمان پشتگیری هەبووە، بەڵام ئێستا لە داڕشتنەوەکەدا نەهاتووە، لە لیژنەی تایبەتمەند و بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دەپرسین، بۆچی نەهاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەڵێ کاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە دەنگی لەسەر درا بەڵام دەستم بەرز کردەوە جەنابت وەرت نەگرت، چونکە ماددەی (٤) لە بڕگەی (٤)دا کە دەڵێ کارەبا بە یەکسانی بێ، ئێمە لە دانیشتنی پێشوودا من پێشنیارم کرد و شیرین خان و مامۆستا عمریش پشتگیری ئەو پێشنیارەیان کرد کە لە ناوچە گەرمەکان جیاوازی بکرێت لە پێدانی کارەبا، بەداخەوە لێرە جێ نەکرابۆوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە بـڕگەی (٤) بـابەتی سـزاکان، ئـێمە پێشـنیاری ئەوەمـان کـرد کە ئەو بـڕگەیە لابـرێ، پشتیوانیشی هەبوو، لەبەر ئەوە ئێمە وتمـان نـابێ مەوادی عیقـابی لە یاسـای وەزارەت دا هەبـێ، بەڵام نەخراوەتە ناو پێشنیارەکان، داوای ڕوون کردنەوە لە لیژنەی یاسایی دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموون، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر رووخسەتی جەنابت بێ، ئەگەر لە شیرین خان دەست پێ بکەین، بەس حەز دەکەم ئیعـادە بکاتەوە، چونکە هەموو شتێك لەبەر دەستمە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەی بکەوە شیرین خان، جەنابت پێشنیاری چیت کردبوو دانەنراوە؟.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئاماژەم پێکرد بە پێی ماددەی (٩١) کە هەر پشتگیرییەك یان ڕەئیـێ سـێ پشـتگیری هەبـێ، دەبێ لە ڕاپۆرتی دەنگدان دا ئامادە بکرێـت، بەڵام ئـێمە پێشـنیاری ئەوەمـان کـرد کە جـۆر و بـڕی سزاکە دیاری بکرێت، واتا وەزارەت یان ئەنجومەنی وەزیران دەست واڵا نەبێـت لەوەی کە خـۆی چـۆن جـۆری سـزاکە دیـاری دەکـات، پێشـنیاری ئەوەشـمان کـرد هەر بەپێـی راپـۆرتی یەکەم کە هاتووە، با بڵێین کە ئەو پێشـنیازە یاسـایە وەکـو خـۆی لایەنـی کەم کە هـاتووە مەبـلەغەکە دەڵـێ پێنج سەد هەزار دینار، یان کەمتر نەبێ لە پێنج سەد هەزار دینار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو ئەوەی لە پرۆژەکە حکومەت دا هاتووە.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

بەڵێ، بەڵێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، فەرموون کاك دکتۆر.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شیرین خان مەبەستت ماددە حەوتە؟ ئەوە شـیرین خـان جەنابـت قسـەت کـردیە لەسـەر بـڕگەی یەکەم، دەلێی/ (پشـتگیری کـاك یاسـین، ئاشـنا خـان، سـەرچنار خـان پشـتگیری دەکەم)، شـێوازی تەرح کردنی پێشنیار بەڕاستی یەعنی چەند جـاری تـریش یەعنـی ئەو تەوزیحەمـان داوە، ئێسـتا مەسـەلەن مەبەسـت لێـی چیـیە کە (٤٨) سـەعات پێشـتر راپـۆرتی خوێنـدنەوەی دووەم لە نـاو سندووقدابێ؟ بۆ ئەوەی جەنابت دەخوێنی، مولاحەزەیەکت هەبێ شتەك دەنووسـی، بە وازحـی لێرە دەلێی کە لە پرۆتۆکۆلیش تەسجیل دەبێ، یەعنی زۆرجـار هەیە یەکێـك لەو حالەتـانە دەڵێن

(بڕی سزاکە زیاد بکرێ)، بەڵام دەبێت بڵێی (بیکە دوو ساڵ، بیکە چوار ساڵ)، ئەگەر پارە بێ دوو سەد هەزارە بیکە سێ سەد هەزار، بۆ ئەوەی بتوانم دانێم، من ناتوانم بەپێی پەیڕەو بێم نەصێك دانێم کە مەلەسەن بە صەراحەت لەلایەن ئەو ئەندام پەرلەمانە تەرح نەکراوە، چونکە لەبەردەم دەنگدانین، ئێستا لێرە ئەگەر ئەو پێشنیارە من بێم تەفسیرێك بکەم و داڕشتنەوەیەك دانێم، موحتەمەلە لێرە نوقتەی نیزامی وەربگرم، دەڵێم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم پێشنیارە تەعبیر لە ئیرادە و پێشنیاری من ناکات، بەڵام بەم شێوە هەر لەگەڵی نیم، لەبەر ئەوە بەپێی پەیڕەو پێویستە بڵێین بڕگەی دووەم هی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە لێ بکرێت، نەصەکەی دەخوێنی، ئەو کات منیش دەنووسم، تەسجیل دەکەم لەگەڵ لیژنە، دواتر لە راپۆرت دادەنێم، بەڵام ئەگەر پشتگیری هەیە و نەصت هەیە، لێرە نییە، ئەوا مەسئولیەتی ئێمەیە و ئیعتیراف دەکەم، بەڵام بەم شێوەیە نییە، یەعنی پەنجا و دوو پێشنیار لەو راپۆرتەدا هەن، ئەگەر دروست بێت، بەپێی پەیڕەوی بێت، ئاخر چییە ئەویش ئیزافە دەکەین با ببێتە پەنجا و سێ، هیچ تەخسیرییەك ناکەین دڵنیابن وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند، هیچ تەخسیرییەك ناکەین لەسەر پێشنیارەکان، یەك بە یەك پێشنیارەکان، هەر پەنجا و دوو پێشنیاری ئێستا لێرە هەیە من دەزانم کێ قسەی کردییە، یەعنی بە ڤیدیۆ و بە دەقە و بە سانیەش لەلای من نووسراوە کێ قسەی کردییە و بە چ شێوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ماددەی (٧) سێ پێشنیاز هەیە، ماددەی (٧) پێشنیازی یەکەم کێی لەگەڵە؟ هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ ئیستیفادەی نییە ئەو شەرحە، ئیستیفادەی نییە، تازە شتێکە رۆیشتووە، تەواو ئەوە دواتر موناقەشەی دەکەین دڵنیا بە، بەڵێ، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە؟ بەدەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٨)، فەرموون.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنیا خاڵی (٤)ی بڕگەی یەکەمی لابدرێت.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنیا خاڵی (٢)ی بڕگەی یەکەمی بەم شێوەیە لێ بکرێت:

٢-راوێژکارێك لە وەزارەت.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە وەکو خۆی:

ماددە (٨)

بڕگەی یەکەم: ئەنجومەنێك لە وەزارەت پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی وەزیر و ئەندامێتی هەر یەك لە:

١- بریکار دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.

٢- راوێژکارەکان.

٣- بەڕێوبەرە گشتییەکانی وەزارەت.

٤- هەر شارەزایەك پسپۆر كە وەزیر لە ناوەوە یان دەرەوەی وەزارەتەوە دەستنیشان دەكات.
بڕگەی دووەم: ئەنجومەنی وەزارەت دەربارەی ئەم كاروبارانەی خوارەوە گفتوگۆ دەكات و بڕیار و ڕێنمایی و ڕاسپاردەی پێویست دەدرێت.
١- ڕێكخستنی سیاسەتی بەرهەمهێنان و كۆنترۆڵ و گواستنەوە و دابەش كردنی وزەی كارەبا و دانانی پلانە ستراتیجییەكان.
٢- ڕێكخستنی وەبەرهێنان لە بواری كارەبا.
٣- ڕێكخستنی پەیكەر و ئەرك و وەزیفەی پێكهاتەكانی وەزارەت.
پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەكە وەكو خۆی تەنیا خاڵی (٤)ی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بكرێت:
بڕگەی یەكەم:
٤- نوێنەری هەر لایەنێكی پەیوەندیدار یان شارەزایەكی پسپۆر كە وەزیر لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وەزارەت دەستنیشان دەكات و بەشداری كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن دەكات بەبێ ئەوەی مافەی دەنگدانیان هەبێت

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٨) چوار پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەكەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە؟ پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند؟ بەدەنگی (٥٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، لەبەر ئەوەی لیژنەی دارایی وەزیرەكانیان بانگ كردووە بۆ قسەكردن لەسەر چاكسازی، تۆزێك ئەگەر دەست و برد بكەن لە خوێندنەوەیدا، بەڵێ كاك عباس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) چوار پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەكەم/ ماددەكە بكرێتە دوو بڕگە و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بكرێ:
١- وەزیر بە گوێرەی پێویستی وەزارەت بۆی هەیە گرێبەست بكات لەگەڵ ژمارەیەك ڕاوێژكار و شارەزای خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ لەوەی پێویستە بە وزەی كارەبا بۆ ئەرك و بابەتێكی دیاریكراو بەپێی ئەو ڕێكسازیانەی كە لە هەرێم كاریان پێ دەكرێت.
٢- شێوازی گرێبەست كردن لەگەڵ ڕاوێژكار و شارەزایان ژمارە و پسپۆڕیان و ماوەی گرێبەستەكان بەڕێنمایی ڕێك دەخرێت كە وەزیر دەری دەكات.
پێشنیاری دووەم/ ماددەكە بەم شێوەی لێ بكرێت:
ئەنجومەنی وەزیران بە گوێرەی پێویستی وەزارەت بۆی هەیە گرێبەست بكات لەگەڵ ژمارەیەك ڕاوێژكار و شارەزا و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی لەوەی پێویستە بە وزەی كارەبا بەپێی ئەو ڕێكسازیانەی لە هەرێم كاریان پێ دەكرێ.
پێشنیاری سێیەم/ ماددەكە وەك خۆی:

ماددەی (٩):
وەزیر بە گوێرەی پێویستی وەزارەت بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەڵ ژمارەیەك راوێژکار و شارەزا و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ لەوەی پێویستە بە وزەی کارەبا بەپێی ئەو رێکسازیانەی لە هەرێم کاریان پێ دەکرێ.
پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
ماددەی یەکەم بەم شێوەی لێ بکرێت:
وەزیر بە گوێرەی پێویستی وەزارەت بۆی هەیە بە شێوەیەکی کاتی بۆ ئەرك و ماوەیەکی دیاریکراو گرێبەست لەگەڵ شارەزای خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی لە بواری تایبەت بە وزەی کارەبا بەپێی ئەو رێکسازیانەی کە لە هەرێم کاریان پێ دەکرێت بکات.
سوپاس.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ، زۆر سوپاس، سەبارەت بە ماددەی (٩) چوار پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە؟ بەدەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١٠)، فەرموون.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
سەبارەت بە ماددەی (١٠) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی:
ماددەی (١٠)
ئەو کۆمپانیایەی کە مۆڵەتیان پێدراوە و یان گرێبەستیان لەگەڵ کراوە لە بواری کارەبا، تەنیا بە رەزامەندی وەزارەت دەتوانن دەست لە کارەکانیان هەڵبگرن ئەمەش بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.
پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەی لێ بکرێ:
ماددەی (١٠)
ئەو کۆمپانیایەی کە مۆڵەتیان پێدراوە و یان گرێبەستیان لەگەڵ کراوە لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا، تەنیا بە رەزامەندی وەزارەت دەتوانن دەست لە کارەکانیان هەڵبگرن ئەمەش بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ، بەڕێزان، سەبارەت بە ماددەی (١٠) دوو پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ بەدەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١١)، فەرموون.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
سەبارەت بە ماددەی (١١) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە بەم شێوەی لێ بکرێ:

مـاددەی (١١): یاسـای وەزارەتـی کارەبـای هەرێمـی کوردسـتان-عیـراق ژمـارە (٥) سـاڵی ٢٠٠٦ هەڵدەوەشێتەوە.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی:

مـاددەی (١١): یاسـای وەزارەتـی کارەبـای هەرێمـی کوردسـتان-عیـراق ژمـارە (٥) سـاڵی ٢٠٠٦ هەڵدەوەشێتەوە و گشت ئەو ڕێنماییانەی کە پاڵپشت بەو یاسایە دەرچوون کاریـان پـێ دەکرێـت ئەگەر ناکۆك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەندامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی (١١) دوو پێشـنیاز هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی یەکەمە؟ یەك کەسـی، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە؟ بەدەنگـی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١٢)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی:

ماددەی (١٢): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسـایەدا ناکرێ.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، ماددەکە بەم شێوەی لێ بکرێ:

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی (١٢) دوو پێشـنیاز هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی یەکەمە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ بەدەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسـەند کـرا، مـاددەی (١٣)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەك خۆی:

ماددەی (١٣): پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویسـت بـۆ ئاسـان جێبەجـێ کردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێـك لەگەڵ مـاددەی (١٣)یە بەم شـێوەی کە خوێنـدرایەوە؟ بەدەنگـی (٦٢) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١٤)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەك خۆی:

ماددەی (١٤):

پێویسـتە لەسـەر ئەنجـومەنی وەزیـران و لایەنە پەیوەندیـدارەکان حوکمەکـانی ئەم یاسـایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ دەقی ماددەکەیە وەکو ئەوەی بەڕێز کاك عباس خوێندییەوە؟ بەدەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١٥)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەك خۆی:

ماددەی (١٥): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ دەقی ماددەکەیە وەکو ئەوەی بەڕێزیان خوێندییەوە؟ بەدەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

سەبارەت بە هۆکاری دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ هۆیەکانی دەرچوواندن بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

لە پێناو گەشەپێدان و پاڵپشتی کردنی کەرتی کارەبا و بایەخی وزەی کارەبا لەسەر ژیان و تەندروستی گشتی هاونیشتیمانیان کاریگەری لەسەر ژێرخانی ئابووری و ڕێکخستنەوەی کارەکانی وەزارەت بەهۆی گرنگی ئەو چالاکییانەی کەرتی گشتی و تایبەتی کە پێی هەڵدەستن، پاڵپشتی کردن و هاندانی فرە سەرچاوەیی وزەی کارەبا و ڕێگری کردن لە سەرپێچی کردن و زێدەرۆکاری بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا و هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی:

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەبەر بایەخی وزەی کارەبا لەسەر ژیان و تەندروستی گشتی هاونیشتیمانیان و کاریگەری لەسەر ژێرخانی ئابووری و ڕێکخستنەوەی کارەکانی وەزارەت بەهۆی گرنگی ئەو چالاکییانەی کەرتی گشتی و تایبەتی پێی هەڵدەستن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ سێ کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان؟ بەدەنگی (٥٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ئێستا کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پەسەندکردنی کۆی یاساکەیە؟ بەدەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە خۆمان، لە گەلی کوردستان دەکەین بەبۆنەی پەسەندکردنی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عیراق، ئێستا وەرتان دەگرم یەك یەك، زۆر زۆر سوپاس بەڕێزان، فەرموون، دەستتان خۆش بێ سوپاس بۆ ماندووبوونتان، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەکی بەسیت بدەم لەسەر ماددەی (٥٦) کە دەڵێ ئەندام دەتوانێ پشت بەستن...هەتا خوارەوە، لە هەر کاتێ کە بە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ .. لە ڕێی خاڵی پەیڕەوییەوە لە

هەر کاتێـــك بێــت، بەبـــێ رەچـــاوکردنی تۆمـــارکردنی رێزبەنـــدی، ئەمە شـــتێکە بەڕێزتـــان داتانمەزراندووە نازانم هەمـوو کـاتیش دەمـانخەنە ئەخیـرەوە، خـاڵی پەیـڕەوییەکەی مـن، بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی مـاددەی (٦٦)ە، بەپێـی مـاددەی (٢)ش کە کـاری پەرلەمانتـاری چیمـان پـێ دەبەخشـێ؟ هاووڵاتییـان چیمـان لـێ داوا دەکەن؟ هاووڵاتییـان چـی چـاوەڕێ دەکەن لە حکـومەت؟ جـارێ هـاووڵاتی کە پەرلەمانتارێـك دەنێـرێ بـۆ پەرلەمـان بـۆ ئەوە دەینێـرێتە ئێـرە دڵنیـایی خـۆی بـداتەوە بـۆ ژیـانێکی ئاسـایی و کەرامەتمەنـدانەیان هەبـێ، حکـومەتیش کە هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەیە کە حکومەت بتوانێت ژیانێکی ئاسایی بۆ خەڵك دابین بکـات، ئێسـتا ئەم کارە ئاڵۆز بوو و تـێکەڵ بـووە، ئەوەی کە خەڵـك داوای دەکـات هەموومـان دەیـزانین لەم هـۆڵەدا، بەرکەوتەی زۆرمان پەرلەمانتار بەرکەوتەی لەگەڵ خەڵك دا هەیە، خەڵك یێخەی پێ دەگرێ، پێـی دەڵێت یەك هۆکار هەیە، پێی دەڵێت مووچەمان دەبڕێ یان نابڕێ؟ ئەو پرسیارە دەبێ جواب......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشێلکردنی یەکێك لە یاسا بەرکارەکـان مـاف دەدا بە پەرلەمانتـار بە پێـی خـاڵی پەیـڕەوی قسـە بکات، تکایە، خاڵە پەیڕەوییەکانمان یاسایین و مەبدەئین و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدایە، ئـێمە ناچارین ئەرکمان ئەمەیە بەڕاستی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، نەك یاسایەك، ئێمە دەیان یاسـامان هەیە لە بواری داهـات و خەرجـی ئەم وڵاتە پێشـێل دەکرێـت، تەنهـا لە نەوت دا، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمان، بۆ زانینی داهـاتی نەوت، فرۆشـتنی نەوت، شـەفافیەت لە نەوت دا و بـۆچی بەردەوام نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە و داهات بەشی ئەوە ناکات لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بهێنرێ؟ زیـاد لە پرسـیارێکمان نـاردووە بـۆ وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان، وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان بەپێـی حوکمەکـانی هەردوو یاسـای ژمـارە (٢١)، (٢٢)ی سـاڵی ٢٠٠٧ چ یاسـای وەزارەتـی سـامانە سروشتییەکان، چ یاسای نەوت و گاز، موکەلەفە بەوەی ڕوونکـردنەوە و زانیاریمـان بـداتێ، بەڵام ئەو خۆی دەدزێتەوە لە ڕوونکردنەوە سەبارەت بە داهاتی نەوت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان، زیـاد لە پرسیارێکمان ناردووە، ئەو تەحویلی دیلۆیتمان دەکات، دەڵێ چاوەڕێ بکەن دیلۆیـت، دیلۆیـت هێشتا سێ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ی ڕانەگەیاندووە، کە ئێمە لە مانگی (٦)داین خەڵـك دەیەوێ بزانێ داهاتی ئەم وڵاتە چی لێ دێت؟ ئەگەر ئێمە ئاوی شیرینمان بفرۆشـتایە لە داهـاتی نەوتمـان زیاتر بۆ دەمایەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سبەینێ یـادی ڕەوانشـاد نەوشـیروان مسـتەفا، کە ڕابەری بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی گەلـی کورد بووە، ڕۆڵێکی باڵای گێراوە لە دروست کردنـی ئۆپۆزسیۆنێك لە نـاو پەرلەمـانی کوردسـتان،

تەئکیدی لەوە کردۆتەوە لە بەرنامە و ئامانجە سیاسییەکانی خۆی دا کە پەرلەمانی کوردستان دەبێ لە دەستی حزب دامالْرێ، دەبێ دەزگای قەزائی، دەزگای ئەنجومەنی وەزیران و دەزگای پەرلەمانی دەزگایەکی سەربەخۆی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بێ، ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەرکی سەرەکی دەکاتەوە، بۆیە من لێرە ئاماژە بە یەکێك لە ئەرکەکان، ئەکی یاسای بودجەیە کە ئەرکی ئێمەیە بەڕاستی جەخت بکەینەوە لەوەی یاسای بودجە بێتە هەرێمی کوردستان، ئەرکی دووهەممان ئەرکی کێشە چارەنووسسازەکانی هەرێمی کوردستانە کە ئێستا هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسییەکی گەورەی داگیرکاریدایە و ئەو پەرلەمانە بەڕێزە تا ئێستا هەڵوێستێکی رەسمی نەنواندووە سەبارەت بەو لەشکرکێشییانەی کە دەکرێتە ناو هەرێمی کوردستان و حەفتا و چوار گوند لە ناوچەی ئامێدی چۆڵ دەکرێ و کیمیاباران دەکرێ، خەڵکەکەی ئاوارە دەبێت، بۆیە ئێمە جەخت دەکەینەوە بەڕاستی........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

روحی کاك نەوشیروان شاد بێت، بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەم فەرمووو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ئەوەی خاڵە پەیڕەوییەکەم پێشکەش بکەم یەك پرسیار پێش ئەوە لە جەنابتان دەپرسم لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەم پەیڕەوەمان هەیە، نە بە زۆرینەی سادە، نە بە زۆرینەی رەها وەکو بە زیاد لە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەموارکردنەکەی پەسەند کراوە، ئەگەر پەرلەمان ناتوانێ فشار بخاتە سەر حکومەت، حکومەت بە گوێی ناکات، خۆ دەتوانین خۆمان ئەو پەیڕەوە لە ناو خۆمان دا جێبەجێ بکەین، یەعنی کێشەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەیە ئەو پەیڕەوە خۆی پێشێلی دەکات، یەعنی تەماشا کە ماددەی (٦٦) ئێمە لە رۆژی (٢٠٢١/٤/١٢) نزیکەی مانگێك و شەش رۆژ لەمەوبەر، بە ئیمزای (٤٢) پەرلەمانتار بۆ جاری چەندەم پێداگریمان کردووە لەسەر ئەوەی لەسەر مووچە قسە بکەین، ئێ پەرلەمان کۆبوونەوە لەسەر ئەوە ناکات، مەجموعەیەك، هەر جارێ لیستێك کۆبوونەوەی لەسەر دەکرێت، یەعنی بەڕاستی لە میدیاکان دا هاتووە دەڵێ (پەرلەمان لەسەر فلان بابەتی بێ مانا کۆ دەبێتەوە) لەبەینی دوو کەوانەدا لەگەڵ رێزم، کە ئەم قسانە ئەم رەخنانە کە لە پەرلەمان دەگیرێ رووبەڕووی بە تەنیا سەرۆکایەتی نابێتەوە، هەموو پەرلەمانتار رووبەڕوویان دەبێتەوە، کە سەرۆکایەتی بەداخەوە بەرپرسیارە لەم مەسەلەیە، داوا دەکەین، پێداگری دەکەین ئەوەی کە ناوی ئەو پەیڕەوەیە رێزی لێ بگیرێ و جێبەجێ بکرێ، مەسەلەی مووچە و ژیانی خەڵك و کۆتایی هێنان بەم لێبڕینە لەعنەتییەی کە لە مووچە دەکرێت بەرامبەر بە مووچەخۆران، بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك مسلم، فەرمووو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە (٢٧)ی مانگی (٤) یاداشتێك پێشکەش کراوە بە ئامادەبوونی وەزیرانی بەڕێزی پەیوەندار بە ڕەوشی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ قسەکردن لەسەر کێشە و گرفتەکانی رەوشی

خوێنـدن لە هەرێمـی کوردسـتان، ئەو ئاسـتە گیروگرفتـانەی کە ئێسـتا لەسـەر پرۆسـەی خوێنـدن هەن، بەداخەوە خوێندن بە ئاقـارێکی مەترسیداردا ڕۆیشـتووە، قەتابیـان بەڕاسـتی فێـری هـیچ نەبــوون، قوتابخانەکانمــان دەخــرێنە مەزادەوە و دەفرۆشــرێن، قوتــابی و مامۆســتایانمان گوزەرانیـان خەراپە، دۆخـی پەروەردە، ڕەوشـی خوێنـدن بەشـێوەیەکی گشـتی لە بـارێکی زۆر خەراپـدایە، ئێسـتا کە ئـێمە جەلسـەی پەرلەمانیمـان هەیە بەڕاسـتی مامۆسـتایانی گرێبەسـت لەبەشێك لەناوچە شار وشارۆچکەکان ئێستا لە گردبوونەوەیاندان، داوای مافە ڕەواکـانی خۆیـان دەکەن، بە دامەزرانــدن، بە گرێبەســت کــردن، بەڕاســتی پێویســتە پەرلەمــانی کوردســتان ئەم جەلسـەیە لە داهـاتوویەکی زۆر نزیـك ئەنجـام بـدا، ئـێمە ڕۆژانە دووچـاری بەڕاسـتی سـکاڵای زۆر دەبینەوە، مامۆستایان داوای مافەکانیـان دەکەن، داوای بەدەممەوە هـاتنی پەرلەمـانی کوردسـتان دەکەن لەسـەر کێشـە و ڕەوش و قەیرانـی پەروەردە لە هەرێمـی کوردسـتان، ئـێمە بەرەو کەش و هەوای گەرمای هاوین دەچین پێویستە میکانیزم و بەرنـامەی چـۆنییەتی پەروەردە لە داهـاتوودا بزانێ، پەرلەمان قسەی لەسەر بکات و وەزیران ئامادەبن لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، ئەو بەڕێزانە پێشـتر ناویـان نووسـیوە، ئاشـنا خـان ئەوان وەردەگـرم ئینجـا ئێـوە وەردەگرم کە لە ئەخیردا ناوتان نووسیوە، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لە بـابەتەکی گشـتی قسـە دەکەم بەڕاسـتی، ئـێمە دەستخۆشـی لە هەنگاوەکـانی حکـومەتی هەرێم دەکەین لە پـرۆژەی چاکسـازی کە بەرەو ئاقـارەکی بـاش دەڕوات، بەڵام غوبنێـك هەیە لەو فەرمـانبەرانەی پـلەی شـارەزایان هەیە، هەموومـان دەزانـین ئەوەی پـلەی شـارەزا وەردەگـرێ کە بیست ساڵ خزمەتـی زیـاتر هەبـوو، لەگەڵ وەزارەتـی خـۆی کە بەحسـێك تەقـدیم دەکـرد و سـەد هەزاری دەدا بە دارایـی، دواتـر هەر سـێ وەزارەتەکە تەصـدیقیان دەکـرد دەبـووە شـارەزا، ئێسـتا ئەوەی پــلەی شــارەزای هەیە وەکــو فەرمــانبەرێکی ئاســایی مــامەلەی لەگەڵ دەکــرێ، هەمــوو ئیمتیازەکـانی بـڕایتەوە، بەڕاسـتی وەکـو بڵێـی تەڕ و وشـك بەیەکەوە سـووتاوە، ئەوانـی حەقـی خۆیـانە بەڕاسـتی پـلەی وەزیفیـیەکەی شـارەزایی بگەڕێـتەوە موسـتەحەقاتی خۆیـان وەرگـرن، بەڕێــز ســەرۆکی پەرلەمــان، یــان ئەوەتــا بگەڕێــنەوە فەرمــانبەرێتی ئاســایی خۆیــان، هەرنــا موستەحەقاتی خۆیان وەردەگرن و کارێکی تر بۆ خۆیان ئەنجام دەدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ئەوە لەگەڵ بەڕێز د.عبدالحکیم سکرتێری لیژنەی چاکسازی، ئەویـش عەیـنەن ڕەئی هەیە کە دەبێ ئەو بابەتە چارەسەر بکەیـن، پـێکەوە قسەیەکیشـمان کـردووە، بـزانین ئەگەر میکانیزمێکمان پێ دۆزرایەوە بۆ ئەو بابەتە، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حاڵی حازر مامۆستایانی وانەبێژ بەو گەرمایە بە گیرفانی بەتاڵ دوای رەنج و ماندووبوونێکی زۆر لەسەر شەقامن، داواکارم لە بەڕێزتان دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان تایبەت بێ بە مامۆستای وانەبێژ و فەرمانبەری گرێبەست و یەکەمەکان و فەرمانبەرە گرێبەستەکان، هەرچی زووە ئێمە بۆ ئەوەی کەمێك لەو قەیرانە دروستکراو و دروستنەکراوانەی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەو فێنکایی یە ئێمە دانیشتووین، ئەوان لەبەر ئەو هەتاوەن، تکا دەکەم با دانیشتنی داهاتوو بۆ ئەوان بێ، با جارێك لە ئیسراحەتی خۆمان کەم بکەینەوە، ئینجا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داواکارم لە بەڕێزتان بەو بڕیارەتان دا بچنەوە، موعقول نییە نوێنەری خەڵك دەکەنە دەرەوە، ناهێڵن بێتە ژوورەوە، من دەپرسم ئایا پێڵاو مەترسیدارتر و خەتەرترە یاخود فیشەك؟ لەسەر شەقام فیشەك دەنرێ بە کوڕی گیرفان بەتاڵی یەکەم و ئاست بەرز و لێهاتووی ئەم وڵاتە، بەڵام بەداخەوە وەڵامی فیشەکەکان هەتا وەکو ئێستا ئەو کەسانەی کە تەقەیان لێ کردبوون دەستگیر نەکراون، بەڵام ئەوەی کە د.کازم کردی هیچ نییە لەچاو ئەوەی لە پەرلەمانی دونیا دەکرێ بۆ داواکردنی مافی خەڵك، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، شەڕەکە لێرە بکەین زۆر باشترە لەوەی کە بگاتە ئەوەی خەڵك بکوژرێ.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دوو خاڵ قسە دەکەم بە پێی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، یەکێکیان لە (٢٠٢٠/٩/٢٠).....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان بە گوێرەی ماددەی (٥٧) ئاگادارت دەکەمەوە ئارامی دانیشتنەکە بپارێزە، ئارامی دانیشتنەکە بپارێزە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەو شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)ی**
**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٥\٥\٢٠٢١**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)
# سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٢١/٥/٢٥

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شـەممە رێكەوتـی (٢٠٢١/٥/٢٥) پەرلەمـانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامـادەبوونی بەڕێـز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشـتنی ژمـارە (١٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حـوكمی بـڕگەی یەكەم و دووەم لە مـاددەی (١٦) بـڕگەی سـێیەم\ لە مـاددەی ( ١٨) بـڕگەی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێـنجەم لە ماددەكـانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق دەسـتەی سـەر ۆكـایەتی پەرلەمـان بڕیـاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی خول، ساڵی یەكەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنـی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٢١/٥/٢٥ بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕووی بیرۆكەی بەڕێز پەرلەمانتار (عبدالستار مجید قادر) پەیوەست دۆزیـنەوەی هەلـی كـار لە رێـگەی بەگەڕخسـتنەوەی كارگەكـان بەپێـی حـوكمی خـاڵی دووەمـی بـڕگەی یەكەم لە ماددەی/٤٩ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

٢- خستنەڕووی گفتوگۆ كردنی دیاردەی تاوانەكانی كوشتن بە گشـتی و كوشـتنی ئـافرەت و خـۆ كوشـتن بە ئامـادەبوونی لایەنـی پەیوەنـدار لە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان بە پێـی حـوكمی بڕگەی یەكەم ماددەی/٦٦ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

٣- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ژمارە/٣ ئاسایی، ساڵی ٢٠١٩ یاسای بە خاوەن كردنی ئەو زەویانەی كە لە سنووری شارەوانیەكان زیادەڕەوییـان لەسـەر كـراوە لە هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی ماددەكـانی/٨٧ و ٨٨ و ٨٩ لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٤) ی ئاسـایی خـولی بەهـارە، سـاڵی سـێیەم لە خـولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پـێ ئەكەیـن، سـەرەتاش دەرفەت دەدەیـن بە بەڕێـز سـكرتێری پەرلەمـان كە بەرنـامەی كـاری كۆبـوونەوە و پـوختەی كۆنووسـی كۆبـوونەوەی پێشوومان بۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار:

بەپێــی حــوكمی مــاددەی/٥ بڕگەكــانی یەكەم و دووەم و ســێیەم لە مــاددەی/١٦ و بــڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سییەم و چـوارەم و پێـنجەم لە مـاددەی/٢٠، ماددەكـانی

(٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتان دەســتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە/١٤ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٥/٢٥) بەم شێوەیە بێت:

٤- خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار (عبدالستار مجید قادر) پەیوەست دۆزینەوەی هەلی کار لە ڕێگەی بەگەڕخستنەوەی کارگەکان بەپێی حوکمی خاڵی دووەمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی/٤٩ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٥- خستنەڕووی گفتوگۆ کردنی دیاردەی تاوانەکانی کوشتن بە گشتی و کوشتنی ئافرەت و خۆ کوشتن بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم ماددەی/٦٦ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٦- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە/٣ ئاسایی، ساڵی ٢٠١٩ یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەویانەی کە لە سنووری شارەوانیەکان زیادەڕەوییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی:

بەپێی حوکمی بڕگەی/١ لە ماددەی/٢٠ و ٥٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە/١٣ ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٥/١٨) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- دەنگدان لەسەر پاڵاوتنی بەڕیز(منی یوخنا یاقو) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

٥- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە:

١- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی پولی عیراقی ژمارە/٧١ ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان.

٢- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە/٢٢ ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان.

٣- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە/٢٠ ساڵی (١٩٩٨) ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان.

٤- پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.

٥- پـرۆژە یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسـازی لە هەرێمـی کوردستان ـ عیراق ژمارە/١٠ ی ساڵی (٢٠١٠)، پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسـای بازرگـانی عیراق ژمارە/٣ ی سالی (١٩٨٤) لە هەرێمی کوردستان.
٦- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.
٧- کۆتایی هاتنی دانیشتنی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان دەسـت بە جـێ بەجـی کردنـی بـڕگەی یەکەمـی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەمان دەکەین، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە بە پێـی مـاددەی/٦٦ لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان ئەمە چەنـدین جـارە ئەم مـوداخەلەیە دەکەین و ئەم خاڵی پەیڕەوییە ئەگرین، (٤٢) پەرلەمانتار داوامان کـردووە کە دانیتنێکـی تـایبەت بکرێ لەسەر پرسـی لـێ برینـی مـووچە و بە ئامـادەبوونی لایەنـی پەیوەنـدار، بەڵام بەداخەوە بە بیـانووی جۆراوجـۆر هەر جـارە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئەو بـابەتە نـاهێنێتە نـاو دانیشـتنەکانی پەرلەمـانەوە و ئامـادە نیـیە ئەوە بکـات، ئـێمە لێـرەوە داوا ئەکەیـن جـوابێکی جـدی و جـوابێکی قـانونی و یاسـاییمان بەرەوە سـەرۆکی پەرلەمـان، یەعنـی چـی ئـێمە یاداشـت دەدەیـن (٤٢) پەرلەمانتار پێشتر وتت لۆبی بۆ بکەین، ئەوە لۆبی (٤٢) ئیمزا زیاتر بـێ چـی بێـت، ئـێمە داوامـان کردووە بۆ جواب نـادرێتەوە، جـوابی یاسـاییمان دەوێـت نـاڵێین یاداشـتمان داوە بە حکومەت و چاوەڕێی جوابی حکومەت بین، ئێمە هەر وا دانیشین و بێ دەنگ بین؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کێی تر؟ کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، ئەم پەرلەمانە بەڕێزە نوێنەری خەڵکە بە پێی ئەو پەیـڕەوی نـاوخۆییەی کە هەمـانە، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە بڵێم حکومەت ئەم لێ بڕینەی کە دەیکات لـێ بڕینێکـی نـا یاسـاییە، ئێستا هەر بە کورتی ئەو دۆلارەی کە بەغدا بەرزی کردەوە ئەم حکومەتەی ئێمە مانگانە نوسـەد و ئەوەندە ملیۆن دینار قازانج دەکات، یەکێك بێت و پێمان بڵـێ لەوە زیـاتر تەبعەن .. یەکێـك بێـت پێمان بڵێت بزانین بە چ یاسایەك بە پێی پێوەر بە چ شێوەیەك ئەم لـێ بـڕینە هەتـا کەی؟ یەعنـی ئەم وەزیرە بەڕێزانە و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نازانن ڕۆژانە خەڵـك خـۆی دەسـوتێنێ، خۆی ئەکوژێ، مناڵی برسـیە، یەعنـی نـازانن ئەمە، ئەمە ئـاهو نـاڵەی خەڵـکە هەمـوو ئەم ئەنـدامە بەڕیزانە دەیزانن، یەعنی ئێمە وامان لێهاتووە بەڕاستی شەرم دەکەین کە نەتوانین دیفاعێکی لێ بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، مامۆستا عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی داوای بەڕێز سەرچنار خان دەکەم دەربارەی ماددەی/٦٦ کە (٤٢) پەرلەمانتار داوامان کردبوو بۆ دانیشتنێکی تایبەت بۆ مووچەی فەرمانبەران بکرێت بە لێ بڕینەکەی. دووەم خاڵم ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من داوام کردبوو لە جەنابتان کە هەڵوێستێکی موسوڵمانانە و هاووڵاتیانەتان هەبێ بۆ هاووڵاتیانی فەلەستین و موسولمانی وەکو میللەتی کورد بەش مەینەت، بەڵام بەداخەوە لێرە بە نیو دێر نووسراوە هاوخەمی فەلەستینین، ئێمە داوا دەکەین بەیاننامەیەکی جەنابتان ئیعلان بکرێ بۆ ئەوەی ئێمەش دەست خۆشیتان لێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ هاوشێوەی پەر لەمانی بەغدا ڕێگر بێ لە بەردەم بوون لە لێ بڕینی مووچە، ئێمە بینیمان لە چەند مانگی ڕابردوو حکومەتی بەغدا داوای لە پەرلەمان کرد کە ڕێگەی پێ بدات لێ بڕین لە مووچەی مووچەخۆران بکات یان کەمی بکاتەوە، بەڵام پەرلەمان قبوڵی نەکردو بۆی نەچووە سەرو لێ بڕینەکە نەکرا، بەڵام بێ دەنگی ئێمە و بێ دەنگی پەرلەمانی کوردستان وای کرد حکومەت بە ئارەزووی خۆی لێ بڕین لە مووچە ی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بکات و ئەوەتا دەبینین لە ئێستا دا حکومەت مانگانە دوو مووچەی داهاتە، بەڵام هێشتا بەردەوامە لە لێبڕینی مووچە، بۆیە ئێستاش دەکرێ پەرلەمانی کوردستان هەڵوەستە بکات بە زووترین کات بانگهێشتی حکومەت بکات و فشار لەسەر حکومەت دروست بکرێ و ڕێگا نەدرێ چی تر لێ بڕینی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم بەیانیە بەدواداچوونم کردووە تەنانەت بۆ لێبڕینی (٢١%) یش ئێستا پارە نییە دابەش بکرێت، ئەمە نەتیجەی نەبوونی پارە نییە، ئەمە نەتیجەی ئەو فەسادە مونەزەمەیە کە چەنێکە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لە بەرمیلێك نەوت (٢١ $) بمێنێتەوە و شانزە مانگە قەرار دراوە بۆ قاچاغی و کۆمپانیاکاری خاڵە سنوورییەکان حەل نەکرێت و هەرچی زەوی نایابە داگیر بکرێت و یاسای چاکسازی جێ بەجێ نەکرێت، بەدڵنیاییەوە پارە نابێت بۆ مووچە، کورت و پوخت قسەی ئێمە ئەوەیە داوا لەبەڕێزتان دەکەین دیسانەوە دانیشتنی ئاییندە ئەگەر تەرخان دەکەن بۆ قسە کردن لەسەر دۆخی مووچە ئێستا پێمان بڵێن حکومەت نایەت با نەیەت. کۆمەڵێك قەراری تەشریعی دەرئەکەین، چ پەیوەندی بە خاڵە سنووریەکانەوەیە، چ پەیوەندی بە موراجەعاتی

مەسارفی نەوتییەوەیە، چ پەیوەندی بە تاڵانکاری، ئەگەریش ناکرێ زۆر بە ڕوونی با بڵێین هیچمان پێ ناکرێ و ئەو کاتە هەر یەکە و قسەی خۆمان دەبێ و هەڵوێستی خۆمان پێیان دەڵێین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە بابەتی لێ بڕینی مووچە بابەتێکە بۆ ئێمەش مایەی نیگەرانییە، ئەبێ لە هۆکارەکانی بکۆڵینەوە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئێمە زانیومانە هەتاوەکو دوێنێ ئێوارە تەنها (٣٠%) ی داهاتی دوو پارێزگای هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر ئەمەش وای کرد کە گۆڕانکاری لە جەدوەلی دەرخشتەی مووچە بکرێ و حکومەت پارەی پێوستی لەبەردەست دا نەبێت بۆ ئەوەی کە مووچەی مووچەخورانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم هەر یەکە لە لیژنەکانی دارایی و لیژنەی ناوخۆ ڕابسپێرن بۆ ئەوەی کە بە وردی لێکۆڵینەوە لە داهاتی هەموو پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان بکرێت و بزانرێت بۆچی بەشێك لە پارێزگاکان داهاتەکە نادەنەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو داهاتەشی کە ئەیدەنەوە بۆدابین کردنی مووچە و دەیدەنە وەزارەتی دارایی بە زۆر و زەخت و فشار و هەزار ڕێگە هەتاوەکو بەشێکی کەمی ئەو داهاتە ئەنێرنەوە بۆ حکومەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هێڤیدار، بەڕێز ئەبێت هەندێك لێرە وەربگرین و هەندێك لێرە وەرگرین و هەندێك لێرە وەربگرین، هەندێکیش لێرە وەربگرین، بە نۆرەیە هەموو شتێك بە نۆرەیە، هەموومان ناتوانین بەیەکەوە قسە بکەین، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من کرا و زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بە پێی قسەی کاك پێشەوا بێت کە من دڵنیام زانیاری هەیە ئێمە حکومەتمان نییە بە یاسا و قانون و موئەسەسات و پرەنسیپی دەوڵەتداری ئیش بکات شتێکمان هەیە بە حوکمی عورفی ئیش دەکات و بەڵگەی تریش هەیە تەنانەت لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دا ماددەی (٩٨ ـ١٠٨) یانزە ماددە تەرخانە بۆ بابەتی بوودجە ئەوە حەوت ساڵە حکومەت بوودجە نانێری لە مانگی دوو لەگەڵ وەزیری دارایی کۆبووینەوە وتی کۆتایی ئەم مانگە دەینێرین، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتە پەرلەمان و وتی لە هەفتەی داهاتوو دەینێرین لەسەرەتای مانگی چوار، وا ئێمە مانگی پێنجیشمان کۆتایی پێ هێنا

هێشتا یاسای بودجەیان نەناردۆتە پەرلەمان، یاسای بودجە وا پارەی ئەم وڵاتە، پارەی ئەم وڵاتە موڵکی خەڵکی ئەم وڵاتەیە، موڵکی دوو حزبی سیاسی نییە بە ئارەزووی خۆیان چۆنیان بوێت ئاوا تەسەروی پێوە بکەن، ئەبێ پارەی خەڵکی ئەم وڵاتە بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، کام لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز هەیە لە هەموو فراکسیۆنەکان هەڵوێستێکی جدی وەرگرین بۆ ئەوەی حکومەت بکەینە سەر ڕێگەیەکی نیشتمانی دروست، پارەی خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە بێ، پارەی نەوتی ئەم وڵاتە بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە بێ، پارەی گومرگ بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی هەمووتان بتوانن قسە بکەن پابەندی وەخت بن، پابەندی یەك دەقیقەکە بن، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێی ماددەی (٥٦) بڕگەی (٢) باس لەوە دەکەم کە ئەم پەرلەمانی کوردستانە ئەتوانێ بە غیابی قەرار بدات ئەوەی کە ڕووی داوە، ئەوەیە کە ئیزافەتەن بەوەی بەو هۆکارەی کە کاك پێشەوا باسی کرد، پارەی هەرێمی کوردستان ئێستاش لە دەستی کاك ئاشتی هەورامی بە ئیمزای ئەو تەحویلی پارە دەکرێ لە حسابی ..... بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان قسە بۆ جەنابتان دەکەم، چونکە لە دەقەکەی من دەڕوات دوایی، ئیزافەتەن بۆ مەسەلەی نەبوونی پارە کە کاك پێشەوا باسی کرد تەحویلی پارەی نەوتی هەرێمی کوردستان ئێستاش بە دەستی کاك ئاشتی هەورامییە کە هیچ مەحەلی ئیعرابێکی نیە کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە وای کردووە کە پارەی پێویست تەحویل نەکرێت بۆ ئەم مانگە و دەرئەنجام ئەوە (٢٥) ی مانگە وەزارەتی دارایی دەڵێ ناتوانم بە تەواوەتی مووچەکە بدەم، مەعلوماتیشمان هەیە کە وەزیری دارایی تەنانەت سەرۆکی حکومەتیش پێی وتووە بڕۆ بۆ پەرلەمان، بەڵام وەزیری دارایی نایەت بۆ پەرلەمان، ئەگەر ئەمانە ڕاست بن کارەساتێکی گەورەیە و دەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵوێستی هەبێت، داواکارم بەڕاستی کە بە سوپاسەوە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئاگاداری کردین پێش کۆبوونەوەکە کە جەلسەی (٦/٢) تەرخان دەکرێت بۆ باسی وانەبێژان و ئەوانە، ئێمە ئەمانەوێ ئیزافەتەن بۆ باسی وانەبێژان باسی بودجە و باسی مووچە و لێبڕینیش تەرخان بکرێت بۆ جەلسەی (٦/٢) ئەوە بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی پێویستە بۆ ئەوەی بە بەردێك نیشانەیەك بشکینین، ئەم کارەساتەش کە ئا بەم فەوزایە ئەڕوا بەڕێوە قوت و مووچە و ژیانی خەڵك لە جەلسەی (٦/٢) یەکلایی ببێتەوە، حکومەت نەهات بە غیابی قەرار بدەین و لێبڕینی مووچە ئیلغا بکەینەوە هەتا هەتایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بەر مەبنای ماددەی/٦٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڕاستی ئێمە دەمانەوێ ئەم پەرلەمانی کوردستانە لەسەر لێبڕینی مووچە کە بە ناحەقی لە ساڵی ٢٠٢١ مووچەخۆرانی هەریمی کوردستان دەبڕدرێت کۆ ببێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان جارێکی دیکەش من ئەمەم

ووتووه یەعنی نامانەوێ ئێوه بەس سەرمان بۆ بلەقێنن و یەعنی قسه ناچێته باخەڵەوه، ناچێته گیرفانەوه، ئێمه دەمانەوێ نەتیجەمان هەبێت، ئەم پەرلەمانی کوردستانه داوا دەکەین قەرار بدات و دەسەڵاتی هەیه دەتوانێ تەشریع بکات و دەتوانێ به بڕیارێکی تەشریعی حکومەت ناچار بکات که ئەم لێبڕینی مووچەیه نەمێنێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یەعنی بەداوای لێبوردنەوه من نامەوێ بەس سەرم بۆ بلەقێنی، دەمەوێ ئێستا قەرار بدەن که دانیشتن دەکرێت لەسەر ئەوەی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیحترامت دەگرم، بۆیه سەر دەلەقێنم، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حەمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزی، ئاخر من دەمەوێ ئیحترامی خەڵك بگیرێ لەسەر ئەو ناحەقیەی که لێیان دەکرێت، دەبێت لێبڕینی مووچه کۆتایی پێ بێت، به قسه ناچینه دەرەوه دەمانەوێ ئەم پەرلەمانه لەسەر شتی دیکه کۆنەبێتەوه یەکەم جار گرنگترین شت که پەیوەندی به ژیان و گوزەرانی خەڵکەوه هەیه بابەتی مووچەیه و بابەتی لێ بڕینی مووچەیه، تکا دەکەین ئێستا بڕیاریك بدەن، ئەمڕۆ لێره که دانیشتنی تایبەت بکرێت لەسەر لێبڕینی مووچه به ئامادەبوونی حکومەت، حکومەتیش نەهات پەرلەمانی کوردستان خۆی قەرار دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره بەڕێزتان نوێنەرایەتی یا با بڵێین باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان دەکەن، بەداخەوه یاداشت لەم پەرلەمانی کوردستانه دراوەته سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و پاشان بۆ ئەنجومەنی وەزیران له مانگی ٢٠١٩/١٢ له مانگی (٢٠٢٠/٧) له کاتێك دا به پێی ماددەی/٦٦ له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان چوارده ڕۆژ مۆڵەتی حکومەته بۆ ئەوەی وەڵامی پەرلەمان بداتەوه، بەڵام ئەم نهێنیه چییه لێرەدا که حکومەتێك متمانەی له پەرلەمانەوه وەرگربێت و ئاماده نەبن لەسەر پرسه گرنگەکانی خەڵك، لەسەر پرسی لێ بڕینی مووچه که ئێمه چەندین جاره ژمارەیەك پەرلەمانتار یاداشتمان لەسەر ئەو پرسه داوه، جەخت لەسەر موعالەجەکردنی ئەم پرسه دەکەین، بەڵام بەداخەوه حکومەت بوونی نییه، ئەگەر حکومەتێك بوونی هەبێ و ئەگەر هەست به ئەم دەسەڵات و یاسایه دەکات دەبێت حزوری هەبێت لەم پەرلەمانەدا، ئەوان متمانەیان لەپەرلەمانی کوردستانەوه وەرگرتووه، بۆیه ئێمه جەخت لەسەر ئەوه دەکەینەوه پێوسته پرسی لێ بڕینی مووچه له پەرلەمانی کوردستانەوه که بڕیارێکی نایاساییه موعالەجه بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه له ماوەکانی ڕابردوودا چەند یاداشتێکمان کردووه یەکێك لەو یاداشتانه پەیوەست بووه به گرێبەستی پەنجا ساڵەی بەکرێدان و فرۆشتن و ئەوەی که لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا کراوه داوامان

کردووە لایەنی پەیوەندیدار بێ، دواتر یاداشتمان نووسیوە بۆ ئەوەی کە کۆتایی بە سیستەمی لێ بڕینی مووچە بێت، بەپێی کۆتا داتای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان تەنها فرۆشتنی داهاتی نەوت نزیك دەبێتەوە لە حەوت سەد ملیۆن دۆلار تاکو ئێستا ئەم وەزارەتە وەزارەتێکە وەکو بەرمۆدەی لێ هاتووە هیچ داهاتێکی بە تەواوەتی بەڕوونی و بە شەفافی ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت لە (٦٩ و پۆینت هەشت %) لە داهاتی نەوت ون دەبێت تەنها (٢٩%) ی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، ئەمە هۆکارێکی لەو هۆکارانەی کە تالان بردن و دزی نەوت هۆکارە بۆ ئەوەی کە ئەم سیستمی لێ بڕینی مووچە بەردەوام بێت، بۆیە ئێمە داواکارین دانیشتنێکی تایبەت بکریت بە ئەمە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، گلوستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ ئاماژە بەم بە یەکێك لە خاڵەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە هێڵە گشتیەکانی بەخاڵی شەشەم هاتووە کە تەئکید لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکاتەوە کە دەڵێ کار دەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە جیاوازەکانی دارایی هەرێم دا بە تایبەت لەبواری داهاتە نەوتیەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە کار دەکەین بۆ دامەزراندنی سەندوقی داهاتە نەوتیەکان بەپێی یاسای پەیوەندار، من لێرە دەپرسم حکومەتی هەرێمی کوردستان کەی هەنگاوەکانی بۆ شەفافیەت دیاری دەکات کە ئەو یاسای بوودجەیەی کە هەنگاوی یەکەمینە بۆ بەرجەستە کردنی شەفافیەت لەهەرێمی کوردستان کەی دێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بەرچاو ڕوون بن لەوەی داهاتەکان چەندن و کەی سەندوقی داهاتە نەوتیەکان لەم هەرێمەدا دامەزرێ کە لە (٢٠١٥) ەوە یاسای بۆ دەرکراوە، ئێمە ئەمانەوێ بەڕاستی ئەگەر ئەم شەفافیەتە هەبێ دیارە هەموو پەرلەمانتاران ئاگادارین کە حکومەت چی داهاتەکی هەیە کۆتایی بە لێ بڕینی مووچە بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەخت لە قسەکانی هاوپیشەکانم دەکەمەوە سەبارەت بە لێ بڕینی (٢١%) ی مووچە، لەهەمان کاتدا مەسەلەیەك هەیە کە پەیوەستە بە ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە کە ماوەی حەوت ساڵە ڕاگرتنی پلەکانیان ڕاگیراوە بە تایبەتی زەرەرمەندی یەکەم لەو بابەتە ئەو فەرمانبەرانەن کە خانەنشین دەکرێن بە پلەیەکی کەمتر و مووچەکانیان کەمترە بە تایبەتی پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو فەرمانبەرانەی کە خانەنشین کراون لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا پلەکانیان پێ بدرێت، ئەگەر جیاوازی مووچەکانیشیان پێ نەدرێت پلە بەرزکردنەوەیان بەلایەنی کەم سوودمەند بن لەو بابەتە و داوا دەکەم پلە ڕاگرتن کۆتایی پێ بێ و فەرمانبەرانی کوردستان پلەکانیان پێ بدرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك مم فەرمووو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ساڵێك وچوار مانگە یاسای چاکسازی دەرچووە، دە مانگە یاسای چاکسازی چۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ماددەی (٦٦) پێشێل دەکرێ، ماددەی/١٨ دەسەڵاتی جەنابتانە ممارەسەی ناکەن، وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە لێدوانێکی ڕۆژنامونووسی دا باس لەوە دەکات کە دەڵی قاچاغچێتی ڕێگرە و ئەگەر داهاتی دوو پارێزگا ئێستاش جەختی لێ کردەوە پەرلەمان .. مەبەستی لە سلێمانی و هەڵەبجەیە هیچ موناقەشەیەك نییە.... پرسیارەکەی من ئەوەیە فراکسیۆنی یەکێتی لێرەیە ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی یەکێتی دەبێتەوە کە گوایە ئەوان موسەببن بۆ ٢١% بە سەراحەت وەڵاممان بدەنەوەخەڵکی کوردستان چی یتر تەحومول ناکات، بەس تەنیا لە دابەزینی نەوت من حسابێکی سەرەتاییم کردووە، بەس لە بەرزکردنەوەی دابەزینی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار (١٩٣) ملیار دینار حکومەت مانگانە قازانج دەکات، ئەم لێشاوی پارەیە هەیە حکومەتیش دەڵێ پارە نییە بۆ مووچەخۆران نە داهاتی نەوت دیارە نە سنوورەکان دیارن و نە ناوخۆ دیارە، ئەم مەسەلەیە پارتی و یەکێتی لەناو خۆیاندا چارەسەری بکەن با خەڵك باجەکەی نەدا و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەڕێزتان ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن ناوهێنانی حزبە سیاسیەکان لەناو کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەهیچ مەنتقێك ڕێگە پێدراو نییە، بەڕێزان ئێمە مامەڵە لەگەڵ مو ئەسەسات دەکەین و فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نە مەسئولە نە حەقی ئەوەی هەیە کە وەڵامی ئەو بابەتانە بداتەوە کە بەڕێزتان پرسیارتان لێ کردوون، ئەم وەڵام دانەوەیە، ئەم یەکلایی کردنەوەیە پێویستی بە ئیشی موئەسەساتی و لیژنەی پەرلەمانی و مامەڵە کردنە لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند، من داوا لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی دەکەم بە زووترین کات نوسراوێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی و لایەنە پەیوەندارەکانی تر بکات بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو بابەتە و بە زووترین کاتیش پەرلەمانی کوردستان لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتانە ئاگادار بکاتەوە و وەکو دامەزراوە وەکو پەرلەمانی کوردستان، داواتان لێ دەکەم ناوی حزبەکانی یەکتری مەهێنن، ناوی دامەزراوە بهێنن، کاك بەهجەت بەڵێ فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ، مە لیژنا داراییا و ئابووری نڤیسینەکا فەرمی ئاراستەی دەستەی سەرۆکاتیا پەرلەمانی کری بەڕێز وەزیرێ دارایی مێڤانداریا و بێتە لیژنە سەر قۆناغا جێ بەجێ کرنا یاسایی چاکسازی ئەم ب ئاخڤین، لێ ئەڤە چەند رۆژ بسەر چوون هێشتا نەهاتن، لێ داخازا دکەم هەم وەکو دەستەی سەرۆکاتیا پەرلەمانی، داخاز بکەن بەڕێز وەزیرێ دارایی و ئابووری بێتە پەرلەمانێ کوردستانێ و ئەو لێ برین و نادادپەروەریا ئەم هەمی بەحسێ کەین کە

ڕێژا (٢١%) ی بۆ خەڵکی کوردستانێ دێتە دیار کرن ئایا کیش پارێزگا سەبەبە بۆ هەندێ کە داهاتێ حکومەتا هەرێما کوردستانی نەهێتە گەنجینا هەرێما کوردستانێ و بودجە دهێتە تاخیر کرن، داخازێت دکەین وەزیری دارایی بێت جدی ڕوونکردنەوە بدات سەر ڤێ بابەتێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەرۆکی لیژنەی دارایی بەڕێزان با ئێمە ئەم جەلسەیە .. فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك لەسەر سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان بدەم دیار چەند سەرچاوەیەکی داهات لە هەرێمی کوردستان هەیە، سەرچاوەیەکیان بریتیە لەو بڕ پارەیەی کە لەناوەندە دەگات و تاوەکو ئێستا ڕێککەوتنەکە یان قانونی بودجە لە عیراق نەکەوتۆتە بواری جێ بەجێ کردن، پاشان سەرچاوەکانی داهات بریتییە لە داهاتە نەوتیەکان و سەرچاوەی خاڵە سنووریەکان و داهاتی ناوخۆ زائیدەین ئەو بە هاوکاریەی کە هاوپەیمانان دەیداتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، گرنگترین و گەورەترین سەرچاوەی داهات لە هەرێمی کوردستان دا بریتیە لە داهاتی نەوت و فرۆشتنی نەوت کە هەموو لایەکمان ئەزانین ئەوەی کە بە ڕەسمی ئیعلان کرا ڕۆژانە ٤٦٠ هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشرێت، ئێستا کۆمەڵێك قسە و باس لەسەر ئەوە دەکرێت بەدواداچوونم کردووە بۆ ئەمە بە تایبەتی لەگەڵ وەزارەتی دارایی کە زۆر بە وردی قسەم لەسەر ئەوە کردووە لەگەڵیاندا کە ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە کە لە شوێنێك یان لەسەرچاوەیەکی داهات پارەکە ناگاتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایان کردینەوە لەچوار مانگی ڕابردوودا من باسی سێ مانگی پێش لەگەڵ ئەو مانگە کرا کە ئەوەی سەرچاوەی داهاتە لە خاڵە سنووریەکان دا دێتەوە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لێرەش لەم هۆڵە سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە تایبەتمەندەکان لێرەن وەزیری دارایی بە ڕەسمی ئیعلانی کرد هەرچی داهاتی هەرێمی کوردستانە داهاتە ڕەسمیەکان ئەوەی کە وەردەگیرێ دێتەوە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی، من تێبینیەکم هەیە ئیجازەم بدەن توخوا بە یارمەتی با ڕوونکردنەوە بدەم،ئێستا برادەران قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە (٣٠%) ی پارەی مووچە ئامادەیە،(٣٠%) پارەی مووچەی هەرێمی کوردستان بریتیە لە (٧٠٠) ملیار دینارێك کە لە (٣٠%) واتا (٢٠٠) ملیار دینار ئامادەیە، دوو سەد ملیار دینار ئایا پێم بڵێن (٢٠٠) ملیار دینار پارەی سەرچاوەکانی داهاتە لە خاڵە سنووریەکان و لە داهاتی ناوخۆ و لە فرۆشتنی نەوت و دوو سەد ملیار دینار ناکرێ ئەمە بکەینە ئەوەی ئەمە بەراستی بێ مەعلوماتیە، ئۆباڵ لابردنە لەئەستۆی خۆمان بەوەی کە لە فلانە شوێن پارە نایەتەوە، ئێستا من دوێنێ ئێوارە لەگەل وەزیری دارایی قسەم کردووە کە پارە دێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەڵامی ئەمە بداتەوە و قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ڕێگەمان دا بە کاك زیاد وەکو سەرۆکی لیژنەی دارایی ڕوونکردنەوەمان پێ بدات، ئەو قسەیەی کە لەگەڵ بەڕێزتا کردوویەتی بە

تەلەفون بە نیسبەت پەرلەمانەوە بایەخی نییە، جگە لە بەینی خۆتان و بەڕێزتان و بەڕێزیانا، لەبەرئەوە داوا دەکەین ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی کە بەڕێزیان بێتە پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەی تەواوی رەسمی بداتە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەو بابەتانەی کە ئێستا لەم هۆڵە قسەی لەبارەوە کرا دواتر ..... سەبرتان هەبێ بەڵێ بەڵێ باشە بەسەرچاو داوا دەکەم لە شوێنی خۆتەوە قسە نەکەی کاك دیاری با قسەکانمان تەواو بکەین، جارێ یەکەم دەستت دانێی باشترە بۆ خۆت، یەکەم/ ئەو لیژنەیەی کە بە بەرەسمی بە نووسراوی رەسمی داوای ئامادەبوونی وەزیری دارایی کردووە بۆ دانیشتنێکی لیژنەکە بەڕێزانن کە کاك بەهجەت و کاك زیاد دووپاتیان کردەوە کە لە لیژنەی دارایی ئەم ڕێگر نییە لەوەی کە پەرلەمان نووسراوێك ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندار بۆ قسە کردن سەبارەت بە ئەم دۆسیەیە، ئێمە بەڕێزان ئێمەش ناردوومانە بۆیان کراوە و ئێمەش بۆمان ناردووە، بەڵێ روپاك خان مۆڵەتی ئەو رەفیقانەتان بدەن کە هیچ قسەیان نەکردووە بۆ ئەوەی ئەوانیش قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی مادده/٦٦ لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان (٤٢) پەرلەمانتار وەکو هاوڕێیانم باسیان کرداوامان کرد، قسەی خۆم دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر خاڵە پەیڕەوی نییە بڵی پەیڕەوی نییە، داوامان کرد کەلەسەر لێبڕینی مووچە پەرلەمان کۆببێتەوە یەك وەڵامم دەوێ حکومەت جورئەتی نییە بێتە پەرلەمان یان پەرلەمان جورئەتی نییە کۆببێتەوە؟ بەس وەڵاممان دەوێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوولامان جورئەتمان هەیە ڕێزیش باشە، ئێمە هەردوولامان لە سیاقی پەیڕەو و قانون دا ئەرکەکانی خۆمان جێ بەجێ دەکەین، کاك علی تکا دەکەم لە شوێنی خۆتەوە قسە مەکە، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هیچ یاداشتێکی ئەندامانی پەرلەمانمان لەلا نییە نەمان ناردبێ بۆ حکومەت با ئەمە بە تەواوەتی تەوزیح بکەین، بەڕێزان بەسەر چاو ئێوە زیاتر لە نیوەتان پرسیارێکتان کردووە دیارە ناتانەوێ وەڵامەکەتان بدەینەوە، پرسیارتان ئاراستەی ئێمە کردووە دەرفەتمان بدەن، کاك سیروان پێنج مانگ نییە، ئەو یاداشتەی کە ٤٢ ئەندامی پەرلەمان ..... بەڕێزان تکایە واز لەوە بێنن کە لەناو هۆڵی پەرلەمانا حزبایەتی بکەن تکایە، تکایە واز لە یەکتری بێنن، واز لە ناوچەکانی یەکتری بێنن تکایە؟ بەرێزان ئەتانەوێ من وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە کردووتانە؟ یان ناتانەوێ هەر ئەتانەوێ قسە بکەن و منیش بڵێم زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تکا دەکەم جارێ دەستتان دانێن بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەتان بدەینێ، ئەمە ماددەی/٦٦ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە کە هەمووتان لەبەردەستتان دایە، دەڵێ دە ئەندام دەتوانن ئێوە ٤٢ بوون داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی، ئێوە ئەم نووسراوەتان ئاراستەی ئێمە کردووە، ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەستاوین ڕاستەوخۆ نووسراوەکەی ئێوەمان ئاراستەی

حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بە مەبەستی ئامادەبوون بۆ قسە کردن لەسەر ئەم بابەتە بە پێی ماددەی/٦٦ کە پێکەوە دەتوانین ئەم کۆبوونەوەیە بکەین، ئێمە نووسراو هەیە هەر لەسەر داوای خۆتان یاداشت هەیە داواتان کردووە لەسەر کوشتن و خۆ کوشتن و دیاردەی چەکداری دانیشتنتان کردووە و (١٨) ی مانگ ناردوومانە، (٢١ و ٢٢) مانگ جوابمان دراوەتەوە وتویانە یەین، باشە ئەمە تەوزیحی فکرەکە بکەم، ناردوومانە لەسەر بابەتی پەروەردە و خوێندن و ئەوە کە هەر یاداشتی خۆتانە (١٨) ی مانگ ناردوومانە، (٢٢) مانگ وەڵام دراوینەتەوە، باشە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر حکومەت مەبەستی بووایە سەبارەت بەم بابەتە ئامادەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ببێ چۆن سەبارەت بە دۆسیەکانی تر ڕاستەوخۆ وەڵامی داینەوە وەڵامی ئەداینەوە و ئەیوت بەڵێ ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان ئەبم، کاك دیاری ئەگەر بهێڵن ئێمە قسەی خۆمان ئەکەین، ئەگەر مەجالمان بدەن ئێستا ئێمە ئەوە ناردمان چەند هەفتەیە حکومەت وەکو یاداشتەکانی تر وەڵامی نەداوینەتەوە کە ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەبێ، ئێوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان بۆ خۆتان لەناو خۆتان دا مشاوەرەیەك بکەن پێستان وایە ئەگەر حکومەت نایەت پەرلەمان دەتوانێ چی بکات پێمان بڵێنەوە دەستەی سەرۆکایەتی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ لێرە نا ئێستا ئەوە ئەو دەسەڵاتەیە کە ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە داویتی بە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، من ممارەسەی ئەو دەسەڵاتەی خۆمم کردووە لەگەڵ ڕەفیقەکانم لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆشمان ڕوون بۆتەوە بەوازحی ئەگەر مەبەستیان بووایە بە دیاری کراوی بێن چۆن دوای سێ وەڵامی یاداشتەکانی تر دەدەمەوە و وەڵامیان داوینەتەوە، ئێوە کۆببنەوە فراکسیۆنەکان لە نێوانی خۆتان دا، پێشنیاری فکرەیەك بکەن بۆ ئەوەی ئێمە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان تا بە تەقدیر و بە ڕێزەوە تەبەنی بکەین، تکایە ئێمەش وەکو ئێوە ئەمانەوێ مووچە بە تەواوی بدرێ ئێمە لەبەرەیەك نین و ئێوەش لە بەرەیەکی تر، ئێوە وامان لێ مەکەن لەبەرچاوی خەڵك کە ئێمە دژی خەڵکین و گوایا هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ خەمەکانی خەڵکن و ئەوە ئەو دەسەڵاتانەیە کە ئەو پەیڕەوە داویەتی بە من، بەڕێزان ئەگەر نەهات نایەن تەواو، ئەوە خۆی کاك (علی حمەصالح) تۆ لەگەڵ من ئەندامی پەرلەمانی خولی پێشوو بووی دەیان جار نووسراومان دەکرد وەزیر نەدەهات چیمان دەکرد ئەوە بابکەین، بەڕێزان تکا دەکەم سەیر کە یەك جار دەتوانی، بەڕێزان بۆ ئەوەی ئێمە نوێنەرایەتی خەڵك بکەین با واز لە وەزیرەکانی حزبەکانی یەکتری بێنین با قسە لەسەر وەزیرەکانی خۆمان بکەین، بەڵێ د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، خاڵی یەکەم دەمەوێ ئەو قسانەی کاك زیاد کردی بە سیفەتی سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە چونکە بە سیفەتی سەرۆکی فراکسیۆن قسەی کرد لە کاتێك دا کە جەنابت داوات لێ کرد وەکو سەرۆکی لیژنە کە پێویست بوو بە شێوەیەکی میهەنیانە قسەی بکردایە، بەڵام بە سەرۆکی فراکسیۆن بوو، خاڵی دووەم/ بابەتی لێ بڕینی مووچە دیارە هەموومان پێوەی نیگەرانین و ئێمە لە ڕاستی دا ئێمە خۆمان بەو فراکسیۆنە دەزانین کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بکەین، لەبەرئەوەی ئێمە

زۆرینەی پەرلەمانی پێك دێنین لەپەرلەمانی کوردستان، واقعەك هەیە دەمەوێ بیگێڕمەوە بۆ جەنابت و بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان لێرەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بزانن هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ بە بێ لێبڕین مووچە دابەش بکات چییە؟ لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران یەکێك لە وەزیرە بەڕێزەکان کە لەسەر پشکی پارتیش نییە......... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەو قسەیە وەرناگرین، ئەو قسەیە دەبێ وەزیر خۆی بیکات، ئەو وەزیرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر یەك تۆز جورئەتی هەیە با بێ لە دانیشتنی پەرلەمان دا قسە بکات، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز ريبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لەبەر خاتری بەڕێزت ئەو قسەیە ناکەم، بەس تکایە ڕێگە مەدە ئەمانیش بەو شێوەیە قسە بکەن، لەبەرئەوە من دەمەوێ ..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك کاروان سوپاس، ئەو وەزیرەی کەقسەیەکی ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بە تەلەفون و شتی شەخسی لابەلا بە ئەندامێکی پەرلەمان دەڵێ جورئەت بکات بێتە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان ئەو قسەیە بکات یان با بە نووسراوێکی ڕەسمی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی بکات، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەسەربابەتی داهات قسە و قسە گەلێکی زۆر کرا کە مەبەستمە چەند شتێك بەداتا و بە بەڵگە و دۆکیۆمێنت ڕوون بکەمەوە، کۆمپانیایەك لە ئێستا دا دروست بووە بە ناوی کۆمپانیای (بی پی) لە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خلیل کە ڕۆژانە پارەی دەرمان لە کۆمپانیاکانی دەرمان وەردەگرێت و پارەی دەرمان لە هەرێمی کوردستان نرخی دەرمان ڕۆژانە بەرز دەبێتەوە کە ئەمەکارەساتێکی گەورەیە و سەرانە وەردەگرێت بە دۆکیۆمێنت لە مۆبایلەکەم دا هەیە، داهاتی ابراهیم خلیل بەهەموو دۆکیۆمێنتەکان (٧٠%)ی ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کێشەی گەورەی بۆ دروست کردووین، تەنها داهاتی یەك مانگی خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران پەنجا ملیار دینارە بۆ سەیارە، ئیعفای گومرگی بۆ کۆمپانیای حزبی دەرکراوە کە چیمەنتۆ و شیش داخل دەکرێن بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەیفرۆشن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داهاتی هەرێمی کوردستان (٨٥%)ی ئیعتمادی لەسەر نەوتە ڕۆژانە کۆمپانیایەکی حزبی کە بۆری نەوتی کوردستانی لایە و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی فرۆشتووە پارەیەکی خەیاڵی بە (٦٠) ملیۆن دۆلار ڕۆژانە حکومەت قازانجی لێ دەکات، خەڵکی هەرێمی کوردستان تکا دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کۆمپانیای (پی ئی سی)ی تورکی مانگانە نزیکەی (٥٥٠) ملیۆن دۆلار داهاتی نەوتی هەریمی کوردستان دەبات خەڵکی هەرێمی

کوردستان به (٢١%) لێ بڕین باجەکەی بدەن، باجی کۆمپانیاکان کە کۆمپانیا حزبیەکان تێیدا شەریکن کە ڕۆژانە بە  ملیۆنان دۆلار قازانج دەکەن ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار حکومەتی هەرێمی کوردستان باجەکەی بدەن.

**بەڕێز د. ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستمە وەڵامی دوو پرسیار وەربگرم لە بەڕێزتان، ماددەی/٥٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان مۆڵەت ئەیات بە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر خاڵی پەیڕەوی هەبوو بە بێ ڕێزبەندی وەری بگرێت، دانیشتنی پێشوو ئێمە خاڵی پەیڕەویمان هەبوو بەڕێزت دانیشتنەکەت هەڵگرت ئەگەر بکرێ وەڵاممان بدەیتەوە بە چ خاڵێکی پەیڕەوی ئەو دانیشتنەت هەڵگرت؟ ئەمە یەکەم، دووەمیان تایبەت بە مەسەلەی لێ بڕینی مووچە تکایە هاوڕێیانی ئازیز ئەم بابەتە مەکەنە بە بابەتێکی حزبی و شەری حزبی لەم پەرلەمانی کوردستانە ئەگەر زۆر دڵسۆزن بەڕاستتانە خەمی لێ بڕینی مووچەی فەرمانبەرانتانە.... .

**بەڕێز د. ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ناکرێ وا بڵێی چونکە دلسۆزن، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با قسەکەم تەواو بکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، با نەیکەین بە ململانێی حزبی پێویستە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی بێن لەم پەرلەمانی کوردستانە وەڵامی ئێمە بدەنەوە و بزانین مەتەڵی لێ بڕینی مووچە چییە؟ چونکە مەتەڵێکە بەڕاستی ئێمە بۆمان نادۆزرێتەوە هۆکارەکەی چییە، نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە و داهاتی دینار بەرامبەر بە دۆلار دابەزیوە پێمان بڵێن ئەم مەتەڵە جوابەکەی چییە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا/٥٦ ل پەیڕەوی ناوخۆدا ئاخافتنێت خۆ کر، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی ئەڤە (٢٠) پەرلەمانتارا هەتا ڤێ لەحزی ئەڤە سەعاتەکە ئاخافتنێت خۆ کرن، بێ زەحمەت ئاخافتنێت هەر (٢٠) پەرلەمانتارێت بەڕێز ژ دیڤ کیش خالا پەیڕەوی دا ئاخافتنێ ئێکی بێژیت (٦٦) و ئێکێ بێژیت (٧٧ و ٥٥) و ئەو بخۆ ئەگەر نوقتا نیزامی دیڤ ماددا/٥٦ تێت کرنێ بۆ هندەکا دەقیقەك بی و بۆ هندەکا پێنج دەقیقا بۆچی ئەڤ جیاوازی هەیە بێ زەحمەت؟ ئەگەر ئەڤە ڕاستی نێنەراتیا خەڵکی بکەن ئەگەر خەما خەڵکینە بلا بەس وەختێ مەو ڤی خەڵکی ببەن، چونکی ئەم (٤٥) پەرلەمانتار ئەم ئیحتراما ڤی پەیڕەوی دگرن، ئەگەر ئەم دەهـ بئاخڤین، بیست ب ئاخڤن هەتا شەڤا من لڤێری بن، بلا زێدەتر دەڤێت مە ژی زێدە کەن، ئان ڤی یەك دەقەیێ بۆ هەندەکا بلا یەك

دەقە بت، فەرق و جوداهی بلا نەبیتن و ڤێ جیاوازی و ڤێ ئیشارێ بلا ب سەکنیت، هەکا نوقتا نیزامی هەبا بریْڤە دچن سەعاتەك بەس دچارچێڤا بت و چ تشت خزمەتێ خەڵکی نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە دەست پێکی ئەم کابینەیە فەلسەفەی ئەم حوکمڕانیە تەنیا بریتی نەبوو لە دابین کردنی مووچە، بەڵکو ئەوە بوو کە پارەیەکیش تەرخان بکرێ بۆ پرۆژەکان، هەر ئەم مانگە حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٥٠) ملیار دیناری لە پرۆژەکان خەرج کردووە بە تایبەتی لە بواری کارەبا و ڕێگاوبان و سەوزایی، بۆچی ئەمانە باس ناکرێ و زۆربەی ئەو پارەیەش کە بۆ پرۆژەکان سەرف کراوە بۆپارێزگای سلێمانی بوو، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر باس لە لێ بڕینی (٢١%) دەکەن ئێمەش خەمخۆری هەموو هاووڵاتیانی کوردستانین ناکرێت چەند هەڤاڵێك تەنها هەموو ڕۆژێك لە جەلسە بێنن و داوای ئەوە بکەن کە لە (٢١%) نەمێنێ ئێمەش داوا دەکەین، بەڵام ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەروبەندی ئەوەیە کە پرۆژەی بودجە ئامادە دەکات دەبێ ئێمە لەوێدا ئەم خاڵە چارەسەر بکەین، با بێین هەم وەزیری دارایی و هەم وەزیری پلاندانان بانگ بکەین و لێیان بپرسین ئایا ستراتیجیەت و روئیای ئەم دوو وەزارەتە بۆ زیادکردنی داهات چییە بە تایبەتی داهاتی ناوخۆ، بۆچی ڕێز لەو بڕیارانە ناگیرێ کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ خاڵە سنوورییەکان دەردەچێ بە تایبەتی بۆ پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش بۆ ئەوەی بتوانرێ داهاتی ناوخۆ زیاد بکرێت، دەبێ هەموو ئەم پرسیارانە هەم ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و ....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمووما‌ن دەزانین و هەموومان شاهیدی ئەوەین کە داهات زۆرە لەم هەرێمە، بەڵکو داهات هەیە و ئێمە بەڕاستی نوێنەری خەڵکین و خەمی خەڵکمانە هەموومان کەس نکۆڵی ئەوە ناکات کە نوێنەری خەڵك نەبێ لێرە، بەڵام بەداخەوە چەندی وەقت دەروات چەندی کات دەروات، چەندی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان داوا دەکەن ئەم کێشانە بە هەڵپەسێردراوی نەمێننەوە هەر وەك خۆیان دەمێننەوە و داوا پیشکەش کراوە یان یاداشتەکان پێشکەش کراون بۆ نەهێشتنی لێ بڕینی مووچە بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی خستنە بواری ڕاستەقینەی ئەم یاسایە بەڕێزە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئێستا ئێمە بەڕاستی هەموومان کێشەی خەڵکمانە نوێنەرایەتی خەڵك دەکەین لە هەرێمی کوردستان، بەش بەحاڵی خۆمانە ڕۆژانە بەڕاستی دەیان تەلەفونمان بۆ دێت و دەیان سکاڵامان بۆ دێت کە بژێوی مامۆستایانی وانەبێژ دەبینین و بژێوی سێ یەکەمەکان دەبینین ئەزانین لە چ بارودۆخێك دان فەرمانبەرانی گرێبەست کە چەند لەمێژە

بەڕاستی فەرمانیان بۆ دەرچووە و نەخراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، داهاتی خەڵك زۆر زۆر خراپە بوار و گوزەرانیان لەوپەڕی خراپی دایە، ئەبێ ئێمە تاکەی چاوەڕێ بکەین و تاکەی و چەند جەلسەی پەرلەمانی بڕوات و ئێمە ئەو کێشانە بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە، بۆیە داوا دەکەم بەڕاستی هەر لێرە لەمڕۆ و لەو جەلسە بەڕێزەی پەرلەمانی کوردستان بڕیار بدەن و لە نزیکترین کات دا دانیشتنێکی تایبەت بکرێ بە ئامادەبوونی هەموو وەزیرە بەڕێزەکانی پەیوەندار بەم گرفتانە تا ئەم کێشانە بەهەڵپەسێردراوی نەمێننەوە و چارەسەر بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز موژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرێك لە هاوڕێیان داوای ئەوەیان کرد کە دانیشتنی تایبەت بکرێ سەبارەت بە لێ برینی مووچەیە، هەرچی زووە تکا دەکەم دانیشتنەکە با ئەوە بێ کە هەر بە تەنها وەزیری دارایی نەبی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی بانگهێشت بکرێ، چونکە بەتەنها وەزیری دارایی وەڵامی موقنعی نابێت بە تەنها، بۆیە داواکارم جەلسەی داهاتوو بڕگەیەکی تایبەت بی بەم لی برینی مووچەیە ئەگەر نەشهاتن با خۆمان بیکەین با وەکو پەرلەمان بۆ جارێك بێ ڕۆڵێکی کاریگەرمان هەبێ لە جەلسەکانی پێشوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان وتی هەر کەسێك یاخود هەر پەرلەمانتارێك کە دەیەوێ سەردانی ڕاگیراوانی بە ناحەق سزادراوانی بادینان بکات ئەوا دەتوانێ لەڕێگەی پەرلەمانەوە هاوکاریان بکەین جگە لە لیژنەی تایبەتمەند، من زۆر دەمێکە یاداشتم داوە هەتاوەکو ئێستا وەڵامی یاداشتەکەم نەدراوەتەوە و یاداشتمان بە مامۆستا وانەبێژ و فەرمانبەری گرێ بەست و ئەوانە تەقدیم کردووە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر وەڵامێکمان بدەنەوە بە کوێ گەشتووە؟ سەبارەت بە لیوا هاوبەشەکان ئەوان پارەیان لە دەرەوە بۆ دێت یەعنی مەعقولە ئەوان بە سێ مانگ جارێك مووچە وەرگرن بەو کولەمەرگیە لە کاتێك دا حەقە .... سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە دەست خۆش، ئەو یاداشتەی وانەبێژان و مامۆستایانی گرێبەست وئەوانە پێشکەشتان کردبوو ئێمە ٦/٢ ڕاستە دانیشتنێکی پەرلەمان هەیە سەبارەت بەوەی خۆتان داواتان کردووە کە دانیشتنێکی پەرلەمان بکرێ، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ لەسەر داواکەی خۆتان وەزارەتی داراییشمان بۆ ئیزافە کردووە، واتە وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا ئێمە ئەمڕۆ ئیمزامان کردووە داوای هاتنی وەزیری داراییمان کردووە، یەعنی خواستی دەستەی سەرۆکایەتی لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە بۆ دانیشتنی ٦/٢ ڕاستە وەڵامی هاتنی وەزیری پەروەردە و وەزیری خوێندنی باڵا هاتۆتەوە، بەڵام ئێمە داوا لە حکومەتی هەرێمکی کوردستان دەکەین و بە نووسراوی رسمی بۆمان ناردوون و لیژنە بێ گومان کە داوایان کردووە و بەڕێز وەزیری دارایی ئامادە بێت دەرفەت دەدەمە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەروەردە بۆ ئەوەی قسەی بکات سەبارەت بەوەی کە ئیزافە کردنی وەزیری دارایی لەسەر داوای ئەوان بووە فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەباری ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران وەڵامی داوای پەرلەمانی داوەتەوە کە بەڕێزان وەزیری پەروەردە و وەزیری خوێندنی باڵا لە بەرواری ٦/٢ لە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئامادە دەبن، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆماندا داوامانی کردووە کەوا بەڕێز وەزیری داراییش لە کۆبوونەوەکە حازر بێت، بۆ ئەوەی وەڵامی دروستی بەڕێزان مامۆستایانی وانەبێژ و فەرمانبەرانی گرێ بەست و سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان بدرێتەوە سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنا لامن دیف ماددا/٥٤ ی ئەز بێژم پێتڤیا پەرلەمان دەورێ خۆ ببینی جارا چوو ژی ئەم هەر گۆت نابیتن بەردەوامی ب ڤێ لێ برینێ بێتە دان، ئەز دگەل هەندێمە مێڤان کرنا وەزیرێ دارایی تنێ مەفا ناگەهەنیتن چونکی بریار ب دەستی ئەنجومەنی دا سەرۆکێ ئەنجومەن و جێگر پێتڤیا دگەل ئەم ماددا ببن وەك ناڕازی بوونە ژی بەردەوامی بوون بۆ ڤێ لێ برینێ و ڤێ هەیڤی کرنە ٤٠ ڕۆژ. دوو ڕۆژا تنێ دی دوو ڕۆژا بەس یەك وەزارەت تێتە تەوزیع کرن و ئەگەر هەر وەزارەتەکی دوو ڕۆژ بگریتن مەعنا وی ببنە چل ڕۆژ و پێنجا ڕۆژ وەك ناڕازی بوون سەر ڤێ سەر وی بەردەوام بوونێ یە ئەز سقوتی ئەم ڤێری ڕاوەستن جەلسەیێ هەمیی یان ژی ئەگەر تەتمینەك بۆ مە بێتە دان کو دێ جەلسەکا تایبەت کرن و وەزیرێ پەیوەندیدار هەمی دێ حازر بن و زۆرر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دواکەوتنی مووچەی لیوا هاوبەشەکان ڕوونە لە مانگەکانی ڕابردوودا دەبووایە لیوا هاوبەشەکان سێ مووچەیان لە مانگێك دا وەربگرتایە، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەبینین کەوا لە چوار مانگ دا سێ مووچەیان وەرگرتووە، لە هەمان کاتدا تا ئیستا لیواکانی هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) مووچەی کامليان وەرگرتووە، بۆیە بەداخەوە توێژێك کە غەدری لێ دەکرێ هێزەکانی پێشمەرگە نابێ پێشمەرگە ئەرکێکی قورسی لەپێشە، بەڵام بەداخەوە کەمترین مافی پێ دەدرێت،بۆیە داوا دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بتوانێ چارەیەك بۆ مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئێمە نازانین ئامانجی بەڕێزتان لە هاتنتان بۆ ئێرە چییە؟ بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئێمە پەیامەکەی ئێوەمان پێ گەیشت، فەرموون بە نووسراو نووسراوێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن لە فراکسیۆنە جیاوازەکان کە ئەگەر حکومەتیش نەهات

پەرلەمانی کوردستان دانیشتن بکات و بەمەرجێ لەناو کۆبوونەوەکە نەڵێن بۆچی حکومەت نەهاتووە بەرەسمی یاداشتمان بدەنێ لە فراکسیۆنە جیاوازەکان فەرموون پەیامەکەتان گەیشت فەرموون، بەڕێزان پەیامەکەتان وازحە و پێویست ناکات ئێمە وەعدتان پێ دەدەین یاداشتێکمان بدەنێ کە ئەگەر ئەو نووسراوەی ئێمە بۆ حکومەتمان کرد بوو بە مەبەستی ئامادە بوون بەڕێزیان ئامادەش نەبن ئێوە دەتانەوێ دانیشتنێکی پەرلەمان بکرێ لەفراکسیۆنە جیاوازەکان یاداشتەکە واژوو بکەن وبیهێنن فەرموون بچنەوە شوێنی خۆتان، بەڕێزان فەرموون ئارام بن کاك د.شێرکۆ دانیشە فەرموو، بەڕێزان ئەم فایلە کۆتایی پێ هات بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز داواکاری ئەم ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان بەوەی لە دەسەڵاتە و بەوەی لە ئۆپۆزسیۆنە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستانە سەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان و لی برینی مووچە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی یاداشتەکەی بەڕێزتانمان ئاراستەی حکومەت کردووە بە مەبەستی ئامادەبوون حکومەت تا ئێستا وەڵامی نەداوینەتەوە ئێوە بەڕێزتان دەڵێن بەبێ ئامادەبوونی حکومەتیش ئێوە ڕەزامەندن بە ئەنجامدانی دانیشتنێك بفەرموون ئێستا .. بەڕێزان دەبا قسەی خۆمان تەواو بکەین دانیشن... بەس دانیشن... دانیشن توخوا دانیشن..... ئێوە یاداشتێکمان بدەنێ ئیستا ئیعلامی دەکەین فەرموون، بە نووسین یاداشتێکمان بدەنێ کە ڕەزامەندن بە بێ بوونی حکومەت دانیشتن بکرێ ئێمە ڕەزامەندین فەرموون، ئێوە داوای حکومەتتان کردووە نایەت، دانیشن سەرچنار خان بڕۆن ئیمزای یاداشتەکە بکەن ئێمە هەفتەی داهات و جەلسە دەکەین، ئەی چی بکەین؟ بەڕێزان سەوسەن خان خۆشت دەزانی هەموو شتێك لێرە بە پەیڕەوەکە بەڕێوە ناچێ با ئیمزاکە بکەن و بۆمان بێنن، سەبرتان هەبی بڕۆنەوە شوێنی خۆتان و یاداشتەکەمان بۆ بینن ئەو بەڕێزانەی واژوویان کردووە بچنەوە شوێنی خۆیان، ئێمە بەرنامەی کارمان هەیە شەش وەزیر و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان چاوەڕێ بکەن فەرموون بڕۆنەوە شوێنی خۆتان ئەو بابەتەش دنیایەك شەرتان لەسەر کرد کە لەسەر دیاردەی چەکداری کوشتن و خۆ کوشتن و دیاردەی چەکداری بکەین فەرموون، ئێمە میوانمان هەیە و ڕامان گرتوون، بەڕێزان ئێمە دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بابەتی واژوو کردن لەسەر یاداشتەکە بینە دەرەوەی هۆڵەکە، لەبەرئەوەی وەزیرەکان هاتوون ئێمە دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەین فەرموون، بەڕێزان (کاك شاخەوان، د.اسماعیل و کاك کاوە و کاك سەرکۆ و کاك هاوڕێ و ڕوپاك خان) بڕۆنەوە شوێنی خۆتان، بۆتان ئەهێنن یاداشتەکەتان بۆ دێنن، دەست بە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بکەین بەڕێزان ئێمە میوانمان هەیە و خەڵکمان بانگ کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی لەسەر دیاردەی چەکداری و کوشتن و خۆ کوشتن قسە بکات، تکایە فەرموون، ژمارەیەکی زۆر زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانمان وەرگرت دەست بە جێ بە جێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، مامۆستا (عبدالستار) هەفتەی پێشووش لەبەر ئەوەی کە خۆی داوای کرد کە زەمیلێکی ئێوەی و هاوڕێیەکی ئێوەیە لەبەرئەوەی کە خاڵی پەیڕەوی هەبوو داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد بە نووسراوێك کە خوێندنەوەی بیرۆکەکەی بۆ بکرێتە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، ئێمە بە تەنها ئەوەی ئەو جێ بەجێ دەکەین دوایی ئەوانی ترتان وەردەگرین، مامۆستا عبدالستار ...

بەسە بەڕێزان، وەرتان دەگرم دڵنیابە ئاشنا خان ئەڵێم وەرت ئەگرم کاك هاورێ، بڕۆنەوە شوێنی خۆتان بۆتان نییە دکتۆرە ئێمە دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین لەبەرئەوەی میوانمان هەیە بەڕیزان وەزیرمان بانگ کردوون، کاك (علی حمە صالح) برۆیتەوە شوێنی خۆت بەڕێزت، بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار خوێندنەوەی بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار (عبدالستار مجید) قادر پەیوەست بە دۆزینەوەی هەلی کار لە ڕێگەی بەگەڕخستنەوە کارگەکان بەپێی حوکمی خاڵی دوو بڕگەی یەکەم لە ماددەی/٤٩ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام مامۆستا عبدالستار لێرە نییە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان سەبارەت بەو بابەتە ڕوونکردنەوەیەکی هەیە کە مامۆستا عبدالستار ئێمە سەربارەی ئەوەی کە بیرۆکەکەیمان خستۆتە بەرنامەی کار لەسەر داوای خۆی هەفتەی پێشوو داوای کردبوو بکرێتە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەم هەفتەیە بەڕێزیان بۆچی ئامادە نەبوون دیارە لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان قسەی کردووە فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار (عبدالستار مجید) لەڕاستی دا لە دانیشتنی ڕابردوو لەسەر داوای بەڕێزیان ئێمە داوامان خست بۆ ئەم دانیشتنەی ئێستا پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەوەی پاش بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کار پەیوەندی کرا لەلایەن فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری وتیان لەدەرەوەی وڵاتە، بۆیە ئێمە ئاگادار نەبوون کە سەفەری کردووە، بۆیە خستمانە بەرنامەی کار زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا داوا لە بەڕێزان لە لیژنەکانی ئافرەتان و لیژنەی ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی و سەرۆکی لیژنەکان و لەگەڵ نوێنەری لیژنەکانی رۆشنبیری و یاسایی و ئەوقاف دەکەین فەرموون بێنە ئێرە، داوا لە بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین کە بفەرموون و بینە هۆڵی کۆبوونەوە، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا/٥٦ برگا/٢ خاڵی/١ ئەز خالا پەیڕەوی دکەم، بەری چەندەکی بڕیارەکا وەزارەتا ناڤخۆ دەرچوو بۆ دەست نیشان کرنا هەژمارا پاسەوانا بۆ هەندەك کەسانە، ئەگەر ئەڤە دیڤ یاسای چاکسازی بیتن ژمارا/٢ کو (٢٠٢٠) ژی وی پەرلەمانی دەرکەتی کو ماددەیەکا تێدا هەی کێمکرنا پاسەوانایە ل جهێ داخێیە لڤێرێ شەش پاسەوان بۆ وەزیر هەبوون نوکە بووینە (١٠) ئایا ئەڤ دەهێ هەنێ ئەگەر ئەم لێکی بدەین دبیتە (٢٣٠) پاسەوان تنێ بۆ وەزیرا بێنە دەست نیشان کرنێ، ئایا ئەڤە بن پێکرنا یاسایی چاکسازی نایەتە کرنێ لڤێرێ دا یا دوویی، ئایا بۆچی پاسەوانێت هەر سێ سەرۆکاتیا نەهاتینە تەحدید کرن نە سەرۆکێ هەرێمێ نە سەرۆکی حکومەتێ و نە سەرۆکاتیا پەرلەمانی و جێگرێت وان نەهاتینە تەحدید کرن، ئایا وەسا دهێتە جێ بەجێ کرنێ؟ زۆر مەمنونم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، دیارە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من پشتگیری هەموو برا بەڕێزانە دەکەین کە باسی بڕینی مووچە و (٢١%) و پێویست ناکات دووبارە بکەمەوە، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من دوو ڕۆژە بە دەوروپشتی هەولێر دا دەگەڕێم لە دەوروپشتی هەولێر ئەو زەوییانە هەر هەمووی لەسەر (١٢٠) و (١٥٠) هەموو دابەش دەکرێن بێ ئەوەی کەس بزانێ کێیە، بینای گەورە گەورە دروست دەکرێت، یەعنی بەڕاستی حەق وایە لایەنی پەیوەندار ڕوونکردنەوە بدات، ئەو زەوییانە دەدرێن بە کێ و دەکرێن بە چ؟ لەبەرئەوەی دە ساڵی دیکە پێ بچێت زەوی بۆ نەوەکانمان نامێنێ، ئەوە یەك، خاڵی دووەم/ پەروەردە لە کوردستان فەشەلی هێنا ..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، گوتمان دانیشتنمان هەیە و ئەم قسەیە لەبەردەمی هەردوو وەزیرەکەیا بکە باشە، زۆر سوپاس سەبارەت بەوەی یەکەمیش یاداشت بدە پەرلەمانی کوردستان، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاکە کۆدەنگییەك لە نێو پەرلەمانتاران دروست بووە واژوو کۆکرایەوە لەسەر ئەوەی کە حکومەت بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت، ئەگەر نەهاتن جەلسەکە هەر بەردەوام بێ، من پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەدوای ئەوەی کە پەرلەمانتاران ڕاو سەرنجەکانی خۆیان دەخەنەڕوو بڕیارێکی تەشریعی پەرلەمانی بخەنە دەنگدانەوە لەسەر ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان دژی لێ بڕینی مووچەیە، ئەو بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان ئەم پێشنیارەی من ڕەنگە گەڕانەوەی هاوسەنگیش بی بۆ ئەو هەندێ جار ناکۆکی دروست دەبێ لە نێوان سەرۆکایەتی ئەندامانی پەرلەمان هاوسەنگیەکە ڕێك کاتەوە، من یەك نموونە دەهێنمەوە یەعنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بەرێزێك سەرۆکی پەرلەمان بووە تەنها لەبەر هەڵوێستەکانی ئێستا ڕەنگە بەشێك لە پەرلەمانتاران موحیبەت و خۆشەویستیان بۆی هەبێ بێ ئەوەی بینی بێتیان، بۆیە داوا دەکەم لە بەڕێزتان لەسەرۆکایەتی پەرلەمان هەوڵ بدەن بڕیارێکی پەرلەمانی بخرێتە دەنگدانەوە و ئەو کات هەر فراکسیۆنێك و هەر پەرلەمانتارێك ئەگەر لەگەڵ بڕیارەکەی حکومەت بوو بۆ لێ بڕینی (٢١%) ی مووچە یەك لا دەبێتەوە و خەڵکی کوردستانیش ئەزانێ و چیتر ئەو وشانەی کە زۆرجار بەکارئەهێندرێ موزایەدە و پۆلیس و هەموو ئەوانەش بنبڕ دەکرێ و داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو بڕیارە پەرلەمانیە بخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەوە ئەبێ موناقەشەی بکەین بزانین، چی بخەینە دەنگدانەوە با ئێمە بزانین با دانیشتنەکە بکەین بەڕێزان کاك د.زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەرنامەی کار ئەمڕۆ لە یەکێك لە خاڵەکانی بە ئامادەبوونی تیمی حکومەتە کە ئەمەشیان خۆی لە خۆیدا جارێکی دیکە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە جەرائەتی ئەم حکومەتە لەوە دایە کە زۆرترین دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی تیمی حکومەت بووە، ئەو بابەتانەی کە لێرە موناقەشە دەکرێ بەداخەوە ئێمە هەر سێ فراکسیۆنی دەسەڵات و بەشدار لە حکومەت دەبێ بە ئاراستەیەکی دیکە قسە لەسەر ئەم بابەتانە بکەین و ئەگەر بڕیارە پرسیارەکان بوونەتە لە پرسێکی حوکمڕانیەتی ئەم وڵاتە، پرسی بێ بڕینی مووچە و خۆ گونجاندن بۆتە پرسێکی سیاسی با چی دیکە سەری خەڵك بەم بابەتەوە نەیەشێنین لێرە بەیەکەوە خوشك و برایان لێرەن مامۆستا گولستان لێرەیە وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، کاك زیاد لێرەیە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی، ئێمەین ئەم سێ فراکسیۆنەین حکومەتمان پێك هێناوە ئەم پرسە سیاسیە بهێنینەوە دەرەوە و سەر مێزی گفتوگۆکانی خۆمان لەوێدا ئەم پرسە سیاسیانە موعالەجە بکەین ئەگەر بابەتەکان سیاسین، ئەگەر بابەتەکانیش سیاسی نین و پەیوەندی بە حوکمڕانیەتی ئەم وڵاتە هەیە واللە دیسان تەئکید لەوە دەکەینەوە حوکمڕانیەت بەم شێوەیە ناکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر قبوڵ بکەی من وای دەبینم کە ڕەخنەیەك بگرین ئەو پشێویە و یان ئەو حاڵەتانەی کە ڕوون دەدەن دەبینن هۆکارەکەی بۆ ئەوەیە وەکو پێویست پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان جێ بەجێ ناکرێ جەنابت پێشتر لە کۆبوونەوەکانی تر بەڵێنت دابوو کە ئەوانەی خاڵی پەیڕەوی نین بەهیچ شێوەیەك وەرنەگیرێن بەڵام بەداخەوە زۆر تێ بینی و سەرنج هەبوو کە خاڵی پەیڕەوی نەبوون و وەرگیران، ئێمە هەمووومان چ پەرلەمانتار و چ حکومەت هەمووومان لەیەك سەنگەرین دەمانەوێ خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستان بکەین دڵنیاین ئەگەر حکومەت داهاتی پێویستی هەبێ ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی تۆش پەیڕەوی نییە بەس ناتوانم بتبڕم ڕێزت دەگرم، ئەو قسانە هەتا ئەویا پەیڕەوی بوو، بەس لێرەوە نا پەیڕەوییە بەس بیڵێ کاك مەلا وەیس فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، من دەستخۆشی لە جەنابت دەکەم کە دەرفەتت دا ئەو ئیمزایانە کۆ بکرێنەوە، زۆر گرنگە حکومەت بێتە پەرلەمان، هۆکاری لێبڕینی مووچە، هۆکاری کۆنەکردنەوەی هەموو داهاتەکان، هۆکاری ئەوانەی کە ڕێگر بوون بۆ ئەوەی هێزی هاوبەش بچنە خاڵە سنوورییەکان بۆ هاووڵاتیان

ڕوون بــکەنەوە، بــۆ ئەوەی خەڵکــی کوردســتانیش لە ڕاســتی و دروســتی هەمــوو بابەتەکــان ئاگاداربن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێـزان ئەگەر هەر هەمـان ئەو بابەتـانەن بـا دەست بە جێبەجـێ کردنـی بەرنـامەی کـار بکەیـن، ئـێمە میوانمـان هەیە، بـا دەسـت پـێ بکەیـن ئەگەر هەمـان ئەو بابەتانەیە، ئەگەر هەمان ئەو بابەتانەن بدریە خان، مامۆستا أبوبکر، دکتۆرە، ئەگەر هەمان بـابەتی مووچە و ئەمانەیە با دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کارەکە بکەیـن، مامۆسـتا أبـوبکر تـۆ لە هەمووومان موصیرتر بووی لەسەر مەسەلەی چەکداری و کوشتن، بەڵێ فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە تێبینـیم کـرد ئەوە شەشـەمین کۆبـوونەوەی پەرلەمـانە تـا ئێسـتا نـوقتە نیزامـی منـت وەرنەگرتووە، ئێمە نـوێنەری خەڵکین بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، هەمـوو ژمارەکانـت پـێ دەڵـێم هەمــوو جارێــك چــۆن دەڵێــی بەڕاســتی مــن هەولــی وەرگــرتنم داوە نــوقتە نیزامــی منــت وەرنەگرتـووە، ئـێمە نـوێنەری خەڵکین، لەگەڵ ئـازاری خەڵکین، نـوێنەرایەتی خەڵـك دەکەیـن، لە مــانگی (٩) لە مــانگی (١٠)ی (٢٠٢٠) و لە (٢٠٢١)دا چەنــدین یاداشــتمان داوە لەســەر گرێبەســت، لەســەر وانەبێــژ، لەســەر یەکەمەکــان، لەســەر پلەبەرزکــردنەوە، بەداخەوە کە بە بڕیــارێکی ئەنجومەنی وەزیران پلە بەرزکردنەوە ڕاگیراوە، هەمـوو ئەوانە یاداشـتمان داوە بە سـەرۆکایەتی بەداخەوە تا ئێستا وەڵامەکەمان وەرنەگرتۆتەوە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٧٩) دەسـەڵاتی دەسـتەی سـەرۆکایەتییە کە بڕیـار لەو پەرلەمـانەوە دەرکـات و لە مانگی (١١) و (١٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) لەگەڵ بەڕێزت دا ڕووبەڕوو دانیشتین باسی ئەو بابەتەمان کـرد کە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان یـان ئەرکـی سـەرۆکی پەرلەمـانە و دەسـەڵاتی هەیە کە بڕیارێك دەربکات بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی مـووچە، وەڵامـی بەڕێزتـان ئەوەبـوو کە هەر بڕیارێـك لە پەرلەمــان ئەگەر زۆریــنەی دەنگــی لەگەڵ نەبــێ، ڕووبەڕوو لەگەڵ یەك دانیشــتین نەك لە نــاو جەلسە، ئەوەبوو کە هەر بڕیارێـك دەربچێـت ئەگەر زۆریـنەی لەگەڵ دا نەبێـت دەبێـتە بڕیـارێکی تەشریعی و یەعنی وەك بڵێی شەرعیەت دان بە بڕینی مووچە ئەگەر زۆریـنەی دەنگەکـانی لەگەڵ نەبی، ئێستاش ئەوە هەمان شت دووبارە دەکەینەوە، یەعنی ئەرکی پەرلەمانە بڕیارێك دەربکـات بــۆ هەڵوەشــاندنەوەی لێبڕینــی مــووچە، ئەو کــاتەش بەدەردەدکەوی کە کــێ لەگەڵ لێبڕینــی مــووچەیە؟ چ پەرلەمانتارێــك؟ و کــێ لەگەڵــی نیــیە؟ ئەو کــاتەش هەر هەمــان قســەمان کــرد، هەروەها یەك شتی دیکە ئەگەر پەرلەمانتار لە حزبـی دەسـەڵاتیش بـی، لە نـاو دەسـەڵات بەشـدار

بی مەعنای ئەوە نییە باسی کەم و کوڕییەکانی حکومەت نەکات، چونکە ئەرکی ئێمە ئەوەیە بەدواداچوون بکەین، لە هەر جێیەکیش کە کەم و کوڕیمان بینی دەبێ باسی بکەین، ئەوە مەعنای ئەوە نییە کە لادانمان کردییە بە پێی پەیڕەو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەنگێکە وەکو هەموو ئەندامانی تری پەرلەمانی کوردستان، جگە لە دەنگێك ناتوانێ هیچ جۆرە بڕیارێك بدات، هەموو بڕیارێك بە ناوی پەرلەمانی کوردستان بە دەنگدانە، دەنگدانیش بە ژمارەیە، هەمووتان ئەو ڕاستییە دەزانن، ئێستاش باوەڕم وایە ئەگەر ڕێککەوتن لە نێوان تەواوی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کوردستان نەبێ بۆ بڕیاردان لەسەر هەر بابەتێك کە پەیوەندی بە مەسەلەیەکی دارایی هەیە لەگەڵ حکومەت دا قسە نەکرابێ، ڕەنگە نەتیجەیەکی عەکسی هەبێ، مەفهومی موخالەفەکەی ئەوەیە، واتا مەفهومی موخالەفەکەی ئەوەیە ئەگەر ئەوەی کە دەڵێن لێبڕین نەمێنێ، دەچێتە دەنگدان، تەنسیقی نەکردووە، نایباتەوە، مانای ئەوەیە کە پەرلەمان شەرعیەت دەدا بە لێبڕینی (٢١%)، ئەوە با بڕۆین لە قانونییەکان بپرسین ئەو دەلالاتەی هەیە، بەڕێزان عیلاقەی بە لەسەر دەست و بە لەسەر دەست نییە، ئەوەی گرنگە میللەتی ئێمەیە، بەڕێزان خەڵکی ئێمە، میللەتی ئێمە بەرژەوەندی باڵا یەعنی بەرژەوەندی گەلی کوردستان، سەرۆکایەتی دەبێ بە بەرپرسیارێتییەوە بابەتەکان بخاتە دەنگدان، سەرۆکی پەرلەمان دەبێ تەحەمولی بەرپرسیارێتییەکەی بکات، بەرپرسیارێتییەکەش ئەوەیە نابێ لە پێناوی خۆم یان لە پێناوی ڕەفیقەکەم یان لە پێناوی فراکسیۆنەکەم گەلی ئێمە و میللەتی ئێمە زەرەر بکات، دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەکەی تری بەرنامەی کار دەکەین کە بریتی یە لە خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی دیاردەی تاوانەکانی کوشتن بە گشتی و کوشتنی ئافرەت وخۆکوشتن بە ئامادەبوونی وەزیرە بەڕێزەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا بە ناوی خۆمان بە ناوی پەرلەمان کوردستان بە گەرمی بەخێرهاتنی تەواوی وەزیرە بەڕێزەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان و بەڕێزان لە ئەنجومەنی باڵای خانمان کە وەکو میوان لە سەرەوە دانیشتوون، بە گەرمی بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەین، دەرفەت دەدەینە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت بفەرموێ بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەکانی پەرلەمانی کوردستان، فەرموون.

**بەڕێز لەنجە إبراهيم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئێستاش ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی هەڵکشانی دیاردەی توند و تیژی و کوشتن و بەتایبەتی کوشتنی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێوەی بەڕێز دەخەینەڕوو.

هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە کاری کردووە بۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان بە گشتی و مافەکانی ئافرەت بەتایبەتی نەهێشتنی دیاردەی کوشتن و خۆکوشتن، لەو سۆنگەیەوە هەمیشە پەرلەمانی کوردستان وەك

نوێنەری گەلی کوردستان بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە کە بەڕێگەی داڕشتنی یاساکان و بەدواداچوون بۆ دیاردەکان چاودێری حکومەت بکات و دۆخێك لە هەرێمەکەمان بێنێتە دی کە تاکەکان لە ژیانی خۆیان دڵنیابن و خێزانەکان لەوپەڕی ئاشتەوایی و تەبایی دا بژین، بۆ ئەوەی نەوە دوای نەوە ژیان بە شکۆ پارێزراوییەوە لەم هەرێمە بەردەوام بێ و ببێتە نمونەی کۆمەڵگایەکی شارستای و میهرەبان، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی لەڕووی ژێرخانی یاساییەوە هەوڵی باش دراوە بۆ دەستەبەر کردن و پارێزگاری کردن لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی ئافرەت بەتایبەتی، کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە تاکەکان و ئافرەت لە ڕووی ژمارە و چۆنیەتی و مەترسیدارییەوە لە کۆمەڵگاکەمان ڕوو لە هەڵکشانە، وای لێهاتووە هەفتانە، بگرە هەندێ جار ڕۆژانە گوێبیستی هەواڵی دڵتەزێن و ناخۆش دەبین، سەبارەت بە پێشێلکارییەکان دژ بە ژیانی تاکەکان و بەتایبەتی کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی جیا جیا لەوانەش بە پاساوی پاککردنەوەی شەرەف، یان خۆناچار کردنیان بە خۆکوشتن لە ئەنجامی هەموو ئەو فشار و پێشێلکاریانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتیش لیژنە پەیوەندارەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن کە بەدواداچوون بۆ ئەو تاوان و پێشێلکارییانە بکەن کە لە هەرێمی کوردستان لەم چوارچێوەیەدا ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەم مەبەستەش لەبەر پێویستی بابەتەکە لەڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە داوامان کرد وەزیرە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەم پرسە بانگهێشت بکەین تاوەکو بەیەکەوە گفتوگۆ بکەین دەربارەی هەڵکشانی ڕوودانی ئەم تاوان و پێشێلکارییانە و بڕیار لە چارەسەرکردنیان بدەین، چونکە ئەو ئاستەی ئەو تاوان و ئەو پێشێلکارییانە بەرامبەر تاکەکان و بەتایبەتی ئافرەت ئەنجام دەدرێن لەگەڵ بڕوای پتەوی دامەزراوەکان و دەسەڵات لە هەرێم یەك ناگرێتەوە، بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی مافەکانی مرۆڤن بۆیە وەك لیژنە پەیوەندارەکان ڕووی گفتوگۆ بۆ ڕوونکردنەوە دەکەینە وەزیرە بەڕێزەکان لەسەر ئەم بابەتانەوە:

١-بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەسەر تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن هەن و، ئاماژە بۆ هەڵکشانیان هەیە ئایا بەراوردێك کراوە لە نێوانیان دا و دیراسە و توێژینەوەی ئەوە کراوە بۆ دیاری کردنی هۆکارەکانی ئەم تاوانانە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە؟

٢- لەڕووی یاساییەوە بۆشایی و کەلێنی یاسایی هەیە وای کردبێت کە نەتوانن وەکو پێویست ڕۆڵی خۆیان بگێرن لەبنبڕکردنی ئەم دیاردەیە؟ گرفت هەیە لە جێبەجێ کردنی یاساکان لەلایەن دادگاکانەوە؟ چۆن؟

٣- وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی چ هەنگاوێکیان ناوە بۆ ئەو پابەندییە یاساییانەی لە پاراستنی تاکەکان و ئافرەتان بەتایبەتی کە کەوتۆتە سەرشانیان لە دیاردەی کوشتن و خۆکوشتن؟

٤- ئایا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی چ هەنگاوێکیان بە ئاراستەی بەدیهێنانی سەربەخۆی ئافرەتان لەڕووی ئابوورییەوە ناوە؟

٥- وەزارەتی ڕۆشنبیری چیان کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ڕێگری کردن لە هەڵکشانی دیاردەی توند و تیژی خێزانی؟ بە مەبەستی بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا لە هەرێمی کوردستان.

٦-وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئـاینی چیـان کـردووە بـۆ بەرزکـردنەوەی ئاسـتی هۆشـیاری کۆمەڵگە لە ڕێگای مینبەری مزگەوتەکان و کلێسا و پەرستگا ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان بـۆ ڕێگری کردن لە هەڵکشانی دیاردەی توندوتیژی خێزانی وەکو کوشتنی ئافرەت.
٧-ئایا تا چەند ئەنجومەنی باڵای خانمان بەپێی ئەو پەیڕەوەی هەیانە توانیویانە ڕۆڵـی خۆیـان لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری تایبەت بە ستەمکاری و توندوتیژی و کوشتنی ژنان ببینن و ئایا ئەو ستراتیجییە نیشـتیمانییەی کە لە ساڵی (٢٠١٧) بـۆ (٢٠٢٧) لە کـاتی خۆی لە حکومەتی هەرێمی داڕێژراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنـان لە کوردسـتان تا چەند جێبەجێ کراوە؟
لە کۆتـایی سوپاسـی هەمـوو لیـژنە پەیوەندیـدارەکان دەکەیـن بـۆ ئەم کـارە دەسـتەجەمعییە و هەمـاهەنگییە کە بێگومـان هەمووهـان هیـواداریـن بەرهەمـداربێت و زۆر بـاش بـێ، هەروەهـا سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە هەمیشە پاڵپشت بووە و هەماهەنـگ بـووە لە پرسـەکانی مـافی ئـافرەت و مـافی مـرۆڤ و سوپاسـی ئامـادەبوونی تیمـی حکـومەتی بەڕێـز، وەزیرە بەڕێزەکان و ئەنجـومەنی بـاڵای خانمـان دەکەیـن، هیـوادارین بەیەکەوە بتـوانین نەخشـە ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە.
بەڕێــزان ئەو کــارە هەر بە نــاوی لیــژنە هاوبەشــەکان بەردەوام دەبــێ، ڕەنــگە لەگەڵ لایەنــی پەیوەندیــداری تــر لە حکــومەت و ئەنجــومەنی دادوەری، بــۆ ئەوەی ڕێگــا لەم هەڵکشــانەی ئەو توندوتیژی و تاوانانەی کە ڕوودەدا لەم ناوە بگرین، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس لەنـجە خـان، بەڕێـزان، وەزیـرە بەڕێزەکـان، پێتـان باشـە وەڵام بـدەنەوە ئەو ڕاپـۆرتەی لەنـجە خـان؟ یـان ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان قسـە بـکەن دواتـر یەکجـار وەڵامـی هەمــووی بــدەنەوە؟ لە نــاو خۆتــان ئەگەر مشــاوەرەیەك بــکەن و جوابمــان بــدەنەوە، ئەوەی ئەندامانی بەڕێز دەیڵێن دەینووسنەوە، چونکە دوایـی ئەبـێ ڕاپۆرتێکمـان هەبـێ و ڕاسپاردەکان هەبـێ بـۆ لایەنە پەیوەندیـدارەکان، بەڕێــزان ئــێمە دەســت بە وەرگرتنــی بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمان بکەین؟ یان بەڕێزتان؟

**بەڕێز ڕێبەر أحمد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان.**

سوپاستان دەکەین کە بانگهێشتتان کردووین بۆ ئەو کۆبوونەوە گرنگە، ئێمە پێمـانوایە کە لەگەڵ ڕاپۆرتەکە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕەنگە پرسیاریان هەبێت، پێمانوایە باشـتر دەبێـت ئەگەر پەرلەمانتارەکان پرسیارەکانی خۆیان ئاراستە بکەن، بۆ ئەوەی دواتر ئێمە هەم لەگەڵ ڕاپـۆرتەکە، هەمیش پرسیارەکان بەیەکجار وەڵام بدەینەوە بۆ ئەوەی هەم کاتەکەش بە فیـڕۆ نەچێـت زیـاتر، هەمیش وەڵامەکان دووبـارە نەبـنەوە، ڕەنـگە ئـێمە شـتێك بڵێـین دواتـر پرسـیارەکان هەمـان ئەو پرسیارانە بێت و وەڵامیش هەمان وەڵام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە دیاردەی کوشتن، خۆکوشتن، کوشتنی ژنان و ئافرەتان، هەر بەڕێزێك دەیەوێ قسە بکات، بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە هەر کەسێکمان نەنوسیبوو پێمان بڵێ کە ناوی نەنووسراوە، (کاك رزگار عیسی سوار. کاك ملا إحسان، کاك چیا، د.گەلاوێژ، د.صباح، سوسن خان، خدیجە خان، گولیزار خان، کاك هێڤیدار، کاك هیمداد، کاك محسن، لیزا خان، سارا خان، کاك مەم ئەسکەندەر، هەدیە خان، کاك سروان)، لێرە کێمان نەنوسیوە؟ بەڵێ بەسەرچاو، کێی تر هەیە لێرە نەمانووسیبێ؟ (گوڵستان خان، کاك باڵانبۆ، ئاشنا خان، شادی خان، شادی خان، کاك بەڵێن، کاك عثمان سێدەری، کاك جلال، شیرین خان، کاك گۆران، کاك جلال پەرێشان، کاك مەلا وەیسی، کاك شاخەوان، کاك حکمت)، کێ هەیە لێرە نەمانوسیبێ بەڕێزان؟ باشە، (د.محی الدین، کاك کاوە، د.إسماعیل، مامۆستا أبوبکر، مامۆستا عمر، هلز خان، سەرچنار خان، کاك مەم، کاك سیروان، مژدە خان، بدریە خان)، کەس هەیە ناومان نەنوسیبێ بیرمان چووبێ؟ (مامۆستا عثمان، کاك شێخ ظاهر)، کەس هەیە ناومان نەخوێندبێتەوە دەیەوێ قسە بکات؟ بەڵێ د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەڕاستی مەسەلەی کوشتن و خۆکوشتن و سوتاندنی ئافرەتان لە کوردستان بۆتە پرسێکی کۆمەڵگەیی، هەر بە گوێرەی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی راگەیاندنی پۆلیسی گشتی هەرێم لە ساڵی رابردوودا (٢٥٩) تاوانی کوشتن و خۆکوشتن ئەنجام دراون، تەنها لە پارێزگای هەولێر (٦٥)، سلێمانی (٥٠)، دهۆك (٦١)، هەڵەبجە (٤)، سۆران (٢٢)، گەرمیان (١٩)، راپەڕین (٢٦)، جگە لەو ئامارانەی کە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە بڵاوی دەکاتەوە لە ساڵی (٢٠١٩) و سەرەتای ساڵی (٢٠٢١)، ئەم پرسە پێویستی بە هەڵوەستەیەکی جیددی هەیە و هەرەشەیەکی جدییە لەسەر مەسەلەی ئافرەتان، دیاردەی بەربڵاوی چەك، سەروەر نەبوونی یاسا، نەبوونی ترس لە سزادان، ئازادکردنی تاوانباران بە کەفالەتی ماددی و شەخصی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە صولحی عەشایری و رووبەڕوو نەکردنەوەی تاوانباران بە پاڵپشتی هێز و کەسی حزب و دەزگا و عەشیرەت، بێ کاری، خراپی باری ئابووری، دابوونەریتی کۆمەڵایەتی و هزری دواکەتوویی، هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی تاوانی کوشتن بە گشتی و رەشەکوژی ئافرەتان بە تایبەتی، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە دیاردەی بەربڵاوی چەك کۆنترۆڵ بکرێ و یاساکان زیاتر سەروەر بکرێن و رێگری لە دەربازبوونی تاوانباران بکرێت، هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان کە تێیدا رێکارەکانی سزادانی تاوانبارانی کەیسی کوشتنی ئافرەتان توندتر بکرێ، رێگری کردن لە چارەسەر کردنی تاوانی کوشتنی ئافرەتان بە صولحی عەشایری، هەموارکردنی ئەو دەقانەی کە رێگا دەدەن یان هان دەدات بۆ جیاکاری دژی ئافرەتان بەتایبەتی لە یاسای سزادانی عیراقی و یاساکانی تر، بەتایبەتی یاسای باجی شارستانی و گرنگیدان بەلایەنی پەروەردە و فێرکردن و بواری خێزانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك كاوە، فەرمووو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هۆكار زۆرە بۆ ئەو ڕووداوە كۆمەڵایەتییانەی كەوا لە هەرێمی كوردستان بەردەوامن، بە بڕوای من یەك لەو هۆكارانە بەڕاستی كە پێویستە چارەسەر بكرێ مەسەلەی تەعدیل كردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (١٩٩٣)یە كە یاسای چەك و یاسای قەدەغەكردنی چەكە، هەرچەندە ئێمە لە لیژنەی ناوخۆش باسمان كردووە، پێویستە بە زووترین كات ئەم یاسایە گۆڕانكاری تێدا بكرێ و تەعدیل بكرێ و هەموار بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی یاسایەكە كۆنە و ڕەنگە كۆمەڵێك بڕگە و ماددە هەیە كە بۆ ئێستا ناگونجێ، خاڵێكی تر بەڕاستی بەداخەوە تا ئێستا لە هەرێمی كوردستان دەبینین لە بواری عەمەلی دوو زۆن هەیە، یاخود دوو ناوچە هەیە، یاخود دوو دەسەڵاتی جیاواز هەیە، كەسێك كە تاوانێك دەكات، ڕووداوێكی كۆمەڵایەتی دەكات لە ناوچەیەك دەڕواتە ناوچەیەكی تر و دەستگیر ناكرێ و بە پێچەوانەكەشییەوە هەر ڕاستە، پێویستە بەڕاستی حكومەت ڕۆڵی خۆی ببینێ و حكومەت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەكان وەكو یەك بێ، لە هەموو ناوچەكان یاسا وەكو خۆی جێبەجێ بكرێ، خاڵێكی تر بەڕاستی بەداخەوە تا ئێستا دەسەڵاتی حزب زاڵە لە هەرێمی كوردستان، تا ئێستا حزبە دەسەڵاتدارەكان مەكتەبی كۆمەڵایەتیان هەیە، بەشێك لەو كێشە كۆمەڵایەتییانەی كەوا دروست دەبن هەتا تاوانی كوشتنیشی لێ دەكەوێتەوە لە ڕێگای صوڵحی عەشایری و لە ڕێگای مەكتەبی كۆمەڵایەتی چارەسەر دەكرێن و دادگا ڕۆڵی خۆی نابینێ، گرنگترین شت بەڕاستی لە هەرێمی كوردستان ئەوەیە كە یاسا سەروەر بكرێ و دادگا ڕۆڵی خۆی ببینێ، ئەگەر دادگا ڕۆڵی خۆی ببینێ و یاسا سەروەر كرا و لە هەموو ناوچەكان وەكو یەك یاسا جێبەجێ كرا، پێموایە كاریگەری زۆری دەبێت لەسەر كەمكردنەوەی دیاردەی كوشتن و ئەو دیاردانەی هەنە، ئینجا لە بیریشمان نەچی بەشێك لە ڕاگەیاندنەكان، بەتایبەت ئەو ڕاگەیاندنانەی كەوا تەرفیهین، دیارە ڕاگەیاندنەكانیش بەشێكیان دیارن زۆربەی دراما و تەمسیلەكانیان كوشتن و دیاردەی كۆمەڵایەتی تێدایە كە ئەمەش كاریگەری دەبێ لەسەر سایكۆلۆژییەی هاووڵاتییان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێ كاك كاوە، فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهێنانی شاندی بەڕێزی حكومەتی هەرێمی كوردستان، من جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە بەڕاستی لەم وڵاتەی ئێمەدا و بەتایبەت لە ئێستادا سەروەری یاساكان كەوتۆتە ژێر پرسیارێكی زۆرەوە، وێڕای ڕۆتینی ناو دادگاكان كە ناتوانێ لە كات و ساتی خۆی دا دۆسیە دادگاییەكان بە تەواوی كۆتایی پێ بێنێ، بتوانێ ماف بۆ مافخوراو بگێڕێتەوە، كە ئەمە ڕۆڵێكی گەورەی گێڕاوە لەوەی كە توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی كوشتن زۆر بووە لە هەرێمی كوردستان، لە پاڵ ئەمەدا ئەم صولحە عەشایرییانەی كە دەكرێ لە ناو مەكتەبە كۆمەڵایەتییەكان و لە ناو

خەڵکانی خاوەن نفوز و دەست ڕۆیشتوودا، هەم بە داڵدەدانی بکوژان، هەم بە ئەنجامدانی صولحی عەشایری، کە ئەمە کاریگەرییەکی خراپ و نەرێنی جێهێشتووە لەسەر بەردەوامیدان، لەسەر زیادبوونی ڕێژەی کوشتنی ژنان، لەپاڵ هەموو ئەمانەدا بەداخەوە کە دەیڵێین ئێمە کۆمەڵێك کەناڵی ڕاگەیاندنی زۆر بەرفراوانمان هەیە، هەر حزبێك چەندەها کەناڵی جیاوازی هەیە، ئەم کەناڵانە بەبێ سانسۆر بەناوی بەرنامەی تەرفیهی سووکایەتی بە شکۆی ژن، سووکایەتی بە شکۆی مرۆڤ بەتایبەتی دەکرێت، بە بێ ئەوەی هیچ کەسێك ڕێگر و بەربەست بێ لەبەردەم ئەوەی کە ئەم بەرنامانە بوەستێنێ، وێڕای ئەوەی بەڕاستی ئێمە لە هەندێ کەناڵەوە دەیبینین کە ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی بەکار ناهێنرێ، پابەند نابن پێوەی، لە کاتێك دا دەبینین بەرێگەی مۆبایل موقابەلەی بکوژ دەکرێ و لەڕێی کەناڵی تەلەفزیۆنییەوە موقابەلەکە پەخش دەکرێت، کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بکوژان هیچ موهتەم نین بە دادگاکان و موهتەم نین بە پرسینەوە، وێڕای ئەوەی کە بەرپرسیارێتی دەخەینە سەر بەڕێز وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە ئازادکردنی بازاڕی چەك فرۆشان، سەبارەت بە بردنەوەی چەکی ئەوانەی هێزەکانی چەکداری کە لە کاتی واجب دا تەواو دەبن و تەسلیم بە مەش و بە گەنجینەکانی ئەو دەزگا پەیوەندیدارانە ناکەن، کە چەك لە ماڵەکان دا هەبێ زۆر کارئاسانە، وێڕای ئەو ئازادییەی بازاڕی چەك فرۆشان کە هەر کەسێك بیەوێ ئەم کارە ئەنجام بدات دەتوانێ چەکی دەست بکەوێ و، ڕادەست کردنی بکوژان و گەڕان بەدوایان دا بۆ بەردەم داگاکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش گوڵستان خان، کاك باڵانبو، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاردەی خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان یان دەتوانین بڵێین حاڵەت، حاڵەتێکی بەو شێوەش زیاد نییە کە ئێمە یەعنی ترسێکی ئەوەمان لەسەری هەبێ، بەس باشترە کار لەسەر ئەوە بکرێ ئەم حاڵەتە کەم بکرێتەوە، من دەمەوێ ئاماژە بە هۆکارەکانی زیادبوونی تاوان بدەم، ئەوانەی کە دەبنە هۆی زیادبوونی تاوان هۆکاری کۆمەڵایەتییە، هۆکاری سیاسییە، هۆکاری ئابوورییە، هۆکاری ڕاگەیاندنە، هۆکاری سەروەر نەبوونی یاسایە، وەزیرانی پەیوەندیدار هەموویان لێرەن، ئێمە لە جێی ئەوەی تەشخیصی هۆکارەکان بکەین هاتووین تەشخیصی ئالیاتەکانی ئەنجامی تاوان دەکەین، کاتێك باسی هەموار کردنی یاسای ژمارە (١٦) دەکرێت، یاسای ژمارە (١٦) یاسایەکی زۆر زۆر باشە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە کە یاساکە جێبەجێ ناکات، بەداخەوە ئێمە ئەگەر بەو شێوەیە حکومەت کار بکات، دەبێ لە جێی ئەوەی بیر لە هەموار کردنی یاسا بکەینەوە، بیر لە هەموارکردنی حکومەت بکەینەوە، حکومەت ناکرێ داوا بکات ئەو یاسایەی کە پێی جێبەجێ دەکرێ پەرلەمان ئەوەی بۆ دەربکات، نەخێر پەرلەمان دەبێ یاسا لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی خەڵك دەربکات، با بزانین ڕاگەیاندنەکان تا ئێستا چ سانسۆرێکیان لەسەرە؟ با بزانین کێشە کۆمەڵایەتییەکان چییان بۆ کراوە؟ تا ئێستاش کار لەسەر ئەوە دەکرێ کێشەکان نەچێتە دادگاوە، بە کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێ، ژینگەیەکی سیاسی نالەبارمان هەیە لە هەرێمی کوردستان دا، ئەوەش بووە بەوەی بەداخەوە تا ئێستاش دوو

ئیدارەیی یە، نە لەولا خەڵك سزا دەدرێ، نە لەملا خەڵـك سـزا دەدرێ، ئەمە هۆكارەكـانە، سـەروەر نەبوونی یاسا وەك ئاماژەم پێدا، ئەم هەمـوو یاسـا باشـە هەیە لە حكـومەت دا حكـومەت بـۆچی جێبەجێـی ناكـات؟ چـێ دەسـتی گرتـوون؟ كـێ رێگـرە لێـی؟ لە كاتێـك دا هەموومـان دەزانـین سەرجەم لایەنەكان داوای......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی مێـوانە بەڕێزەكـان دەكەم، ئەم بـابەتە بـابەتێكی زۆر گـرنگە، پێویسـتە هەڵوەسـتەی لەسـەر بكـرێ، بە تەئكیـد هەروەكـو ئامـاژە پێـدراوە تونـدوتیژی لە هەرێمـی كوردسـتان رەنـگە لە هەڵكشاندابیت، رەنـگە بە پێـی پارێزگاكـان جیـاواز بێـت، بە پێـی ئاینەكـان جیـاواز بێـت، بەپێـی نەتەوەكانی ناو هەرێمی كوردسـتانیش جیـاواز بێـت، ئەو تونـدوتیژییەش رەنـگە ئەگەری ئاسـتی رۆشنبیری تەئسیری لەسەر هەبێت یان باری ئابووری، یان كۆمەڵایەتی، یـان دەروونـی، ئەوەی كە من حەز دەكەم زیاتر تیشكی بخەمە سەر، زیاتر بـابەتی یاسـاییە و رێكارەكـانی یاسـاییینە بـۆ كەم كردنـی تونـدوتیژی، پرسـیارەكەی مـن زیـاتر ئەوەیە لە بەڕێـزان و مێـوانە بەڕێزەكـان كە تـا چ رادەیەك سـوود لە پسـپۆرەكانی زانكـۆ لە بەشـی كۆمەڵناسـی، دوروونناسـی وەرگیـراوە؟ تـا چ راددەیەك لەسەر توندوتیژییەكان بە شێوەیەكی گشتی نەك تەنیا لەسەر بابەتی ئافرەتان، گەنـجە، پیرە، كالە، سوودیان لـێ وەرگرتـووە؟ یـان بەرنامەیـان هەیە بـۆ سـوود وەرگـرتن لە تـوێژینەوەی زانستی لەبارەی دەروونناسی و كۆمەڵناسی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك مەلا إحسان، فەرموو.

**بەڕێز إحسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

بسم الله الرحمن الرحیم. دەسپێكێ بخێر هاتنا وەفدێ شاندێ حكـومەتێ دكەیـن، سـەبارەتی ڤـی بابەتەی ئەڤ بابەتێ كوشـتن، جـا چ ئـافرەت بـی، چ غەیـری ئـافرەت بیـتن، هەكەر ئەم بەرێ خـۆ بـدەینە ئامـارا كـو گەیشـتیا مە كـو ئەم بینـین كوشـتن گەلەك كێمتـرە لە خۆكوشـتن و سـووتنێ، سـوتن، چـونكی لڤیـرێ گەلەك بـرادەرا بەحسـی چەكـی دكەن، چەك تنـێ و راگرتنـا چەكـی یـان نە مۆڵەتدانا چەكی ب تەنێ نابیتە هۆكارەك و ئەو بشین ڤێ دیـاردە هەنـێ بنبـڕ بكەیـنەڤە، چـونكی ئەڤرۆكە خۆسووتنا هەی، ئەڤرۆكە خۆكوشتنا یان خـۆ ئینتیحـار كرنـا گەلەك شـكلێكی تـری هەی، لەوما پێشنیار دكەین ڤێتن وەزارەتا رۆشـنبیری هەوڵەكـا ئێجگـار مەزن بـداتن، دەزگـای ئیعلامـی راگەهاندنێ و سۆشیالێ سەیتەرەی سەر بكاتن، یەكەم ئەو دراما و ئەو تشـتێت دەبـنە سـەبەب و ئەگەرێن هەندێ كو خەلكێ مە فێری خۆسووتن و خۆ كوشتنێ ببیتەوەو بێـنە مەنـع كـرن و بێـنە سزادان ئەڤ كەنالێت هەنێ، دووەم/ بچیتن وەزارەتا رۆشـنبیری ئیجبـار كـاتن سـەر راگەهانـدنێ دەورێ خـۆ ببینـێ ناڤـا مزگەفتـادا، ناڤـا كەنیسـادا، ناڤـا جهێـت عیبـادەتی دا چـونكی وەزارەتـا

ئەوقافی مە گویْ لێیە بەردەوامی ڕێنمایی دداتە مامۆستاییت ئاینی لە هەمی دیانەتا کو بێن خزمەتا ب چەندیْ بکەن تەعیا خەڵکی بکەن و بەلیْ ئیعلام نینە لە ناڤ چار دیوارێت مزگەفتی یان کەنیسەیێدا ناگەهیتن، دڤیتن ئیعلام دەوری خۆ ببینیتەڤە، یادی تر بەراستی هەر دیسا داخازێت کەین یەعنی باش بزانین هەمی ئاینێن سەماوی، یان هەر دیانەتەکا هەبیتن دنیاییێدا بینین، هاتی بۆ خزمەتا مرۆڤایەتییْ، نەهاتیە عالەمیْ بنبڕ بکاتن، بە لەومانێدا باشترین شێوەشی ئەوەیە (و لکم فی القصاص حیاە یا أولی الألباب) دەمیْ کەسەکیْ کوشتنیْ دەکاتن، یەکیْ دکوژی بیْ غەل غەرەز نابی بیتە ناڤ سجنەکا رەحەتی بی بباتەڤە.

**بەڕێز د. ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا، سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، ئەو بابەتە گرنگە، سوپاسی هاتنی حکومەت دەکەین، وەزیرە بەڕێزەکان کە بەڕاستی مەعنین بەو بابەتە، من سێ خاڵم هەیە باس دەکەم، پەیوەندی بە چوار وەزیرەوە هەیە، زیادی حاڵەتی کوشتن لێرەوە ئێمە لەگەڵ عیراق زۆر فەرق نین، دوێنێ زۆر چێکم کردووە، لە عیراق زۆر زۆر زیاترە لە ئێمە، یەکێك کە هۆکاری خۆکوشتن زیاد بووە، یان کوشتن، کە خەڵك یەکێك دەکوژێت، دیارە مەسەلەی عیقابە، هەست کردن بە عیقاب نییە، وەکو پێویست خەڵك عقوبە نادرێت، من سێرچەکم کردووە دوێنێ شەو بۆ ئەو بابەتە لە ئەمریکا کابرایەك سجن کراوە حەفتا و پێنج ساڵ، دوای (١٠) ساڵ لە سجن مردووە، بۆ ئەوەی ئیحتیرامی عیقابەکە بگرن (٦٥) ساڵ لە ناو بەفر، لە ناو سەهۆڵیان هەڵگرتووە دوای ئەوەی کە تەواو بووە موددەکەی ئینجا بە خاکیان سپاردووە لێرە، واتا کە عیقاب هەبێ، خەڵك بترسێت، کوشتن کەم دەبێتەوە، قسەیەك هەیە دەڵێت (من أمن من العقاب أساء الأدب)، بابەتی هۆکاری ئابووری کە دیارە، بابەتی سێیەم کە زۆر لە ناو کۆمەڵگای ئێمە تەئسیرێکی ئەوتۆی ماوە مەسەلەی دینە، بەڕێز وەزیری ئەوقاف لێرەیە، پێشتر یەکێك موشکیلەیەکی بۆ دروست با دەبا بڵێی سەبر بگرە خوا دەرگات بۆ دەکاتەوە، ئێستا بچیە مزگەوتەکان نوێژی هەینی ئەم مزگەوتە و ئەم مزگەوتە بکەی تەئسیرێکی ئەوتۆ لەسەر ئێمە لە ڕووی دینییەوە لە موجتەمەعی ئێمە نەماوە، ئەم بابەتانە بابەتی خێزان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا زۆر مەترسیدارە، هەمووومان تەقریبەن واین، منداڵەکانی خۆمان راسپاردووە، تەسلیمی تەلەفزیۆنمان کردووە، تەسلیمی پۆبجیمان کردووە، منداڵەکانی خۆمان تەسلیمی ئایپاد و تەلەفۆنمان کراوە، چۆن بتوانین خێزانی خۆمان ڕێك بخەینەوە، هەموومان تەماشای فیلمەکان دەکەین، ئەم فیلمانە ئەتوو بە جەستە، بە دەنگ، بە رەنگ، جاری وا لە خۆتەوە قسە دەکەی لەگەڵیان، ئەم حاڵەتەی کوشتنە زۆر زۆر زیاد بووە، وەزیری رۆشنبیری لێرە زۆر داوای لێ دەکەین بەم بابەتانە بچێتەوە، ئێمە کۆمەڵگای خۆمان، خێزانی خۆمان ڕێك بخەین، خێزان تێکچوو کۆمەڵگا تێك دەچێت، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهێنانی ستافی حکومەت دەکەم، من پێموایە یەکێك لە هۆکارەکان بریتـی یە لە جێبەجـێ نەکردنی هەردوو یاسای ژمـارە (١٦)ی سـاڵی (١٩٩٣) و یاسـای ژمـارە (١٧)ی سـاڵی (١٩٩٣) یاسـای حیزبەکان و یاسای چەك، چونکە بە پێی یاسای ژمارە (١٧) لە ماددەی چواردەهەمدا دەڵێ (نابێت حـزب دام و دەزگـای سـەربازی و شـێوە سـەربازی هەبـێ و پـێچەوانەی یاسـا چەکـی لابـێ)، ئەم حزبانە نەك هەر چەکیان لایە، لە (١٩٩٣/١٠/١٣) ئەم یاسـایە دەرچـووە، دوای (٢٨) سـاڵ بـڕۆ سـەیر کە لە کـاتی هەڵبژاردنەکـان دا چ چەك و دەمـانچەیەك، تفەنـگ و دەمـانچەیەك دابەش دەکـرێ بەسەر خەڵك دا، ئەم حیزبانە بـڕۆ مەلەفـی دادگاکـان چـوار سـەد و شەسـت و سـێ داواکـراو ئەم داڵدەی دەدات، ئەو داڵدەی دەدات، تەنانەت کوشتن بۆتە وەسیلەیەکی سـەنگەر گواسـتنەوە، لەم حیـزب بـۆ ئەم حیـزبیش، خەڵات و پاداشـت دەکـرێن ئەوانە، هەردوو یاسـاکە جێبەجـێ نـاکرێ، ئامارەکـان دەڵـێن ئەوانەی پرۆسـەی کوشـتن ئەنجـام دەدەن بەشـێکی بەرچاویـان لە ئەنـدامانی هێزە چەکدارەکانن کە دەبێ ئەو چەکـانە لە کۆگاکـان دا دابنـێن، تەنهـا لە کـاتی دەوام دا چەکیـان پێ بـێ، نەك ئەوەی لە مـاڵەوە نەك هەر بـۆ کوشـتن، تەهدیـدی پـێ دەکـات، سـەرانە دەسـەنرێ لە خەڵـك، بە زەبـری کوشـتن پـارە لە خەڵـك وەردەگیـرێ، بە زەبـری کوشـتن تـاجیر و بازرگانەکـان شەراکەتیان لەگەڵ دا دەکرێ، یەعنی ئەو چەکە هەر لە کوشـتن دا ڕەنگـی نەداوەتەوە، لە هەمـوو ئەو غەدرەی ئەوڕۆ لە هاووڵاتییانی کوردستان دەکرێ، بە ئاسانی چەك دەگاتە دەسـتی خەڵـك، بە پێی یاسای چەك، بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ، مـاددەی (سـێیەم) لەسـەر چ ئەساسـێك چەك ئیسـتیراد دەکـرێ، ئەوە بەرپرسـیارێتی جەنابتـانە کە دەبـێ کـۆنترۆڵی ئیسـتیراد کردنـی هێنـان و دابەش کردنی چەك بکەن، ماددەی (١٢) بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەوانەی کە چەکیان لایە ڕێکیـان خسـتووە، کـۆمەڵێ کەسـن کە لە سـەرۆکی حکـومەت و پەرلەمـانی کوردسـتان و بریکـاری وەزارەتەکـان و ئەنـدامانی زەبتـی قەزائـی و داواکـاران و حاکمەکـان و هەتـا موحەقیـق عەدلییەکـان، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوە نییە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەنجـومەنی بـاڵای خانمـانەوە هەیە، بەداخەوە ڕێکخراوەکانی ژنان و یەکێتی پیاوانیش، ئەم ڕێکخراوانە، ئەم دوو ڕەگەزە، پیاو و ژن لێـك دوور دەخەنەوە، لە جیاتی ببن بە ئامێزی پێکەوە گونجاندن، پـێکەوە ژیـان، سـازش کـردن بـۆ یەکتـر و لێبـووردەیی، بەڵام ئەم دژی ئەو هـانی دەدا، ئەم دژی ئەو هـانی دەدا، کە ئـێمە بەڕاسـتی ئەك ڕێکخراوانە لە نـاو مـوجتەمەع و کۆمەڵگـادا لەگەڵ ڕێـزم بۆیـان، زۆربەی زۆریـان ڕۆڵـی سـلبییان بینیوە، برۆ بزانە ئامارەکـانی هەڵوەشـانەوەی خێـزان و جیـابوونەوە لە دادگاکـان چەنـدە؟ بەڕێـز وەزیری ڕۆشنبیری هەموو ئەو دراما و فیلمـانەی کە تونـد و تیـژی بـڵاو دەکەنەوە، هەمـوو ئەوانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە چاو لێکەری دروست ببێـت، بەتـایبەتی لەسـەر ئاسـتی مێـرد منداڵان، کە من بۆ خـۆم خوشـکەزایەکم قوربـانی ئەوە بـوو، لەسـەر مۆبایلێـك کوشـتیان، تەقلیـدی پرۆسـەی کوشـــتنەکەیان کردبـــۆوە لە هەنـــدێ فلـــیم دا، بەپێـــی ئەو بەڵگـــانەی کە دۆکیومێنـــت و دان پیانانەکانیان دا لە دادگـادا هەبـووە، لەبەر ئەوە ئەرکـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری یە هەمـوو ئەوانەی کە نامۆن بە کلتووری کوردەواری ئێمە، هەروەها هانی تونـد و تیـژی دەدەن، بەڕاسـتی بە هەمـوو شێوەیەك ئەوانە ڕابگیرێن، بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، هەر بە پێی یاسای تونـد و تیـژی

خێزانی، ئەوانەی بکوژی ژنن نابێ بەر لێبووردنی گشتی بکەون، من ئامارێکم لایە دەیان لەوانە بە لێبووردنی تایبەت بەر دەبن، وەعد و بەڵێنییان پێ دەدرێ لە کاتی ئینتیخابات و هەڵبژاردن دا لەسەر ئەو ئەساسە وەلائو دەنگ دەکڕدرێ، زۆرێك لەو تاوانبارانە بە لێبووردنی گشتی بەرنەبوون، تەنانەت بە لێبووردنی تایبەت ئازاد کراون، کە بکوژی ژن نابێ بەڕاستی بە هیچ شێوەیەك لێبووردنی گشتی و تایبەتیش بیگرێتەوە، ئەوە بێجگە لە هۆکارە ئابوورییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا بۆ قسەکانت، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەڵێم چۆن تاوانی کوشتن زۆر نابێ و ڕێژەی کوشتن بەرزنابێتەوە؟ لە کاتێك دا لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دا حیزبی دەسەڵات چەك دەبەخشێتەوە، بڕوا بکەن لە وڵاتان مافیاش ناتوانێ ئەوها بە هەرەمەکی چەك ببەخشێتەوە بۆ لایەنگرانیان و یان بۆ هەندێك کەس، من خۆم بینیومە لە رانیا کە چەك تەوزیع کراوە لە بانگەشەی هەڵبژاردن دا، کە ئەوە کارەساتە، وەڵلاهی لە وڵاتان مافیاش ئەو جورئەتەی نییە، لە کاتێك دا بیست ساڵ زیاترە نزیکی بیست و هەشت ساڵێکە یاسایەك دەرچووە کە نابێت چەك لەلای بەرپرسە حیزبییەکانیش بمێنێتەوە، ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کە یاسا تەتبیق ناکرێ، یاسا بەس بۆ کوڕە فەقیرە، بەڵام کەسێك کە هیچ پشتێکی نەبێ بە زوویی یاساکەی بەسەر تەتبیق دەکرێ، هەر لە ماوەی رابردوودا بینیمان کە ژنێك زۆر بە دڕندەیی کوژرا، بەڵام لە کاتێك دا کەناڵێکی ئاسمانی ئەوەندە بە ئاسانی دەتوانێ پەیوەندی پێوە بکات، بەڵام بەلامەوە سەیرە حکومەت بەو هەموو هێز و جەیشەوە ناتوانێ دەستگیری بکات لەبەر ئەوەی کوڕە بەرپرسە، یەعنی چۆن دەبێ کەناڵێکی راگەیاندن ئەوەندە ئاسان دەستی بەو بکوژە بگات، بەڵام بەداخەوە حکومەت دەستی پێی نەگا و نەتوانێ دەستگیری بکات، ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی ڕێژەی کوشتن بەرەو زیادبوون بڕوا، ئەو کەسانەی ئەوەی بەرپرسن یاخود ئەوەی پشتێکیان هەیە پاڵیان لێ داوەتەوە، دڵنیان لەوەی کە بە واستەیەك، بە شتێك دەستگیر ناکرێن، یاخود بە عەفوویێکی خاص دێنە دەرەوە، سەبارەت بەوەی کە هەمووومان دەزانین کە وەك لە رابردوودا وتراوە، کورد دەڵێ (کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە)، ئەگەر بێت و ئەو هەموو لێبڕین و ئەو هەموو بارودۆخە قورسە دارایییەی کە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە ئەوە بەشێکی کێشەی ماڵ لەسەر ئەوەیە کە ئەوە هۆکارە کە ئاژاوە لە ماڵ دا دروست دەبێت و لە دەگاتە ئەوەی کە شەڕ و دەمەقاڵێ ببێ و دەگاتە کوشتن، بەداخەوە ئەگەر حکومەت ئەوە چارەسەر نەکات ئێمە بەردەوام ئەو هەواڵە تاڵ و ناخۆشانە دەبیستین کە ڕێژەی کوشتن لە بەرزبوونەوەدایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەك شتی بچووك کە بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ قاچاخچێتی لە خاڵە سنوورییەکان، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دەتوانن چەك بە دەست بخەن بە شەست هەزار، بە نەوەد هەزار، یەعنی ئەوە کارەساتە، ئەگەر قاچاخچێتی ڕێگەی لێ نەگیرێ بڕوا بکە چەك ئەوەندە ڤیاد دەبێ هەموو ماڵێك دوو چەك و سێ چەکی دەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس مژدە خان، سوپاس بۆ بەڕێزت، شادی خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە كورتی خاڵەكانی خۆم دەڵێم، چونكە خاڵم زۆر نووسیوە، لە زۆرینەی دونیا ئەو لیژنانەی كە دامەزران یاخود تەشكیل كران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی كۆڕۆنا، ئەو دامەزراوانەی كە هاوشێوەی دامەزراوەكانی بەڕێوبەرایەتییەكانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی ئەندامیان هەبوو لەو لیژنانەدا، بەڵام لە هەرێمی كوردستان ئەمەمان نەبینی، ئەگەر بتوانن ڕوونكردنەوەیەكمان لەسەر ئەو بابەتە بدەنێ سوپاستان دەكەین، شەڵتەرەكانی ژنان لە هەرێمی كوردستان دا ماڵ داڵدەكان بە تەواوەتی فەشەلیان هێناوە، ئەگەر فەشەلیان نەهێناوە، چۆن سنوور كە لە سلێمانی لە باخی دایك كوژرا، هەتا دوو كچەكەی چەمچەماڵ، هەتا دوایین كوشتنی ژن لە هەولێر كە بە فیشەك كوژرا لە ماڵی باوكی دا، هەموویان لە شەڵتەرەكان و لە ماڵ داڵدەكان هاتبوونە دەرەوە، ئەم سیستەمە بەڕاستی لە هەرێمی كوردستان دا سیستەمێكە لە دونیادا مۆدێلێكە زۆر دەمێكە بەسەرچووە، پێویستە گۆڕانكاری زۆر زووی تێدا بكرێ، وەزارەتی ئەوقاف نە لەم كابینەیە، نە لە كابینەی پێشوو نەیتوانیوە سەركەوتوو بێ لە ڕێگەگرتن لە ماملۆستایان و مەلایانی ئاینی لەوەی كە زەواج لە خوار سنی قانونییەوە ئەنجام نەدەن، پلانی وەزارەتی ئەوقاف دەبێ پلانێكی زۆر تۆكمە بێ بۆ بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری لەلایەك و دەست گرتن بەسەر ئەو خاڵە و نەهێشتنی ئەو لادانە لەلایەكی دیكە، دادگاكان بەشێكی ئەو هەموارانەی كە لە پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچووە جێبەجێی ناكەن، پلانی حكومەت چییە؟ كاری لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری كردووە بۆ جێبەجێ كردنی ئەو بڕگانەی لە هەموارەكان و لە یاساكانی هەرێمی كوردستانەوە هەن بۆ جێبەجێ كردنیان؟ كۆچی گەنجان و خۆكوژی گەنجان و بەڕێژەیەكی بەرچاو ڕێژەكەی بەرزبۆتەوە، هۆكارەكان زۆر و جیاوازن، ئایا پلانی حكومەت دەربارەی ئەو بابەتە چییە؟ میدیاكان هەندێك جار بە قەت پۆلیس و ئاسایش و دەزگاكانی حكومەت داتاكان و زانیارییەكانمان بۆ بڵاو دەكەنەوە، ئایا پلانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەم بابەتە چییە؟ بازرگانی كردن بە چەك و بوونی چەكی بێ مۆڵەت و بەخشینی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك لەلایەن هەموو كەسێكەوە لە هەرێمی كوردستان، ئەم خاڵە بەڕاستی پێویستە هەڵوێستی جیدی لەسەر بكرێ، بە تەواوەتی كاری لەسەر بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عثمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی تیمی حكومەت دەكەین، من پێشنیار دەكەم وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگەی بازگەكانەوە و لە ڕێگەی هێزەكانی ئاسایش و ناوخۆ هەوڵ بدرێت، دەست توند بكرێت بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی كە بە بازگەكان دا هاتووچۆ دەكەن یاخود لە ناو شارەكان دا بە ئارەزووی خۆیان چەك هەڵدەگرن، ئیجرائاتی توندتریان لەگەڵ بكرێت، لە هەموو شار و شارۆچكەكانی كوردستان،

هەروەها دەسەڵاتدان بە پارێزگاکان، بە قەزاکان، بە ناحیەکان بۆ جەرد کردنی ئەو چەکانەی کەوا لەو سنوورانەدا بوونیان هەیە، هەندێك خەڵك هەیە لەوانەیە بە هۆی ئەوەی کە یەعنی شوانە، یاخود پێویستییەکی هەیە، پێویستە چەکی هەبێت، یان مۆڵەتی پێ بدرێت و ئەوانە، کە لە پارێزگاکان دا لە ئێستادا مۆڵەتی چەك هەڵگرتن زۆر قورس بووە، کە ئەمەش لەوانەیە بەشێکی پەیوەندی هەبێ کە خەڵك نەتوانێ بە ئاسانی ئەو مۆڵەتەی دەست بکەوێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە بە قاچاخی چەك هەڵبگرێت، بەشێکیشی پەیوەندی بە شەڕی نەخوازراوی شەڕی داعشەوە هەیە، کە ئەم شەڕە جارێکی تر دیاردەی چەکداری گێڕایەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە بنبڕکردنی دیارە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی لە ناو ببرێت، هەروەها وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پێویستە ڕاگەیاندنەکان مولزەم بکات بەوەی کە هەوڵ بدرێت بۆ هەر تەلەفزیۆنێك یان هەر رادیۆیەك، هەر بەرنامەیەکی تایبەت هەبێت دژی ئەم بابەتەی چەکداری و کەم کردنەوەی، هەروەها وەزارەتەکانی تەربیە، ئەوقاف، خوێندنی باڵا هەوڵ بدەن دەوری زیاتر بگێڕن، هەروەها لە سیستەمی خوێندن دا ئەمە ئەگەر بکرێت جێگیر بکرێت چەك هەڵگرتن بەپێی پێویستی، ئەگەر نا حەرام بکرێت، هەروەها دەسەڵاتیش بدرێ بەو لیوا و یەکە و ئەوانەی کەوا لە بەرەکانی جەنگن، هەوڵ بدرێ ئەو کەسانەی کە بۆ واجیب دەچن چەکەکانیان بە لیستێك یان لەلایەن قایمقامیەت، یان لەلایەن لیواکان، یان دەسەڵاتیان پێ بدرێت بە قائیمەیەك چەك بەبەن بۆ واجیب و بە هەمان شێوە بگەڕێننەوە، نەك بە بەردەوامی چەك هەڵبگرن، من زۆر سوپاستان دەکەم، بەڵێ نەفرەت لە چەك هەڵگرتن بە بێ هۆ، بە بێ سەبەب.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕۆژانە هەواڵی کوشتنی ژنان و سوتاندنی ژنان بە شێوەیەکی جیا جیا دەبیستین، مخابن هەر لەو ساتەدا چی لە ئاستی میدیا، سۆشیاڵ میدیا و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان تا دەگاتە ئاستی دەسەڵات و حکومەت هەموو خۆی بەو پرسەوە سەرقاڵ دەکات، بەڵام دواتر هەمووی بێ دەنگی هەڵدەبژێرێت، دەپرسین بۆ حکومەت و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان بە جیددی کار لەسەر ئەم پرسە ناکەن؟ بۆ ئامارەکانی کوشتنی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ، ساڵ بە ساڵ لە هەڵکشاندایە، بەڵام هیچ ئیجرائاتێکی جیدی لەسەر ئەم پرسە ناکرێت، دەبینین دەیەها بکوژی ژن ئێستا بە ئازادانە دەسووڕێتەوە، دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی یاخود زیادبوونی ڕێژەی کوشتنی ژنان کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ڕێگری کردن لە زیادبوونی کوشتنی ژنان یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە و توندتر دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی چیدی با بڵێین بەو لێشاوە، بەو ڕێژە زۆرە ڕووبەڕووی سوتان و کوشتن و توندوتیژی نەبێتەوە؟ بە گشتی ئاماری کوشتن لە هەرێمی کوردستان بە چەك هەڵکشاوە، لە کاتێك دا هەڵگرتنی چەك بە یاسا ڕێکخراوە و ڕێگری دەکرێت لە هەڵگرتنی چەکی نایاسایی، لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەپرسین هەڵمەتی داماڵینی چەك لە هەرێمی کوردستان، یان هەڵمەتی داماڵینی

چەکی نایاسایی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی چی بووە؟ و تا چەند ئەم هەڵمەتە رێگر بووە لەوەی کە چیدی کوشتن بەو رێژەیە بەرز نەبێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس شیرین خان، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز شەرح ناکەم دێ سێ پرسیار دکەم بە سەریعی، بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، چارەسەریا ئاریشەن جڤاکی و کۆمەڵایەتیبرێیا نقیسنگەهی کۆمەڵایەتی و عەشایری بوویە رێگرەك لەبەردەم دادگاهێن ل هەرێما کوردستانێ ب تایبەتی صولحی عەشایری و وەرگرتنا پارەکی زۆر زۆر بەرامبەر خوینێ، هەروەسا گەلەك جارا ژ ئەڤە بە رەسمیات و بە ڤیدیۆ کامیرا و تەلەفزیۆنا دا تێنە پێشکەش کرن و دەستخۆشی لێ تێنە کرنێ، ئایا چ رێگایەك هەیە بۆ قەپات کرنا ڤان نقیسینگەها، ڤان کارێ عەشایری و صولحێن عەشایری بە رێیا وەزارەتا ناڤخۆڤە، چونکی گەلە جارا بکوژەك دانا هەندەك پارەکی خەیالی لە ساڵەکیدا لەسەر جادە پیاسە دەکات و ئازاد دەگەڕێت، پرسیارا دوو یەکێك بۆ وەزارەتا ئەوقافێیە، گەلە جارا جەڤان صولحا عەشایری دا مامۆستایێن ئاینی بەشدار دەبن ب ڕەسمی، ئایا بڕیارەك نەشێت دەرکات ژ وەزارەتا ئەوقافێ ڤە بۆ بەشداری نەکرنا مامۆستایێن ئاینی د ڤان صولحێن عەشایری دا، هەروەسا ئەڤ مامۆستایێن ئاینی هەر ئاریشەکا جڤاکی هەبت بە ڕێیا مەحکەمە بێتە چارەسەر کرن، نا نقیسینگەهێن عەشایری، یان نقیسینگەهێ کۆمەڵایەتی، هەروەسا بۆ ئەنجومەنی باڵایێن ئافرەتا، ئایا پێداچوونەك د کارێ ئەنجومەنێ باڵا ئافرەتێن نەیەتە کرنێ چونکە حەتا نووکە ئەنجومەنێ باڵای ئافرەتان نەشیا رۆڵەکی باڵای دروست ببینی لە کەم کرنا ڤان نابێژم دیاردە، بەس ڤان حاڵەتێن خۆکوژیێ دا، چونکی ئەڤ سیستەمە کە نوکە بەڕێوە دچیت نە بەوێ ئاستی دا کو دژی بنەمای مافی مرۆڤانە، ڕاستی پێتڤیەکا دبێت چارەسەر بێتە کرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، دیارە ئەم پرسە زۆر لایەن دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم لە ڕووی پەروەردەیی و تەندروستییەوەیە، پێش هەموو شتێك دەبێت هاوسەنگی هەبێت لە نێوان هەر یەك لە ئازادی و یاسادا، ئەو هاوسەنگییەش ئەرکێکی قورسی حکومەتە، چونکە یاسا بە بێ ئازادی کۆمەڵگە دەخنکێنێت، ئازادیش بە بێ یاسا کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات، لە ڕووی پەروەردییەوە دەبێت تاك پەروەردە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە ڕەگ ڕیشەی لە ناو بیر و هۆشی تاکی کۆمەڵگا بسڕێتەوە، چونکە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکە پەرەی سەندووە، دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵام پەرەی سەندووە، لە ڕووی تەندروستیشەوە زوو بە شوودان کاریگەرییەکی خەراپی لەسەر تەندروستی ئافرەتان هەیە، کە دەبێتە هۆی دابڕان لە قوتابخانە و وازهێنان لە خوێندن، هەروەها ڕاستە

ئافرەت لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵی شێوەیەکی مێیینەی پێگەیشتوو پێشان دەدات، بەڵام لە ڕووی بایۆلۆجی و جەستەییەوە مێیینەکی تەواو پێنەگەیشتووە و تووشی چەندین گرفت دەبێت یەك لەوانە زۆری لەبارچوونە، ئەوەش دەبێتە چەندین گرفتی تەندروستی تر وەکو نەخۆشییە دەروونییەکان و گرفتەکانی تر کە کۆتاییەکەی تەڵاق و لێکترازانی خێزانی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، بۆیە لەم ڕووەوە پێویستە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەنگاوی جددی بهاوێت و هەنگاوی کرداری باوێت، بۆ ئەوەی دەزگاکانی پەروەردەی خێزان ڕۆڵ بگێڕن بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزانی، هەروەها خولی تایبەت بکەنەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان، پێویستە میدیاکان میدیای کوردی ڕۆڵی ئیجابی بگێڕێت لە زەق کردنەوەی ئەم بابەتانە نەك ڕۆڵی سلبی و هۆشیاری بڵاوبکاتەوە، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا وەزارەتی ڕۆشنبیری چ هەنگاوێکی ناوە بۆ ڕێگری کردن لەو شێوازەی کە هەندێ میدیاکان پەیڕەوی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.صباح، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنەکی گەرمی تیمی حکومەت دەکەم، من لێرەوە دەمەوێت بەڕاستی باسی زۆر دیراسات هەیە سایکۆلۆجی، کە کۆمەڵناسان و پزیشکانی دەروونی کردوویانە کە هۆکاری خۆکوشتنی ئافرەتان و شتی وا سەبەب چییە، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوە بوو کە حاڵەتی نەفسی تەئسیرەکی یەکجار زۆری هەیە، هەموو شت نەیخەینە ئەوە کە حاڵەتی قەزییەی شەرەف و نامووس و شتی وا، دەبێ ئەگەر باسی مەوزووعەك بکەین لە هەموو لایەکەوە باسی بکەین، نەك لە مینزارەکی تەسك تەماشای بکەین، داوا دەکەم کە لە زانکۆکان و ئەنجومەنی باڵای خانمان ئیهتیمامێکی باش، دیراسەتی حاڵاتی ئەو شتانە بێتە کرن و چارەسەری ئەو شتانەش چییە؟ بێتە کرن، داواش دەکەم بەڕاستی کە دختۆری دەروونی و کۆمەڵناس زۆر زیاتر لەو خانانە کە مەشاکیلی ئافرەتان تێدا هەیە، سەردانییان بکەن، چونکە بەڕاستی ئەوە دەبێتە ڕێگر بۆ کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هیمداد، فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی تیمی حکومەت دەکەم، سەبارەت بە توند و تیژی دژ بە ئافرەت و دیاردەی کوشتن و کوشتنکاری، لە ڕاستی دا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگە و دەبێ بەجیددی کاری لەسەر بکرێت، حکومەتیش بەڕاستی دەبێ پلانی بەدیلی هەبێت، کورت خایەن و ناوەڕاست و درێژ خایەن، زۆربەی ئەو قسانەی کە من دەمەوێ بیکەم هاوپیشەکانم کردیان، بەڵام چەند شتی گرنگ هەیە، یەك لەوان یاسایە، یاسا دەبێ یەکسان بێ، یاسا دەبێ بۆ هەموومان بێت، یاسا دەبێ سەروەر بێت، دووەم/ صوڵحی عەشایری، بەڕاستی زۆر دیوەخانە هەیە ئەوڕۆکە جێگای

مەحکەمە و مەحکەمە کاری گرتیتەوە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ هەنگاوێك بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە بهێنێ، دیاردەی چەکداری، زۆر جار ئێمە گوێبیست دەبین، زۆرجار دەبینین کە ئیجرائات دەکرێ بۆ ئەوەی کە دیاردەی چەکداری نەمێنێ، کە ئێستا (٢٠٢١)ە دەبینین زیاتر دیاردەی چەکداری زیاتر بووە، من پرسیارەکانیشم بە هەمان شێوە هەم وەکو ڕوونکردنەوە، هەم وەکو پرسیار، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محسن، فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێراتنا شاندێ حکومەتی دکەین، دیتنێت یاسایی و هەروەسا دینی، هەروەسا کۆمەڵایەتی، دیاردان حاڵەتی خۆکوشتنێ کێشەیەکا دەروونییە، ل هەرێما کوردستانێ، یان ژی ل کوردستانێ ب گشتی ل مێژوویشدا ئەڤ حالەتە حالەتەکی نامۆ بوویە، (ئۆسکارمان) کو ڕۆژهەڵات ناسەکە لە دەستپێکا سەدەی بیستێ تێتە مەنتیقا موکریان و لەسەر کەلتوورێ کوردا دکاتن، د بیژیتن من حالەتی خۆکوشتنی لناڤ کوردا ئەبەد نەدیتیە تەنها حالەتی مە دیتیە ئەوژی خۆفیداکرنا خەجێ بوویە بۆ سیامەندی، بەڵام ساڵ بە ساڵێ ئەڤ ڕێژەیا زیاد بوویە، دیڤ وان ئامارێت ئەڤرۆکە ل بەردەستی مە ساڵا (٢٠٠٩) حالەتێت خۆکوشتنێ لە ساڵەکێدا بە هەوڵی خۆ کوشتنێت هەردووك، خۆ کوشتن و هەوڵی خۆ کوشتنێت بە سەرنەکەفتی نێزیکی دوو هەزارا بوو، ئەڤرۆکە لە ساڵا (٢٠١٨) نێزیکی (١٠) هەزار حالەتا هاتنە تۆمارکرن، بەس ئەوەی هاتنە تۆمارکرن، تەبیعی ل ڤێرێ هەندەك هۆکار ژی یەت هەی، هەنێ ئامرازی ژیەت هەی، هەندەك هەواڵا چەك هەڵگرتن، مە یاسا ژمارە (١٦) ساڵا (١٩٩٣) ییت هەی یاسا وەزارەتا ناوخۆ چەندی ساڵا ڕێکەفتنێت هەی ڕێنماییا ئەڤ یاسایە دەوڵەمەند کریە، هەرەچەندە چەك ئامرازەکە، بەڵام ئەگەر بێتو کچەکا قوتابیا پۆلا(١٢)ی ئەگەر ل بەر کو پلەیەکا نمرەیەکا باش نەهینایە خۆ بکوژیتن ئایا ئەڤە هۆکارەکی دەروونی نییە ئایا ئەڤە هۆکارەکی کۆمەڵایەتی نیینە، پێتڤیا یەپاما پیرۆزا دینی جارەکا دی ڤە گەریتە ناڤ کۆمەڵگەیێ مە ڤە، حوکمێ خۆ کوشتنێ بۆ خەڵکێ بێتە ڕوونکرنەڤە، هەروەسا خێزانێت هەرێما کوردستانێ ئەڤرۆکە، خێزانیت ژمارا وان گەلەکن یەعنی تاکەکەس ل ناڤ خێزانێ زۆرن، جهێ ئارکەنجی بوونێ و باری ئابووری بوویە کێشەیەك کو ئیدی ئەو تاکێت جڤاکیش خێزانا خۆ بڕەڤن و شیرازا خێزانی تێك چوویەڤە، بێ ئومێد بوونیا درست بووی ژ بەر ئەگەرێ نە دامەزراندنێ و هەروەسا نەبوونا هەلێت کاری حوکومەتا هەرێما کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك محسن، کاتەکەت تەواو، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم لە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە، دەستیان خۆش بێ، بە پێویستی دەزانم بەخێرهاتنی تیمی حکومەت بکەم خوای گەورە

پاداشـتیان بـداتەوە، ئەم بـابەتەم بەڕاسـتی زۆر بەلاوە گـرنگە، لەبەر ئەوەی کە حەیـات و مردنـی تێدایە، کە خوای رب العالمین دەفەرموێ (ولکم فی الحیاه قصاص یا أولی الألباب لعلکم تتقـون)، ئەو قیصاص و ماف و حەقەی کەوا خەڵك هەیەتی بەڕاستی بەڕێز جەنابی وەزیری ئەوقاف کـاك دکتۆر پشتیوان، حەز دەکەم بەڕاسـتی لەوەی هاوکـاری بەڕێزیشـیان بـم بەوەی کە لەسـەر چەنـد کەسێکی تایبەتمەند لەو بابەتەوە کۆڕ و سیمیناراتی تایبەت بکەین، بتـوانین لەو بـابەتەوە خەڵـك هۆشیار بکەینەوە، ئەو هۆکارانەی زیادبوونی کوشتن، باوەڕ بکەن کوشتنەکان لە زۆر جێیـان زەق بۆتەوە، بەڵام حاڵەتی وا هەیە خێزان ژیان بەسەر دەبات لە کوشـتن زۆر زۆر تـاڵترە، بە هـۆی ئەو بەرنامـانە کەوا ئـێمە ئـاینی پێشکەشـیان دەکەیـن، خەڵکێکـی زۆر مەزڵـووم پەیوەنـدیمان پێـوە دەکات، لەوانەیە باوکی کەسێکی، یا نەبێتە تەشهیر، کەسێکی گەورە بێ یان کەسـێکی ئـاینی بـێ یان کەسێك بـێ، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کەوا دەسـتوور و تەقالیـدەکە وای لێکـردووە کە بە ناوی (غسل العار) بێ، بە ناوی ناموس کرێنەوە بـێ، ئەوەش لەو هۆکـارە دەبیـنمەوە کە جیـاوازی ئاینی زۆرینەی دانیشتووانی هەرێم و ئەو سیستەم و حەکمڕانییەی کە لە هەرێـم بەڕێـوەدەچێ، کە سیسـتەمێکی غەیـرە ئیسـلامییە، پێمـوایە کە ئەو هەمـوو مۆدێـل و ئەو هەمـوو بـابەت و ئـازادییە رەهـایەی بە خەڵـك دراوە، خەڵکەکە لە ئاسـت تەقەبـولی ئەو پێشـکەوتن و تەقەدومەدا نەبووە کە بتـوانێ ئەو هەمـوو پێشـکەوتنە بە کاتێـك هەزم بکـات، کە کاتێـك کـچەکەی لە مـاڵەوە دەردەچێت بە ئاخیر دەرەجە مۆدێل، کە دێتەوە بـاوکی دەیبینـی پێـی ناخۆشـە، دەبێـتە کێشـە و هەرایـان، بەرە بەرە لەگەڵ ڕێـزم دا دەبێـتە مـایەی دڵپیسـی، چ پیـاو لە ژنەکەی خـۆی، چ بـاوك لە کچەکانی خۆی، بۆیە من پێموایە ئەو کۆڕ و سیمینارانە بکرێنەوە، کۆڕ و سیمینارات بکرێنەوە بـۆ ئەوەی خەڵك ڕۆشنبیر بکرێ، خەڵك تێبگەیەنرێ بە گومانێك، بە تەلەفۆنێك، بە مەسجێك، لەسـەر نامەیەك، یان لەسەر سەیری درامایەك کراوە بەڕاستی خەڵك کوژراوە، ئەوە قەتلە، ئەگەر بتـوانین لەو حـاڵەتە ئەو کەسـەی قاتیـل بـووە بە ئیجرائـاتی خـۆی بگەینـین، ئەو شـتە کەم دەبێـتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشـێکی زۆر لە سـەرنج و تێبینییەکـان هاوڕێیەکـانم وتیـان، نـامەوێ دووبارەیـان بـکەمەوە، ناشـمەوێ کـات بکـوژم، بەڵام دەمەوێـت هەنـدێك بـابەت هەیە بیـانجوولێنم، بەڕێـز وەزیـری ڕۆشنبیری بابەتی (تیکتۆك) لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان و سۆشـیال میـدیا یەکێکە لەو بابەتـانەی، ئێمە ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کۆمەڵگەیەك بـا بڵێـین مـۆدێرن بێـت، ئەوەی کە ئێسـتا ڕووبەڕوومـان بـۆتەوە، لە حـاڵەتەوە بـووە بە دیـاردە، بـۆ چارەسـەرکردنی یەکێـك لەوانە تیکتـۆك یەکـێکە لە هۆکـارە سـەرەکییەکان بە بـڕوای بەشـێکی زۆر لە شـارەزایان، یەعنـی وای لێهـاتووە بە جۆرێـك ئینسـان شـەرم دەکـات بچێـتە ئەو تـۆڕە کـۆمەڵایەتییەوە، بەشـێکی زۆر بە منداڵەکان بۆ زانیاریتان یەعنی منداڵ وای لێهاتووە ئێستا برۆ سەیری بکە دایکی ئاگای لـێ نیـیە بـۆ نمـونە ڤیـدیۆی دایکیـان ڕۆژانە کە لە مـاڵەوە ڤیـدیۆکان بـڵاو دەکـاتەوە، چەنـدین شـتی دیـکە و چەندین خەڵك کڕین و فرۆشتوونی، مەوزووعی (پەپجی)، یەعنی بەڕێز دەمەوێـت بەو بابەتـانە باوەڕ بکەن بە پێی ڕاپرسییەك کە لە ماوەی پێشوو ڕێکخراوێکـی فەرمـی کردوویەتـی، بەشـێکی

زۆر لەو منـاڵانەی کە پەبجـی دەکەن، لەو کەسـانەی کە پەبجـی دەکەن پـێش هەژدە سـاڵن و بەشێکی زۆریان پارەیـان لە بـاوك و دایکیـان بـردووە بە شێوەی نادروست، زەڵام هەبـووە دوای (١٠) دەفـتەر دۆلار لە ئەکاونتەکەیـدا سـەرفی کـردووە، دەفرۆشـێتەوە بەوەنـدە و بەوەنـدە و بەوەندە، بەڕێز وەزیـری ڕۆشـنبیری بـابەتی ئەم دراما بیانییـانە، یەعنـی ئێـوە چ پەیوەنـدییێکتان هەیە بۆ ئەوەی هونەرمەندی خۆمان، بەرهەمی خۆماڵی خۆمان، بۆ نمونە بەرهەمـی کـوردی، ئەو هەموو هونەرمەنـدە باشـەمان هەیە، ئەو هەمـوو تێکسـت و سیناریۆ و شـتە باشـەمان هەیە، بـۆ یەعنی ئەو هەموو دراما تورکی و هیندی و ئەوانیدیکە، یەعنی باوەڕ بکە دراما هەیە نازانی کامە دایکـی کێـیە و کـامە بـاوکی کێـیە، یەعنـی شـتی وا سـەیر، ئەمـانە هەموویـان ڕاسـتەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی هەیە، بـابەتی چەك وەزیـری ڕۆشـنبیری و وەزیـری نـاوخۆ، بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ بـاوەڕ بـکەن ریکلامـم بینیـوە بـۆ چەك، یەکـێ لە هاوڕێیـان لە گـروپەکەی پەرلەمانتـاران دا دایـنابوو، ئەوەنـدە جـوان ریکلامـی بـۆ دەکـات، ئەوەنـدە خـۆش ریکلامـی بـۆ دەکـات، حەز دەکەی یەك دووانـێ بکـڕی هەر لە نـاو کەنتـۆر و شـتەکەدا داینێـی سـەیری بـکەی، ئەمـانە بـۆچی ڕێگەیـان پـێ دەدرێ؟ شـتێکی دیـکە هیـوادارم ئەو وەزیـرانە بەشـێکی زۆریـان پەیوەندیدارن، ئەم بابەتەی کە زۆر زۆر باسی لێوە دەکرێت و لەم ساڵانە زۆر هەڵتەقیـوە، بـابەتی لەگەڵ ڕێزم بۆ بەشـێك لە باشـەکان، یـان ئەم بـابەتی مۆدێلیسـت و ئەم کـچە مـۆدێلانە و نـازانم ئەوانە، جۆرێك لە هاڵا و جۆرێك چەمپی دروست کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەشێکی زۆری سەرنجەکانم لەلایەن هاوڕێیانەوە، بەتایبەتی لەلایەن گوڵسـتان خـانەوە بـاس کرا، نامەوێ بچمە سەری، بەڵام ئەوەی کە ئێمە پێشنیازی دەکەین سـەرنج ئەوەیە کە ئـێمە دەبـێ هەڵمەتێکی پەروەردەیی بۆ ئەم مەسـەلەیە، بـۆ ئەم پرسـە لە نـاو دام و دەزگا پەروەردەییەکـانی ئێمە بەڕێوەبچێ، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەڵمەتێکی هۆشیاری گەورە لە ڕووی میـدیاییەوە بـۆ ئەم پرسـە ڕێـك بخـات و ئەوەی کە لە هەمـووی گرنگتـرە ئەرکـی وەزارەتـی نـاوخۆیە بەڕاسـتی کە کۆتایی بەم بازاڕی کڕین و فرۆشتنی چەك کە ئێستا لە ناو ناوەندی شارەکان بە ئاشکرا دیـاردەی کـڕین و فرۆشـتنی چەك بەدی دەکـرێ، بنبـڕ بکـرێ، پێمـوایە ئەگەر ئەو سـێ لایەنە بگـرینەبەر بەشـێکی زۆری کێشـە و ئەو مەشـاکیلانەی کە دەبـنە هۆکـاری کوشـتن لە هەرێمـی کوردسـتان کۆتایی پێ دێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك یاسین، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە :**

**بە ناوی خودا.**

بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم، بەڕاسـتی پرسـەکی زۆر گـرنگە، یەعنـی مـن بە دڵ حەز دەکەم ئەگەر مەجـالم دەی بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان تۆزێـك بە وردی لە شـتەکان ورد بیـنەوە، یەعنی من هۆکاری خۆکوشتن یان کوشتنی خەڵکی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە یاسـا لەم وڵاتەی ئـێمەدا

سەروەر نییە، یەعنی کەسێك کە کەسێکی کوشت یاسا دەڵێ بڕۆ صوڵحی عەشایری بکە، ئەو مەکتەبە عەشایریانەی هەیانە، ئەو مەکتەبە عەشایریانە چی یە؟ تۆ مادام حکومەتت هەبێ، پەرلەمانت هەبێ، وەزارەتی ناوخۆت هەبێ، وەزارەتی دادت هەبێ، ئەوە بۆ چییە؟ دوو/ صوڵحی عەشایری هەموو باسیان کرد، من دەمەوێ لەگەڵ بەڕێز وەزیری ئەوقاف پرسیارێکی لێ بکەم، ئایا هەتا ئێستا ئەو وتارە ئاینییانە کە بۆ پەروەردە نینە، هەر هەموو وتاری توند و تیژی، یەعنی ناکرێ لە وەزارەتی ئەوقاف وتاری هێمن بدرێ و وتاری پەروەردەیی بدرێ؟ کابرا لە مەنتیقەی ئێمە لەسەر (٤٠) هەزاری کوژراوە، ئاخر مرۆڤێکی گەورە لەسەر (٤٠)هەزاری بکوژرێ؟ کە ئێستا گیراوە و بەیانی صوڵحی دەکەن بەردەبێ، ئاخر شتی وا چۆن دەبێ؟ هۆکارێکی دیکە قەیرانی دارایی، بۆ نمونە لە شارەکەی من دکتۆرەك خۆی کوشت، دەڵێ من کە دەریشچم ببمە دکتۆریش دانامەزرێم، ئەوە هۆکارێك، هۆکارێکی دیکە بۆ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری، بەڕاستی مەجموعە کەناڵێك داندراون پیاو شەرم دەکات، پێم خۆشە بزانن، من تەلەفزیۆنم لە ماڵێ نییە، پێم شەرمە ماڵ و منداڵم چاو لەو کەناڵانە بکات، ناشتوانم ڕێیان لێ بگرم، بە جیددی حەق وایە سنوورێك دابنرێ، شتێکی دیکە زۆر گرنگە کە ئێمە هەر هەموومان ڕاستە خەڵك دەنگی پێ داوین، بەڵام هەر کەسە و کادیری حیزبەکین، ئاشتەوایی حیزبەکان، لە سەرەتای بەرەی کوردستانی بە ئاشتەوایی هاتین زۆر جان بوو، یەعنی ئەوەش هۆکارێکی ململانێیە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، هاوڕای برای بەڕێزم کاك دیاریم سەبارەت بە نەهێشتنی تیکتۆك و پەبجی و گرنگیدانی ئەوەندەی کەناڵەکان بە کچە مۆدێلەکان کە هۆکاری سەرەکی بەلاڕێدا بردنی کۆمەڵگان بەڕاستی، دوو/ دەربارەی خۆکوشتن، من ڕاگەیاندن بە هۆکار دەزانم لەبەر ئەوەی ئەوەی کە خۆی دەکوژێت لە ڕاگەیاندن لە کەناڵەکان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاوها باسی دەکرێت وەکو قارەمانێك پێشان دەدرێت، یەعنی خوێندنەوەی غەڵەت لای خەڵکەکە دروست دەبێت ئەوەی کە بینەرێتی، دوو/ سەبارەت بە کوشتنیش، هاوڕای هەموو ئەو هەڤاڵانەم کە تاکو دیوەخانەکان بەدیلی دادگاکانن ئەوە حاڵمان دەبێت، سێ/ هۆکاری لێکترازانی خێزان و خۆکوشتنی ئافرەتیش من (٥٠%)ی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ئافرەتان و ژنان دەگێڕمەوە، کە لە جیاتی لێك نزیك کردنی پیاو و ئافرەت لە یەکتری، هۆکاری لێکترازانن ئەوانە بەڕاستی، یەعنی پێم سەیرە ناوی ڕێکخراوی بەرگری کردن لە مافی ئافرەتیان لە خۆ ناوە، کەچی هۆکاری لێکترازانن، ئەوەی تریش دەمەوێت لە کۆتا بیڵێم، ئێستا جەلسەمان کرد، دانیشتین و هەمووشمان باسمان کرد و وەزیرە بەڕێزەکانیش جوابمان دەدەنەوە، بەڵام چ گەرەنتییەك ئێمە بە هاوڵاتییانی خۆشەویست بدەین؟ ئەگەر نەشتوانین بنبڕی بکەین، بەڵام کەم بکرێتەوە هۆکاری خۆکوشتن، دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس خدیجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجه عمر طه :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان كۆمەڵەك هۆكار هەن كە وا دەكات مەسەلەی خۆكوشتن و سووتان و بە گشتی كوشتن زۆر ببێت، لەوانەش ناجێگیری سیاسی و قەیرانی دارایی و نەبوونی هەلی كار و بەتایبەت لە نێوان ئافرەتان كە بەپێی ئەو ئامارانەی كە بەردەستن ئەو ڕێژە لە نێوان ئافرەتان یەكجار زۆرترە لە پیاوان، هەروەها هۆكاری كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئەو دابونەریتە و ئەو دیدە نێرسالارییە كە زاڵە لە ناو كۆمەڵگەدا، هەروەها هۆكاری تر كە باس كرا ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا و نەبوونی هیچ سانسۆرێك لە دراماكان و لە بەرنامەكانی تەفریحی و هەروەها تەنانەت هەواڵەكانیش كە پێویستە زۆرجار هەواڵەكان سانسۆڕ بكرێن، كە ئەوەش كاریگەرییەكی یەكجار خراپی هەیە لەسەر پەروەردەی خێزان، كە خێزان سەرچاوەیەكی گرنگە بۆ ئاسایش و ئارامی دەروونی تاك و دروستبوونی كۆمەڵگایەكی تەندروست، هەروەها پرسی چەكیش كە باس كرا بەداخەوە كە ئەو مەسەلەی ئاسان دەستكەوتن و بەردەستبوونی چەكە، پێموایە كە كۆمەڵێك یاسای چاكمان هەیە لەم بوارانە كە ئاماژەش پێكران لەلایەن هاوڕێیانم، كە دەبێ حكومەت زۆر توند و تۆڵتر بی لە جێبەجێ كردنی ئەم یاسایانە، هەروەها داواش دەكەم كە بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی یاسایی و هەمواركردنەوەی یاساكانی پەیوەندیدار و پتەوكردنی چوارچێوە و ژینگەی یاسایی لە چوارچێوەی ئادابی گشتی كۆمەڵگا بۆ ڕێگری كردن و كەمكردنەوەی ڕووداوەكانی كوشتن و خۆكوشتن بە گشتی، بەتایبەتی لە ناو ئافرەتان دا، حكومەت وەكو لایەنی جێبەجێكار كە لە ناو واقیع و كێشەكاندایە هەماهەنگی باشتر لەگەڵ پەرلەمانی كوردستان بكات، بەتایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی و لە كۆتاییشدا ئەوە ئەركی هەموومانە. سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سارا خان، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی تیمی حكومەت دەكەم، پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ پەرە بە زیادكردنی چاودێری كامیرەكان بدات لە هەموو شار و شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان، ئەمەش دەبێتە هۆی كەم كردنەوەی حاڵەتی خۆكوشتن و ئەنجامدانی تاوان، كە كاریگەرییەكی نەرێنی لەسەر كۆمەڵگا دروست كردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم دیاردەیە ڕوو لە زیادبوون دەكات، دووەمیشیان پشتگیری قسەكانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (١٩٩٣) كە یاسای چەكە هەموار بكرێت و بەزووترین كات بنێردرێت بۆ پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکانی کابینەی نوێیەم دەکەم، ئەم دانیشتنەش بە هەڵ دەزانم بۆ ئەوەی باس لە ڕووداوێك بکەم کە هەفتەی ڕابردوو ڕوویدا لە هەولێر بەداخەوە کە دیاردەکە خۆسوتاندن بوو ئی گەنجێك بوو لەبەردەم چەند کامیراییەك کە کاردانەوەیەکی زۆری لێ کەوتەوە، لەبەر کەمتەرخەمی ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس هەرچەندە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی ناوخۆش ڕوونکردنەوەیان بڵاو کردەوە لەسەر ئەوە کە بەسزای خۆیان دەگەن ئەو ڕۆژنامەنووسانە، پرسیاری من ئەوەیە کە ئەو کەیسە بە کوێ گەیشتووە؟ چونکە ئەگەر بێت و ئێمە بەم شێوەیە ڕێگە بدەین کاری ڕۆژنامەوانی بەم شێوەیە بەتایبەت لە سۆشیال میدیا بەردەوام بێ، ئەوە دڵنیا بن کارەساتی گەورە دەکەوێتەوە، هەروەها دەمەوێ جەخت لە خاڵێکیش بکەمەوە لەبەر کەمتەرخەمی ئەم ڕۆژنامەنووسانە هەرچەند بابەتە سەرەکییەکەی ئەو گەنجە ڕۆژهەڵاتییە پشتگوێ خرا، دەمەوێ لێرە پرسیارێك ئاراستەی وەزیری ناوخۆ بکەم کە ئایا بە دەنگ کوردانی ڕۆژهەڵات دا بۆ کوێ چونکە نزیکەی (١٠) هەزار کوردی ڕۆژهەڵات لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون و ئەم گرفتەیان بەردەوامە کە ئیقامەیان بۆ نوێ ناکرێتەوە و هەروەها کاریان پێ نادرێ، ئەگەر بکرێت ئێمە وەکو پەرلەمان لیژنەیەك پێك بێنین، سەردانی وەزارەتی ناوخۆ بکەین و لەوێوەش لەگەڵ (un) لەسەر خەت بین، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، چونکە ئەوان ئێستا لەبەر دەم (un) خۆپیشاندان دەکەن، چەند گەنجێکی تریش ئەو هەوڵەی داوە کە دیسانەوە وەکو هاوشێوەی ئەو گەنجە خۆی بسوتێنێ، بۆیە ئەوە مەترسییە، ڕەنگە ببێتە کلتوور، پێویستە بە دەنگیانەوە بچین، ئەوانیش برای ئێمەن و لێرە ئاوارە بوون، هەروەها داوایەکی تریشم هەیە ئەگەر بکرێت کەمپێکیان بۆ دروست بکرێت بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات، هەر وەکو چەند کەمپێکی تریش هەیە لە هەرێم بۆ کوردانی پارچەکانی دیکە، ڕەنگە ئەو کاتە بتوانرێت کیشەکانیان چارەسەر بکرێت لە دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوون و هەروەها بۆ ئەوەی ئەو داواکاریانەی هەیانە تا (un) بە دەمیانەوە دەچێت بۆیان جێبەجێ بکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم لە بەڕێزتان قسەکانی کاك (سەروان) هەرکی لە پرۆتۆکۆل بسڕنەوە، ئەوەی تایبەتە بە هۆکاری کوشتنی ژنان لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوەکان ژنان بەدرێژایی کارو خەبات و چالاکیەکان هۆکارێکی زۆر زۆر سەرەکی بوون، حەلقەیەکی دانەبڕاو بوون لە کاری پەرلەمانی و حکومەت و هەموو دامەزراوەکانی تر، هاوکارێکی سەرەکی بوون بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەکانی توندوتیژی، کەمکردنەوەی ڕێژەکانی کوشتن لە هەرێمی کوردستاندا، بەم شێوەیە

وەسفکردنیان لەناو پەرلەمانی کوردستان عەیبەیەکی گەورەیە لەسەر ئەستۆی ئێمە و نابێت ئەوە لە پرۆتۆکۆلدا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(گلوستان) خان، نوقتە نیزامیەکەت، فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رام هەبوو راستییەکەی، رێکخراوەکانی ژنان رۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە بەدەست هێنانی مافەکانی ژنان لە بەرزکردنەوەی رێژەی بەشداری ژنان لە کایە سیاسییەکان، لە ووشیارکردنەوەی ژنان لە کۆمەلگادا، بۆیە مایەی قبوڵ نییە بەراستی کە هەندیك تاوان ئەنجام دەدرێت لە کۆمەڵگا بیخەینە ئەستۆی رێکخراوەکانی ژنان، بۆیە من داوا دەکەم ئەو بڕگەیە لە قسەکانی کاك (سەروان)ی بەڕێز بسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان بۆ هەر قسەیەك کە دەکرێت ئێوەی بەڕێز کە موداخەلە دەکەن دەبێت بەر مەبنای داتا و لێکۆلینەوەیەکی ورد بێت، چونکە ئێوەی بەڕێز ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن، ئێوە بە دەرن لەوەی کە وەکو چالاکوانییێکی مەدەنی یان وەکو رۆژنامە نووسێك یان وەکو هاوڵاتییەکی ئاسایی، چونکە قسەکانی ئێوە دەچێتە پرۆتۆکۆل، قسەکانی ئەو بۆ رای گشتی کوردستان دەبێت بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بۆیە ئەو بەشەی بە شێوازی عمومیان قسە لەسەر ئەوە کرابێت، چونکە هەموو رێکخراوەکان ئێمە ناتوانین بڵێین هەموو رێکخراوەکان تەنها ئەو بەشەی ئەگەر بە عمومیات قسەی کردبێت ئەو بەشەی لە پرۆتۆکۆل دەسڕێنەوە، بە عمومیات قسە ناکرێت بەڕێزان، بە عمومیات ناتوانین بڵێین هەموو حزبە سیاسییەکان وان، هەموو رێکخراوەکان وان، هەموو کەسایەتییەکان وان، مەوزوعی عمومیات جیاوازە لە داتا و لە زانیاری وەرگرتن، (بدریە) خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کوشتن و خۆکوشتن دەست خۆشی لە لێژنە هاوبەشەکە دەکەم، بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، ئەو بابەتەی ئێمە کە بەراستی زۆر هەڵوەستەمان لەسەر کردووە وەکو لێژنەی هاوبەش ئەوەی کە رووەدەکاتە ئەو بەڕێزانە وەزیری ناوخۆ کە ئیتر لە لایەنە ئەمنیەکەیەوە هەڵگرتنی چەك، بە ئازادکردنی بازاری چەك و بردنەوەی چەکی ئەوانەی کە هێزی ئەمنین، ئەوانە بەراستی هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی کە کوشتن و خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان سەرهەڵبدات، بۆیە من بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەڵێم ئایا هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ئەوەی سانسۆرێك هەبێت، بە چەند فلتەرێکدا هەڵگرتنی چەك، بازاری ئازاد بۆ چەك، بازرگانیکردن بە چەکەوە کە بە نرخێکی خەیاڵی کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت؟ ئەوە پشکی شێر بەر ئەو وەزارەتە بەڕێزە دەکەوێت، سەبارەت بە بەڕێز وەزیری ئەوقاف ئێمە وای دەبینین ئەگەر وەزیری ئەوقاف هەستێ بۆنموونە بە یەك پاکێج چەند هەفتەیەك، چەند خیگابێك لە میمبەرەکانەوە لەلایەن چەند زانایەکی ئاینیەوە خەڵکی وشیار بکاتەوە لەسەر مەترسیەکانی کوشتن و

خۆکوشتن، پێدەچێت ئەو وەزعە تۆزێك ئەهوەن ببێتەوە، ئەو کوشتن و خۆکوشتن قەیرانی دارایی هۆکاری سەرەکییە لەبەر ئەوەی زۆربەی گەنجان فشارێکی زۆریان لەسەرە و بۆیە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، بە داخەوە لە کارنامەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتەوە دیاریکرابوو کە رەخساندنی هەلی کار و دامەزراندن بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگەکان تا ئێستا ئەوە دەستەبەر نەبووە، وەزیری رۆشنبیریش دەتوانێ رۆڵی کارا ببینێ دەست خۆشی لێدەکەین، هەنگاوی ئیجابی هەبووە، لە دەوری تەوعیەکردن وەزیری ئەوقاف وەزیری رۆشنبیری، ئەنجومەنی بەڕێزی خانمان، ناتوانن لەبواری توعیەکردندا ئەو بابەتە نالێم بنەبڕکردن،کەم بکەنەو، کەناڵەکانی راگەیاندن هۆکارن، بەداخەوە، ئەو دراما بیانیانە بەراستی زۆر جێگای داخە هەندێك لە کەناڵەکانی راگەیاندن بکوژ دەهێنن، تەمسیلەکەی پێ دەردەکەن خاوەنی کوژراوەکەش، کەسوکاری کوژراوەکەش لەوی مەوجودە، ئەمە هۆکارە بۆ ..................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (حکمت)، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنەکا گەرم لشاندێ حیکمەتا هەرێما کوردستانێ دکەین، من ژی پێباشە کو ئەو یاسایە ژمارە (١٦) سالا (١٩٩٣) هاتیە چێکرن بێتە هەموارکرن، گەلەك خالێت هەی کو دلێژنا ماف خودا ژی مەیت دەستنیشان کرین، من نەڤێت لڤیرێ چ ئیشارەتێ بۆ وان خالا بدەم چونکو راستە یاسایەکی تێر و تەسەلە بەلێ بۆ وی سەردەمی لگەل وی سەردەمی ناگونجیتن، هۆکارێ دیترێیێ خۆکوشتن یا ژن کوشتنا ژ توند و تیژی دگەل ئافرەتێ دێتە کرن ئەز هۆکارێ سەرەکی دبینم تۆرێت جڤاکی، راگەهاندن، یەعنی بحەقیقەت برادەرەکی بەحس کر کو تۆرێن جڤاکی یان ژی حەتا راگەهاندنێت فەرمی ژی وەکی بەتەلەکی دێتە نیشاندان، ژبەر هندی ئەز پێشنیار دکەم کو حیکمەتا هەرێما کوردستانێ، پەرلەمانا کوردستانێ لسەر دوو بابەتی گەلەکی بسەکینیتن، بەراستی تۆریت کۆمەڵایەتی رۆلەکی گەلەك خراپ دبینن، نە هەمی یێت هەی رۆلێت باش ژدبینن، بەس کو ئەو مەسەلا کو نیشاندانا ئەڤێت کو ژنان کوشتنێت دکەن، ئەز حەز دکەم جدی لسەر بسەکینن، یا دیترێ مەسەلا بلام واقعی بین ئەمێن رۆژهەلاتا ناوەراستدا دژین دەوروبەریت مە عێراق وتورك و ئیرانن ئەم کۆمەلگەکا حەشایرینە، مەسەلا کو وەختێ کێشە تێنە حەل کرن بکۆمەڵایەتی تشتەکی دروستە ئەز دبینم، بەری عەینی وەختدا قانوون چش سزایێت خوە کەم نەکەتن، ئەو کێشێت کو تێنە چارەسەرکرن برێکا کۆمەڵایەتی بتنێ بۆ ناڤبەینا وێ خەلکێدابیتن کو کێشا مەزنترن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شاخەوان)، فەرموو، بەس ئێوە لە لێژنەی تایبەتمەند بوون ئەگەر تۆزەك زیاتر دەرفەت بدەنە بەرێزانی تر باشتر دەبێت، فەرمووون.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئامارێکم لەبەردەستە ئامارەکە لەسەر مانگی رابردووە ئەگەر روخسەتم بدەی، لە مانگی رابردوو لە کوردستان (١٢) کەس کوژراوە، (٣) کەس لە سلێمانی، (٥) کەس لە هەولێر، (٢) کەس

له دهـۆك، (٢) كەس له راپەڕیـن، ئەوانەی خۆیـان خنكانـدووه چـوار كەسـن، (١) له هەولێـر، (١) له سليمانی، (١) له دهۆك، (١) له راپەرين، ئاماری كـۆی رووداوەكـانی كوشـتن و خۆكوشـتن له سـاڵی رابردوو تەنها (٢٥) كەس بووه، بەڵام بەراورد بكەی ساڵی رابـردوو به ئەم سـاڵ ئامارەكـان رێـژەی كوشتن ئەم ساڵ زۆر زیـادی كـرووه لەگەڵ پـار سـاڵا، پـار سـاڵ تەقـريبەن (٢٥) كەس كـوژراوه له هەرێمی كوردستان يان خۆی كوشـتووه، بەڵام ئەم سـاڵ (٣٨) كەس كـوژراوه و خـۆی كوشـتووه، خۆی خنكاندووه، لەبەر ئەوه ئامارەكـان ئەوەنـدەی لەبەردەسـتی ئـێمەيه وەكـو لێـژنەی نـاوخۆ و ئاسـايش و ئەنجـومەنه خۆجێييەكـان ریـژەكه زيـادی كـردووه به بەراورد لەگەڵ سـاڵی رابـردوو، ئەمەش واجبـی هەمـوو لايەكە له راسـتيا رێگـری گەوره بـكەن لەم دۆخەی ئێسـتا، يەعنـی رێژەيەكی زياد له حەد زيادی كردووه، گرينگە بەراستی بەلای هەموو وەزارەتە پەيوەنديـدارەكان ئەوانەی كه ئێستا به نمونه وەزارەتـی نـاوخۆ، وەزارەتـی رۆشـنبيری، وەزارەتـی ئەوقـاف، لەسـەر ئەم بابەتـانه هەم رێگـری بـكەن، هەم روونكـردنەوەی تەواو بـدەن، لەبەر ئەوەی ئەم دۆخەی كه ئێسـتا له هەرێمـی كوردسـتان هەيه له راسـتيا دۆخێكـی نائاسـايی، دۆخيكـی ئەوەيه حەق وايه لەراستيا رێگری گەوره لەسەر ئەم پرسە بكەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (گۆران)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەوره و ميهرەبـان، بەخێرهـاتنی سـەرجەم وەزيـره بەرێزەكـان دەكەم، حـاڵەتی كوشتنی ژن له هەرێمی كوردستاندا له هەلكشانداية تـا ئەوەی وەختـه ببێـته ديـارده، هەنـديك له هۆكارەكـان دەگـڕێتەوه بـۆ كێشـەی كـۆمەڵايەتی، كێشـەی زۆربـوونی چەك، بەربـڵاوی چەك، هەروەهـا كێشـەی پەروەرده، كێشـەی لايەی رۆشـنبيری و هۆشـياری، كێشـەی نەبـوونی ياسـا و دەستوەردان له كاروباری دادگا، دەبێت لايەنه پەيوەنديدارەكان حكـومەت كـاری جـدی بكـات بـۆ ئەو مەبەستە، هەروەها كەناڵەكـانی راگەيانـدن گرينگـی تەواو بـدەن به كـاڵبوونەوەی نەهێشـتنی ئەو حـاڵەته و بەرزكـردنەوەی ئاسـتی وشـياری كۆمەڵگـا، به نسـبەت خـاڵێكی تـر تۆڕەكـانی كۆمەڵايەتی ئەوه هەندێك له هاوڕێيانی تريش باسيان كرد بەخشی سەرجەم بەرنـامه و پرۆگـرام و دۆبلاژكردن و وەرگێرانی ئەو فيلمه بيانيانەی كه بەخش دەكرێـت، هۆكـارێكه بـۆ دروسـتبوونی كێشه، چونكه لەگەڵ دابوونەريتی كۆمەڵگای كـوردی يەك نـاگرێتەوه، دەبێـته هۆكـاری زۆربـوونی رێژەی تەڵاق و لێكترازانی خێزان، تا حاڵەتی كوشتن، هەروەهـا كاربكرێـت بـۆ پێشخسـتنی درامـا سينەمای كوردی، لەبری ئەوەی كه ئەو فيلمانەی لەگەڵ دابوونەريتی كورديدا ناگونجێـت پەخـش دەكرێـت، هەروەهـا خـاڵێكی تـر نەبـوونی ياسـا بـۆ تـۆڕه كۆمەڵايەتييەكـان و سۆشـيال ميـديا كه ئەمەش ئاسـتەنگی بـۆ سـەرجەم وڵاتـانی دونيـا دروسـت كـردووه، پێويسـته به ياسـا ئەمه رێكبخرێت، بەداخەوه ئێمه لەگەڵ هاوڕێيانمان له لێژنەی رۆشنبيری كارمان كرد بـۆ دەرچوانـدنی ياسای ميديای ئەليكترۆنی بۆ رێكخستنی سۆشيال ميديا هەڵايەكيان دروست كرد لەسـەرمان تـا ئەوەی كه ياساكەيان پێ راگرتين، هيوادارم له ئايندەدا ئەم ياسـايه بێـتەوه لێـژنەی ئـێمه و كـاری

جدی لەسەر بکەین بۆ بەرگرتن لەو کیشانەی لەناو سۆشیال میدیادا روودەدا، ڕێکخستنەوەی سۆشیا میدیا و تۆڕەکانی کۆمەڵایەنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (جەلال پەرێشان)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەت و ئەنجومەنی خانمان دەکەم، بەراستی من دەلێم سێ شت کۆنترۆڵ بکرێت، هەموو شتێك بەراستی بەدڵی هەموو لایەك دەبێت، کۆنترۆڵکردنی بەشێك لەو دیوەخانانە، دیوەخانیان زۆر بەڕێزەوە مامەڵە دەکەن، بەڵام ئەو دیوەخانانەی کە وا صولحی عەشایری دەکەن، کۆنترۆڵی میدیا بەڵام بە سەد لە سەدی کۆنترۆڵ بکرێت، کۆنترۆڵکردنی بەشێك لە مەلاکان، مەلا هەیە کچی قاصر مارە دەکات، هەموو مەلاکان مەلای ڕێزدارن من دیفاع لە وەزارەتی ئەوقافیش ناکەم، بەڵام خوطبەکان هەفتانە بۆیان دێت زۆر بە نەرمی، بەڵام مەلا هەیە ئیلتیزام ناکات، ئەوەی وەزارەتی ئەوقاف کردیتی زۆر جێگای ڕێزە، من لە بەڕێز وەزیری رۆشنبیری دەپرسم (٣١) کەناڵی ئاسمانی (١٢٧) کەناڵی لۆکاڵی، (١٤٥) رادیۆ، دەیان و هەزاران پەیجی سۆشیال میدیا پێمان خۆش بێت و پێمان ناخۆش بێت کاریگەری دەبێت، بۆ نمونە چۆن سۆشیال میدیا کاریگەری نابێت کچێك ناوی (داتاشیا بریندل) بوو هەمووتان دەزانن ساڵی (٢٠٠٧) خۆی کوشت لە بەریتانیا هەرزەکار بوو لە وێبسایتی (بیبۆ) بڵاو کرایەوە، زیاتر لە (٢٠) کچ لە خیلال (١١) کاتژمێر خۆیان کوشت، چاویان لەو کچە کردەوە، وەکو پاڵەوان خۆیان نیشان دا، سۆشیال میدیای ئێمە ئێستا هەمان رۆڵ دەبینێت، بەس بۆ ئەوەی فۆڵۆوات و پەیجەکانیان زیاتر بێت، ئیعتیباری هەبێت، ئەو کارە ئەنجام دەدەن، یەعنی کارەساتە بەراستی، ئەو کات بەریتانیا هەژا، لایەزال ئێمە کچمان هەیە خۆی دەخنکێنێت، خۆی دەسوتێنی، لە سۆشیال میدیا ئەو دیمەنانەی بۆ نەقل دەکرێت، ئومێد دەکەم بەڕێز وەزیری رۆشنبیری، ئەڵمانیا بەو عیملاقیەی خۆی (٣) تەلەفزیۆنی هەیە، ئێمە لە کوردستان ئەو هەموو تەلەفزیۆنە بەراستی کارەساتە، ئیجازە دەفرۆشرێتەوە، بەڕیز وەزیری رۆشنبیری دەزانیتن ئیجازە دەفرۆشرێتەوە بە بەرچاوی هەموان، تۆ مۆڵەت داوا دەکەی دەبێت بچیە وەزارەتی ناوخۆ، خاوەنداریەتیت بدەنی ئینجا دەچیە وەزارەتی رۆشنبیری، بەبێ وەزارەتی رۆشنبیری پێنج دەستی کردووە ناویشی گۆردراوە، ئەوە کارەساتە بەراستی، دەبێت وەزیری رۆشنبیری، ستافی رۆشنبیری کۆنترۆڵی بکەن، یەك بابەت تر هەر چەندە لە بابەتەکە دەچمە دەری، بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرەیە بەراستی دیاردەی داوای لیبووردەن دەکەم ئەو سەگی بەرەڵایە، ئێستا ئەورۆ چل و سێ سەگم بینیوە لە گۆڕەپانەکان لە شەقامەکان، دوێنی پریان داوەتە منداڵێك لە یەکێك لە گەراجەکان، بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت، ئێستا هەموو شەقامەکانی هەولێر پڕی سەگ بووە، زۆر سەیرە ئەوە لە کێ دێت! زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (رومیو)، فەرموو.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی سێ چوار خاڵ دەکەم، هەموویان دەرەنجامی ئەو سەردانانەی کە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ماوەی نزیك بە سێ ساڵی تەمەنی سەردانی چاکسازیەکانی پیاوان و ژنان و منداڵان، هەروەها شەڵتەری ژنان و ئەو شوێنانە کە پەیوەستن بە پاراستنی کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستاندا کردوویەتی، عادات و تەقالید و کلتووری کۆمەڵگا بەراستی هەندێکیان من ناڵێم هەمووی نەك تەنها سەقەتە بەڵام لەگەڵ ژیانی هاوچەرخی ئێستا ناگونجی، کێشەی زۆری لێکەوتۆتەوە، نمونەیەکی بچوکتان بۆ دێنم لە سەردانیکمان بۆ شەڵتەری ژنان چەندەها خەڵکی خێرخواز، لایەنی خێرخواز هەبووە ویستوویانە یارمەتی ئەم شەڵتەرە بدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی شەڵتەری ژنانە وتویانە ناوێرین بە قسەی خەڵك یارمەتیتان بدەین، دوایە مەسەلەی صولحی عەشایری زۆر باس کرا من پێم وایە ئەگەر صولحی عەشایری هەر مانایەکی هەبێت، مانای زەعیف کردنی یاسایە لە هەرێمی کوردستان، یەعنی دەبێتە جێگرەوەی یاسا، مەکتەبەکان، دیوەخانەکانی صولحی عەشایری، بەراستی پێش چەند رۆژێك برادەرێك نمونەیەکی بۆ گێڕامەوە وتی یەکێك برادەرێکمە دەیناسم دوای ئەوەی زیاتر بە دە ساڵ حوکم درابوو وتی بە صولحی عەشایری هاتە دەرەوە، مەبلەغێکی ئەوەندە زۆر پارەیان بۆ کۆکردبۆوە، پارەی صولحەکەی داوە، وتی سەیارەیەکی مۆدێرن و چەکێکی مۆدێرنی پێ کڕیونە مەسەلەی خۆکوشتن لەسەر شەرەف، ئێمە هەمووجار وتومانە کە ئافرەت دەکوژرێ یان دەگیرێ لە زیندانەکاندا ئەو خیانەتەی لەگەڵ کێ کردوویەتی؟ لایەنی بەرامبەر هەر پیاوە بۆچی تەنها ئافرەتەکە لایەنی ئافرەت عقوبەکە دەخوات؟ بەراستی ئەمە پرسیارێکە دەبێ لایەنی پەیوەندیدار، دیاردەی بەربڵاوی چەك زۆر باسە ئەوەمان کردووە، باسی ئەوە کراوە کە یاسای چەك بە فعلی ئێستا کاتەکەی زەرورە بۆ پێداچوونەوە، نەك تەنها بۆ چەك کڕین بەڵام کارمەندی بەتایبەتی لایەنی ئەمنی پۆلیس، پێشمەرگە، ئاسایش بۆچی دوای دەوام چەکی پێبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان هەر بۆ روونکردنەوەیەك تەقریبەن حەوت بەڕێز ماون پرسیارەکانیان بکەن ئەو حەوت بەڕێزە وەردەگرین ئەگەر تۆزێك ئاگاتان لە کات بێت دوایی پشووێك وەردەگرین بۆ سەعات (٣) دێینەوە، فەرموو مامۆستا (عمر).

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزان دەکەم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە سەبارەت بە رووداوەکان یان حاڵەتەکانی تاوان و کوشتن و حاڵەتەکانی تریش پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لەنێوان هەندێك دیاردە ئەوە ئاسانە ئێمە دەستی بۆ بەرین مەسەلەن بابەتی هەژاری بابەتی دادگەری بابەتی جێبەجێنەکردنی یاسا، لاوازی دامەزراوەکان، پەیوەندییەکی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ حاڵەتەکانی کوشتن و تاوان، بەڵام پرسیاری من لەم بەڕێزانە ئەوەیە وەزارەتەکانیان چیان کردووە بۆ ئەوەی قسەیەکی زانستی پیشەیی بابەتیانە لەسەر، هەڵسەنگاندنێکی دروستیان هەبێت بۆ ئەم رووداوانەی کە لە کوردستان روودەدەن، بۆ ئەوەی ئێمە بزانین ئێمە لە کوێی دونیاین، ئێمە خراپترین دۆخەکەمان یان باشتر وایە چی بکرێت،

ئەگەر لەو بارەوە شتیکیان هەیە عەزیەت نەبێت بیخەنە روو، پرسیاری من بۆ بەریز وەزیری ناوخۆ دوو پرسیارە لە مانگی (١٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) خۆپیشاندان لە سلێمانی، راپەرین، گەرمیان روویدا دە کەس شەهید بوون، بکوژی ئەو ئەو کەسانە دادگا کاری یاسایی خۆی کردووە، سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە، تا ئێستا دەستگیر نەکراون، هۆکار چییە وەزارەتی ناوخۆ ناتوانێ ئەو تۆمەتبارانە روو بەرووی دادگا بکاتەوە؟ پرسیارێکی تر هەر لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ لە (٢٠٢١/٢/٢٦)ی ئەم ساڵ کەسێکی تاوانکار هێرشی کردە سەر کاك (د.غالب) ئەندام پەرلەمانی بەغدا وێنەی کەسەکە، ڤیدیۆکە زۆر دیار بوو ئەو کات وا باسکرا ئەو کەسە رای کردۆتە هەولێر وە پەنا دراوە لێرە، وەزارەتی ناوخۆ بۆچی ئەو کەسە تەسلیمی دادگا ناکات؟ ئایا ئەوە راستە کە لێرە لە هەولێر پەنا دراوە یان نا؟ پرسیارم بۆ بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ماڵەکانی داڵدەدان ئەمەیە ماڵەکانی داڵدەدان ئەمەیان رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە پاراستنی ژنان، ئەو ژنانەی کە لە توندو تیژی و هەرەشەکان دەربازیان دەبێت، بەڵام بەراستی دۆخیکی زۆر خراپیان هەیە بەهۆی نەبوونی بینای شیاو، ستافی پێویست، ئەوان سەرەڕای ئەوەی تاقەی خۆیان بە تەواوی دلسۆزانە سەرف دەکەن، بەلام لە رووەوە کێشەیان هەیە، بەڕێزی چی کردووە؟ لەمەو دوا چی دەکات بۆ دەست خستنی هاوکاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم بابەتە؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند خاڵێکم هەیە یەکێك لەوانە سەبارەت بەراپۆرتەکەی ئەو سێ لیژنە بەڕێزە دوای دەست خۆشی، بەڵام دەبوایە داتا و زانیاری وردی تێدابوایە، بەڵام قسەی عامە دەبوایە وردتربوایە بۆ ئەوەی ئێمە باشتر بمانتوانیبا لەسەر بابەتەکە قسە بکەین، من پرسیارێکم هەیە بۆ وەزیرە بەڕێزەکان هەر یەکێ پرسیارێك سەبارەت بە وەزیری رۆشنبیری دوو خاڵم هەیە، ...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر قسەی عام نییە (سەرچنار) خان جوهدی لیژنەکەیە.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی چییە، قسەی زانستی و داتایە! دەی کوا داتایەکم بدەری تیای بێت.

**هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەم بەڕێزان ئێمە هەموومان زەمیلی یەکترین، بە ئیشوکاری یەکتری و هەوڵ و تێکۆشانی لیژنەکان نا دیدە نەگرین.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دانیشتنی پەرلەمان دەکەین دەبێت نەتیجەیەکیشی هەبێت، بەڕێز وەزیری رۆشنبیری سەبارەت بە گەنج و لاو تا ئێستا جەنابتان چ بەرنامەیەکتان هەیە لەبری ئەوەی لە نێرگەلەخانە و کافتریاخانەکاندابن، دەست بدەنە یەکتری و یەکتری بکوژن، چ بەرنامەیەکی رۆشنبیریتان

هەیەبۆ ئەو بابەتە؟ خاڵی دوو میدیاکان ئەو هەموو کەناڵەی کە هەیە بەبێ سانسۆر شێوازی کوشتن پیشانی خەڵك دەدەن دوایی خەڵك مومارەسەی دەکات و ئەم بابەتەی لێدەکەوێتەوە ئێوە بۆ ئیجرائات ناکەن؟ بۆ سانسۆرتان نییە؟ سەبارەت بە بەرنامەی یاسای چەك، یاسای چەك ئەمەیان تایبەتە بە پەرلەمان یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (١٩٩٣) راستە هەڵگرتنی چەك بەپێی ماددەی (٢١) فەقەرە (١،٣) ئەوە تاوانە نابێت بەبێ مۆلەت هەڵگیرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆ ئەم کوشتنە هەر بە چەك ناکرێت، ئەی چەقۆ، ئەی ئالەحادەکانی تر، ئێمە ئەبێ ئەم یاسایە چۆن هەڵگرتنی چەك بەبێ مۆڵەت قەدەغەیە دەبێ بەهەمان شێوە چەقۆ و کەتەر و ئەو بابەتانەی تریشی کە خەڵکی بێ دەکوژرێ لە هەرێمی کوردستان، هاووڵاتی هەرێمی کورستانی پێی دەکوژرێ دەبێت ئەوانەش قەدەغە بکرێت، هەموار بکرێتەوە، سەبارەت بە هۆکاری ئابووری، هۆکاری ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەرەجە یەك بەرپرسە، خەڵك بووە تەحەمولی نەماوە لە بەرامبەر یەکتری، لەبەر ئەوەی گیرفانی بەتاڵە، هەلی کاری نییە، گەنجان سەری خۆیان هەڵدەگرن، پەنا بۆ ئەوە دەبان لە یەك قسەکردندا لەگەڵ هاورێکەی نەتوانن چەنە خۆیان تاوان بەهەمان شێوەش حکومەت بە هەمان شێوە، وەزارەتی ئەوقاف ...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بنوسن بۆیان، کاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دیارە زۆربەی ئەو سەرنج و تێبینیانەی بڕادەران کردیان بەڵام دوو پرسیارم هەیە یەکیکیان لە وەزیری رۆشنبیرییە، ئەوی تریشیان لە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتییە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان تکایە زۆرمان نەماوە سێ چوار زەمیلتان ماون با ئەوانیش پرسیارەکان بکەن دوایی پشووەکە وەردەگرین، گفتوگۆی خۆتان بکەن.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز وەزیری رۆشنبیری وەك دەزانی چەندین دراما و فلیمی بێگانە کە دۆبلاژ کراون بۆ سەر زمانی کوردی لە تیڤیەکان شەو و رۆژ بڵاو دەکرێنەوە، ئایا وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ناتوانی رێگری لەم بابەتە بکات کە لە کاتێکدا ئەمانە دژی ئادابی عام و نیزامی عامن؟ خاڵیکی تر پرسیار بۆ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەڕیز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی وەك دەزانین کەسێك کە تاوان ئەنجام دەدات ئەو کەسە سزا دەدرێت و لە دەزگا ئیصڵاحیەکان هەدەفی سزاش ئەوەیە کە ئەو کەسە ئیصلاح بکرێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕیتەوە ناو کۆمەڵگا و ببتە رەدعێکیش بۆ کەسانی تر کە تاوان نەکەن، بەڵام دەبینین ئەو کەسانی کە تاوان ئەنجام دەدەن بەتایبەتی تاوانی کوشتن کاتێك کە بەند دەکرێن و سزاکەیان تەواو دەبێت یان بە هەر هۆکارێکی عەفو یان بەردەبن جارێکی تر دەگەڕێنەوە سەر ئەو تاوانە لە کاتێکدا ئەمە ئەرکی

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە بۆ ئیصلاح کردنی ئەو کەسانە بۆ ئەوەی دووبارە تەعەود نەکەن و نەگەڕێنەوە سەر تاوانەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی تیمی حکومەت دەکەم، هەروەها سوپاسی بەڕێزان لیژنە دەکەم بۆ ئامادەکردنی راپۆرتەکە، دیارە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە مێژوو لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە تاوان وجودی هەیە، واتا تاوان بە هیچ شێوەیەك ناتوانریت بنەبر بکرێت، بەڵکو دەکرێت ئەو رێژەیەی کە هەیە کەمتر و کەمتر بکرێتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش خۆشبەختانە ئەگەر چی تاوانەکان ناخۆشن تەمەنای کەمبوونەوەی دەکەین، بەڵام تا ئێستا حاڵەتە و نەبۆتە دیاردە، بەڵکو یەکێك لە هۆکارە ئەساسییەکان راگەیاندندا هەن زۆر شێوازی تاوانەکان گەورە دەکاتەوە لەلایەك، دوو لەلایەکی تر تەئسیرسلبی لەسەر دەروونی تاك دروست دەکات کە ئەمە خراپە، پرسیارەکەم بۆ بەڕێز وەزیری رۆشنبیری بەراستی لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان چۆن رۆژنامەنووسی وەرزشی هەیە، رۆژنامەنووسی ئیقتصادی هەیە، رۆشنامەنووسی سیاسی هەیە، بە هەمان شێواز رۆژنامەنووسی جینائی هەیە، واتە تەنها ئەو رۆژنامەنووسانە لە هەندیك دەتوانن قسە لەسەر شێوازی کاری تاوانکاری بکەن، لە هەندێك لە وڵاتەکان ئەو حەقە تەنیا بە هەندێك لە دەزگانی راگەیاندنی میدیاکانیش دەدرێت کە قسە لەسەر شێوازی تاوانکاری بکەن، چونکە قسەکردن لەسەری خەڵکی پرۆفیشناڵی دەوێت، لە ئەمریکا زۆربەی راگەیاندنکارەکان یان با بڵێین زۆربەی دەزگا راگەیاندنە پرۆفیشناڵەکان عەقدی لەگەڵ ئەفەسەرێکی خانەنشینی بواری جینائی هەیە بەشێوازێك هەواڵەکە دادەرێژێت، سیاغەکەی دادەڕیژێت کە تەئسیری لەسەر دەروونی تاك نەبێت، بەراستی ئێمە لەم رووە وە دەتوانم بڵێم بە جۆرێك لە جۆرەکان کەم تەرخەم بووین، دەزگاکانی راگەیاند بە شێوازێکی خراپ تەخنیەی روودانی تاوان دەکەن، هەر یەك شەخص سەعات (٨) هەواڵی سیاسی پێشکەش دەکات، سەعات (١٠) هەواڵی تاوانکاری بڵاودەکاتەوە، کە ئەمە لە دونیادا بەم شێوازە و بەم رێگەی پێنادرێت، ئەگەر عەفووم کەی کاك (هێمن) بابەتەکە گرینگە دەبێ قسەی لەسەر بکەین، دوو بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ بەراستی هەیکەلی تەنزیمی پۆلیس لە کوردستان شێوازێکی کۆنە خطواطی تەحقیق خطواطێکی کۆنە کە من دەزانم ئەمە بەر مەبنای قانونی ئصولی محاکەماتی جەزائی خطواطەکانی ئەنرێ کە ماددەی (٢٣) ...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆی بنوسە کاك (جەلال)، کاك ( رێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بابەتە بەخۆی بابەتەکی گرینگە جێگای دەست خۆشییە کە ئەمرۆ دانیشتنێك تەرخان کراوە بۆ قسە کردن لەسەر ئەو بابەتە مرۆڤ بۆخۆی بوونێکی رێزلێگیراوە لەلایەن خوای گەورە، لە هەموو ئاینەکان لە تەشریعاتی سەر زەمینیش کە مرۆڤ دایدەڕێژێت، خوای گەورە

دەفەرمویێت ( ولقد كرمنا بنی أدم ) واتە بەنی ئامادەم رێزی لێگیـراوە لە کاتێکـدا کە بەنـی ئـادەم لە دەستی بەنی ئادەم دەکوژێت، رەنگە هەندێك هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و جڤاکی هەبن، بە هەر حـاڵ ئەگەر ئـێمە قسـە لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن دیـارە لە خـوا بەزیادبێـت ئەو بابەتە نەبۆتە دیاردە، حـالەتێکە لێـرە و لەویێ روودەدات، ئەوەشـی کە پەیوەسـتە بە مێینـە لەنێـو کوشـتندا لە راسـتیا (کـارل مـارکس) وتەیەکـی هەیە دەڵـێ (ئەگەر بـتەوێ رەوشـی کۆمەڵگـایەك بزانـی کە لە چ ئاسـتێکدایە لە پێشـقەچوون بـرۆ بزانـی رەوشـی ئافرەتـان چیـیە)، بـۆیە مـن لەو سۆنگەیەوە لە وەزیری کاروکاروباری کـۆمەڵایەتی دەپرسـم ئایـا ئێسـتا لە خـوا بەزیـاد بـی ئەگەر چـی وەکـو حـاڵەت هەیە لێـرە و لەوێ، بەڵام پلانتـان چیـیە ئەگەر هەر نەمێنـێ؟ چـونکە دەبـی بەراستی ئافرەت زیاتر رێزی لێبگیرێت، من پرسیارم ئاراستەی بەرێز وەزیری رۆشنبیریشە بەرێـز وەزیـری رۆشـنبیری زۆرێـك لە بـرادەران باسـی ئەوەیـان کـرد کە دراماکـانی تـورکی بـۆچی لێـرە بازاریان ساغ دەبێتەوە؟ منیش هەمان ئەو پرسیارەم هەیە، بەڵام بە ئیـزافەی ئەوەی دەمەوێـت بڵێم لە تورکیـا ئەم درامایـانە سـتۆك بـوون، هـیچ هانـدەری نیـیە، کەچـی لێـرە بازاریـان بـۆ سـاغ دەکەنەوە! ئێـوە چـۆن دەتـوانن مەعـالەجەی ئەو بـابەتە بـکەن؟ هەر لە چوارچێـوەی ئەوەدا ئەوە کەسەی خۆی سوتاند دواجار بەداخەوە وەکو مرۆڤێك نەك وەکو سەر بە چ بەشێکی کوردسـتانە کە ئەمە بۆخۆشـی جێگـای رێـزە، ئایـا ئێـوە ئیجرائـاتی یاسـایتان لە مـڕ ئەم دەزگـا راگەیانـدنانە وەرگـرت؟ کە بـوونە مـایەی ئەوەی زەمینەیـان خـۆش کـرد هـان بـدرێت کە ئەو کەسـە خـۆی بسوتێنێت، خۆشی بکوژێت؟ پرسیارێك بـۆ بەرێـز وەزیـری نـاوخۆ لە یاسـای ژمـارە (١٦)ی سـاڵی (١٩٩٣) لە مـاددە (٦) پەیوەسـت بە یاسـای چەك هەنـدێ مەرجـی دانـاوە بـۆ ئەوەی هەر کەسـێك مۆڵەتی پی بدرێت، بەراستی مەرجی زۆر سەرەتاین، کەسێك کە تەمەنی (١٨) ساڵ بێت، خەڵکـی هەرێمی کوردستان بێت، بۆیە حەقە بەرێز وەزیـری نـاوخۆ یـان پێویسـتە پەرلەمـانی کوردسـتان ئەم یاسایە هەموار بکاتەوە...

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو، مەشروعێك تەقدیم بکەن، کاك (مم)، فەرموو.

**بەرێز مم اسکندر مم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاڤێ خـودایێ مەزن، تیمـی حـوکمەتێ نـوێنەرا ئەنجومەنـا خانمـان بخێـربێن سـەرچاڤان، بابەتەکی گەلەکا هەستیارە ژبەر هەستیاریا ڤێ ژێ مخابن دسی سالێ چویدا کو پتڤیێ خۆ حـازر نەکر، کو ئەم ئامادەکاریەکا وەسا بـاش بکەیـن کـو بشـێن کـۆنترۆلا جڤـاکێ خـۆ کەمەڵگەیـێ خـۆ بکەین، ئەگەر چل ساڵێت رابردوو ئیەم بینینە بیرا خۆ مخابن ئەڤ دەڤەرا ئەم تێدا دژین لهەرێمـا کوردسـتانی ڤۆنـاغێن سـەخت و دژوار دەربـاز بـوو، شـەرێن زۆرێـت مـالوێرانکەر و خراپکـار، دەربەدەری، کیمیابـارنکرن و هەمـی رەنگـێ ئەشـکەنجێ و نەخۆشـیێ خەلکـێ مە دمـا هێڤارچـل ساڵا ئەگەر حسێب بکەین دیت، ئەڤێ کاریگەریەکـا گەلەکـا خـراپ لسـەر دەروونـێ تـاکێ کـورد و خەلکـی هەرێمـا کوردسـتانێ دروسـت کر،مخـابن پشـتی سـەرهەلدانێ ژێ مە ئەو زەمینـە خـۆش نەکر بۆ هندێ، ژێرخانا هزری کەسایەتیا مرۆڤێ کورد ئاڤا بکەین، جهێ وێ مە سیراعەکا حزبـی و ناتەندروسـتی مە جڤـاکێ خـۆ کـرا جڤـاکەکی صـرف حزبـی دەرەنجـامی ڤـی ڤەکرنـا بەرامـبەر

دیموکراسیەتێ و ئازادیی و تەکنەلۆژیایێ و سەرۆکایەتیا هەرێما کوردستانی مخابن یەعنی گەلەك زەحمەتە توو میللەتەکی چوا بینیە خاری شۆرش کربیتن، داخلی ناڤ بازێرا بکەی، هەموو دەرگەهی بۆ ڤەکەی پێشکەڤتنی، ئاستێ تێگەهیشتن و مەعریفەتێ وی بەرهەڤ نەبیت بەرامبەر ڤی پێشکەفتنێ ڤێ تەنەلۆژیایی، ئەڤە بومە بەراستی ژی کارەسات دیڤ کارەسات دروست دکەین، ئەز وەکو تاکەکی لە هەرێما کوردستانی لدەرەنجامێ ڤێ فەوزاییی کو لهەریما کوردستانێ هەی لراگەهاندن و سۆشیال میدیایێدا ئەز لخۆ لزارۆکێت خۆ لپاشەرۆژێت زارۆکێ خۆ دترسم، ئومێد نینە کو زارۆکێ من پاشەرۆژەکا باش و ئاڤاکەر هەبیتن دەرەنجامی ڤی فەوزاییێ من نەڤێت ئامازە بهەمی ئاخافتنێت بکەم ئەڤێت هەڤالا گۆتی، بەس وەزیرێت تایبەتمەند چ پلان و ستراتیژیەتێ هەیە بۆ دروستکرنا ڤێ، خالەکا گەلەکا گرینگ مخابن بەشێك لە گوتارێ دینی لهەرێما کوردستانی گوتارەکێیە پڕی رق، کینە، چەپ، ئاخافتنێت نەشیاو بەرامبەر کەسایەتیا دیترێ ژی، چ ئیجرائاتێت قانوونی تێنە وەرگرتن، سەرەرای ئەو خەلەتی دێنە کرن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو گوتارەکی دینی نا بەڕێزان ئەو قسەی هەموو وتارێك دەکەینە هەندێك لە وتار، ناکرێت بە عمومیات قسە بکەین، (هدیە) خان فەرموو.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا شاندا حکومەتا هەرێمێ دکەم، دیرۆك و مێژوا میللەتا مە بسەدان کارەسات و ئەنفال و جینۆساید بسەرێمەدا هاتینە هەموو جارا کچ و ژن بوینە قوربانی بتایبەت ئەوا هەموو بچاڤێ خۆ دیت لە (٢٠١٤) جینۆسایدا ئێزیدیان کو ترژیدیا چەرخێ (٢١)ی بوو، سەرەرای ئەو هەموو کوشتن و دەربەدەری و چونە ژدەرڤە ژخەلکێ مە یاش کوشتن و خۆکوشتن مەزنتر ئەو بوو کچ و ژنێ مە هاتنە رەڤاندن و کوڕین و فرۆتن پێ هاتە کرن، بشێوەیەکی نامرۆڤانە توندترین توندو تیژی دەرحەقی وان داهاتە کرن، کو هەتا نوکە ژی، دوو هەزار و نۆسەد ژوان کچ و ژنێن مە دەستێ وان تیرۆرستادانە، بتایبەتی ژیپتریا وان لکەمپا هۆلێدانە، توندو تیژی هەتا نوکە ژی بەرامبەر وان تێتە کرن، ئەمن هاتینە رزگارکرن ژی هەتا نوکە دکەمپادا دژین، ژیانا وان یا کەمپایا ژیانەکا گەلەك نەخۆش و سەخت و دژوار دەرباز دکەن، تایبەت ژلایێ دەرونیڤە ژیانا وان گەلەکا نەخۆشە، چارەسەریا وان لە ئاستی پێدڤی نایتە کرن، ئەڤە ژی حەموو ژی دبنە هۆکار، کوشتن و خۆکوشتن و سۆتن پەیدا دبت، ئەڤ حالەتە لکەمپادا ژی هاتینە کرن و مەحەموا بچاڤا خۆ ژدیتنە، داخازی ژحکومتێ دکەم سەنتەرەك، نەخۆشخانەکا تایبەت یا چارەسەریا دەروونی بهێتە ڤەکرن لئاستێ پێدڤی بێت، بۆ چارەسەریا ڤان کچ و ژنێ هاتینە رزگار کرن تایبەت بۆ وان بت، داکۆ لە ئاستێ پێتڤی چارەسەریا وان بهێتە کرن و حەڤ حالەتە دووبارە نەبت، داخازێ ژسەرۆکایەتیا پەرلەمانێ دکەم تایبەت لیژنا ئافرەتا و مافێ مرۆڤان حکومەتا هەرێمی، ئەنجومەنێ بالای خانمان، وەزیرێ ناوخۆ، حەموو رێکخراوین مرۆڤایەتی ناڤخۆیی و نێڤدەولەتی بئەرکی خۆ بزانن، جدی کار بکەن ژبۆ رزگارکرنا وان کچ و ژنا کو هەتا نوکە دەستی وان تیرۆرانە، بکەڤنا هەمبێزا خێزان و کەسوکارین خۆ، باوەشا ئازادیێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (سوسن) خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا دیاردەی خۆکوشتن و خۆکوشتنی ئافرەتان پرسێکە کە تەنیا تایبەت نییە بە حکومەتەوە، بەڵکو ئەو بابەتە پەیوەندیدارە بە تاك بە تاکی هاووڵاتیانی کوردستان و ئەو پرسە هەر لەناو خانەوادەوە سەرهەڵدەدات و پەیوەندی بە پەروەردەی خانەوادەوە هەیە، بۆیە من دەپرسم لە وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی چییە بۆ داهاتوو، بۆ رێگریکردن لەو دیاردەی کوشتن و خۆ کوشتن و کەمکردنەوەی ئامارەکان؟ دووەم یەعنی لە ئەنجومەنی خانماندا دەپرسم لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ژنان دەپرسم کە تا ئێستا رۆڵیان چی بووە لە کەم کردنەوەی رێژەی توندو تیژی لەناو کۆمەڵگا و پلانیان چییە بۆ داهاتوو؟ ئەوەی تر لەراستیدا وەزارەتی رۆشنبیری کە رۆڵێکی زۆر گرینگ پێویستە بگێرێ کە ئایا وەزارەتی رۆشنبیری چ رۆڵێکی هەبووە لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەتایبەت لە بواری راگەیاندنەوە؟ چونکە زۆر جار ئەوە میدیاکانن کە هەواڵێك بڵاو دەکەنەوە دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی کە بە خراپ گواستنەوەی هەواڵێك، دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی کە رێژەی توند و تیژی زۆرتر بکریت، ئەو دیاردەیە لەناو کۆمەڵگا پەرەی پێبدرێت، چونکە میدیاکان دەتوانن بە باشترین شێوە رۆلی خۆیان ببینن، بەرنامەی باش دابنێن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا وشیار بکرێتەوە، بەرنامەی باش دابنێن، بۆ نمونە بە پەخش کردنی بەرنامەیەکی رۆژانە لە کەناڵەکان یان هەفتانە لەسەر پرسی ژن، مافی ژن، کەمکردنەوەی توندو تیژی لەناو کۆمەڵگا دژی ئافرەتان، لە راستیدا پێویستە بۆ ئەم مەسەلەیە میدیاکان گرینگی زیاتر بە بوارە بدەن، کارناس و دەروونناس بهێنن بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان وشیار بکرێنەوە،........

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەتوانن پێشنیارەکان بنوسن بۆ بەڕێزان، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئێستادا لە سایەی سەروەرنەبوونی یاسا بەخشینەوەی چەك لەلایەن حزبەوە، بازرگانی بە چەکی قاچاغێنراو، هەڵگرتنی چەکی بی مۆڵەت بەداخەوە بارودۆخی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستانیش رووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتن چیدیکە شۆکهێنەر نین! بە تەنها وەکو ئامار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەداخەوە لە دەزگاکانی راگەیاندنیشەوە، دەزگاکانی راگەیاندن وەکو ئەوەی کە هەنگیان لە کلۆرەدارا دۆزیبێتەوە یەکسەر بڵاوی دەکەنەوە کە ئەمە بێگومان کاریگەری زۆر خراپی هەیە، من دەمەویت قسە لەسەر رای هەندیك لە هاوڕێیانی بەرێزم بکەم کە پێیان وایە ئەمە حاڵەتە، دیاردە نییە، من بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەوان بیر دەکەمەوە، چونکە بە تەنها ئاماری چوار مانگی سەرەتای ئەم ساڵ سی قوربانی ژن هەیە، بەراستی هەبوونی سی حاڵەت، سی قوربانی ئەمە ناکاتە ئەوەی کە حاڵەت بێت، بە پێچەوانەوە بۆتە دیاردە، بۆیە چەند پرسیارێك هەیە بۆ هەر یەك لە وەزیرە بەرێزەکان، وەزیرانی پەیوەندار، بەڕێز

وەزیـری نـاوخۆ بـۆ مەسـەلەی بە قاچـاغ هێنـانی چەك، مـامەڵەکردنی بازرگـانی بەم چەکە قاچاغـانەوە، هەڵگرتنـی چەکـی بـێ مـۆڵەت، وەزارەت چـی کـردووە؟ پلانتـان چییـە؟ چـونکە لە ئەرزی واقیعەتدا ئێستا ئێمە هەنگاویك نابینین کاریگەری هەبووبێـت لەسـەر کەم بـوونەوەی ئەم حاڵەتـانە، دووەم بەڕێـز وەزیـری ڕۆشـنبیری ئێـوە دەتـانەوی چـۆن سـنورێك بـۆ رومـاڵکردنی ئەم رووداوانەی کوشـتن کە بەداخەوە زۆرجـار سـەردێری هەواڵەکـانی کـاتژمێر (٨)ی شـەو رووداوی خۆکوشتن و کوشتنە، چۆن سنوورێك دادەنێن بۆ ئەمە؟ کە بێگومان کاریگەری دەروونی خراپـی دروست کردووە، وای کـردووە هـیچ هـاووڵاتییەك هەسـت بە ئەمنیەت و ئەمـان ناکـات، ناکرێـت هاووڵاتی ئەرwات لەسەر فول لایتێك فیشەکی پێوە بنرێت بکوژرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم پێتڤیا دەسـتێ خـۆ بـدەینە سـەر موشـکیلا حەقیقـی لەکوێیە، لەکیـرێیە ئەو کوشـتن و کوشتکاری دروست بیتن، ئەم ئیعترافیش ژی بکەین ئەز بیـنم دڤـان خـالادا کـۆمبیتن، ئێـك یاسـا سەروەر نینە نایەتە بجێهینان، یاسـا دروسـتایی نـاهێتە بجێهینـان، ئەگەر هـاتە بجێهینـان ژی بـۆ فەقیـری رەنگەکێـیە، بۆبەرپرسـێ و خـودان پشـتی برەنگەکـی دییـە، ئەگەر ئەو قـانوونە ئیلاهـی هاتبا بجێهینان قصەصێدا (ولکم فی القصاص حیـاە یـا اولـی الالبـاب) براسـتی هەنـدە حالەتێـت کوشــتنی پەیــدا نەدبــوون، بەری خــۆ بــدەینە یەکــیش ئەســبابێت کوشــتنێ، خۆکوشــتنی لکوردستانێدا حەتا حەدەکی گەلەکـی مەزن و گەلەکـا ژی ئیشـارەت دایە درامـایێ، ئەڤ درامـایێ تێتە پەخش کرن لکوردستانێدا پێتڤییە یەعنی حەقیقەتەن وەزارەتـا رۆشـنبیری بـاش لسـەر ڤـی خالی راوەستیتن، چونکو رەنگڤەدانەکا گەلەکا مەزن لسەر خەلکی تیتە کرن بێـتە ئەگەری هەنـدی خۆکوشـتن بیـتە تشـتەکی گەلەکـی طەبیعـی، سـەبەبی دوێ ئەڤەیە چەك لدەسـتێ خەلکیـدا بـی مۆلەت، پێتڤیێ یەعنـی هەر وەزارەتـا یـا نـاڤخۆیی پرسـیار ژی ئەڤەیە وەخـت نەهـاتیە هەوڵەکـا وەسا بکەتن وەکو تەفتیشەکی وەکو لێگەریـانەکی چەکـی بـێ مـۆڵەت بێـتە سـەحب کـرن؟ بێتە کێشان لناڤ وێدا چەك نەمینێتن دکوردستانێدا، ئیلا ئەو چەك نەبیتن یـێ مـولەت بـۆ هەی، ئەڤە ژی گەلەکا زەروریا بێت هێدی کرن، دیسا سەبەبی دی ئەڤەیە ئەز بێژم هەندا ئەبلەکێش و هەنـدە طەطبیقـات و هەنـدە ئەلعابێـت هەی ئـدبیتە ئەگەری هنـدێ گەنجـی فێـری خۆکوشـتنێ بکـاتن، پێتڤیـا وەزارەتـا رۆشـنبیری وێ ژی چارەسـەرکاتن، سـەبەبی دومـاهیکی، خالەکـا پەیـڕەوی لسـەر ئاخافتنا کاك (مم) دبێژیتن خیطابا دینی، خیطابا دینی...

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە جواب درایەوە مامۆستا، کاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی من ئەو سەرنجانەی خۆم بخەمە روو بـۆ وەزیـرە بەڕێزەکـان وەك پرسـیار هیـوادارم ئەو سێ لێژنە بەڕێزە ئەندامانی ئەو سێ لیژنە هاوکارەمـان نـیگەران نەبـن، بەراسـتی راپـۆرتەکە

دەبوو داتای تیابوایە، دەبوو دیقەتی زیاتریان بکردایە، پێشنیازی تیابوایە، راسپاردەی تیابوایە، نەخشە رێگایەکی تیابوایە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی خۆکوشتن و کوشتن لە کوردستاندا، نەك ریشەکیشکردن، چونکە بە کەس ریشەکێش ناکریت بەلکو کەمکردنەوەی تیابوایە، هیوادارم نیگەران نەبن، ئەگەر حکومەتی هەرێم جدی بێت لە مەسەلەی وەزارەتەکانی داد دەبوو وەزیری دادیش لێرەبوایە، بەتایبەتی داواکاری گشتی کە سەر بەو موئەسەسەیە، هەندێك رۆڵی زیاتری دەبینی، پێشنیازی باشترمان دەخستە بەردەمی، وەزارەتەکانی داد، ناوخۆ، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و لاوان پێم وایە ئەتوانن رۆڵی باشیان هەبێت، بەڵام رەنگە لە رابردوودا وەکو پێویست ئەو رۆڵە نەبووبێ، پرسیار بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ وەڵامی ئەوەمان بداتەوە ئایا وەزارەتەکەی دەتوانێت دیاردەی چەکی نائاسایی لە دەستی هاووڵاتیان قەدەغە بکرێت بە تەواوەتی؟ جام رەش و ئۆتۆمبیلی بێ ژمارە هەموو ئەمانە کەتاوانی پێ دەکرێ هەموو ئەوانە کۆتایی پێ بهێنرێت لە خانەقینەوە تا زاخۆ، حەز دەکەین بە صەراحەت، ئاستەنگەکان چییە بۆمانی روون بکاتەوە جەنابی؟ بەشێکی مەسەلەی دیاردەی کوشت یان خۆکوشتن پەیوەندی بە مەسەلەی قەیرانی داراییەوە هەیە ئەو پرسیارە رووبەرووی جەنابی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەکەمەوە وەزارەتەکەی ئەو ئیمکانیەتەی لەبەردەستدایە هەلی کار بڕەخسێنێ و بۆ ئەوەی هەندی جار ئەو کێشەی کە ئابوورییە، ئەو مەسەلانەی پەیوەندارە بە گەنجان بە توێژە جیاجیاکان و کاسب کارانە کەم بکرێتەوە؟ واتا هەلی کار برەخسێنرێت؟ شتێکی دیکە پەیوەندی بە مەسەلەی هۆشیاری گشتییەوە هەیە یەعنی لە راگەیاندنەکاندا لە ماوەی رابردوودا یەکێك لە راپۆرتەکاندا کەسێك ژنەکەی خۆی کوشتبوو لە کەناڵێکی ئاسمانی موعتەبەر لە کوردستاندا کاتێك موقابەلەی بکوژەکە دەکات کە هەڵهاتووە لە دادگا کە خۆی شاردۆتەوە مقابەلەی بکوژەکە دەکات ژنەکە بە بێ حورمەت............

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو، ئەگەر خاڵەکانتان یەك بە یەك باس بکەن بەبێ مقەدیمە و شەرح باش پەیامەکە دەگەێنن، (هلز) خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پشتگیریا من بۆ ئاخافتنێت کاك (مم)ی منیش ئەڤ تێبینیا هەبوون پێتڤی بۆ ئامار و داتا تیدابوو دگەل هەندێ ژیدا من هەندەك پرسیارێت ڤێ راپۆرتیدا دیتن لایەنێت پەیوەندیدار لڤێرێ ئامادە نەبووینە کو بەرسڤێ بدەن، بۆ نمونە خالا سێ ئایا گرفت هەیە کو جێبجیکرنا وان یاسایدا شلایێ دادگەها کی دێ بەرسڤێ پرسیارێ بۆمە داتن، هەروەسا خالا حەفت ژی پرسیارا تەوجی کری بۆ ئەنجومەنێ خانمان ئەم نزبنین لدیف پەیرەوێ ئەنجومەنێ خانمان نەشێتن بەرسڤا ڤان پرسیارا بداتن لبەر هەندێ ئەم داخازێ دکەین ژلیجنیت مەعنی بەرسڤا ڤان پرسیارا بداتن، پرسیارەکا دیتر هەبوو بۆ لیژنێت مەعنی ئەڤەیە پرانیا سێکتەر ێت کرینە تێکدا بەحسێ سێکتەرا ئابووری نەکرییە، ئایا قەیرانا ئابووری نەبوویە ئەگەر کو ئەڤرۆکە دیاردا خۆکوشتنێ بتایبەتی دناڤ ژنادا، چونکی بارگرانیا دارایی پتر لسەر ملیت وی ژنییە، ئایا پێتڤی نەبوین کو هەندێ خال بێتە دەست نیشان کرن کو ئابووری ژی یان بێژین قەیرانا ئابووری بتە ئەگەرێ

هەندێ ئەڤ ژنا بریاری بداتن ژیانا خۆ بدوماهیك بینیتن، من نەدیتییە تاریخێدا ژنەكی دخۆشیدا دكەیفیدا ئاگرێت بخۆداكاتن گازێت بخۆ داكاتن خۆ سوتبیتن، ئیلا ئەوەیە هەندەك كێشە هەبوینە لبەر هندێ، چەند پرسیارەك منێت هەینە لوەزیرێت مەعنی جەنابێ وەزیرێت ناوخۆ لدەستپێكا هەیڤا ئێك لكەمپێت ئاوارەیێت دهاوولاتیێت مەێت ئێزیدی لدهۆكی پێنج حالەتێت خۆكوشتن لی چیبوون، یەعنی راستی ئەڤە دیاردەكا ترسناك بووە، ئایا فعلەن ئەو پێنج كچێت هەی كوشتن بوو یان خۆكوشتن بوو؟ ئەم حەز دكەین ئەگەر دەرئەنجامیت لیجنێت مەعنی لدەستی وەزیرێدا هەبیتن بۆ مە روون بكاتن، هەروەسا چ هاتیە كرینێ بۆ جێبەجیكرنا یاسایێ چەك ژمارە (١٦)ی (١٩٩٣)؟ پرسیارەكا دی بۆ وەزیرێ رۆشنبیری هندەك درامایێت دۆبلاژكری تێنە عەرزكرن بەری ئەڤ خولا پەرلەمانی بێتە ڤێ پەرلەمانی زینجیرەێت بەردەوامن حەتا نوكە هەزار و پێنج سەد زنجیرەیا چووی .....................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاتەكەت تەواو، بەشێك لە پرسیارەكانتان دووبارەن دەكرێ تەئیدی ئەو بەڕێزە بكەن كە پرسیارەكەی كردووە، بۆ ئەوەی سوود لە وەختەكانتان وەربگرن، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمی جارا ئاخر كەسم بۆ موداخەلی، یەعنی تەوەقع نەكەم حەفتێ كەس بەری من موداخەلی بكەت ئەڤ ئاخافتنێت ئەز دبێژم دووبارە نەبیتن، زۆر مەمنونم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەموو جارێ تۆ ئەخیر نی، هەندێك جار یەكەم كەس بووی، كاك (مەلا ویسی)، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی كۆبوونەوەی ئەمرۆ كۆبوونەوەیەكی زۆر گرینگە لەسەر پرسێكی تایبەت كە مەسەلەی پاراستنی گیانی مرۆڤە بە هەردوو رەگەزییەوە، بۆیە دەبێت ئەو راستییە بخەینە روو كە هەموو ئاینەكان لە سەرووی هەمووشیانەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلام رۆلی دیاری هەبووە لە پاراستنی گیانی هاووڵاتیان بۆیە بە دلنیاییەوە لە رابرووددا وەزارەتی ئەوقاف بەهۆی نزیكیمان لە كاری لیژنە بەشداریمان لە مزگەوتەكانەوە رۆلی دیاری هەبووە لە وشیاركردنەوەی كۆمەڵگا، لە هاندانی مامۆستایانی ئاینی تەنانەت وەزارەتی ئەوقاف یەكێكە لە وەزارەتانەی ساڵانە خەڵاتی تایبەتی هەیە لە رۆژی جیهانی ئافرەتان، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پێویستیمان زیاتر بە هەڵمەتی هۆشیاری هەیە، چونكە هەموومان دەزانین ئاین، مزگەوت رۆڵی دیاری هەیە لەناو كۆمەڵگا، كاریگەریشی هەیە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا من داوا دەكەم لە بەڕێز وەزیری ئەوقاف ئایا كاتی نەهاتووە بەو پێیەی كە زۆرینەی كۆمەڵگای ئێمە موسڵمانە زۆر جارانیش لە دەرەوەی دادگاكان مارەبڕینی ئافرەت ئەنجام دەدرێت، ئایا كاتی نەهاتووە پەیڕەوێكی تایبەت بۆ ئەو مامۆستا ئاینیانە دەربچێت كە هەموو مامۆستایەكی ئاینی بۆیان نەبێت ماربڕین ئەنجام بدەن؟ چونكە لە رابردوودا یان لەو چەند مانگەی رابردوودا حاڵەت هەبووە ئافرەت مارەكراوە لە (١٢)

ساڵی کە بەراستی ئەو گرفتی زۆر زۆر گەورەیە، بۆیە داوا دەکەین کە ئەم پەیڕەوە دەربچێت هەموو کەسێك ئەو مافەی نەبێت، هەروەها داوا لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەین بایەخی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی خێزان بدرێت، لە زۆر شوێن پێویستە لەو چەند رۆژەی رابردوودا لە قەزای رواندوز بووین بۆ کارێکی پەرلەمانی لەوێ گرفت هەیە، پۆلیسی توندو تیژی خێزانی نییە، هەر شتێکیان هەبێت دەبی لە سۆرانەوە پۆلیس بچێت، بۆیە پێم باشە یەعنی ئەگەر حکومەت توانا و ئیمکانیەتی هەبێت زیاتر بایەخ بەو بابەتەی بدات، بەشێکیش لە کێشە و گرفتەکان پەیوەندیان بە راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، لە رابردوودا لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان دەرچووە، پرسیارم لە وەزیری رۆشنبیری ئەوەیە ئایا ئەو یاسایە کاریگەری هەبووە لە کەم کردنەوەی ئەو حاڵەتانە؟ ئەگەر پێویستیش بەوەی بکات چ بۆشاییەك هەیە بخرێتە روو، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەریزان لەبەر ئەوەی پێویستمان بە پشووەك هەیە، کاك (مسلم) کە دەستمان پێکردەوە ئەو کاتە پرسیارەکەت بکە ئەگەر ئاسایی بێت لات، لەگەڵ لیژنەش ئەگەر روونکردنەوەیەکیان هەیە، بۆ ماوەی (٤٥) دەقە جەلسە هەڵدەگرین، (٣:١٥) وەرنەوە.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، کاك (مسلم) وابزانم بەس بەڕێزت مابووی، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، لای هەمووان ئاشکرایە حاڵەتەکانی کوشتن، خۆکوشتن، کوشتن بەشێوەیەکی گشتی لەناو ئەندامەکانی خێزان کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە بەراستی مەترسیەکانی لە زۆربووندان، ئەمە دیارە هۆکاری لەپشتەوەیە، ئەمیش هۆکاری سیاسی، دۆخی دارایی خەڵك بێ بژێوی، بێکاری، نەبوونی دامەزراندن، بەراستی گەنجان و لاوان لە بێکاری لەم وەزعە داراییە خراپە کە دەوری بینیوە، یاخود دۆخی خراپی ڕاگەیاندن، دابونەریتی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی، بەکورتی چەند پرسیارێکم هەیە بۆ میوانە بەڕێزەکان یەکەمیان بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەوەیە کە دیارە دیاردەی هەڵگرتنی چەك بە نایاسایی لەلایەن هاووڵاتیانەوە زۆر زۆر زیادی کردووە، بەئاسانی لەلایەن بازاڕەکانەوە دەفرۆشرێت، دەکڕدرێت، مامەڵەی پێوە دەکرێت، هەڵدەگیرێ و تەهدیدی پێ دەکرێت، ستەمی پێ دەکرێت، ئایا ئێوە بەرنامەتان چییە؟ دیارە خۆ ئێمە یاسایەکمان هەیە لە ساڵی (١٩٩٣) دەرچوێنراوە لەم پەرلەمانە بەڕێزە، بەڵام بەپێی زەرووەرەتی سەردەم ئێستا پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، پرسیارێکی ترم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی خۆتان دەزانن ئێمە میللەتێکی ئاین پەروەرین وە ئاین ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا ئایا بەرنامەتان چییە؟ چی بووە لە ڕابردوو؟ لە داهاتوو؟ بۆ ئاراستەکردنی مزگەوتەکان، سەرجەم ئاینەکان، ئاینزاکان، کە بیروبۆچونی خەڵك هێور بکاتەوە، ئاراستەیان بکات بەرەو جۆرێك لە ڕوئیای مرۆڤ پارێزی ڕێز، خۆشەویستی بڵاوکردنەوەی تەبایی، دورکەوتەنەوە لە کوشتن کە تاوانێکی گەورەیە بە هەموو پێوەرە ئاینییەکان، پرسیارێکیشم بۆ وەزیری ڕۆشنبیرییە بەداخەوە ڕۆڵی ڕاگەیاندن ئێستا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر دەبینێ، من پێم وایە لە هەموو ڕۆڵەکانی تر بەراستی کاریگەری زیاترە، ئێمە ڕاگەیاندنمان زۆرە، کەناڵەکانمان زۆرن، سۆشیال میدیا بەربڵاوییەکی زۆر زۆر هەیە، ئەمە زەمینە سازی کردووە بۆ بڵاوبوونەوەی تاوان، بۆ جێبەجێکردنی تاوان لەلایەن خەڵك، بۆ برەودان بە تاوان، یەعنی دراما هەیە بەراستی زیاد لە هەزار ئەلقەیە بەس بریتییە لە درامای پۆلیسی و کوشتن و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوان و کوشتن، ڕێپیشاندان بە تاك، چی بکرێت؟ چیتان لە بەرنامەدایە بۆ ئەوەی ئەم درامایانە کاریگەریتان هەبێت لەسەر تەلەفزیۆنەکان، لەسەر کەناڵەکان بۆ ئەوەی بەراستی خەڵك ئاراستە بکرێت بەرەو تەبایی، بەرەو خۆشەویستی، بەرەو پەروەردەکردنی خێزان، بە شێوەیەکی گشتی لەسەر میدیا، کۆتا پرسیاریشم لە بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوەیە ئەوانەی کە تاوانیان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت، ئەوانەی کە مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە دێن هانا بۆ ئێوە

دەهێـنن، چیتـان لە بەرنـامەیە بـۆ ئەوەی کە بیانپـارێزن دووبـارە دوچـاری هەرەشـە و مەترسـی نەبنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس بـۆ بەشـداریت، سـەرەتا دەرفەت دەدەیـنە بەڕێـز سـەرۆکی لێـژنەی داکـۆکی لە مافەکـانی ئافرەتـان، بـۆ ئەوەی قسـەی خـۆی بکـات، لە مـاوەیەکی قیاسـیا قسـەکانت بـکەی، فەرموون.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومـان هەر یەك لە ئەنـدامانی بەڕێـز کە پرسـیارێك یـان پێشـنیارێك دەکەن، یـان ڕەخـنەیەك دەگـرن لە پەرۆشـییە بـۆ پرسـەکە، بەڵام سـەبارەت بە داتـا و هۆکـار و راسـپاردەکان کە لەنـاو راپـۆرتەکەدا نیـیە، ئـێمە لێـژنە هاوبەشـەکان گفتوگـۆیەکی زۆر وردمـان لەسـەر ئەو بـابەتە کـرد دوایــی گەیشــتینە ئەو بڕیــارەی کە ئەگەر ئــێمە لە راپــۆرتی یەکەم هەمــوو داتــا و هۆکــار و راسپاردەکان بخەینە ڕوو، کەوابوو چ پێویست دەکات تیمی بەڕێزی حکومەت داوا بکەین ئامادە بن، بۆیە داتایەکان لەلای ئێمە هەمووی بە دەقیقی هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێز لە هەر مێژوویـێك داوا دەکـات هەمــووی ئامــادەیە، ئامــادەینە پێشکەشـیان بکەیـن، بێگومــان لەسـەر مەبنـای کۆبوونەوەی ئەو جەلسەیە لە پرسیار و لە وەڵامەکان پاشانیش راپـۆرتی ترمـان دەبێـت دووبـارە ئەندامان بە دەستیان دەگات، دەگاتە لایەنە پەیوەندارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس (لنجە) خان، دەستتان خـۆش بێـت، بەڕێـزان لە شـاندی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان خۆتـان تەسەلسولێك دانێن بۆخۆتـان بـۆ وەڵامـدانەوە، وابـزانم هەنـدێك لە بەڕێـزان ئیلتیزامـی تریان هەیە بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەست پێدەکەین، فەرموون. پـێش ئەوەی بەڕێزیـان دەسـت پێبکات بەڕێزان بەیانیش کۆبوونەوەی پەرلەمـان هەیە بـۆ تەواوکردنـی ئەم بـڕگەیەی بەرنـامەی کار کە لەناو کارنامەکەدا هاتووە، بەیانی سەعات (١١).

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسـتەی سـەرۆکایەتی بەڕێـز، ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـانی کوردسـتان، زۆر سـوپاس بـۆ بانگێشـکردنمان، لەسـەر پرسـێکی زۆر گرینـگ و هەسـتیار کە پەیوەسـتە بە هەمـوو کۆمەڵگـای کوردسـتان، پەیوەسـتە بە هەمـوو خێزانێـك و تـاکێکی ئەم وڵاتە، بـابەتی دیـاردەی خۆکوشـتن، کوشتن، سـوتان، تونـد و تیـژی دژی خێـزان یـان دژی ئـافرەت بەشـێوەیەکی تـایبەت هەمـوو ئەو بابەتـانە بـابەتێکی زۆر گرینـگ و هەسـتیارن کە ئـێمە لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان زۆر بە گرینگــی ســەیری دەکەیــن، یەکێــك لە بــڕگە ســەرەکیەکان لەبەرنــامەی کــاری ئەم کــابینەیە کە پێشـکەش بە جەنابتـان کـراوە ئەوەیە کە ڕێزگـرتن لە مـافی مـرۆڤ، ڕێزگـرتن لە پـایەی ئـافرەت بەتایبەتی، ڕۆڵدان بە دانان بە پـێکەی شایسـتە بە ئـافرەت لە جـومگە سـەرەکیەکانی حـوکمڕانی، ڕووبەڕووبـوونەوەی دیـاردە نەشـازەکان بەتـایبەتی دیـاردەی تونـد و تیـژی دژی خێـزان، ئـێمە لە ئاستی سـەرۆکی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، جێگـری سـەرۆکی حکـومەت گرینگـی تـایبەت

دراوه چەندین کۆبونەوەی یەك بەدوای یەکیش بۆ ئەم بابەتە رێکخراون، سەردانی مەیدانیش کراوە لە بۆنەو رۆژە تایبەتەکان کە پەیوەستە بە مافی ئافرەتان و یادی ئافرەتان، رۆڵی ئافرەتان لەناو کۆمەڵگا، رێنمایی و بڕیار و رێکاری پێویست گیراوەتەبەر لە ئاستێکی وەزاری، کاری پێویست کراوە بۆ رێکخستنی باشتری پاراستنی هەموو تاکێکی کوردستان، هەروەها ئافرەت بەتایبەتی، ئەم بابەتە تۆزێك دەبێت بگەرێینەوە دواوە، ئایا مەسەلەی کوشتن، توندو تیژی تایبەتە بە کاتێکی دیاریکراو، لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو یان شتێکە لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی ئەم بابەتە بوونی هەبووە، هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە لە هەموو چیرۆکەکانی کە ئاینەکان باسی دەکەن بە توندو تیژییەوە دەستی پێکرایە پەیوەندی نێوان مرۆڤ بۆ مرۆڤ، بەڵام دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا، دروستبوونی حکومەت و دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم بابەتە رێکخراوە و دواتریش لەسەر ئاستی رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی و ئاستی نیشتمانی بڕیاری پێویست و یاسای پێویست دانراوە کە لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ گرنگی تایبەت بدرێت بە مافی ئافرەتان و رێزگرتن لە رۆڵی ئافرەت، ئێمەش لە هەرێمی کوردستان هەر لەدوای راپەڕینەوە پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە لەوەی کە چەند یاسا و بڕیاری دەرکردووە تایبەتن بە شێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە باشترکردنی بارودۆخی تاك و خێزان، هەروەها پاراستنی باشتری مافی هاوڵاتیان، لەوانە کە هەر زوو لە ساڵی (١٩٩٣) یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (١٩٩٣) یاسای هەڵگرتنی چەك و بەکارهێنانی چەك و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چەك لە پەرلەمان دەرچووە، دواتر لە ساڵی (٢٠١١) یاسای ژمارە (٨) کە تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی لەناو خێزان، یاسا و بڕگەی تریش کە ئەو تەعدیلاتەی کە بەسەر یاسای باری کەسی هاتووە کە بنبڕکردن یاخود قەدەغەکردنی فرە ژنی، ئەو بابەتانەی تر کە پەیوەندی بە کۆمەڵگای کوردستان هەیە، چەندین بڕیاری تر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردنی چەندین سەنتەر و ئۆرگانی تایبەت بەم بابەتە، بۆیە من هەمیشە کە دێمە خزمەت جەنابتان لە پەرلەمانی کوردستان ئێوە مافی خۆتانە ئەو بابەتانەی کە لە کۆمەڵگا دەگاتە دەستی ئێوە یاخود هەستی پێ دەکەن کە گرینگە چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، جۆرێك لە نیگەرانی وە حەقی خۆشتانە ئێمە نیگەرانین لەو دیاردەیەی کە هەیە یاخود ئەو حاڵەتانەی کە هەیە، نیگەرانیەکی گشتی و سەرتاسەرییە، بەڵام ئێمە بەو رەشبینییەوە سەیری بارودۆخەکە ناکەین، بە ئاماژەدان بەو بڕیار و ئەو رێکارانەی کە لە پەرلەمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەموو ئەو حزبانەی کە لێرە ئەندامن بە ئەسەری رەجعی و لە ئێستا و لە داهاتوشدا هەموومان باوەڕمان بەوەیە کە مافی ئافرەت، مافی هاووڵاتیبوون دەبێت پارێزراو بێت، بۆیە ئێمە کە سەیری رووداوەکان دەکەین راستە ئەگەر یەك کەسیش توند و تیژی بەرامبەر بکرێت، یەك کەسیش بکوژرێت یان خۆی بکوژێت، یان بسوتێنرێت یان خۆی بسوتێنێت بە هەر هۆکارێك منداڵێك، ئافرەتێك، پیاوێك، لێرە ئەوەی کە هەستم کرد کەستان باسی ئەوەتان نەکرد ئەو توندو تیژییەی ئێستا دروست بووە لەبەرامبەر پیاوان کە چەندین حاڵەت روویداوە لە شوێنی جیا جیا کە ئافرەت پیاوی خۆی کوشتووە، ئەمەش توند و تیژییە، کەواتە دەبێت حاڵەتەکان وەکو خۆی باس بکرێت، کۆمەڵگای ئێمە لە قۆناغێکی راگوزەردایە، هۆکارگەلێکی زۆر باسکران کە هەموویان راستە من خۆم وەکو وەزیری ناوخۆ سەرەتا دەست خۆشییەکی زۆرم بۆ

لیژنەکـانی پەیوەنـدار هەبـوو بەراپۆرتەکەیـان، راپـۆرتێکی پوخـت و رێـك وپێـك، دەسـتیان خستبووە سەر نەخۆشییەکە، دواتریش هەمـوو بەشداریکردنێکی پەرلەمانتـارانی بەڕێـز هەمـوو ئەو هۆکـارانەی باسـتان کـرد مـن وەکـو وەزیـری نـاوخۆ پشتگیری دەکەم، لە کـاتی ئیسـراحەت باسیشـمان کـرد کە هەمـوو وەزیرەکـان ئـێمە پشـتگیری لەو بۆچونـانە دەکەیـن کە هۆکارەکـان لەشوێنی خۆی، راستە، بەڵام پێش هەمـوو شـتێك بەڕێـزان دەبێـت ئـێمە تـۆمەت نەخەیـنە سـەر لایەنی جێبەجێکار کە وەکو پێویست بەپیر ئەو بابەتانەوە نەچووە، ئەبێت کۆمەڵگـای کوردسـتان وەکو خۆی ببینین، ئـێمە لەدوای راپەڕیـن، لە پـێش راپەڕیـن کۆمەڵگـایەکی داخـراو، کۆمەڵگـایەك توشی چەندین شاڵاوی بەدناوی ئەنفال و جینۆسـاید و کوشـتن و بـڕین و گـرتن لەدواتـریش ئەم بـابەتە بەردەوام بـوو تـا دەگـاتە شـەری نـاوخۆ، نەگـریس، کە هەموومـان لەو قۆنـاغەدا ژیـاوین، بینیمـان چـۆن بـوو، دواتـر ئەو رووداوانەی کە بەدوای خۆیـدا هـات لە ئـازادکردنی عێـراق و بڵاوبـوونەوەی بەشـێکی زۆری چەکـی رژێمـی پێشـوو، نەك هەر چەکـی سـوك بەڵکـو هەمـوو ئەو چەکە قورسانەی هەبوو لە رژێمی پێشوو کەوتە دەستی خەڵـك، دوای ئەوە رووداوەکـانی شـەڕی داعـش، رووبەڕوبـونەوەی ئازایـانەی پێشـمەرگەی کوردسـتان و خەڵکـی خـۆبەخش کە رۆڵێکـی بەرچاویـان بینـی، هەمـوو تـاکێکی کوردسـتانی رۆڵێکـی بەرچاویـان بینـی لەخـۆڕاگری لە شـەڕی داعـش وە قوربـانییەکی زۆرمـان دا، لەگەڵ ئەو بارودۆخـانەی کە بەسـەر هەرێمـی کوردسـتاندا هـاتووە، لەگەڵ ئەو پێشـکەوتنانەی کە لەرووی کـۆمەڵایەتی دروسـت بـووە، ئەو کـرانەوەی کە هەرێمی کوردستان بەرووی تەکنەلۆژیای نـوێ، بەرووی دونیـای دەرەوە، ئەو تـێکەڵاوی و سـەفەر و هاتن و چوون و گەشت و دیداری کە پێشتر لە ریزەکانی شۆرش و لەدوای راپەڕین و ئێسـتاش هەر تاکێکی کورد رەنگە مافی هەیە بگەرێتن و وڵاتـان ببینیـتن، ئەو رێسـایانەی کە دەرچـوون لە پەرلەمـان و حکـومەت پەیـڕەوی لێکـرد لەوەی کە ئـازادی تـاك و ئـازادی هـاوڵاتی هەمـوو ئەمـانە هۆکارێکن کە کۆمەڵگـایەك دابڕانێـك لەگەڵ ئەو کلتـوورە پێشـووەی کە هەمـان بـووە، لەگەڵ ئەو کلتوورەی کە ئێستا رووبەرووی بوینەتەوە کە لە هەندێك حاڵەت کلتـوورەکە نـامۆیە بە کلتـووری کوردسـتان، بنەمـای ئەم کێشـانە بنەمـایەکی ئـاینی، کلتـووری، کـۆمەڵایەتی، سیاسـی، ئـابووری، حـزبییە، هەمـوو ئەمـانە کـاریگەری راسـتەوخۆی هەیە لەسـەر ئەوەی کە ئـێمە وەکـو حکـومەتی هەرێمی کوردسـتان نەمـان تـوانیبێتن وەکـو پێویسـت بـابەتی چەك، چەکداری، هەڵگرتنـی چەك، بازرگانیکردن بە چەك، کۆنترۆڵ بکەین، من باسی شتێك ناکەم کە نامۆبێـت بە ئێـوە، ئـێمە باسـی پرۆسەی چاکسازیمان کردووە، چاکسـازی لە وەزارەتـی پێشـمەرگە کەسـتان باسـی ئەو بابەتـان نەکـرد، کە بەشـێکی زۆری ئەو چەکەی کە بەکـاردێتن چەکـی پێشـمەرگەیە، پۆلیسـە، ئاسایشـە، دەزگاکانی ترە، کە چەکێکی رێگە پێدراوە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئـێمە هێشتا نەمان توانیوە ئەو چاکسازییە پێویسـتە بکەیـن کە هەمـوو هێـزە ئەمنیەکـان و هێزەکـانی پێشمەرگە بخەینە بن رکێفی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ ئەوەی دواتـر ئەم چەکە رێگە پێدراو بێت و کـۆنترۆڵکراو بێـت، ئێـوە نـوێنەری هەمـوو حزبەکـانن ئەوەی کە رەنـگە تاك و تەرا حزبەکی لێ دەربچێت، بەڵام هەموو چەکداربوونە، چەکیان هەبووە، ئێسـتاش هەیـانە، ئەوەی کە لە هەموو حزبەکان زیـاتر کەمتـر چەکـی هەیە داواکـاری دەکـات بـۆ پاراسـتنی زیـاتر و دانـی چەك، مـۆڵەتی زیـاتر، پاسـەوانی زیـاتر، ئەمە حەقیقەتـێکە لەو وڵاتە بـوونی هەیە، دەبێـت

لەسەر ئەرزەیەکی موشتەرەك قسە بکەین، من ناتوانم بڵێم نیگەرانییەکانی ئێوە لەشوێنی خۆی نییە، من سەدا سەد لەگەڵ نیگەرانیەکانی ئێوەم، پشتگیری هەموو نیگەرانیەکانی پەرلەمانتاران دەکەین، ئێمەش بەشێکین لەو نیگەرانییە، هەموومان بەیەکەوە دەتوانین ئەو بابەتە چارەسەر بکەین، لە وەزارەتی ناوخۆ، لە کابینەی نۆیەم هەر زوو درکمان بەو بابەتە کرد، زوو دەستمان دا بڕیارێکمان دەرکرد کە وەرگرتنی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك ئیتر بە ئاسانی نییە، چەند بەڕێزێك ئیشارەتیان پێکرد گوتیان کە چەکی بێ مۆڵەت زۆر بووە، لەبەر ئەوەی کە ڕێکاری مۆڵەتدان توند بووە، دەبێت ڕێکاری مۆڵەتدان توند بکەین، بەڵام نابێت چەکی بێ مۆڵەت لەسەر شەقام هەبێت، کێشەکە لێرە ئەوەیە بەشێکی زۆری برایانی پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، دەزگا ئەمنییەکانی تر، ئەحزاب، بە سروشتی کۆمەڵگای کوردستانی ئەوەیە کە چەك بەشێك بووە لە هەر ماڵێك، ئینجا لەبەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایە بەردەوام لەژێر هەرەشە بووە، هەمیشە لەژێر ئەوە بووە کە دوژمنان و ناحەزانی ئەم هەرێمە هێرشەك بکەن لەکاتی بەرگریکردن هەڵمەتی بەرگریکردن هەموو تاکێك بە ئافرەت و پیاوە وە لەو کوردستانە بە مەسئولیەتی خۆی زانیوە بەشداریکردووە لە راپەڕینەوە هەتاوەکو خۆڕاگر و شەڕی دژی داعش، بۆیە کە باس دەکەین لەوەی دیاردەی چەك زۆرە لەسەر شەقام واقیعەکە ئەمەیە، شتێك نییە ئێوە پێی نامۆبن، بەڵام مافی خۆتانە داوا لە حکومەت بکەم کە ڕێکاری توندتر بکات، ئێمە بەرپرسیارین وە لەم بەرپرسیاریەش راناکەین و تەحەمولی ئەم بەرپرسیاریەتیەش دەکەین، ئەوەی لەتوانای ئێمەشدا بێتن بەدواداچونمان کردووە، لەسەر ئەو مەوزوعە چەندین بڕیارمان دەرکردووە، ئاگاداری پارێزگارەکانمان کردووە، ئیدارە محلییەکان کە پێویستە دیاردەی هەڵگرتنی چەك لەسەر شەقامەکان کەم بکرێتن، چ بە مۆڵەت، چ بێ مۆڵەت، کاتێك کە دەڵێین چەکێکی بە مۆڵەتە مانای ئەوە نییە ئیتر کابرا ئازادە بێنێ لە قەدی ببەستێت و لەناو شەقام، ئەم چەکە هەڵگرتنە، بەکارهێنانە، راگرتنی چەکەکەیە، ڕێکارەکانمان زۆر توند کردووە بەڕێزان، هەتا حەدی ئەوەی کە ئێوە هەستی پێ دەکەن، کە رەنگە هۆکارێك بێت لەوەی کە چەکی بێ مۆڵەت زۆر بوبێتن، ئێمە دوای ئەوەی کە چەندین پرسیار لە ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانی لیژنەی ناوخۆ، لیژنە پەیوەندارەکانی تر ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراون لیژنەیەکمان دروست کردووە کە پێداچوونەوە بە تەعدیلە یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (١٩٩٣)ی چەك بکات، لیژنەیەکمان دروست کردووە لە وەزارەتە پەیوەندارەکان، دەزگای ئاسایش، وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ، وابزانم وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیش ئەگەر نوێنەری تیدابێت، ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەستن بە دیاردەی چەك هەڵگرتن لیژنەیەك کە ئێستا دیراسەی دەکاتن و تەقریبەن تەواو بووە، لە ئایندەیەکی نزیکدا لە ئەنجومەنی وەزیران تێی دەپەڕێنین و عەرزی جەنابتانی دەکەین، بۆ ئەوەی تەعدیلی پێویستی لەسەر بکرێت، مەرجەکانی یاسایەکە سوکن، ئاسانن، بۆ هەڵگرتنی چەك، بۆ نمونە ئەوەی تەمەنی (١٨) ساڵ بێت، خۆ ئەمە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل نییە! ئەمە بابەتی چونە مەدرەسە نییە، یان چونە زانکۆ نییە، مافێکی ئاسایی نییە، هەڵگرتنی چەك بۆ لە (١٨) ساڵی رێگە پێدراو بێت؟ ئێمە تەمەنی هەڵگرتنی چەك بەشێوەی یاسایی دەیگۆڕین، لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکان ئەوەی تێدایە، بابەتی هەبوونی بازاڕەکانی چەك فرۆشتن لە کوردستان، بەڵێ ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی زۆر خراپ و ناشرینە بەڵام لە کاتی شەڕی داعش

دیاردەیەکی دروست بوو، بۆ ئەوەی پێشمەرگە چەکی خۆی هەندێك جار ناچار بووە تەقەمەنی لە هەندێك شوێن دابین بکاتن، چونکە نە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەکو پێویست هاوکاری پێشمەرگەی کرد، نە حکومەتی عێراق ڕێگەی دەدا پێشمەرگە چەکی دەست بکەوێتن، بۆیە لە هەندێك شوێن ئەمە خاڵێکی ئیجابی بووە، بەڵام ئەگەر چەند خاڵێکی ئیجابی تێدابێت، تەواوی پرۆسەکە خاڵی نێگەتڤی تێدایە، ئێمە لەگەڵ ئێوەین، هەستیشمان بە نیگەرانیەکە کردووە، لێژنەیەکمان دروست کردووە بۆ دیراسەتکردنی ئەوەی چۆن ئەم بازاری چەك ئێمە ناتوانین بەڵێنتان بدەینێ بڵێین بازاڕی چەك لە کوردستان بنبڕ دەکرێت، نە ئێمە و نە هیچ وڵاتێکیش ناتوانێ ئەم بەڵێنە بدات، لە کام وڵاتی دیموکراسییە کڕینی چەك و بەکارهێنانی چەك بە یاسا ڕێکخراوە و بازار هەیە وەکو چۆن خەڵێك پێویستی بەخواردن و کەلوپەل و ژیان هەیە دەچێ چەکی پێویستی خۆی دەکڕێ، بەڵام ڕێکاری پێویست هەیە دەبێ ڕەچاوی بکات، ئێمە خەریکین لە یاسای نوێی چەك ئەم بابەتە شوێنی بۆ بکەینەوە، پێشنیاری باشیشمان لەبەردەستە، پێم خۆشە ئەگەر بەڕێزتان پێشنیارتان هەبێت لەو بابەتە، چ بە نامە بێت، چ بە ڕاپۆرت بێت، لەدوای ئەم کۆبونەوەیە تەوصیاتی ئەم کۆبونەوەیە بۆ ئێمە بنێرن، ڕێکارەکان دەگرینە بەر، لە یاسای چەك جێگای دەکەینەوە، هەر یەکێك لەو خاڵانەی تر سزاکانی ناو یاسای چەکە، ئەگەر یەکێك بەبێ مۆڵەت چەکی پێ بوو سزایەکە گرتنێکی چەند سەعاتی بێ یان چەند ڕۆژی بێت یان چەند مانگی بێت، ئەبێت بگۆڕدرێت بۆ سزایەکی توند، هەم لەرووی دارایی هەمیش لەرووی بەندکردن و ئیجرائاتی یاسایی، ئەمە لە پرۆژە یاسای نوێ ئیشارەتی پێکراوە، لەگەل ئەوەشدا بەڕێزان هەندێك ماڵ هەیە لە شار و گوند و لادێکانی کوردستان چەکی قورسی تێدایە، دۆشکەی تێدایە، هاوەنی تێدایە، تۆپی تێدایە، ئارپیجی تێدایە، بیکەیسی تیدایە، کە ئەمانە هیچ پێویستی ڕۆژانەی ئەو خێزانەش نیيە، بەڵام بەهەموو باگراوندی خۆمان وەکو خێزان، وەکو تاکێکی ئەو کوردستانە لە هزری خۆیەتی ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان پێویستی پێبێت بۆ بەرگریکردن ئینجا لە عەشرەتەك بێت، لە حزبێك بێت، لە کوردستان بێت دژی ناحەزان، ئەمە بۆچونێکە ئێوە هەمووتان دەزانن ئەوەی من باس دەکەم شتێکی نهێنی نیيە، بەڵام تەنها بەبیرهێنانەوەیە و ئاگادارکردنەوەیە کە حەقیقەت ئەمەیە، بەپێی ئەم پرسیارەی هاتووە بەڕێزێك دەڵێت ئایا پەرلەمانتار پێویستی بە پێناسەی چەك هەیە؟ نەخێر، چونکە بەپێی یاسای چەك پەرلەمانتار و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێم و هەموو کابینە و ئەوانەی کە دەسەڵاتی فەرمینە پێویستیان بەوە نییە کە لە ئاستێکی دیاریکراو، لە یاساکە نوسراوە کە ئەمانە پێویستیان بە مۆڵەت نییە، ئەمە دەربارەی چەك، بابەتی تر بابەتی توندوتیژی دژی خێزانە، ئێمە یاسایەکمان هەیە بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان، هەم لە حکومەت، هەم لە پەرلەمان، کە لە نزیکەوە لەگەڵ لێژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر هێلین، هەم ئەنجوومەنی خانمان و هەمیش وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە گشتی هەستمان بەوەکردووە کە نەقسێك لەم یاسایە هەیە، هەر لە ناونیشانی یاساکە کە توند و تیژی دژی خێزان ئێمە لە کاتی جێ بەجێکردنی یاساکە لە دادگاکان تووشی کێشە بووینە، لە دادگاکان لە دهۆك، لە سۆران هەر ئافرەتێك لە ناو خێزان یان لە دەرەوەی خێزان تووشی کێشەیەك ببێت ڕادەستی دادگای پەیوەندیدار دەکرێت کە وەکو یاسای توند و تیژی، بەڵام لە هەولێر و

سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و راپەڕین تەنها ئەوەی کە لە یاساکە ئاماژەی پێکراوە لە ناو خێزان، یەعنی ئەگەر ئافرەتێك لەسەر شەقام تووشی تووند و تیژی ببێت ئەمە ناچێتە چوارچێوەی یاساکە، چونکە یاساکە دەڵێت یاسای بەرنگاربوونەوەی تووند و تیژی دژی خێزان، بۆیە ئێمە پێشنیارمانکردووە و پەرلەمانتاری بەڕێزیش لیژنەی پەیوەندیداری ئافرەتان ئەوانیش رەزامەندبوونە لەسەر ئەوەی کە ناونیشانی یاساکە بگۆڕین بکەینە پرۆژە یاسایەك تەقدیم بکەین کە ئێوە وابزانم خوێندنەوەشتان بۆ کردووە پێشتر، ئێمەش دیراسەمانکردووە بە سوپاسەوە رەزامەندیتان داوە کە جارێکی تر بیگەڕێننەوە بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکەین، وە ئەو خاڵانەی کە پێویستن گۆڕانکاریان تێدا بکرێت و تەعدیلی پێویستی لەسەر بکرێت، لە ناونیشانەوە بگرە تاوەکو دیباجەکە هەمووی پێویستی بە گۆڕانکاریە، چونکە لە ئەنجامی جێ بەجێکردن ئێمە هەستمانکردووە دادگا خۆی ناخاتە ناو هەموو کێشەکان، ئێوە زۆر بە رێك و پێکی باستان لە سەروەری یاسا کرد، تەبعەن سەروەری یاسا درۆشمێکە و قەناعەتێکە کە هەموومان قەناعەتمان پێ هەیە، بەڵام لە جێ بەجێکردندا بەڕاستی دادگا و ئەنجوومەنی دادوەری لایەنی سەرکیە، رەنگە ئێمەش وەکو لایەنی جێ بەجێکار کە بە تایبەتی دەزگا ئەمنیەکانی وەزارەتی ناوخۆ کە تاوانباران دەگرین یەکێك لە نیگەرانییەکانی هەر سەرەکی ئێمە ئەوەیە چۆن ئەو تاوانبارانە لە زیندان بمێننەوە و دادگا مامەڵەی تاوانباری لەگەڵ بکات و بمێنێتەوە، بە کەفالەت ئازاد نەبێت، بەڕێزان، ئێمە شەونخونی دەکەین پۆلیس، ئاسایش، دەزگا ئەمنیەکانی تر، برایانی پێشمەرگە هاوکارمان دەبن لەوەی کە تاوانبارێك دەستگیر دەکەین، دەبینین یاسایەکە بە کەفالەت بەری دەدات، ئینجا ئەمە کێشە لە خودی یاسایە یان لە دادگاکان خۆیانە یان لە دادوەرە بەڕێزەکانە، بەڕاستی ئەمە پێویستی بە هەلوەستەیەکی جدیە، ئێمە ئەو بابەتەمان لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری باسکردووە، کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری و ئەندامانی ئەنجوومەنی دادوەری کردووە لەسەر ئەم بابەتە، ئێمە دوای حەفتەیەك، دە رۆژ، مانگێك یان دوو مانگ تاوانبارێك هەڵاتوو دەستگیر دەکەین دێت دوای بیست و چوار کاتژمێر بە کەفالەت بەردەبێت، ئەوە موعاناتی ئێمەشە، ئێمە داوای پشتگیری زیاتر دەکەین هەم لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم خاڵە، هەمیش لە ئەنجوومەنی دادوەری کە زیاتر بە تەنگ ئەم کێشەوە بێن، وە بەشێکی دادوەرە بەڕێزەکان بەڕاستی زۆر هاوکارن و ماندوون لەگەڵمان، وە ئامادەن کە هەموو شتێك بکەن بۆ ئەوەی سەروەری یاسا بچەسپێنن، بەڵام بۆشایی هەیە لە یاساکە، بۆشایی هەیە لە جێ بەجێکردنی یاساکەش، وە فشاری زۆریش لەسەر دادگاکان هەیە کە دادگا لێرە نیە و ئەنجوومەنی دادوەری لێرە نیە با ئێمە هەر ئەوە نەبێت باس لەوە بکەین کە بۆشایی هەیە، بەڵام فشارێکی تاك، خێزان، عەشیرەت، حزب، بە ئەنواعی رێگا فشار لە دادگا دەکرێت بۆ ئەوەی دادگا رێچکەی خۆی یاسایی وەرنەگرێت و بڕیاری دروست نەدات، ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە پێویستی بە کێشە چارەسەرکردنی دەروونیەکان هەیە، ئێمە کێشەی دەروونیمان هەیە لەو کۆمەڵگایە زۆرتان باستان لە بابەتی دەروونیکرد، هەموومان دەرئەنجامی پرۆسەیەکی نا سرووشتینە لەو وڵاتە تووشی عەزاب و کێشەی دەروونی زۆر بووینە لەسەر دەستی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، لە دوای راپەڕینیش و لە دوای (٢٠٠٣)ش ئەو موحارەبە نەفسیەی کە

لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێت لە بابەتی بودجە ئەمە کێشە دروستکردنە بۆ تاك بە تاکی هەرێمی کوردستان، دەروونی خەڵکی کوردستانیان شێواندووە بە بابەتی لاوەکی خەریك کردووە، ئەم بابەتانەی کە ئێوە باسی لێوە دەکەن و قووت و بودجەی خەڵك ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بشتگیریتان دەکەین، نوێنەرایەتی خەڵك دەکەین، ئێمەش لەگەڵ ئێوە دەڵێین ئەو غەدرە لە خەڵکی کوردستان دەکرێت، بەڵام ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان نیە دەیکات، ئەم کێشە دەروونیانەی کە رووبەرووی تاکی کورد دەبێتەوە ناحەزان و دووژمنانی ئێمە لە پلانێکی تۆکمە بەرانبەر بە ئێمە بەکاری دێنن، وە حزبە سیاسیەکان بە گشت یەك دادەدەن، بۆیە تکام وایە وەکو ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز رەچاوی ئەم بابەتە بکەن هەموومان بە جۆرێك لە جۆرەکان پێویستیمان بە بابەتی دەروونناسی هەیە، چونکە مرۆڤ ئەگەر لە حاڵەتێکی ئاساییدا بوو، لە دەروونێکی ئاساییدا بوو دەتوانێت بڕیاری دروستیش بدات، لەبەر ئەوەیە زۆرجار لەسەر کێشەی زۆر بچووك خێزانێك لەبەر یەك هەڵدەوشێتەوە، سەیری رووداوەکانی هاتووچۆ بکەن، خۆ ئەمە خەتای کەس نییە، نە پەرلەمان، نە حکومەتە، نە خەڵکی ترە، شۆفێرێکە کێشەیەکی شەخصی هەیە تەکسیە ژیانی چەندین خەڵکی تر دەخاتە مەترسیەوە، دەروونی ئەم کەسە ئارام نیە، هەموومان پێویستیمان بە پێداچوونەوە هەیە بە تایبەتی لە رووی دەروونیەوە، لەم بابەتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی زۆر چالاکمان هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ کە رووبەرووی توند و تیژی دژی خێزان و ئافرەت دەبێتەوە، وە رۆڵی بەرچاوی بینیووە بەڕێوەبەرایەتیەکان لە ئاستی پارێزگاکان کراونەتەوە، ئیدارە سەربەخۆکان، گرنگی زیاترمان پێداون لەو کابینەیە لە دابینکردنی پێداویستی لە کردنەوەی نووسینگەی زیاتر، بەڵام دیسان ئێمە لەبەر کێشەی دارایی و مەسەلەی بوودجە و نەبوونی میلاکی پێویست ئەم نووسینگانە پێویستیمان بە پۆلیسە، پێویستیمان بە لێکۆڵەرە، پێویستیمان بە دەروونناسە، پێویستیمان بە کۆمەڵناسە، ئەم بابەتە بابەتێکی گشتگیرە، کۆمەڵگا بە دەستیەوە دەناڵێنێت، بۆیە زۆر گرنگە کە رەچاوی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان بکرێت کە هەموو شت لە دەست ئێمە نیە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانین ئەو میلاکە پێویستە دابین بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئەنجوومەنی وەزیران لە ئاستی سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان هاوکاربوونە، ئێمە بوردێکی نیشتیمانیمان هەیە کە وەزیری ناوخۆ سەرۆکی ئەو بۆردەیە لە جێ بەجێکردنی یاسای (١٣، ٢٥)ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئامادەکردنی باشتری ئافرەت لە رۆڵ بینین لە کایەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، من باسی هەندێك ئامارتان بۆ دەکەم، ئێوە باستانکرد کە ئەم ئامارانە لەبەر دەست نیە، رەنگە هەمووتان ئەو ئامارانەتان بینیبێت لە سایتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توند و تیژی دژی خێزان بەڵاو دەکرێتەوە، ئێمە ئامارەکان ئەوەی کە دەگاتە دەستی ئێمە بە فەرمی تۆمار دەکرێت لە ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، وە لە ئاستی ساڵ بە ساڵ، هەروەها شێوازی کوشتن و خۆکوشتن و سووتاندن ئەمانە جیاوازن، ئەگەر سەیرێکی ئەم داتایانە بکەین ئێستاشی لەگەڵ بێت خۆ سووتاندن زیاترە لە کوشتن و خۆ کوشتن، یەعنی ئێوە تەرکیزتان لەسەر چەك کرد، بەڕێزان، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا بیست و هەزار و حەوت سەد مۆڵەتی چەکمان داوە، بەشی هەر کەمی تاوانەکان بەو چەکە کراوە کە مۆڵەتی پێدراوە، تەواوی ئەو تاوانانەی کە چەك

کراون لە (٩٨%) تاوەکو (٩٩%)ی ئەوەیە کە بە چەکی بێ مۆڵەت کراوە، کەواتە ئەوە نییە کە مۆڵەت، چونکە ئەوەی کە مۆڵەت وەردەگرێت ڕێنمایی و ڕێکاری خۆی هەیە، بەڵام خودی چەك کێشەی سەرەکی نییە لە کوشتن، خۆ سووتاندن، یان سووتاندن، ئێمە هەر فێربووینە دەڵێین ئافرەتێك خۆی سووتاند، بەڵام هەندێك جار ئافرەتەکە دەسووتێندرێت، ناچار دەکرێت خۆی بسووتێنێت، ئەمە خۆ سووتاندن نییە، ئەمە توند و تیژی دەرئەنجامی توند و تیژییە، بۆیە ئەم بابەتە پێویستی بە هەڵوەستەیەکی جدی هەیە کە خێزان ڕۆڵی چییە لە ناو کۆمەڵگا، ئێمە لە کۆمەڵگایەکی کەلتوری عەشائیری دەژین، تەنانەت ئەوانەی کە لە ناوەندی شاریشن خۆیان بە خەڵکی شار دەزانن دیسان کە تووشی کێشە دەبن دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگ و ریشەی عەشائیری، ئەو شوێنەی کە خۆتی تێدا دەبینیەوە و تێیدا پارێزراوی، ئێمە دەبێت وەکو کۆمەڵگا خۆمان یەکلا بکەینەوە ئەم هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیایەی کە لە جیهان هەیە و یەکێکین لەو ناوچانەی جیهان کە نوێترین کەلوپەلی تەکنەلۆجی نوێ زووتر لە زۆر وڵاتان دەگاتە هەرێمی کوردستان ئەمە خاڵێکی ئیجابیە، بەڵام نێگەتیڤ بوونی ئەم خاڵە ئەوەیە چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیایەیە کە هەیە، ناکرێت تەکنەلۆجیا بدرێتە دەست کەسێکی نەزان، یان کەسێکی منداڵ، یان کەسێك نەزانێت بەکاری بێنێت، ئەمە ڕۆڵی دایك و باوك زۆر گرنگە، پێویستیمان بەوەیە کە هەموومان تەرکیز لەسەر ڕۆڵی دایك و باوك بکەین، ڕۆڵی خێزان لە پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی تاك بە تاکی ئەم وڵاتە، پێش هەموو شتێك ئێمە هەموومان لێرە قسە دەکەین بەڕێزتان پەرلەمانتارن ئێمە لە حکومەتین ئایا باوەڕیمان بەو قسانە هەیە کە دەکەین، هەموومان دەبێت پرسیارێك لە خۆمان بکەین، ئەگەر کێشەیەك لەو کێشانەی کە ئافرەتێکی لەسەر دەکوژرێت یان دەسووتێنرێت لە خێزانی یەکێك لە ئێمە ڕوویدات ئێمە چی دەکەین، پرسیاری جەوهەری ئەوەیە، ناکرێت بڵێین فلان کەس وایە، جەنابتان چی دەکەن، من چی دەکەم ئەگەر شتێکی وا لە خێزانی من ڕوویدا، ئایا هەر پەنا دەبەین بۆ دادگا، ئەگەر یەکێك بینی ئافرەتەکە خیانەتی لێدەکات خێزانەکەی ئایا دەچێتە دادگا، یان پەنا بۆ چەك دەبات، ئایا ئەگەر جەنابت قەناعەتت پێ هەیە باوك و دایك و خزم و کەس و ئامۆزا و خاڵوزا و خزم و کەست لێت دەگەڕێن، ئەم کۆمەڵگایە پێویستی بە چاکسازی کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستی بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستی بە دیدی کۆمەڵگا هەیە، ئایا ئێمە تەعریفمان بۆ شەرەف چیە، دەبێت ئێمە تەعریفمان پێناسەی ئێمە بۆ شەرەف چییە، لەسەر کام شت دەبێت حساب بکەین بە شەرەف، لەو شوێنەی کە شەرەفی میللەتێك لە خەتەردایە زۆرێك لە خەڵك بێدەنگ دەبێت، لەو شوێنەی کە شتێکی شەخصیە کۆمەڵگا لەسەر بە جواب دێت، ئێمە لە خۆمان ونکردووە ڕێگای سەرەکیمان ونکردووە، دەبێت لەسەر پێناسەکان یەك بین، کۆمەڵگایەك کە لەسەر مافاهیمی سەرەکی ژیان موتەفیق نەبێت و ڕێك نەکەوتبن هەمیشە تووشی کێشە دەبێت، ئێمە لە ڕووی سیاسییەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە، لە ڕووی ئەمنییەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت ئەم بابەتانە یەکلا بکەینەوە، بەشێکی زۆری کە هەموومان باسی لێوەدەکەین دەستوورێکمان هەبێت لە ژێر چەتری ئەو دەستوورە هەموو ئەو مافانە دەبێت ڕێك بخرێت، دەبێت ئێمە وەکو کوردستانیان پەلە بکەین لە دەرچوواندنی ئەم دەستوورە جیاوازییەکان بە لاوە بنێین، بۆ ئەوەی فەلسەفەی حوکمڕانی لە کوردستان پێناسە بکرێت، ئایا

ئـێمە وڵاتێکـی کـراوەین بە رووی هەمـوو دیـاردەیەك، یـاخود ئـێمە وڵاتێکـی ئـاینین، یـان ئـێمە وڵاتێکـی مـولتەزمین بە هەنـدێك مەسـائیل ئەو کۆمەڵگـایە چیـیە، بەڕاسـتی دەبێـت ئـێمە ئەو کۆمەڵگـایە پێناسـە بکەیـن، هەتـا وەکـو ئەم کۆمەڵگـایە پێناسـە نەکەیـن، ئـێمە مـامەڵە لەگەڵ دەرئەنجام دەکەین، دەبێت بێین مامەڵە لەگەڵ هۆکارەکان بکەین، هۆکاری کێشـەکان هەمووەمـان دەزانین لە کوێنە، دەبێت بێین جەریئانە واز لە مونافەسە و ململانێی سیاسی بێنین بۆ شـکاندنی یەکتر نەبێت، بۆ دەستکەوتی هەڵبژاردن نەبێت، بۆ دەستکەوتی ناوچە و حزبایەتی نەبێت، بێـین دەست لەسەر برینەکە دابنێین و سارێژی بکەیـن هەمووەمـان بە یەکەوە، ئەوەی کە دەکوژرێـت و دەسووتێندرێت بە جیاوازی بیر و راوبۆچـوونی سیاسـی ناکرێـت راگەیانـدنەکانی ئەم و ئەولا بە دەسـتکەوتی بـزانن شـارێك ئـارامی بشـێوێنن لە راگەیانـدنەکان، بەڵـێ، ئـێمە گلەییمـان هەیە لە راگەیاندن، من خۆم لە پرێنس کۆنفرانسەکەم باسمکردووە، هەنـدێك بەرنـامەی تەلەفزیـۆن هەیە شوێنی حاکم و پۆلیسی گرتووە، راست دەکەن پۆلیس ناگاتە تاوانبـار، بەڵام پەیامنێرێـك دەگـاتە تاوانبار، هۆکارێکی سەرەکی تێکچوونی دەروونی ئەو خەڵکە بەڕاستی ئەم کەناڵانەن..................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ کەمێك وەڵامەکان چڕ بکەنەوە، وەڵامی پەرلەمانتار بدەنەوە بە تەواوەتی.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بە پێویستی بزانم وەڵام دەدەمەوە، ئێمە نەهـاتووین لێـرە ئێـوە قسـە بـکەن و ئـێمە قسـە بکەین و خوا حـافیز، مـن بە سـەراحەت قسـەتان لەگەڵ دەکەم، نەوەکـو حـزبیەك، وەکـو تـاکێکی کورد خەمی ئەم بابەتەمانە، نەك وەك وەزیرێکیش، ئەوە رووبەرووی من دەبێتەوە وەکو وەزیـری ناوخۆ، وەزیری ناوخۆی پێش من و دوای منیش ئەم کێشـانە رووبەرووی دەبـنەوە، کـاکە دەبێـت ئێمە کێشەکان چارەسەر بکەین لە بنەڕەتەوە، دیسانیش لەگەڵ هەموو قسـانەی کە دەکرێـت و بە قسـەکانی خۆشـمەوە ئـێمە رەشـبین نـین، ژمارەکـان جێگـای مەترسـی و نیگەرانـین، بەڵام پەرلەمـانێکی بەرپرسـیارمان هەیە، حکـومەتێکی بەرپرسـیارمان هەیە، رێکخراوێکـی زۆری کۆمەڵگـای مەدەنـی و رێکخـراوی ژنـان و ئافرەتانمـان هەیە، ئەنجـوومەنی خانمانمـان هەیە لەو بابەتە قسەیان هەیە، ئێمە خەڵکی بیانی و شاندی بیانی دەبینـین، نمـوونەی هەرێمـی کوردسـتان لە نـاوچەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت حەز دەکەم بـزانن نمـوونەی هەرە سـەرکەوتوو و زینـدووە لە پاراسـتنی مـافی ئـافرەت، لە بەشـداری پێکردنـی ئـافرەت، حەز دەکەم کە هەمیشـە باسـی نیگەرانیەکان دەکەن خاڵە باشەکان و بۆزەتیڤەکانیش ببینرێـت، لە کـام وڵاتـی ئەوروپـی کوشـتن نییە، لە کام وڵاتی ئەمریکی کوشتن نییە، خۆ سووتان نییە، خۆ خنکاندن نییە، رەنگە رێکارەکـان جیاوازبن، هۆکارەکان جیاوازبن، بەڵام لە نەتیجەدا هەمووەمـان دەنـاڵێنین بە دەسـت کوشـتنەوە، وە کێشـەکە لێـرە ئەوە نیـیە ئـێمە یاسـا جـێ بەجـێ دەکەیـن یـان جـێ بەجـێ نـاکەین، کێشـەکە لەوەدایە کە رێگری سیاسی حزبی هەیە لەسەر جێ بەجێکردنی یاسا، دەبێت جورئەتی ئەوەمـان هەبێت رووبەرووی ئەو دیاردەیە ببینەوە، کە ئەحزاب بگەنە قەناعەت هەمووەمـان هاوکـاربین کە ئەو چاکسازییەی پێویستە لە وەزارەتی پێشمەرگە بکرێـت و هێزەکـان بچـنە بـن بـاری وەزارەتـی پێشمەرگە ئەمە جێ بەجـێ بکرێـت، دواتـر ئـێمە بەرنامەمـان دانـاوە کە لە پـۆلیس، لە هێزەکـانی

ئەمنــی، لەگەڵ پێشــمەرگەش، کە ئەم چەکە نەبــرێتەوە مــاڵ، بەڵام ئەگەر بڕیارێــك بــدەین ئەم بەڕێزانەی کە چەکیان بە دستەوەیە نەیـبەنە مـاڵەوە هـیچ شـوێن نیـیە لێـی دانـێن، کەس نـابێتە خـاوەنی ئەم چەکە، بـۆیە کـاتێکی زیـاتری دەوێـت، بەڵام ئەم خەمخـۆریەی ئێـوەی بەڕێـز پشـت ئەستوورمان دەکات کە پشتگیریمان دەکەن لەوەی کە ئەم بابەتانە جـێ بەجـێ بکرێـت، لە سـاڵی (٢٠٢٠) هەمووتان بەبیرتانە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هات، ئێمە کەرەنتینەمان راگەیاند چەند مانگێـك دەزانـن لەو کـاتە ژمـارەی خـۆ کوشـتن و خـۆ سـووتاندن و حـاڵەتی کوشـتن زۆر کەم بـوو، ئـێمە راپۆرتێکمان بەدەست گەیشت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توونـد و تیژی دژی خێـزان گووتیـان ئەم حـاڵەتە لە کوردسـتان هەیە لەگەڵ ئەوەی کە مـووچە نەدەدرا، لەگەڵ ئەوەی کە کۆرۆنـا هەبـوو، لەگەڵ ئەوەی کە فشاری دەروونی و سیاسی و وەزعی ئەمنـی رێـك و پێـك نەبـوو لەگەڵ هەمـوو ئەمانە ژمارەی کوشتن کەم بووە، لێکدانەوەیەکی سەریعمان بۆی کرد ئەوەیە کە خێزان جـارێکی تـر گەڕاوە بــووە خێــزان و ئەرکــی خێــزان، ئەم لێکــدانەوەیە ســەرپێیش بێــت پێویســتی بە هەڵوەستەکردن و دیراسەت هەیە، ئێمە ئەو داتایانەمـان داوەتە خەڵکـی پسـپۆر، شـیکردنەوەمان بـۆ بـکەن لەسـەر ئەم دیـاردەیە، ئەم حاڵەتـانە، لە کاتێـك کە خێـزان خێـزان بێـت پیـاو کەمتـر شەوەکان لە دەرەوە دەبێت و لە حـاڵەتی ئاسـایی یـان لە کافتریـایە یـان لە یـانەیەکی شـەوانەیە یان لە دانیشـتنێکی بـرادەرانەیە یـان کۆنکـانکێکە یـان لە شـوێنێکە ئـافرەتن لە شـوێنێکی تـر کـۆ دەبنەوە لە کافتریا منداڵەکان بێ سەرپەرشت دەمێننەوە، منـداڵەکانیش هەوڵـدەدەن لە دەرەوەی خێزان شوێنێك بدۆزنەوە، کاتێك کە کەرەنتینە بوو شـوێن نەبـوو خەڵـك بچێـت هەمـوو دایـك و باوك و منداڵەکان بە یەکەوە دادەنیشتن ژمارەی خۆ کوشتن و دیاردەی کوشتن کەمتر بـوو، بـۆیە ئەمە گرنگە هەم لە رووی ئاینی و هەم لە رووی کۆمەڵایەتی و هەم لە رووی ئەکادیمیەوە گرنگـی بە خێزان بدەین، چونکە خێزان بنچینەیە و بنەمای سەرەکی ئەو کۆمەڵگایەیە و دامەزراوەیەکـی گرنگی کۆمەڵگایە، دەمەوێت هەندێك ئامـاری ترتـان پێبـدەم بـۆ ئەوەی هەر بە زمـانی عمومیـات قسـە نەکەیـن، ئەگەر بەراوردێکمـان کـردووە لەسـەر کوشـتن و خـۆ کوشـتن و خـۆ سـووتاندن، هەروەها ژمارەی سکاڵاکان، لە ساڵی (٢٠٠٩)یەوە دەست پێدەکات تاوەکو سـاڵی (٢٠٢١) ئامارەکـان لە بابەتی سـکاڵا ژمارەکـان لە زۆربوونـدان، لە سـاڵی (٢٠٠٩) دوو هەزار و شـەش سـەد و پەنجـا و هەشت سکاڵا هەبووە، لە ساڵی (٢٠٢٠) دە هەزار و سێ سەد و حەفتا سکاڵا هەبووە، ئەم سـکاڵایە چـۆنە، ئـێمە هێڵـی گەرممـان هەیە، هێڵـی ژمـارە (١١٩)یە لە پارێزگاکـان هەر کەسـێك تووشـی کێشەیەك بێت دەتوانێت پەیوەندی بەو ژمـارە (١١٩) بکـات و تیمەکـانی ئـێمە ئەگەر پێویسـتی بە راوێژ بێت لە کاتی خۆی راوێژی پێ دەدەن و ئەگەر پێویسـتی بە نـاردنی هێـزی پـۆلیس بێـت بـۆ رزگـارکردنی یـان دەسـتگیرکردنی تاوانبارێـك ئەم راوێـژە لەم سـەنتەرانە دەدرێـت، ئەمە جێگـای دڵخۆشیە نەوەکو نیگەران بن بەوەی کە ژمـارەی سـکاڵا زۆربـووە کەواتە کێشـە زۆربـووە، راسـتە کێشە زۆربووە، بەڵام رادەی تێگەیشتنی کۆمەڵگـا زۆرتـر بـووە ئاسـتی تـاك زیـاتر چـۆتە پـێش کە ئامادەیە کێشەکانی خۆی لەگەڵ حکومەت هـاوبەش بکـات بـۆ ئەوەی حکـومەت چارەسـەری بـۆ بدۆزێتەوە، لە هەمان کاتدا ژمارەی خۆ سـووتاندن ئەگەر بەراورد بکەیـن لە سـاڵی (٢٠٠٩) تـاوەکو سـاڵی (٢٠٢٠) تێکـڕای کـۆی ژمـارەی خـۆ سـووتاندن هەزار دوو سـەد و نـۆ نەفەرە، ژمـارەی خـۆ کوشـتن شـەش سـەد و شـەش نەفەرە، ژمـارەی کوشـتن پێـنج سـەد و چـل و پێـنج نەفەرە، بە

هەردوو کوشتن و خۆ کوشتن یەکسانە بە ژمارەی خۆ سووتاندن، کەواتە کێشەی سەرەکی ئێمە کوشتن نیە، بەشێکی مەوزوعەکە کوشتنە، کێشەی سەرەکی ئێمە خۆ سووتاندنە، یان سووتاندنە، بۆیە بەڕێزان ئەم داتایانە هەیە لەبەر دەستە دەتوانن دواتر بۆشتان بنێرین و لە سایتی وەزارەتی ناوخۆ و لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی تووند و تیژی دژی ئافرەتان هەیە، ژمارەی ئافرەتی دالّدەدراو لە سالّی (٢٠١٦) تاوەکو سالّی (٢٠٢٠) ژمارەکان لەبەر دەستن ئامارەکە تاوەکو ئێستا کۆی گشتی چوار هەزار و چل و هەشت نەفەر لە شێلتەرەکانن، لە سالّی (٢٠١٩) زۆرترین ژمارەی دالّدەدراو هەبووە کە هەزار و شەست و دوو کەس بووە، ئێوە لە راگەیاندەکان هەست پێدەکەن کە (٢٠٢١) ژمارەی خۆ کوشتن و کوشتن و ئەوانە زیادبووە، بەلّام ئامارەکانی ئێمە پێچەوانەی ئەوەیە، ئامار کە باس دەکرێت لە (٢٠٢١) کوشتن لەو چوار مانگەی کە بەراوردکراوە لە (٢٠٢٠) و (٢٠٢١) کوشتن سێ کەمیکردووە، خۆ کوشتن دە زیادیکردووە، خۆ سووتاندن شەش کەمیکردووە، ئێمە دەبێت بە زمانی ئامار قسە بکەین بۆ ئەوەی کۆمەلّگا نەترسێنین زیاد لەوەی کە پێویستە، دەبێت کۆمەلّگا هوشیار بکرێتەوە، هەموو رۆلّ ببینین لە هۆشیارکردنەوە نەوەك لە ترساندن، هەمووتان پرسیارتانکرد ئێوە چیتانکردووە، بۆیە ئەو ئامارەتان پێدەدەم، ئێمە لە سالّی (٢٠١٨) تاوەکو سالّی (٢٠٢٠)، لە سالّی (٢٠٢٠) پێدانی رێنمایی و راوێژ نۆ هەزار و سەد و شەش کەس راوێژیان وەرگرتووە، لە سالّی (٢٠١٩) حەوت هەزار و حەوت سەد و هەشتا و پێنج کەس، وە حەوالّەکردن بۆ تیمی مۆبایل هەزار و سێ سەد و پەنجاو پێنج لە سالّی (٢٠٢٠)، وە سی و دوو کەس لە سالّی (٢٠١٩) بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە لە (٢٠٢٠) کاریان لەسەرکراوە سێزدە هەزار و هەشت سەد و پەنجا و شەش حالّەتە، وە لە (٢٠١٩) نۆزدە هەزار و سەد و پازدە حالّەتە، کۆی گشتی دەکاتە سی و چوار هەزار و نۆ سەد و حەفتا و پێنج، ئەوانە کە راوێژی خێزانیان وەرگرتووە پرۆسەیەکی تۆزیك دوور و درێژە ئەم بابەتە ئێمە تاوەکو کێشەکە دەبەینە دادگا یەکسەر نایبەنە دادگا، چونکە مەبەستی ئێمە ئاشتەوایی خێزانە، سەرەتا هەولّدەدەین ئەم دوو کەسەی کە کێشەیان هەیە ئاشتیان بکەینەوە، بەشێکی یاساکەش باسی ئاشتبوونەوە دەکات لە ناو چوارچێوەی دادگا، بەلّام ئەو ئاشتبوونەوەی تر کە ئێوە باسی دەکەن لە مەکتەبە کۆمەلّایەتیەکانی حزبەکان سەرەرای ئەوەی کە رەنگە لەگەلّ یاسا نەگونجێت، بەلّام بەشێکی زۆری کێشەکان کە لە دادگا تەواوبوون ئەگەر ئەو پێکهاتنە کۆمەلّایەتیە لە دەرەوەی دادگا بۆی نەکرابا ژمارەیەکی زیاتری خەلّك دەکوژرا، ئێمە تەمەنا دەکەین کۆمەلّگای ئێمە بگاتە ئەو قۆناغە کە بە بریاری دادگا رازی بێت چ بە گرتن، چ بە سزادان، چ بە بەردان، بەلّام بە داخەوە کۆمەلّگا رازی نابێت، بۆیە کەس هەیە دوای دە سالّ لە زیندانکردن کە بەربووە لەبەر دەرگای زیندان کوژراوە، جارێکی تر ناچاربوونە سولحی عەشائیری بۆ بکەن، بە سولحی عەشائیری کۆتایی پێهاتووە، من چی بکەم کە گۆمەلّگایەکە قەناعەتی بەوە هەیە، بەلّام بابەتێك لێرە کە ئێمە داوای پشتگیریتان لێدەکەین و داوا لە ئەنجوومەنی دادوەریش دەکەین کە یاساکان وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت، یاسا بۆ ئەوە دانراوە کە رەدع دروست بکات، کاتێك رەدع دروست ناکات یاسا تاوانبارێك پێش ئەوەی تاوان بکات دەلّێت زۆر زۆر من دە سالّ حوکم دەبم، بەو دە سالّە ئەگەر سولحی عەشائیری بکەم رەنگە دە سالّەکەم بۆ کەم دەکرێتەوە، رەنگە بە سەد هەزار دۆلار پێکهاتنی عەشائیری بکرێت لەو لاش ماوەی یاساکەی بۆ کەم دەکرێتەوە، بۆیە ئێمە لەگەلّ

ئێوەین کە دەبێت یاسا سەروەر بێت و دەبێت لە دادگاکان سزای توندتر بۆ ئەو تاوانانە بە تایبەتی تاوانی کە لەسەر بابەتی شەرەف و ناموس و کوشتنی ئافرەت و توند و تیژی دژ ئافرەتان دەکرێت، ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان کە بکوژان ترسیان لە دادگا نەماوە، ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە، پشتگیریتان دەکەین لەو بۆچوونە رەئی ئێمە وایە، وە لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری قسەمانکردووە کە ئەم بابەتە دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت تاوانبار بترسێت لەوەی کە بچێتە بەردەمی دادگا، چونکە سزایەکی توند وەربگرێت، ئێمە ئامارێکی تریشمان لەبەردەستە ئەوەی مارە برین و تەلاق و لەیەك جیابوونەوە، ئەمەشمان وەرگرتووە یەعنی لە ساڵی (٢٠٢٠) مارە برین بیست و هەشت هەزار و بێنج سەد و چل و هەشت کەس بووە کە بە هۆی کۆرۆناوە کەم بووە، تەلاق و لەیەك جیابوونەوە کەمترین رێژە بووە کە ژمارەیان چوار هەزار و پێنج سەد و شەست و چوار حاڵەت بووە، لە حاڵەتێك کە لە (٢٠١٩) یازدە هەزار و شەش سەد و چل و چوار لەیەك جیابوونەوە و تەلاقدان هەبووە، لە (٢٠١٨) نۆ هەزار و سەد و نۆەت و دوو، ئینجا وەرە خوارەوە بەم شێوەیە، لە (٢٠٢٠) کە کەرەنتینە هەبووە بزانن خۆ کوشتن، کوشتن، تەلاقدان و جیابوونەوە، کەم بووە، کەواتە ئەمەش فاکتەرێکی ترە پێمان دەڵێت دەبێت خێزان دایك و باوك زیاتر رۆڵی خۆیان ببینن لە ناو خێزان، ئێمە بەڕاستی زۆر شت هەیە کە عەرزی جەنابتانی بکەین هەموو ئەو نیگەرانیانە و ئەو پرسیار و ئەو پێشنیارانەی کە باستانکرد ئێمە بە گرنگی وەردەگرین و پشتگیریتان دەکەین، وە شتی راستن و ئەوەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەبێت ئێمە زۆر بە گرنگی وەری دەگرین چ لە یاساکان بێت، چ لە رێکارەکان بێت، چ لە چالاککردنی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان بێت، چ لە توندکردنی سزاکان بێت ئێمە ئەو بەڵێنەدەدەین کە نیگەرانیەکانی ئێوە و پێشنیارەکانی ئێوە بە هەند وەردەگرین و کاری لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس، ئەگەر لە شوێنێك وەڵامێکم نەدابێتەوە هی ئەوەیە کە رەنگە پەیوەندی بە خودی بابەتی دانیشتنەکە نەبێت، وە نەشمویستووە تەداخولی هەندێك مەلەفی تر بکەم رەنگە برایانی بەڕێزم لە وەزیرە بەڕێزەکان وەڵامی تریان لەلابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، دەزانم بەڕێزتان ئیلتیزامێکتان هەیە هەر کاتێك کاتەکان نزیك بۆوە دەتوانن دەرفەت وەربگرن، بەڕێز وەزیری رۆشنبیری ئەندامانی پەرلەمان پرسیاری زۆریان هەبوو سەبارەت بە رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن، دراما تەلەفزیۆنییەکان، هوشیاری تاك لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە حاڵەتەکانی کوشتن و خۆ کوشتن بە گشتی و بۆ ژنان بە تایبەتی، فەرموون.

**بەڕێز محمد سعید علی/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس بۆ هەموو لایەکتان، ئێمە بەر لەوەی بێینە خزمەت ئێوە لێرە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کەلێرە ئامادەن وچەند لایەنێکی تریش لە کۆبوونەوەیەکدا بووین بۆ هەمان بابەت و بۆ هەمان مەسەلە لەوێش چەندین موناقەشە و گفتوگۆ و قەرار و بڕیار درا، ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەیە لە راپۆرتەکەی بەڕێزتاندا لە خاڵی پێنج بە شێوەیەك کە دەپرسێت وەزارەتی رۆشنبیری چی کردووە بۆ توند و

تیژی دژی ژنـان، پرسـیارەکانی بـرادەرانیش یەك بە یەك کە لێـرە کردوویـانە ئەوەش بە جـۆرێکی تـرە، ئـێمە هەم بـۆ پرسـیاری خـاڵی پێنجـی راپـۆرتەکەی بەڕێزتـان راپۆرتێکمـان هەیە و هەم بـۆ وەڵامـی پرسـیاری بەڕێـزان لێـرە کـۆی پرسـیارەکان وەڵامێکـی هەشـت خاڵیمـان ئامـادەکردووە، یەعنی پرسیارەکان لە هەشت خاڵدا چڕکراوەتەوە، راپۆرتێکی ترمـان هەیە وەزارەتـی رۆشـنبیری سەبارەت بەم بابەتە راپۆرتێکی کورتە من هەوڵدەدەم لە مـاوەی شـەش حەوت دەقەدا هەر سێ بابەتەکە بیخەمە خزمەتی بەڕێزتان و بیخەمە بەردەم بەڕێزتان، راپۆرتی وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان لە باری رەوشی ژنان و تووند و تیـژی نـاو خێـزان لە هەرێمـی کوردسـتان، توونـد و تیـژی و کوشـتن و خـۆ کوشـتن دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتی ریشـەدارن لە کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی و لە کۆمەڵگەکـانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتیـدا زیـاتر بەربڵاون، ئەم دیـاردانە هۆکـاری جۆراوجۆریـان هەیە بە تـایبەتی لەوانەدا کە دژی ژنـان پەیـڕەو دەکـرێن و ژنـان تێیـدا قوربـانی سـەرەکین، بەرنگاربوونەوەی ئەم دیاردانە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ بە قۆناغی جیـا جیـا تێپەڕیـوون و پەرەی سەندووە، بەو هیوایەی رۆژێك لە رۆژان لە وڵاتی ئێمە لە کۆمەڵگای ئێمە بنبڕ بکرێـت، ئەم راپـۆرتەی وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان باسـی مێـژووی نیـیە، بەڵکـو بـۆ ئەمـڕۆی هەرێمـی کوردسـتانە، کە مـاوەیەکە رێـژە و رادەی توونـد و تیـژی کـۆمەڵایەتی نـاو خێـزان بە تـایبەتی حاڵەتەکانی خـۆ کوشـتن و کوشـتن لە نـاو هەردوو رەگەزدا زۆرتـر بـووە بەرچاوترینیـان توونـد و تیژی ئەوەیە کە پیاوان بەرامبەر بە ژنان دەیـکەن، توونـد و تیـژی یەك جـۆر نـیە، بەڵکـو شـێوازی جۆراوجۆری هەیە، بۆ نموونە تووند و تیژی جەسـتەیی واتە لێـدان تـا دەگـاتە کوشـتن، هەروەهـا تووند و تیـژی سێکسـی و توونـد و تیـژی دەروونـی کە دەرئەنجـام دەگـاتە ئاسـتی پشـێوی و خـۆ کوشـتن هەمـوو ئەمـانەش زەمیـنە سـازی دەکەن بـۆ کێشـەی قـولی کـۆمەڵایەتی نـاو خێـزان کە زۆرجار کارەساتیان لێدەکەوێتەوە، بەپێی ئەم ئامارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنگـاربوونەوەی تووند و تیژی دژی ئافرەتان و خێزان کە ئاماری ساڵی (٢٠٢٠)ە بەشێك لەو راستیانەمان بـۆ روون دەکەنەوە، برای بەڕێزم وەزیری ناوخۆ ئامارەکانی باسکرد من بە جێـی دێڵـم بـۆ ئەوەی زۆر کـات نەگرم، دەچمە سەر هۆکارەکان، یەك: جێ بەجێ نەکردنی بەشـێك لە یاسـای هەمـوارکراو لەلایەن دادگاکانەوە کە لە بەرژەوەندی مافەکـانی ژنـانە وەك یاسـای ژمـارە (٨)ی سـاڵی (٢٠١١) کە یاسـای بەرنگاربوونەوەی تووند و تیژی ناو خێزان لە هەرێمی کوردستانە، هەروەهـا یاسـا بـاری کەسـێتی هەمـوارکراو لە کوردسـتان ئەویـش بە هـۆی نێوەنـدگیری حزبـی و عەشـائیری و کـۆمەڵایەتیەوە، دوو: دەسـت تێـوەردانی بەشـی کـۆمەڵایەتی حزبەکـان لە کێشـە کۆمەڵایەتییەکـان کە جـێگەی دادگاکانیان گرتۆتەوە ئەوەش بـۆتە هـۆی ئەوەی تاوانبـاران بە ئـازادی بسووڕێنەوە، سێ: کەم و کــورتی لە سیســتەمی پەروەردە و فێرکردنــی پرۆگرامــی خوێنــدن کە جیــاوازی جێنــدەری دەچەسپێنن، چـوار: لەبەر دەسـت بـوونی ئامرازەکـانی تەشـەنەکردنی توونـد و تیـژی لەوانە وەك فرۆشتنی بە ئاشکرای کامیرای نهێنی لە شێوەکانی عەینەگ، سەعات، قـۆپچەی قەمـیس، چەرخ، پلاکی کارەبا، قەلەم، دەڤەری سویچی سەیارە، لەزگە، رێکۆردەری ژێر مێز و کورسی...هتد، کـڕین و فرۆشتنی چەك لە رێگەی ئۆنلاینەوە، دەیان پەیـج و ئەکـاونتی کـارا هەن لە ناونیشـانی دیـار و ژمــارەی موبــایلی ئاشــکراوە چەك و تەقەمەنــی دەکــڕن و دەفرۆشــن، رۆڵــی نێگەتیڤــانەی راگەیاندنەکان بە گشتی و تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکـان ب تـایبەتی بـۆ زەقکـردنەوەی رێکارەکـانی خـۆ

کوشـتن و یەکتـر کوشـتن، هەروەهـا تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکـان بـۆ گـرفتە کۆمەڵایەتیەکـان هـیچ سانسۆرێکیان لەسەر نیە، کێت دەوێت دەتوانیـت بیشـکێنی، کێـت دەوێـت دەتـوانی تـۆمەتی بـۆ هەڵبەستی، کێت دەوێت دەتوانی ناچاری بکەی بە خۆ کوژی بێ ئەوەی ئامرازەکـانی دۆزیـنەوەی تاوانبـاران لەبەر دەسـت بـن، هەروەهـا تەلەفزیۆنەکـانیش بە پێشـاندانی درامـای دوور لە داب و نەریتـی کـوردەواری و رۆڵـی خـراپ دەگێـڕن کە بـوونەتە هانـدەر بـۆ ئەنجامـدانی تـاوان، پێـنج: پەیوەنـدی کەلتـوری دواکەوتـووانەی چەق بەسـتوو و گوتـاری خراپـی هەنـدێك لە مامۆسـتایانی ئاینی، شەش: چاودێری نەکردنی چڕی خاڵە سنووریەکان و ڕێگاکانی قاچاخ چیەتـی کە لەوێـوەوە مـاددە هۆشـبەرەکان بە زۆری دەهێـنن بـۆ نـاو هەرێمـی کوردسـتان و بـوونەتە هـۆی پەشـێوی دەروونـی ڕەفتـاری کەسـەکان کە ڕێخۆشـکەر دەبـن بـۆ توونـد و تیـژی، حەوت: بـایەخ نەدانـی پێویست لەلایەن حکومەت و حزبەکانەوە بە بەشـداری کـاری ژنـان لە پێگەکـانی بڕیـاردان لە نـاو هەمـوو جومگەکـانی حکـومەت و دەزگـا حزبیەکانـداو هەشـت: بـایەخ نەدان بە تـوێژینەوەی زانسـتی و ئاکـادیمی لەسـەر کەیسـەکانی توونـد و تیـژی لەلایەن حکـومەتەوە، پێشـنیارەکان، بـۆ ڕووبەڕووبــوونەوەی ئەم مەترسـیە و چارەســەرکردنی هۆکارەکــان کە ئاماژەمــان پێکــرد ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو بۆ بەردەستی ئێوەی بەڕێز، یەك: دەرکردنی یاسای نـوێ یـان هەموارکردنی یاسا بەرکارەکان بە جۆرێك کە سزای توند و جـێ بەجێکردنـی لەسـەر ئەوانەی بە هەر شـێوەیەك لە شـێوەکان ژنــان و منــداڵان هەراســان دەکەن، دوو: حکــومەت پشــتگیری لە وەزارەتــی ڕۆشــنبیری و لاوان بکــات کە ئێســتا لە ڕێــگەی لیژنەیەکــی تــایبەتەوە خەریکــی ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەك بە مەبەستی دانانی سنوورێك بۆ ئەنجامدەرانی تەشهیر و توونـد و تیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە، سێ: دانانی ژووری تاوانە ئەلکترۆنیەکان بـۆ دۆزیـنەوەی شـوێن و نازنامەی ئەو کەسانەی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ هانی خـۆ کوشـتن دەدەن یـان بـاری دەروونـی کەسـەکان تێـك دەدەن، چـوار: پابەنـدبوونی دەزگاکـانی ڕاگەیاندن بە کەمکـردنەوەی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتـانەی کە ڕاسـتەوخۆ هانـدەرن بە بڵاوکـردنەوەی شـێوازەکانی توونـد و تیـژی، پێـنج: پێـداچوونەوە بە ئەدای دامەزراوە حکومیەکـانی تـایبەت بە ڕووبەڕووبـوونەوەی تـاوانە کۆمەڵایەتییەکـان، شـەش: پێـداچوونەوە بە سیسـتەمی پەروەردە و فێرکـردن لە بـاری ڕاگرتنـی بەڵانسـی جێنـدەری لە بـاخچەی سـاوایانەوە، حەوت: چەسـپاندنی بەشـداریکردنی ژنـان بە ڕێـژەی لە (٣٠%) پرسـە تایبەتەکـان لە نـاو دام و دەزگـا حکومیەکـان تـا بتوانن لە پێگەی بڕیارداندا بێن و بەشداربن لە لیژنەکـانی ئاشـتەوایی و چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتیەکـان، هەشـت: کـردنەوەی ناوەنـدێکی تـایبەت بە کـۆکردنەوەی ئامـار و زانیـاری بە مەبەسـتی ئەنجامـدانی توونـد و تیـژی و تـوێژینەوەی ئەکـادیمی لەسـەر کەیسـەکانی توونـد و تیــژی، ئەمە لە هەرێمــی کوردســتان ئــێمە ئەمەمــان نیــیە لە زۆربەی وڵاتانــدا هەیە، نــۆ: هوشـیارکردنەوەی کۆمەڵگـا لە ڕێگـای گوتـاری مامۆسـتایانی ئـاینیەوە لە مینـبەری مـزگەوت و شوێنە ئاینییەکانی دیکەوە بە بڵاوکـردنەوەی بیـری ئاشـتەوایی و پـێکەوە ژیـان لە نـاو خێـزان و کۆمەڵگـا، سـەبارەت بە خـاڵی پێـنجەم وەزارەت ئەم هەنگـاوانەی نـاوە کە بەڕێزتـان دەپرسـن کە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری چیکـردووە لەم بـوارەدا، یەك: کـردنەوەی بەشـی یەکسـانی جێنـدەری لە دیوانی وەزارەت کە ژنێك بەرپرسی ئەم بەشەیە و چەنـد ژنێکـی چـالاك کـاری تێـدا دەکەن، دوو:

لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی وەزارەت هیچ ژنێکی تێدا نەبووە لەسەر بڕیاری وەزارەت سێ ژن لەیاریدەدەری بەڕێوەبەرایەتی دیوان وبەڕیوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکانی تری ناو دیوان کراون بە ئەندامی ئەنجوومەنی وەزارەت، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزارەتدا بەشداری کۆبوونەوەکان بن کە ئەمەش وەزارەت بە سەربەخۆیی خۆی ئەمەی کردووە بەپێی ڕێنمایی یاسا نەبووە، هەر لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزارەت ژنی تێدا بەشداربن، سێ: لە دانانی بەڕێوەبەر و بەپرسی بەشەکانی وەزارەتدا ڕەچاوی پشکی ژنان کراوە، ژمارەیەك ژن لەو پۆستانەدا دانراون، چوار: لە سەرەتای کابینەی نۆیەمەوە تاوەکو ئێستا هەزار و دوو سەد و پەنجا و سێ چالاکی جۆراوجۆر لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و میدیایی و ڤیستیڤاڵ و کۆنسێرت و شانۆگەری وەرزش و لاوان و چاپ و بڵاوکردنەوە و کتێب ئەنجامدراون، بەشێك لەو چالاکیانە تایبەت بوون بە ژنان و بواری جێندەری، لەوانە ڕۆژانی (٢٠١٩/١٢/٣،٤) بەشی یەکسانی جێندەری دیوانی وەزارەت یەکەم کۆنفرانسی جێندەری لە هۆلی پێشەوا لە دیوانی وەزارەت ئەنجامدراوە و کۆمەڵێك راسپاردەی پێشکەشکردووە، ڕۆژانی (٢٠٢٠/١١/٢٥،٢٦) کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دژی توند و تیژی لە دژی ژنان ئەنجامدراوە بە شێوەی ئۆنلاین، سێ: کردنەوەی پێشانگای هونەری شێوەکاری بۆ هونەرمەند (مژدە رازی) لە هۆلی پێشەوا لە (٢٠٢٠/١٠/٦)، چوار: سازدانی زنجیرەیەك ورك شۆپ سەبارەت بە بڕیاری ژمارە (١٣٢٥)ی لە ئەنجوومەنی خانمان کە لە مانگی (٢٠٢٠/١١)دا ئەنجامدراوە، پێنج: سازدانی کۆبوونەوەی بەشی جێندەر لەگەڵ ڕێکخراوی (UNFPA) لە (٢٠٢٠/١١/١٠)، شەش: بەشداری بەشی جێندەری لە پێنجەمین خولی پرۆژە بڕیاری (١٣٢٥)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە هەولێر، حەوت: لە (٢٠١٩/١٢/١) ڤیستیڤاڵی شعری ژنان لە هۆلی پێشەوا ئەنجامدراوە بۆ شاعیرانی ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستان و شعری ئەو ژنان و شاعیرانە لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی ژن ژیان دەنووسێتەوە چاپکراوە و لەو بۆنەیەدا دابەشکراون و ڕێز لە ژمارەیەك ژنی نووسەریش گیراوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری سەبارەت بەو بابەتی دراماکان، بابەتی خراپی پەیامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەیوەست بە توند و تیژی، وە ئەوەی بەرامبەر بە ئینسان دەکرێت لەم هەرێمی کوردستانە کوشتن بە شێوەیەکی گشتی و کوشتنی ژنان وەزارەتی ڕۆشنبیری چیکردووە؟ ئەوە پرسیاری ئەندامانی پەرلەمانە، فەرموون.

**بەڕێز محمد سعید علی/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکان، یەکەم: ئێمە یاسایەکمان نیە بۆ کاری میدیایی و بۆ کاری ڕاگەیاندن، چونکە بەپێی دەستووری عێراق هەرێم بۆی نییە یاسا دەربکات، لەبەر ئەوە ئاسمان و تەردودات بە دەست عێراقەوەیە، لەبەر ئەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری کاری بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٤)ە کردووە کە ئەم ڕێنماییە پاڵپشت بە یاسای وەزارەت و یاسای ژمارە (٣٥)ی بواری ڕۆژنامەگەری کە بەپێی ئەم ڕێنماییە تا ڕادەیەکی باش توانیوومانە چاودێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکەین، دووەم: وەزارەتی ڕۆشنبیری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بۆ

تەنزیمکردنـی ڕەشنووسـی یاسـایەك بـۆ میـدیا ئەلیکترۆنییەکـان لە کـاردایە، ئێسـتا خەریکـی ئامادەکردنی ڕەشنووسێکین، وەڵاممان بۆ ئەو بەڕێـزانەی کە لیـژنەی ڕۆشـنبیریش لە پەرلەمـانی کوردسـتان خەریکـی ئامـادەکردن بـوو، ئایـا سوشـیال میـدیا چـۆن تەنـزیم دەکرێـت؟ لیـژنەکەی بەڕێزتان خەریکی تەنزیمکردنی ڕەشنووسی ئەوە بوو ناچار بە وەستاندنکرا، ئێمە لە وەزارەت بۆ ئەم مەبەسـتە لەلایەن چەنـد لایەنـێکەوە خەریکـی تەنزیمکردنـی هەمـان ڕەشنووسـین و ئەگەر بەڕێزتان یان لیـژنەکەی بەڕێزتـان لە لیـژنەی ڕۆشـنبیری لە پەرلەمـانی کوردسـتان بەردەوام بێـت لەسەر ئەوە پێکەوە دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین، وەڵاممان بۆ ئەو بەڕێزانەی کە باسـی کـچە مۆدێلەکان کرا، ئێمە ئیجرائاتمان کردووە بەپێی یاسا بە بڕیاری داواکاری گشتی، ئێمە سێ کەنـاڵ خۆتان دەزانـن سـێ بەرنامەیـان هەبـوو دامانخسـت، ئیجرائاتمـان لەگەڵ کـردن بەپێـی یاسـا، وە ئیجرائاتە یەکێکیان پابەند نەبوو ئەویشمان بۆ ماوەی حەفتەیەك داخست، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان جێ بەجێکار نییە، کێشەکان دیاری دەکات پابەنـد نەبوونەکـان دیـاری دەکـات وەزارەتـی گوسـتنەوە و گەیانـدن و داواکـاری گشـتی دێـنە سـەر خەت لەگەڵ ئـێمە بـۆ ئیجرائـات کـردن و سـزادانی ئەو کەنـاڵانە، وەڵاممـان بـۆ ئەو پرسـیارانەی کە بە گشـتی لەگەڵ ئیجرائـان و لێپرسینەوەن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئێمە بە تەنها ناتوانین سزا بـدەین، وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن و سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان و دەسـتەی داواکـاری گشـتی پـێکەوە ئەو ئەرکە جـێ بەجێ دەکەین، لەو بارەوە ئێمە وەك وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چەندین کۆبوونەوەمـان لەگەڵ لیـژنەی ڕۆشـنبیری پەرلەمـان و لەگەڵ فەرمـانگەی میـدیا و زانیـاری و لەگەڵ سـەرۆکی دەسـتەی داواکـاری گشـتی کـردووە کە لەو کۆبـوونەوانەدا پێشـنیار و ڕای وەزارەتمـان پێشکەشـکردووە، وەڵاممان بۆ ئەو بەڕێزانەی کە بۆچی وەزارەتی ڕۆشـنبیری ڕێگـری ناکـات لە بڵاوبـوونەوەی گـرتە ڤیـدیۆییەکان یـان ئەو هۆکـارانەی کە دەبـنە هـۆی توونـد و تیـژی، ئـێمە نـاتوانین ئەمە کـۆنترۆڵ بکەین، بۆ؟ چونکە هەر هـاوڵاتیەك لە هەر گۆشـە و کەنـاڵێکی ئەم وڵاتەدا بـۆ خـۆی دەتـوانێ چـی ڕوویـدا بە مۆبـایلەکەی دەسـتی تۆمـاری بکـات و بـڵاوی بکـاتەوە و زوو لە نـاو کۆمەڵگـادا بـڵاو ببێـتەوە، ئـێمە دەتـوانین تەنهـا ڕۆژنامەنووسـەکان و ڕاگەیانـدنکارەکان و کەناڵەکـانی ڕاگەیانـدن کۆنترۆڵ بکەین یان لەو بارەوە لـێ بپرسـینەوە، وەڵامـی ئەو پرسـیارانەی کە چیتـان کـردووە بـۆ ئەو کەنـاڵانەی دیـمەن و گـرتەی ڤیـدیۆیی لە کەنەڵەکـانی فەرمیـدا بـڵاو دەکەنەوە، ئیجرائاتمـان کردووە بە ئاگادارکردنەوە سەرەتا و دواتر بە داخستن لە ئەگەری پابەنـد نەبوونیشـدا داوامـان لە سـەرۆکی داواکـاری گشـتی کـردووە کە بڕیـار لە بـارەی پابەنـد نەبوونیـانەوە بـدات، وەڵامـی ئەو بەڕێزانەی کە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری چـی کـردووە بـۆ قەدەغەکردنـی درامـا نەشـیاوەکان کە بـڵاو دەکـرێنەوە؟ ئـێمە نووسـراوێکمان کـردووە بـۆ هەمـوو بەڕێـوەبەرایەتیە گشـتییەکانی شـار و شارۆچکەکان کە ئەو حاڵەتانە دیاری بکەن و بینێرن بۆ بۆردێـك ئەم بـۆردە درسـتکراوە نـوێنەری وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و ئەوقاف و داواکـاری گشـتی و سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان و توونـد و تیژی دژی ژنان و بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆ صەلاحەدین کە ئەم بـۆردە لەوانە پێکهـاتووە بـۆردەکە چـاوەڕێ دەکـات ئەو حاڵەتـانە دیـاری بـکەن و بیهێـنەوە بـۆ بەردەم بـۆردەکە تـاوەکو بڕیـار لە بارەیانەوە بدات کە چی دەکات بەو درامایـانەی نەشـیاون و بـڵاو دەکـرێنەوە، سـوپاس بـۆ ئێـوە،

ئەگەر بەڕێزێك پرسیارێكی تایبەتی هەبووە من وەڵامم نەداوەتەوە دەتوانم لە خزمەتیان بم یان هەر شتێكی تر كە پێویست بێت لەم بارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كوێستان خان وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله/ وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز جێگری یەكەم و جێگری دووەم و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، سوپاس بۆ ئەم كۆبوونەوەیە و ئەم گفتوگۆیە، من سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم كە پرسیارێكی گشتی هەبوو كە حكومەت كابینەی نۆ لە مەسەلەی ژنان و توند و تیژی بە هەند وەرگرتووە، هەرچەندە هاورێكانم وەڵامیان دایەوە، بەڵام تەئكید دەكەمەوە كە رۆژی (٥/٥) بەڕێز سەرۆكی حكومەت لەگەڵ ئەم ستافە و چەند بەڕێزێكی تر دانیشتووە بۆ هەمان بابەت، وە بە هەند وەرگیراوە هەر ئەمرۆ ئەم بەیانییە سەعات نۆ لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆكی حكومەت هەر ئەم بەڕێزانەی لێرە دانیشتوون كۆبوونەوەیەكمان هەبوو حەوت بڕیاری زۆر گرنگمان تێدا دا لەو كۆبوونەوەیەدا، سەبارەت بەم پرسەی ئێوە بۆی كۆبوونەتەوە، لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەوە من دەست پێ دەكەم، هەر چەندە ئەم پرسە وەك ئەوەی كە زۆر لەو بەڕێزانە باسیانكرد كە ئایا چی كراوە و توێژینەوە و ئەوانە بۆ پرسی كەم كردنەوەی توند و تیژی ئەوە بە تەواوەتی لە ئیختیصاصەكانی ئەنجوومەنی خانمانە كە بە دڵنیاییەوە ئەو وەڵامی خۆی دەداتەوە، سەبارەت بە مەسەلە تەنفیزیەكان زیاتر پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنگاربوونەوەی توند و تیژیەوە هەیە، وەزارەتی ئێمە ڕاستە پاشگری كاروباری كۆمەڵایەتی وەرگرتووە، بەڵام كەمترین پەیوەندی هەیە بەم بابەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی من خۆشم و شوێنی كارەكەشم ژنین لە ساڵی (١٩٩١)ەوە لەو بوارەدا كار دەكەین، بۆیە ئەو بابەتەمان زۆر بە هەند وەرگرتووە و كارمان لەسەر كردووە، وە هەماهەنگیەكی تەواومان لەگەڵ ئەنجوومەنی خانمان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە بۆ هەموو ئەو پرسانە، بە بەردەوامی ڕاوێژمان هەیە، كۆبوونەوەی دەوریمان هەیە، لە لیژنەكە باسی ئەوە كرابوو ئێمە پابەندی یاسایی هەیە ئێمە جێ بەجێمان نەكردووە، دەمەوێت داوا لە لیژنەی پەیوەندیدار بكەم كە بە نووسراو بۆمان بنووسن كامەیە ئەو یاسا و مادده و بڕگانەی كە پەیوەندی بە وەزارەتی ئێمەوە و پابەندی یاساییمان نەبووە، چونكە من بۆ خۆم ئێستا باسی دەكەم ئەوەی كە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە چیمانكردووە، ئەگەر شتێك هەیە و ئەوان ئاگادارن و ئێمە نەمانكردووە هیوادارم بە پرسیار یان بە ڕاپۆرت بە هەر شێوەیەك لە ڕێگای سەرۆكایەتی پەرلەمانە ئاڕاستەمانی بكەن، ئێمە ئەو پابەندیە یاساییانەی كە هەمانە لە یاساكەی خۆمان یاسای كار و كاروباری كۆمەڵایەتی دوو مادده هەیە لە ئەركەكانمان، یەكێكیان خوولكردنەوەیە بۆ خێزانەكان و بۆ ژنان ئەوە بە بەردەوامی ئێمە ئەو خوولانەمان هەیە و هەر ئەمرۆ یەكێك لە بڕیارەكان ئەوەیە كە ئەنجوومەنی خانمان هەڵدەسێت بە خوولی بەردەوام بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بۆ بەشێك لەو كە ئێمە داوامانكرد بۆ توێژەر و بۆ شەلتەرەكانی ئێمەش بێت، سەبارەت بە بەدواداچوونی كێشەكان هەر لە یاسای كار هەیە دیارە ئێمە هەموو ئەو كەیسانەی كە دێتە بەردەممان جا لە ڕێی ڕاگەیاندنە یان پەیوەندیمان پێوە

دەکەن یان لە ڕێی سۆشیال میدیا و چالاکوانانی سۆشیال میدیا بەڵاو دەکرێتەوە ئێمە یەکسەر خۆمان لیژنە دەنێرین بۆ ئەوەی کە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە بکەن و چارەسەریان دەکەین، وە پەیوەندی بەردەواممان هەیە لەگەڵ کوردە خان چەندین کێشەمان چارەسەرکردووە کە ڕووبەڕووی ئەوە بۆتەوە وێنەی بەڵاو دەکرێتەوە لە سەرەوە بۆ خۆی بکوژێت کێشەکانیمان چارەسەرکردووە، وە لە یەکێك لە ڕاسپاردەکانی خۆمان ئەوەیە کە لیژنەیەك هەبێت بۆ ئەو حاڵەتانە تەبعەن ئەمە بە تەنها ئەرکی وەزارەتی کار نیە پێش هەموو شوێنێك ئەرکی لیژنەی بەدواداچوونی مافی ئافرەتە لە پەرلەمانی کوردستان و ئینجا ئێمە و ئەنجوومەنی خانمان و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەوەی توونـد و تیـژی، سەبارەت بە یاسای باری کەسیەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە کە تاوەکو ئێستا نا ڕوونە لای ئێمە سەندوقی نەفەقە دەبێت ئێمە دروستی بکەین یان وەزارەتی داد، ئێمە بۆ ئەم بابەتە کە لە ساڵی (٢٠٠٨) ئەم یاسایە دەرچووە تاوەکو ئێستا ئەم سەندوقە نیە بۆ نەفەقەی ئەو ژنانەی کە هاوسەرە جیابووەکانیان بزر دەبن یان خۆیان بزر دەکەن، ئێمە ئێستا لە هەولی ئەوەداین کە لەگەل وەزارەتی داد ئەو بابەتە یەکلایی بکەینەوە، لە یاسای توونـد و تیژی ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە شەلتەرە بە ڕوونی هاتووە، ئێمە شەلتەرمان هەیە شەلتەرەکانمان داڵدەدانی ئەو ژنانەیە کە توونـد و تیژیان بەرامبەرکراوە، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە لە کاتی دروستکردنی دادگای بەرەنگاربوونەوەی توونـد و تیـژی لیـژنەی ئاشتەوایی هەیە ئێمە لێرە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك لە هەر سێکیان یەکی سێ توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە ڕۆژانە لەگەڵ لیـژنەی ئاشتەوایی لە مەحکەمەکان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدەین، من بۆیە ئەم پابەندیە یاساییانەم باسکرد بۆ ئەوەی کە شتێکی تر هەیە و ئێمە نایزانین پێمان بڵێن، بۆ مەسەلەی هەلی کار بۆ ژنان ئەویش پرسیاری لیژنە بەڕێزەکەتان بوو ئێمە لە کۆبوونەوەکانی پێشـووش باسمکردووە یاسای کارمان ئامادەکردووە کە تێیدا بە ڕوونـی ئاماژەمانکردووە بۆ مەسـەلەی ژن و پاراستنی مافەکانیان لە کەرتی تایبەت، هەروەها لە یاسای دەستەبەر کە هەموارمانکردۆتەوە هەر وایە، هەروەها ئێمە خـوولی ڕاهێنـانی پیشـەییمان هەیە کە ئەم خـوولانە بەپێـی هەمـوو بەدواداچوونەکانی من لەم کابینەیە ڕێژەی بەشداری ژن لەم خوولانە لە پیاو زیاترە، بۆ ئەوەی کە خاوەنی ئابووری سەربەخۆبن دیارە ئێمە ڕاپۆرتێکمان ئامادەکردووە لەبەردەمی لیـژنەی پەیوەندیدارە ئاماری تەواوی تێدایە، هۆکارەکانیانمان دەست نیشانکردووە و ڕاسپاردەکانیشی تێـدایە کە بەشـێکی پەیوەنـدی بە پەرلەمـانەوە هەیە و بەشـێکی پەیوەنـدی بە ئەنجـوومەنی وەزیـرانەوە هەیە و بەشـێکی پەیوەنـدی بە وەزارەتە پەیوەندیـدارەکانەوە هەیە، یەکێـك لە هۆکارەکـان کە باسـکرا ئـابووریە ئـێمە ئێسـتا و پێشـتریش هەر لەم کۆبـوونەوەدا دووجـار باسمکردووە کە پەیڕەوێکمان ناردۆتە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ تۆڕی پارستنی کۆمەڵایەتی، بەڵام دواجار دوێنێ بەڕێز بریکاری وەزیر و یاساییمان چوونەتە لای دکتۆر ئامانج گەیشتوونەتە ئەو ڕێکەوتنەی کە یاسای تۆڕی پارستنی کۆمەڵایەتی بە سوود وەرگرتن لەوەی بەغدا یاسایەك دەربکەین، هەر کاتێك هاتە بەردەستی پەرلەمان هیوادارم زوو ئەو یاسایە دەربکەن، ئەو پرسیارانەی کە بە گشتی کراون لە پێشدا وەڵامی دەدەمەوە، زۆر باسی ئەوەکرا کە یاساکان جێ بەجێ ناکرێن، دیارە خۆتان دەزانن بەدواداچوون بۆ جێ بەجێکردنی یاساکان ئەوە پەیوەندی بە

پەرلەمانەوە هەیە دەبێت بەدواداچوون بکات لە کۆی یاساکان جێ بەجێ ناکرێت، بۆ دەرکردنی هەمواری یاساش زۆر لەو بەرێزانە باسیانکرد دەرکردنی یاسا و هەمواری یاسا ئەویش هەر لە دەسەڵاتی پەرلەمانە، دوو یاسای زۆر تایبەتمەند هەیە کە پەیوەندی بە توونـد و تیـژیەوە هەیە ئەوەیە یاسای هەمواری یاسای باری کەسێتی ساڵی (٢٠٠٨) و یاسای بەرنگاربوونەوەی توونـد و تیژی ساڵی (٢٠١١) کە ئەمە لە دادگاکان جێ بەجێ ناکرێت، وە ئەم یاسایانە زیاتر دادگاکانن کە دەبێت جێ بەجێی بکەن، ئەنجوومەنی دادوەریە کە ئەوەش من پێموایە یەکێکە لەوەی کە لیژنەی بەدواداچوونی مافی ئافرەت سەرەدانی ئەنجوومەنی دادوەری و دادگاکان بکەن کە ئەم بڕگە و ماددانە بۆ وەکو خۆی جێ بەجێ ناکرێت، بۆ هەمواری یاسای توونـد و تیـژیش، بەڵێ، یاسای هەموار بکرێتەوە ئەویش هەموارەکە دەبێت پەرلەمان بیکات، لە وەزارەتی کار یان لە هەر وەزارەتێکی تر هەموار ناکرێتەوە، ئەوە دەسەڵاتی خۆتانە، من دەمەوێت ئەوە بڵێم لەوەدا یەك نموونە بێنمەوە کە بۆ یاسای هەمواری باری کەسێتی کە بڵێی جێ بەجێ ناکرێت، ژنێك دوو سێ حەفتە پێش ئێستا کوژرا لەلایەن هاوسەرەکەیەوە باستانکرد چەند کەناڵێك بکوژەکەیان هێنا، بەڵام باسی ئەوەتان نەکرد کە مەلاکەیان هێنایە سەر تەلەفزیۆن گوتی من ئەم کچە دوانزە ساڵەم مارە کردووە و چەند حاڵەتێکی دیکەشم کردووە، بە بڕوای من دەبوایە یەکسەر لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت ئەوان دەتوانن لەگەڵ داواکاری گشتی ئێمە زیاتر ناتوانین داوای یاسایی تۆمار بکەین، داوای یاساییان لەسەر ئەو مەلایە تۆمار بکردایە، وە بەپێی ماددەی (٧)ی بڕگەی (٥)ی هەموارەکە سزای پارەش و سجنیشی تێدایە و حوکمیشی تێدایە، دەبوایە یەکسەر داوای لەسەر بکردایە، چونکە خۆی ئیعتراف دەکات، پێویستی بە هیچ شوێنێك نیە دەبوایە داوای لەسەر تۆماربکرێ، ئەم مەلایە نەك دەڵێت ئەوەم کردووە دەڵێت ئی دیکەشم کردووە، ئەوە یەکێکە لە جێ بەجێ نەکردنی ئەو یاسایە، من پرسیارە تایبەتەکان وەڵامەکەی دەدەمەوە ئەوانی تر زۆری لە گشتیدا وەڵاممدایەوە، کاك ابوبکر هەڵەدەنی باسی لێبوردن دەکات کە پرسیارەکە لە من دەکات، لێبوردنی تایبەت لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، وە سەرۆکی هەرێم لێبوردنی تایبەت دەردەکات هیچ وەزیرێك ناتوانێت ئەمری سەرۆکی هەرێم جێ بەجێ نەکات، ئەوە یاسا رێکی خستووە، بێجگەلەوە لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی ئەم دوو ساڵە کە من وەزیرم لێبوردنی تایبەتی دەرکردووە بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئەوەی سزادراوە یەعنی حوکمدراوە، هیچ یەکێك لەوانە بکوژی ژن نین، بەڵام ئەگەر راگیراو بکوژی ژن لێبوردنی تایبەتی بۆ دەرچووە من زانیاریم هەیە کراوە یان نەکراوە، بەڵام ئەم پرسیارە دەبێت رووبەرووی بەڕیز وەزیری ناوخۆ بکرێتەوە هەر چەندە ئەویش ناتوانێت دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم رەت بکاتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئێوە دڵنیابنەوە دەتوانن ئەم پرسیارە ئاڕاستەی بەڕێزان بکەن کە ئایا راگیراو هەیە بڵێی بکوژی ژن بێت و لێبوردنی تایبەتی بۆ دەرچووبێت، چونکە ئەمەیان مەسەلەی راگیراو پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ هەیە نەك ئێمە، لە خوولی دوو و سێ کە من پەرلەمانتاربووم دوو یاسای لێبوردنی گشتی دەرچووە هەردوو یاساکە ئێمە وەك لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لێمان بەدەرکردووە کە نابێت بکوژی ژن لێبوردنی گشتی بیگرێتەوە، بەڵام بە داخەوە لە خولی چوار یاسایەك دەرچوو گرتیەوە، چ راگیراو و چ سزادراو، بەڵام لە خولی دوو و سێ ئێمە نەمان هێشت، وە ئەگەر ئێوە لە ئایندەدا یاساتان دەرکرد بۆ لێبوردنی گشتی یەکێك لەوانەی کە

ئیستیسنا دەکرێن لەوەی کە عەفوو بیانگرێتەوە بکوژەکانی ژنان بێت، شادی خان باسی ئەوەی کرد کە شەلتەرەکان شکستیان هێناوە ئەو دەلیلەکەی ئەوەیە کە دوو کوژراو لە چەمچەماڵ هاتوونەتە دەرەوە لە شەلتەر و کوژراون، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە شەلتەرەکان بە تەواوەتی زەربی سفر بکەینەوە و بڵێین واللە شکستیان هێناوە، نەخێر، یەکەم: من دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە هێنانە دەرەوەی ژنەکان لە شەلتەر هیچ پەیوەندی بە وەزارەتی کارەوە نیە، سێ رێکار هەیە، یەکەم: دەبێت ئەو ژنە خۆی بڵێت من دەڕۆمە دەرەوە، دووەم: دەبێت کەس و کارەکەی بێن تەعاهود بدەن کە نایکوژن، سێیەم: دادوەرە بڕیار دەدات دەچێتە دەرەوە یان ناچێتە دەرەوە، ئێمە نین، بە هیچ شێوەیەك ئێمە نین ئەو بڕیارە دەدەین، بۆ ئەو دوو ژنەی چەمچەماڵ من و کوردە خان پێکەوەبووین بەرپرسی شەلتەری سلێمانی دەیگوت حاکم دەیەوێت بیانکاتە دەرەوە، هەردووکمان جیا بە جیا قسەمان لەگەڵ مەحکەمە کرد دەکوژرێن با نەچنە دەرەوە، پێمان گوتن، بەڵام ئێوە باسی سەروەری یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دادگا دەکەن، شەلتەرەکانی ئێمە ملکەچی بڕیاری دادوەرە بەڕێزەکان دەبن، بۆ ئەوەی جێ بەجێیان کرد دەشمان زانی کە دەکوژرێن، بۆیە هەر یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی ئەمڕۆ ئەوەبوو کە دێنەوە بۆ وەزارەتی کار نووسراوێك ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین ئەوان قسە لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری بکەن لە حاڵەتی بردنە دەرەوەی ژنێك لە ناو شەلتەرەکان دەبێت رای وەزارەتی کار و بەڕێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەوەی توووند و تیژی وەربگیرێت، چونکە ئێمەین دەزانین ئەم خەتەری لەسەر ماوە یان لەسەری نەماوە، ئەوەی کچە مۆدیل پەیوەندی نە بە منە و نە بە کاك رێبەر نیە، بەڵام پرسیارەکە ئاڕاستەی من و کاك رێبەر و کاك حەمە کرا، ئەوە کاك حەمە خۆی وەڵامی دایەوە، بەڵام پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، مامۆستا عمر باسی شەلتەرەکانی کرد خۆی ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بووە دەزانێت لە رابردوودا شەلتەرەکان زۆر خراپ بوون و لە هاتنی ئێمەشدا چ گۆڕانکاریەکمان کردووە، هەر ئەمڕۆ لەو بڕیارانەی کە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت داومانە ئەم خاڵانەیە، یەکەم: بینایەکی شیاو بۆ شەلتەری هەولێر دروست بکرێت، چونکە شەلتەرەکەمان خراپە، بە سێ قۆناغ، یەکەم: هەر بە زووی بینایەکیان بە کرێ بگرین، دووەم: بینایەکیان بۆ دروست بکەین، سێیەم: بۆ ئایندەیەکی دوورتر سەنتەرێکی گەورە لە شاری هەولێر دروست بکرێت، ئەم سەنتەرە وەك ئێستا نەبێت شەلتەرەکان کە وەك زیندانی وایە، نەخێر، شوێنێك بێت کە پێشکەوتوو بێت، هەر چەندە شەلتەرەکان شوێنی وەرزشی تێدایە، بەڵام بە شێوەیەکی بچووکتر، شوێنی راهێنانی پیشەیی تێدابێت، باخی تێدابێت، یەعنی روخساری سجنی پێوە نەبێت، ئەو بڕیارەماندا وە ئێستا، ستافمان نییە، بەڵێ، بۆ ئەوەش بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت بەڵێنی پێداین کە هاندان من جارێکی تریش هەر لێرە باسمکرد کە ستافەکانی ئێمە زەماڵەیەکی مەترسیان نیە، کە ئەگەر نەتوانین لە قۆناغی یەکەم دەرماڵەیان بۆ ببەستین، هاندانیان وەکو ئەنجوومەنی وەزیران بدەنێ، وە هەر ئەمڕۆ بڕیاریدا کە تاوەکو ئێستا شەلتەری سلێمانی و گەرمیان هیچ پێشینەیەکیان نیە بڕیاریدا پێشینە بۆ هەردووکیان ببڕێتەوە، کاك زاهیر باسی لە چاکسازیەکان کرد من ئەمەم بە تەفسیڵ باسکردووە لە راپۆرتەکەم لەسەر مەسەلەی چاکسازییەکان کە چۆن شیاندنەوە دەکەین بۆ نەمان توانیووە وەك پێویست بیکەین،

وە کۆبوونەوەیەکی تر هەیە بە ئامادەبوونی من و بەڕێز وەزیری ناوخۆ و داد و ئاوانە لەسەر چاکسازیەکان، من دەمەوێت ئەو کاتە بۆتان باس بکەم بە داتا و بە ئامار هەمووی بخەمە بەردەستتان، بۆ ئەوەی ئێستا کاتەکە درنگە و ئەو بەڕێزانەش ماون قسەی خۆیان بکەن لەو راپۆرتەدا کە دەیهێنم ئەو کاتە لەو راپۆرتەدا هەموو زانیاریەکان دەخەینە بەردەستتان، دکتۆر رێبوار باسی ئەوە دەکات کە چیمانکردووە توند و تیژی نەمێنێت، من دەمەوێت بڵێم کە توند و تیژی لە دروستبوونی مرۆڤایەتیەوە تاوەکو ئێستا هەیە و بەردەوامە و بەردەوام دەبێت، بەڵام چی بکەین بۆ ئەوەی کەم بکرێتەوە، دیارە ئەو بەرنامە و ستراتیجیەی ئەو باسیکرد لە ئیختیصاصی ئەنجوومەنی خانمانە، حەتمەن جەنابیان وەڵام دەدەنەوە، کاك مەزن باسی شەلتەری کرد ئێمە شەلتەرمان هەیە و باسمکرد و لە راپۆرتی پێشووشمدا هێنابووم کە چەند ژنمان لایە، چەند چۆتە دەرەوە، چەند منداڵیان لەگەڵدایە، دەکرێت راپۆرتەکە وەربگرنەوە لە لیژنەی مافی ئافرەت، وە لەم راپۆرتەشماندا جاری دیکە ئاماژەمان بۆ کردۆتەوە، ئێمە بە پەلە لەو راپۆرتەی هەمانە یانزە راسپاردەی گشتیمان هەیە کە بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تێدایە، هیوادرام هەمووتان ئەو راپۆرتە وەربگرن، چونکە بەشێکی پەیوەندی پەرلەمان و پەرلەمانتارانەوە هەیە، چەند بڕیارێکی تێدایە کە دەرەمانکردووە و دەری دەکەین، راسپاردە تایبەتیەکانی خۆمان ئەویش دوانزە راسپاردەیە کە چەند راسپاردەیەکیان ئەمڕۆ بوو بە بڕیار لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت، بەڵام ئەوەی گرنگە کە دوو شت من دەمەوێت تەئکیدی لەسەر بکەمەوە ئەو لیژنەیە کە دروست بێت لە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و وەزارەتی کار و ئەنجوومەنی خانمان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ ئەو کەیسانەی کە لە راگەیاندن یان لە سۆشیال میدیا لەلایەن چالاکوانان بڵاو دەکرێتەوە کە ژنێك کێشەی هەیە کەس نەچێت بە دەمیانەوە تا خۆی دەکوژێت، ئەم لیژنەیە لەسەر خەت بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ژنانە، خاڵێکی تر کە دروستکردنی کورتە فلیمە، راستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنگاربوونەوەی توند و تیژی لە شانزە رۆژی بەرنگاربوونەوەی توند و تیژیە کورتە فلیمی هەیە، بەڵام ئەم کورتە فلیمانە دەبێت بەردەوام بێت، هەر وەك چۆن رێنماییەکانی کۆرۆنا بە بەردەوامی هەموو کەناڵەکان بڵاوی دەکەنەوە دەبێت ئەو کەناڵانە بۆ وشیارکردنەوەی تاکەکان کە خۆ کوژی نەکەن، بۆ وشیارکردنەوەی ئەو ژنانەی کە تەهدیدیان دەکرێت بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەك یان گرتەیەك کە نەترسن ئەوە هێڵی گەرمی وەزارەتی ناوخۆ و ئەم لایەنە پەیوەندیدارانە هەیە کێشەکانیان چارەسەر دەکەن، وە بۆ کۆمەڵە بابەتی تر کە پێکەوە هەوڵبدەین ئەم کورتە فلیمانە بڵاوبێتەوە لە هەموو کەناڵەکان، من بە گشتی و بە تایبەتیش ئەوە وەڵامەکانمان بوو، راپۆرتەکەشمان لەبەر دەمی لیژنە و لەبەر دەمی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بە هۆکارەکانەوە بە چارەسەریەکانەوە بە ئامارەکانەوە، ئەوەی پێی خۆش بێت وەری بگرێت دەتوانێت وەری بگرێت و هەر پرسیارێکی دیکەتان هەبوو کە وەڵام نەدرابۆوە دەتوانن لە رێی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاڕاستەمانی بکەن، یان بانگمان بکەن بۆ لیژنەی پەیوەندیدار یان سەرەدانمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەڕێز ئەمینداری ئەنجوومەنی باڵای خانمان قسە بكات دەبێت بەڕێزتان ڕەزامەندی دەربڕن، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان ڕەزامەندە بەڕێزیان قسە بكات سەبارەت بەو پرسیارانەی لێیكراوە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٦٣) ئەندامی پەڕێزی پەرلەمان ڕەزامەندە بەڕێزیان قسە بكات، فەرموون.

**بەڕێز خانزاد احمد ڕەواندزی/ ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی باڵای كاروباری خانمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاسی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان دەكەم، هەروەها سوپاسی هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەم، لە حەقیقەت ئەو پرسیارانەی كە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی باڵای كاروباری خانمانكراون پرسیاری زۆر گرنگن، بۆیە زۆر سوپاسی لیژنەكانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەم بۆ ئەم بابەتە، هەروەها ئەو موداخەلە و پرسیارانەی كە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كرا بەڕاستی دەستان لەسەر كێشەكان دانا، وە ئەوانەن كە ئێمە كارمان لەسەر ئەوە كردووە لە ناو پلانەكانی خۆمان داناوە كە بابەتەكان چارەسەر بكەین، بێگومان هەمووتان دەزانن پرسی خانمان ژنان ئافرەتان پرسێكی هەمە لایەنەیە، وە تەنها بە دەسەڵاتی جێ بەجێكردن چارەسەر نابێت، بۆیە زۆر پێمخۆشە بە یەكەوە زیاتر پاڵپشت و هاوكاربین وەكو دەسەڵاتی تەشریعی لەگەڵ دەسەڵاتی جێ بەجێكار و لایەنەكانی تری پەیوەندیدار، سەبارەت بە پەیڕەوی ئەنجوومەنی باڵای خانمان پرسیارێكە پڕ بە دڵی منە، چونكە لەوە زۆر پێویستم بە پشتگیری ئۆپۆزسیۆن پێش لایەنەكانی خۆمان كە بەشدارن لە ناو حكومەت هەیە، ئەگەر دەیانەوێت بە دڵسۆزانە پرسی ژنان و خانمان و ئافرەتان پێش بكەوێت دەبێت پاڵپشتمان بن لەوە، ئەگەر ئاوڕێك لە پەیڕەوەكەی ئێستا بدەینەوە كە لە ئەنجوومەنی باڵای كاروباری خانمان هەیە بۆمان دەردەكەوێت ئەو پەیڕەوە بەڕاستی ڕەوشی ئێستای كۆمەڵگای كوردستانی لەبەر چاو نەگرتووە، یەعنی كۆمەڵگای كوردستان بە گۆڕانكاری و نوێگەری و تازەگەری زۆردا تێدەپەڕێت، ئەو پەیڕەوەی كە پێشتر دانراوە پەیڕەوێك نیە كە قابیلی تەتبیق بێت و هەڵقوڵاوی كۆمەڵگای كوردستان نیە، بۆیە وامان پێ باش بوو كە پەیڕەوێكی نوێ دابنێین بە میكانیزمێكی نوێ، چونكە بەڕاستی پرسی ژن پێویستی بە میكانیزم و ڕێ و شوێنی گونجاوتر و پراكتیتر هەیە بۆ زیاتر پێشخستن و چارەسەركردن، یەك خاڵی زۆر گرنگ هەیە ئەوەیە كە جەنابی سەرۆكی حكومەت و جێگری سەرۆكی حكومەت زۆر بە جدی و بە خێرایی وەڵامدانەوە و بە تەنگ داواكاریەكانمانەوە دێنەوە ئەوە جێگای دڵخۆشیە، من ئەوە بە ئیسپات و بە نموونە بۆتان دێنمەوە، پێش ماوەیەك ئێوە بەڕێزتان هەمووتان ئاگادارن كە تووند و تیژیەكان زیادی كرد لە كاتی تووند و تیژیەكان زیادی كرد ئێمە وەكو ئەنجوومەنی باڵای كاروباری خانمان پەیامێكمان ئاڕاستەی بەڕێز جەنابی سەرۆكی حكومەت كرد، وە بە زووترین كات بەڕێزیان ئامادەبوون و كۆبوونەوەیەكمان كرد لە كۆبوونەوەكە زۆر بە ڕاشكاوانە باسی هەموو ئەو خاڵ و كەم كورتیانە و چارەسەری كێشەكان كرا، بۆ ئەم بابەتە بەڕێزیان لیژنەیەكی تەشكیل كرد بە سەرۆكایەتی بەڕێز جێگری سەرۆكی حكومەت، وە ئێمە كۆبوونەوەمان ئەمڕۆ سازكرد و كۆبوونەوەی تریش دەبێت لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارەكانی حكومەت، وە دوایی ئەوەش لەگەڵ لایەنە

پەیوەندیدارەکانی تر وەکو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یاخود ئەو رێکخراوە تەکنیکیانەی کە دەتوانن یارمەتیدەربن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، وە تەتبیقکردنی چارەسەریانە بۆ کێشەکانی ژنـان، دەمەوێت باس لەوە بکەم کە کێشە چیە، کێشە لێرە ئەوەیە کە پەیڕەوە کـۆنەکە یارمەتیدەر نەبووە کە ئەنجوومەنی بالآی کاروباری خانمان وەك دامەزراوەیەکی تایبەتمەند بەردەوام چاودێری ئەنجام گەیاندنی ئامانجە دامەزراوە جێ بەجێکارە گرنگەکان بدات لە رێگەی لێکۆڵینەوە چاودێری، شیکار، راپۆرت، وە یان هەر میسۆدێکی زانستی، بەڕێزان باش دەزانن کاتی باسی کێشەکان بکەین زۆر ئاسانە، بەڵام کاتی دێینە سەر چارەسەری ناکرێت تۆ باسی چارەسەری بکەی بەبێ ئەوەی تۆ میسۆدێکت هەبێت یاخود پلانێك هەبێت پلانێکی زانستیانە بۆ ئەوەی بگەیتە نەتیجەیەکی باش، بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی حکومەت توانایان بەرزبکرێتەوە بە شێوەیەکی بەهێزتر بتوانن وەڵامی کێشەکان بدەنەوە و ئاڕاستەی چارەسەرکردن وەربگرن، چارەسەرکردن زۆر بە کورتی ئەم دامەزراوەیە دەبێت بە رەچاوکردنی هێلە گشتیەکانی کابینەی حکومەت پلانێکی چوار ساڵەی هەبێت، هەروەها بەراوێژکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو حکومەت بە تایبەت وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت، هاوکات ئەم دامەزراوەیە جگەلەو بودجەیەی بەڕێوەبەردن پێویستی بە سەندوقێك هەیە ئەو سەندوقە لە ئەنجوومەنی خانمان بۆ داڕشتنی جێ بەجێکردنی سیاسەتی حکومەت بۆ بەهێزکردنی ئەو کەلێنانە کە پەیوەندی بە پرسی ژنان و خانمان و ئافرەتانەوە هەیە، دامەزراوەکەش بەپێی وەڵامدانەوەی خۆی و لە رێگەی لایەنی سێیەمەوە کە دەکرێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بن، وە رێکخراوەکانی پەیوەست بە تواناسازی ئافرەتان، هەروەها ئەو رێکخراوە تەکنیکیانەی کە لەو پرسانە پسپۆرن دەتوانن لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، وە یارمەتیدەربن بۆ بەهێزکردنی وەڵامدانەوەی دامەزراوەکانی حکومەت، هاوکات لەگەڵ ئاشکرابوونی پلانی چوار ساڵەی دامەزراوەکان و داواکاری ئەو بودجە پێویستەی بە وەڵامدانەوەی دامودەزگاکان دەکرێت لەگەڵ رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها لایەنە کۆمەك بەخشەکان پلانەکە باس بکرێت، وە ئەوانیش هان بدرین بۆ ئەوەی بەشداربن لە پلانی وەڵامدانەوەی حکومەت لە رێگەی یارمەتی دارایی، وە پڕکردنەوەی بۆشاییی دارایی یاخود تەکنیکی، لەو رێگەیەش هەوڵی ئاڕاستەیەکی ئەنجامدار وەردەگرین و هەمووشمان بەشدار و شەریك دەبین لە جێ بەجیکردنی پلانەکانی حکومەت، بۆیە ئێمە پاش رایی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیداری ناوخۆ، هەروەها پسپۆڕانی دەرەوە هەوڵمانداوە کە ئەم کێشانە لە چوارچێوەی پەیڕەوێك دابنێین، هیوادارم ئەو پەیڕەوەی کە ئێستا ئێمە دایدەنێین و کاری لەسەر دەکەین بە زووترین کات ببێت بە یاسایەك و ئێوە پشتیوانی ئێمەبن کە موئەسەساتی حکومەت بەهێز بکەن و یاسای بۆ دابنرێت وەکو لایەنی تەشریعی هاوکار و پاڵپشتمانبن بۆ ئەمە، بەڕاستی ئەوەی کە پێویستە بیکەین ئەوەیە کە میکانیزمە گەلێکمان هەبێت کە کەم و کورتییەکانی پلانەکانی حکومەت دەستنیشان بکەین، وە هاوکات بەشێك بین لە چارەسەر، نەك ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە خۆیان بە جیا بزانن، یەعنی لایەنی جێ بەجێکار لە حکومەت ئەو لایەنە نیە کە دەبێ تۆ بەس لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەی، بەڵکو دەبێت هاوکاری بی، لەگەڵی بی وەکو باسمکرد لە سەرەتا ئەو پرسە پرسێکی هەمەلایەنەیە و مەسئولیەتی هەموومانە، وە

ئەركێكی زۆر قورسیشە، سەبارەت بە پرسیاری دووەمی لیژنە بەڕێزەكان باس لە ستراتیجیەتی نیشتیمانی ساڵی (٢٠١٧) بۆ (٢٠٢٧ ) كرا، من پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو ستراتیجیەی كە لە ساڵی (٢٠١٧) كراوە ئێمە ئێستا لە ساڵی (٢٠٢١)ین، ئەو گۆڕانكاریانەی كە لە (٢٠١٧) تاوەكو ئێستا كراوە گۆڕانكاری زۆرن كە پێویستی بەوەیە كە ئەو ستراتیجیانە بێتە گۆڕان و هەموواركردن و ستراتیجیەتی نوێ دابنرێت، لە دانانی ئەو ستراتیجیە ئەمڕۆ لە كۆبوونەوەكەی لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆكی حكومەت باسمان لەوەكرد كە لە دانانی ستراتیجیەكە پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەكان لە حكومەت و لە دەرەوەی حكومەت لەگەڵمان بەشداربن، بۆیە وامان پێباشە كە هەموو ستراتیجیەتانەی كە هەر لە ساڵانی (٢٠٠٥)ەوە تاوەكو ئێستا چەندین چوارچێوەی ستراتیجی بۆ بەرنگاربوونەوە و پێشخستنی پرسی ژن دانراوە، بەشێكی زۆریان جێ بەجێكراون، ئەوە نیە ئێستا رێژەی ئافرەتان و ژنان و خانمان لە ناو پەرلەمان زیادی كردووە، ئەوە نیە سەرۆكی پەرلەمانمان ئافرەتە كە لە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەریشمان شتی وا نیە، بەڕاستی زۆر شت جێ بەجێكراوە وا نەبێت كە كار نەكرابێت، بەڵام پێویستی بە پاڵپشتی ئەوە هەیە كە زیاتر هەنگاو بنرێت بۆ ئەوەی پرسە بەرەو پێش بچێت، ستراتیجی بەرنگاربوونەوەی توند و تیژی دژ بە ئافرەتان لە كوردستان بۆ ماوەی دە ساڵ یەكێك بووە لەو سترتیجیانەی كە بە شێوەیەكی زۆر جێ بەجێكراوە، بەڵام هەموو یاسایەك و هەموو ستراتیجیەتێك ئەو كات لایەنە كەم كورتیەكانی بە دەر دەكەوێت كاتێ لە جێ بەجێكردندایە، نە لە داڕشتن، لە ئێستادا ئێمە وەكو ئەنجوومەنی خانمان سەرقاڵی ئامادەكارین كە لایەنە پەیوەندیداركان، هەروەها پسپۆڕانی نێودەوڵەتی و لۆكالی بۆ داڕشتنی چوارچێوەیەكی ستراتیجی نوێ بۆ بەرنگاربوونەوەی توند و تیژی و پێشخستنی پرسی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان، ستراتیجیە نوێیەكە لەسەر بنەمای ئەم كەم كورتیانەیە كە لە جێ بەجێكردنی ستراتیجیەكانی پێشوو، هەروەها رەوشی ئێستای ژنان لە كۆمەڵگای كوردستان ئامادە دەكرێت، لێرەدا بە چەند خاڵێك وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە، یەكەم: خودی ستراتیجیەكە كەم و كورتی زۆری تێدایە، وە لە كاتی دانانی و هەڵسەنگاندن و شیكار و وردبوونەوەی لێنەكراوە، دووەم: بەپێی بەدواداچوونی ئێمە بەشێكی زۆر ئەم ستراتیجیە وەك پێویست جێ بەجێ نەكراوە ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لە دەستپێكدا لایەنە پەیوەندیدارەكان لەسەری رانەهێنراون، وە هاوكات میكانیزمێكی گونجاو بۆ جێ بەجێكردن و چاودێریكردنی ستراتیجیەكە دانەندراوە، سێیەم: پێوەر و نیشاندەری گونجاو بۆ بەراوردكردنی رەوشی پێش دانانی ستراتیجیەكە و هەنگاوەكانی پاش دەستپێكردنی ستراتیجیەكە دەستنیشان نەكراوە، بۆیە زەحمەتە بتوانرێت یاخود بگوترێت كە چەندی لێ جێ بەجێكراوە و چەندی ماوە، هەروەها سەرەڕای ئەوەش لایەنی چاودێریكاری ستراتیجیەكە دیاری نەكراوە، كێن ئەو لایەنانەی كە چاودێری جێ بەجێكردنی ئەو ستراتیجیە دەكەن، هاوكات كەمترین پەیوەندی ئاڵوگۆڕی بیر و را و ئەزموون لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەكان و جێ بەجێكردنی ستراتیجیەكەدا هاتووە، پێنجەم: پرسێكی دیكە لە ستراتیجیەكە نابینرێت ئەوەیە كە كەمترین بایەخ بە تواناسازی دامەزراوە پەیوەندیدارەكانی جێ بەجێكاری ستراتیجیەكە دراوە، من بۆ ئەوەش نموونەیەك بۆ بەڕێزتان دەهێنمەوە، هەر ئەو بابەتەی كە لەو دواییانە كە ژنێك كوژرا بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی سەرۆكی حكومەت بە

نوێنەرایەتی بەڕێزیان ئێمە چووین سەردانی ئەو ماڵەمانکرد و پێمان گوتن کە یاسا سەرەوەر، ئەوە ویستی حکومەتە ویستی سەرۆکی حکومەتە، بەڵام کە دێیە سەر جێ بەجێکردنی کارەکان خۆی گرفتەکان لێرەن، بۆیە دەبێت هەڵوەستە لەسەری بکەین و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بدەین، ئەگەر نا ئێمە زۆر خۆشحاڵین و خۆشبەختین لەوەی کە ئیرادەی سیاسی لەگەڵ ئەوەیە و پشتگیرە و پشتیوانی ئافرەتانە لە کوردستاندا، یەکێك لە بەڕێزان موداخەلەیەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ هەموویان، بۆیە من بە گشتی وەڵامی هەمووتانم دایەوە، ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان هەدیە خان باسی ئەوەی کرد ئایا چی دەکەین بۆ ئافرەت و کچی ئێزیدیەکان، هەروەها هەموو ئەو پێکهاتانەی تر کە تووشی ئەو نەهامەتیانەبوون، بەڕاستی بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ باسی بڕیاری (١٣، ٢٥)ی کرد کە ئێستا ئێمە بە پلانێکی تایبەت لە کوردستان ئەوە جێ بەجێ دەکەین، لە یەکێك لە پیلەرەکان گرنگی و ئیهتیمامدان بە کەمپەکانە و رەوشی ئافرەتان لەناو کەمپەکانە، وە زۆر زانستیانە هەوڵمانداوە کە کار لەسەر ئەوە بکەین، لەبەر ئەوەی بەڕاستی وەزعی نەفسی حاڵەتی خوشکان و ئەزیزانمان لە کەمپەکان خوشکانی ئێزیدی و پێکهاتەکانی تر لە کەمپەکان زۆر وەزعێکی خراپە، هەوڵی ئەوە دەدەین کە لە پیلەری (١٣، ٢٥)ی بڕیاری ژن و ئاشتی و ئازادی زیاتر دەستپێك کار بۆ کەمپەکان بکەین و بۆ ئەو پێکهاتانە بکەین کە نەهامەتیەکی زۆریان تووش بوویتەوە، لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە بە شێوەیەکی گشتی لەم کابینەیە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ چارەسەرکردنی کۆی پرسەکانی پەیوەست بە ئافرەتان و خانمان و ژنان، بەڵام چەندین رێگری تەکنیکی و مادی و کەمی سەرمایەی مرۆیی پسپۆڕ رێگرن لە وەڵامدانەوەی خێرای حکومەت، بەڵام جەنابی سەرۆکی حکومەت ئامادەیی دەربڕیووە بۆ دانان و پەسەندکردنی رێڕەوێکی گونجاو کە خۆی لە چەندین پلانی کورت خایەن و درێژ خایەن دەبینێتەوە، وە بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی پەیوەست بە ئافرەتان، وە ئێمەش کار دەکەین بۆ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع گۆڕانکاریەکان پێش بخەین، من هیوادارم لە کاتێکی زۆر نزیکی تر بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان وەکو ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان ئەو سیاسەتە نوێیەی کە لە پەیڕەوی ئەنجوومەنەکەدا هەیە بۆ پرسی ژنان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارانە لەگەڵ یەکتر هاوکاربین تاوەکو ئێستا زۆر هاوکاربووینە، سوپاسی هەموو لایەك دەکەم، وە ئەگەر هەر پرسیارێك یان هەر شتێك کە پێویست بوو وەڵام بدەمەوە نەمداوەتەوە ئامادەم بۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پشتیوان صادق وەزیری ئەوقاف فەرموو.

**بەڕێز پشتیوان صادق عبدالله/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبیعی هەموو ئەدیانەکان ئەگەر مولاحەزەتان کردبێت بە تایبەتی ئەو ئەدیانانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئێمە لە وەزارەت هەشت دیانەتمان هەیە هەموویان ئەگەر مولاحەزەی هەموو ئەدیانەکان بکەی بە تایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام تەئکید لەسەر میانڕەوی دەکاتەوە، تەئکید لەسەر حیوار و تەفاهوم و پێکەوە ژیان و سەلام دەکاتەوە، هەر لە ئیسلام هەموو دەڵێین سلام علیکم، یەعنی سەلام، یەعنی هەموو شتێك بە سلم حەل

بكرێت چارەسەر بكرێت، مەسەلەن ئەگەر سەیر بكەی لە ئیسلام خوای گەورە دەفەرمووێت: (ادع إلى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي احسن). یان دەفەرمووێت: (وقولوا للناس حسنا). مەسەلەن ئەو دیانەتەكانی تر كە لە وەزارەتی ئێمەیە ئێمە تەمسیلی دەكەین، چونكە ئێمە وەزارەتی ئەدیانە هەر وەزارەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام نییە، وەرە مەسەلەن تەورات تەماشا بكە، ئینجیل تەماشە بكە، زەردەشتی تەماشە بكە، كاكەیی تەماشە بكە هەر چەندە بە نیسبەت كاكەیی ئەوە خیلاف هەیە هەندێكیان خۆیان بە ئیسلام دەزانن و هەندێكیان خۆیان بە ئیسلام نازانن، هەر بۆیە لە وەزارەت نوێنەرایەتیان نیە تاوەكو ئێستا، گوتم با من لەو بەینە زەرەر نەكەم نەچوومە نێوانیان گوتم بە خۆم تەمسیلی هەردوولاتان دەكەم، سابیئە تەبیعی بەهائی تەبیعی هەموو ئامانە ئەگەر تەماشایان بكەی هەموویان تەئكید لەسەر سەلام دەكەنەوە، وە بە عامیش لە كوردستان موقارەنەتەن بە هەموو مەنتیقەكە خیتابی دینی خیتابێكی میانرەوە، بۆیە تاوەكو ئێستا دەكرێت بڵێین سەرەڕای هەموو كەم و كوڕیەكان كوردستان نموونەیەكی جوانی میانڕەوی و پێكەوە ژیانە، مەسەلەن ئەگەر موقارەنەی خۆمان لەگەڵ عێراق بكەین لە رووی سیراعی ئەدیانەوە سیراعێكی زۆر تووند هەیە، لە رووی ئەو كوشتار و مەسائیلی ئافرەت و هەر مەسائیلێكی تر دەبینی رۆژانە جەرائیمی زۆر سەیر هەیە ئەگەر ئێوە موتابەعە بكەن بەڕاستی ئینسان زۆر موتەئەسیر دەبێت، الحمدلله لە كوردستان ئەو خیتابە میانڕەوە یەكەم بۆ خودی دینەكە دووەم بۆ مامۆستایانی ئاینی بەڕێز ئاینی ئیسلام و بۆ هەموو ئاینەكانی تریش دەگەڕێتەوە، ئینجا بۆ تەنزیمی قانونی كە هەرێم هەیە، وە بۆ كەلتوری كوردستانیش دەگەڕێتەوە، مەسەلەن لە هەندێك گوندی كوردستان مەسافەی كەنیسە و مزگەوت تەنها سەد و پەنجا مەترە پێكەوە ئەوە هەمووی تەئسیری هەبووە مەبەستم لە میانڕەوی، ئێمە تەبیعی ئەگەر تەماشا بكەین لەو چەند ساڵانەی ئاخیری هەر بە عام لە ناو موجتەمەعی مە لە رووی كۆمەڵایەتیەوە لە خانەوادەوە تا دەگاتە سەرەوە یەعنی تەشەنوجات و خیتابی كەراهیەت تۆزێك دروست بووە، مەسەلەن تەماشا دەكەی ئەندام پەرلەمانە حەز دەكات دائیمەن رەخنە بگری بە توندی قسەی بكات، وەزیرە بە هەمان شێوە ئەوە چیە یەعنی مەسائیلی عەولەمە و تەكنەلۆجیا زۆر تەئسیری هەبووە بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان وا بكەین زۆرترین كۆمێنتمان بۆ بێت، تەبیعی ئەوە هەمووی تەئسیری نەفسی هەیە، كەواتە ئەگەر دەمانەوێت كۆمەڵگایەكەمان چاك بێت پێویستە لە خێزانەوە دەست پێبكەین، لە خێزانەوە حیوار دەست پێبكەین، باب و دایك پێویستە رۆڵیان هەبێت تەفاهوم لەگەڵ منداڵەكانی خۆیان بكەن جا تا دەگاتە حیزبەكانیشەوە، كوردستان لەو حیزبانە پێك دێت كە لێرەیە بە تایبەتی ئەو پێنج حیزبە و زائیدەن ئێستاكە نەوەی نوێش تەبیعی، وە حیزبەكانی تریش قەناعەت بكەن ئێمە دەتوانین لە كوردستان هەموو شتێك بكەین ئەگەر پێكەوە لایەنی نیشتیمانی و نەتەوەیی فەوقی هەموو شتەكانی تر بیت، ئەگەر نا ئەوەی تر هەر قسە بێت و موزایەدە بێت بە خوای ناتوانین هیچ بكەین، بە نیسبەت وەزارەتی ئەوقاف ئێمە سەر ئێشەكانی خۆمان لە ساڵی (٢٠١٦) ئێمە كۆنفرانسی گوتاری هەینیمان ئەنجامدا لەو كۆنفرانسە (١٦) بڕیارماندا، (٥٠٠) مامۆستای ئاینی و بیرمەند لە سەرانسەری كوردستان بەشداربوون، یەكێك لەو شانزە بڕیارانە ئەوەبوو كە خیتابی دینی لە هەرێمی كوردستان پێویستە زیاتر میانڕەو بێت، تەئكید لەسەر مافەكانی مرۆڤ

بکاتەوە بە تایبەتی مافی ئافرەت و مافی منداڵ، وە دژایەتی کردنی توونـد ڕەوی و تەرکیزکـردن لەسەر پـێکەوە ژیـانی ئـاینی بـۆ ئەم مەبەسـتە ئـێمە لە سـاڵی (٢٠١٧) بـۆردی گوتـاری هەینیمانـدا هەموو حەفتانە ئەو بۆردە کە لە مەجموعەك پسپۆڕ پێکهاتووە لە تەوجوهاتی ئـاینی جیـا جیـا لە هەرێمی کوردستان ئەوانە گوتـار دادەنـێن، ئایـا چەنـد ئەو گوتـارە جـێ بەجێکـراوە، بێگومـان لە ئاستی ڕەزامەندی ئێمە نییە، بەڵام ئێمە کـار دەکەیـن بـۆ ئەوەی وەکـو هەمـوو وڵاتـانی ئیسـلامی بۆردی گوتاری هەینی بتوانین بە تەواوی تەنزیمی گوتـاری هەینـی لە هەرێمـی کوردسـتان بکـات، خـاڵێکی تـر ئـێمە پەیمانگـای کوردسـتانمان دانـا ئەو پەیمانگـایە تەنهـا بـۆ ئەوەیە کە قـودراتی مامۆسـتایانی ئـاینی بەرزکـاتەوە لە ڕووی مافەکـانی مـرۆڤ و پـێکەوە ژیـان و ئەو بابەتـانە، هەر مامۆسـتایەکی ئـاینی لە پەیمانگـای کوردسـتان چـل و پێـنج ڕۆژ خـول دەبینێـت، وە لە مـاوەی ڕابـردوو لەبەر کۆرۆنـا دوای پێـنج دەورات ڕامـانگرت، ئێسـتا بڕیـارە ئەو خـولانە لە پەیمانگـای کوردستان دەست پێ بکاتەوە، وە لە مانگی شەش تەبیعی هەنـدێك خـولی پەلە یـان سـەریعیش دەکەینەوە بۆ سێ هەزار مامۆستا لە هەرێمی کوردستان بۆ زانیاریتان ئێمە نزیکەی شەش هەزار مزگەوتمان هەیە لە نزیکەی چوار هەزاریـان گوتـاری هەینـی پێشـکەش دەکرێـت، وە بە تەقریبـی نزیکەی ملیۆنێك کەس گوێ لە گوتاری هەینی رادەگری کە دەچێتە نـوێژ ڕۆژی جـومعە، ئەوانەش هەمـووی ئینسـانی بـالغن، زۆربەی زۆریـان تەمەنیـان لە هەژدە سـاڵ تێپەڕیـووە، وە تەئسـیریان لەسـەر خانەوادەکانیـان تەئسـیرێکی زۆر کـاریگەرە، بـۆ سـێ هەزار مامۆسـتا دوای لە مـانگی شەشەوە دەست پێ دەکەین خولی سەریع دەکەینەوە، وە برادەرێـك باسـیکرد کە خیتـابی ئـاینی لە هەرێمـی کوردسـتان زۆربەی توونـدە، مامۆسـتا اسـماعیل بـڕەك جـوابی دایەوە، بەڵام خیتـابی ئاینی لە هەرێمی کوردسـتان (٩٩%)ی میـانڕەوە و کـاریگەری ئیجابیشـی لە هەرێمـی کوردسـتان هەبووە، نەك هەر لە بابەتی خۆ کوشتن و ئەوانە، بەڵکو تەماشا بکەن کەمترین خەڵکی توونـدڕەو لە هەرێمی کوردسـتان دروسـتبووە، کـاکە بەس لە ئەورووپـا پەنجـا هەزار توونـدڕەو هەیە ئێسـتا، یەعنـی ئیسـلام پەنجـا هەزار توونـدڕەو هەیە، (مـع العلـم) خۆتـان دەزانـن سـەقافەتی ئەوێ و خوێندنی ئەوان چۆنە، یەعنی الحمدلله لە هەرێمی کوردستان ئەو شتە کەمە، خاڵێکی تـر ئەوەیە ئێمە بڕیارماندا دوو سەنتەر بکەینەوە بۆ توێژنەوە و دیراسـاتی تـایبەت بەو بابەتـانەی کە ئێسـتا هەمووتـان باسـتانکرد، یەکێـان ڕەزامەنـدی ئەنجـوومەنی وەزیـران وەرگیـراوە یەعنـی سـەر بە وەزارەتی ئەوقاوف دەبێت هەیکەلیەتەکەشمان دیـاریکردووە، یەکـی تـر سـەر بە ڕێکخراوەکـانی (NGO) دەبێت، ئەوەش کاریگەری خۆیان دەبێت بۆ تـوێژنەوە و دیراسـاتی زیـاتر لەو مەجـالەدا، بە نیسبەت مارەکردنی ئافرەت، تەبیعی ئەوە یەکێکە لەو شتانە کە کوێستان خـانیش تـازە باسـی ئەوە مامۆستا ئاینیەی کرد، موجتەمەعی ئێمە زۆربەی مـوجتەمەعەکی موسـڵمانە ئـافرەت بەبێ مارەکردنی مامۆستا تەنها لە دادگا مارە ناکرێت، یەعنی بڵێین عەقد و ئەوەی بۆ ناکرێـت، ئـێمە لە کابینەی ڕابردوو مەشروعێکمان تەقدیمی پەرلەمان کرد بۆ ئەوەی کە ڕێپێدراوی شەرعی یەعنـی بۆ ئەوەی مـادام هەر دەکرێـت بـابەتەکە بـا لەژێـر چـاودێری حکومەت بێـت ولایەنـی شـەرعی و قانونیشی تێدا بێت، بەڵام لە پەرلەمان ڕەتکرایەوە، ئومێـدەوارم دیسـان ئـێمە تەرحـی بکەیـنەوە مەئزونی شەرعی، ئەوە هەم پیـاوی ئـاینی و هەم نـوێنەری دادگـای تێـدا دەبێـت لەگەڵ نـوێنەری وەزارەتی داد، پێموایە مادام پڕۆسەکە هەر هەیە لە جیاتی ئێستا ئەو مامۆسـتایەی کە کوێسـتان

خـان باسـیکرد ئەو مامۆسـتایە دادگـای شـەقلاوە بـانگیکرد پرسیاریشـی لێکـرد هیچـیش نەمـاوە یەکسەر بە کەفالەت بەریـدا، لەبەر ئەوەی هەنـدێك قسـەیکرد و ئیـدی حـاکم نەیتـوانی ئیسـتیناد لەسەر شتێك بکات کە بیگرێـت، مەسـەلەن لە رووی شـەرعەوە هەر چەنـدە مامۆسـتایانی ئـاینی بەڕێز لێرەن مامۆستای منن بەڕاستی نایەمە ئەوانە، بەڵام خـۆ نفوسـی لـێ وەرنەگرتبـوو بزانێـت موالیدی چەندە، لە تەلەفزیونیش گوتی لە رووی هەیکەلەوە تەماشامکرد بلـوغی تەواوە یەکسـەر مـارەی کـردووە، بەڵام ئەگەر مەوزوعەکە چوارچێـوەیەکی قـانوونی هەبێـت، تـۆ کەی دەتـوانی یەعنی هیچ شتێك لە قانوون هیچ تاوانێـك ئەگەر نەصـی نەبێـت تـۆ نـاتوانی مـوتەهەمەکە ئەوە بکەی، کاکە چوارچێوەیەکمان بۆ دانێن لە رووی قانوونیەوە، کەواتە ئەو کـاتی دەردەکەوێـت کـام فعل تاوانە و کام فعل تـاوان نـیە ئەو کـاتی مـوتەهەمەکە عقـوبەی خـۆی وەردەگرێـت، بـۆیە مـن پێموایە ئەو بابەتە پەرلەمان هاوکارمان بێت ئێمە دەتوانین چوارچێوەیەکی یاسایی بـۆ دابنێـین، لە کۆتاییـدا زۆر سوپاسـتان دەکەم، پێمـوایە توانیمـان بە کـورتی شـتێك تەقـدیم بکەیـن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر بەخێرهاتنتان دەکەین، زۆر سوپاس، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، بەم شـێوەیە کۆتـایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)ی**
**چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١\٥\٢٦**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)
# چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٢١/٥/٢٦

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی (٢٠٢١/٥/٢٦) پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی ماددەی(٥) بڕگەكانی(یەكەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی(١٦)، بڕگەی(سێیەم) لە ماددەی(١٨) بڕگەكانی( یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی(٢٠)، ماددەكانی(٤٧،٤٨،٥٢،٥٤،٥٥،٥٦،٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتن ژمارە (١٥) ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان كاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەممە رێكەوتی(٢٦/ ٥/ ٢٠٢١) بەمشێوەیە بێت:

خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای بەخاوەنكردنی ئەو زەوییانەی كەلەسنووری شارەوانییەكانی زیادەڕۆییان لەسەركراوە لە هەرێمی كوردستان بەپێی ماددەكانی (٨٧،٨٨،٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی سێیەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێدەكەین، سەرەتاش دەرفەت دەدەینە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان بەرنامەی كارو پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوومان بۆ بخوێنێتەوە فەرموون.

**بەڕێز/ منی نبی نادر/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەكانی (یەكەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی (١٦)، بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی(١٨) بڕگەكانی( یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧،٤٨،٥٢،٥٤،٥٥،٥٦،٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٥) ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان كاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەممە رێكەوتی٢٦/ ٥/ ٢٠٢١ بەمشێوەیە بێت، خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای بەخاوەنكردنی ئەو زەوییانەی كە لەسنووری شارەوانییەكانی زیادەڕۆییان لەسەركراوە لە هەرێمی كوردستان، بەپێی ماددەكانی (٨٧،٨٨،٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی

بەپێی حوکمی ماددەی (٢٠،٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەمی لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٥/ ٥/ ٢٠٢١) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

یەکەم: دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

چوارەم: دواخستنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار.

پێنجەم: خستنەڕووی گفتوگۆکردنی دیاردەی تاوانەکانی کوشتن بەگشتی کوشتنی ئافرەت و خۆکوشتن بە ئامادەبوونی بەڕێزان، وەزیری ناوخۆو وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزیری ڕۆشنبیری لاوان و وەزیری ئاوقاف و کاروباری ئاینی و ئەمینداری ئەنجومەنی گشتی باڵای خانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەی (یەکەم)ی بەرنامەی کار تکایە با ئەمڕۆ جەلسەیەکی بکەین بەبێ نوقتەی نیزامی، دوێنێ هەموو قسەیەکتان کرد، دوێنێ ڕۆژێك بوو تێپەڕی تەواو بووبێت تکایە بەسە، بەڵێ بەڕێزان سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی بفەرموون، نوقتەی نیزامی نەبێت بە مەعنای کەلیمە دەیبڕم فەرموو کاك دیار.

**بەڕێز دیار انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەر لە نزیکی سێ بۆ چوار مانگ لەمەوپێش داوامان لەبەڕێزت کرد کەلیژنەیەکی لاوەکی پێکبهێنی، لیژنەی شارەوانی و لیژنەی پەیوەندیدارەکانت ڕاسپارد کە بەداخەوە تاوەکو ئێستا کە لیژنەی شەهیدانیش داوایکردووە کە ئەندام بن لەو لیژنەیە تا ئێستا دروست نەکراوە، بۆیە بۆ ڕێزگرتن لەو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە داوا لە بەڕێزتان دەکەم لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاسپێرن لەسەر ئەوەی کە زیادەڕەوی زۆر کارێکی نایاسایی زۆر لە وەبەرهێنان کراوە، دوو نموونەت دەدەمێ بۆ ئەم دوو شوێنە، یەکیان لەشاری سلێمانی کۆمپانیایەك بەناوی کۆمپانیای تۆپ کارس بەشێوەیەکە نایاسایی دوور لە هەموو یاساکان پڕۆژەیەکی کردووە ڕەگەزی پڕۆژەکەی گۆڕیوە، ئەو دیزاینە سەرەتایەی هەبووە لە (٤٦) کراوە بە(٧٦)، ئێی هەولێریش شوێنێکمان هەیە بۆ یەکەی تەندروستییە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی تێدا چارەسەر دەکرێت ئەم شوێنە لای لەنگەی نوێیە زەوییەکە زەوییەکی تیجاریە بای شەش بۆ هەشت ملیۆن دۆلار ئەبێت، ئێستا بەبیانووی ئەوەی ئەم شوێنە پێویست نییە وەزارەتی شەهیدان داوایکردوە بنکەکە داخراوە، لەکاتێکدا ئەم شوێنە نزیکی هەزار کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان تێیدا چارەسەر دەکرێن، هەموو نەسریەکەشی (١٠) دە ملیۆن دینارە دەیانەوێت ئەم شوێنە بەجۆرێك لە جۆرەکان، بەپێی زانیارییەکان ئەم شوێنە دوای داخستنەکەی بیناکە بڕوخێنن و بیدەن بە کۆمپانیایەك بۆ

وەبەرهێنان، بۆیە تكا ئەكەم لیژنەیەك بۆ ئەم دوو شوێنە پێكبهێنرێت وە نەتیجەكەیمان پێبگات لەكاتی خۆیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان لیـژنە تایبەتمەنـدەكانی پەرلەمـانی كوردسـتان بەڕێـزان و ئەنـدامانی پەرلەمـان لەسـەر كەیسی تاك تاك لەهەر شوێنێ قسـەتان هەیە، یاداشـت بـدەنە سـەرۆكایەتی بـۆ ئەوەی لیـژنەیەك ڕاسپێرین، بەڕێزان ئەو ڕاسپاردنانەی كە لەناو هۆڵی پەرلەمـانەو بەنووسـراو نیـیە، ئەگەر ئێـوە ئەتانەوێـت كێشـەكە چارەسـەر بكرێـت ئەگەر بە نووسـراوبێت ئـێمە لێیـان ئەپرسـین و ڕۆژی ئەوەنـدە بە نووسـراوی ئەوەنـدە ئەوە جـوابەكەیەتی، تەواو كـاك دیـاری باشـە قسـە لەشـوێنی خۆتەوە مەكە ئەم عادەتە تەرككە، بەرێزان والله پێكەنین نییە من دوێنێ كە سەیری تەلەفزیـۆنم ئەكرد شـەرمم ئەكرد، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان داوا لە بەڕێـزان لیـژنەی ئـاوەدانكردنەوەو وەبەرهێنـان دەكەیـن بـۆ ئەو كەیسـەی كەپەیوەنـدی بە وەبەرهێنـانە بەزووتـرین كـات وەڵامـی پەرلەمـان بەنەوە تەواو نووسـراو نـیە ئەوە لەنـاو هـۆڵا پێمـان وتـن، داوا لەلیـژنەی شـارەوانی ئەكەیـن سـەبارەت بەوەی كە ڕامـان سـپاردبوون بـۆ كەیسـی داگیركردنـی زەوییەكـان لەنـاوچە جیاوازەكانی كوردستان، ڕاپۆرتمان بدەنێ ڕوونكردنەوەمـان بـدەنێ، جـارێ بـا هەمـووی وەرگـرم دوای دەرفەتی ڕوونكردنەوەت پێ ئەدەم كاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو دیار ژ گوتنی تو بەرنامەی كار ژ بۆ دووی شەش یەك ژوان خالەك گرینـگ و جهـێ دلخوشـیا مامۆستای وانەبێـژ وەكـو پەرلەمـانێ كوردسـتانێ لسـەر وێ پرسـێ، ڕویشـتنەكا تـایبەت ئەنجـام بدات و وانەبێژی چاڤەڕێی وێ دانیشتنانە، لێ داخـاز دكەم گـۆری پەیـڕەوێ نـاوخۆیە پەرلەمـانێ كوردستانێ یاداشتێك ژ ئاڕاستەی مەبكەن یەك خاڵا دی ژ بوو بەرنـامەیێ بهێـتە زێـدەكرن وەكـو هاوپێچەو....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە هیچ پەیڕەوی نییە یاداشتەكەمان ئاراستە بكە، هیچ ناپەیڕەوییەكمان نەكردووە، كـاك علـی یاداشتەكەمان ئاراستەكەن بە نووسراو، بەڵی كاك علی ئەمە خاڵی پەیڕەوی نییە.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەكەم لەسەر ئەم یاسایە كە ئێستا ئەمانەوێ خوێندنەوەی دووەم....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەهـاتینە سـەر ئامـانج تكـایە كـاك علـی، كە لەسـەرۆكی لیـژنەی شـارەوانیمان پرسـی ئامـانج لەم تەعدیلە چییە دەرفەتتان ئەدەین قسە بكەی....

**بەڕێز علی حمە صالح:**

مـن یاسـاكە بە مەترسـی ئەزانـم، یەعنـی پـێش ئەوە مـن نامەوێـت ئەم یاسـایە بـڕوات، یەعنـی یارمەتیم بە تكایە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی حمە صالح، خۆشم گوێم لەهەندێ قسەی پەرلەمانتاران بووە وە هەندێ تەسریحی پەرلەمانتارانیشم خوێندۆتەوە لەسەر ئەو بابەتە لە تاوانبارکردنی لیژنەی شارەوانی، ئەبێ ڕوونکرنەوەمان بدەنێ.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

من کەس تاوانبارناکەم پێشووتریش ئەمە عورف بووە لەم پەرلەمانە، کە یاسایەك دوو تەوەجوهـ لەسەری بووە ڕێگە دراوە دووتەوەر جووهەکە هەردووکیان قسەبکەن، پاشان بڕیاردراوە ئەمە گفتوگۆی لەسەر بکرێت یاخود گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، من ترسی گەورەم هەیە بەهۆی ئەم یاسایەوە زەوی ئەم وڵاتە چەندێ داگیرکراوە لەلایەن کێ و کێ فرۆشراوەو ئێستا هەمووی تاپۆ ئەکرێ، فەقیر هەشت سەد مەتری لەکوێ بوو لە سەنتەری شارا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی کام ماددەیە وا دەڵێت...

**بەڕێز علی حمە صالح:**

ئەڵێ ئەگەر ڕووبەری زەوییەکە زیاتر بوو لەو ڕووبەرانەی لە خاڵی یەکی سەرەوە هاتووە و نەتوانرا بەپێی ڕێنماییەکانی نەخشەدانانی ئاوەدانی وەك زەوی سەربەخۆ جیابکرێتەوە ئەوا نرخەکەی بە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی چووینە سەر ئەو ماددەیە ئێمە...

**بەڕێز علی حمە صالح:**

ئێ کە قانوونەکە ڕۆیی لە نەتیجەیا ئاوا ئەڕوا، بەڵێ ئەزانم فەقیر هەیە لە کەلار موستەهەقە لە کوێ و لە کوێ جیای کەرەوە بەقەرارێکی تەشریعی با ئەوانە تاپۆ کرێ، بەس ئەمە دەرگا ئەکاتەوە بۆ دەیان هەزار قتعە کە بەشێکی کراوە بەقانوون لەلایەن بەرپرسەکانەوە فرۆشراوە، ئێستا هەمووی تاپۆ ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی سەبارەت بە ئامانج لەم هەموارکردنە، ڕوونکردنەوەمان پێبدەن، وە سەبارەت بەو قسانەی کە لەسەر لیژنەکەتان دەکرێت گوایە ئێوە ئامانجتان لەم هەموارکردنە، مەبەستم جەنابت نییە، چونکە بمووتایە لێرە ئەمووت مەبەستمان لەم هەموارکردنە ئەوەیە کە باخ و ڤێلا بەناوی خەڵکەوە بکەن ئەبێ ڕوونکردنەوەمان ئێستا بدەنێ پێش ئەوەی دەست بە موناقەشە بکەین، سەبارەت بەوەی کە ئەو گۆڕانکاریانەی کە کراون بۆچی کراون؟ فەرموون ڕوونکردنەوە بدەنە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لێژنەی بەدواداچوونی ئەو زەوییانەی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوێبگرن بەڕێزان بۆ ئەوەی بزانن بۆ.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەدواداچوونی پرسی زەوی لە شارو شارۆچکەکان، بەڵێ ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی ڕابردووشدا لە دانیشتنەکان خاڵی پەیڕەوییان وەرگرتووە، بەڵام جگە لە دوو ئەندامی پەرلەمان هیچ کەسێکی تر هیچ زانیاریەکی سەبارەت بە زێدەڕۆی لە شارو شارۆچکەکان ڕادەستی لیژنەی شارەوانی نەکردووە، بۆیە ئێمە داوا ئەکەین ئەم بابەتە تەنها بۆ وەرگرتنی خاڵی پەیڕەوی نەبێت یاخود نەبێتە بەهانەیەك بۆ ئەوەی قسە لەناو هۆڵی پەرلەمان بکرێت، داوا لەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین زانیاری وردوو دروست ڕادەستی لیژنەی شارەوانی بکەن ڕۆژی دووشەمەی داهاتوو لیژنەی شارەوانی کۆبوونەوەی تایبەتی هەیە لەسەر پرسی زێدەڕۆی لەسەر زەوی گشتی لە شارو شارۆچکەکان چاوەڕوان ئەکەین زانیاری وردمان دەنێ بۆ ئەوەی ئیجراحاتی پێویست بکەین و بەدواداچوونی پێویست بکەین، سەبارەت بە هۆکارەکانی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (٢٠١٩) کە ئێمە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستان دەرمان کردووە بێگومان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە مودەی (١٢٠) ڕۆژی بۆ دانرابوو، بەڵام بەهۆی هاتنە پێشی ڤایرۆسی کۆڕۆنا (١٢٠) ڕۆژەکە تێپەڕی و(١٢٠) ڕۆژی تر درێژکرایەوە مودەکە تەواو بوو، بۆیە لەڕووی قانوونییەوە ئەم قانوونەی ژمارە (٣)یەی ساڵی (٢٠١٩) شەرعییەتی جێبەجێ کردنی نەما بوو، دوای بەدواداچوونی لیژنەکەمان لەگەڵ سەرۆکایەنی شارەوانییەکان و کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان و سەرۆکایەتی شارەوانییەکان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و وە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و بەشی یاسای و ڕاوێژکاری یاسایی لە وەزارەتی شارەوانی، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم یاسایە پێویستە هەموار بکرێتەوە، وە داواکاری هاووڵاتیان و سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی شارو شارۆچکەکان و ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکان بوو، بۆ ئەوەی کە جارێکیتر ئێمە ئەم یاسایە هەموار بکەینەوە، هەموارمان کردۆتەوە بە ئامانجی ئەوەی کە ئەمڕۆ خوێندنەوەی دووەمی بۆ ئەکرێ، بێگومان بە پێشنیازی سەرەنج و تێبینیەکانی پەرلەمانتارانیش ئەتوانین هەموارەکە دەوڵەمەندتر بکەینەوە، یەك: موددەی یاساکەمان درێژتر کردۆتەوە.

دوو: جۆرێك عەدالەتمان پەیڕەو کردووە جۆرێك پێشنیازمان کردووە بۆ ئەوەی لەشارو شارۆچکەکان لەسەر ئەساسی قیمەتی زەوی زەویەکان تاپۆ بکرێن، خاڵیی تر ئەوەیە بەهیچ شێوەیەك نەقێلا ئەگەڕێتەوە نەباغ، بەڵکو ئەو زەوییانە ئەگەڕێتەوە کە لە سنووری شارەوانییەکانن. سێ: خاڵێکی تر ئەوەیە هەر زەوییەك کە پێشتر لەلایەن شارەوانییەکانەوە جیاکرابێتەوە سورەت قەیدی سەربەخۆی هەبێت کەسێکی دەست ڕۆیشتوو مەسئولێك بەرپرسێك زێدەڕۆی کردبێتە سەر بەنرخێکمان داناوە کە زۆر جیاوازە لەو نرخانەی کە هاووڵاتییەك لە شارو شارۆچکەکان گەڕەکێك لە گەڕەکەکان دروست بووە، ئەم هەموارە ئەم پێشنیازەی ئامادەمان کردووە بە دەنگی تەواو بە واژووی تەواوی ئەندامانی لیژنەی شارەوانی وە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی ڕادەستی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە من بووم کە وتم کە باغ و ڤێلا بەناو دەکرێ و مەترسی هەیە کە بەم هەمواره باغ و ڤێلا بەناو بکرێت خاوەنی قسەی خۆمم ڕوونکردنەوەش دەدەم ئێستا، من گومانم نیە لە نیەت پاکی لیژنەی شارەوانی خۆ من نالێم لیژنەی شارەوانی خوانەخواستە نیەتێکیان هەبێت، بەڵام بەپێی ئەو یاسایە بەپێی ئەو تەعدیلەی کە هاتووە لە بڕگەی(دووەم) ماددەی(١) کە دەڵێ شارەوانیەکان بۆیان هەیە ئەو زێدەڕۆکارەی کە پێش ڕێکەوتی (١٣/ ٣/ ٢٠١٨) خانووی نیشتەجێ بوونی بە زێدەڕۆی دروستکردووە، بکەنە خاوەنی ئەو زەویەی خانووەکەی لەسەری دروستکراوەو موڵکی دەوڵەتە جا چ موڵکی تەواو بێت یان مافی ڕەفتارکردنی لەسەر بێت، ئەو بەشەی کۆتایی ئەو دێڕەی کۆتایی کە لەیاسا ئەصڵەکە هاتووە بکەوێتە ناو سنووری شارەوانیەکان و لەناوچەکانی نیشتەجێ بوون بێت بەپێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو بەشە لادراوە، کە ئەو بەشە لابدرێت کەواتە ئەوەی لە سنووری شارەوانیەکان نەبێت باغ وڤێلا دەگرێتەوە باغ وڤێلا مەترسی هەیە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەصڵی یاساکەت پێیە...

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

بەڵێ ئەوەتا ئەصڵی یاساکە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەیری ماددەی(٢)...

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

ماددەی(١) بڕگەی (دووەم) ئەڵێم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نانا، ئەصڵی یاساکە..

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

دەسەڵاتی شارەوانییەکان...

**بەڕێز/ ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نانا، ڕووپاك خان، یاسای ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١٩) پێیە...

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

بەڵێ بەڵێ ئەوەتا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەیری ماددەی (٢) بکە، مەرجەکانی بەخاوەنکردن، یەکەم: خانووە زیادەڕۆییەکە بکەوێتە سنووری شارەوانییەکان لەو ناوچانەدا بێت کە بەپێی ماستەرپلان و نەخشەی وردەکاری

شارەوانییەکان بۆ نیشتەجێ بوون تەرخانکراون، ئەزانی بۆچی ئەو دێڕە لابراوە؟ لەبەر ئەوەی دووبارەیە لەبەر ئەوەی لە مەرجەکانا بێت بەهێزترە وەك لەوەی لە نەصەکەی سەرەوەیا بێت...

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

یەعنی پێویست نییە، چونکە ئەوە عەیبەك نییە لە عەیبەکانی یاسا، ئینجا دوای بۆتە یاساو وە ڕێنمایی بۆ دەرچووە لە وەزارەتی شارەوانی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی ڕوپاك خان با ئیتر ئەو موناقەشە نەکەین تۆ قانوونیت دووبارە کردنەوەی یەك دێڕ لە دوو ماددەی بەدوای یەکا لەکاتێکا کە بیکەی بەشەرت ئەبێت لە سنووری شارەوانییەکان بێت ئەبێ بە ماستەرپلان شوێنی نیشتەجێ بوون بێت، مەرجە بۆ ئەوەی پرۆسەکە دەست پێبکات لابردنی نیو دێڕەکەی سەرەوە عیلاقەی بەوە نییە کە ئەمان نایانەوێت ئەو زەوییانە بگرێتەوە کە دەکەوێتە سنووری شارەوانییەکان، عیلاقەی بە دووبارە هەیەو ئەشتوانین ئیزافەی کەین و ئاساییە، بەڵێ سەرکۆ تەواو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٧٩) برگەی (دووەم) ئێمە لە دوو وەرزی یاسادانانا پرۆژە یاسایی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆو ئاسایش پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، خۆتان ئەزانن هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ناردوومانە بۆ حکومەت، حکومەت بەفەرمی وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە کە ئەوان ئێستا کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن لە ئەنجوومەنی وەزیران...

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

شەش مانگە ئەو پرۆژە یاسایە حکومەت نەیناردووە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناردوومانەو ئەوان ئیشی لەسەر دەکەن، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، جەنابت دەڵێی ئەو لیژنانە ڕاسپێرن کە سەردانی شوێنەکان بکەن، بەڵام زیاتر لە شەش مانگە ئەمن لەو پەرلەمانەی داوای دوو سایدی ڕانیەم کرد داوای تەعمیری مەکتەبەکەم کرد...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنووسین بۆیان بنووسە کاك یاسین...

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

هەتا ئێستا شەش ملیاری بۆ دانراوە بۆ جێبەجێ ناکرێ، یەك لیژنەم نەدیوە لە ڕانیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

والله ئەوە نـوقتەی نیزامـی نیـیە، ئێـوە لەگەڵ لیـژنە تایبەتمەنـدەكانا ئـیش بـكەن بـۆ ئەوەی بەدواداچوون بكەن...

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

ئاخر جوابمان نادەنەوە.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چۆن جوابتان نادەینەوە......

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

ئێ نە ئیـدارە جوابمـان ئەداتەوە نەمحـافز نە حكومەت نە وەزیـری شـارەوانی، یەعنـی ئەو پـارە دانراوە سەرف ناكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەگەڵ لیژنەی شارەوانی ڕێكبكەون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، لەڕوانگەی ئەو گومانـانەی كە هەن ئـێمە دڵنیـاین لە دڵسـۆزی لیـژنەی شـارەوانییەكان وەخەمیـان وەمانـدووبوونیان بـۆ ئەم هەمـوارە، بەڵام لە ڕوانـگەی ئەو گومانانەی كە هەن بۆ نیەتێك لەپشت تێپەڕاندنی ئەم هەموارەوە بەپێی خـاڵی سـێیەم لە بـڕگەی (دووەم)ی مــاددەی (٥٦) پێشــنیار ئەكەم دەرفەت بــدەن بەئــێمەی پەرلەمانتــاران بــۆ ئەوەی دیراسەیەكی ئەم هەموارە بكەین باشتر، بۆ ئەوەی دڵنیـابینەوە كە بەڕاسـتی مەبەسـتێكی خـراپ لەپشت ئەم یاسایەوە نییە وە گفتوگۆی ئەم هەموارە دوابخەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ مەبەستێكی خراپ لەپشت ئەم یاسایەوە نیە.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لەلیـژنەی شـارەوانی دەكەیـن سـەبارەت بە مـاددەی (٣) لە بـڕگەی (دووەم) سـەبارەت بە كەسوكاری شەهیدان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چاكیـان كـردووە هەڵەیەك بـووە هەڵەی تەبـعە، دووەم خاڵەكـانی یەك و دوو هەمـوار دەكرێـت بابچینە سەر قانوونەكە بەڕێزان ئەگەر بابەتێك پەیوەندی بەقانوونەكەوە هەیە بە نوقتە نیزامـی وەریناگرین لێتان، كاك جەلال تایبەت بەو قسـەیەی كە كـاك علـی حـمە صـالح كـردی ئەڵـێ گـوایە ئەمە دەرگا ئەكاتەوە بۆ ئەوەی زەوی ئەوە بكرێ فەرموو جوابمان دەنەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بە یاسـاكە لە مـاددەی (٥) هەمـوارەكەی بەڕوونـی هـاتووە لە بـڕگەی (یەكەم) كە لەهیچ بارێكا بۆ هیچ زەوییەك لە چوارسـەد مەتـر تێـپەڕ ناكـات، وە ئـاخیر مەودای هەشـت سـەد

مەتـرەو بە مەرجێـك چوارسـەد مەتـری بە سـعری حەقیقـی، لە (٨٠%) ی بە سـعری حەقیقـی هەمووشمان ئەزانین باغ و ڤێلا لە هەرێمی کوردستان نییە هەشت سەد مەتر بێت، هەمووی دۆنم و دوو دۆنم و سێ دۆنمە، بۆیە ئەوەی لەم یاسایەدا هەیە ئاخیر مەودای چوارسەد مەترە، وە چوارسەد مەتری دووەم بە سعری (٦٠ %) سعری حەقیقی دەخەملێنرێ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا ئێمە لەبەردەمی دوو پێشنیاراین، پێشنیاری یەکەم: ئێمە بەردەوامبین لە...

**بەڕێز علی حمە سالح:**

ڕایەکەم نەوتووە من تۆ قەتعت کردووم ڕایەکەم نەوتووە نەمگەیاندووە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە سەبارەت بەم دۆخانەی کە ڕوو ئەدات بۆ دواخستنی گفتوگۆکردن لەسەر یاسایەکی دیاریکراو، لەبەر دەمی دوو پێشنیاراین.

پێشنیاری یەکەم: ئەوەیە کە ئەمڕۆ گفتوگۆ بەردەوام بێت و هەر پێشنیارێکی ئەندامانی پەرلەمان هەیە ماددە بە ماددە بوترێ،

ئەوەی دووەم ئەوەیە کە تەئجیل کرێت هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پێشنیازە یاسایە تەئجیل کات با بفەرمووێت دەست بەرزکاتەوە؟ بەڵێ (٢١) ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ تەئجیلە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە گفتوگۆ بەردەوام بێت دەست بەرزکاتەوە؟ بەڵێ بە دەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان گفتوگۆ بەردەوام ئەبێت، فەرموون دەستان دانێن، فەرموو.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاسپێندراوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەلال ئەوەی بەڕێزیان جیایە ئیلاقەی بەوەنییە، بەس دووکەس کاك مەم و کاك اسماعیل وەردەگرم.

**بەڕێز اسماعیل علی طە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆرە نوقتەی نیزامی من لە ماددەی (٥٨) ماددەی (٦٠) خاڵا (سێ) ئەڤە چەند پرسیار مە ئاڕاستەی چەند جێی جودا جودا کرن ل دووهەزارێ بیستێنە بەس وان پرسیارا دووهەزارا بیستێنە، ئەڤ دەمێ دوو هەزارو بیست و یەکی دا، وە هەیڤا پێنج (٢٠٢٠/٥/٣) ئەمە پرسیار بۆ ئەنجوومەنێ وەزیران فرێکری هەتا ل گەڵ بێت جواب نەهاتیە، (٢٠٢٠ /٥/١٧) بۆ وەزارەتا ناڤخۆی مە ناردیەو جواب نەهاتیە، (٢٠٢٠/٨/٢٣).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی ئەندامێکی پەرلەمان قسە ئەکا، بەو قانوونە تاپۆ ناکرێت، بەسە کاك علی بەسە، ئەوە ئەبێ لەناو سنووری شارەوانیا بێت، کاك علی یەك کەس بۆی هەیە یەك زەوی تاپۆ بکات ئەگەر

پێشتر سودمەند نەبوویێت، کاك علی گیان ئەبێت خانووی لەسەر بێت بەقوربان، کاك علی بەسە تەواو بەسە تەنها خانوو تاپۆ دەکرێت زەوی تاپۆ ناکرێت، کاك علی تۆ یاساکەو نەخوێندۆتەوە ئەڵێ ئەبێت تا (٢٠١٨) کردبێتی بە خانوو، جا چیبکەین ئیتر ئەوە بەئێمە ناکرێت بەسە، بۆ ئێوە دانەنیشتووین بە تەنیا، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

(٢٠٢٠/١٠/١٤) بۆ وەزارەتا شارەوانی و گەشتوگووزاری حەتا لەگەڵ بێت بەرسقا مە نەهاتیە، (٢٠٢٠/١٢/٢) بۆ وەزارەتا ئەوقافێ حەتا لەگەڵ بێت جەواب نەهاتیە (٢٠٢٠/١٢/٢١) بۆ وەزارەتا دارایی حەتا لەگەڵ بێت بەرسف نەهاتییە، ئەز پێشنیار دکەم دەستەی سەرۆکایەتیێ گەل وەزیرا کاروبارێ پەرلەمانی دگەل فراکسیۆنا دانیشن ئالیەتەکێ دانن ئەڤە نە مەعقولە یەعنی ساڵەکی پرسیار تاخیربن ڤێ ئالیەتێك بێتە دانان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس پێشنیارەکەت دروستە. بەڕێزان ئەمە پەرلەمانە بەنیزامە بەقانوونە هاوڕێیەکی ئێوە قسەئەکا ئەم شێوەیە بەسە ڕەفیقێکتان ئیحترامی بگرن قسەئەکا، فەرموو کاك مەم فەرموو بەڕێزم قسەبکە.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە قسەئەکەین برادەران، پاڵپشت بە ماددەکانی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەشوێنی خۆی دانیشێت.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بەماددەکانی (٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦) بەشێوازی جیاجیا باس لە پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند دەکات بۆ بەدواداچوونی پرسێك، زیاد دوو لیژنە هەیە من ئەندامم لەو لیژنانە زیاد لە دوو ساڵە لیژنەیەك پێکهێنراوە بۆ بیست ملیار دیناری پایتەختی ڕۆشنبیری پێشتریش لیژنەیەك پێکهێنراوە بۆ پێنج ملیۆن دۆلاری پایتەختی گەشتیاری لە هەولێر، هەموو مەلەفەکانی ئەمانە لێشاوێك کەموو کوڕیان تیایە، وە ئێمە ڕاپۆرتمان بە وردی پێشکەش کردووە زیاد لە ساڵێکە لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیرییە نەتیجەی نەداوەتەوە بەئێمە و لیژنەکان، ئەم پرسە چۆتە لای لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستانیش، وە ئیحالەی داواکاری گشتیش کراوە هەردوو کەیسەکە ئەبێت بزانین لیژنەی پەرلەمانی دوای لێکۆڵینەوە پێی چارەسەرناکرێت ئەو لیژنانە چ جەدوایەکیان نییە بەهایان نییە، داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان پێداگریکەن وە حکومەت بەڕێزەوە بەهێندەوە تەماشای بڕیارەکانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بکات، ئەو پرسە دوو لیژنەی پەرلەمانییە لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمان کە سەرۆکی لیژنەکەش لێرەیە، بۆیە داوائەکەم ئەم کەیسانە بە تەواوەتی ئەوەی پەیوەندی بە داواکاری گشتیەوە هەیە دادگا ئەو مەسەلانە یەکلا کاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ئێمە موتابەعەی ئەوە دەکەین کە ئیحالە کرابێت بۆ داواکاری گشتی، ئەبێت ئەوان دەعوا بجووڵێنن نازانم بۆ تا ئێستا نەیانکردووە.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئاستی سنووری گەرمیان سەبارەت بە زیادەڕەوی کردن، من و کاك ڕزگارو کاك مەلا ناصر، وەکو سێ نوێنەری ئیدارەی گەرمیان بەدواداچوونمان کردووە بەتایبەت....

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە یاداشت بینێرە بۆ پەرلەمان...

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

پەیوەندی بەم قانوون و هەموارەوە هەیە...

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتی هات قسەبکە تازە دەنگمان داوە شیرین خان...

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

با من پەیامەکەم بگەیەنم ئەزانم دەنگت داوە، بەڵام....

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگمان داوە ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، نوقتەی نیزامی نییە شیرین خان چاوی من.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان، ئەز ماددەی (٥٤) ژ ئاخاڤتم بابەتێمە ژ گرێ دایە ڕاستی ئەمنیەتا هەرێما کوردستانێ ڤە، دیارە تەبعەن ڕۆژانە فڕۆکەیەت جەنگی وڵاتێ تورکیا هێرشێ دکەنە سەر گوندو وە دەڤەرێ کوردستانێ، ئەڤە پەکەکە...

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوە هیچ پەیوەندی بەم مەجلیسەوە نییە، ئێمە هیچ یاداشتمان نەکردووە، یاداشت بدە پەرلەمانی کوردستان...

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

گوێ خۆ ئاخاڤتن ڤێ نقتە نیزامیێ گوێ خۆ ئاخڤن مجالەك دەی...

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەمەوێت کۆنترۆڵیکەم، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

برا ئەز بایکۆتێ دکەم...

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیاداشت بماندەنێ هەرچیتان هەیە قسەی ئیعتیادی ڕۆژانە حەدەسی ڕۆژانەیە، بەڵام ئەم مەجلیسە ناقانوونیمان کردووە ڕامانگرن، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، بەپێـی مـاددی (١٨) خـاڵی چـوارەم، جەنابـت دەسـەڵاتی بەرزەفتکردنت هەیە ئەو جۆرە دانیشتنە بەو فەوزایە هەرکەسە دانیشتووە لە شوێنی خۆیەوە قسـەئەکا هـیچ ئەدایەکـی نیـیە، ئەگەر جەنابـت بەرزەفتـی ئەکەی ئەگینـا بەڕاسـتی قـاعەکە بەجێبێڵین یان دانیشتنەکە هەڵگرن بۆ ڕۆژێکیتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرزەفت ئەبێت، بەڵێ کاك مەم اسکندر مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٤) فەقەرەی یەکەم برادەران ئاماژەیان پێکرد کە هەموو پەرلەمانتاران گلەیتـان لەسەرە لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی خۆتان بەکاربێنن بەپێی پەیڕەو، خودی پەرلەمانتـارەکە تەجـاوز لە پەیـڕەو دەکـاتن، تکـایە ئەوە کـۆنترۆڵ بـکە، بەپێـی مـاددەی (٦٦) فەقەرەی یەکەم، تکـایە یـان پەیڕەوەکە هەموار بکرێت یان ئەوە هـاتنی وەزیرەکـان تەنـزیم بکـرێتن، خەڵـك لەدەرەوە دەڵێـت ئەو وەزیرانە لەدەرەوە ئەوەندە بێئیشن ڕۆژانە لە پەرلەمانن، بەڕاستی ئەبێـت یـان ئەم پەیـڕەوە ڕێکبخرێت یان هاتنی وەزیرەکـان ڕێکبخرێـت بـۆ پەرلەمـانی کوردسـتان، ڕاسـتە یەکێـك لەخـاڵە جەوهەریەکـانی دەسـەڵاتی تەشـریعی و تەنفیـزی هەمـاهەنگییە، بەڵام تـا ئەو ڕادەیەش نـا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمـر ئەتـوانی لەشـوێنی خـۆتەوە قسـەنەکەی، هـاتنی وەزیرەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان، جێ بەجێکردنی واجبێکی قانوونی خۆیانە ئێمە سوپاسـیان ئەکەین، وە فەخر بەم خولەی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەکەین کە زۆرترین وەزیـری بەبەراورد بە هەرچـوار خـولەکەی تـری پەرلەمـانی کوردسـتان هـاتووە، سوپاسـی ئەو بەڕێـزانە ئەکەیـن کە هەرکاتێ داوایان لێبکەین دێن بۆ پەرلەمانی کوردسـتان، بەڕێـزان بادەسـت بە موناقەشـە بکەیـن بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان، بـابەت ڕاپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد کە ڕاسـپێدراوی بـۆ کــراوە لەلایەن لیــژنەی کاروبــاری یاســایی، لیــژنەی کاروبــاری یاســایی ڕۆژی یەکشــەممە ڕێکەوتــی(٢٠٢١/٥/١٦) کــاتژمێر(٨)ی ئێــوارە کۆبــوونەوەی خــۆی ئەنجامــدا بەمەبەســتی پێـداچوونەوەو داڕشـتنی یاسـایی دڵنیـابوون لە دژنەبـوونی دەقەکـان لەگەڵ دەسـتوورو یاسـا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی (یەکەم، سێیەم) سـەبارەت بەڕاپـۆرتی لیژنەی شـارەوانی و گواسـتنەوەو گەیانـدن و گەشـتووگوزار تـایبەت بە خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠١٩)وە کەیاسـای بەخـاوەنکردنی ئەو زەوییـانەی لە سـنووری شـارەوانییەکان زیادەڕۆییـان لەسـەر کـراوە لە هەرێمـی کوردسـتانی

عیراق، لیژنەی یاسایی ئەم دارشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە، پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠١٩)ی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە لەسنووری ئەوشارەوانیانەی کە زیادەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان-عیراق، ماددەی (١) بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) لەماددەی (١) بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە لەگەڵ زیادکردنی دووخاڵ بەزنجیرەی (دوو، سێ) بڕگەی (یەکەم).
یەکەم: زیادەڕۆکار، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسەیە کە بەزیادەڕۆی هەڵساوە بە دروستکردنی خانوو یان تێیدا نیشتەجێیە یان میراتگرە شەرعیەکانە یان ئەوانەی بە حوکمی ئەم یاسایە بۆ بەخێوکردنی ڕاسپێردراون.
دووەم: سوودمەند، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسە کە لەدوای ساڵی (١٩٩١) زەوییان یان یەکەی نیشتەجێبوونیان وەرگرتبێت بەهەر هۆکارێك بێت جگە لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا.
سێیەم: ئەو کەسانەی چ سرووشتی یان مەعنەوی کە لەچوارچێوەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان یان دامەزراوەیەکی تری حکومی مۆڵەتیان پێدراوە، زیادەڕۆییان لەدەرەوەی سنووری ڕێپێدراوەکە کردووە، حکومەکانی ئەم یاسایە نایانگرێتەوەو زیادەڕۆکانیان بۆ بەخاوەن ناکرێت.
دووەم: شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەم زیادەڕۆکارەی کە پێش ڕێکەوتی (٢٠١٨/٣/١٣) خانووی نیشتەجێبوون بەزیادەڕۆی دروستکردووە بکرێنە خاوەن ئەو زەوییەی کە خانووەکەی لەسەر دروستکراوەو مۆڵەتەکەی بۆ مولکی دەوڵەتە، جا چ مولکی تەواوەتی بێت یان مولکی ڕەفتارکردنی لەسەر بێت و وە بکەوێتە ناو سنووری شارەوانییەکان لەناوچەکانی نیشتەجێبوون بێت، بەپێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە، ماددەی (٢)، بڕگەکانی (دووەم، سێیەم، چوارەم) ماددەی (٢)ی ئەم یاسایەی یەکدەخرێت وە بەمشێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە.
سێیەم: پێویستە زێدەڕۆکار داواکاریەکی نووسراو لە ماوەیەکدا کە لەیەك ساڵ لە ڕێکەوتی بەکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بکات بەمەبەستی بەخاوەنکردن، ماددەی (٣) بڕگەکانی (یەکەم) وە بڕگەی (دووەم) تەنها خاڵی (١،٢) وە بڕگەی (چوارەمی) ماددەی (٣)ی ئەم یاسایە بەمشێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە لەگەڵ زیادکردنی بڕگەیەك بەزنجیرەی پێنجەم بەم شێوەیە، لێرە لەوەی بەردەست ئێوە لە بڕگەی (دووەم) تەنها خاڵی (٢،١) هەموار دەکرێت ئاگاداربن بەم شێوەیە:
یەکەم: لێژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕییەکان و ئەندامیەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەوەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزارو دارایی وئابووری وکوشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وداد، پێکدەهێنێت بەمەبەستی تاوتوێکردنی داواکارییەکان و دڵنیا بوون لە هاتنەدی مەرجەکانی پێویست بۆ بە خاوەنکردن و لیژنە بۆی هەیە لیژنەیەکی لاوەکی لە شارەوانییە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنرێن بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە تەکنیکیە پێویستییەکان.
دووەم: بەهای ئەو زەوییانەی زێدەڕۆیان لەسەر کراوە بوو بۆ بەخانووی نێشتەجێ بوون نرخەکانیان بەم شێوەیە دەخەمڵێنین.

یەك/ ئەگەر زەویـیەك زیـادەڕۆی کرابـوو لەسـەری پێشـتر لەلایەن شـارەوانییەوە جیـاکرابێتەوە نـرخەکەی بەبڕێـك دەخەملێنرێـت بەلە (٣٠%) تـا (٥٠%) ی نرخـی ڕاسـتەقینەی زەویـیەکە و زیادەڕۆکاریش بە سوودمەند ئەژماردەکرێت.
دوو/ ئەگەر زیادەڕۆکار سوودمەند بووبێت لە دەوڵەت لەکاتی بەخاوەن بـوونی ڕێـژەی لە ١٠% لە نرخی ڕاستەقینە دەخرێتە سەر نرخی ئامازەپێکراو واتا (٣٠%) دەبێتە (٤٠%) و (٥٠%) و (٦٠%) لە خاڵی یەك.
سێ/ ئەگەر ئەو زەوییەی زیادەڕۆی کرابووە سەر پێشتر لەلایەن شارەوانییەوە جیا نەکرابێتەوە نرخەکەی بەبڕێك دەخەملێنرێت لە (٥%) ی نرخی ڕاستەقینەی زەوییەکە کەمتر نەبێت.
چوار/ هەر زیادەڕۆکارێك خۆی نیشتەجێی خانووی زیادەڕۆییەکە نەبوو، وە بەرامبەر یـان بەبێ بەرامـبەر کەسـێکیتر تێـدا نیشـتەجێ بـوو لە کـاتی بەخاوەنکردنـدا ڕێـژەی لە (١٠%) ی نرخـی ڕاستەقینەی دەخـرێتە سـەر ئامـاژەپێکراو لە خاڵەکـانی (١،٢،٣)، چـوارەم: لیـژنەی بـاڵا بـۆی هەیە بەخاوەنکردن ڕەتبکاتەوە ئەگەر شوێنی خانووەکە سەرڕێچی بوو بۆ ماستەر پلان یـان نەخشـەی کەرتی، وە زیادەڕۆییەکەش لادەبرێت لەسەر ئەرکی شـارەوانی و زیادەڕۆکـار مـافی ڕەفتـارکردن بە پاشـماوەکانی دەبێــت و شـارەوانی پەیوەندیـدار لە سـنووری خـۆی بە پـارچە زەوییەکـی نیشــتەجێ بـوو کە ڕووبەری لە (٢٠٠)م زیـاتر نەبێـت بەبـێ بەرامـبەر قەرەبـووی زیادەڕۆکـار دەکاتەوە، پێنجەم: هەر زیادەڕۆکارێك بۆی هەیە تەنها یەك خانووی زیـادەڕۆی بەنـاوەوە بکرێـت، ماددەی (٤)...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە، بەڕێزان لە لیژنەی دارایی ئەتوانن بڕۆنە کۆبوونەوەکەتان، فەرمـوون مـۆڵەتن ئەتـوانن بڕۆنە کۆبوونەوەی خۆتان.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

ماددەی (٤)ی یاساکە بەم شـێوەیە هەمواردەکرێـت، ئەگەر کەسـی زیادەڕۆکـار پابەنـد نەبێـت بە پێدانی نرخی دیـاریکراو یـان خەملێنـراو لە بـڕگەی هـاتوو لە مـاددەی (٢)ی، لێـرە نووسـراوە ئەم یاسایە، لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٣)یانی لێرە مـاددەی (٣) بـۆ ئیـزافە دەکەن، بەمەرجەکـانی هاتوو لە ماددەی (٢) ئەم یاسایە نەگرێتەوە ئەوا مافی بەخاوەنکردنی نامێنێت و خـانووەکە بەو زەویـیەی ئەوەی لەسـەری دروسـتکراوە بەنـاوی شـارەوانی پەیوەندیـدار تۆمـار دەکرێـت بەپێـی یاسای فرۆشـتن و بەکرێـدانی موڵـك و مـاڵی دەوڵەت لەهەرێمـی کوردسـتان-عیـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی (٢٠٢١) لە بەرامـبەردا فرۆشـتنەکە بەهـای دروسـتکراوەکە بەم شـێوەیە شایسـتەی بە تێکدراوی (مستحق قلعە) دەدرێـت بە خـاوەنەکەی، مـاددەی (٥) بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (٥)ی یاساکە بەمشێوەی خوارەوە هەموار دەکرێت.

یەك/ نابێت ڕووبەری ئەو زەویەی بەخاوەن دەکرێت لە پارێزگاکان....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەڕێزان بڕۆنە کۆبوونەوەی خۆتان کاك سەرکۆ فەرموون.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

یەك/ نابێــت ڕووبەری ئەو زەویــیەی بەخـــاوەن دەکرێــت لە پارێزگاکــان لە (٣٠٠)م دووجــا، وە لەقەزاکــان (٤٠٠)و دووجــا، وە لەناحیەکــان لە (٥٠٠)م دووجــا تێــپەڕ بکــات، وە ئەگەر ڕووبەری

زەویــیەکە زیــاتر بــوو لەو ڕووبەرەی کە لە خــاڵی (١) هــاتووە نەتــوانرا بەپێــی ڕێنماییەکــانی نەخشەدانانی ئاوەدانی وەکو زەوی سەربەخۆ جیابکرێتەوە ئەوا نرخەکەی لە (٦٠%) ی نرخی ڕاستەقینە دەخەملێت و بەناوی زیادەڕۆکار تۆماردەکرێت، بەمەرجێك لە هەموو هاووڵاتییەك لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکان ڕووبەری گشتی زەوییەکە لە (٨٠٠م) دووجا زیاتر نەبێت، ماددەی (٦) مــاددەی (٦)ی یاســاکە بەم شــێوەیەی خــوارەوە هەمــوار دەکرێــت، وەزارەتــی شــارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئەو ناوچانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە نەخشەی دیزاینی ئامادەکراویان نییە، لە ماوەیەك کە لە(٢) ساڵ لە ڕێکەوتی بەکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕنەکات نەخشەی دیزاینی پێداویستی تەکنیکی ئامادە بکات، ماددەی (٧) ماددەی (٧)ی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێتەوە، داهاتە بەدەست هاتووەکان بەپێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت.

یەکەم/ ڕێژەی (٧٠%)ی بەدەست هاتوو دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار بۆ پێویستییەکانی دانانی نەخشەی دیزاینی ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەگەڵ هاندانی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەشدارن لە ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

دووەم/ ڕێژەی لە (٣٠%)ی داهاتی بەدەست هاتوو دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی هەرێم بەمەبەستی ئاراستەکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیاگرێتەوە، ماددەی (٨) ماددەی (٨)ی یاساکە بەمشێوەیە هەموار دەکرێتەوە، ئەو خانوانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی ڕووخاو بەهۆی کاری سیاسی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) دروستکراون و یان شوێنەواری شوێنی خانوو ماوە بەپێیی تەواوی حوکمەکانی هاتوو لەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و نرخەکەشیان بەبڕێك دەخەملێنرێت کە (٢%)ی نرخی ڕاستەقینەی زەویەکە کەمتر نەبێت، ماددەی (٩) کار بەهیچ دەقێکی یاسای یان بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، ماددەی (١٠) پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، ماددەی (١١) پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەماوەیەك کە (٦٠) تێپەڕ نەکات ڕێنمای تایبەت بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربکات، ماددەی (١٢)، ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت، ئەم یاسایە دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی کاری پێدەکرێت، هۆیەکانی دەرچواندن بەمەبەستی سوودمەند بوونی زیاتری هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە زەوی میری و دۆزینەوەی دەروازەی یاسایی بۆ چارەسەری زیادەڕۆی ناچاری بۆ ئەوەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) شیاوی جێبەجێ کردن بێت ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دەست بە گفتوگۆ دەکەین، فەرموون لە ناوونیشانەوە دەست پێبکە، با بیخوێنێتەوە ئینجا ماددەی (١) بوێنەوە ئینجا سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمـــواری یەکەمـــی ســـاڵی (٢٠١٩) یاســـای بەخـــاوەنکردنی ئەو زەوییـــانەی کە لە ســـنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك لەسەر ناوونیشان قسەی هەیە، بەڵێ کاك شێخ ظاهر، کێی تر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

نووسـراوێك کـراوە بـۆ لیژنەکـان کەنابێـت کۆبـوونەوەی لیـژنەکە لە کـاتی جەلسـە بێـت، کەچـی ئەمڕۆش...

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ ڕاسـتە، بەڵام ئەوە لەبەر ئەوەی ئـێمەی هەفـتەی پێشـوو تەلەفۆنیـان بـۆ ئـێمە کـرد وتمـان سێشـەمە جەلسـەمان نابێـت، ئەوان سێشـەمیان دانـابوو، بەڵام حـاڵەتەکە ئیجبـار بـوو سێشـەم دایبنێـین، لەبەر ئەوەی حکـومەت جـوابی دابـۆوە کە سێشـەمە وەزیرەکـان ئەتـوانن بـێن، ئـێمە ئیزنمان دان کە چوارشەمە بێت.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

لەبەر ئەوەی ئێمەش ئەمڕۆ کۆبوونەوەمان هەبووە تەئجیلمان کردووە بۆ هەفتەی تر.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە قسەکەت تەواوە خەتای ئێمەیە بەڕاستی، بەدیاری کراوی بەندە.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من ئەندامی لیژنەی شارەوانی نیم، لە هەمـوو گفتووگۆکـان بەشـداریم کـردووە، بەڵام ڕەنگە هەندەجار ئینسان تێبینی زیادی بۆ دروسـت بێـت، مـن لەگەڵ ئەوەمە کە ناونیشـانەکە بەم شـێوەیە بێـت، پێشـنیازە هەمـواری یەکەم یاسـای ژمـارە (٣)ی یاسـای بەخـاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆی دەکرێت بـۆ مەبەسـتی نیشـتەجێ بـوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە ئەڵێین کێ قسەی هەیە ئەبێت ناوی بنووسرێت، کە ناوی نووسی ئینجا قسە ئەکـات، ئەڕۆیـنە سەر ماددەی (١)، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) لە ماددەی (١) بەمشێوەی خـوارەوە هەمـوار دەکـرێنەوە، لەگەڵ زیادکردنی دوو خاڵ بەزنجیرەی دوو و سێ بۆ بڕگەی (یەکەم).

یەکەم: زێـدەڕۆکار بـۆ مەبەسـتەکانی ئەم یاسـایە ئەو کەسـەیە کە بەزیـادەڕۆی هەڵسـاوە بە دروستکردنی خانوو یان تێیدا نیشتەجێیە یـان میراتگـرە شـەرعییەکانە یـان ئەوانەی بە حـوکمی ئەم یاسایە بۆ بەخێوکردنی ڕاسپێردراون.
دووەم: سوودمەند، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسە کە لەدوای ساڵی (١٩٩١) زەوییان یـان یەکەی نیشتەجێ بوونیان وەرگرتبێت بەهەر هۆکارێـك بێـت جـگە لەڕێـگەی زیـادکردنی ئاشـکرا.
سێیەم: ئەو کەسانەی چ سرووشتی یان مەعـنەوی کە لەچوارچێـوەی پڕۆژەکـانی نیشـتەجێبوون لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان یان دامەزراوەیەکی تری حکومی مۆڵەتیـان پێـدراوە، زیادەڕۆییـان لەدەرەوەی سنووری ڕێپێدراوەکە کردووە، حکومەکانی ئەم یاسایە نایانگرێتەوەو زیادەڕۆکانیـان بـۆ بەخـاوەن ناکرێـت، دووەم: شـارەوانیەکان بۆیـان هەیە ئەم زیادەڕۆکـارەی کەپـێش ڕێکەوتـی (٢٠١٨/٣/١٣) خانووی نیشتەجێبوون بەزیادەڕۆی دروستکردووە بکـرێنە خـاوەن ئەو زەویـیەی کە خانووەکەی لەسەر دروستکراوەو مۆڵەتەکەی بۆ مـوڵکی دەوڵەتە، چ مـوڵکی تەواوەتـی بێـت یـان مـوڵکی ڕەفتـارکردنی لەسـەر بێـت و وە بکەوێـتە نـاو سـنووری شـارەوانییەکان لەناوچەکـانی نیشتەجێبوون بێت، بەپێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەربەڕێزێـك لەسـەر مـاددەی (١) ئەیەوێـت قسـە بکـات، ناوەکـان ئەخـوێنمەوە هەرکەسـێك نەنووسرا بوو با پێم بڵێت نەنووسراوە، (کاك باپیر، گوڵستان خـان، کـاك بەهـمەن، کـاك چیـا، کـاك حیکمەت، کاك شێخ ظاهر، گوڵستان خان، ڕۆژان خان)، لێرە کێمان نەنووسیوە (حسیبە خان، کاك حاجی سەفین، کەسیتر هەیە، دکتۆر محی الدین، کـاك سیپان، مامۆسـتا ابـوبکر، کـاك علـی، کـاك ڕزگـار، مەلا ناصـر، کـاك عوسـمان سـێدەری، شـیرین امـین، کـاك یاسـین، کـاك شـاخەوان، دکتـۆر اسماعیل، کاك دیاری)، کەس هەیە ناوی نەنووسرابێت، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کا مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی (دووەم) باس لەوە دەکات کە شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو زێدەڕۆکارییەی کە پـێش ڕێکەوتـی(٢٠١٨/٣/١٣) خـانووی نیشـتەجێ بـوون و زێـدەڕۆی لـێ دروسـتکراوە بـکەنە خــاوەنی ئەو زەویــیە، ئەگەر هــاتوو دوای (٨/١٣) یــان لە ئێســتادا شــارەوانییەکان وەکــو مــن بیستوومە لەزۆر شارەوانییەکان ئێستا ماستەر پلانـی نـوێ دادەنـێن ئایـا دوای ئەو ماسـتەرپلانە چۆن ڕێگرییەك بێت، ڕێگرییەکی لێ بکرێت کە ئەوانەی ئێسـتا لەدەرەوەی ماسـتەرپلانن خۆمـان ئەزانین ئەو باغ و باغاتەی دروستکراون لە دەوروبەری شارەکانە کە ماستەرپلان دەکرێـت ئەوانە دەکەونە نــاو شــارەوانییەوە، ئەوە چــۆن ڕێگــری لــێ دەکرێــت نەیگــرێتەوە، چــونکە ئەوە گەنـدەڵییەکی زۆری تێـدا دەکرێـت لە بەهەدەردانـی زەوی وەفرسـەتی بـۆ زۆر خەڵکـی دروسـت دەبێـت کە بچـن زێـدەڕۆی بـکەن یـان زێـدەڕۆییان کـردووە لەسـەر ئەرزی کشـتوکاڵی و ئەوەی دەیگـرێتەوە ئەوە یەك، لە مـاددەی (١٢)دا، کە مـاوەی (٣) سـاڵی دانـاوە لەو مـاوەی (٣) سـاڵەدا ماستەر پلانی نوێ دێت قبوڵ دەکرێت کـاری لەسـەر دەکرێ، ئایـا ئەوە دەیگـرێتەوە چ ڕێگـریەك هەیە لەو مـاددەدا جـێگەی بکەیـنەوە، بـۆ ئەوەی ماسـتەرپلانی نـوێ نەیگـرێتەوە، ئەو ماسـتەر

پلانەی دوای (٢٠١٨/٨/١٣) نەیگرێتەوە؟ ئەوە تەنها تێبینیەکم هەبوو لەسەر بڕگەی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە پرسیارە دواتر جواب ئەدەنەوە بێگومان،گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) کە لەماددەی (١) بەم شێوەیەی خوارەوە نووسراوە هەموار دەکرێتەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان، مەبەستم گوڵستان باقی بوو قسەبکات ببورە توخوا.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (١) خالا یەکێ لەسەر پەیمان سازێ دارۆکان، ب دیتنا من پێناسە کەڤن باشتر بوو، چونکە ئەو کەسەیێ زێدەڕۆی ب کەتن خۆ ئاڤ نەبویتە مولکێ وی تایبەت، ئەگەر مولکی حکومەتی بیتن، ل مادام ژبوو هەندێ بیتن تێدا بژیتن وە تێدا نیشتەجێ بیت، دڤێت هەندێك ئاڤ کریبتن، وە کردبیتە هەیکەل هەتا بشهێت تێدا نیشتەجێ بیتن لەوما پێدڤیا ڤێ پێناسێ دا ئیشارتێ نیشتەجێ بوون تێدابیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی (١) بڕگەی (دووەم) ڕاستی حاڵەتێك هەیە، (٣/١٣)ی دیاریکراوە (٢٠١٨) هەندێك حاڵەتمان هەیە لە سنووری گەرمیان وهەندێك شارەکانی تریش، وابزانم بە گروپێکیش هاتنە پەرلەمان و هەم جەنابتیان بینی و هەم لیژنەی شارەوانی و هەم فراکسیۆنەکانیشیان بینی، هەندێ حاڵەت هەیە چەند مانگێك فەرقی هەیە یان مانگێك یانی حاڵەتی وا هەبووە (١٠) ڕۆژ فەرقییەتی لەگەڵ ئەو تاریخە، من پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەو تاریخە سێ یان چوار مانگێك درێژکەینەوە هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت، بەڵام بەمەرجێك کە ئەبێت خانوو دروست کرابێت لەسەری یانی زەوی نەبێت هەیکەل نەبێت دیوار نەبێت بۆ ئەوەی خەڵك زیادەڕۆی زیاتر نەکات، بەڵام ئەوانەی کە خانوون و منداڵی تێدا دەژی خەڵکی فەقیری تێدا دەژی حەق وایە سێ یان چوار مانگێك لە یاساکە مەجال بدرێت، پێشنیار دەکەم کە تا سێ مانگیش ئاسایی بێت کە بەناوی بکرێت و نەڕوخێنرێت، چونکە ئێستا کە ئەو حاڵەتانە لە گەرمیان و لە شارەکانی تریش تەهدید کراون بەوەی کە دەبێت چۆڵی کەن دەڕوخێنرێت، کە هەمووشی خاوەن منداڵ و خەڵکی هەژارن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله حەزئەکەم هەر قسەنەکەم باشە، فەرقی من و ئەو کچە چی بوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرقی نییە، بەڵام سێ لێرە، سێ لێرە، دوو لێرە، ببوورە گوڵستان خان نازانم بۆ شت بە حەساسیە وەرئەگرن.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

وەڵای حەساسیەت نییە ئەوە، بەڕاستی زۆر ناخۆشە، چونکە من نیوەی شتەکەشم خوێندەوەو قەتعت کرد.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە داوای لێبوردن دەکەم.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

بوراویت، سەبارەت بە ماددەی (١) بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) کە لەماددەی (١) بەم شێوەیەی خوارەوە نووسراوە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە، پێم باشە بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی (دووەم) پێم باش بوو هەندێکی بۆ زیاد بکرێت و ئەوانە، ئەو زەوییانەی کە لە ئەنجامی ماستەرپلان یاخود نەخشەی بنەڕەتی دابوون بە تیجاری ئەو حەلە نەکراوە لەو هەموارەیا کە بەداخەوە ئەمە ئەبێت بەکێشە لە نەتیجە، جاری واهەیە کەسێکی زێدەڕۆکاربێ یان زێدەڕۆی کردووە خانووی دروست کردووە، بەڵام لە ئەنجامی نەخشە دانان بووە بە زەوییەکی تیجاری یان خانووەکی تیجاری، چارەسەر بۆ ئەمە نەدۆزراوەتەوە، بۆیە من داوا دەکەم کە ئەمە حەلێکی بۆ بکرێتن، کە لە ڕاستیدا ئەو خانووانە کە دەبنە تیجاری چارەسەری بۆ نەکراوە کە ئەوە بە داخەوە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە جارێکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەبێت ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی (دووەم) شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو زێدەڕۆکارییانەی کە پێش ڕێکەوتی (٢٠١٨/٣/١٣) خانووی نیشتەجێ بوونیان دروست کردووە بکەنە خاوەنی ئەو زەوییەی کە خانووەکەی لەسەر دروست کراوە و موڵکی دەوڵەتە لە سنووری شارەوانیەکان، بۆیە من لێرە داوا دەکەم وەکو ئەوەی کە ئێمە ئاگادارین لە سنووری گەرمیان هەموو خەڵکی فەقیرو هەژار لە

دوای ئەوەی (١٩٩١) ئـاوارە بــوون و لەو سـنوورانەن خانووەکانیــان لــێ دروسـت کـردووە و هەنـدێکیان هەتـاوەکو سـاڵی (٢٠١٩) دروسـتیان کـردووە ئەو بەروارە بگـۆڕین تـاوەکو بەرواری (٢٠٢٠ /١٢/٣١) وە پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك بەهـمەن و بـرادەران دەکەم و پشـتیوانی تریشـی زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆر.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسـەر بـڕگەی (سـێیەم) قسـە دەکەم کە بـاس لە کەسـی سرووشـتی و مەعـنەوی دەکـات کە ئەوانەی لەلایەن دەستەی وەبەرهێـنەر زێـدەڕۆییان کـراوەتە سـەر زەوییەکانیـان بەنـاو ناکرێـت، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەو زەوییانە لێیان وەرئەگیـرێتەوە یـان ئەگەر خـانووی کـرد یـان بینـای لەسەر کردووە بە سعری هەڵکەندن دەدرێـتەوە بە کـابراو زەویـیەکە بـۆ حکـومەت دەگەڕێـتەوە؟ پـێم باشـە ئەو بـابەتە بەڕاسـتی چارەسـەرێکی بـۆ بـدۆزینەوە، چـونکە حکـومەت نە ئەو وەخـتە دەتـوانێ بیرڕوخێنێـت، بـۆیە پێویسـتە بەیاسـا ئەو بـابەتە ڕێکبخرێـت، خـاڵی دووەم: ئەوەیە کە بڕگەی (دووەم) شارەوانیەکان بۆیان هەیە یەعنی دەتوانێ هەم بۆیان بکـات هەم بۆیـان نەکـات، بۆیە بۆیان هەیە پێم وایە لابدرێت باشترە وە پێشنیاری ئەوەمـان کـردووە لە لیـژنەی شـارەوانی کاتی خۆی بۆ ئەوەی جـارێکی تـریش نێـین یاسـاکە هەمـوار کەیـنەوە، وە حکـومەتی لەکـۆڵ ئەو هەمـوو بیـنەو بەردەیەش بکەیـنەوە، پێشـنیاری ئەوەمـان کـردووە لە لیـژنەی شـارەوانیەکان تـا (٢٠٢٠/١٢/٣١) کۆتایی بە زیادەڕۆی بێنین، بۆ ئەوەی ئەو کێشانە یەکلایی بێتەوەو دووبـارە لەسـەر ئەو بابەتە نەڕۆین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، بەس لەنـاو ماددەکـانی تـرا دکتـۆر عیلاجـی ئەوە کـراوە ئەگەر یەکێـك لە مەرجەکانی تیانەبوو خانووەکەی چی لێ ئەکرێت.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێ گوتنێ من لەلایەن دکتۆر محی الدین هاتنە گوتن، کو من دڤێت ئاماژە پێ بـدەم لە مـاددێ (١) بڕگـا (دووەم) کـو ئەو بەروارەك هـاتییە دانـان (٢٠١٨/٣/١٣) دکوبونەوەیـا لیـژنە ل سـەرا ئیمـزا کری، مە داخازکر کو(٢٠٢٠/١٢/٣١) دومەهی کـوادا، چـونکی پشـتی ژ وادەیەشـی تەجـاوزات هـاتیە کرن، کو خەلکەکی هەژارو دەست کورت بەهەر شێوەیەکی بیت تەجـاوز لە خـانوویەکێ لایلـونێ دروسـت کـریەو خەلـك تێـدا نیشـتەجێ بـوویە، ڕاسـتە پشـت بەسـتنا وێ لەسـەر پشـت بەسـتنا یاسایێ ژمارە (٣) سالا (٢٠١٨) یە کو یاسا ڕێگری کرن لە زێـدەڕۆیی و لەسـەر لادانـا سـەر زەوی و زارێ مـوڵکی دەوڵەتـێ، ل پشـنیار دکەم وەکـو چـار لیژنەیـا شـارەوانی پیشـنیار دکەم نـزانم بـچ بیانوەك کەلیژنەی یاسایا چەندە لادایە لەوڕا داخاز دکەم وەکی خـۆ بمینیـتن کـو (٢٠٢٠/١٢/٣١)، وە پشتیوانیە گوتنێ دکتۆر محی الدین دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوو تێبینـی هەبـوون، تێبینـی یەکەم مـاددەی (١) زێـدەڕۆکار مەبەسـتی ئەو کەسـەیە بە زێـدەڕۆی هەڵسـاوە بە دروسـت کردنـی خـانوو یـان تێـدا نیشـتەجێیە یـان گەلەك کەس تێـدا نە نیشتەجێیە پارچە زەویـیەك هـاتینە سیم کـرن، مەسـەلەن تەنها بـۆ مەبەسـتی خـانوو نیـنە یـان مەسەلەن پارچە زەوییەك (٣٠٠م) هیچ بینایەك هیچ هەیکەلەك هیچ ئەساسەك تێـدا ناهـاتنە کـرن تەنها سیم کرن، ئەز بێژم چارەسەریا وی بێتە کرنێ، هەروسا مـاددا پشـتی وی بێـژیتن یـانی گەل ڤـێ مـاددە دا، ماددەکـا پشـتی ڤـی دێـتن دبیژیـت ئەو کەسـانەی کە تێـدا نیشـتەجێ نەبـوونە، مەسەلەن ئەڤە دژایەتیا ڤێ ماددە کرن چونکی خودان خۆ خاڤ نەدایە، بەس دایە کەسـەکی دی ئەو مـاددە دژی ڤـێ مـاددەیە مـاددا پشـتی ڤـێ دێـتن، هەروەسـا مـاددا(٢) بێـژی سـوودمەند بـۆ مەبەستەکانی ئەو یاسـایە ئەو کەسـانەیە ئەو کەسـەیە تەنهـا یەك کەسـە، بەس ئەو کەسـانە بـت یانی بێتڤیا ئەو کەسەیە بێتە گۆڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت مادێ (١) برگا (دووێ) یا دیار کری کو ئەو کەسێ پشتی سـاڵا (١٩٩١) سـوودمەند بـوون، وان کەسـا کـو بەرێگـا زیـاد کرنـێ سـوودمەندمانە حسـاب کرنـێ، بەس لێـرە بەعسـێ قەرەبـووێ نەکریە، یەعنی مەسەلەن گەلەك کەسێت هەی زەڤییێت وەرگرتین بە رێگا قەرەبووێ، حەزکەم کـو ئەو وەکـێ قەرەبـوو ژ وەرگـرتیە نەیەتە حسـاب کـرن وەکـی سـوودمەند، وە پشـگیریا قسـەکانی مامۆستا بەهمەن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، مـاددەی (١) خـاڵی یەکەم زێـدەڕۆکار بـۆ مەبەسـتەکانی ئەم یاسـایە ئەو کەسـەیە بە زێـدەڕۆی هەڵسـاوە بە دروسـت کردنـی خـانوو یـان تێـدا نیشـتەجێیە یـان میراتگـرە شەرعییەکان یان ئەوانەی حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردن ڕاسپێردراون، لێـرە پرسـیاری مـن ئەوەیە یـان تێـدا نیشـتەجێیە مەبەسـتی چیـیە؟ ئایـا ئەگەر مەبەسـت زێـدەڕۆکارە ئەوە بکـرێتە تێـدا نیشتەجێیە، ئەگەر مەبەستیش ئەوەیە زێـدەڕۆکار خـانووەکی دروسـت کـردووە پاشـان بەکرێـی داوە کـابرای کرێچـی لـۆ بە زێـدەڕۆکار حسـاب بکرێـت و ئەو پرسـیارەم بـۆ لێـژنەی تایبەتمەنـدە وەڵامـم دەنەوە، خـاڵی دوو، سـوودمەند بـۆ مەبەسـتەکانی ئەم یاسـایە ئەو کەسـەیە کە لەدوای ساڵی (١٩٩١) زەوی یان یەکەی نیشتەجێ بوونی وەرگرتبێت بەهەر هۆکارێك بێت جـگە لەڕێـگەی

زیادکردنی ئاشکرا، لێرە پێشنیار دەکەم بکرێتە زەوی نیشتەجێ بوون چونکە خەڵکی تر هەیە زەوی وەرگرتیە بۆ نموونە موصاتەحەی وەرگرتیە، ئایا مصاتەحە بۆ بەسوودمەند حساب بکرێت بکرێتە زەوی نیشتەجێ بوون، خاڵی سێ، ئەو کەسانەی سرووشتی بن یان مەعنەوی، هەرکەسێکی سرووشتی بن یان مەعنەوی ئەو کەسانە لابدرێت وە لە دێری کۆتایی هاتووە ئەو زەویانەیان لەسەر تاپۆ ناکرێت ئایا چارەسەری ئەم بابەتە چییە بەچی شێوەیەك دەبی، خاڵێکی تر دووەم، ڕێکەوتێك دیاریکراوە کە (٢٠١٨/٣/١٣) کە لەو ماوەیە تا ئێستا نزیکەی سێ ساڵە ئەو یاسایە کە لەئەساسا دەرچووە بۆ چارەسەر کردنی واقعێك کە زیادەڕۆییە لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لەو ڕێکەوتە تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر زێدەڕۆی دروست کراوە، بۆیە ناکرێت بەڕاستی لە لایەك بابەتێك چارەسەر کەین و لە لایەکی تر بابەتێکی کەش بە معەلەقی بێڵینەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم تا ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە زێدەڕۆیەکان بەناو بکرێن و وەلەپاش ئەوە یاسای ژمارە(٣) ساڵی(٢٠١٨) زۆر بەتووندی لەسەر زێدەڕۆکار جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، پێشنیارەکەی من ئەوەیە بۆ ئەوەی بابەتەکە بەکراوەیی نەمێنێتەوە خەڵکی ناموستەحەق ئیستغلالی ئەم یاسایە بکات بۆ بەرژەوەندی خۆی، لەخاڵی یەکەم کەباسی زیادەڕۆکار دەکەین، بڵێین زیادەڕۆکار بە هاوپێچ دیاری کەین کە کێیە، با ئاساییە ئەو شوێنانەی کە سەد خێزانن سکاڵایان کردووە، پەنجا لە دەربەندی خان کردوویەتی بیست لە ئاکرێ کردوویەتی تەحدید بکرێت با ئەمانە هەمووی تاپۆ بکرێت، بەمشێوە کراوەییە بهێڵدرێتەوە دڵنیابە زۆر خراپتر ئیستغلال دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك لەڕێکەوتی ٣/١٤ (١٠٠م) لەسمود کردبێت شمولی ناکات، بەڵام کەسێك لەڕێکەوتی (٢٠١٨/٣/١٢) لە سەنتەری سلێمانیا یان هەولێر(٨٠٠م) کردبێت شمولی ئەکات، ئەمە نادادی دروست ئەکات، بۆیە من پێشنیاردەکەم بۆ ئەوەی لەم یاسایە دڵنیا ببمەوە بۆ فەقیرەکان، ئێستا هەموومان ئەزانین کێ وکێ تەڵەبیان کردووە خەڵکی چ مەنتیقەیەك تەڵەبیان کردووە، تەحدیدی مەناتقەکان بکەین ئەم سەد شوێنەی گەرمیان ئەو پەنجای گەرمیان ئەو بیست شوێنەی زاخۆ ئەمانە با تاپۆ بکرێن بۆ مانگێك و دوو مانگ تحدید نەکرێن، بەڵام بەمە بەڕاستی نادادیەکی دیکە دروست دەکات هیوادارام پێشنیارەکەم بە نەزەر ئیعتیبار وەرگری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسی زیادەڕەوی کار ڕەنگە پرسێك بێت هەموو ناو شارو و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، بەداخەوە لەهەموو بوارێکا لە هەموو بارێکدا نابێت پەرلەمانی کوردستان پشتگیری زیادەڕۆی بکات، بەڵام دەرئەنجامی ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٥) یان لە دوای ساڵی (٢٠٠٥)

پرسـی دابەشـكردنی زەوی ڕاگیـراوە وە كۆمپانیاكـانی بـواری وەبەرهێنـان نەیتوانیـووە ببێـتە ڕێكارێك بۆ ئەوەی كەسانی هەژارو نەدار سوودمەندبن بەهۆی نرخـی بـاڵا لە خـانوو شـوقەكاندا، ئەمە ڕێكارێك بووە بۆ ئەوەی كە پرسی زیادەڕۆكردن تەشەنە بكات، لەپاڵ ئەمەدا دەیەها پرسـی كە بە دەیەهـا جـۆری زەوی نایـاب و سـتراتیژی لە شـوێنە گشـتیەكان لە شـارو و شـارۆچكەكان داگیـردەكەن وە كەس ڕووبەڕوویـان نـابێتەوە، مـن خـۆم لە ئاسـتی سـنووری گەرمیـانە بەپێـی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی(٢٠١٨) یاسای ڕێگری كردن لە زیـادەڕەوی كـردن نـاوی چەنـد بەرپرسـێكم داوە بە داواكـــاری گشـــتی كە وەكـــو پەرلەمانتارێـــك ئەمە ئەركـــی مـــنە، بەڵام بەداخەوە ئەو بەرپرسـانە هەڕەشـەی كوشـتن و هەڕەشـەی خێزانیـان لەئـێمە كـردووە، لەپـاڵ ئەمەدا هەر بەدواداچوونم بۆ ئەو ماڵانە كردووە كە هەژارن ئەوە دوو شاهێد هەنە لەنـاو هـۆڵی پەرلەمـان كە كـاك ڕزگـارو كەك مەلا ناسـر، مـاڵی وا هەبـووە كەمتـر ڕەنـگە لە (١٠٠م) داگیركردبێـت تەنهـا خانووەكەی بلۆك بووەو سەقفەكەی چینكۆ بـووە، بەڵام دادگـا هەڵساوە ئەمەی دەسگیر كـردووە حەفتا ڕۆژ لە زیندان بووە، وە بەپێیی یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠١٨) مـامەڵەی لەگەڵـدا كـراوە غەرامە كـراوە خـراوەتە زینـدانەوە خـانووەكەی لـێ ڕووخـاوە، بـۆ بەرپرسـەكە كاتێـك چـوونە داواكاری گشتی كاتێـك سـەردانی دادگامـان كـردووە كاتێـك لەگەڵ یەكە ئیـدارییەكان و ئیـدارەی گەرمیـان كۆبـوونەتەوە تـاكە بەرپرسـێك نەبـووە كە بزنـز بە زەوی نەكـات لەسـنووری ئیـدارەی گەرمیان ئەكیدیشم لە شارەكانی دیكەش ئەمە بوونی هەیە نەدراوەتە دادگا، بۆیە بـۆ موعـالەجە كردنـی ئەو پرسـە ئەكرێـت ئـێمە زۆر بە بەرپرسـیاریەتەوە مـامەڵەی لەگەڵ بكەیـن لەپـاڵ ئەوەی چوار كەسی هەژار سوودمەند ئەبێت، دەیەها بەرپرسی كە زەوی نایابەكان وەرئەگرن، پێشـنیاری مـــن ئەوەیە بـــۆ بـــڕگەی یەكەم بەڵـــێ پشـــتگیری لە قســـەكانی كـــاك علـــی ئەكەم، ئەكرێـــت شارەوانیەكانی هەموو سنوورەكانی هەرێمـی كوردسـتان تەحدیـدی ئەو مـاڵە هەژارانە بـكەن كە لەدەرئەنجامی نادادی و هەژاری دا دەستیان بەسـەر موڵـك و مـاڵی دەوڵەت بـردووە، بەڵام لەپـای ئەمەدا با یەك مەتر بۆ بەرپرسێك نەبێت، بۆ بڕگەی دووەم پشتگیری لە قسەكانی كـاك بەهـەمەن و كاك مەلا ناسر دەكەم بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە ئەگەر بۆ سێ مانگیش بێت درێژ بكرێتەوە بـۆ ئەوەی كەسانی هەژار بتوانن سوودمەندبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ابوبكر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە لە ماددەی(١).

یەكەم: زێدەڕۆكار بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە كە سیاغەیە ئەو كەسەیە كە زێدەڕۆكار هەڵسـاوە بەدروست كردنی خانوو كە خۆی تێدا نیشـتەجێیە، یـان میراتگـرە شـەرعیەكانی یـان ئەوانەی بە حوكمی یاسا ئەو كە خۆی تێیدا نیشتەجێیە.

دووەم: سـوودمەند بـۆ یـانی تەنهـا لەدوای (١٩٩١) سـوودمەند بێـت، بەهەزاران هـاووڵاتی هەن لە سـەردەمی پێشـوودا یەكەی نیشـتەجێ بوونیـان وەرگرتـووەو زەویشـیان وەرگرتـووە، بەڵـێ بـۆ نموونە خانووەكانی مەعمەل جگەرەیـان وەرگرتـووە، مەعمەلـی شـەكریان وەرگرتـووە مەعمەلـی

چیمەنتۆی سەرچنار وەریانگرتووە، بۆ نموونە لە سلێمانی ئەڵێم، یانی ئەمانە بۆ بەسوودمەند حسێب نەکرێن کە دووجار ئەوکاتە ئەگەر تۆ خستتە دوای ئەوەی ساڵی (١٩٩١) دووجار سوودمەند دەبێت، لەبەر ئەوە بەڕای من گرینگە سوودمەند بوو بێت لە زەوی نیشتەجێ بوون یان یەکەی نیشتەجێ بوون لەبەر هەرهۆکارێك بێت، لەبەر ئەوە تەحدید کردنی کات لە دوای ساڵی(١٩٩١) بەڕای من ئیضعافە لە ڕاستیا، خاڵی سێیەم: ئامانج و فەلسەفەی ئەم یاسایەو ئەم هەمارە وەکو خۆتان وتووتانە لە هۆکارەکانی دەرچوواندن سودمەند بوونی هاووڵاتیانی کەم دەرامەتە لە زەوی میری، لەبەر ئەوە بۆیە دەبێت لەڕاستیا لە خاڵی دووەمە زێدەڕۆکار تەحقیق بکەین کە ئەو کەسە بەڕاستی کەم دەرامەتە وە هەژارە کە پێموایە ئەوە بەشێکی ئەتوانین لەماددەی (٢) جێگەی کەینەوە، گرینگە ئەوە بیسەلمێنێت کە هەژارو کەم دەرامەتە، بۆیە ئەم خانووەی بەناو دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە ڕحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی پشتگیری لە قسەکانی هەریەك لە بەڕێزان دکتۆر محی الدین و کاك عوسمان سێدەری و کاك علی حمە صالح دەکەم، ئەوەی کە گرینگە، کاك لقمان ئەوە جیایە ئەوەی کە ئەو وتوویەتی پشتیوانی ئەو ڕایەش ئەکەم و پشتیوانی ئەو ڕایەش دەکەم باشە، بەڕوخسەت پەیوەندی بە ئێوەوە نییە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەو بەشەی کاك علی حمە صالح ئەڵێ با بەلیستێك تەحدید بکرێت، پشتیوانی کاك علی دەکات، وایە...

**بەڕێز دیاری انور حمە ڕحیم:**

بەڵێ بەڵێ وایە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەو بەشەی تری کە ئەڵێ مودەکە درێژکرێتەوە پشتیوانی کاك عوسمان نەبوو، بۆیە ئەوان لێیان تێکچوو، مەلا ناصر کاك بەهمەن و شیرین خان بوو.

**بەڕێز دیاری انور حمە ڕحیم:**

بەتەواوەتی پشتیوانی ئەو قسەیەی کاك دکتۆر محی الدین یانی بەتایبەت ئەوەی کە بۆ وەبەرهێنانە پرسیارەکەو فەلسەفەی ئەم شتە ئەوەیە ئایا ڕێگا ئەدات بەتەجاوز بۆ نموونە ئەم شوێنە بەتەجاوزی دروست کراوە زیادەڕەوی کردووە، ئێ باشە ئەگەر ئەم یاسایە شمولی ناکات یان ئەگەر ناڕوخێنرێت یان ئەگەر لێی ناسەندرێتەوە یان ئەگەر پێی نافرۆشێت، ئەمە جۆرێك بە شەرعیەت دان نییە بۆ مانەوەی ئەمەو بەردەوام بوونی ئەمە، ئەمە یەکەم.

دووەم: ئەوەی کە خاتوو شیرین باسیکرد یەعنی باوەڕبکە بەو چاوانەی خۆم بینیومە چووم کابرایەکی ئیختیاری ڕیش سپی تەمەنی سەرووی (٦٠) ساڵ بووە لەسەر ئەوەی کەپرێکی بە تەجاوز دروستکردووە، خوا شاهێدە یانی ئەمە گوێم لێ بووەو خۆم چوومە بینیوومە لە

مەیدانی ئاژەڵەکان لەگەڵ ڕێزما گیراوەو چەند مانگ لە سجنا بووەو دوای وتوویانە قەیناکە تۆ بەرئەدەین کوڕەکەیان گرتووە، لەسەر ئەوەی کەپرێکی دروستکردووە، بەڵام ڕۆژانە هەموومان دەیبینین ئەوەی کە دەسەڵات دارە ئەوەی کە خەڵکی لە پشتەوەیە، یەعنی لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکان قسە بکەین ئەوکاتە دەزانی کە بەرپرس بەهێزە و قوەت دەنێرتە شوێنی زەوی و داگیری دەکات، بەس ئەمە بۆ هەموو هەرێمی کوردستان بۆ هەولێر دهۆك بۆ سلێمانی ڕاستە، فەلسەی ئەم بابەتە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم یاسایە بۆ هەردووکی خەڵك گیراوە چووە ئەڵێ کاکە ئەو خانووەی من دروستم کردووە لەسەر دەمی ڕژێمی پێشووا دروستم کردووە، بە دادگاکانیشم وتووە حاکمەکە وتوویەتی بیڕوخێنن ئینجا بەرت ئەدەم، ئینجا شەش مانگە لە سجنە بۆ نموونە کە خانووەکەی چەند ساڵە لە سەردەمی پێشوو دروستکردووە، لێرە گرینگیەکە ئەوەیە من ئەمەوێت باسی بکەم.

یەکەم: چۆن وابکەین ئەم عەدالەتە دروست بێت بۆ هەمووی وەکو یەك بێت.

دووەم: ئەو بابەتەی بۆ خەڵك زیادەڕۆی دەکات یەعنی یەکێك لەو شتانە بۆ نموونە دابەش نەکردنی زەوی یەعنی چەند فەرمانبەر چەند کەسوکاری شەهید چەند کەسی دیکەمان هەیە چەندین ساڵە ئەو هەموو زەویە بۆ ئیفراز ئەکرێت دابەش بۆ وەبەرهێنان بۆ شتەکانی دیکە، بۆچی بۆ فەرمانبەر بۆ خەڵکی کەم دەرامەت بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان ئیفراز ناکرێت دابەش ناکرێت، یەك خاڵی دیکە زۆر پشتیوانی کاك سیپان و برادەرانی تر دەکەم بۆ ئەوەی تا(٢٠٢٠/١٢/٣١) بێت، بمانەوێت و نەمانەوێت حەقیقەتە واقعێکە کە ئێستا تێیداین بەڕاستی ئەم شتە بەجۆرێك لە جۆرەکان یاسای لێبوردن لەگەڵ یاسای زێدەڕۆکار جۆرێك لە عورفی وەرگرتووە، خەڵك ئەڵێ ئەیکەم و دوای حکومەت لەولاوە پەرلەمان یاسایەکم بۆ دەردەکات، ئێستا ئێمە لەگەڵ واقعێکاین بەڕاستی هەتا ئێستاش دروست ئەکرێت و دروستکراوە، بەتایبەت من بۆ خەڵکە کەم دەرامەت و هەژارەکە ئەڵێم، ئێمە وای لێبکەین تا ئەم دەقەیە، بەڵام گرینگە بە نەصێك بە دێڕێك ئەوە بکەین، ئەبێت یاسایەکمان هەبێت ئێمە وابکەین جارێکی دیکە خەڵك پەنا نەباتە بەر ئەوە نەوێرێت یاساکەمان ئەوەندە قوڕس بێت بەجۆرێك ڕێکخراو بێت بەجۆرێك منەزەم بێت خەڵکی زێدەڕۆ نەکاتە سەر موڵکی میری سەر موڵکی گشتی ئەمە گرینگە چارەسەری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم یاسایە یاسایەکی تەکمیلییە بۆ یاسای ژمارە (٣) ساڵی(٢٠١٨) لەوێ مەنعی تەجاوزی بەسەریحی تیایە، سجنی تیایە، غەرامەی تیایە، دواتر قەرار بوو هەر لەخولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایە دەربچێت و وەزارەتی شارەوانی خۆیان پرۆژە یاسایەك بنێرن بۆ تەکمیلە کردنی بۆ تەنزیم کردنی ئەمری واقیع کە وجوودی هەیە، وە بۆیە ئەو مودانە دانراون بۆ ئەوەی هەرکەسێك لەدوای دەرچوونی ئەو قانوونەوە تەجاوزی کردووە لە ڕاستیا نەیگرێتەوە، بەڵام دواجار ئەوە پەرلەمانە خۆی بڕیار ئەدات، کاك حاجی سەفین فەرموو.

**بەڕێز سەفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی (یەکەم و دووەم) پشتگیری قسەکانی شێخ ظاهر دەکەم، لەبڕگەی (دووەم) پێم باشە دەڵێ شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو زێدەڕۆکارە پێش ڕێکەوتی (٢٠١٨/٣/١٣) تەجاوزیان کرایتە

سەری، ئەوان مەسیریان چی ئەبێ؟، پێم باشە ئەو کاتە دیاری نەکرێ، لیژنەی تایبەت هەیە دەسەڵاتی بدرێتی ئەوانەی موستەحقن تاپۆ بکرێ، ئەوەی موستەحق نییە نەکرێ، پشتگیری قسەکانی کاك عەلی و برادەران ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك چەند ڕاست کردنەوەیەك و چەند تێبینم هەیە لەسەری، لە بڕگەی یەك باسی زێدەڕۆکار ئەکات، ئەوە جەمعە، لە پێناسەکە تایبەت بە کەسی کردووە، پێویستە بکرێ بە کەسی زێدەڕۆکار یان پێناسەکەی بگۆڕدرێ بەم شێوەیە، زێدەرۆکار بۆ مەبەستەکانی ئەو یاسایە ئەو کەسانەن بە زێدەرۆیی هەڵساون بە دروست کردنی خانوو، جا چ تێیدا نیشتەجێن یان بە کرێیان داوە، یان میراتگرە شەرعییەکان یان ئەوانەی بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بۆ بەخێوکردنیان ڕاسپێراون، پێشنیاری وشەی بەکرێدان ئەکەم ئەزانین حالەت هەیە ئەوانەی زێدەرەوی ئەکەن دەست بەرە پارچە زەوییەکان ئەگرن بۆ سوودمەند بوون بە شێوازیکی تر، بەکرێدانیش زیاد بکرێ، لە دوو، سوودمەند بکرێ، بە سوودمەند بووان بۆ مەبەستەکانی ئەو یاسایە ئیجاب ناکات خۆی ئەو یاسایە پێناسەی ئەکات تایبەتمەندی خۆی دیارە، بۆیە بەم شێوەی لێ بکرێ، سوودمەندبووان ئەو کەسانەن لە دوای سالی (٩١) زەوی و یەکەی نیشتەجێ بوونیان وەرگرتبێ بە هەر هۆکاریك جگە لە ڕێگەی زیاد کردنی ئاشکرا، مەبەست لە زیاد کردنی ئاشکرا چییە، خاڵی سێیەم، ئەو کەسانەی چ سرووشتی بن یان مەعنەوی بەم شێوەی لێ بکرێ، کەسانی سروشتی یان مەعنەوی کە لە چوارچێوەی پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان یان دامەزراوەیەکی تری حکومی مۆڵەتی پێدراوە و زێدەڕەوویان لە دەرەوەی سنووری ڕێپێدراو کردووە، حوکمەکانی ئەو یاسایە نایانگریتەوە و زێدەڕەوییەکانیان بۆ بەخاوەن ناکرێ، لە بڕگەی دووەم پشتیوانی کاك بەهمەن ئەکەم بە زیادکردنی یەك بڕگەی تر وەکو وەبەرهێنانەوە لە ناوی شارەوانییەکان، بۆیان هەیە ئەو زێدەڕۆکارییەی پێش ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٣ خانووی نیشتەجێ بوونی زێدەرەوی دروست کردووە بکەن بە خاوەنی ئەو زەوییەی خانووەکەی لەسەر دروست کراوە نا، کە لەسەر دروست کردووە و موڵکی دەوڵەتە جا چ موڵکی تەواو بێ یان مافی ڕەفتار کردنی لەسەر بێت و بە مەرجی پێشتر سوودمەند نەبووبێ و بکەوێتە ناو سنووری شارەوانییەکان لە ناوچەکانی نیشتەجێ بوون بێ بە پێی مەرج و حوکمەکانی ئەو یاسایە، پشتیوانی کاك شێخ زاهیریش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئەنداما لیژنا کاروبارێت یاسایی دیف ماددا (٧٩) برگا (٢) خالە ئێکی، هەروسا ماددی (٨٠) برگا (٣) و ماددا (٨٥) دەستەلاتێت مە وەکی ئەندامێت لیژنا یاسایی سنووردارە بۆ ئامادە کرنا

راپۆرتا دووێ بۆ خاندنا گفتوگۆیی، زۆجار ئەو رەخنەش تێت وەرگرتنی کو وەك لیژنا یاسایی ئەڤ پرۆژیش وێری هاتی بۆچی وێری ناخێن، بۆچی ل جەلسیدا موناقەشەی لسەر دکەن، بەس بۆ روون کردنەکەی جارا خوندنا ئێکی بۆ یاسایەکی تێت پشتی ماوەکی خوندنا دووی دیت، چ جارا تێدا ئەگەر ئەندامی لیژنێت یاسایی ژێ پیشنیارەکی بدا لسەر ماددەیەکی لسەر برگەیەك، ئەز پتر سەر برگا ئێك پێناسا زێدەرۆکار دئاخڤم، پێناسە بەرا پشتی یاساییە، مەسەلەن ئەو کەسی ب ناچاری ئەڤ خانیە ل سەر ڤێ زەڤی تجاوزی کریە سەری و خانییەك ئاڤا کری بۆ مەبەستا کو تێدا نیشتەجێ بێتن، بۆیا زۆر باشە ئەڤ شەرتی نیشتەجێ بوونی پێناسیدا بمێنێتن، ماددا (٣) برگا (٥) ڤی یاسایی چ رێگری ناکات، کو ئەگەر کەسەك زێدە تریش خانیەك یان زەڤیا بگرێت و ئاڤا کەتن، ئەبەد نابت رێگری ل وێ کەسی کو زێدەتریش ل خانییەکی هەبیتن، داکو هۆکاری دەرچوواندنێت دەرچێ ئەڤ هاوولاتی یەکەمی دا کەم دەرامەتە ل سەر زەوییێت میری خانیا چیت کەت دا دگەل هۆیەکانی دەرچوواندن ئێك بگرن، پشتیگریا گولستان خانی و کاك مامۆستا ئەبو بەکری دکەم بۆ ڤێ مەسەلە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا مامۆستا ئەبو بەکر ئەکەم، پرسیارێکیشم هەی لە لیژنا تایبەت، خالا دوێ بێژیت شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو زێدەڕەوییەی پێش ڕێکەوتنی هندە خانووی نیشتەجێ بوون بۆ زێدەڕەوی دروست کردووە بکەنە خاوەنی ئەو زەوییەی، ل یاسایە بەری هەموار کردنی مە مەودایەك دانابوو بۆ (٣) هەیڤان و (٦) هەیڤا نڤی بێتەڤە، ئەڤە مەفتوحە، مەودا نینە، ئەڤە پرسیارە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی علی حمە صالح ئەکەم، لە ئەنجامی زێدەڕەویەکی زۆر کە زەوی بەسەر ئاسایش و پۆلیس و پیشمەرگە و فەرمانبەر و هەموو چین و توێژەکان دابەش نەکراوە لە ئەنجامی ئەوە، بەڵام ئەبێ بپرسین کێ زێدەرەوی کردووە، منی کرێکار یان بەرپرسێك هاتووە و گوریسی هێناوە و ئەو زەوییەی بەسەر خەلکی هەژار دابەش کردووە، لەو یاسایە هیچ شتێك بۆ ئەو بەرپرسە نەهاتووە، ئەو قسەی بۆ مێژوو ئەکەم، چوارساڵی ئێمە تەواو ئەبێ، حەملەی ئینتیخابە و ئەو شتە وروژێنرا کە زێدە رەوی تاپۆ ئەکرێ، چوار ساڵی دیکە ئەو یاسایە هەموار ئەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی تا چوار سالی دیکە ئینتیخاب دی بەرپرسەکان ئەچن هێندەی تر زێدەرەوی ئەکەن و بە خەڵکی هەژاری ئەفرۆشن، باسی ئەوە ناکات لە رانییە لەناو خەستەخانەی زێدەڕەوی کراوە، لە پارکی گشتی زێدەڕەوی کراوە، لەسەر جوتساید مودیر شورتەیەکی رانییە پێنج خانووی دروست کردووە بە تەجاوز، خەلکی فەقیر نەبووە، ئەڵێی تا

٢٠١٨ ئێستا پشت کەسنەزان ئەگەر وەفدیك ئەچی ئەو تەپۆلکانە هەمووی کراوەتە خانوو، هیچ شتی بۆ ئەو کەسە دانراوە ئەو مولکەی فرۆشتووە، بەرپرسێك بە گوریس و بە قوەتی خۆی، لە رانییە لە ناو مەکتەب کراوە، بەرپرسێکی عەسکەری کردوویەتی، بە پۆلیسی وتووە بیرە دابێت سەرت ئەتەقینم........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین بۆ ئەم ماددەی پێشنیارت چییە، ئەو قسانەی تۆ راستە، مودیری شورتەیە پێنج خانووی تەجاوز کردووە، دوێنی وەزیری ناوخۆ لێرە بوو خوا وەکیلە ئەم دکتۆرە ڕێواسە ئەندام پەرلەمان بووایە وەکو بەرێزت بوومایە و ئەو زانیارییەم بزانیایە بە وەزیری ناوخۆم ئەوت مودیر شورتەیەکت پێنج خانووی تەجاوز کردووە، سوپاس.

**بەڕێز یاسین خضر:**

...... لیناگەرین، بۆ ئەم ماددەیە ئەو خەڵکەی فەقیر وهەژارن لەسەریان تاپۆ بکرێ و ئەو بەرپرسانەش زێدەڕەویان کردووە بدرێنە دادگا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێمە نەهاتووین یاسایەکی ئاوە دەربکەین، هەر ئەو یاسایەیە خۆتان لە ٢٠١٩ دەنگتان پێداوە، هاتووین هەمواری بکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە قابیل نییە بۆ جێ بەجێ کردن، لەبەر ئەوەی کاتی کۆرۆنا مودەیەکمان داناوە کەرەنتینە بوو دەوام نەبوو، خەلك نەیتوانیووە بڕوا موعامەلاتی بکات، ئەمرۆ نەهاتووین یاسایەکی تازە دابنێین، یاسایەك پێشتر دانراوە و بۆمان دەرکەوتووە، ئێستا جێ بەجێ نابێ، لەبەر موودە و ئەو پارانەی کاتی خۆی دانراوە و فەرق لە نێوانی کەلار و چوارتا نەکراوە، لە نێوانی مەرکەزی قەزای سۆران ولە شوێنێکی تر ئەوەنە پارە نەکات، هەلەبجە لەگەڵ هەولێر نەکراوە، هاتووین موعالەجەی ئەوە بکەین، خۆی هەیە بەس جێ بەجێ نابێ، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو و یەك ئەوەی پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی زیادەڕەوی، پێشنیار ئەکەم لە هەموو شوێنەکان ئەو حالەتەی هەبووە ئەوەی خەڵکی فەقیرن لەسەریان تاپۆ بکرێ، بەڵام دژی ئەوەم یەك مەتر ئەرز بۆ بەرپرسەکان لە زمنی ئەو یاسایە تاپۆ بکرێ، چونکە لە (٣٠) ساڵی رابردوو بەرپرسەکان بەشی زۆری شوێنە جیاجیاکان داگیرکاری و زیادەڕەوی گەورەیان تێدا کردووە، لە هەموو شوێنەکان ئەو حالەتە هەیە، شارەزوور، سەیدسادق، دەربەندیخان، ئەڵێم هەیە خەڵکی کەمدەرامەت ئەوەیان کردووە، (١٠٠) یان (١٥٠) مەتر کابرای فەقیر کردوویەتی، بەڵام ئەگەر بڕیار بی بە یەك مەسافە خەڵکی فەقیر لە بەرپرس جیا نەکرێتەوە خراپە، پێشنیار ئەکەم لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی پێداچوونەوە بکەن و شمولی بەرپرس نەکات تەنیا شمولی خەڵکی کەمدەرامەت بکات، لەگەڵ ئەوەم بەروارەکە درێژ بکرێتەوە و پشتیوانی قسەکانی کاك مەلا ناصر و کاك بەهمەن و کاك حیکمەت و هاورێکانی تر ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم و سێیەم، ئەوەی ئێستا باس ئەکرێ وەکو شیرین خان باسی کرد بەدواداچوونمان کردووە و لە ئیدارەی کەرمیان ڕۆیشتووینەتە ئەو ماڵانەی تەجاوزیان کردووە، خەڵکی هەژارن، خەڵك هەیە (١٠٠) مەتریشی نەکردۆتە خانوو، ئەو بەروارەش ٢٠١٨/٣/١٣ هیچ بە سوودی ئەو کەسانە نییە کە ئێستا لە خانووی زیادەڕەوین، روونە لای بەڕێزتان لە ٢٠٠٦ ەوە ئیفرازی ئەرز ڕاگیراوە، پرۆژەی ئیستیسماری هەیە شوێنی نیشتەجێ بوون دیاری ئەکات و ئەو سیتیانەی کە ئێستا بە ناوی جۆراوجۆرەوە دروست ئەکرێ خەڵکی هەژار ناتوانی بچێ لەوێ نیشتەجێ بێ، چونکە ئەو پرۆژانەی کە دروست ئەکرێ بۆ خەڵکی هەژار نییە، پێشنیار ئەکەم ئەو بەروارە درێژ بکرێتەوە و ئێمەش لە لیژنەش هاوڕا بووین کە بکرێتە ٢٠٢٠/١٢/٣١، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە شموولیان بکات، لەسەر سوودمەند بوون، پێم باشە هەڵگیرێ، لەبەر ئەوەی لەو وڵاتە ژیاوین و دلنیام ئەزانین لە سالەکانی (٩٥) زەوییەك کە پێشمەرگەیەك وەریگرتووە، هاوڕێم هەیە زەوی وەرگرتووە داوییەتی بە (١٠٠٠) دیناری سویسری، یەك گونیە ئارد بە (١٢٠٠) دینار بوو ئەو کاتە، زەوییەکەی پارەی گونییەیەکی ئاردی نەکردووە، هاوڕێم هەیە لە زەوی تەجاوزە و پێشمەرگەیە لە بەرگری فریاکەوتن و کاتی خۆشی زەوی هەبووە و فرۆشتوویەتی بۆ بژێوی ژیانی خۆی کە بە پارەکی کەم، لەگەڵ ئەوەم ئەو خەڵکانەی مەسوولن و شوێنیان داگیر کردووە بۆیان تاپۆ نەکرێ و دلنیام مەسوولیش ناچێتە ئەو جێگایانەی ئێمە ڕۆیشتووین، ئەچن لە ناو پارکی کەلار و سەنتەری شار چێشتخانە دروست ئەکەن و ئەرۆن شوێنی باش داگیر ئەکەن نەك ئەو شوێنانەی خەلکی هەژار، پێشنیار ئەکەم ئەو بەروارەیە درێژ بکرێتەوە، لەو فەترەیە کۆمەڵێك روخێندران، ئەوانە وەکو شیرین خانیش ئیشارەتی پێدا نزیك (٧٠) رۆژ گیرابوو، یاساکەش وایە بە کەفالەت شموول ناکا ئەبێ بیروخێنێ، ئەمجاش غەرامە بکرێ. سێ ملیۆن و بیست و پێنج هەزار دینار غەرامە کراوە وتوویەتی پارەکە لە کوێ پەیا بکەم بیدەم، (٧٠) رۆژیش سجنیان کردووە، ئەگەر بەو حیسابە بێ ئەو کەسە کە قوربانییە شمولی ناکات، داوا ئەکەم ئەو کەسانەش خانوویان رووخاوە حیسابیان بۆ بکرێ، پشتگیری مامۆستا بەهمەن و کاك مەلا ناصر و شیرین خان و دکتۆر محی الدین ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وەڵامەکان، بڕگەی دوو هۆکار چییە (٢٠١٨/٣/١٨) دیار کراوە، هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی شارەوانی پێشنیاری ئەوەیان کرد حوکمەکانی ئەو یاسایە تا (٢٠٢٠/١٢/٣١) بگرێتەوە، ئێمە ڕاپۆرتمان بەو شێوەیە رادەستی لیژنەی یاسایی کرد، بەڵام ئەو بڕگەیە دوای ئەوەی لیژنەی یاسایی راستکردنەوەیان بۆ کرد ئەوەش پێچەوانەی یاسای ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١٨) یە کە لە (٢٠١٨/٣/١٣) دیاری کرابوو، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو مێژووە دیاری کراوە، سەبارەت بە پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون دیاریمان کردووە، پێم وایە لەو هەموارە یەکێ لە خاڵەکان ئەوەیە ئەگەر

پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون ئەوانەی مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان یان دامودەزگای تر وەرگرتووە، هەر موخالەفەیەکیان کردبێ حوکمەکانی ئەو یاسایەی لەسەر جێ بەجێ نابێ، یەکێکە لە کارە باشەکان کە تێیدا کراوە، یانی ڕێگری کراوە، کە ئەڵێی حوکمەکانی ئەو یاسایە نایگرێتەوە، یانی ئەبێ بروخێنری، ئیتر ئیجرائات لایەنەکان ئەیکەن، ئەو یاسایە بۆ ئەو شوێنانەیە کە لە چوارچێوەی ماستەر پلانی شارەکان دانراوە و لەسەر شارەوانییەکان فەرز کراوە لەمووددەی (٢) ساڵ نەخشەی بنەرەتی بۆ ئەو شار وشارۆچکانە دیاری بکەن کە ماستەرپلانیان نییە، حوکمەکانی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە بۆ (٣) ساڵ نییە، یەك ساڵە موودەی پێشکەش کردن و داواکارییە، واتە کەسی زێدەڕەووی کردبوو لە موودەی یەك ساڵ لە ڕێگەی داواکارییەك ئاراستەی سەرۆکی یەکەی ئیداری ناوچەکەی ئەکات کە داوای تاپۆ کردنەکە ئەکات، بەڵام موودەی سێ سالەکە بۆ ئەوە نییە ئەو یاسایە کراوە بێ، موودەی سێ ساڵ بۆ ئەوەیە لە ماوەی دوو ساڵ ئەو شار و شارۆچکانەی نەخشەی بنەرەتی یان ماستەرپلانیان نییە لەسەریان فەرز کراوە بکرێ، پێم وایە یەکێکە لە کارە باشەکان، چونکە زۆرێك لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان نە نەخشەی بنەرەتی و نە ماستەرپلانیان نییە، ئەم یاسایە هۆکارە حکومەت ناچار بکات نەخشەی بنەرەتی هەبێ، هەروا ڕێگری کردووە لەوەی کە باس ئەکرێ بەرپرس و خەڵکی دەست ڕۆیشتوو زێدەرەوی کردووە لە ناو جەرگەی شارەکان جیا کراوەتەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە ماددەی دواتر ئاماژە کراوە لە ماددەی سێ بە روونی دیاری کراوە، ئەگەر زەوییەك پێشووتر لەلایەن شارەوانی جیا کرابێتەوە و سورەت قەیدی سەربەخۆیی هەبێ و ژمارەی پێ درابێ بەهیچ شێوەیەك بە نرخێك لە نرخەکانی ئەوەی ئێمە دامانناوە لەسەری تاپۆ ناکرێ، خانوو تاپۆ ئەکرێ و زەوی تاپۆ ناکرێ، ڕاستە زێدەڕەوی کراوە بەڵام خانوو ئەگرێتەوە، لە ڕانییە چۆن خەلکی هەژار و کەمدەرامەت لێی موستەفید نابێ، گەرەکی هەنجیرە و تیتۆکە و کونەسی هەموو ئەوانەن زێدەڕەوین و خەڵکی هەژارن، سوودمەند ئەبن، مەسولێك ئەگەر حەوشەی مەکتەب و نەخۆشخانەیەکی داگیر کردبی ئەو حوکمە نایگرێتەوە، ئەکید سەرنجی ئێوەش ئەبێتە دەوڵەمەند کردنی ئەم هەموارە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩١) بڕگەی سێ باس ئەکات هەر ڕایەك سێ پشتیوانی هەبێ ئەبێ لە ڕاپۆرتی لیژنە ئاماژەی پێ بکرێ، هەمووجار گرفتمان هەیە لەگەڵ ئەوەی بەشی لە ئەندامان وەکو شەرح قسە ئەکەن کە جێی نابێتەوە، دواتر پشتیوانی بە دەست ئەهێنێ، لەو ماددەی یەکەم بەڕێزێك پشتیوانی کاك عەلی کردووە کە لە بڕگەی دووەم مووددەی دیاری نەکردووە، پشتیوانی کاك بەهمەنی کردووە کە (٣) مانگی دیاری کردووە، پشتیوانی مەلا ناصری کردووە کە ١٢/٣١ دیاری کردووە، یەعنی ئێمە ئەوەی کاك عەلی دائەنێی نابێ، هی کاك بەهەمەن نابێ، ئەوەی کاك ناصر، یەعنی جۆرێك لە موشکیلەت تووش ئەبێ، پێشنیار ئەکەم هەر بەڕێزێك تێبینی لەسەر ماددەیەك هەیە، مەسەلەن ئەڵێ بڕگەی دوو بە خوێندنەوە یان بەنووسین بماندایێ یا بڵێ

شـارەوانییەکان بـۆی هەیە ئەو زیـادەڕەوییەی پێشـکەش کـراوە لە بەرواری ئەوەنە تەحدیـدی بکات، یان پشتیوانی کەسە موجەڕەد لەو بڕگەیە پشتیوانی بکات، ئێستا هەموو تەسجیلە، ئێستا بۆ خۆت بڕیار بدەی کاك بەهمەن (٣) مانگی وتووە، کاك عەلی مودەی دیاری نەکردووە ئەڵێ زیـاد بکـرێ، کـاك مەلا ناصـر ئەڵـێ ١٢/٣١ پشـتیوانی هەرسـێکیش هەیە، چـۆن لە بـڕگەی دووەم ئەو پشتیوانییە جێ ئەکەیتەوە، گرفتێکە، لە بڕی ئەوەی شەرح بکەن هەندێ لە ئەنـدامان زۆر دەقیـق یەکسەر ئەڵێ پێشنیار ئەکەم بڕگەی دوو بەو شێوەیە بێ، لە بڕی شەرح پێشـنیار بـێ، بـۆیە ئەگەر ڕەئییەکان جێ نەکرایەوە گلەیی نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری بەقوربان کاك جەلال دەقیقە لەو مەوزوعە، بۆ نموونە دکتۆر محـی الـدین ئەڵـێ تکـایە بە نووسین بماندەنێ، ئەگەرنا گلەیی مەکەن، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ پێشنیار کران، شەرتی نیشتەجی بـوون تێـدا بێـتن، لە مەرجـی بەخـاوەن کـردنیش باسـی نیشتە جێ بوون ئەکات، باسی کرا بە کرێدانیش، ماددەی (٣) بڕگەی چوار ئەڵێ بەرامبەر یان بـێ بەرامبەر کەسـێکی تـر تێـدا نیشـتەجێ بێـت، یەعنـی پێویسـت نیـیە ئامـاژە بە وشـەی بەکرێـدان بکەین، باسی بابەتێکی تری کرد زەوییەکان، هەندێ زەوی هەن بە سیم کراون دەوروەبەریان ئەو بابەتەمان ئاماژە پێ کـرد کە یەکەمجـار لە سـاڵی ٢٠١٩ کە دەرچـوو و جێگیریشـمان کـرد، بەڵام لە سـەرۆکایەتی هەرێـم گەڕایەوە و وتیـان ئەو بـابەتە فـراوانە و نـاکرێ مەسـەلەی زەوی بەتـایبەت هەندێ پارچە زەوی هەیە کە لە نێوان دوو خانوودان یـان گەرەکـی کـۆنن و هـاووڵاتی خۆیـان بە خـاوەنی ئەزانـن، داوامـان کـرد بە هەمـان ڕێکـاری یاسـایی ئەوانـیش بەخـاوەن بکـرێن، بەڵام لە وەزارەت ئەوەیان پێ باش نەبوو و جێگیر نەکرا، سـەبارەت بە تـاریخیش ئامـاژە پـێ کـرا لەسـەر ئەو بنەمای یاسای ژمارە (٣) ی ٢٠١٨ یە کە پرسیار کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (٢).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

بڕگەکانی (٣ و ٤) ماددەی (٢) ی ئەم یاسایە ڕێك ئەخرێت و بەم شێوەیە هەموار ئەکرێ:

پێویستە زێدەرۆکار داواکارییەکی نووسراو لە ماوەیەك دا لە یەك ساڵ لە ڕێکەوتی بەرکـاربوونی ئەم یاسایە تێپەر نەکات پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێری بکات بۆ مەبەستەکانی بەخـاوەن کردن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (دکتۆر عوسمان، دکتۆر ڕێبوار، کاك عەلی، دکتۆرە شایان، مەلا وەیـس، دکتـۆرە گەلاوێژ، سوسن خان، گولستان خان، بدریە خان، شنۆ خان، شیرین خان، نەجـات خـان)، فەرمـوو مامۆستا عوسمان.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا ئەکەم ئەو بــڕگەیە وای لــێ بکــرێ، داواکە پێشکەشــی ســەرۆکی یەکەی کــارگێری شــوێنی زێدەڕۆکراوەکە یان پارێزگاری شار یان ئیدارەی سەربەخۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسـیار، ئەوەی تەجـاوزێکی هەیە و ئەیەوێ بە نـاوی بکـات لە مـاوەی یەك سـاڵ نەیکـرد، ئایـا بە موغەفیل حیسابە؟ بۆی تاپۆ ناکرێ؟

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەرێز علی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هەیە پێم وایە یەك ساڵ زۆرە، کە ماوە کراوە بوو دەرفەت بۆ شتی تر ئەخـولقێنێ، ئەوەی زیادەڕەوی کردووە و بە تایبەتی سعریشی بۆ دابەزاندووە، بەخوا ئەیەوێ ئەو قانوونە دەرچـێ و بەیـانی بـڕوا مـامەلە بکـات و بـۆ ئەوەی سـجن نەکـرێ و نەروخـێ، پـێم وایە سـێ مانـگ باشـە، سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك عەلی ئەکەم.

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەریز کاك مەلا وەیس.

**بەرێز ویسی سعید ویسی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم هەیە، ئەو برگەیە زیـاد بکـرێ، زێـدەڕۆکار بەڵێننـامە لە دادنـووس یـان بەشـی یاسـایی شارەوانی پەیوەندیدار پڕ بکاتەوە کە خۆی یان میراتگرانی خاوەنی راسـتەقینەی خـانووەکەن و بەپـێچەوانەوە خۆیـان بەرپرسـیار ئەبـن بەرامـبەر بە یاسـا، چـونکە ئیحتیمـال هەیە لە داهـاتوو گرفت دروست ببێ، سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەرێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڵێ پێویستە زێدەرۆکار داواکارییەکی نووسراو لە ماوەیەك دا لە یەك ساڵ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەر نەکات پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێری بکات بۆ مەبەستەکانی بەخاوەن کردن، مەبەست لێرە یاسایە هەموار کراوەکە ئەبێ بنووسرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەوسەن خان.

**بەرێز سوسن محمد میرخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینم هەیە لەسەر کاتەکە، بۆچی یەك ساڵە لەکاتیکدا ئەگەر لە ماوەی یەك ساڵ موراجەعەی نەکرد ئەو مولکە چی بەسەر دێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەرێز گولستان باقی سلێمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری مامۆستا عوسمان پشتیوانی لێ ئەکەم، شوێنی زێدەرۆکار یان پارێزگاری شار یان ئیدارەی سەربەخۆ زیاد بکرێ، سەبارەت بە ماوەکەش پشتیوانی کاك علی و دکتۆرە شایان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بدریە خان.

**بەرێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بۆ ماوەکە پێشنیار ئەکەم بکرێتە شەش مانگ و پشتیوانیش لە کاك عوسمان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شنۆ خان.

**بەرێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکم هەیە بۆ ڕەوینەی ئەو گومانەی لەسەر ئەو یاسایە هەیە، بەوەی دەرگایەکی گەورە ئەکاتەوە بە رووی تالانی زیاتری زەوی، ئەویش ئەوەیە برگەیەك زیاد بکرێ بەوەی ئەو یاسایە بۆ کەسانی فەقیر و هەژار و کاسبکار و پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدە و بە هیچ جۆرێ کەس ناگرێتەوە پۆستی باڵای حیزبی و حوکمیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتیوانی کاك عوسمان ئەکەم سەبارەت بە پێشکەش کردنەکە و پشتیوانی کاك عەلیش ئەکەم بۆ ماوەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نەجات خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم هەیە لسەر هەمی پرۆژین دێتە بڵاوکرن، هندەك پرۆژە دێن بلاڤ کرن هندەك خەلەتییەت تێدا هەی ئیملایی، ئەڤ خەلەتێت ئیملایی گەلەك مەزنە، ژوان ژێ یاسا ژمارە (٣)ی ٢٠١٩ ئەگەر بەری خۆ بدەینێ ماددی (٣و ٤) دا خەلەتیەکا تێدا هەبوو، ئەڤ خەلەتییە نەهێنە دووبارە کرن، ئەو ژی ماددی (٣ ) برگا (٤) دا نقیسی (٢٠٠) میتر هەمووی دووجا، دبێتە (٤٠) هەزار میتر ڤی حالەتی دا، قەسدا من بۆ هەمی یاسایە، هەر وسا یاسا فرۆت و بەکرێدانە ماڵ و موڵکی دەوڵەت، ژمارە (١) ی ٢٠٢١، ڤیری خەلەتیەك تێدا هەبوو ئەڤ خەلەتە تێدا مایە، پێویستە دەقیق تر بین، نیسبەت ڤێ یاسایی ئەگەر بەرێ خۆ بدەینی بڕگا (٣ و ٤) یەکدەگرن و (٥ و ٦) هەی، ماددەی (٣) هاتییە ئیشارەتی دانان کو (٦) ژی ئیشارەت کری هاتییە دان ماددەی (٥) دا هاتییە دان، بەس کو ئیشارەت بێتە دان ئەڤی (٦) هەمیت دێتە گۆڕین، بەس مولاحەزاتی لۆ هندی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەکان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری دکتۆر ڕێبوار موودەی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دیاری کراوە، ئەگەر لە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەو یاسایە لە ماوەی ئەو کاتەی دیاری کراوە بە یەك ساڵ ئەگەر دواتر پەسندمان کرد کەسی زێدەڕەوی کرد لە چوارچێوەی داواکاری پێشکەش نەکرد، دەسەڵات ئەگەڕێتەوە بۆ شارەوانییەکان بەپێی یاسای بنەبڕکردنی تەجاوز ئەتوانرێ خانووەکە بروخێنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (٣).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

بڕگەکانی یەکەم و لە بڕگەی دووەم خاڵەکانی یەك و دوو واتە لە ماددەی (٢) خاڵی (٣) کە تایبەتە بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوان ئەم بڕگەیە هەموار ناکرێتەوە و وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، بڕگەی چوارەمی ماددەی (٣) یاساکە بەو شێوەی خوارەوە هەموار ئەکرێتەوە لەگەڵ زیاد کردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی (٥) بەو شێوەیە:

١ لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکەی کارگێرییەکان و ئەندامییەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەوەزارەتەکانی شارەوانی وگەشت و گوزار و دارایی و ئابووری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و داد پێکئەهێنرێ بە مەبەستی تاوتوێ کردنی داواکارییەکان و دڵنیابوون لە هاتنە دی مەرجەکانی پێویست بۆ بەخاوەن کردن و لیژنە بۆی هەیە لیژنەی لاوەکی لە شارەوانییە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنێ بۆ ئەنجامدانی رێککارە تەکنیکییە پێویستەکان.

٢- بەهای ئەو زەوییانەی زێدەڕەویان لەسەر کراوە بە خانووی نیشتەجێ بوون نرخەکانیان بەو شێوەیە ئەخەملێنرێ.

١ ئەگەر ئەو زەوییەی زێدەرەوی کرابووە سەر پێشتر لەلایەن شارەوانییەوە جیا کرابێتەوە نرخەکەی بە بڕێك ئەخەملێنرێ لە (٣٠%) تا (٥٠%) نرخی راستەقینەی زەوییەکە و زێدەرۆکاریش بە سوودمەند هەژمار ئەکرێ.

٢- ئەگەر زێدەرۆکار سوودمەند بووبێ لە دەوڵەت و لە کاتی بەخاوەن کردن دا رێژەی لە (١٠%) لە نرخی راستەقینەی ئەخرێتە سەر نرخی ئاماژە پێکراو لە خاڵی یەك.

٢- ئەگەر ئەو زەوییەی زێدەرەوی کرابووە سەر پێشتر لەلایەن شارەوانییەوە جیانەکرابێتەوە و نرخی بە بڕێك ئەخەملێنرێ لە(٥%) لە نرخی راستەقینەی زەوییەکە کەمتر نەبێ.

٤- هەر زێدەرۆکارێك خۆی نیشتەجێ بووی خانووە زێدەرەوییەکە نەبوو بەرامبەر یان بێ بەرامبەر کەسێکی تری تێدا نیشتەجێ بوو لە کاتی بەخاوەن کردندا رێژەی (١٠%) لە نرخی راستەقینە ئەخرێتە سەر نرخی ئاماژە پێکراو لە خاڵی یەك و دوو و سێ ی سەرەوە.

٤- لیژنەی باڵا بۆی هەیە بەخاوەن کردن رەت بکاتەوە ئەگەر شوێنی خانوو سەرپێچی بوو بۆ ماستەر پلان یان نەخشەی کەرتی و زێدەرۆکەش لائەبرێ لەسەر ئەرکی شارەوانی و زێدەرۆکار مافی رەفتار کردنی بە پاشماوەکانی ئەبێت و شارەوانی پەیوەندیدار لە سنووری خۆی بە پارچە زەوییەکی نیشتەجێ بوون کە رووبەرەکەی لە (٢٠٠) مەتر دووجا زیاتر نەبێ بەبێ بەرامبەر قەرەبووی زێدەرۆکار ئەکاتەوە.

٥- هەر زێدەرۆکارێك بۆی هەیە تەنیا یەك خانووی زێدەرۆیی بەناو بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ( دکتۆر زانا، کاك حکمت، کاك باپیر، کاك ادریس، کاك چیا، ژیان خان، کاك شێخ زاهیر، دکتۆرە گەلاوێژ، سوسن خان، کاك سەفین، گولیزار خان، مامۆستا ویسی، مامۆستا ابو بەکر، دکتۆر عوسمان، گولستان خان، دکتۆر هاورامان، کاك رزگار، مەلا ناصر، کاك عەلی، شیرین خان، روپاك خان، کاك زکری، دکتۆرە شایان) مامۆستا ابو بەکر فەرموو.

**بەڕێز ابو بەکر عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم لەسەر بڕگەی چوارەمی ئەو ماددەیە هەیە کە ئەڵێ زێدەرۆکار خۆی نیشتەجێ خانووەکە نەبوو لە کاتێك لە ماددەی یەکەم پێناسەی زێدەرۆکارمان کرد کە خۆی یان میراتگری یان وارسی نیشتەجێیە، خەڵکی زێدەرۆکار هەیە تەجاوز ئەکات و ئەیدات بە کرێ، دەیان قەتعەی وا رێکەوتووە، یا خانووی تەجاوز دروست ئەکات و خەڵکی تری نیشتەجێ ئەکات، ئەسلەن ئەو

بڕگە هەر لابرێ، خۆی تێدا نەبێ، مادام خۆی موشکیلەی نیشتەجێ بوونی نییە و لەولاش تەجاوزی کردووە نابێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر هەمان خاڵ هەیە، ئەڵێ کەسی زێدەرۆکار خۆی نیشتەجێ زێدەڕۆکە نەبوو لەوکاتە ڕێژەی(٢٠%) بۆ بخرێتە سەر، کەسی وا هەیە تا ئەوکاتی باوکی ساغ بوو لە شوێنێکی تەجاوز دانیشتبوو، ئێستا باوکی نەساغە خانووی خۆی بەکرێ داوە بە (٥٠) هەزار بە (١٥٠) لە شوێنێکی تر گرتوویەتییەوە، ئەگەر شمولی نەکا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گۆلستانی خان.

**بەڕێز گولستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم لە بڕگەی دووەم ئەو ڕێژەیە بۆ دوو خەملاندنە، زۆر جار جۆرێك گەندەڵی تێدا ئەکرێ، بڕگەی چوارەمیش پشتیوانی قسەکانی مامۆستا ئەبو بەکر ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زکری.

**بەڕێز ژکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەك ل سەر ئاخافتنا خەدیجە خانی هەی، ل خالا دووی دا ناڤی خۆ نەنڤیسی، تێبینیا من ئەوا گوت وەزارەتا شارەوانیی ئەو زەویێ کو دناڤ خانیدا نییە کو رازی نییە بێتە تاپۆ کرن، ئەڤ خالا غەدرەکا مەزن ل گەلەك خەلکی دهێتە کرن، بۆ نموونە گەلەك گەرەکی هەی ل ئاکرێ خەلکەکی زۆر هەیە زەویێت کری نزیکی دەفتەرەکی بەر وەزعی وی دارایی پارچەك زەویی بۆ خۆ ئاڤادان کرن ئەڤ پارچە زەویی تانووکا مایە، ئەڤ خالە غەدرەکا مەزن دکەت، پێ باشە خالەك ئیزافە بکەن ئەو کەسی پارچە زەڤی بۆ خۆ کری ئەوانە بێنە تاپۆ کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم خۆشە دەست خۆشی لە لیژنەی پەیوەندیدار دەست پێ بکەین، چونکە لەو ماددەیە بە روونی هاتووە و کۆتایی بەو جەدەلەی سەرەتای موناقەشە دێنی، ئەگەر سەیری بڕگەی (٥) بکەین ئەڵێ هەر زێدەرۆکارێك بۆی هەیە تەنیا یەك خانووی زێدەرۆیی بە ناو بکرێ، کەوایە ئەوەی باس ئەکرێ بەرپرسان و هەندە قەتعە زەوی هەیە بەناوی ناکرێ، ئەگەر بەرپرسێك هەبێ زێدەرۆکار بێ حەقی ئەوەی هەبێ بچێتە گەرەکێکی هەژارنشین (٢٠٠) مەتر زەوی لەناو ئەو

خەلکەی دیکەی تەجاوز خانووی هەبێ و خۆی لە نیشتەجێ بێ بە پێی برگەکانی ئەو یاسایە شمولی بکات، بەرپرسێکی گەندەل نییە چونکە ناچێتە ئەوێ، مافی ئەو هاووڵاتییەی ئەوەی تری ئەبێ، لە هەمان کات ئەبێ بزانین خەڵکی هەژار تەجاوزی پێ ناکرێ، ئەوەی خانووی هەیە و تەجاوزە کرِیوییەتی بە بڕە پارەیەك، ئەگەر ئەو حەقەشی لێ بسەنین دووجار زەرەر ئەکات، رەنگە لە بەرپرسێکی زێدەرۆکاری کریبێ، ئەو پارەی خۆی وەرگرت، ئەوەی تێیدایە حەقییەتی بەناوی بکرێ، بۆیە ئەو یاسایە لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژارە، لە بڕگەی چوارەم باسی تەعویز ئەکات، ئەگەر برادەرانی لیژنە دەقیق تر بن ئەو تەعویزە ئەگەر لەگەڵ نەخشەی کەرتی ناگونجێ، نموونە (٤٠٠) مەترە، خۆ ئەویش تاپۆ ئەکرێ، بۆ (٢٠٠) مەترت تەحدید کردووە، ئەبێ تەعویز موقابیل بێ بەو رووبەرەی تەجاوزە، لە بڕگەی دوو خاڵی یەك و دوو باس لەو پارەیە ئەکرێ، لە ئەسلی یاساکە بڕێك دیاری کرابوو کە چەند جارێکیش کەمکرایەوە، باش بوو بۆ خەڵکی هەژار، ئەکید ئەکەمەوە ئەو هەژارەی لە نێو خانووییەکە پارەی داوە پێشتر ئێمەش پارەی لێ وەرگرین، ئەبێ پارەکە رەمزی بێ کە (٣٠%) بۆ (٥٠%) ئەگەر بۆ نموونە بە (١٠٠٠٠٠) هەزار دۆلار بێ (٣٠%) و (٥٠%) زۆرە، ناتوانێ زەوی خۆی بەناو بکات، ئەبێ کە یاسا دەرئەکەین موعالەجەی گرفت بکات، پێشنیار ئەکەم ئەگەر پشتگیری هەبوو ئەو بابەتە موعالەجە بکەینەوە و بگەرێینەوە سەر ئەسڵی یاساکە و لەو مەبلەغانەی دانرابوو ئەگەر دەستکاریەکیش بکەن، بەڵام دیاری بکەن کە ئەو خەڵکە سوودمەند بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان ئەو ئیزافەی کردووتانە چییە؟ رەنگە پەرلەمانتاری تریش پرسیاری هەبێ.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بابەتە لەئەنجامی ئەو هەموارە بەدواداچوونی ووردی لیژنەکەمان بووە لەگەڵ شارەوانییەکان لە هەرچوار پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و زۆریش لە قەزاو ناحییەکان، تەنانەت راوێژمان لەگەڵ سەرۆکی یەکە ئیدارەییەکانیش کردووە، گەیشتینە ئەوەی ئەو نرخەی پێشووتر دیاری کرابوون لە یاساکە لە سەنتەری پارێزگاکان (١٥) بۆ (٣٠) هەزار و لە ناحییەکان (١٠) هەزار بۆ (١٥) ئەوە جۆرێك لە ناعەدالەتی تێدابوو، چونکە زەوییەك وەرگرین لە ناحیەی سیدەکان نرخی زۆر زۆر کەمە، بەڵام لە شاوەیس و کەسنەزان زۆرە، ئەگەر قەزای ماوەت وەرگری نرخی زۆر نزمە، بەڵام کفری و کەلار زۆرە، لە یاساکەی پێشوو هەمان نرخ بوو، هەستاین نرخی راستەقینەی زەوییەکەمان وەرگرت، لە شارەکانیش گەرەکێك بۆ گەرکێکی تر جیاوازە، ٥% دیاری کراوە نرخی راستەقینەی زەوییە، ئەوە زیاترە لە مەسلەحەتی خەڵکە، نرخی یەکەم ئەڵێ ئەگەر زەوییەك پێشووتر لەلایەن شارەوانییەکانەوە جیا کرابێتەوە سورەت قەیدی سەربەخۆی هەبێ و رەقەمی هەبێ و بە ناوی شارەوانی بێ، نموونە گەرەکێك شارەوانی ئیفرازی ئەکات و جیای ئەکاتەوە، زەوییە نایابەکان ئەهێڵێتەوە بۆ شارەوانی، بەڵام مەسولێك و بەرپرسێك زێدەرەوی کردبێتە سەر موڵکی خودی شارەوانی ئەو زەوییە نایابەی قیمەتەکەی زۆر بەرزە، ئەوە جیاکراوەتەوە کە بە نرخی (٣٠%) تا (٥%) لە نرخی حەقیقی، زۆر دەگمەنن، بەڵام هەن، ئەوە لەسەر پێشنیاری شارەوانییەکان بوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ادریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی یەكەم و ژمارە یەك، پێم وایە ئەوە واستە دروست ئەكات، چونكە لیژنە بچێ تەخمینی ئەو خانووە بكات، نموونە من كەسی لەو لیژنەیە بناسم ئەتوانم بڵێم بە نرخێكی كەم بۆم حیساب بكە، هەروا هاتووە ئەوانەی تەجاوزیان كردووە زۆربەیان سوودمەند بوون و بەڵام خەڵكی هەژارن، پێشمەرگەن، چۆن ئەتوانێ بە مووچەیەكی كەم خانوو بكڕێ، مەجبور بووە پارچە زەوی وەرگرتووە و فرۆشتیوویەتی و خانووی تەجاوزی بێ كڕیووە، هەیە بە دوو دەفتەری كڕیووە و ئێستا بووە مەنتیقەیەكی تیجاری و دە دەفتەر ئەكات، ئێستا لیژنە بە دە دەفتەر بخەملێنی و حكومەت پێنج دەفتەری بووێ لە كوێ بێنی، پێشنیار ئەكەم ئەو ٣٠% نەمێنێ و تەنیا پارەی تاپۆ بێ، پشتگیری قسەكانی دكتۆر زاناش ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك باپیر، لێرە نییە، فەرموو كاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینم ل سەر برگا دووی هەی، ئەگەر برێك (٣٠%) تا (٥٠%) ە، ئەم دزانین ئەڤ پرۆژە یاسایە بۆ هندییە فەقیر سوودمەند بن، دەست نیشان كرنا ئەڤ نرخی گەندەلیا دناڤ شارەوانییە زێدە دكەت، چونكی واستە هەمی (٣٠%) دێتە تەخمین كرن نەك (٥٠%)، ئەز پێ باشە ئەڤ نرخە بێتە لادان تەنیا یەك سعر بێت، نموونە (٢٠%)، هندەك پێداچوون كر سەر ئەڤ زەویی ب تایبەت باژێری زاخۆ هاتییە تەجاوز، ئەگەر قیمەتی وان تا نوكە هندەك پارچە زەڤی نزیكی (٣٠) هەزار دۆلارییە، بۆ فەقیرەكی (٣) دەفتەر زۆرە بۆ پارچە زەڤییەكی، پێشنیار دكەم بۆ لیژنا تایبەتمەند و هەردوو لیژنا یەك سعر بێت (٢٠%) تا (٢٥%) بێت، هەروسا ماددا دوێ (١٠%) بێتە زێدەكرنێ بۆ ئەڤ كەسێ سوودمەند بووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەلا وەیس.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو تێبینم هەیە، تێبینی یەكەم دكتۆر زانا باسی كرد پشتگیری ئەكەم، تێبینی دووەم لە بڕگەی یەكەم ئەڵێ لیژنەیەك بە سەرۆكایەتی پارێزگا یان سەرۆكی یەكەی ئیداری ئەندامییەتی لایەنەكان كە كۆمەڵێ وەزارەتی دیاری كردووە، پێشنیار ئەكەم وەزارەتی ئەوقافیش ئیزافە بكرێ، چونكە لە زۆر شوێن تەجاوز لەسەر موڵكی وەقف كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە شەریف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بڕگەی دوو خاڵی یەك سەرنجم ئەوەیە لوبی ئەو هەمـوارە بۆ ئەوەیە خەڵکی هەژار سـوود ببینـی، ئەو ڕێـژەی دانـراوە جـارێ مەجـالی واسـتەی زۆرە، پێشـنیار ئەکەم ڕێژەیەکـی قەتعـی دابنـرێ ئەویش (٢٠%) بێ، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك رزگار.
**بەڕێز رزگار محمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بـڕگەی یەك و یەکەم، ئەڵـێ ئەو زەوییـانەی زیادەڕەویـان کـراوەتە سـەر و لەلایەن شـارەوانی، پشتگیری لە کاك چیا و دکتـۆر زانـا ئەکەم ئەو سعرە کەم بکـرێتەوە بـۆ (٢٥)، بـۆ (٣٠)، ئێمەش لە لیژنە باسـی ئەو زەوییـانەی لەلایەن شـارەوانی ئیفـراز کـراوە و ئەو کـۆمەڵگە زۆرەملێیـانەش کە کاتی خۆی زەوییەکانیان بۆ دابین کراوە و ئێستاش کێشـەیان هەیە، کێشـەیەکی گەورە هەیە لەو کۆمەڵگایانە کاتی خۆی ئەو زەوییانە تەنیـا بە وەرەقەیەکـی کـۆپی کـراو دراوە، لە (٨٧) تـا ئێسـتا (٣٠) ساڵ زیاترە، چەندین جار باری کردووە و رەنگە وەرەقەی نەمابێ، ئێستاش شـارەوانی ئەڵـێ ناتوانین، لێرە جێ کرابووایە باش بوو، دکتۆر زاناش ئیشارەتی پێـدا ئەڵـێ (٢٠٠) مەتـر قەرەبـووی ئەو کەسـە بکـرێتەوە کە خـانووی زیـادەڕەوی هەیە، بەڵام لێـرە ئەڵـێ موحـافەزە (٣٠٠) مەتـر و لە قەزا (٤٠٠) مەتـر و لە نـاحیە (٥٠٠) مەتـر، ئەگەر ئەو کەسـە (٥٠٠) مەتـر تەجـاوزی کردبـوو هەر بە (٢٠٠) مەتر قەرەبوو ئەکرێتەوە؟ پێم باشە ئەوەش بکرێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك ناصر.
**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بڕگەی دوو خـاڵی یەك ئەگەر ئەو زەویـیەی زیـادەڕەوی کرابـووە سـەر، ئەو بـڕگەیە هـیچ کێشـەی نییە ئەگەر ئەو نرخە بێ، بەڵام وەکو ئەوەی کاك رزگاریش باسـی کـرد لە ئۆردۆگا زۆرەملێکـان لە (٨٠) تا (٩١) لەلایەن حکومەتی عێراقەوە زەوی دابەش کراوە بۆ کەسـوکاری ئەنفـال و لە لادێکـان ئەهێنـران، بەڵام لە (٩١) بەهـۆی کـۆڕەوەکەوە هـیچ ئەولەوەلیاتیـان نەمـاوە، بـۆیە داوا ئەکەیـن ئەوانە تۆمـار بکـرێن بـێ ئەوەی پارەیـان لـێ وەرگیـرێ وەکـو زیادەڕۆکـار، بە تـایبەتی لە نـاحیەی رزگاری (٢٠٠٠) هەزار خانوو هەیە تا ئێستا ئیشیان بۆ ناکەن بۆ تاپۆ، زیاتر لە (١٥٠٠) پارچە زەویش ماوەتەوە، ئەمانەوێ فەقەرەیەك زیاد بکرێ، پشتگیری کاك رزگاریش ئەکەم، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی چوارەم لە بڕگەی دوو لە ئامانجی یاساکە هاتووە خەڵکی هەژار ببنە خاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێ بوون کە بە ناچاری زێدەڕەوی کردووە، بەڵام لەو خاڵە ئەڵێ کەسی زێدەڕۆکار نیشتەجێ خانووەکە نەبوو، مەنای وایە ئەو کەسە ناچار نییە و کەمەدەرامەتیش نەبووە، ئەمە یەکێ لە کێشەکانی ئەو یاسایەیە، پێم باشە و پشتگیری قسەکانی مامۆستا ئەبو بەکر هەلەدنیش ئەکەم، یان ئەو بڕگەیە هەڵگیرێ یان ئەو رێژەیە بکرێتە ١٠٠% نرخی راستەقینە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زاهیر.

**بەریز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم و دووەم ئەو نرخەی لە خاڵی یەکەم و دووەم دیاری کراوە بڕێکی زۆرە لە سوودی خەڵك نییە، لە کاتێکدا لە هۆیەکانی دەرچوواندن هاتووە مەبەستی سوودمەندبوونی هاووڵاتی هەژارە، ئەوەی ئاگادارین بەشی زۆری ئەو خەڵکانەی تەجاوزیان کردووە خانوویان فرۆشتۆتەوە و کەسی تر کڕیوییەتی، واتە نزیکە لە سعری راستەقینەی زەوییەکە، ئەوە تێبینیم کردووە لە نێوان هەردوو خاڵی یەك و دوو ناعەدالەتی هەیە، چونکە خاڵی یەك کەسەکە سوودمەند نەبووە، لە (٣٠%) تا (٥٠%) نرخی دیاری کراوە، خاڵی دوو سوودمەند بووە و (١٠%) ئەخرێتە سەر نرخی هاتووە، بۆ ئەوەی سوودی زیاتر هەبێ پێم باشە هەردوو خاڵی یەك و دوو بکرێتە یەك بەو شێوەیە، ئەو زەوییانەی زێدەڕەویان کراوەتە سەر پێشتر لەلایەن شارەوانییەکان جیاکراوەتەوە و نرخی بە بڕیك دیاری ئەکرێ لە (٢٠%) لە نرخی راستەقینە زیاتر نەبێت و بە سوودمەند هەژمار بکرێ، بڕی (٤٠%) زیاتر نەبێ لە نرخی راستەقینەی زەوییەکە کە زێدەڕەوی کراوەتە سەر و کەسەکە سوودمەند بووە پێشووتر، دیاری کرنی نرخ بە بڕێکی دیاری کراو رێگری ئەکات لە واستە، پشتگیری کاك چیا و کاك زانا و کاك ادریس ئەکەم لە کەم کردنەوەی نرخ و پشتگیری مامۆستا مەلا وەیس ئەکەم لە دانانی نوێنەری ئەوقاف لە لیژنەکە، خاڵی چوارەمیش بەشی کۆتایی شارەوانی پەیوەندیدار لە سنووری خۆی بە پارچە زەوییەکی نیشتەجێ بوون لەسەر شارەوانی پەیوەندیدار فەرز ئەکات لەکاتی ئەوەی کەسێك زێدەڕەوی کردووە و بەر ماستەرپلان ئەکەوێ لەسەری فەرزە لە سنووری خۆی پارچە زەوییەك بدات لە (٢٠٠) مەتر زیاتر نەبێ، پرسیاری ئەوە ئەکەم ئەگەر زەوی بەتاڵ لە سنووری ئەو شارەوانییە نەبوو چارەسەر چییە، ئێمە لە هەولێر (٦) شارەوانیمان هەیە، تەجاوز کرا لە سنووری یەکێ لە شارەوانییەکان، زەوی بەتاڵیش نییە و بەو یاسایەش لەسەر ئەو شارەوانییە فەرزە قەرەبووی بکاتەوە بە پارچە زەوییەك، پێم باشە لەگەڵ ئەوەی زەوی بەتاڵ نەبوو قەرەبوو بکرێتەوە بە خێرا و دادپەروەرانە، پێنجەم، پێم باشە بۆی هەیە لابرێ تەنیا یەك خانووی زێدەڕۆ بەناو بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند هەڤالان لە لیژنەی تایبەتمەند ئامەژەیان بەوەدا کە لێرە هەڵەی چاپی بووە سەبارەت بە بڕگەی سێیەمی خاڵی دووەمی ئەو ماددەیە، بەڵام پێشنیار ئەکەم بۆ دڵنیابوون یان لە فەقەرەی یەکەمی هەموار کراوی ئەو ماددەیە لە ناو دوو کەوانە ئاماژە بەوە بدات خاڵی سێیەمی بڕگەی سێیەم وەکو خۆی ئەمێنێ، یان وەکو خاڵی ژمارە (٥) لە بڕگەی دووەم زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبیعاتی هەموار وایە، ئەڵێ ئەو دوو بڕگەیە ئەگۆڕێ یانی ئەوانەی تر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، لەکاتی خوێندنەوە وتیان بڕگەکانی یەکەم و دووەم تەنیا خاڵی یەك و دوو، سێ وەکو خۆی، فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگا دووێ پێم باشە ئەو کەسێن فەقیرن چاڤدێری کۆمەڵایەتی مانگانە پارەی بداتێ، ئەوەی دی بێنە عەفو کرنێ نرخی، پشتگیری دکتۆر زانای دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بڕگەیە دەستکاری نەکراوە، ناشتوانین بێنینەوە موناقەشە، خۆتان ئەزانن چی لێ دێ، فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز حکمت محمد:**

........ مەبەستا من ئەوەیە ئەو خەلکی دهاتی نییە، خانووشی تەجاوزە، ئەو پارە ل کیڤە دێنی.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەبارەی بڕگەی دووەم پاڵپشتی هاوڕێیانم ئەکەم بۆ نرخەکە کە مجالی واستەی تێدانەبێ، ئەوەی خاڵی سێیەمە ئەڵێ ئەگەر ئەو زەوییەی زیادەڕەوی کرابووە سەر لەلایەن شارەوانییەوە جیا نەکرابێتەوە نرخی بە بڕێك (٥%) نرخی راستەقینە کەمتر نەبێ، لێرە پرسیار ئەکەم نرخی شارەوانی یان عەقارات، چونکە دوو نرخی جیاواز هەیە، چونکە لۆ هەر مەنتیقەك شارەوانی نرخێکی دانایە، بەڵام لە مەکتەب عەقارەکان نرخێکی ترە، خاڵی چوارەم، خۆی نیشتەجێ نەبێ، ئەوە (١٠%) ی نرخی راستەقینە، لێرەش دیار نەکرایە، ئەبێ بڵێین نرخی زەوی نەك خانوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ترسم لەو مادده بەتەواوی بەرجەستە ئەبێ، فکری قانوون حالەتێك نییە لە شوێنی بیدۆزیتەوە، چەسپاندنی مەبدەئی عەدالەتە، فەرمانبەرێك لە (٢٠٠٧) ەوە ئەمری وەرگرتنی زەوی هەیە

نەیدراوەتێ، دابەش کردنی زەویش وەستاوە هیچ ئاسۆیەك نییە بیدریتێ، لێرە یەکی زەوی وەرگرتووە و رێگەشی پێ ئەدەی تەجاوزێکی تریش بکات، ئەو نە زەوی وەرگرتووە، بۆیە بە (١٠%) خستنەکە، ئەوەی زەوی وەرگرتووە بۆ رێگەی پێ بدرێ تەجاوز بکات، با ئەو زەوییە ئیفراز بکرێ و بدرێ بە یەکێ حەقی بێ، ئەگەرنا (١٠%) کەمە زیاد بکرێ، دوو، خاڵی سێییەم، حیکمەت چییە لەوەی ئەو شوێنانەی پێشتر لەلایەن شارەوانییەوە جیانەکراوە کراوە بە (٥%)، تۆ نرخی ئەو زەوییە دانێ بەپێی ئەو مەنتیقە خۆی، نەك بە مەنتیقەیەکی تر، کە ئەڵێ (٣٠%) ئێمە باریکە و نەسر حیساب ئەکەین، ئەو شوێنە، وەك ئەوەی بڵێی داگیری بکە و بیبە، ئێمە وتمان بۆ فەقیرە، قانوون عامە، بۆ حالەت نییە، کابرا چووە خانووی خۆی هەیە و تەجاوزیشی کردووە و داویەتی بە کرێ، ئەوە تەشجیعی هەموو خەڵك ئەکا، ئەو قانوونە ئێستا دەرچوو دوو ساڵی تریش قانوونێك دەرئەچێ وەك رەقەمی سەیارە سێ بۆ چوار ساڵ جارێك هەرچی سەیارەی قاچاغ هەیە رەقەم ئەکرێ، ئەگەر فەقیرە تیایا ئەچێ سەرسەر بەو حاڵەتە، مەنتق نییە خاوەنی خانوو بێ و تەجاوز بکەی و بیدەی بە کرێ، ئەوەی لە ناویایەتی خۆی بۆ تەجاوز نەکات؟ چوارەم، ئەوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر ماستەرپلان، بۆ نموونە ئەچێ لە حەرەمی حەدیقەیەك تەجاوز ئەکەی، ئەوە ئەبێ زیندانی بکرێ نەك بە (٢٠٠) مەتر قەرەبوو بکرێتەوە، ئەگەر وایە خەڵکی کوردستان بچن یەکێ حەدیقە و یەکێ مەکتەب و یەکێ نەخۆشخانە، دوو ساڵی تر قانوونێکی تر دێت و هەمووتان قەرەبوو ئەکرێنەوە بە یەکێ (٢٠٠) مەتر لە شوێنی تر، خاڵی تر، فکرەکە ئەوە نییە ئەو بەرپرسانەی تەجاوزییان کردووە و مەتر بە مەتر فرۆشتوویانە و کراوەتە خانوو، خۆ بە ناوی خۆیانەوە ناکەن، ئەوەی (١٠) هەزار و (٢٠) هەزار قتعەی کردووە و یەك قەتعەشی بە ناوی خۆیەوە نییە، ئەوە زەمینە خۆی ئەکات بۆ ئەوەی بەرپرس بێ و تەجاوز بکەن و هەزاران قتعە بفرۆشن و خەڵکیش بڵێن دوو بۆ سێ ساڵی تر قانوونێك لە پەرلەمان دەرئەچێ تاپۆ ئەکرێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو روپاك خان.

**بەریز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو لە خاڵی (٣ و ٤)، خاڵی (٣) پێم وایە لابرێ ئەوەی زەوی زیادەڕەوی کرد بۆ سەر پێشتر جیا نەکرابێتەوە لەلایەن شارەوانی، خاڵی چوار، پشتگیری قسەکانی مامۆستا ئەبو بەکر ئەکەم لەگەڵ مامۆستا عومەر و کاك عەلیش کە زێدەڕۆکار خۆی نیشتەجێ نەبوو دەرگا ئەکاتەوە شەرعییەت دان بە داگیرکاری زەویی و کەسێکی دەست رۆیشت و زەوی داگیر بکات و بەش بەشی بکات، لابدرێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك عەلی ئەکەم.

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) زۆرترین هەمـوار کـراوە، بـڕگەی کەسـوکاری شـەهیدان و کەمئەنـدامانی سـەنگەر کە ئەو یاسایە هەموار کـراوە لە یاسـای پێشـوو ئەو بـڕگەی شـەهیدان لە پێشـوو لە مـاددەی سـێیەم بڕگەی سێیەم خاڵی دووەم بو، بەڵام لێرە خاڵی سێیەم شتێکی تـرە، لە لیـژنە ئەپرسـم ئەو بـڕگەی شەهیدان ئەکەوێتە کوێی یاساکە؟ ئەبێتە خاڵی چەندەم، سەبارەت بە ڕێژەکان لە بـڕگەی دووەم ٣٠% و ٥٠% خـۆی هەدەف لەو یاسـایە کەسـانی کەمـدەرامەتە، بەڵام ڕێـژەکە بەرزە، دە سـاڵیش کەسی وا نەتوانی تاپۆ بکات، ئەو ڕێـژەیە زۆرە ئەگەر کەمبکـرێتەوە بـاش ئەبـێ، پشـتگیری ژیـان خان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان لیــژنەی یاســایی خاڵەکــانی ئەو بــڕگەیە بنووســن بە گــوێرەی ئەو گۆڕانکاریــانە دادەڕێژرێتەوە لەوانەیە ئەوکاتە ببێتە پێنجەم، فەرموو کاك سەفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك زانا و کاك مەلاوەیس و شێخ زاهیریش دەربارەی کەمکردنەوەی نـرخ، کـاك لوقمـان شتێکی وت حاڵی نەبووم، ئەگەر کەسی ناو بینای حکومەت بێ و دوایی خانووی لە ناو حەوشـی بینایەکە کردیە، بەپێی ئەو یاسایەش ئەو خانووەی بۆ ئەکـرێ، بینـای وەرزش و لاوانە و خـانووی لەسەر کردووە ناوەندی ناحیەش بەپێی ئەو یاسایە بۆچی تاپۆ ئەکرێ چۆن ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری سوسن خان ئەکەم.

**بەڕێز د.  ڕێواز  فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا پشوویەك وەردەگرین.......

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان دەست بە دانیشتنەکە ئەکەینەوە، فەرموو ماددەی (٤).
**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣) بڕگەی یەك لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان تا کۆتایی دروست بکرێ، بە دیدی من ئەم لیژنەیە ڕەنگە کافی نەبێ و لە پاڵ ئەوە دەرفەت ئەبێ بۆ ئەوەی کەسانی تر سوودمەند بن یان واستە تەداخول بکەن، بۆیە پێم باشە کەسانی زێدەڕۆکار بەڵێننامەیەك لە دادگا پڕ بکەنەوە کە سوودمەند نەبوون، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بەراستی هەژارن بتوانن لەو یاسایە سوودمەند بن، خۆم بەدواداچوونم کردووە و سەردانی شارەوانیم کردووە کەسی وا هەیە (١٥) جار لەسەر عەرزی دەوڵەت زێدەڕەوی کردووە و فرۆشتوویەتی، ئێستا جارێکی تر سوودمەند بێ، پێم باشە ئەوە ئیزافە بکرێ و پشتگیری قسەکانی بەڕێز مامۆستا ئەبو بەکر ئەکەم، خاڵی (٤) لابرێ لە بڕگەی دووەم، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (٤) فەرموو.
**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٤):
یاساکە بەو شێوەیە هەموار ئەکرێتەوە:
ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار پابەند نەبێ بە پێدانی نرخی دیار کراو یان خەملێنراوی هاتوو کە لە بڕگەی دووی ئەو یاسایە مەرجەکانی هاتووە لە ماددەی دووی ئەو یاسایە نەیگرێتەوە، ئەوا مافی بەخاوەن کردنی نامێنێ و خانووەکە بە زەوی و ئەوەی لەسەر دروست کراوە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار ئەکرێ، بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە یەکی ساڵی (٢٠٢١) لە بەرامبەر فرۆشتنی بەهای دروست کراو بە شێوەی شایستە بوونی بە تێکرایی (مستقل) ئەدرێ بە خاوەنەکەی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کێ قسەی هەیە؟
**بەڕێز خدیجە عمر طە :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
یەك، دوو ووشە هاتووە پێم وایە هەڵەی چاپییە، ئەڵێ ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار پابەند نەبێ بە پێدانی نرخی دیاری کراو یان خەملێنراوی هاتوو لە بڕگەی دووی ئەو یاسایە، ئەبێ بڵێین لە بڕگەی دووی ماددەی دووی ئەو یاسایە، لە کۆتایی ئەڵێ بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی

موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستان-عیراق ژمارە یەكی ساڵی ٢٠٢١ ئەفرۆشرێ، ئەو ووشەیە تەبع نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو رۆبینە خان.

**بەرێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) ئەڵێ هەر كەس زێدەڕۆكار پابەند نەبێ بە پێدانی نرخی دیاری كراو یان خەملێنراوی هاتوو تا كۆتایی، ئەم دزانین وەزعی دارایی هەرێمی خراپە، ئەو خەڵكی تەجاوز كریە ئەگەر بهێ ئەڤ خانی بخاتە سەر ناڤێ خو زۆر زەحمەتە، پێم باشە ئەڤ نیسبە قەتعی بێتن و بە ئەقسات بێتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆشحاڵم بەوەی ئەم تەعدیلە كراوە، بیرم دێ كاتێ پرۆژە یاساكە هات پێشنیارێكی لەو شێوەم كرد ئەگەر كەسی زێدەڕۆكار پابەند نەبوو بە دانی ئەو پارەیە بەدیلەكەی نەبوو، ئێستا هەیە، بە ئیزافەی ئەوەی ئێستا باسی ئەكەم یەكسەر تێك نەدرێ، ئەگەر ئاگاداری بكەنەوە خاوەن زەوی یان موڵكەكە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی تر.

**بەرێز خدیجە عمر طە :**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

بڕگەی یەكەمی ماددەی (٥) بەو شێوەیە هەموار ئەكرێ:

یەكەم:

١ نابێ رووبەری ئەو زەوییەی بە خاوەن ئەكرێ لە پارێزگاكان لە (٣٠٠) مەتری دووجا و لە قەزاكان لە (٤٠٠) مەتری دووجا و لە ناحییەكان (٥٠٠) مەتری دووجا تێپەر بكات.

٢- ئەگەر رووبەری زەوی زیاتر بوو لەو رووبەرانەی كە لە خاڵی یەكی سەرەوە هاتووە و نەتوانرا بەپێی رێنماییەكانی نەخشەدانانی ئاوەدانی وەك زەوی سەربەخۆ جیا بكرێتەوە ئەوا نرخەكەی بە ٦٠% نرخی راستەقینەی ئەخەملێندرێت و بە ناوی زێدەڕۆكار تۆمار ئەكرێ بە مەرجێ لە هەموو حالەتێك لە پارێزگا و قەزا و ناحییەكان رووبەری گشتی زەوییەكە لە (٨٠٠) مەتر دووجا زیاتر نەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو كاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوەی (٢٠٠) بێ یان (٣٠٠) بێت، یان ئەوەی ئەڵێ (٨٠٠) مەتر، پێم وابێ فەقیر ناتوانێ (٨٠٠) مەتر تەجاوز بکات، داوا ئەکەم یان (٢٠٠) یان (٢٥٠) بێ، (٨٠٠) بکرێ بە ٢٥٠، خاڵێکی تر.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە (٨٠٠) مەتر زۆرە و ئەوەی تەجاوز ئەکات کەسێکی دەوڵەمەند و دەستی ئەڕوا، بکرێ بە (٤٠٠) زیاتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەساحەکە سەرەتا ئەبێ مەعائیر بەکار بێنین بۆ ئەوەی بزانین کام رەقەم باشە، رۆحی ئەو قانوونە بۆ ئەوەیە ئەزمەی نیشتەجێ بوونی نەچاری چارەسەر بکات، نیشتەجێ بوون بە پێی مەعیاری دەولی (٢٠٠) مەتر بۆ خێزانێك هەرچەند گەورەبێ کافییە، هەتا مەسەلەی شار و لادێش (٢٠٠) مەتر کافییە، پێم باشە (٢٠٠) تەسبیت بکرێ، لەبەر مەعایر، لەوە زیاتر ئەبێتە بزنیس، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تەعامول لەگەڵ واقیع ئەکەین، کەسی لەوانەیە (٣٠٠) مەتری کردبێ، بکات بە (٢٠٠)؟

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

...... ئەوەی تر موعالەجە بکرێ بەپێی یاسا بەرکارەکان. شارەوانی یاسای بەرکاری هەیە، تەجاوزات و ئەوانەی زیاتر بێ لەوە ئیفرازی ئەکات و (٢٠٠) مەترەکەش بەناوییەوە، لێرە موستەفید کە بە ناوییەوە نییە کاتێ ئەکرێ بە ناوییەوە یەك و سەد قازانج ئەکات، لەبەر ئەوە لە هەموو حالەتێك موستەفیدە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە لە لیژنەکان روون کردنەوە بدەن، چونکە هەمووی قسەی لەسەر رەقەم هەیە دڵنیام.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووی ماددەی (٥) بۆ (٨٠٠) مەتر دیاری کراوە؟ جارێ (٨٠٠) مەتر تاپۆ ناکرێ، پێشووتر ئاماژە دراوە لە سەنتەری پارێزگاکان چەندە و لە ناحییە و قەزاکانیش، بەڵام ئەگەر نەتوانرا جیا بکرێتەوە ئەو زەوییە دابەش ناکرێ، ئەوە حەقیقەتە، لە ئەنجامی بەداواداچوون لەگەڵ شارەوانییەکان و وەرگرتنی نموونە لە هەموو شار و شارۆچکەکان، ئەوانەی لیژنەی شارەوانی لەگەڵ سەرۆکی شارەوانییەکان و بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی پارێزگاکانی ئیدارە

سەربەخۆکان دانیشتین لە هۆڵی پەناگیری گفتوگۆی چەند سەعاتێکمان کرد، یەکێ لە پێنشیازەکانی ئەوان ئەوە بوو، بۆ ئەم مەبەستە ئەوان پشتیان بە دوو بڕیار بەست، بڕیاری (٩٤٠)ی ساڵی (١٩٨٧) کە تا ئێستا لە تەواوی شارەوانییەکان کاری پێ ئەکرێ، ئەوەیش ئەوەیە زەوی نیشتەجێ بوون لە (٢٠٠) مەتر تا (٨٠٠) مەتر دیاری کراوە کە بوار دراوە بۆ نیشتەجێ بوون تاپۆ بکرێ ئیستینادەن لەسەر ئەوە، بەشی دووەم لە ماددەی یەکی فەقەرەی دووەمی ماددەی یەك لە یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵی (٢٠١٢) ی یاسای فراوان کردنی گوندەکان کە کەوتۆتە سەر شارەکان، لەویش هاتووە تا (٨٠٠) مەتر بوار هەیە، لەسەر ئەو بابەتە مەسەلەی (٨٠٠) مەتر هەیە، لە حالەتێك تاپۆ ئەکرێ ئەگەر زەوی خانووی نیشتەجێ بوونی لەسەر بوو بواری دابەش کردنی نەبوو بۆ دوو بەش و نەتوانرا وەربگیرێتەوە حەقیقەتێکە و هەیە، ئەگەر تۆ بکەم بە رەئیسی شارەوانی و بتەوێ قانوونەکە جێبەجێ بکەی لە ئەشکالەکانی جێبەجێ کردنی یاساکە باشتر تێئەگەی، حیکمەت لە دەرکردنی یاسا ئەوەیە جێبەجێ بکرێ، بەڵام بۆ سەنتەری پارێزگاکان ئەو رێژەیە کەم ئەکرێتەوە، ئەوە دیراسە کراوە، (٨٠٠) مەتر پێشنیاری لیژنەی شارەوانی نەبوو، لە سەرۆکی شارەوانییەکانەوە هاتووە، سەرنجی و تێبینی ئێوە چی بوو و لە بەرژەوەندی گشتی بوو جێبەجێی ئەکەین، بەڵام ئەوە راستییە و ئەو بەشە زیادەی بواری جیا کردنەوەی نییە بە نرخی (٦٠%) لە نرخی حەقیقی زەوی لەسەری تاپۆ ئەکرێ، نەك بە (٥%) کە دیاری کراوە لە ماددەی سێ، لەبەر ئەوە ئەو بەشەی زیادە بە (٦٠%) تاپۆ ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥) بڕگەی یەك ئەسڵی قانوونەکە و هەموارەکە بکەی هیچ گۆڕانکاری تێدا نییە، لەبەر ئەوە خاڵی یەکی بڕگەی یەکەمە لادەن، چونکە هیچ گۆڕانکاری نییە، رەقەمەکان وەکو خۆیەتی، تەنیا خاڵی دوو موناقەشە بکرێ، فەرموو، ئەگەر سەیری مەرجەکانی بەخاوەن کردن بکرێ لە ماددەی دوو لە ئەسلی قانوونەکە، بڕگەی شەشەم ئەڵێ مەرجە رووبەری زەوی بە خاوەن کراو زیاتر نەبێ لە (٢٠٠) مەتر دووجا لە ناوەندی پارێزگا و (٢٥٠) مەتر دووجا لە ناوەندی قەزا و (٣٠٠) مەتر لە ناوەندی ناحییە، کەوایە ئەگەر گۆڕانکارییەك بکرێ لە خاڵی یەکی بڕگەی دوو گۆڕانکارییەکە ئەوەیە تەوحیدی ئەوە بکرێ کە لە بڕگەی شەشەمی ماددەی دوو لەگەڵ خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥) هاتووە، تەنیا تەوحیدە ئەگەرنا (٢٠٠ و ٢٥٠ و ٣٠٠)ە، لە ئەسڵی قانوونەکە بەو شێوەیە، فەرموو لیژنەی تایبەتمەند، خاڵی یەك لە بڕگەی یەك لە ماددەی (٥) تەوحیدی بکەن لەگەڵ بڕگەی شەش لە ماددەی دوو، ئینجا با موناقەشە بکەین لەگەڵ ئەوەی زیاتر بوو لەو بڕانە، راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکان ئەوە راست بکەنەوە، ئێستا لە ماددەی پێنج بەس دووەم موناقەشە ئەکەین، فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا لەلایەن دکتۆر شێرکۆ، پشتگیری ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی دکتۆر شێرکۆ ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گلستان خان.

**بەڕێز گلستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت پارێزگاکان پێم باشە (٢٠٠) مەتر بێ، بەڵام بۆ قەزا و ناحییە ئەگەر دیقەت بدەین ئەو شوێنانە لە رووی خێزانیەوە قەرەباڵغترن، لە جۆری کارکردنیان پێویستی بە زەوی زیاترە، چونکە تراکتۆرە یا مەڕو ماڵاتە، پێویستیان بە بڕێکی زۆرتر لە ئەرز هەیە، ئەبێ رەچاوی ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووی ماددەی (٥) ئەگەر بەو شێوەی لێ بکرێ پێم وایە باشتر ئەبێ (ئەگەر رووبەری زەوی زیاتر بوو لەو رووبەرانەی کە لە خاڵی یەکی سەرەوە هاتووە و نەتوانرا بەپێی رێنماییەکانی نەخشەدانانی زەوی وەك زەوی سەربەخۆ جیا بکرێتەوە، ئەوا نرخەکەی بە (٨٠%) نرخی راستەقینە ئەخەملێنرێ و بە ناوی زێدەڕۆکار تۆمار ئەکرێ بە مەرجی لە هەموو حالەتێکدا لە پارێزگاکان لە (٣٥٠) مەتر دووجا زیاتر نەبێ و لە قەزاکان لە (٥٠٠) مەتر دووجا زیاتر نەبێ و لە ناحییەکانیش لە (٦٠٠) مەتر دووجا زیاتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی سەبارەت بەوەی ئێستا بە ئێمەت وت روون کردنەوەیەك بدە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە رووبەر ئەگەر زەوی دابەش بکەین بەسەر هاووڵاتیەك و خانوو دروست بکا بە فیعلی (١٥٠) مەتریش رەنگە کافی بێ، بەڵام ئێمە خانوو تاپۆ ئەکەین، بیرتان نەچێ بەداواداچوونمان کردووە لە شار و شارۆچکەکان، ئەگەر پرسیار ئەوەیە و ئەڵێن (٢٠٠) و جێگیرمان کرد، بەڵام ئەگەر خانووەکە (٣٠٠) مەتر بوو؟ (١٠٠) مەتر ئەرووخێنێ؟ مەبەستمان ئەوەیە مامەڵە لەگەڵ شتێك ئەکەین وجودی هەیە، دیقەت بدەن لەوە خانوو تاپۆ ئەکەین و وجودی هەیە و ئامارەکانی لای شارەوانی هەیە، بەشێکی بە حوکمی ئەوەی ئەو یاسایەمان لە پێشتر دەرکرد، بەشێکی زیاتر لە دە هەزار کەس عەریزەی داوە بە شارەوانی، بەشێکی مامەڵەی کردووە و دواتر موودەی یاساکە بەسەرچوو، خانوو هەیە (٣٠٠) مەترە و هەیە (٣٥٠) مەترە، ئێمە بە (٢٠٠) جێگیری ئەکەین، خۆ (١٥٠) مەتر ناروخێنین؟ (٢٠٠) سابیتە، ئەوەی تر نرخەکەی چەند بەرز ئەکەینەوە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئـێمە مـامەڵە لەگەڵ واقیعێـك ئەکەیـن کە جـگە لەوەی تەنزیمـی واقیعێـك ئەکەیـن نەك دروستی بکەین، لە ئەسڵی قانوونەکە پێشتر هەبووە ناو موحـافەزات (٢٠٠) مەتـر بـووە، نـاو قەزا (٢٥٠) بـووە و ناحییەکـان موراعـات کـراوە (٣٠٠) بـووە، ئەو سـێ ڕەقەمە بەو نـرخەی لەو یاسـایە دانراوە لەسەری تاپۆ ئەکرێ، ئەوەی زیـاترە ئەنـدامان لەبەر دەمـی دوو پێشـنیارن، یەکەم ئەوەیە حەدێکی ئەقسا دیـاری بـکەن ئینجـا (٥٠٠ ە ٤٠٠ ە٦٠٠) خۆتـان ئەزانـن، مـوهیم لە (٣٠٠) زیـاتر بـێ، ئەوەی دووەم ئەوەیە زیـادەکە بە چەنـد بـێ، (٦٠%) بـێ، (١٠٠%) بێ، یەك، یەك دەرفەت ئەدەیـن قسە بکەن، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٥) ئەوەی هەیە بە نیسـبەت پارێزگـا هـاوڕام (٢٠٠) مەتـر بـێ، لە نـاحییە و قەزا زەختـی خێزانی هەیە باشترە وەکو خۆی بمێنی، لە سەنتەری پارێزگاکان بڕوا نـاکەم کەس هەبـێ لە (٢٠٠) مەتر زیاتر ئەوە بکات، (٢٠٠) مەتر بۆ سەنتەر باشە و پشتیوانی گولستان خان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی یەك، پێم باشە ئەو ژمارانە بەو شێوەی لێ بکـرێ، هەمـوو بکـرێ بە (٢٠٠) مەتـر و ئەوەی ناحییەکانیش بکرێ بە (٢٥٠)، ئەوەی دووەمیش (٨٠٠) مەتر بکرێ بە (٣٠٠)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشــنیاری چارەســەرێك ئەکەم لەو ســۆنگەی کە مــاددەی (٥) بــڕگەی یەك وەك وتمــان راســت کرایەوە لە نوسخە ئەسڵیەکە، کەوایە قسـەمان لەسـەر خـاڵی دووەمە، دوو پێشـنیارم هەیە، ئەو نرخە (٨٠٠) مەترە تەسبیت نەکرێ بـۆ هەمـوو قەزاکـان و نـاحییە و پارێزگاکـان، پـێم باشـە چـۆن لەوێ (٢٠٠) بۆ (٣٠٠) مەترە، لێرە بۆ ئەوەی تاپۆ بکرێ و بە نرخێك بەسەریان بسـەپێ بـۆ مەرکەزی شار (٣٠٠) زیاتر نەبێ، بـۆ قەزاکـان (٣٥٠) و بـۆ ناحییەکـان (٤٠٠) زیـاتر نەبـێ، لە جیـاتی (٦٠%) بە (٨٠%) پێیان بفرۆشێتەوە، واتە پارێزگا و ناحییە و قەزامان جیا کردەوە، لە ناو پارێزگاکـان لەبەر ئەوەی قیمەتی گرانترە و لە (٣٠٠) مەتر زیاتر ڕێگە نەدەین، ئینجا قەزا و ناحییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەریز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٥) بـڕگەی یەکەم، ئەگەر سـەیری بکەیـن خـاڵی یەك و دوو زۆر جیاوازیـان هەیە و دژ یەکیش دروست ئەکات تەقریبەن، لە بڕگەی یەك ئەڵێ پارێزگاکان (٣٠٠) مەتر، لە خـاڵی دوو ئەڵێ

(٨٠٠) مەتر لە پارێزگا و قەزاو ناحییەکان، پێویستە خاڵی یەك بەو شێوەی لێ بکرێ (نابێ رووبەری ئەو زەوییەی بە خاوەن ئەکرێ لە پارێزگاکان هەر برێك کە لیژنە لەسەری پێك دێت (٣٠٠) مەتر دووجا و لە قەزاکان (٢٠٠) مەتر و (٤٠٠) مەتر دووجا و لە ناحییەکان (٥٠٠) مەتر دووجا تێپەر بکات، ئەگەر هاتوو رووبەرەکە زیاتر بوو ئەوا بە نرخی راستەقینەی بازار هەژمار ئەکرێ، ئێستا سەرۆکی لیژنەی شارەوانی وتی ناکرێ رووبەرەکە زیاتر بوو خانووەکە بروخێندرێ، بەڵام ناشکرێ، لەبەر ئەوەی خانووێك بە شێوەی نایاسایی لەسەری تاپۆ بکرێ، بۆیە ئەکرێ ئەو برە ئەگەر زیاتر بوو بە نرخی راستەقینەی رۆژ لەسەر خاوەنەکەی تاپۆ بکرێ، لە خاڵی دوو ئەگەر زەوی رووبەرەکەی زیاتر بوو لەو زەوییانەی لە خاڵی یەکی سەرەوە هاتووە و نەتوانرا بە پێی نەخشەکان وەکو زەوی سەربەخۆ جیا بکرێتەوە ئەوا نرخەکەی بە (٦٠%) لە نرخی راستەقینەی ئەخەملێنرێ و بە ناوی زێدەرۆکار تۆمار ئەکرێ، بە مەرجێ لە هەموو حالەتێك، لێرە پارێزگاکان تەرك بکرێ، یان رووبەرێکی کەمتر بێ، بۆ نموونە ئاماژە بە (٣٠٠) درا ئەکرێ (٤٠٠) مەتر و لە قەزاکان (٨٠٠) و لە ناحییەکان رووبەری (١٠٠٠) مەتریش بێ، چونکە ئەزانین جیاوازی هەیە لە ناحییە و قەزا و پارێزگاکان، ئەوانەی لە ناحییەکانیش زەوییەکان موڵکی خۆیانن، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ماددەی (٥)ی ئەسڵی یاساکە باسی ئەوە ناکات رووبەرع ئیعتیادی چەند بێ، بەس باسی رووبەری زیادە ئەکات، کەوایە خاڵی یەك لە برگەی یەك ئەسلەن زیادە، هەر لایدەن، چونکە لە مەرجەکان تێیدایە، دێینە سەر ئەوەی رووبەری زیاد چۆن بێ و چەند بێ، فەرموو شیرین‌خان.

**بەرێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێنەگەشتین بۆ خاڵی یەکەم قسە بکەین؟

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان ئەوان برگەیەکیان ئیزافە کردووە کە لە ئەسڵی قانوونەکەش وجودی نییە، یەعنی تەعدیل کردنی ماددەی (٥) هیچ پەیوەندی بە دیاری کردنی بری ئاسایی دانراو بۆ بەخاوەن کردن نییە، کەوایە خاڵی یەك قابیل نییە بۆ موناقەشە، دێینە خاڵی دوو کە ئەبێتە یەکەمی ماددەی (٥) بە تەنیا باسی برە زیادە ئەکەین، تۆ ئەتەوێ چەند بێ؟

**بەرێز شیرین امین عبدالعزیز:**

......... بۆ خاڵی دوو پێم باشە (٣٠٠) مەتر دووجا بێت بۆ ناحیە و قەزا، پارێزگا (٢٠٠).

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رۆژان خان.

**بەرێز رۆژان ابراهیم علی:**

دگەل ئەوەم برگا دوو هەر نەبێ، ئەگەر ما وەك خەدیجە خانێ ئاماژە کری کو (٨٠%) برِی وی زیاد بکەت دیڤ قەزا ناحیە ئەوێ برِی زیادە بکەن، ئەگەر بەحسی واقیعی بکەین کەسەك زێدەرەوی بکەتن ل سەر خانیەك کەمدەرامەتە یان زێدەرەوی کری؟ ما (٨٠٠) مێترا چ محتاجی پێ هەی؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرتان پشتیوانی دکتۆر شێرکۆتان کرد، ئەیەوێ تۆزێك زیاتر تەوزیحی بکات، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی بەڕێزت وتت زۆر دەقیقە، ئەوەی چەند بێ تەسبیت بووە، ئێستا باس لە زیادەیە، کە موداخەلەیەك ئەکرێ ئەڵێ با (٢٠٠) یان (٣٠٠) بێ بە مەعنای ئەوەی (٢٠٠) زیاتر بێ لەوەی تەسبیت کراوە، وریا بین هەر ڕەقەمێك باس لە زیادەیە چۆن عیلاجی بکەین، پێم وایە بە نرخی حەقیقی تەبیعیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەپێی بڕگەی شەشەم لە ماددەی (٢) کە لێرە بە هیچ باس نەکراوە، لە زمنی ڕاپۆرتی لیژنەکە نییە، پارێزگا (٢٠٠) و قەزا (٢٥٠) و ناحیە (٣٠٠)، ئەوەی ئێستا خاڵی دوو ئەبێتە یەکەم و ئێوەش ئەتانەوێ زیاتر لە (٢٠٠) مەتر لە ناوەندیی پارێزگا یانی کەسێك (٢٠٥) مەترە ئەو (٥) مەترە چۆن بیدرێتێ؟ بە (٦٠%) بێ یان (٨٠%) یان (١٠٠%)؟ ئەوەی تر، ئایا تا چەند ئیعتیادییە بۆ پەرلەمان دوای (٢٠٠)ە کە بە نرخی ڕۆژیش بێ حەدی ئەقسا چەندە؟ بەس لەسەر ئەو دوو شتە قسە ئەکرێ، فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجی برادەران بۆ ئەوە ڕائەکێشم وتیان بۆیە ماوەکەی درێژ ئەکرێتەوە خەڵکێکی زۆر فریا ناکەوتووە مامەڵە بکات، ئێستا زیاد کردنی ڕووبەریشی هاتە سەر، لە یاسا ئەسڵەکە پێش هەموار کردنەکە ڕووبەر چۆن هاتووە بمێنێتەوە، پاشان هەر ڕووبەرێکی تر زیاد ئەکرێ بفرۆشرێ بە نرخی ئەو یاسا بەرکارانەی وەزارەتی شارەوانی کاری پێ ئەکات، حالەتێکی تر، لە هیچ قەزاییەك حەیوان بەخێو کردن نییە ڕووبەری زۆر بێ، لە هەندێ ناحیەی زۆر کەم و هەندێ گوند هەیە، خۆم نۆ سەر خێزانم و لە خانووی سەد مەتری گەورە بووم، تەجاوز لە کوێ هەیە لە ناحییە (٨٠٠) مەتر بێ، هیوادارم بە نرخی حەقیقی پێی بفرۆشرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) خاڵی دوو ڕووبەری ئەو زەوییانە پێم باشە لە پارێزگا (٢٠٠) مەتر و لە قەزا (٤٠٠) بێ و لە ناحییەش (٥٠٠) بێ، زیادەکەش بە سعری ڕۆژ بێت، دیارە لە هەندێ قەزا کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ئەکرێ، نموونە قەزای قەرەداغ و قەزای تریش، ناحییەی سەرقەلا ئێستا ئیشی کشتوکاڵی ئەکات، هەموو شارێك لە گوندەوە بۆتە قەزا، قەزای کەلار لە چوار گوند پێك هاتووە، بەڵام زەرەرمەندی یەکەم ئەو گوندانەن، ئێستا ئەو گوندانە زەوییەکانیان بۆتە تەجاوز، گوندی کەلاری کۆن لەگەڵ حەمەی کەریم و ئەوانی تریش هەر خانووەکانیان تەجاوز نییە، زەوییە

کشتوکاڵییەکانیشیان بۆتە پرۆژە ئیستیسماریش و حیسابیان بۆ نەکراوە و زەویشیان براوە، ئێستا نەوەکانی ئەوان لە خانووی کرێن. پێم باشە لە قەزاکانیش رەچاوی ئەوە بکرێ، راستە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار باسی رەقەم ئەکەین، ئەگەر لەوە زیاتر بوو چی بکەین؟

**بەرێز رزگار محمد محمود:**

...... لەوە زیاتر بوو لە قەزاکان لە (٨٠٠) مەتر زیاتر بوو بە (٣٠%) سعری حەقیقی بۆی بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عوسمان.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا قسەم لەسەر رێژەی مەترەکان بوو لەگەڵ داهاتوو نرخەکەی، ئاگادار بن دوێنی وەزیری ناوخۆ لێرە بوو یانی چ ماڵ هەیە دۆشکە و قازیفەی هەیە و شارەوانی بڵێ زەحمەت نەبێ مەروخێنە، ئێمە یاسا بۆ شوێنێك دەرئەکەین سەروەری یاسا بەس بانگەشەیە لەگەڵ رێزم، ئەو هاووڵاتییانە وا پابەند نەبوون کەسێکی بەرپرسی وەکو خۆم دە هەزار مەتری داگیر کردووە و بەرۆکی بنەماڵەیەکی هەموو ژیانی لەسەر پێشمەرگایەتی بووە، ئەمکوژێ بچمە ئەو ئاسمانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەرێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە پێشتر نیگەرانی بووین بەڕای من بڕگەی دووی ماددەی (٥) بوو، باستان کرد بڕگەی یەکەم دەستکاری ناکرێ، بەڵام ئەگەر سەیری بڕگەی دوو بکرێ و (٨٠٠) مەتر جێگەی پرسیارە، لە هەولێر ئەبینی ئەو شوێنەی تەجاوزیی کراوە هەر لە کەسنەزانەوە تا دێیتە شاویس و پیرزین و بەحرکە و ئینجا رێگەی کەرکووك و لە پشتێنەی هەولێر تەجاوز کراوە، ئەوەی ئێمە بەدواداچوونمان کردووە خەڵکی باڵا دەست تەجاوزی کردووە، بەو یاسایە رەوایەتی ئەدرێ بە تاپۆ کردن و ئەوان سوودمەند ئەبن، لە سلێمانیش لە تۆی سپی و هی تریش، بە بڕوای من ئەوەی پەیوەستە بە بڕگەی دوو ئەوەیە جیاوازی بکرێ لە نێوان قەزا و ناحییە و پارێزگاکان، لە پارێزگاکان ئەگەر گەیشتە (٣٠٠) مەتر زیاتر نەبێ ئەگەر بوو بە نرخی راستەقینە بێ، لە قەزاکان (٤٠٠) و لە ناحیەکان (٥٠٠) مەتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەرێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئەو یاسایە دەرچێ باسی ئەوە کرا خەڵکێکی زۆر موستەفید ئەبێ، لە راستیدا ئەمەوێ بزانن بەدواداچوونمان کرد لەگەڵ سەرۆکی شارەوانییەکانی سلێمانی و قەزا و ناحییەکانی شارەزوور و هی تر خەڵك نەچوو بە دەمی ئەو داواکارییە، یەکێ لە کێشە

ئەساسییەکان ئەو خەڵکانەی تەجاوزیان هەبووە پێشووتر بۆیان کراوە، ئێستا ئەو گۆرانکارییە واناکات ئەو خەڵکانەی لە شوێنە هەژار نشینەکان بچن، بچن بۆ تاپۆ کردنی، لە هەندێ ناوچەی سلێمانی بۆ نموونە سیتەك و قولەرەیسی و لە هەولێریش پشتی کەسنەزان و شوێنی تر، لەگەڵ ئەوەم باسی ئەوە ئەکرێ (٤٠٠) مەتر، ئەگەر کەسی دەوڵەمەند نەبێ خانووێکی (٤٠٠) مەتر لە شوێنێکی تەجاوز دروست ناکات، وەکو خۆی بمێنێتەوە کە لە یاساکە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەیر بکە ئەڵێ رووبەرە زێدەکان، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا هەست ئەکەم ئەو بڕگەیە ئەوە بوو گومانی زۆرمان لەسەری هەبوو، لە روانگەی گومان باشیمانەوە پێم وایە ئەو لیژنە بەریزە زۆر ورد نەبوو لە وەرگرتنی ئەو پێشنیارەی حکومەت، ئەگەر هاووڵاتی لە ناوەندی شار، چونکە لێرە نووسراوە پارێزگا و قەزا و ناحییە، لە ناوەندی شاری سلێمانی و هەولێر (٨٠٠) مەتر داگیر بکات ئەوە هەژارییە؟ ئەوە هاووڵاتییە یان مەسئوولە؟ ئەوانەی هەژارن یان (١٠٠) مەتر یان (٢٠٠)، لە گوندەکانیش خەڵکی فەقیر و هەژار ناتوانێ تەجاوز بکات لە (٢٠٠) مەتر، پێم باشە جگە لەو بڕگەی شەشەمە هیچ مەترە زەوییەکی تر نەدرێ بە تەجاوزکار، ئیلا بە نرخی راستەقینەی خۆی، پشتگیری کاك دکتۆر شێرکۆ و عەلی حەمە صالح ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیری قسەکانی دکتۆر شێرکۆ دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی لیژنەی شارەوانی روون کردنەوە بدەن.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشووتر بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران پرسی زێدەرۆ لە شوێنەکان قەراری بۆ دەرچووە و تاپۆ کراوە، چەند کەسێ لێرەن خەڵکی سۆرانن و لە واقیعی ناوچەکە ئەگەن کە زۆرینەی گەرەکەکانی قەزای سۆران حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە، خانوەکانیان لە (٣٠٠) مەتر زیاترە، هاووڵاتیش کرێوییەتی نەك دەستیان بەسەر داگرتبێ، زراعی بووە و کڕاوە و کراوەتە خانوو، ئەوەی ئێمە لە قاعە قسە ئەکەین لەگەڵ ئەوەی عەمەلی دوو بابەتی جیاوازە، کاك عەلی ئەڵێ لە هیچ قەزا و ناحییە هاووڵاتی تا (٨٠٠) مەتر نییە، لە ماوەت، قەرەداغ، چۆمان، مێرگەسۆر، هەموو ئەو ناوچانە هەیە لەو رێژەیەش زیاتری هەیە، بۆیە دیاری کردنی نرخی راستەقینە لە رووبەری زیاد، لە سەنتەری پارێزگاکان هیچ گرفت نییە، بەڵام بۆ قەزا و

ناحییەکان بە وەرگرتنی راو سەرنجی شارەوانییەکان ئەم یاسایە بۆ جێ بە جێ کردنی قورس ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە یەکەم وەکو خۆی تەسبیت ئەبێ، یەکیان ئەوەیە بە نرخی (١٠٠%) بێ، یەکیان ئەوەیە (٨٠%) بێ، هەندێ ئەڵێن ئەو (٨٠٠) جیاواز بێ لە نێوان ناحیە و قەزا و یان ئەو بڕە، هەندێکیش ئەڵێن بۆ هەمووی (٨٠٠) بێ، فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هندەك ئەندام هەیە گومانیان لە نیەت پاکی و چارەسەر کردنی کێشەی تەجاوزاتە، ئێمە خەریکی چارەسەرین، دڵنیابن لیژنەی شارەوانی زۆر بە دەقیقی لە کێشەی تەجاوز گەیشتووە و لەگەڵ وەزیری شارەوانیش باسی کردووە، کەس لە بڕگەی دوو نەیگوتییە ئیلا ئەبێ (٨٠٠) مەتر بەناوی کەسی متەجاوز تاپۆ بکرێ، ئەگەر سەیر بکەین رووبەری زەوی زیاتر لە رووبەرەکانی خاڵەکانی سەرەوە هاتووە نەتوانرا بەپێی رێنماییەکانی نەخشەدانی ئاوەدانی زەوی سەربەخۆ جیا بکرێتەوە، یانی ئەو کەسە تەجاوزی کردووە، (٨٠٠) و زیاتریشی بردبێ، یانی تۆ تاپۆی بکەی بەسەری یان نا هەر بردوویەتی، باشتر ئەوەیە تۆ (٦٠%) وەرگری، لە فەقەرە دوو نەیوتووە (٨٠٠) مەتر تاپۆ بکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو ئیختیارەکانی پەیوەندی هەیە بەو ماددەیە بەرێزتان تەرحتان کرد و لیژنە سەیری ئەکات، فەرموو ماددەی شەش.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

ماددەکە بەو شێوەیە هەموار ئەکرێتەوە:

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە نەخشە و دیزاین ی ئامادەکراویان نییە لە ماوەیەك کە لە دوو ساڵ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەو یاسایە تێپەر نەکات نەخشە و دیزان و پێداویستی تەکنیکی ئامادە ئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دکتۆر رێبوار.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تەجاوزی کردووە لە یاساکەش هاتووە ئەکەوێتە چوارچێوەی ماستەر پلان لە سەنتەری پارێزگاکان یان قەزاکان، کەوایە نەخشە و دیزاینی هەیە، لەسەر نەخشە و دیزاینی کۆن ئەتوانن بیناکانیان رایی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەرێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) ئەڵێ بۆ ماوەی دوو ساڵ لە رێکەوتی دەست بەرکابوونییەوە وەزارەتی شارەوانی نەخشە و دیزاین ئامادە بکات، پێم باشە ئەو دوو ساڵە بکرێ بە یەك ساڵ، چونکە بە داخەوە لە هەندێ لە شارەوانی نایانەوێ دیزاین بۆ شارەوانی بکرێ بە حوکمی ئەوەی دەست ئەبەن بۆ داگیر کردنی زەوی، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان سێدەری.

**بەرێز عثمان کریم سوارە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو دوو ساڵە بکرێ بە چوار ساڵ، لەبەر ئەوەی جارێکی تر لە هەمان یاسا وتم ماوەکە کەمە هەندێك وتیان نەخێر، ئێستا ئەگەر هیچ زەوییەك بە سێ ساڵ نەخشەی بۆ دانرا نییە، بە هۆی نەخۆشی و شت دەوام وەکو پێویست نییە، دڵنیام چوار ساڵیش کەمە بەس وابێ باشە، ئەگەر مەجالێکیشم بدەی بۆ ماددەی (٥) ئەو ماوەیە بە سەوزایی زیادەکەی تاپۆ بکرێ وەکو ژینگە شارەکە سوودی لێ ئەبینێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاسین.

**بەرێز یاسین خضر طە :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە نەخشە و دیزاین ی ئامادەکراویان نییە، ئەی چ تاپۆ ئەکات؟ مەکتەب و خەستەخانە، شارەوانی ئەبێ ماستەرپلانی هەبێ، ئەزانین ئەوەی من گوێم لێ بووە شارەوانی هەولێر تا دەربەندی گۆمەسپان بۆتە شارەوانی هەولێر، لە رانیە تا دەربەندی رانیە بۆتە شارەوانی رانیە، ئەگەر ماستەرپلانی نییە چۆن تاپۆ ئەکرێ؟ ئەگەر حکومەت زەوقی لێ بێت دوو مانگی بەسە، ئەورۆ جیهازی پێشکەوتوو هەیە، کۆمپانیا هەیە بە یەك مانگ هەمووی دیزاین ئەکات، یەك تێبینیم هەیە، ئێمە لە رانیە گەرەکی گرنجانمان هەیە، زەمانی حکومەت تەجاوز بووە، ئێستا بۆتە بازرگانی، نە بەبازرگانی و نە بەنیشتەجێ بوونیش حکومەت تاپۆی ناکات، ئەی چی بکەن؟

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هەمواری یاسایە کاك یاسین، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تێبینی کاك یاسین راستە ئەبێ ئەوە جیا بکەینەوە مەسەلەی دیزاین و بەرکار بوونی یاساکە، پێش ئەوەی حوکمەکانی یاساکە جێ بەجێ بکرێ نەخشەکە دائەنێن ئەگەر نەیبێ ئینجا دوایی ئەچین بۆ تاپۆ کردن، یان هەردووکی پێکەوە ئەکرێ، چونکە بەشێکی نەخشەی هەیە، بەڵام

هەیە نییەتی، پێم باشە جیا بکرێتەوە، نەخشە و دیزاین پێش ریککارەکانی یاساکە بۆ تاپۆ کردنەکە یان نا؟

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خەدیجە خان.

**بەرێز خديجە عمر طە :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا لەلایەن کاك بەڵێن و دکتۆر رێبوار، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەرێز عەلی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك یاسین بەشێکی قسەکانی منی کرد، تێکەڵاویەك هەیە لە نێوانی نەخشەی بنەرەتی و ماستەرپلان، جیاوازە، لە پێشووتر ئاماژە بەوە دراوە ئەگەر یەکێك بێت و لەچوارچێوەی نەخشەی بنەرەتی دەستدرێژی بکات فەترەت بۆ دانراوە ئەڵێ ساڵێك لێرە ئەڵێ دوو ساڵ، تەزاروب هەیە، پێم باشە ئەو ماددە هەر لابرێ، ئەگەر وایە یاسایەکی تایبەت دابنێین بە دروست کردنی نەخشەی بنەڕەتی و ماستەرپلانی شارەکان کە یەکێکە لە کارە گرنگەکان، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەرێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەعلومە نەخشەی بنەڕەتی تەنیا خەریتەی موساتەحە، ماستەرپلان باس لە مەسانیع و زەراعی لە کوێ بن، قوتابخانە و نیشتەجێ بوون لە کوێ بن، فەرقی زۆرە، قسەی من ئەوەیە ئایا تاپۆ کردن و رێککارە یاساییەکان لە پێش ماستەرپلان بێ یان لە دوای بێت؟ ئەبێ لە پێشی بێ، چونکە ئەوە دەبر کردنی واقیعی حالە، ئەسل ئەوەیە ماستەرپلان هەبێ و پێمان بڵێ زەوی لە کوێ تاپۆ بکەین، ئێستا کە تەجاوز کراوە ئەبی واقیعی حال چارەسەر بکەین، ئەوەیش ئەوەیە قیاسی ئەو شوێنە وەرئەگیرێ و ماستەرپلانی لەسەر دائەنرێ، ئیزافەی منیش بۆ ئەو بڕگەیە ئەوەیە بڵێین دوای تەواو بوونی رێککارە یاساییەکان ماستەرپلانەکان دیاری بکرێ، چونکە ئەبێ هەبێ، چونکە ئەبێ رێگری بکرێ لە تەجاوزات، لە کۆتایی بڵێین بەو مەرجەی رێککارە یاساییەکانی تاپۆ کردنی ئەو یاسایە تەواو بووبێ، ئینجا ماستەرپلان جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك لوقمان.

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) ئەگەر بگەرێینەوە بۆ ماددەی (٣) فەقەرەی (٤) ئەڵێ لیژنەی باڵا بۆی هەیە بە خاوەن کردن رەت بکاتەوە، ئەگەر شوێنی خانوو سەرپێچی بوو بۆ ماستەرپلان یان نەخشەی کەرتی و

زێـدەڕۆکەش ئەوکـات تەعـویز ئەکـرێتەوە، لە زۆرێـك لەو گەرەکـانەی تـاپۆ ئەکـرێن تەواوی گەرەکەکە تاپۆ ئەکرێ، ئەو گەڕەکە عەشوایی دروست بووە، ئەبێ نەخشەی کەرتی بۆ دابنرێ، شـوێنی خەدەمـات و مەکـتەب و جـادە و ڕێگاوبـان، دوایـی جیـاکردنەوەی ئەوانە، دوایـی ئەو شوێنانە لائەبرێن ئەوەی تر تاپۆ ئەکرێ، بۆیە نەخشەی کەرتـی دائەنرێ، ئەوە ئیجبـار ئەکـات، بـۆ دوو ساڵە؟ تەقدیمەکە یەك ساڵە، ئەو دوو ساڵە تا ئەو ساتەی ئێستا زۆرێـك لە قەزا و ناحییەکـان کە تەمەنێکی یەکجـار زۆریـان هەیە نییەتیـان؟ هەلەبـجە، چۆمـان، هەریـر، نییەیەتیـان، توانـای ناوخۆییمان لەو ئاستە نییە ماستەرپلان بۆ شـارێك دابنـێن، ئێسـتا وەزارەتـی شـارەوانی ئەیەوێ هەوڵدات لیژنەی ماستەرپلان دراسەت بکات، دوو ساڵ زەرووره، هەمـواری ئەو یاسـایە ئەکـرێتە فرسەت ئەو شوێنانەی ماستەرپلانیان نییە هەیان بێ، بۆیە ئەو دوو ساڵە زەرووره، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا چەند هاووڵاتییەك لە شوێنك تەجاوزیان کردووە، ئەو شوێنە نەخشەی ئامادە کراوی نیـیە، ماوەی ساڵێك دانراوە بۆ ئەو ئەو هاووڵاتیانە تەقدیمی داواکاری بکەن، دوو ساڵیش بۆ نەخشـە و دیزاین، ئەو هاووڵاتییانە ئەبێ داواکارییەکانیـان پێشـکەش بـکەن لە مـاوەی سـاڵێك و وەزارەتـی شـارەوانیش ئیشـی خـۆی ئەکـات، واتە سـاڵێك ئەڕوا لەگەڵ ئەو سـاڵەی خەڵـك ڕێککارەکـان جـێ بەجێ ئەکات، ماددەی دوایی ئەوە ئەگەر کەس قسەی نییە، کەستان قسەتان نییە؟ فەرموون.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

ماددەی (٧)ی یاساکە بەم شێوەی خوارەوە هەمواردەکرێتەوە:

داهاتە بەدەست هاتووەکان بە پێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت:

یەکەم: ڕێژەی (٧٠%) داهاتی بە دەست هاتوو دەگەڕێتەوە بـۆ وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار بـۆ پێداویسـتییەکانی دانـانی نەخشـە و دیزاینـی ئەو نـاوچە حوکمەکـانی ئەو یاسـایە دەیانگرێتەوە، لەگەڵ هاندانی ئەو فەرمـانبەرانە کە بەشـدارن لە کارەکـانی جێبەجـێ کردنـی ئەم یاسایە.

دووەم: ڕێـژەی (٣٠%) داهـاتی بەدەسـت هـاتوو دەگەڕێـتەوە بـۆ خەزێـنەی گشـتی هەرێـم بە مەبەستی ئاراستە کردنـی بـۆ خزمەتگوزارییە گشـتییەکان بـۆ ئەو نـاوچەیە کە حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەیانگرێـتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك سیپان، هەر بەڕێزێـك قسـەی لەسـەر ئەم مـاددەیە هەیە، ڕۆژان خـان نـوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـــن قســـەم هەیە بەس ئەگەر بکرێـــت پێشـــتر لەوانەیە قســـەکەم نەکەم لیـــژنە بتـــوانن ڕوونکردنەوەیەکمان بدەنێ لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بـۆچی ئەو گۆڕانکـارییە لە نیسـبەکەدا عەکـس بـووەتەوە پـێش ئەوەی ئەنـدامان قسـە بـکەن ڕوونکردنەوەتان بدەنێ.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

بەڵێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بـا ناوەکـان بنووسـین، بەڕێـزان ناوەکـان دەخـوێنمەوە (کـاك بەڵێن، کـاك عثمـان سـێدەری، دکتۆر ڕێبوار، کاك شێخ ظاهر، کاك حاجی سـفین، کـاك بهجـت، کـاك بهمـن، دکتـۆرە گلاوێـژ، نجـاە خان، مامۆستا عمر، کاك مسلم، ڕوپاك خان، کـاك یاسـین، گلسـتان خـان، ڕۆژان خـان)، کەس هەیە ناومان نەنووسیبێت؟ (دکتۆر زانا)، ڕوونکردنەوەمان بدەنێ پێش ئەوەی ئەندامان قسە بکەن.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسـا ئەسـڵەکەدا (٧٠%)ی داهـاتی گشـتی دەگەڕاوە بـۆ خەزێـنەی گشـتی (٣٠%) بـۆ دیـزاین و نەخشەدانان بوو، بەڵام بە پێی بەدواداچوونی ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی شـارەوانی و لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی شـارەوانییەکان بە حـوکمی ئەوەی وەزارەتـی شـارەوانی هـیچ داهاتێکی لەبەر دەست نییە لە ئێستادا زۆرینەی داهاتەکانیان دەگەڕێتەوە خەزێنەی گشتی، بـۆیە بـۆ دانـانی نەخشـە و دیـزاین پێویسـتیان بە ئیمکانیـات هەیە، وە بە حـوکمی جێبەجـێ کردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایەش داهـاتێکی ئەوەنـدە گەورە نـاگەڕێتەوە بـۆ وەزارەتـی شـارەوانی بتوانێـت بە ڕێـژەی (٣٠%) نەخشـە و دیزاینـی پێویسـت ئامـادە بکـات، وە لە ئێسـتادا دەوام لە فەرمانگە و دام و دەزگاکانی شارەوانییەکان وەکوو پێویسـت نـیـە، بـۆیە ئەم بـڕگەیەش زیـادکرا بەشێك هاندانیشی تێدا بێت، بۆ ئەوەی هانی فەرمـانبەران بـدرێت ئەوانەی کە بەشـداری دەکەن لە دانانی نەخشە و دیزاین وە لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ ئاسـانکاری و زووتـر جێبەجێ کردنـی ئەم یاسـایە لە سـەر ئەم بنەمـایە نرخەکـان و ڕێژەکـان ئاڵوگۆڕیـان تێـدا کـراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی خۆشی لە موناقەشە کردن لە سەر یاسـاکە ئەو خاڵەمـان کە تەسـبیت کـرد زۆر موناقشـەکرا کە وا نەبێت، چونکە ئـێمە دەزانـین لە ئەرزی واقـع جـێگەی نـابێتەوە، بەڵام هەمووومـان حەزمـان لەوە بوو کەمترینی بۆ وەزارەتی شارەوانی و زۆرترینی بچێـتە خەزێـنەی گشـتی بە حـوکمی ئەو دۆخە دارایــیە خــراپەی کە ئێســتا لە هەرێمــی کوردســتان هەیە، ئەو بۆچــوونەی وەزارەتــی شـارەوانی دروسـتە، بەڵام بە رای مـن هاوسـەنگی بپـارێزین ڕێـژەکە بە (٥٠%) بە (٥٠%) بێـت، (٥٠%) بۆ خەزێنەی گشتی و (٥٠%) بۆ نەخشە و دیزاینەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) دوو بڕگەیە بڕگەیەك (٧٠%)ی داهاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی بە مەبەستی دیزاین و هاندانی ئەو فەرمانبەرانەی کە بۆ کاری تاپۆکردن یاخود بە ئەرکی ئەم بوارە هەڵدەستن (٣٠%) دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ هەمان مەبەست، واتا جارێکی تر لە وەزارەتی دارایی ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە لە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بۆ ئەوەی ئەو رۆتینە نەمێنێت هەر (١٠٠%)ی داهاتەکە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی، چونکە مادام لە ئەسڵدا هەر دوو مەبلەغەکە هەم (٧٠%) و (٣٠%) بۆ وەزارەتی شارەوانی دەگەڕێتەوە، کەواتە هەر (١٠٠%) بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی زۆر باشترە، وە لەو رۆژانەش پێموابێت بڕیارێك لە وەزارەتی دارایی دەرچووە هەر زەوییەك کە وەزارەتی شارەوانی دەیفرۆشێت داهاتەکەی هەمووی بۆ وەزارەتی شارەوانییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بهمن فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش رەئیم وایە کە ئەو (٧٠%)یە زیادە بۆ نەخشەسازی و ئەوانە یەعنی خزمەتگوزارییەکە (٣٠%)ی بۆ دانراوە لە کاتێکدا سبەی ئەو گەڕەکانەی کە تەرتیب کرا دەبێتە کێشە یەعنی خزمەتگوزارییەکانیان دەبێتە کێشە ئەو کاتەش ئەو خەڵکە دێت داوای خزمەتگوزاری دەکات دەڵێت قوتابخانەم دەوێت ئاو و ئاوەڕۆم دەوێت یەعنی تۆ (٧٠%)ی دەکەیتە نەخشەسازی، بۆیە منیش هەمان رەئی کاك بەڵێنم هەیە هەر بکرێتە (٥٠%) بە (٥٠%) باشترە، چونکە بۆ ئەوەی تەوازنێك راگرین و بتوانین خزمەتگوزاری پێشکەشی ئەو شوێنانە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك بهمن، کاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ دلۆڤان، سەبارەت ماددێ (٧) حەقیقەت ب حوکمێ هندێ بەری نوکە ژی ئەم ل لیژنا شارەوانی بووین کاك لقمانی ژی ئیشارەت پێ دا پێچەوانێ وێ ئەو یا درستە، چونکە پرسیار ئەوە رێژا (٧٠%) بەس بۆ نەخشە و دیزاین بێتە دانان ئایا ل گەڕەکەکێ مەسەلەن (٢٠٠) ماڵە کولفا نەخشە و دیزاینێ چەند ژ سەدێیە ژ خزمەتگوزارییا ل وێرێ تێتە کرن؟ دوو ئەو فەرمانبەرێت کو دڤێ خاڵێ دبێژن هاندان بۆ بهێتە کرن وەزارەتێ بخۆ رێنماییێت هەین وە ل دیڤ رێنماییا دشێت دەعما هاندانا فەرمانبەرێ خۆ بکەت، چونکە پێتڤی ناکەت د یاساییەکێ هاندان بۆ بهێتە کرن، پێنیار دکەم ئەو رێژا (٧٠%) ببیتە (٤٠%)، سەبارەت برگا doوویێ رێژا (٣٠%) یێ دانای بۆ خزمەتگوزاریێ باشە (٣٠%) ژ داهاتێ دزڤڕیتەڤە ژ وان مەسروفات و داهاتێ وانا کۆم بووی ل وێرێ یەعنی ئاو و ئاوەڕۆ و پارك و کارەبا سبەهی خەستەخانە پێتڤینە

بۆ ل وێرێ بهێنه کرن ما داخاز ناکەت ژ حکومەتا هەرێما کوردستانێ کو ئەڤ خەدەماتە بۆ وێرێ بهێنە کرن؟ ژبەر هندێ مەنتق نینە یەعنی تو وێ رێژێ دەستکاری بکەی ئەگەر بکەی ژی ب رەئییا من ئەڤە ژی ببیتە (٦٠%) یەعنی ببیتە (٤٠%) ب (٦٠%)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی دا ئەم ماددەی (٧) کە لە پێشوودا عەکس بووە کە لە (٧٠%) بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری بووە وە لە (٣٠%) بۆ دیزاین و نەخشەدانانی وەزارەتی شارەوانی بووە بۆ ئەو ناوچانەی کە زێدەڕۆییان تێدا کراوە، من ئێستا لە راستی دا بە پێچەوانە دەیبینم باشترە کە (٧٠%) بۆ خزمەتگوزاری بێت، چونکە ئەو گەڕەکانە تازە دروست کراون یەعنی کە دیزاینی بۆ دەکرێت ناروخێنرێت، بەس رێکخستنی بۆ دەکرێت ئەو شوێنەی کە پێویستە دەستکاری دەکرێت، کەواتا بەشێکی کەمی دەستکاری دەکرێت، ئەسڵەن کە دەچیتە ئەو شوێنانە کە زێدەڕۆییان تێداکراوە ئەو فەرع و ناوچانەی کە زێدەڕۆییان تێداکراوە دەبینین لە رووی خزمەتگوزارییەوە لە رووی ئاوەڕۆوە و دابینکردنی قوتابخانە و ئەو کەل و پەل و خزمەتگوزاریەی کە لەو شوێنە هەیە زۆر کرچ و کاڵە زۆر کەم و کوڕی تێدایە، بۆیە پێویست دەکات دەرفەتێکی باش وە بڕێکی باشتر بۆ ئەوە دابنرێت کە خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچانە دابین بکات پێم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئەو تێبینیانەی کاك بەڵێنم هەبوو لە راستی ئەو (٧٠%)ی کە دانراوە بۆ نەخشە و پلان زۆر زۆرە یەعنی هاوسەنگییەك رابگیرێت، چونکە ئەو گەڕەکانەی کە بە زۆری خزمەتگوزارییان کەمە وێڕای ئەوەی کە ژینگەی سەوزایشیان کەمە یەعنی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان ژینگەی سەوزاییش زیاد بکرێت رێژەکە بکرێتە (٥٠%) بۆ هەر لایەکیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) دیارە هاوڕێیانم باسیان کرد وە تەوزیحیان دا، بەس سەبارەت بە رێژەکەی پشتگیری قسەکانی کاك بەڵین دەکەم وە پشتگیری قسەکانی کاك مسلمیش دەکەم بۆ هەر دوو بڕگەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ چێ بۆ ئەوەی کاك مسلم بۆ چی؟

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

سـەبارەت بە هەر دوو مـاددەکە و ئەو تەوزیحـاتەی کە دای وە سـەبارەت بە ڕێژەکـان (٥٠%) بە (٥٠%) پشتگیری قسەکانی دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وازحە تەواو، دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـودای گەورە و میهرەبـان، لە ماددەکـانی پێشـتریش هەمـان باسـمان کـردەوە کە ئەو مەفهومە زۆر گرنگە ئێستا خەڵك پێمان نەڵێت پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکرد تەنها بـۆ ئەوەی داهاتی حکومەت زیاد بکات، لێرەدا بە روونی هـاتووە جێـی دەستخۆشییە بـۆ لیژنەکـانی تایبەتمەند کە بە وازحی ئاماژەیان پێ کردووە لە هەر دوو بـڕگەدا پـارەکە (١٠٠%)ی دەگەڕێـتەوە بـۆ خەدەمـاتی مەنتـیقەکە جـا لە نەخشـە و دیـزاین بێـت لە خزمەتگـوزارییە گشـتییەکان بێـت، کەواتە ئێمە لەوە یەکلا بووینەوە کە پارەکە بۆ خەزێنەی حکومەت و پێـدانی مـووچە و پـڕۆژەی دیکە لە سنووری دیـکە نیـیە ئەوەیـان نـوقتەی یەکەم، کەوابێـت و پـارەکە بـۆ ئەو سـنوورە بێـت بەڕایی من پێویست دەکات هەر (١٠٠%)ەکە بکەینە یەك پاکێج و بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت، چونکە ئەگەر بگەڕێتەوە خەزێـنەی وەزارەتـی شـارەوانی بـۆ نمـوونە لەو ناوچـانە قوتابخـانەیەك دروسـت دەکرێـت بنکەیەکـی تەندروسـتی دروسـت دەکرێـت وەزارەتـی شـارەوانی ناچێـت پـارە تەرخان بکات بۆ دروست کردنی قوتابخانە ئەمە دەبێت وەزارەتـی پەروەردە بڕیـاری لێـوە بـدات کە خەزێنەی گشتی حکومەت بێت، بەڵام ئاماژە بەوە بکەین وەکوو خـۆی تەنهـا بـۆ سـنووری ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لە بابەتی هانـدانی مـۆزەفین وەزارەت ڕێنمـایی خۆی هەیە کە کاك بهجت باسی کـرد پشـتگیری لە ڕەئـیەکەی دەکەم کە بە ڕێنماییەکـانی خـۆی لە هەمـوو وەزارەتەکـان وەزارەتـی دارایـی ڕێنمـایی تـایبەتی هەیە هانـدانی مـۆزەفین چ ڕێـژەیەك دەچێتە سەر حەوافزی مۆزەفین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك دکتۆر، نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت مـاددا (٧) یەکەم رسـتا دومـاهیکێ و بەری دومـاهیکێ د ئێکـێ دا لە گەڵ هانـدانی ئەو فەرمـانبەرانەی لە هانـدانی ئەو فەرمـانبەرانە کە بەشـدارن لە کارەکـانی جێبەجـێ کردنـی ئەم یاسایە، ئەز ژی گەل هندێ نیمە و پشتگیریا کاك زانا و کاك بهجت دکەم، چونکی وەزارەتێ ب خۆ ڕێنماییێت هەیـن و پێتڤی نـاکەت و وی وەختـی ژی د یاسـایا کەڤن ئەڤە تێـدا نەبـوو بەری بێتە هەموار کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی منیش لەسەر ئەو ڕێژەی (٧٠%) كە دەگەڕێتەوە بۆ شارەوانی پێم زۆرە، پشتگیری ڕەئی كاك بەڵێن و كاك بهمن و گولستان خان دەكەم كە بكرێتە (٥٠%) بە (٥٠%) كە (٥٠%) بۆ وەزارەتی شارەوانی و (٥٠%) بۆ خەزێنەی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك حاجی سفین، دكتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ من لە ڕووی شكلییەوە پێم باشە هەر دوو بڕگەكە یەك واتا تەنها یەك مادده بێت پێویست بەوە ناكات بڕگەی یەكەم و بڕگەی دووەم بێت، چونكە شتێكی ئەوتۆ نییە جیاوازییەكی جەوهەری هەبێت لە نێوان بڕگەكان لە ڕووی موحتەواوە، دوو حەق بوو لە سەر ئەو بابەتە وەزارەتی شارەوانی جەدوەلێكی فەنیان پێ دابایەن و هاوپێچ كرابا مەسەلەن نەخشە و دیزاین چەند تەكلیف دەكات، چونكە ئێمە كەسی فەنی و پسپۆڕ نین بزانین چەند تەكلیف دەكات، بۆیە ئەگەر ئەو جەدوەلە هەبا ئێمە دەمانتوانی بە ئینسافەوە بڵێین چەند بۆ خزمەتگوزاری بێت وە چەندیش بۆ نەخشە و دیزاینەكە بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی كە نییە ئێمە بە مەنتقی ئەوەی كە دروستكردن یا بردنی جادەیەك و دروستكردنی بینایەك پارەی زیاترە هەڵبەتە لە دانانی نەخشەیەك، بۆیە من لە سەر ئەو ئەساسە پێشنیار دەكەم كە (٦٠%)ی بۆ خزمەتگوزارییەكان بێت، چونكە مەنتق نییە دانانی نەخشەیەك كولفەكەی زیاتر بێت لە بردنی شەقامێك ئایا ئەمە مەنتقە؟ پێموایە ئەمە قبوڵكراو نییە، بۆیە (٤٠%)ی بۆ نەخشە و دیزاین بێت و (٦٠%) بۆ خزمەتگوزارییەكان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، كاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی منیش وایە كە ئەو (٧٠%)یە ئەمەی بۆ زیاد بكرێت تەنانەت پڕۆژەی خزمەتگوزاری ئەو گەڕەكانەی بۆ زیاد بكرێت لەگەڵ نەخشە و دیزاین فەقەت، ئەوە حەلی كێشەكە دەكات...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عثمان دوو بڕگەیە بڕگەیەك بۆ نەخشە و دیزاینە بڕگەی دووەم..

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر لە بڕگەی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، من ئەوە ناڵێم دەڵێم لە چوارچێوەی شارەوانی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی شارەوانی بمێنێتەوە ئەو (٧٠%)یە تەنانەت بۆ نەخشە و دیزاین نەبێت، بەڵكو بۆ خزمەتگوزاری ئەو گەڕەكانەش بێت ئەو (٧٠%)یە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی دەکەم بۆ ڕوونکردنەوەکەی، بە رای من هەر شوێنێك شوێنی نیشتەجێ بوون بێت ئەسڵ ئەوەیە کە ئەرکی حکومەت خۆیەتی کە خزمەتگوزاری گشتی بۆ بەرێت، بۆیە بۆ ئاسانی زوو جێبەجێ کردنی یاساکە پشتیوانی ڕاپۆرتەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك یاسین لێرە نییە، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە لە یەکەمیان پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك بەڵێن دەکەم کە نیوە بە نیوە بێت (٥٠%) بۆ وەزارەتی شارەوانی بێت و (٥٠%) بۆ خەزێنەی گشتی، تێبینی دووەم پشکی هاندانی کارمەندان پێم باشە لیژنەی بەڕێز جیای بکەنەوە لەو پشکەی وەزارەتی شارەوانی، چونکە ئەرکی گەورە لە سەر کارمەندان دەبێت لەم بابەتەی تەجاوزە هەر لە ماستەر پلانەوە تا هەموو بڕگەکان مەبەستم لێرە کە دەڵێت (٥٠%) بۆ وەزارەتی شارەوانی ئەو (٥٠%)یە ڕێژەیەکی بۆ هاندانی کارمەندان دیاری بکەن مەسەلەن (٢٥%) بۆ کارمەندان لەوە دەچێت ئێوە باشتر بتوانن ڕێژەکە دیاری بکەن، خاڵی سێیەمیش ئەوەیە بڕگەی دووەم کە دانراوە ئەم ڕێژەیەی با بڵێین من تەئیدی دەکەم (٥٠%) کە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی بە ڕاستی بەم سیغەیە زەمانی ئەوە ناکات بەو حاڵی حکومەتیشەوە کە دەزانین نا سیستەماتیکە و بە ئەلکترۆنی ئیش ناکات و گیر و گرفتی داراییمان زۆرە زەمانی ئەوە ناکات ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بزەبت خەرج بکرێتەوە بۆ خزمەتگوزاری، وە ئەگەر دەزانن لە ڕابردوودا تەنانەت حکومەت پارەی شێرپەنجەی منداڵانی نەخۆشی سندوقی شێرپەنجەی خوارد بە کورتییەکەی، بۆیە ئەمە دەستەبەری ئەو مافە ناکات بۆ ئەو گەڕەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، دکتۆرە فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) یەکەم بە ڕاستی ئەو تێچووەی کە (٧٠%) دانراوە بۆ نەخشە و دیزاین ئەوەندە تێچووی نییە دیزاین هیچ سودێکی نابێت بۆ ناوچەکە بە ڕاستی، چونکە نەخشە و دیزاین لە سەر وەرەقەیە جادەکان و نەخۆشخانەکان و باخچەکان و ئەوانە هیچ سودێکی بۆ ناوچەکە نابێت، بۆیە جادە و خزمەتگوزارییەکان کە وەزارەتی دارایی یا وەزارەتی پەروەردە یا وەزارەتی پلاندانان دەیکات پێویستی زیاترە، بۆیە زیاتر بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت باشترە پێم باشە ڕێژەی ئێرە کەم بکرێتەوە و بکرێت بە (٤٠%) بۆ نەخشە و دیزاین وە ئەو هاندانەش نەمێنێت،

چونکە هیچ برێکیش دیاری نەکراوە فەرمانبەرانی نەخشە و دیزاین ئەگەر نەخشە و دیزاین نەکەن ئیشیان چییە؟ بۆیە پێم باشە یا بڕەکەی دیاری بکەن یا هەر لابرێت، وە دووەمیش ڕێژەی (٦٠%) بگەڕێتەوە بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان، چونکە ئەوانە بە فیعلی سودی دەبێت بۆ ناوچەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەی (٧) ئەگەر سەیر بکەی وەکوو بەشێك لە برادەران باسیان کرد مەسەلەی ئەوەی کە تەرخان دەکرێت بۆ پلاندانان پێموایە بەشێکی زۆر زۆرە، وە من لەگەڵ ئەوەم بکرێت (٣٠%) وە بەشی خزمەتگوزارییەکە بکرێتە (٧٠%)، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیر بکەین لە وەزارەتی شارەوانی بەشی دیزاین هەیە، بەشی پلاندانان هەیە، بەشی هەندەسە هەیە، وە فەرمانبەر هەیە لەو بوارە ئیش دەکات مانگانە مووچە وەردەگرێت، بۆیە ئەو پارەی تر کە دەمێنێتەوە بۆ خزمەتگوزاری چ ڕێگاوبانە چ راکێشانی ئاوە یا قوتابخانەیە یا بنکەی تەندروستییە دەکرێت ئەمانە هەر بشنووسرێت لە ناو خاڵەکان، بۆ ئەوەی حکومەت مولزەم بکرێت مادام ئەو ناوچانە تاپۆ دەکات ئەو پارەی لە خەڵك وەردەگرێت وە ئەو پارەیەش (٧٠%)ی لە خزمەتگوزارییەکان سەرف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئەگەر هیچ ڕوونکردنەوەتان نییە ماددەی (٨) بخوێننەوە، کاك یاسین ناوتم خوێندەوە لێرە نەبووی ئێستا قسە بکە، با کاك یاسین قسە بکات ئەو کاتە لێرە نەبوو هاتۆتەوە، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم دکتۆرە قسەکانی منی کرد، بەس بۆ پشتگیری قسەکانی ئەو و کاك کاوە بە راستی ئەو ڕێژەی بۆ شارەوانی دانراوە ئەو بەشانە هەموو هەن لە شارەوانی تۆ شوێنێك تاپۆ دەکەی ئاوی نەبێت جادەی نەبێت کارەبای نەبێت مەکتەبی نەبێت ئەوە دەبێتە بارگرانی لە سەر ئەو حکومەتە، بۆیە کە کاك کاوە ئیشارەتی پێدا من پشتگیری دەکەم ئەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ ئەو شوێنانەی کە تاپۆ دەکرێن و خزمەتگوزاریان بۆ ببەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (٨) ڕوونکردنەوەی دەدەی؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە جۆرێك باس لە دیزاین و ماستەر پلان دەکرێت کەوا دیارە شتێکی زۆر ئاسانە و بە رۆژێك و بە دوو رۆژ دەکرێت موهەندس دوو خەت دەکێشێت ئەمە جادەیە ئەمە خانووە بە راستی وانییە ماستەر پلان و دیزاین کارێکی زۆر پرۆفشناڵە و کولفەیەکی زۆر پێویستە بۆ ئەم

مەبەستە، باشە ئەگەر هاتوو ئەو برە پارەی لە تاپۆ کردنی خانووەکانی تەجاوز بە دەست دێت بەشی دیزاینی نەکرد ئەو کاتە چ بکەین؟ یا ئەو پارەی کۆ دەکرێتەوە کە باس دەکرێت (٣٠%) هی خزمەتگوزاری هەمووماندەزانین کە (٣٠%) بەشی خزمەتگوزاری ناکات وە ئێمە دڵنیاین کە حکومەت دەبێت پارەیەکی زیاتریش تەرخان بکات بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری پێویست بۆ ئەو ناوچانەی کە تەجاوزیان لەسەر کراوە، بۆیە کە دیزاینیش دەکرێت بۆ گەڕەکێك بە تەنیا ناکرێت هەر لە زاخۆ دەکرێت تا خانەقین، یەعنی بە راستی پرۆسەیەکی زۆر بەرفراوانە کولفیەکی زۆریشی تێ دەچێت، من خۆم بەش بە حاڵی خۆم وەکو جێگری لیژنە هەرچەندە پشتگیری راپۆرتی خۆمان دەکەم لە ئێستادا، بەڵام بە راستی قسەکانی دکتۆر زانا زۆر دەقیقە خۆ من لەگەڵ ئەوە بووم هەموو ئەو داهاتەی کە لە تاپۆ کردنی زەوییەکان کۆ دەکرێتەوە بڕواتە وەزارەتی مالییە ئێمە وەزارەتێکمان هەیە بە ناوی وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی مالییەمان هەیە، ئەسڵەن من پێم باش نییە ئەم دابەشکردنی پارە ئەو لە سەدایە بۆ ئەوە بێت و ئەو لە سەدایە بۆ ئەوی تر بێت و لە پەرلەمانیش ببێتە دیاردە ئەمە ئیشی ئێمە بە راستی ئیشی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی داراییە، لەگەڵ ڕێزم زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووون ماددەی (٨).

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

یاساکە بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

ئەو خانووانەی کە لە سەردەمی رژێمی پێشوو رووخاون بە هۆکاری سیاسی دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) دروست کراونەتەوە یا شوێنەواری شوێنی خانوویان ماوە بە پێی تەواوی حوکمەکانی هاتوو لەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت نرخەکەش بە بڕێك دەخەملێنرێت کە لە (٢%)ی لە نرخی راستەقینەی زەوییەکە کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرمووون کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ ناوەکانتان دەخوێنمەوە بەڕێزان (دکتۆر ڕێبوار، کاك شێخ ظاهر، حسیبە خان، کاك بهمن، کاك چیا، نجاە خان، مامۆستا ابوبکر، کاك کاوە، رۆژان خان، کاك عثمان، کاك علی حمە صاڵح، کاك رزگار، شیرین خان، کاك یاسین، دکتۆر عثمان، مامۆستا عمر، گوڵستان خان، کاك حکمت)، کاك شێخ ظاهر فەرموو، وابزانم دەیانەوێت روونکردنەوە بدەن ئینجا جەنابت قسە بکە گوڵستان خان داوای کرد ببوورە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز لقمان محمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) ئەم ماددەیە لە راستی لەسەر داواکاری لیژنەی شارەوانی و ئەندامانی لیژنەی شارەوانی زیاد کرا بۆ هەمواری یاساکە، لە ئەنجامی بەدواداچوونی ئێمە لە زۆرێك لەو شار و شارۆچکانە بە تایبەت ئەوانەی کە دەکەونە ناوچە سنوورییەکان لە ساڵانی رابردوو پێش راپەڕینی (١٩٩١) راگوازران و دوای راپەڕینی (١٩٩١) ئاوەدان کراونەوتەوە خانووەکان

روخێنراون یا شوێن خانووەکانیان ماوە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، وە لە جێبەجێ کردنی ئەسڵی یاساکە لە پێشتر، وە نارەزایی و سکالایەکی زۆرمان لایە لەو شار و شارۆچکانە پێگەیشتووە کە ئەو نرخانە بۆ ئەو شوێنانە زۆرن، چونکە ئەم خانووانە لە سەردەمی رژێمی رابردوو دووچاری رووخانبوون هاتوون وە دواتر خاوەنەکانیان لە سەر ئەرکی خۆیان نۆژەنیان کردوونەتەوە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بۆ نموونە هەڵەبجە، سەید سادق، پێنجوێن، مێرگەسوور، چۆمان، زۆرێك لە قەزا و ناحیەکانی تریش کە دووچاری راگوازتن بوونە و لە دوایی بەهاری (١٩٩١) ئاوەدانکراونەتەوە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە ئیستیسنائێکمان کرد لە بەرامبەر ئەوەدا، لەبەر ئەوە نرخەکەمان دابەزاند بۆ (٢%) لە نرخی حەقیقی زەوی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) ئەو خانووانەی لە سەردەمی رژێمی پێشوو رووخاون بە هۆکاری سیاسی و دوای راپەرینی ساڵی (١٩٩١) دروست کراونەتەوە یا شوێنەواری خانوویان ماوە بە پێی تەواوی حوکمەکانی هاتوو لەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت نرخەکەش بە برێك دەخەملێنرێت کە لە (٢%)ی نرخی راستەقینەی زەوییەکە کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوانە لە کاتی رژێمی بەعس غەدریان لێ کراوە خانووەکانیان رووخاوە جارێکی تر ئەوان خانووەکانیان لەسەر حسابی خۆیان دروستیان کردۆتەوە لە جیاتی ئەوەی پاداشت بکرێن یەعنی رێزیان لێ بگیرێت و زەوییان بە بەلاش بدرێتێ (٢%)ی قیمەتی زەوییەکەیان لێ وەردەگیرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو (٢%)یەش نەمێنێت و بێ بەرامبەر بۆیان تاپۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستییەکەی من پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی شارەوانی ئایا ئەم خانووانە لە سەردەمی حزبی بەعس تەجاوز بوون یان تاپۆیان هەبووە؟ ئەمە پرسیارێکی جەوهەرییە بۆ ئەوەی کە بزانین قسەی لە سەر بکەین ئەگەر تەجاوز بوون حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە منیش هەمان بۆچوونی شێخ ظاهرم هەیە، لەبەر ئەوەی بە هۆکاری سیاسی ئەمانە دووچاری ئەم زرووفە بوون حەقە هەر ببەخشرێن، لەبەر ئەوە من پێموایە کەمینەشن زۆر نین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو ئەو برادەرانەش باسیان کرد ئەمانە لە سەردەمی رژێمی لەناو چوو دیارە خانووەکانیان بەسەردا رووخێنراوە و لەناو براون ئێستا پێویستە بۆیان دروست بکرێتەوە،

بەڵام کە بۆشیان دروست نەکرێتەوە پێویست ناکات ئێمە پارەیان لێ وەربگرین،دوای ئەوە کڕین و فرۆشتن بە بەشێك بەم کەلاوانەوە کراوە پێویستە بەناوی فرۆشیاریشەوە ئەمانە تۆمار بکرێن، هەروەها پێویستە سوودمەند بوون بە هیچ شێوەیەك شمولی ئەمانە نەکات، لەبەر ئەوەی ئەمانە چل ساڵ، سی و پێنج ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە تێپەڕیوە وە زۆربەی زۆری خاوەنەکانیان ئەنفال کراون، بۆیە پێویست دەکات هەوڵ بدرێت خزمەتگوزاری بە پەلە و هەوڵبدرێت بۆشیان دروست بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا وەك دەبینین ئەمە دۆخەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لە لایەن کاك شێخ ظاهر و کاك عثمان سێدەری کرا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پشتگیریان دەکەی؟

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

بەڵێ قسەکانی من لە لایەن ئەوان کران، بەڵام سعرێکی ڕەمزیان لێ وەرگیرێت مەسەلەن (٢%) زۆرە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوان دەڵێن هیچیان لێ وەرنەگیرێت..

**بەڕێز یاسین خضر طه :**

هیچیان لێ وەرنەگرن، بەڵکو بۆشیان چاك بکەنەوە و خزمەتیشیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی کاك شێخ ظاهر و هەڤالان دەکەم، بەڵام مەرجێك هەبێت لێرە دوایی ئەوەی کە دەڵێت شوێنەواری شوێنی خانوویان ماوە و هەمان خاوەنی ئەو کاتەی کە خانووەکانیان رووخێنراوە یا جێنشینەکانیانن، واتا هەمان ئەو کەسانە بن کە لەو کاتە خانووکانیان رووخێنراوە نەك کەسانی تر بن کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردووە و بەو شێوەیە ئەو مافەیان بە دەست هێناوە ببەخشرێن وەکو ئەوەی کە بەڕێز کاك شێخ ظاهر ووتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، موشاوەرەیەکی خۆتان بکەن کاك لقمان لە سەر ئەو مەرجە، چونکە هەیە فرۆشتوویەتی ئایا کڕیارەکە کە دوایی چەند دەستێك دەستی کەوتووە ئەو بەو پارە رەمزییە دەستی دەکەوێت یا خەڵکی تر؟ مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها قسەم لەسەر دێری ئەخیری ئەم ماددەیە هەیە كە لە (٢%) زیاتر نەبێت نەك كەمتر نەبێت، یەعنی تەنها لە (٢%) بێت نەك كەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، دكتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ (٢%) نیم لەگەڵ (١%) ئەو رێژەیەم، وە پشتگیری رەئیەكەی مامۆستا ابوبكر دەكەم نرخی راستەقینەی زەوی لە (٢%) یا (١%) زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ژی تێبینی یا هەی سەر رێزا دوماهیكێ نە مەنتقە كو بەری بهێنە هەرفاندن ژ لایی رژێما پێشوو ب هۆكارێن سیاسی كو ئەو خانی یێ خودانی ب خۆ بوویە ئو یێ هاتیە هەرفاندن تبیا بێ بەرامبەر بیت، ئو هیچ برە پارەیەكی ژێ ناوەرگرن ئەز ب دوو گەڕەكا د حەسییێم ل مەنتیقا مە ل ئامێدیێ ل گەڕەكا كانییا مالا رژێما پێشوو یا بەعس خراب كر بوو هەرفاندبوو ئو هندەك مالا ئاڤا كر و هندەكا نەئاڤا كرینە بەس ئەو عەرد یێ وان ب خۆیە یەعنی موحتاج نینە پارا ژێ وەرگرن، هەروەسا گەڕەكەكا دی یا هەی ل بەرۆژكێ وەختێ رژێما بەعس هاتبووە هەرفاندن عەرد ب خۆ یێ وا بوو خانی ژی یێ وا بوو، ل بەر هندێ نابیت ب هیچ برە پارەیەكی بهێتە خەملاندن، ئو پشتگیریا وان دكەم ئەوێت بێژن ب هیچ برە پارەیەكی نابیت بهێتە خەملاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك بهمن فەرموو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا هەر وەكو روونكردنەوەیەك بۆ جەنابت و بۆ لیژنەی بەڕێزیش ئەو گەڕەكانە تەجاوز نەبوونە هەر بۆ مەعلومات نموونەیەكت بۆ دێنم گەڕەكی گازینۆ لە كەلار ئێستا بووەتە گەڕەكی گۆران لە نێوان دوو گەڕەكە بە هیچ شێوەیەك تەجاوز نەبووە، بەڵام لەبەر هۆكاری سیاسی ئەو كات لەو گەڕەكە چالاكی پێشمەرگە كرا كە حكومەت تورە بوو و ئەو گەڕەكەی بە كاملی رووخاند..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك لەحزە ئەی ئەگەر تەجاوز نەبوبێت كەواتا تاپۆن.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله:**

هیچ گەڕەكێكی كەلار تاپۆ نەبووە هەتا دوای (١٩٩١)یش، یەعنی ئەوە وازح بێت دكتۆرە زۆربەی تاپۆ نییە زۆربەی قەزا و ناحیەكانی كوردستان تاپۆی نەبووە هەتا ئێستاش گەڕەكەكانی كەلار دوایی ساڵانی (١٩٩٥) و (٢٠٠٠)ەوە تاپۆ دەستی پێ كردووە لە نێوان دوو مەجمووعە ماڵ بووە هەر ئەو كاتیش بە روونی بە هۆكاری سیاسی رووخاوە حاڵەتی تریشمان هەیە كەس و كاری پێشمەرگە هەبووە لە شارەكان حكومەت هاتووە لە ناو گەڕەكێك تەنها ئەو ماڵەی رووخاندووە ئەو حاڵەتەشمان هەیە، جگە لەمە پێشنیاری ئێمە بوو لە پەرلەمان ئەندامانی پەرلەمان كە جەنابتان ئاگادارن یاسا ئەسڵییەكەمان چەسپاند و سوپاس بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان كەدەنگیان پێدا بۆئەوەی كە تەعویزێكیان بكرێت، ئێستاش دیسان سوپاس بۆ لیژنە و حكومەتی هەرێم كە (٢%)ی داناوە، لەبەر ئەوەی ئەو گەڕەكانە هیچیان تەعویز نەكران لە دوایی ساڵی (١٩٩١) دوایی ئازادی وە بە هۆكاری سیاسی لەبەر خاتری كوردایەتی وایان لێ هات ئێستا ئەمە با ببێتە دەستكەوتێك بۆ پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێتە دیارییەك، بەڵام بكرێتە مەرج كە خاوەنە ئەسڵییەكانیان ماوە بكرێتە هەدیە بە بێ بەرامبەر بۆیان تاپۆ بكرێت، وە پشتگیری ئەو هەڤاڵانە دەكەم كە داوایان كردووە ئەوانەشی كە فرۆشراون با لە (٢%) زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە راستی لەسەر ئەو ماددەیە زۆر گفتوگۆ كرا و گفتوگۆكانیش هەمووی بۆ یەك ئاراستە بوون كە ئەو رێژەی (٢%) نەمێنێت منیش لەگەڵ ئەوەدام لە واقعی یاساكە خۆی ئاماژە پێدراوە ساڵی (١٩٩١- ٢٠١٨)، وە ئەو كەسانەی كە لە سەردەمی رژێمی پێشوو خۆیان باجی هۆكاری سیاسی و ئابووریان داوە و ناكرێت موڵكەكانی خۆیان پاش ئەوەی لە سەر ئەستۆی خۆیان نوێ دەكەنەوە و نۆژەن دەكەنەوە و پێداویستییەكان دابین دەكەن جارێكی تر بە رێژەی (٢%) لە سەریان تاپۆ بكرێتەوە، بۆیە پشتگیری كاك شێخ دەكەم وە پشتگیری تەواوی هەڤاڵان دەكەم ئەوانەی كە لەگەڵ ئەوەدان ئەو رێژەیە نەمێنێت بە شێوەیەكی بە خۆڕایی لە سەریان تاپۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك عەلی حمە صاڵح فەرموو.

**بەڕێز عەلی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێكم لە سەر ئەم بابەتە لە لیژنەی بەڕێز هەیە، ئایا ئەو قوربانییە فەقیرانە دەقیق دیاری كراون لە كوێ و كوێیە؟ ئایا ئەم بڕگە ئیستغلال ناكرێت بۆ ئەوەی كە خەڵكێكی تر بێت بە ناوی ئەوە وە قەرەبوو بكات وەكوو حیكایەتی دزەكەی كە لە سەر دزی گیرا بوو هاواری دەكرد بژی پێشمەرگە وەكو ئەوەی لێ نایەت؟ ئێمە لە بەردەم دوو هاووڵاتی داین هەردووكیان

دوو تەجاوزیان کرپوە یەکێکیان تەجاوزێکی کرپوە و لەم دواییانە کراوە یەکێکی تریش تەجاوزێکی کرپوەتەوە لە قوربانییەکی دەستی رژێم کراوە بۆ ئەمەیان لە (٢%) بێت و ئەوی تر لە (٤٠%) بێت خۆ هەردووکیان کرپارن، من پێم وایە ئەوەی کە قوربانی فیعلییە نابێت هیچی لێ وەربگیرێت، بەڵام، یەکێك کرپارە دەبێت وەکو ئەوانی تر تەعامولی لەگەڵ بکرێت، چونکە کرپاری دیکە بە هەمان پێوەر تەعامولی لەگەڵ کراوە، خاڵێکی تر لە سەر رووبەرەکەی ئایا بۆ رووبەرەکەی هەمان پێوەرەکانی پێشووتر بەکار دەهێنرێت یا خود رووبەرەکەی هەر چەند بێت هەر بە (٢%) هەژمار دەکرێت؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ روونکردنەوە بدەن لە سەر ئەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زیاد کردنی ئەم بڕگەیە وەکو ئاماژەمان پێکرد لە ئەسڵی یاساکەدا لە سەر پێشنیازێك بۆ گەڕەکەکانی کەلار ئەم پێشنیازە دروست بوو، بەڵام لە ئەنجامی بەدواداچوونی لیژنەکەمان بۆمان دەرکەوت کە ئەم حاڵەتە لە زۆرێك لە شار و شارۆچکەکان هەیە کە لە پێش راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بە تەواوەتی شار و شارۆچکەکان روخێنراون، وە هاووڵاتیان لە سەر ئەرکی خۆیان لە دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) خانووەکەی خۆیان دروست کردۆتەوە لە یاساکەش بە راشکاوی هاتووە ئامار هەیە لەلایەن شارەوانییەکان وە بۆ ئاگاداریتان وەزارەتی شارەوانی داوای رێژەی (١٠%)ی کردووە لیژنەکەی خۆمان رێژەکەمان دابەزاندووە بۆ (٢%) ئامارێکی دروست هەیە، من پێموایە بەم شێوەیە خزمەتێکی زۆر بەو ناوچانە دەکەین ناوچەی دوورە دەستن نرخی زەوی تێدا نزمە هاندانێکیشە بۆ گەڕانەوەی ئەم خەڵکە بۆ زێدی خۆیان و بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و شارۆچکەکانی خۆیان، لە ئەسڵی ماددەکە هاتووە کە تەواوی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە سەریان جێبەجێ دەکرێت، واتا رووبەرەکە هەمان رووبەرە دەبێت کە ئێمە دواجار لە راپۆرتی دەنگدان لە سەری رێك دەکەوین بە پێی ئەو پێشنیازانەی کە ئەمڕۆ خرانە روو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز رێبوار عبدارحیم عبدالله.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، لەبەر ئەوەی من موداخەلەی خۆم کرد، بەس دەمەوێ ئاماژە بە نوقتەیەك بکەم بۆ دەوڵەمەند کردنی گفتوگۆکان لە سەر ئەو ماددەیە لیژنەی شارەوانی ئاماژەی بە شوێنەواری ئەو شوێنە کرد وەکو بەڵگەیەك کە رووخاون، ئایا کیفایەتە تەنها ئیعتماد لە سەر شوێنەوار بکرێت؟ یەعنی دەبێت بەڵگەیەکی مەلموس هەبێت بۆ ئەوەی بڵێین ئەو کۆمەڵگایە یا ئەو چەند خانووە بە هۆکاری سیاسی رووخاون کێ ناڵێت مەجموعە خەڵکێك بێت دیعایەی ئەوە نەکات شوێنەواریش هەیە رووخاوە مەسەلەن شۆفەڵی لێدراوە ئیدعای ئەوە نەکات و داوای ئەوەش نەکات، بۆ ئەوەی بە هەمان شێوە تەملیك بکرێن؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ پرسیارە ئەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە شوێنەواری ئاسەواری شوێن خانووەكە دیارە ئەمە ئەو گەڕەكە كۆنانە دەگرێتەوە كە پێش ساڵی (١٩٩١) تەواوی شارەكە رووخاوە، ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ هەڵەبجە بۆ نمونە ئاسەواری شوێنی ئەو خانووانە ماوە و دیارە كە خانوو بووە و نۆژەن نەكراوەتەوە، بگەڕێوە بۆ مێرگەسۆر دیارە، بگەڕێوە بۆ سیدەكان دیارە، بگەڕێوە بۆ چۆمان دیارە، بگەڕێوە بۆ پێنجوێن دیارە، بۆیە ئەمە ئەم خانووانە دەگرێتەوە كە پێشووتر شوێن خانوو بوون رووخێنراون چاككراونەتەوە، یا كەسەكە چاكی نەكردۆتەوە و تا ئێستا بینای نەكردۆتەوە، ئەمە دەبێتە هاندانێك بۆ ئەوەی كەسەكە شوێنەكەی خۆی ئاوەدان بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكە پەرلەمان.**

من داوای روونكردنەوە دەكەم لە لیژنەی بەڕێز ئایا ئەو شوێنانەی كە رژێمی بەعس رووخاندی و ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان دابەشی كردۆتەوە ئەگەر بەیانی خاوەنەكانیان هاتن داوای شوێنەكانیان كرد بووە كێشە بۆ نمونە شارۆچكەی لەتیفاوا هەمووی خاوەن ماڵە و ئێستاش وەڕەقە و فۆرمی كارەبای كاتی خۆیان ماوە كە حكومەتی بەعس دەری كردن پاشان لە حكومەتی خۆمان دابەش كراوەتەوە و تەوزیع كراوە و كراوەتە پێشانگای ئۆتۆمبێل، ئەوانەی كە بەرامبەر قەبرستانی مەعمەل قیرە ئەوانە حوكمیان چۆن دەبێت ئەو كاتی؟ دووەم پرسیارم ئەوەیە موستەمسەك چۆنە؟ و چۆن بتوانین بسەلمێنین كە ئەو خانووە رووخاوە هی منە؟ ئەگەر شوێنەوارم نەمابوو كەسیش نەی وت هی منە چۆن بسەلمێنرێت؟ وە هەروەها من داوا دەكەم كە ئەو (٢%) هەر نەمێنێت، لەبەر ئەوەی كە لەگەڵ رووخاندنەكەی بە گوێرەی یاسا سزای خۆی وەرگرتووە، واتا ئێمە بۆ سزای بدەینەوە ئەگەر لە شێوازی داڕشتنیش رژێمی پێشوو لابرێت پێشووەكە جوان نییە هەر بوترێت رژێمی بەعس یا لە سەردەمی رژێمی رووخاو نەك رژێمی پێشوو، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دروستە ئەو تێبینییە، كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادرحسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) منیش لە گەڵ ئەوەم لەبەر ئەوەی ئەو خەڵكانە خەڵكێكی تێكۆشەر بوون خەڵكێكی قوربانیدەر بوون، بۆیە ئەوە ناكرێت لە جیاتی ئەوەی قەرەبوو بكرێن و خانوویان بۆ دروست بكرێتەوە حكومەت ئێستا پارەشیان لێ وەربگرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم هیچ برە پارەیەكیان لێ وەرنەگیرێت زیاترینی ئەو ناوچانەی كە ئەو ماددەیە دەگرێتەوە زیاتر

قەزا و ناحیەکـانن کەمتـر لە سـەنتەری شـارەکانن، بـۆ نمـونە بەتـایبەتر ئەو قەزا و ناحیـانەن کە کەوتـوونەتە نـاوچە سنوورییەکان، ئینجـا لە سـەر ئەوە تـاپۆ و تەجـاوز بە راسـتی یەعنـی لێـرە یاسـاکە زیـاتر بـاس لە زیـادەڕۆیی دەکـات، مەرج نیـیە ئەوەی کە تـاپۆ نەبێـت زیـادەڕۆیی بێـت، چـونکە بەشـێکی زۆری قەزا و ناحیەکـان هەر بینـای تـاپۆ و بـنکەی تاپۆیـان نەبـووە تـا خەڵـکەکە خانووەکانیان لێ تاپۆ بکات، بۆیە ئێسـتاش وەکـو خۆیـان مـاونەتەوە، بەڵام لە راسـتیدا زێـدەڕۆ نـین وە بە شـێوەیەکی ئوسـووڵی دروسـت کـراون و رێپێـدراوانە لە لایەن شـارەوانیەوە، بەڵام تەملیك نەکراون لە سەر ئەو خەڵکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، راستە ئەمە تێبینییەکی دروستە مەرج نییە هەمـوو ئەوانەی کە تـاپۆ نـین تەجـاوز بن هەیە هەر شار بە تەواوەتی تاپۆی نییە.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەزای مێرگەسۆر تاپۆ نییە تاوەکو ئێستا، بەڵام تەجاوزیش نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ راستە، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) ئێمە لە یاسـاکەی پێشـووتر وا دانرابـوو کە ئەو زەوییـانەی کە لە لایەن رژێـمە یەك لە دوای یەکەکان، بەڵام ئێستا لێرە تەنها وای لێکراوە بووتە رژێمی پێشوو هەر لە سەردەمی رژێمـی بەعسیش خانووی هاووڵاتیانی هەرێمـی کوردسـتان نەڕووخێنـراون لە رژێمەکـانی پێشـووتریش ئەوە روویـداوە لە یاسـای پێشـووتر وا وتـرا بـوو کە ئەو خـانووانەی لە سـەردەمی یەك لە دوای یەکەکانی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە بۆ لیژنەیە ئەوان دەینووسنەوە ئەوە نووسراوێکە دەبێت ئێستا بیکەن.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

سەرۆکی لیژنە هەر مەشغوڵ بوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

لە خزمەتداین کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بکرێتە رژێمە یەك لە دوای یەکەکان، لەبەر ئەوەی هەر تەنهـا لە سـەردەمی رژێمـی بەعـس خـانووی کـورد وە خەڵکـی کـورد زەرەرمەنـد نەبـووە پێشـنیار دەکەم وای لێبکرێـت، وە سەبارەت بە (٢%) لە نرخی زەوییەکە راسـتە ئەمە شـتێکی زۆر کەمە بەڵام خۆشـترە پەرلەمـانی کوردستان حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەوەش وەرنەگرێـت وە وەکـو رێزێـك بـۆ ئەوانەی کە زەرەرمەنـد بـوون لەو کـاتە لە هەنـدێك لەو گەڕەکـانە وەکـوو کـاك بهمن ئیشـارەتی پێـدا لە کەلار

چـالاکی کـراوه لەو گەڕەکـانە کە ئەوان ماڵەکانیـان بە هـۆی ئەو چالاکیـانە رووخێنـراوە، بـۆیە باشترە کە هیچیان لێ وەرنەگرێت وەکوو رێزێـك بـۆ ئەو خەڵکـانەی کە قوربانیـان داوە لە پێنـاو شۆڕش و لە پێناو وڵاتەکەی خۆیان، وە پشتگیری کاك شـێخ ظـاهر دەکەم وە پشتگیری لە رۆژان خان و کاك بهمن و مامۆستا عثمان و کاك کاوە و ئەو هاوڕێیانە دەکەم ئەوەی کە پێشنیاریان کـرد ئەوەش هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئاخفتنێت کە من ڤیا بەحس بکەم بەڕێز شێخ ظاهر و دکتۆر رێبواری کر ئەز پشـتەڤانییا هەر دووکا دکەم، هەروەسا رۆژان خانێ تێبینییەکا جوان بەحس کر ل ڤێرێ تشتەك بهێـتە زێـدە کـرن ب مەرجەکێ خاوەنێت ئەسڵی یێن وان بینایا بەری ساڵا (١٩٩١) بن یەعنی خاوەنێـت ئەسـڵی بـن پشتەڤانیا رۆژان خانێ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتگیریا کاك ظـاهر و مامۆسـتا بهمـن دکەم کـو ئەو نـرخە ژێ نەهێـتە وەرگـرتن، بەس ل ڤێرێ خاڵەکا دی یا هەی من دڤێت ئەز بەحس بـکەم ئەو ژی ئەوە کـو د سـەردەمێ رژێمـا بەعـس هندەك خانی یێت هاتینە رووخاندن بەلـێ نـووکە یـان ژی دوی سـەردەمی دا ژبەر کـو ئەو کەسـە خـزم و کەس و کارێـت پێشـمەرگا بـوون یەعنـی ل سـەر مەسـەلا سیاسـی خانیێـت وا هـاتینە رووخاندن و نوکە یێت کەتینە دناڤ حەدیقا دا هندەك خانی یێت هەی ل زاخـۆ شـینوارێ وا یـێ حازرە بەس یێ کەتییە دحەقەیەکی ئەز لڤێـرێ داخـاز دکەم چـونکی ئەو نـاهێتە تـاپۆ کـرن سـەر ناڤێ وان شەخسا ئەز داوا دکەم ئەو حاڵەتێت هۆسا بێـنە قەرەبـوو کـرن کـو ل جهەکـێ دیتـرێ ژ تەمەت قیمەتێ وی عەردی زەڤیێ پێ بدەن یان ژی بێنە قەرەبوو کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك حکمت، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی (٨) ئەو خـانووانەی کە لە سـەردەمی رژێمـی پێشـوو رووخـاون بە هۆکـاری سیاسی دیارە ئەمانە زەرەمەند بوون، بۆیە منیش پشـتگیری ئەو بەڕێـزانە دەکەم کە پێشـنیاریان کردووە بۆ بۆ لابردنی (٢%)ی نرخی راستەقینەی زەوییەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس شیرین خان، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەگەر بابەتی قەرەبوو و زیان لێکەوتووانی سەردەمی رژێمی سەدام بێت بە راستی دەبێت لە گەڵ ئەو یاسایانەی کە وەزارەتی شەهیدان کاریان پێ دەکات ئێمە مامەڵە لە گەڵ ئەم خەڵکانە بکەین، چونکە ئەمە کافی نییە بۆ رێز لێ گرتن لەو کەسانە، بەس خودی ماددەکە نیەتێکی زۆر باش لە پشتیەتی دەست خۆشی لە لیژنە دەکەم دایاناوە، بەڵام من پێشنیار دەکەم مەرج دابنرێت بۆ ئەو کەسانە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە رێزیان لێ بگیرێت خەڵکی تریش خۆی نەخزێنێتە تەنیشتیان بۆ نمونە زەوییەك مەسەلەن سی ساڵ پێش یا خانوویەك سی ساڵ لەمەو پێش کە لە بنەما هەر تەجاوز نەبووە هەر ماڵی باب و باپیرانییەتی ئێستا زۆرێکیان فرۆشراون لە دەستی دوو و سێ و ئەوانەن مەرجی ئەوە دابنرێت لە دادگایەك بسەلمێنێك کە ئەمە موڵکی خۆی یا باوکیەتی بە دوو شاهد لە دادگا بیسەلمێنێت و بڕیارێکی مەحکەمە هەبێت کە بەڵێ ئەم موڵکە هی خۆیەتی و پێش راپەڕین رووخێنراوە بەو هۆکارە جیاجیایانە بەوەی کە جیا بکرێتەوە لەوانەی کە تەجاوزن، وە وابزانم کاك کاوە بوو باسی کرد زۆرێك لەو شارۆچکانە هەر لە بنەما تاپۆیان نەبووە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە مەسەلەن ساڵێك لەمەو پێش دوو ساڵ لەمەو پێش تەجاوزی کردووە ئەو موڵکی باوکیەتی یا هی باپیریەتی یا هی خۆیەتی و تێیدا ژیاوە بەس تەنها تاوانەکەی ئەوەیە تاپۆی نییە، بۆیە بە راستی ئەم رێز لێگرتنە بەم (٢%)یە جێگەی خۆیەتی و دەستخۆشیتان لێ دەکەم، بەس پێم باشە بۆ جیاکردنەوەی کەسی تەجاوزکار لەگەڵ ئەم کەسانەی کە شایستەن ئەوە بکرێتە مەرج کە بە قەرارێکی مەحکەمە کە بەڵێ ئەم موڵکە هی خۆی بووە لەپێش راپەڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە بەڕێزتان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیا من بەحس کری من دڤێت لیژنا پەیوەندیدار روونکردنەوەیەکێ ل سەر بدەت یەعنی زێدە کرنا بڕگەیەکێ ل ڤی ماددەی کو من بەحس کر هندەك کەس یێت هەین کو خانیێ وا یێ هاتییە رووخاندن بەس نوکە کەتینە ناڤ حەدیقادا و نوکە ژی شونوارێت وان خانییا دیارن کو بوویە حەدیقە هەر ناهێتە تاپۆ کرن، بەر هندێ پێش وی خانیێ کو یێ هاتییە رووخاندن ل جهەکێ دی بهێتە قەرەبوو کرن یەعنی زەڤییەکێ بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکێ پێشتریش هەبوو ئەگەر خانوویەك رووخا بوو یا بە بەر پڕۆژە کەوتبێت یا شارەوانی بردیبێت یا بەر حەدیقە کەوتبێت بە راستی تەعویز کردنی ئەم خەڵکە جێگای لەم یاسایە نابێتەوە ئەوە ئەرکی وەزارەتی شارەوانییە هەر عەردێك یا هەر زەوییەك یا هەر شوێنێك بە بەر پڕۆژەی خزمەتگوزاری کەوتبێت چ حەدیقە بێت چ پارك بێت یا لە لایەن وەزارەتی شارەوانی کاری پێکرا بێت دەبێت وەزارەتی شارەوانی قەرەبووی ئەو خەڵکە بکات هیچ پەیوەندی بە تەجاوزاتەوە نییە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لەو حاڵەتە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو حوکمەی کە لە بیدایەتەوە هەیە، ئەمە بۆ ئەو حاڵەتانەیە کە خانوویەکە خۆی دروستی کردۆتەوە دوای ساڵی (١٩٩١) دوای رووخێنراوە یا شوێن خانووەکەی ماوە، ئەوەی بەڕێزت دەپرسی شوێن خانوویەکەی ماوە و دەتوانێت ئیسپاتی بکات کە خانووی خۆیەتی وە دەتوانێت ئیسپات بکات کە رژێمی پێشوو رووخاندوویەتی، بەڵام ئێستا حەدیقەیە لەو حاڵەتە دەچینەوە بۆ ماددەی کە ئەگەر بەر ماستەرپلان کەوتبوو دەبێت تەعویز بکرێتەوە بە قەتعەیەکی (٢٠٠) مەتری بە بێ بەرامبەر، دەتەوێ ئەو تەوزیحە دانرێ؟ هەر چیت هەیە لەگەڵ لیژنە باسی بکە ناتوانن ئاوا بەرامبەر یەکتری موناقەشە بکەن ئەوان زۆربەیان رەفیقتانن دەتوانن قسەیان لەگەڵیان بکەن، کێ قسەی هەیە لە سەر ماددەی (٩) ماددەیەکی پڕۆتۆکۆڵییە، ماددەی (١٠).

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١): پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە ماوەیەکدا کە لە (٦٠) شەست رۆژ تێپەڕ نەکات رێنمایی تایبەت بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ مادده بەری نوکه دناڤ یاسایی دا نەبوو ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ ئەڤ مادده یێ هاتییه زێده کرن، بەر هندێ تبیا ماددەکێ سەر ڤێ یاسایێ هەموار بکەین ب رێزبەندییا ماددا (١١) ب ڤی رەنگی پێویستە لە سەر وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست رۆژ تێپەڕ نەکات رێنمایی تایبەت بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ئەسڵی یاساکە ماددەیەك بەو جۆرە نییە ئەوەی نجاة خان دەڵێت تەواوە دەبێت بنووسرێت ماددەیەك بە رێزبەندی ئەوە تەواو دەست خۆش، دوای ئەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢): یاساکە بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

ئەم یاسایە دوای بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی کاری پێدەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەر ماددەی (١٢) کێ قسەی هەیە؟ (کاك باڵانبۆ، دکتۆر هەورامان، دکتۆر زانا)، بەڵێ کاك دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، دیارە باس لە ماوە دەکەین ئامانج لە تەعدیلەکەش هەر ماوەکە بووە بە تەئکید ئێمە دەزانین ئێستا رۆتینێکی زۆر هەیە لە دەوائیر و لە رایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتیان ئێمە ساڵێکمان دانا لە یەك لە ماددەکان کە مەعامەلاتەکەی تەقدیم بکات وا باش دەبێت نازانم لیژنەی پەیوەندیدار و لیژنەی یاسایی ئەگەر لە جێگایەك جێگای بکەنەوە ئەو ماوەی کە مامەڵەکە رایی دەکرێت چەندە؟ ئایا مامەڵەکەی تەسلیم کرد لە ماوەی ئەو ساڵە دوو ساڵی پێچوو وەڵام نەدراوە سێ ساڵی پێچوو هەر نەدراوە، یەعنی بۆ کەم کردنەوەی رۆتین ماوەیەك دابنێین وەکوو مەرجێك لە سەر ئەو لیژنەیەی کە لە سەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پێك دێت لەو ماوەیە تێپەڕ نەکات مامەڵەی ئەو هاوڵاتییە رایی بکرێت و کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری من ئەوەیە بۆ سێ ساڵ لە سەر چ بنەمایەك ئەو سێ ساڵە دانراوە، وە ئەگەر هاتوو ئەو کەسانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە تا ئەو سێ ساڵە بە دەم ئەم مامەڵەیە نەڕۆیشتن دوای ئەوە مەسیری ئەو زەوییە کە خانوویان لە سەر کردووە چی لێ دێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمه شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجەکەی من لە لایەن برای بەڕێز کاك باڵانبۆ وترا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموون لیژنەکان، با کاك چیاش قسە بکات کاك رزگار.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیووره من روخسەت ژی وەرنەگرت بەس گەلەك برادەرێت مەسیحی خەلکێ کوردستانێنە کریستیانن ماوەیەکێ زۆر ئاوارەی دەرڤەی کوردستانێ بوونە ئەز باوەڕ ناکەم گەلەك ژ وانا ماوەی دە ساڵە وەنەگەڕاینە کوردستانێ ئەگەر ماوەی سێ ساڵا بیت گەلەك زەڤین یێت کریستیانانە، ڤێجا ئەز پێشنیار دکەم دەرفەتەك دێ هەبیت لیژنەی پەیوەندیدار ئایا حاڵەتەکە ئەگەر ئەڤ کەسێن کریستیان یا هەر کەسەك ل دەرڤەی وڵاتی د ڤان سێ ساڵا پێشکەش نەکربیت ئایا پشتی سێ ساڵێت دی مەجال بۆ قەرەبوو کرنا وان و پێشکەش کرنا ڤان داواکارییا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم شێوازە داڕێژراوە کە دەبێت لە ماوەی ساڵێك مامەڵە پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکرێت دوو ساڵیش دانراوە بۆ تەواو کردنی دیزاین و نەخشەی بنەڕەتی، وە ساڵی کۆتایش بۆ تەنفیزە، کەواتا لە بیدایەتەوە لە ساڵی یەکەمەوە تا ساڵی سێیەم ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت ئەگەر لە ماوەی ئەو سێ ساڵە هاووڵاتی بەڕێز کارەکانی جێبەجێ نەکرد وئەو خانووەی بە ناوی خۆی تاپۆ نەکرد بە ناوی شارەوانی تاپۆ دەکرێت و دەبێت بە موڵکی حکومەت، وە لە دوای ئەوەش هیچ دەرفەتێك بە هیچ کەسێکی تر نادرێت بۆ ئەوەی خانووەکەی تاپۆ بکات لەگەڵ ڕێزم، وە سێ ساڵیش بە رای ئێمە کیفایەتە ئەو خوشك و برا کریستیانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن

ئێستا پێیان دەڵێن هەر کاتێك ئەم یاسایە دەرچوو تکا دەکەین لە ماوەی ئەو سێ ساڵە پەیوەندی بە لایەنی پەیوەندیدار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێت لە ماوەی یەك ساڵ داواکاری پێشکەش بکەن، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێك تێنەگەهشتنەك یا هەی ناڤبەرا من و کاك رزگاری یان ژی لیژنا پەیوەندیدار مەبەستا من یا روون و ئاشکرایە ئەو خانیێت کو بەری ساڵا (١٩٩١) هاتینە هەڕفاندن ژ لایێ بەعسیاڤە ئو ل وی سەردەمی حکومەتی یێت کردینە حەدیقە یەعنی ب سیاسی ڤە یێت کردینە حەدیقە یان بەر عەردەکێ دی کەتی نوکە ژی شینواریێت وا خانیا یێت حازرن، ئو چ جێ نین ئەو کەسە بچن دەعوێ بکەن، چونکی ل گەلەك جها دەعوا یا کری نوکە دەعوا وا یا سەکەنییە، مادام ئەو پڕۆژە یاسایە ل بەر دەستێ مەیە بلا ئەڤ جهە تێدا بێتە کرن، چونکە پرۆژە یاسا ئەڤ خاڵا هەنێ سەر هندێیە کو ل سەردەمێ بەعسیا ئەو تەعدا کو ل وی خەلکی هاتییە کرن ئەو خەلکێ کو پەیوەندیدارن ب شۆڕشێڤە کەس و کارێت پێشمەرگانە خەڵکەکێ تەنزیم داخلی بوون، یەعنی سەر هندێ خانیێت وا یێت هاتینە رووخاندن و تەعدا یێ لێ هاتییە کرن حەتا هندەکا خانیێت ژێ ستاندی و داینە هندەکێت دیترێ کاك رزگار باش زانیت لەوانەیە خانیێ وا بخۆ ژی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارت چییە کاك حکمت؟

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

پێشنیارا من ئەوە ئەو خانیێت هاتییە رووخاندن و حکومەتێ کرینە حەدیقە ئو شینواریێت وا مایی ئو بەڵگە پێ هەی خەڵکەکێ شاهد پێ هەی بهێتە قەرەبوو کرنو زەڤییەکێ پێشڤە بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆکارەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکارەکانی دەرچوواندن:

بە مەبەستی سوودمەندبوونی زیاتری هاووڵاتیانی کەمدەرامەت لە زەوی میری و دۆزینەوەی دەروازەی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی زیادەڕۆیی ناچاری بۆ ئەوەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) شیاوی جێبەجێ کردن بێت ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە دەکات لە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ (کاك مەلا ویسی، دکتۆر ڕێبوار، حسیبە خان، ژیان خان، مامۆستا عثمان، کاك عثمان سێدەری) فەرموو کاك مەلا ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هۆکارەکانی دەرچوواندن پـێم باشـەی وشـەی کەمـدەرامەت بە مەبەسـتی سـوودمەند بـوونی زیاتری هاووڵاتیانی کەمدەرامەت ئەم کەمدەرامەتە نەمێنێت، چونکە زۆر جـار راسـتە لە سـەرەتا کەسەکە زێدەڕۆییەکەی کردووە کەسێکی کەمـدەرامەت بـووە، بەڵام ئێسـتا لە ئاسـتێکی تـر دایە هەر وا بمێنێـتەوە بە مەبەسـتی سـوودمەند بـوونی زیـاتری هاووڵاتیـان وشـەی کەمـدەرامەت نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دکتۆر ڕێبوار فەرمووو

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە هەر ئەوە نییە کە زەوی تەجاوز یا موڵکی تەجاوز بە نـاوی خەڵکێـك بکرێـت کە کەمدەرامەتن، دیوی دیکەی ئەو یاسایە ئەوەیە کە خزمەتگوزاریش پێشـکەش بکرێـت نەخشـە و دیزاینیشی دەوێت، ئێمە لە ماددەی (٧) موناقەشەیەکی زۆرمان لە سەر ئەو بابەتە کرد، بۆیە مـن داڕشتەیەکم هەیە هیوادارم بە هەنـد وەربگیرێـت، جـارێ وشـەی دەروازە بگۆڕدرێـت بـۆ ڕێـگەی یاسـایی، یەعنـی دۆزیـنەوەی ڕێـگەی یاسـایی نەك دەروازەی یاسـایی، وە داڕشـتنەوەکەم بەم شێوەی خـوارەوەیە بە مەبەسـتی سـوودمەندبوونی زیـاتری هاووڵاتیـانی کەمـدەرامەت لە زەوی میری و دۆزینەوەی ڕێگەی یاسایی بـۆ چارەسـەرکردنی زیـادەڕۆیی ناچـاری و پێشـکەش کردنـی نەخشـە و دیـزاین و خزمەتگوزارییەکـان بـۆ ئەوەی یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠١٩) شـیاوی جێبەجێ کردن بێت ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش دکتۆر وەڵا نووسـینەکەیان بـۆ بنێـری زۆر بـاش دەبێـت سـوپاس، مامۆسـتا عثمـان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خـوای گەورە، مـن تەناقوزێـك دەبیـنم لەو هۆکـارانە ئەوەی کـاك رزگـار ئێسـتا فەرمـووی ئەگەر کەسێك لە مـاوەی سـێ سـاڵ نەهـات ئەوە خـانووەکە دەبێـت بە مـوڵکی شـارەوانی، ئەگەر نەهات لە هۆکارەکانی دەرچوواندنیش دەڵێت بۆ زیاتر سوودمەند بوون، کەواتـا ئەوە مـنحەیەکە درا ئەوە یەك، وە پاشـان ئەو یاسـایە ئەگەر سـەیر بکەیـن دەڵێـت لە پێنـاو پارێزگـاری کـردن لە سـیمای شارسـتانی شـار و شـارۆچکەکان ئەوەم پـێ گونجـاوترە، لەبەر ئەوەی ئەو کـاتە دەبێـتە ئیلزامیش من کاتێك کە خانووم بە ناو نـاکەم لە سـەرمە دەبێـت بچـم بە نـاوم بـکەم، کەواتـا مـن هیچم نەکرد تەنها دەرفەتێکم دا بە خەڵك جار جارە بۆ خۆی تەجاوز بکات، حەزم لێـیە بە راسـتی ئەگەر ئەو برا و خوشکانە رازی بن هۆیەکانی دەرچوواندنی خۆی باشترە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی خۆی هەر دەمێنێتەوە ئەو هۆیانەی دەرچوواندن بەس بۆ تەعدیلەکەیە ئەوی لە ئەسڵی قانوونەکە دەمێنێتەوە هەر ئەسڵی قانونەکەیە

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

مەبەستم ئەوەیە ئیجباری تێدا نییە ئەو یاسایە، جەنابی مامۆستاش فەرمووی دەبێتە موڵکی شارەوانی، کەواتا ئەوە نەبووە هۆکاری خزمەت کردنی خەڵك و سوودمەندبوونی ئەوە لە لایەك تەناقوزە، بۆیە حەزم لێیە ئەوەی تر جوانتر لێی ورد بنەوە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ چارەسەر کردنی زیادەڕۆیی ناچاری و خانووە رووخاوەکان لە سەردەمی رژێمی بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر بۆی زیاد نەکرێت کەوا ئەم یاسایە تایبەت دەبێت بە خانووی زیادەڕۆ، لەبەر ئەوە خانووە رووخاوەکانی سەردەمی رژێم بە زیادەڕۆ حساب ناکرێت، بۆیە پێویستە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پرسیار ئاڕاستەی لیژنەی بەڕێز دەکەم لە سەرەتا دەڵێت سودمەندبوونی زیاتر، بەڵام لە ناوەڕۆکی بابەتەکە خۆی ڕێگری کردن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە، وە لە دوا دێر کە بۆ ئەوەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) شیاوی جێبەجێ کردن بێت ئەم یاسایە دەرچووێنرا، ئایا ئەگەر یاسایەك شیاوی جێبەجێ کردن نەبوویێت چۆن دەنگی پێدراوە؟ شیاو بوون لێرە بۆ چ مەبەستێك بەکار هێنراوە؟ وە من شێوەیەکی تر هۆیەکانی دەرچوواندنم داڕشتۆتەوە بە مەبەستی ڕێگری کردن لە زیادەڕۆکاری لە سەر موڵك و ماڵی دەوڵەت و نەخشە و دیزاینی گونجاو و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و سودمەند بوونی زیاتری هاووڵاتیانی کەمدەرامەت و دۆزینەوەی دەوازەی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی زێدەڕۆکاری ناچاری وە جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانی من لەلایەن بەڕێز حسیبە خان کرا، بۆیە پشتگیری جەنابیان دەکەم، سەبارەت بەکارهێنانی وشەی شیاو ئەگەر یاسای رابردوو شیاوی جێبەجێ کردن نەبێت بۆ

دەرمانچووانـد؟ بـۆیە ئەو وشـەیە لابرێـت باشـترە لەبەر ئەوەی خۆمـان گومـان دەخەیـنە سـەر ئیشی خۆمان، هەروەها پشتگیری وتەکانی کاك رێبوار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

لێـرە ئەمـانە مەبەسـتیان لەوە نیـیە ئەوەی تـر نەشـیاوە مەبەسـتیان ئەوەیە ئێسـتا دەرفەتـی جێبەجێ کردنی نەماوە، لەبەر ئەوەی (١٢٠) رۆژەکە تەواو بـووە تەنهـا دەتـوانن ووشـەکە بگـۆڕن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |